پرۆفیسۆر مستەفا زەلمی

# تیۆری پابەندبوون

## بە گێڕانەوەی ناشایستە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی: عومەر عەلی غەفوور

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

/https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# تیۆری پابەندبوون
# بە گێڕانەوەی ناشایستە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

# ڕۆژهەڵات

خاوەنی ئیمتیاز

**کـەژاڵ ڕەفیـق**

سەرنووسەر

**حەسەنی دانیشفەر**

rojhalatpress@yahoo.com

0750 444 09 96

هەولێر– (١٠٠) مەتری، ڕیزی شەقامی کارگەی دەرمانی ئاوامیدیکا

# تیۆری پابەندبوون
# بە گێڕانەوەی ناشایستە
## (توێژینەوەیەکی بەراوردکاری)

نووسینی

**دکتۆر مصطفی زەڵمی**

وەرگێڕانی

**عومەر عەلی غەفوور**

# کۆبەرهەمی دکتۆر مستەفا زەڵمی لە شەریعەت و یاسادا

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد

---

# نظرية الإلتزام برد غير المستحق
## (دراسة مقارنة)

# تیۆری پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە
## (توێژینەوەیەکی بەراوردکاری)

نووسینی : دکتۆر مصطفی زەڵمی
وەرگێڕانی : عومەر عەلی غەفوور
پێداچوونەوەی : توفیق کریم
نەخشەسازی : جمعه صدیق کاکه
نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم ٢٠١٧

نرخی هەر بیست و شەش بەرگ
٢٥٠,٠٠٠ دینار


پرۆژەی وەرگێڕانی
**کۆبەرهەمی دکتۆر مستەفا زەڵمی لە شەریعەت و یاسادا**

بەپێی گرێبەستی واژۆکراو لە بەرواری ٢٠١٤/٩/١٧ لەنێوان لایەنی یەکەم: بەڕێز دکتۆر مصطفی زەڵمی کە لەبری ئەو بەڕێز مسعود مصطفی زەڵمی واژۆی کردووە.
لایەنی دووەم: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات کە بەڕێز حەسەنی دانیشفەڕ واژۆی کردووە.
مافی وەرگێڕانی ئەم بەرهەمانە بۆ زمانی کوردی و چاپکردنیان بەپێی ئەو خاڵانەی لە گرێبەستەکەدا لەسەری ڕێککەوتوون، دراون بە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.



لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٧٤٤ ) ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا
وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ
نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ﴾

سورة النساء/٥٨

## (على اليد ما اخذت حتى تؤديه)

صحيح/ جامع الصعير للسيوطي٥٤٥٥

## ناوەرۆك


پێشەكی ............ ١٥
هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە: ............ ١٥
گرنگیی بابەتەكە: ............ ١٥
ڕێبازی لێكۆڵینەوە: ............ ١٨
لەمپەرەكان: ............ ١٩
پلانی لێكۆڵینەوە: ............ ٢٠
بەشی یەكەم: چییەتیی پابەندی و ڕەگەزەكانی ............ ٢٣
باسی یەكەم: چییەتیی پابەندی ............ ٢٥
پابەندی (الالتزام) لە زمانی عەرەبیدا: ............ ٢٥
پابەندی لە زانستی صەرفدا: ............ ٢٥
پابەندی لە زانستی مەنتیقدا: ............ ٢٦
پابەندی لە زانستی فەلسەفەدا: ............ ٢٧
پابەندی لە زانستی ئوسوڵی فیقهدا: ............ ٢٧
پابەندی لە فیقهی ئیسلامیدا: ............ ٢٨
پابەندكردن و پابەندی لە قورئانی پیرۆزدا: ............ ٣١
پێناسەی پابەندی لە یاسادا: ............ ٣٨
خواستی یەكەم: ڕەسەنایەتیی پابەندی لە شەریعەتی ئیسلامیدا ............ ٤٣
فراوانیی چوارچێوەی پابەندی: ............ ٤٤
خواستی دووەم: سروشتی پابەندی لە یاسا و فیقهی ئیسلامیدا ............ ٤٧
سروشتی پابەندی لە یاسادا: ............ ٤٧
هەڵوێستی فیقهی ئیسلامی لە سروشتی پابەندی: ............ ٤٩
باسی دووەم: ڕەگەزەكانی پابەندی ............ ٥٠
خواستی یەكەم: پابەندكردن ............ ٥١
تێكەڵكردنی هۆ و سەرچاوەكانی پابەندی: ............ ٥١
خواستی دووەم: پابەند ............ ٥٥
خواستی سێیەم: بۆ-پابەند ............ ٥٨

خواستی چوارەم: تێدا–پابەند .................... ٦١

خواستی پێنجەم: پێ–پابەند (شوێنی پابەندی) .................... ٦٤

خواستی شەشەم: هۆی پابەندی .................... ٦٧

یەکەم: هۆ لە سایەی فیقهی یاساییدا .................... ٦٩

هۆ لە سایەی فیقهی رۆمانیدا: .................... ٦٩

پەرەسەندنی هۆ لە سایەی یاسای کەنەسیدا: .................... ٧٠

هۆ لە سایەی یاسای فەرەنسیی کۆندا: .................... ٧٠

هۆ لە تیۆری کلاسیکیدا: .................... ٧١

جۆرەکانی هۆ لە بیرتۆزی کلاسیکیدا: .................... ٧٢

بەراورد لەنێوان هۆی پابەندی و هۆی گرێبەنددا: .................... ٧٣

هۆ لە گرێبەندەکانی بەخشیندا: .................... ٧٤

تیۆری نوێ (تیۆری قەزا) لە هۆدا: .................... ٧٦

هۆ لە یاسای ئینگلیزیدا: .................... ٧٦

هۆ لە تیۆری ئیتاڵیدا: .................... ٧٨

هۆ لە یاسای مەدەنی ئەڵمانیدا: .................... ٧٩

هەڵوێستی یاسا مەدەنییە نوێکانی وڵاتانی عەرەبی لە هۆ: .................... ٨٠

هۆ لە فیقهی ئیسلامیدا: .................... ٨٤

کاریگەریی بزوێنەری پاڵنەری نارەوا لەسەر رەفتار: .................... ٨٧

**بەشی دووەم: پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە لەسەر بناغەی نەبوونی هۆ** .................... ٩٣

دەسپێك .................... ٩٤

پێناسەی گێڕانەوەی ناشایستە .................... ٩٤

بناغەی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە: .................... ٩٧

سەرچاوەی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە: .................... ٩٧

پەرەسەندنی مێژوویی مافی گێڕانەوەی ناشایستە و پابەندبوون بە گێڕانەوەی: .... ٩٨

**باسی یەکەم: مەرجەکانی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە** .................... ١٠٣

خواستی یەکەم: ئەوەیە وەرگرتنەکە وەك دانەوە بووبێ .................... ١٠٤

سروشتی دانەوە بە بەرانبەر : .................... ١٠٦

دانەوە بە نوێکردنەوە (الوفاء بالتجديد): .................... ١٠٨

سروشتی دراوە (الموفى به): .................... ١٠٩

رەگەزەکانی دانەوە: .................... ١١٠

خواستی دووەم: هەڵە لە دانی ناشایستە .................... ١١٨

سەلماندنی هەڵە: .................... ١١٩

هەلاوێردن لە مەرجی هەڵە:............................................١٢٢
خواستی سێیەم: نەبوونی رێگرەکانی مافی گێڕانەوە و پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە......١٢٤
یەکەم-کۆنبوونی بخەر:..............................................١٢٥
دووەم: حاڵەتی داماڵرانی قەرزدەر لە نیەتپاکیەوە لە گەرەنتیەکانی قەرزەکەی:١٣٠
سێیەم: مەبەستی بەخشین (التبرع)......................................١٣٢
**باسی دووەم: حوکمی پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی وەرگیراو بە ناشایستە.............١٣٨**
خواستی یەکەم: حوکمەکانی پابەندبوونی پێدراوی نیەتپاک...........................١٣٩
یەکەم: ئەگەر ئەوەی دەدرێتەوە پارە بێ:..................................١٤٠
دووەم: ئەگەر ئەو ماڵەی دراوەتەوە شتی هاوچەشنیتر بێ:.........................١٤٤
سێیەم: ئەگەر وەرگیراوەکە شتێکی بەهایی بوو:...............................١٤٤
خواستی دووەم: حوکمەکانی پابەندبوونی پێدراوەی نیەت خراپ.........................١٤٨
گێڕانەوەی خەرجیەکان:..............................................١٥٣
خواستی سێیەم: حوکمە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو حاڵەتی نیەتپاك و نیەتخراپ....١٥٤
یەکەم: دانەوەی قەرزی دولخراو بەر لە هاتنی وادەکەی لە بارێکدا قەرزدەرەوە
وادەکە نازانێ یان نازانێ وادەی نەهاتوە:..................................١٥٤
دووەم: سوککردنی پابەندیی پێدراوەی ئەهلیەت ناتەواو بە بۆگێڕانەوە (الرد)، جا
چ ناکام (قاصر) بێ یان حیجرکراو بێ:......................................١٥٨
سێیەم: کۆنبوونێك دەبێتە مایەی کەوتنی مافی گێڕانەوە و پابەندبوون بە
بۆگێڕانەوە:........................................................١٦١
**بەشی سێیەم: پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی ناشایستە لەسەر بناغە نەمانی هۆکەی پاش بوونی ١٦٣............................................................**
دەسپێك:..........................................................١٦٥
بەرپرسیارێتی:.......................................................١٦٥
گرێبەند:...........................................................١٦٧
بەشەکانی گرێبەند:...................................................١٦٨
**باسی یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی گرێبەند...........................................١٨١**
خواستی یەکەم: پەرەسەندنی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەند...............................١٨٢
هەڵوەشاندنەوە لە یاسای رۆمانیدا.......................................١٨٢
هەڵوەشاندنەوە لە یاسای کەنەسیدا......................................١٨٢
هەڵوەشاندنەوە لە یاسای فەرەنسیدا......................................١٨٢
هەڵوەشاندنەوە لە فیقهی یاسایی نوێدا....................................١٨٣
هەڵوەشاندنەوە لە فیقهی ئیسلامیدا......................................١٨٤

خواستی دووەم: ئەو زاراوانەی پەیوەندییان بە هەڵوەشاندنەوەوە هەیە ............ ١٨٨
هەڵوەشاندنەوە و لەکارخستن: ............................ ١٨٨
هەڵوەشاندنەوە و پاشگەزبوونەوە لە پێشکەشکردن (الهبە): ............ ١٩٠
هەڵوەشاندنەوە و دامالین: ............................ ١٩١
هەڵوەشاندنەوە و گێڕانەوە لە فرۆشتنی دانەوە (بيع الوفاء): ............ ١٩٢
هەڵوەشاندنەوە و ئیلغاکردنەوە (کۆتاهێنان بەئیرادەی تاکانە): ............ ١٩٣
هەڵوەشاندنەوە و کۆتاهاتن (الانتهاء): ............................ ١٩٣
هەڵوەشاندنەوە و دواى جێبەجێنەکردن: ............................ ١٩٤
هەڵوەشاندنەوە و بەتاڵکردنەوە (الابطال): ............................ ١٩٤
هەڵوەشاندنەوە و بەتاڵی (البطلان): ............................ ١٩٥
خواستی سێیەم: مەرج و هۆکانی هەڵوەشاندنەوە ............................ ١٩٦
مەرجەکانی هەڵوەشاندنەوە: ............................ ١٩٦
مەرجەکانی هەڵوەشاندنەوە لە فیقهی ئیسلامیدا: ............................ ١٩٨
هۆکانی هەڵوەشاندنەوە: ............................ ١٩٨
هۆکانی هەڵوەشاندنەوە لە فیقهی ئیسلامیدا: ............................ ٢٠١
خواستی چوارەم: جۆرەکانی هەڵوەشاندنەوە و ئاسەوارەکانی ............................ ٢٠٧
جۆرەکانی هەڵوەشاندنەوە: ............................ ٢٠٧
یەکەم– هەڵوەشاندنەوەی قەزایی: ............................ ٢٠٧
دووەم– هەڵوەشاندنەوە بە رێکەوتن (الفسخ الاتفاقي): ............................ ٢٠٨
سێیەم– هەڵوەشاندنەوە بەحوکمی یاسا و بەئیرادەی تاکانەی قەرزدەر بەگوێرەی
دەقی یاسا: ............................ ٢٠٩
ئاسەوارەکانی هەڵوەشاندنەوە: ............................ ٢١١
پاشئاسەوار بۆ هەردوو گرێبەندوانەکە: ............................ ٢١٢
پاشئاسەوار بۆ کەسیتر (الغير): ............................ ٢١٣
ئەو شتانەی مافی هەڵوەشاندنەوە دەخەن: ............................ ٢١٥
**باسی دووەم: هەڵوەشانەوە ............................ ٢١٧**
أ– لە دەقە مەدەنییە عەرەبییەکان: ............................ ٢١٧
ب– لە دەقە بیانیەکان: ............................ ٢١٨
خواستی یەکەم: ناساندنی هەڵوەشانەوە ............................ ٢١٩
چیەتیی هەڵوەشانەوە: ............................ ٢١٩
شوێنی هەڵوەشانەوە (محل الانفساخ): ............................ ٢٢٠
گونجاندنی هەڵوەشانەوە (تکییف الانفساخ): ............................ ٢٢١

بنچینەی هەڵوەشانەوە: ........................ ٢٢٢
خواستی دووەم: هەڵوەشاندنەوە و زاراوە پەیوەندارەکان ........................ ٢٢٣
هەڵوەشانەوە و هەڵوەشاندنەوە: ........................ ٢٢٣
هەڵوەشانەوە و کۆتاهاتن (الانفساخ و الانتهاء): ........................ ٢٢٥
هەڵوەشانەوە و ملنەدان بە دانەوە (الامتناع عن الوفاء): ........................ ٢٢٥
هەڵوەشانەوە و وەقف: ........................ ٢٢٦
هەڵوەشانەوە و بەتاڵبوونەوە: ........................ ٢٢٦
هەڵوەشانەوە و قەڵبی (فەساد): ........................ ٢٢٨
هەڵوەشانەوە و شایستەبوون (الانفساخ و الاستحقاق): ........................ ٢٢٨
خواستی سێیەم: هۆکانی هەڵوەشانەوە ........................ ٢٢٩
مەرجەکانی مەحاڵیی جێبەجێکردن (استحالة التنفیذ): ........................ ٢٣٢
جۆرەکانی مەحاڵی: ........................ ٢٣٥
خواستی چوارەم: ئاسەوارەکانی هەڵوەشانەوە ........................ ٢٣٧
هەڵوێستی یاسا و شەرعزانانی لە دیاریکردنی ئەو لایەنەی لێکەوتەی فەوتانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ: ........................ ٢٣٩
هەڵوێستی فقیهی ئیسلامی: ........................ ٢٤٦
**باسی سێیەم: بەتاڵکردنەوە ........................ ٢٥٠**
خواستی یەکەم: گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە و گرێبەندە پەیوەندارەکانی ........................ ٢٥٣
یەکەم– گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە و بەتاڵی رەها ........................ ٢٥٣
دووەم– گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە و گرێبەندی وەستێنراو ........................ ٢٥٥
سێیەم– گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە و گرێبەندی قەڵب (فاسد) ........................ ٢٥٦
چوارەم– قابیل بە بەتاڵکردنەوە و گرێبەندی بەرکاری نالازم ........................ ٢٥٨
خواستی دووەم: هۆکانی ئەوەی گرێبەند قابیل بە بەتاڵکردنەوەبێ ........................ ٢٦٠
یەکەم– ناتەواویی شیان (نقص الاهلیة) ........................ ٢٦٠
دووەم– عەیبەکانی ئیرادە ........................ ٢٦٤
لقی یەکەم: هەڵە ........................ ٢٦٤
لقی دووەم: خەڵەتاندن (التدلیس) ........................ ٢٨١
لقی سێیەم: زۆرلێکردن ........................ ٢٩٧
لقی چوارەم: ئەو قۆستنەوەیەی دەبێتە مایەی مافخوران کە پاڵنەرە بۆ گرێبەندکردن ........................ ٣٠٩

**بەشی چوارەم: پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی ناشایستە لەسەر بنچینەی ناڕەوابوونی هۆ ...... ٣٣١**
دەسپێك ........................................... ٣٣٣
بەراورد لەنێوان هەردوو بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنیدا ............ ٣٣٥
دوانە و یەکبوونی بەرپرسیارێتیی مەدەنی .......................... ٣٣٨
**باسی یەکەم: زەوتکردن: چییەتی و رەگەزەکانی ........................ ٣٤٦**
خواستی یەکەم: پێناسەکانی زەوتکردن................................ ٣٤٦
چییەتیی زەوتکردن........................................ ٣٥٠
خواستی دووەم: رەگەزەکانی زەوتکردن................................ ٣٦٢
مەرجەکانی زەوتکەر........................................ ٣٦٣
مەرجەکانی لێ زەوتکراو.................................... ٣٦٦
مەرجەکانی زەوتکراو........................................ ٣٦٨
مەرجەکانی پرۆسەی زەوتکردن................................ ٣٧١
**باسی دووەم: ئەحکامی زەوتکردنی مەدەنی لە فیقهی ئیسلامی و یاسای مەدەنیی عێراقیدا**
**.......................................... ٣٧٣**
خواستی یەکەم: ئەحکامی زەوتکردنی مەدەنی لە فیقهی ئیسلامی.................. ٣٧٣
سەرچاوەی پابەندیی زەوتکەر لە شەریعەتی ئیسلامیدا.................. ٣٧٥
پابەندبوونی زەوتکەر بە گێڕانەوەی زەوتکراو.......................... ٣٧٩
پابەندبوونی زەوتکەر بە زیادەکانی زەوتکراوەکە...................... ٣٨٣
پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی بەدەل (برێتی)........................... ٣٩٩
مەرجەکانی بۆگێڕانەوەی هاوچەشن.................................. ٤٠٠
کاتی مەزەندەکردنی نرخی هاوچەشن (قيمة المثل) .................... ٤٠١
ناکۆکیی نێوان زەوتکەر و لێ زەوتکراو................................ ٤٠٤
زەوتکەری زەوتکەر........................................... ٤٠٥
سکاڵای زەوتکردن............................................ ٤٠٦
پابەندییەکانی زەوتکەر لە بارێکدا نوقسانی روو بدات .................. ٤٠٧
کەمکردن بەهۆی دابەزینی نرخ لە بازاڕ.............................. ٤٠٩
کەمکردن بەهۆی شکانی نرخی دراوەکەوە ............................ ٤١١
کەمکردنی بەهای زەوتکراو بەبەکارهێنان.............................. ٤١١
خواستی دووەم: حوکمە مەدەنییەکانی زەوتکردن لە یاسای مەدەنیی عێراقیدا......... ٤١٢
سەرچاوەی پابەندیی زەوتکەر لە یاسادا................................ ٤١٢
چۆنێتیی چارەسەری حوکمەکانی زەوتکردن لە یاسای مەدەنیی عێراقیدا ..... ٤١٣
گرنگترین ئەو خاڵانەی پەیوەندییان بە حوکمی زەوتکەری زەوتکەرەوە هەیە . ٤٢٥

**باسی سێیەم: حوکمەکانی سزای زەوتکردن له فیقهی ئیسلامی و یاسای سزادانی عێراقیدا٤٣٥**
خواستی یەکەم: ئەحکامە سزاییەکانی زەوتکردن له فیقهی ئیسلامیدا.............٤٣٦
بەشی یەکەم– تاوانی حەددەکان (الحدود)..............................٤٣٦
بەشی دووەم– تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی (الدیه):.....................٤٣٦
بەشی سێیەم– تاوانەکانی تەمێکردن (التعزیر)..........................٤٣٧
سەرچاوەی ئەحکامە سزاییەکانی زەوتکردن له فیقهی ئیسلامیدا............٤٣٧
جیاکەرەوەی سزا تەمێکارانەکان.......................................٤٤١
خواستی دووەم: حوکمە سزاییەکانی زەوتکردن له یاسای سزادانی عێراقیدا..........٤٤٢
کۆتایی.................................................................٤٤٧
ئەنجام و پێشنیارەکان....................................................٤٤٧
**سەرچاوەکان**...........................................................٤٥٩

# پێشەکی

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

هۆی هەڵبژاردنی (تیۆری پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە) بە ناونیشانی باسەکە، ئەوەیە فیقهی ئیسلامی و یاسای مەدەنی لە مامەڵەکردنی ئەم بابەتەدا لێك نزیکن و بەراوردکردن لە دیراسەیدا لەڕێی هەریەکەیانەوە خزمەتی ئەویتریان دەکا، لەبەرئەوەی هاوتای یەکن و هەریەکەیان ئەویدی تەواو دەکا.

**گرنگیی بابەتەکە:**

ئەم گرنگییە لە فەرمایشتی خوای گەورەدا دەردەکەوێ کە دەفەرموێ ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُوماً جَهُولاً﴾[1]. ئەم ئایەتە پیرۆزە چەندین سەدە پێش لە یاسا ئاماژەی بۆ چییەتی (ماهیە)ی پابەندی و گرنگترین رەگەزەکانی و هەندێ لە حوکمەکانی کردوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١– چییەتیی پابەندی بریتییە لە گرتنەئەستۆی ئەنجامدانی واجبێك، نەك وابەستەییەکی یاسایی.

٢– بابەتی پابەندی ئەمانەتە و بریتییە لە هەر جۆرە قەرزێك لە ئەستۆی مرۆڤدا بێ و پێویست بێ بدرێتەوە، هەرماڵێك لەلای بێ لەوانەی لەبەر نەبوونی هۆ یان

---

[1] سورة الأحزاب / ٧٢.

نەمانی هۆ پاش بوونی، یان ناڕەوابوونی (هۆکە)، پابەند دەبێ بە گێڕانەوەیان بۆ خاوەنەکانیان.

٣- شوێن (محل)ەکەی ئەنجامدانی ئەرێنییە وەك دانەوەی قەرز، هەروەها ئەنجامدانی نەرێنییە وەك خۆلادان لە کردنی هەر قەدەغەکراوێك لە شەرع یان یاسادا، ئەوەیش لەو رووەوەیە کە پابەندکردن (الزام) و پابەندی (الالتزام) وەك داوالێکردن (تەکلیف) و خۆ پابەندکردن(تەکەلوف) لەو حوکمە تەکلیفیانەن پەیوەندییان بە کردەوەکان (الافعال)ەوە[1] هەیە نەك شتەکان (الاعیان)[2]، ئەنجامدانیش لە کردەوەکانە.

٤- سەرچاوەی پابەندی لە پابەندییە شەرعیەکان شەرع و لە پابەندییە یاساییەکاندا یاسایە، هەرچی گرێبەند (واتە عەقد) و ئیرادەی تاکەکەسی و کردەوەی زیانبەخش و کردەوەی سوودبەخشن، هۆی پابەندین وەك پاشتر بە بەلگەی عەقلی و نەقلی دەیسەلمێنین.

٥- تێکدانی پابەندی ستەمە لە تێکدەر خۆی و لە کەسی بۆ-پابەند و لە کۆمەلگەیش، لەبەرئەوە قورئان تێکدەر (المخل)ی بە (ظلوم) وەسف کردوە کە (سیغەی موبالەغە)یە بەمانای (زۆر ستەمکار)، لەبەرئەوەی هەر شتێك لەسەر وەزنی (فعول) بێ مەبەست زیادەڕەوی (موبالەغە)یە. ستەمیش پێویستە بەر لە رووانی بە رێگەکانی خۆپارێزی دوور بخرێتەوە، پاش روودانیشی بە رێگەچارەکان لابدرێ، وەك ئەوەی ئەو کەسەی شتێکی بەشێوەیەکی ناڕەوا لەلایە بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، هەروەها سزادانی ئەو کەسەی بەبێ پاساو زیادەڕەوی کردۆتە سەر مافی کەسیتر و

---

[1] زانایانی ئیسلام کۆدەنگن لەسەرئەوەی حوکمی تەکلیفی مەدلولی گوتاری خودایە کە پەیوەندی بە کردەوەی داوالێکراو (مکلف)ەکانەوە هەیە وەك پێویستکردن یان سەرپشککردن.

[2] ئەگەر لە دەقێکدا حوکمێکی تەکلیفی بە شتێك لە شتەکانەوە بەسترابوو پێویستە تەقدیری کردەوەکە بکرێ وەك خوا دەفەرموێ: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ﴾ واتە مارەکردنیان حەرامە و ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ﴾ واتە خواردن و ئەو جۆرە شتانە.

قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوو لەو زیانەی بەهۆی کردەوەی کەسیترەوە پێی گەیشتوە.

٦- بناغەی تێکدانی پابەندی (الاخلال بالالتزام) بێئاگاییە لە مەترسیی لێکەوتەکانی، کە ئاسەوارە نەرێنیەکانی بەسەر تێکدەر و بۆ-پابەند و کۆمەڵگەدا دەشکێنەوە، لەبەرئەوەیە قورئان وەسفی ئەو کەسەی پابەندی تێکدەدات و ناپاکی لەو ئەمانەی هەڵیگرتوە دەکا بە (جهول) وەسف دەکا، کە ئەویش سیغەی موبالەغەیە بەمانای (زۆر نەزان).

٧- لەبەر قورسیی ئەمانەت و مەترسیی هەڵگرتنی و سەختیی جێبەجێکردنی و خراپیی ناپاکی تێداکردنی و زیانی تێکدانی پێوە پابەندبوونی، ئاسمانەکان و زەوی رازی نەبوون بچنە ژێر باری، دیارە رازینەبوونی عوزرخوایی نەک رازینەبوونی یاخیبوون، ئەویش لە ترسی کەمتەرخەمیکردن لە پارێزگاری لێکردن و گەیاندنیدا بە خاوەنەکەی.

٨- قورئانی پیرۆزی رادەی قورسیی ئەمانەت (بابەتی پابەندی) بەشێوازێکی مەجازی و رەوانبێژانە بۆ عەقڵی مرۆڤ نەخشاندوە، کە ئەگەر ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان دەرك و ئاوەزیان هەبوایە و ئەو ئەمانەتەیان بخرایەتە بەردەم تا هەڵی بگرن، عوزرخواییان دەهێنایەوە و داوای بەخشینیان لە قبوڵکردنی لەئەستۆگرتنی دەکرد، ئەویش لە ترسی ئەوەی نەوەك کەمتەرخەمی تێدا بکەن و بەوەیش سەرپێچیی فەرمانی خوا بکەن.

٩- هۆی وەرگرتنی ئەو ئەمانەتە قورسە و پابەندبوونی بە ئەنجامدانی، لەلایەن مرۆڤەوە سەرباری بچوکیی قەبارە و کەمیی هێز و لاوازیی توانای بەبەراورد بە ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان، بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە:

یەکەمیان: ئەوەیە تاکە بوونەوەرە عەقڵی هەیە، کە تەکلیفی پێوە بەستراوە.

دووەم: خوا ڕێزی لێ ناوە وەك دەفەرمویْ ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً﴾[1].

سوننەتی خوایش لە دروستکراوەکانیدا وایە، بۆ بەدیهاتنی داد و یەکسانی هەر مافێك پابەندیەکی لە بەرانبەردایە، چونکە یەکسانی بریتییە لە هاوسەنگی لەنێوان ماف و ئەرکەکاندا.

١٠- ئەو پابەندەی شانی داوەتە ژێر ئەرکی ئەمانەت کە مافێکی گشتی (مافی خودا) یان مافێکی تایبەت (مافی بەندە) دەگرێتەوە چ ماددی بێ یان مەعنەوی، پێویستە لەسەری بیگەیەنێتەوە بۆ خاوەنەکەی وەك خوا فەرمانی کردوە ﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا﴾[2].

رێبازی لێکۆڵینەوە:

هەوڵ دەدەم توێژینەوەکەم لەم بابەتە، بەپێی توانا لەسەر پشتبەستن بە پێوەرە لۆژیکیەکان و وەلانانی شێوازە کلاسیکیەکان دابمەزرێ، پشت بەخوا پێوەرە لۆژیکیەکان بەکار بێنم لە هەوڵێکدا بۆ گۆڕینی تەفسیر و پێناسەی هەندێ زاراوەی یاسایی وەك زاراوەی پابەندی، ڕەفتاری یاسایی (التصرف القانوني)، ڕووداوی یاسایی (الواقعة القانونية) و ئەستۆ (الذمة) و ئەو جۆرە شتانە و دەرخستنی تێکەڵکردن لە بەکارهێنانی هەندێ زاراوەدا، وەك تێکەڵکردن لەنێوان هۆ و سەرچاوە، لەنێوان شوێنی پابەندی (محل الالتزام) و بابەتی پابەندی (موضوع الالتزام)دا، یان لەنێوان شوێنی پابەندی و شوێنی گرێبەند، هەروەها لەنێوان ڕەگەز و خاسیەتەکان و جیانەکردنەوە لەنێوان دابەشکردنی ڕاستەقینە و ئیعتیباری، کە بووەتە مایەی ناکۆکیی یاسایی نەزۆك و بێ پاساو.

---

[1] سورة الإسراء / ٧٠.

[2] سورة النساء / ٥٨.

**لەمپەرەکان:**

دیارترین لەمپەرەکان لەبەردەم ئەنجامدانی ئەم کارە بەو شێوەیەی داواکراوە و پێدانی مافی خۆی بەو شێوەیەی مەبەستە، بریتین لە:

* چاوکزی، کە چاو تاکە ئامرازی دەستگەیشتنە بە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان تا پشت بە بۆچوونەکانی سەلەفی سالح ببەسترێ. ئەوە روونە کەس لە توانایدا نیە شتێکی نوێ بێنێ تا پشت بەوە نەبەستێ لە جیلی پێش خۆی بۆی ماوەتەوە، لەبەرئەوەی تێڕوانین بریتییە لە سەرنجدان لە مەعقول بۆ بەدەستهێنانی نادیار (المجهول). بەدەربڕینێکیتر، بریتییە لە تێفکرین لە زانیارییە ئەمبارکراوە مەعقولەکان لە وێناکردن و بڕواپێکردنەکان (التصورات و التصديقات) بۆ بەدەستهێنانی ئەو بابەتە تەسەوری و تەسدیقیانەی نەزانراون.

* یەکێکیتر لەو لەمپەرانە دەردی بێ دەرمانی پیرییە. پیری وەك چۆن دەمارەکانی خوێن تەسك دەکاتەوە و رێگە لە رێچکەبەستنی سروشتیی خوێن دەگرێ، دەزگاکانی مێشکیش لە پەلوپۆ دەخات و ناتوانێ شتێکی نوێ دابهێنن.

* لەمپەرێکیتر جگە لەمانە، تووشبوونمە بە نەخۆشیی دڵ و پێویستە خۆم لە هەموو شەکەتکردنێکی فیکری و جەستەیی دوور بگرم، لەبەرئەوەی بەپێی ئامۆژگاریی پزیشکی پسپۆڕ مەترسی لەسەر ژیانم هەیە.

* دواینیش، کەمیی کاتی بەتاڵ بەهۆی زۆر سەرقاڵبوون بە پابەندیەکانی ماڵ و وەزیفەوە.

سەرباری ئەم کۆسپ و لەمپەرانەیش، ئومێدم زۆرە کە خوا یارمەتیم دەدا بۆ تەواوکردنی ئەو کارە لەخۆبوردوانەی پاش ئەوەی هەشتا ساڵم تێپەڕاند دەستم دلونەتێ، ئەویش بەمەبەستی بەدەستهێنانی رەزامەندیی ئەو لەرێی خزمەتکردنی زانستەوە، ئەویش بیسەر و زانا و پاڵپشتە.

**پلانی لێکۆڵینەوە:**

سروشتی بابەتەکە دەخوازێ پێناسەی پابەندی لەڕووی چییەتی و رەگەزەکانەوە بکرێ و بەشی یەکەم بۆ ئەوە تەرخان دەکرێ.

لەو بنەمایانەی لە یاسا[1] و فیقهدا رێکەوتنیان لەسەرە، ئەوەیە هەموو رەفتارێکی یاسایی یان مافێك یان پابەندیەك بە بەتاڵ دەژمێرێ ئەگەر هۆیەکی نەبوو، یان هۆکەی پێچەوانەی سیستمی گشتی، ئاداب یان یاسا بوو. لە روانگەی ئەم راستیەوە هەر کەس بەبێ هۆ ماڵێك لە کەسێکیتر ببا، یان هۆیەکی هەبوو پاشان نەما، یان هۆکە ناڕەوا (نامەشروع) بوو، پێویستە لەسەری ئەوەی بردویەتی بۆ خاوەنە شەرعیەکەی بگێڕێتەوە ئەگەر مابوو، یان باتی (بدل)ەکەی ئەگەر نەمابوو، لەبەرئەوەی ئەو کەسە شایستەی ئەو شتە نیە، لێرەوەیە کە بنچینەی تیۆری پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە (نظرية الإلتزام برد غير المستحق) یان نەبوونی هۆیە کە ئەمەیان لە بەشی دووەمدا باسی دەکەین، یان نەمانی هۆکەیە پاش بوونی و ئەمە لە بەشی سێیەمدا باس دەکەین، یان ناڕەوابوونی هۆکەیە، ئەمەیشیان بەشی چوارەم و کۆتایی بۆ تەرخان دەکرێ، پاشان لێکۆڵینەوەکە بە پاشەکیەك کۆتایی دێ، کە بە ویستی خوا گرنگترین ئەنجام و پێشنیارەکان لەخۆ دەگرێ.

لە کۆتایی ئەم پێشەکیەدا پێم خۆشە تکا لە خوێنەری بەڕێز بکەم بە گومانباشیەوە دەستبردنم بۆ گەنگەشەکردنی را و بۆچوونی هەندێ کەسایەتیی یاسایی و هەندێ دەقی یاسایی و زاراوەی یاسایی لێك بداتەوە، لەبەرئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستم نیە لە شان و شکۆی شەرعزانانی یاسا یان خودی یاسا کەم بکەمەوە، بەڵکو بەو روونکردنەوانە دەمەوێ بەگوێرەی ئەو توانا زانستییە لەخۆبوردوانەی هەمە، لەڕێی فیقهی ئیسلامی و زانستە ئامێریەکانەوە (ئوسوڵی فیقه

[1] یاسای مەدەنیی عێراقی م/١٣٢. میسری م/١٣٦. سوری م/١٣٧. لیبی م/١٣٦. لوبنانی م/١٩٥ و پاشتر. مۆریتانی م/٨٢ و مەغریبی فەسڵی ٦٢.

و مەنتیق و فەلسەفە و زانستی رەوانبێژی) خزمەتی یاسا بکەم، لەکاتێکدا رۆڵی زانستە ئامێریەکان لە جیهانی یاسادا هێشتا لاوازە.

هەروەها دەمەوێ لەرێی یاساوە خزمەتی فیقهی ئیسلامی بکەم. جگە لەوە، رێبازی من لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا ئەو حیکمەتەیە دەڵێ: (تەماشا بکە چی گوتراوە، تەماشا مەکە کێ گوتی) و خۆم پابەند کردوە بە پەیڕەویکردن لەم حیکمەتە جگە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) لەبەرئەوەی عەقڵی مرۆڤ ناتوانێ چوارچێوەیان بدا، ئەویش لەو روانگەوە باوەڕم وایە لاساییکردنەوەی کوێرانە بۆ هەموو رایەکی ئیجتیهادیی رابردوو بەبێ وەبەرهێنانی ئەوەی لە پێشین (السلف)ەوە بۆی ماوەتەوە لەلایەن پاشین (الخلف)ەوەبەمەبەستی هێنانی شتێکی نوێ، هۆکاری سەرەکیی دواکەوتنی ئەم ئوممەتەیە کە باشترین ئوممەت بوو بۆ خەڵك نێردرابێ، فەرمان بە چاکە دەکەن و نەهی لە خراپە دەکەن.

خوایش نیاز و مەبەستمانە.

# بەشی یەکەم

## چییەتیی پابەندی و ڕەگەزەکانی

تویژینەوە لە بابەتی ئەم بەشە بەسەر دوو باسدا دابەش دەبێ:

یەکەمیان بۆ ڕوونکردنەوەی چییەتیی پابەندی تەرخان دەکرێ.

دووەمیشیان بۆ خستنەڕووی ڕەگەزەکانی لەبەر تیشکی ئەو چییەتیەدا .

# باسی یەکەم:
# چییەتیی پابەندی

**پابەندی (الالتزام) لە زمانی عەرەبیدا:**

(الالتزام) لە داتاشراوەکانی پێویستبوون (اللزوم)ـە و چاوگی (لزم، یلزم)ە لە بابی (علم، یعلم)، فرمانی (لزم) بە تێنەپەڕ (لازم)[1] و بە تێپەڕ (متعدی) بۆ یەك مەفعولیش هاتووە. لزوم لە فرمانی تێنەپەڕ بە چەند مانایەك هاتووە، لەوانە جێگیری و بەردەوامی و پێویستبوون.

دەوترێ: (لزم الشيء)، واتە جێگیر و بەردەوام بوو. لزم الامر: پێویست بوو.

لزوم لە فرمانی تێپەڕیش بەمانای بەسترانەوە بە شتێکەوە و لێ جیانەبوونەوەی دێ. دەوترێ: لزم الدائن الغريم (المدين)، واتە قەرزدەرەکە شوێنی (قەرزارەکەی) کەوت و لێی جیا نەبوویەوە[2].

**پابەندی لە زانستی صەرفدا:**

(الالتزام) چاوگی (التزم)ەیە لە بابی افتعل یفتعل. هەر سیغەیەکی ئەم بابەیش بۆ دەستەمۆکردنە (المطاوعة)، چونکە بابی افتعل بە زیادکردنی هەمزەی وەسڵ لە سەرەتای و (تاء) لەنێوان (فاء) و (عین)ەکەیدا بۆ موتاوەعەکردنی سێ بابە:

---

[1] فرمانی تێنەپەڕ (الفعل اللازم) ئەوەیە ئەسەرەکەی لە بکەرەکەی تێناپەڕێ و ناگاتە بەرکار (مفعول به)ەکە و پێی دەوترێ فرمانی کورتهەڵهێن (القاصر).

[2] لسان العرب لابن منظور (جمال الدين محمد بن مكرم) الأنصاري (٦٣٠-٧١١ هـ) فصل اللام حرف الميم ١٤/١٦.

١– بۆ موتاوەعەی بابی (فَعَلَ): وەك: جمعتـه فـاجتمع، وغممتـه فـاغتم، ولزمتـه فالتزم.

٢– بۆ موتاوەعەی بابی (فعَّل) (تەشـدیدی عـەین) وەك: قربتـه فـاقترب، وعدلتـه فاعتدل.

٣– بۆ موتاوەعەی بابی (أفعلَ)، وەك: أنصفته فانتصف، وأبعدته فابتعد، وألزمته فالتزم[1].

**پابەندی لە زانستی مەنتیقدا:**

سیفەتی دیلالەتكردنی لەفزیی دانراوە بۆ مانایەك لە دەرەوەی ئەوەی بۆی دانراوە و پێوەی بەستراوە، لەبەرئەوەی دیلالەتی لەفزەكە بۆ تەواوی ئـەوەی بـۆی دانـراوە پڕاوپڕ (مطابقة)یە، بۆ بەشێكی لەخۆگرتن (تضمن) و بۆ دەرەوەی ئەو مانایەی بۆی دانراوە پابەندی–یە، لەبەرئـەوەی ئـەم لەدەرەوەیـە ولەبەسـتەی ئـەو مانایەیـە بـۆی دانراوە. بۆ نموونە دیلالـەتی وشـەی (العقـد) بـۆ كـۆی ئیجـاب و قبـولْ پڕاوپـڕ (یـان پڕاوپڕییە) و دیلالـەتی بـۆ یـەكێكیان لەچوارچـێوەی كۆمەڵەكـەدا لەخۆگرییـە، ئـەو ئەسەرانەیش لێی دەكەونەوە لە ماف و پابەندی، پابەندین[2].

لـزومیش یـان زەینییـە، ئەوەیـە شـتەكە وابـێ بـە تەسـەوركردنی لـە زەینـدا تەسەوركردنی شتێكیتر پێویست بكا. یان دەرەكییە، كـە ئەوەیـە شـتەكە وابـێ لـە بـەدیهاتنی لــە دەرەوە شــتێكیتر لەگــەڵ خــۆی بــەدیبێنێ. وەلحاســڵ، لــزوم پەیوەندییەكی مەنتیقییە لەنێوان بنەما و ئەنجامەكاندا.

---

[1] بڕوانە كتێبی: دروس التصریف للعلامة محمد محي الدین عبد الحمید: ص٧٨.

[2] بڕوانە كتێبی: تهذیب المنطق للعلامة المعروف بالتفتـازاني بشـرح الخبیصـي للعلامـة عبیـد الله بـن الفضل الخبیصي: ص١٠.

**پابەندی لە زانستی فەلسەفەدا:**

لە گوتەزای هەڵچوون (انفعال)ـە، کە کارتێکرانە بە پابەندکردن، وەك گەرمبوون بە کاریگەریی گەرمکردن و لە مانای موتاوەعەی زانستی صەرفەوە نزیکە[1].

**پابەندی لە زانستی ئوسولی فیقهدا:**

پابەندی لە ئوسوڵی فیقهی ئیسلامیدا لە حوکمە تەکلیفیەکانە، هەموو تـەکلیفێك پابەندکردن (واته الزام)ە، هەموو زۆرلـەخۆکردن یـاخود خـۆ ناچـارکردن (تکلف)ێـك پابەندنییە، سەرجەم حوکمە شەرعی و یاساییە تەکلیفیەکان، لە حوکمە شەرعیەکاندا پابەندکردنن لەلایەن شـەعدانەر و لـە حوکمـە یاساییەکانیشـدا پابەنـدکردنن لەلایـەن یاسادانەرەوە و ئەسەرەکەی پێویستبوون (لزوم) و پابەندبوونە. لەبەرئەوە زانایـانی ئوسـوڵ ئیلـزام (تـەکلیف)یان پێناسـە کـردوە بـەوەی مـەدلولی گوتـاری خوایـە کـە پەیوەندی بە کـردەوەی دلوالێکـرلو (مکلف)ەکانـەوە هەیـە، وەك پێویسـتبوون یـان سەرپشککردن.

**پێویستبوون** (الاقتضاء): بریتییە لە داوای کردن یان نەکردن. داوای کردن ئەگەر وەك حەتمکردن بوو ئەوا پێویست و پابەندکردنە و ئەسەرەکەی واجبوون و لزومـە و ئەو کردارەی دلواکراوە واجب و لازمە و بکەرەکەی رێزی لێ دەنرێ و پاداشتی هەیە، نەکەرەکەیشی سزا دەدرێ و لۆمە دەکرێ، لەبەرئەوەی نەکردنی تاوانێکی سەلبییە.

بـەڵام ئەگـەر وەك لەپێشـتری و باشـتربوون بـوو، ئـەوا خۆشەویسـتکردنە و ئەسـەرەکەی پەسـەند (الندب)ـە و کـردارە دلواکراوەکـە پەسـەند و پێخـۆش (مستحب)ە، کە بکەرەکەی پاداشتی هەیە و نەکەرەکەی سزای لەسەر نیە.

داوای نەکردن-یش ئەگەر بەمانای حەتم و پابەندکردن بـوو، ئـەوا حـەرامکردن و پابەندکردنە بە نەکردن و ئەسەرەکەی حەرامی و پێویستیی نەکردنە و ئەو کردارەی داوای نەکردنی کرلوە حەرام و قەدەغەیە، بۆیە پێویسـتە نـەکرێ و بکەرەکـەی سـزا

---

[1] بروانە کتێبی: تلخیص کتاب المقولات لابن رشد الحفید: ص٨٥.

دەدرێ و لۆمە دەکرێ و نەکەرەکەی پاداشتی هەیە و رێزی لێ دەنرێ. کردنی کارە قەدەغەکراوە سزا لەسەر دراوەکە تاوانێکی ئیجابییە.

ئەگەر وەك لەپێشتری و باشتربوونیش بوو، ئەوا بەباش نەزانین یاخود پێناخۆشبوونە (استكراه)، ئەسەرەکەی پێناخۆش (کەراهەت)ە و ئەو کردارەی داوای نەکردنی کراوە مەکروهە و بکەرەکەی سزا نادرێ، بەڵام لۆمە دەکرێ.

لەوەی باسمان کرد دەگەینە ئەو ئەنجامەی تەکلیف لای زانایانی ئوسولێ هاومانای پابەندکردن و خۆناچارکردن (تەکەلوف)یش هاومانای پابەندییە و تێدا-موکەلەف بابەتی پابەندی و پێ-موکەلەف (ئەنجامدان) شوێنی پابەندییە. هەروەها پابەندکردن و پابەندی پەیوەندییان بە شتەکان (الاعیان)ەوە نیە، بەڵکو پێ پەیوەستەکەیان کرداری مرۆڤە (ئەنجامدان) بەشێوەیەکی ئەرێنی وەك کردنی کارێك وەك لە شتە واجبەکاندا، یان نەکردنی کارێك وەك لە قەدەغەکراوەکاندا[1].

**پابەندی لە فیقهی ئیسلامیدا:**

شەرعزانانی شەریعەتی ئیسلامی لەژێر ناونیشانی جیاوازدا قسەیان لەسەر پیادەکردنەکانی پابەندییەکان لە عیبادات و مامەڵە و ئەوەی پێی دەوترێ باری کەسایەتی و تاوانەکان (الجنايات)، کردوە، دیارترینیان کارەکەی (الحطّاب)ە[2] لەم بابەتەدا لە کتێبی (تحرير الكلام في مسائل الإلتزام)[3].

حەتتاب -رەحمەتی خوای لێ بێ- توێژینەوەی بۆ بابەتەکە لەڕووی شکڵیەوە بۆ پێشەکیەك و چوار دەروازە (باب) و پاشەکی (خاتمە)یەك[4]دابەش کردوە. لە پێشەکیدا سێ پێناسەی بۆ پابەندی کردوە:

---

[1] بڕوانە کتێبی: أصول الفقه الإسلامي في نسيجه الجديد، دانەر ٨/٢ و پاشتر.

[2] پێشەوا (أبوعبدالله محمد بن محمد) ناسراو بە (الحطاب)، کە فیقوانێکی مالیکییە (٩٥٤ك مردوە).

[3] تحقيق عبدالسلام محمد الشريف.

[4] بڕوانە کتێبی: تحرير الكلام في مسائل الإلتزام، لا ٦٨ و پاشتر.

أ- پێناسە زمانەوانیەکەی، بەوەی خۆپابەندکردنی کەسێکە بەوەی پێویست (لازم) نەبووە[١].

ب- پێناسەی لە عورفی شەرعزاناندا[٢] بەوەی خۆپابەندکردنی کەسێك بە شتێك لە چاکە بەڕەهایی یان بەبەستراوی بە شتێکەوە[٣]. لە کۆتایی ئەم پێناسەیەدا دەستەواژەی (بمعنى العطية) هاتووە، پێدەچێ مەبەستی لە چاکە (تەبەڕوعات) بێ.

ج- پاشان دەڵێ "لەوانەیە لە عورفدا بە شتێك بوترێ کە لەوە تایبەتتر بێ، ئەویش سەپاندنی چاکەیە بە لەفزی پابەندی"[٤].

لە قسەکەیەوە وادیارە پابەندی بە مانا زمانەوانیەکەی ئاڵوگۆڕ و بەخشینەکان دەگرێتەوە، هەروەها گرێبەند و ڕەفتارە تاکەکەسیەکانیش دەگرێتەوە، کە ئەمەی دوایی مرۆڤ بە ئیرادەی تاکانەی خۆی دەیانکا، وەك تەڵاقدان بەبێ باتی و هەروەها وەك پێشکەشکردن (الهبة)[٥].

پاشان دەڵێ[٦]: "ڕوکنەکانی پابەندی هاوشێوەی ڕوکنەکانی پێشکەشکردن چوارن[١]: پابەند (الملتزم) + پێ-پابەند (الملتزم له) + بۆ-پابەند (الملتزم به) + داڕشتە (الصيغه) و لە هەر ڕوکنێکدا هەمان مەرج هەیە کە لە هیبەدا هەیە[٢].

---

(١) پاشان گوتی "ئەوە بەم مانایە فرۆشتن و بەکرێدان و مارەبڕین و تەڵاق و باقیی گرێبەندەکانیتر دەگرێتەوە".

(٢) واتە لە زاراوەی شەرعیدا.

(٣) سەرچاوەی پێشوو لا٦٨.

(٤) سەرچاوەی پێشوو لا٦٨.

٥ لە زمانی عەرەبیدا چەند وشەیەك بۆ حاڵەتی بەخشین یاخود پێشکەشکردن بەکار دێن، کە هەریەکەیان حاڵەتی سەربەخۆ و جیاوازن: (هبة، عطية، تبرع، منحة) بەڵام لە زمانی کوردی وشەی تایبەت بەرانبەر هەریەك لەوانە نیە، ئەمەیش تێکەڵکردن لە چەمکەکان و تێگەیشتن لێیان ئاڵۆز دەکا، چاریش نیە، لەبەرئەوە بۆ ڕێگرتن لەو تێکەڵیە، زۆرجار وشە عەرەبیەکە لەنێو دووکەوانە دەنووسم یان هەر عەرەبیەکە بە ڕێنوسی کوردی دەنووسم، بەتایبەت کە هەندێکیان لە زمانی کوردیشدا بەکار دێن، لەوانە وشەی تەبەڕوعکردن-وەرگێڕ.

(٦) سەرچاوەی پێشوو لا٦٨.

پاشان دەڵێ: "پابەندی بۆ چوار بەش دابەش دەبێ، لەبەرئەوەی یان هەڵواسراوە (معلق) یان هەڵنەواسراوە، هەڵواسراویش بە کردەوەی پابەند یان بۆ-پابەند یان هیترەوە هەڵواسراوە و قسەکردنەکە لە چوار بابدا قەتیس بووە، پاشەکیەکەیش تایبەتە بە مەسەلەکانی خستنی ماف بەر لە پێویستبوونی و مەسەلەکانی مەرجە سەرپێچەکان (الشروط المخالفة) بەگوێرەی گرێبەندەکە"[1][2][3].

ئەم کارەی حەتتاب لە چارەسەرکردنی بابەتی پابەندیەکان چەند تێبینیەکی لەسەرە، لەوانە:

١- پابەندی بە مانا شەرعیەکەی لە تەبەروعاتدا قەتیس کردوە، لەکاتێکدا لە کتێبی ناوبراودا باسی پابەندی لە ئاڵوگۆڕ و تەبەروعاتدا کردوە.

٢- تەنها باسی پابەندی سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی تاکانەی کردوە وەك لە تەبەروعاتدا، یان لە لە بەیەکگەیشتنی دوو ئیرادە -وەك لە گرێبەندەکاندا- و پابەندیی نائیرادی فەرامۆش کردوە، وەك ئەو پابەندیەی شەرع یان یاسا یان رووداوە شەرعی و یاساییەکان دەیسەپێنن، هەروەها ئەو پابەندیەی لە رووداوێکی ماددی دەکەوێتەوە وەك پابەندبوون بە دانی قەرەبووی ئەو زیانانەی بۆ نموونە لە پێکدانی ئۆتۆمبێل دەکەنەوە و ئەو پابەندیەی لە رووداوێکی مەعنەوی وەك خزمایەتی دەکەونەوە، کە هۆیە بۆ نەفەقەکێشانی خزمی نەدار و شکستە بۆ کار لەلایەن خزمە داراکەیەوە.

٣- شوێنی پابەندی (پێ-پابەند) و بابەتی پابەندی (تێدا-پابەند)ی تێکەڵ کردوە.

---

[1] پاشان گوتی "بەڵێ لە بابی سێیەم لە جۆرەکانی پابەندیدا ئەوە دێ کە لە بابی ئاڵوگۆڕ (معاوضة) دەبێ تێیدا (واتە لە پابەند)، کە تەنها ئەهلیەتی ئاڵوگۆڕکردنە، ئەویش پێگەیشتن و ژیرلێنەکردنە".

[2] بۆ زانینی مەرجەکانی ئەو روکنانە تەماشای سەرچاوەی پێشوو بکە.

[3] سەرچاوەی پێشوو لا٦٩.

٤- هۆی پابەندی لە سیغەی گرێبەند و رەفتاری تاکەکەسیدا قەتیس کردوە، لەکاتێکدا دەشێ وەك باسمان کرد هۆکەی جگە لەو دوانە بێ.

٥- روکنەکانی پابەندی بە چوار داناوە لەکاتێکدا شەشن، وەك لەجێی خۆیدا دێ.

سەرباری ئەم تێبینیانە، فەزڵی گەورەی هەیە لە دانانی کتێبێکی سەربەخۆ بۆ روونکردنەوەی رەگەز و حوکمەکانی پابەندی.

**پابەندکردن و پابەندی لە قورئانی پیرۆزدا:**

خوا گەورە فەرمویەتی ﴿وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَآئِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَاباً يَلْقَاهُ مَنشُوراً﴾[1].

**كل انسان (هەموو مرۆڤێك):** دارشتەیەکی گشتییە، نێر و مێ و گەورە و گچکە لە شیان (ئەهلیەت) تەولو و نەشیاو دەگرێتەوە، بەڵام پابەندییە جینائیەکان بە ئایەتی ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾[2] لەم گشتییە هەلاوێر کراون، بەڵام بەرپرسیارێتی مەدەنی رووی تێدەکات و کەسی نەشیاو (عديم الاهلية) لەو زیانەی دەیگەیەنێ قەرەبوو دەکەوێتە سەر ماڵەکەی، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە هەموو مرۆڤێك ئەهلە بۆ پابەندی، لە لەدایکبوونیەوە تا مردنی.

**ألزمناه (پابەندمان کردوە):** پابەندکردن یان بە کردنە، داوای کردنی کارێك وەك لە فەرمانەکاندا، یان نەکردنە، داوای نەکردنی کارێك وەك لە نەهیکردنەکاندا، مرۆڤ لەسەریەتی هەموو کارێکی واجب ئەنجام بدات وەك هاوکاریکردن لەسەر چاکە و لەخواترسان وەك خوا دەفەرموێ ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى﴾[3] هەروەك لەسەریتی خۆی لە هەر قەدەغەکراوێك بەدوور بگرێ، بۆ نموونە خۆدوورگرتن لە کوشتن وەك خوا دەفەرموێ ﴿ وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ﴾[4]. ئەمەیش بەڵگەی

---

[1] سورة الأسراء /١٣.
[2] سورة البقرة / ٢٨٦.
[3] سورة المائدة /٢.
[4] سورة الأنعام /١٥١.

ئەوەیە شوێنی پابەندی کردەوەکەیە بەمانا گشتی و هەمەگیرەکەی کارەکە + خۆلادان لە کارەکە، کە ئەنجامدانە (الأداء).

**طائره (باڵندەکەی):** مەبەست لە (الطائر) کاری خێر و کاری شەڕە. ئەگەر کاری خێر بوو پاداشتی بەخێر دەبێ و ئەگەریش کاری شەڕ بوو بە شەڕ، کار ناونراوە (طائر) لەبەرئەوەی عەرەب کاتێ بیانویستایە کارێك بکەن تەماشای باڵندەیان دەکرد، ئەگەر بەلای راستدا بفڕیایە دەیانوت خێرە و کارەکەیان دەکرد، ئەگەر بەلای چەپیشدا بفڕیایە دەیانوت شەڕە و نەیاندەکرد، کاتێ ئەوە لەناویاندا زۆر دووبارە بوویەوە خودی خێر و شەڕیان ناونا (طائر) ئەویش وەك ناوانی شتێك بەناوی ئەو شتەی گوایە پێیەوە وابەستە بووە، تا بووەتە راستیەکی عورفی، بەکارهێنانی ئەم عورفە عەرەبییە لە لایەن قورئانەوە مانای داننان بە بیرۆکەکە ناگەیەنێ، لەبەرئەوە (طيرة) لە ئیسلامدا نیە، بەڵام قورئان وەك چۆن بە زمانی عەرەبی دابەزیوە، بەهەمان شێوە لە هەندێ ئایەتیشدا بە عورفی ئەوان دابەزیوە. کەواتە پابەندکار شەرعدانەر، پابەند مرۆڤ و پابەندیش لەئەستۆگرتنی ئەنجامی کارەکەیە.

**عنقه (گەردنی):** گەردن ئەوەیە پێی دەوترێ ئەستۆ، جا چ دارایی بێ یان نادارایی.

**ئەنجامگیری:**

لەو ئایەتە قورئانی و پێناسانەی لە زانستە جیاوازەکاندا بۆ زاراوەی پابەندی خستنمانە روو، دەگەینە چەند ئەنجامێك، کە دەکرێ بەم شێوەیە پوخت بکرێنەوە:

پێناسەی تێروتەسەلی پابەندی بریتییە لەوەی: (تحمل أداء واجب طوعاً أو كرهاً يترتب عليه انشغال الذمة بحق للغير حتى ينقضي) واتە (لەئەستۆگرتنی ئەنجامدانی ئەرکێکە بەخۆشی یان بە ناخۆشی (بەناچاری)، کە بەهۆیەوە ئەستۆ بە مافی کەسیترەوە سەرقاڵ دەبێ (دەگیرێ)، تا دەڕەوێتەوە).

**شیکردنەوەی پێناسەکە:**

**لەئەستۆگرتن (التحمل):** لەئەستۆگرتن و خۆناچارکردن (التكلف) و پابەندی لە گوتەی هەڵچوون (الانفعال)ن و هەموویشیان یەك مانایان هەیە، لەم لەئەستۆگرتنەدا بەدەر لە تاوان و پەرستنەکان مەرج تەنها بوونی شیانی تەولوی واجیبوونە، ئەویش دەستدانی کەسەکەیە بۆ ئەوەی مافی هەبێ و هەندێ پابەندیشی لەسەر بێ. لەو حوکمە وەزعیانەی بۆ گوتاری دانان (الوضع) دەگەڕێنەوە ئەو ئەهلیەتە بۆ پابەندی بەسە، بەڵام لەو حوکمە تەکلیفیانەی بۆ گوتاری داوالێکردن (تەکلیف) دەگەڕێنەوە، بوونی ئەهلیەتی بەرپرسیارێتیی جینائی و پابەندیی جینائی مەرجە، ئەویش ئەوەیە کەسە پابەندەکە باڵق و ژیر و هەڵبژێر و زانا بێ بەوەی داوای لێ دەکرێ و توانای بەسەریدا دەشکێ.

**ئەنجامدان (الاداء):** بریتییە لە هەستان بە کارێك وەك تەسلیمکردنی فرۆشراوێك، یان پارە، یان دانەوەی قەرز، توانادان بە بەکرێگر بۆ سوودبینین لە ماڵە بەکرێدراوەکە، دانی کرێ و گێڕانەوەی ئەمانەت لە مامەڵە داراییەکان بۆ خاوەنەکانیان و ئەو جۆرە شتانە. هەروەها وەك نوێژکردن و زەکاتدان لە عیبادەتەکاندا، نەفەقەکێشانی ژن و منداڵ لە ئەرکە خێزانیەکان و ئەو جۆرە کارە مەشروعانە. یان نەکردنی کارێك، وەك پابەندبوون بە زیان نەگەیاندن بە کەسیتر لە ژیان و ماڵ و ناموس و سومعەی و ئەو جۆرە کارە نامەشروعانە. ئەنجامدان لە ئەرکەکان و جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا کردنە، لە حەرام و قەدەغەکراوەکانیشدا نەکردن و خۆ لێلادانە.

**بەخۆشی (طوعا):** گرتنەئەستۆ بەخۆشییە ئەگەر هۆی پابەندییەکە لە هۆ هەڵبژاردەیی (اختیاری)ەکان بوو، جا ئەو رەفتارە چ قسە بێ وەك فرۆشتن و پێشکەشکردن، یان رەفتارێکی کرداری بێ وەك ئەو کارانەی مرۆڤ بە ویستی تاکانە و ئازاد و هەڵبژێری ئەنجامیان دەدا.

شایانی باشە باوەڕهێنان بە ئیسلام بە ئیرادەی ئازاد لەئەستۆگرتنێکی بەخۆشی یاخود خۆویستانەیە بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو ئەرکانەی شەرعی ئیسلامی لەسەر مرۆڤی موسڵمانیان فەرز دەکا. مەرجیش نیە لەئەستۆگرتنەکە بەئەسڵی بێ، بەڵکو لەوەدا نوێنەرایەتی وەك ئەسڵی وایە، بەوەی لەلایەن بریکار یان وەلی (بەخێوکەر) یان وەصی (چاودێر) یان قەیم (سەرپەرشت)ەوە بێ.

**بەناخۆشی (کرها):** گرتنەئەستۆ بەناخۆشی یاخود بەناچاری دەبێ ئەگەر هۆی پابەندیەکە بەدەر لە ئیرادەی کەسی پابەند روویدا، بەوەی هیچ ئیرادەیەکی تێدا نەبووبێ، وەك رەفتارە زیانبەخشەکانی کەسی نەشیاو (عدیم الاهلیە)، کە هۆیە بۆ پابەندبوون بە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوو، یان هۆکە رووداوێکی شەرعی (یان یاسایی) ماددی بێ، وەك رووداوی ئۆتۆمبێل، یان مەعنەوی وەك خزمایەتی کە هۆیەکی نائیرادیە بۆ میرات و واجبیی نەفەقەکێشانی خزمی هەژار لەلایەن خزمی دەوڵەمەندیەوە. مەبەست لە (کرە) زۆرلێکردنە باوەکە نیە کە خستنەسەری فشارێکی نارەوایە لەسەر کەسێك بۆ کردنی کارێك کە پێی رازی نیە.

کورتەی قسان ئەوەیە ئەگەر هۆکە رەفتارێکی ئیرادیی هۆشیارانە بێ، لەئەستۆگرتنەکە بەخۆشی دەبێ، ئەگەر رووداوێکی ماددی یان مەعنەویش بوو، لەئەستۆگرتن و پابەندیەکە بەناخۆشی دەبێ و شەرع یان یاسا لەسەری فەرز دەکەن.

**سەرقاڵبوون (الانشغال):** کە لە زاراوەی یاساناساندا پێی دەوترێ قەرزاری و بەرپرسیارێتی.

**قەرزاری (المديونية):** بریتییە لە سەرقاڵبوون یاخود گیرانی ئەستۆ بە مافێکی کەسیتر، تا دەیداتەوە.

**بەرپرسیارێتی (المسؤولية):** ئەوەیە مرۆڤ دلوای مافێکی کەسیتری لێ بکرێ کە پێویستە بە ئارەزووی خۆی بیداتەوە ئەگینا بەزۆر پێی دەدرێتەوە.

سەرجەم ئەو مافە مالّینە و شەخسیانەی پابەند (قەرزار) هەیەتی گەرەنتیی گشتین بۆ مافی قەرزدەران، ئەمە جگە لە گەرەنتیی تایبەت ئەگەر هەبوو، وەك رەهن بەر لە بەتالّکردنەوەی ئەستۆ لەم گیرانە. ئەگەر سکالاّ (دەعوا)ی قەرزدەر بەهۆی کۆنبوون (التقادم) یان نەبوونی بەلّگەی ساغکردنەوەی لەسەر کەسی دلوا لەسەرکراو (مدعی علیه)، کەوتن بەرپرسیارێتیی لەبەردەم دادگەدا نامێنێ، بەلاّم لەبەردەم خودا نا، هاوکات پابەندییەکە لە پابەندییەکی مەدەنییەوە بۆ پابەندییەکی سروشتی دەگۆڕێ.

هەندێ لە شەرحکارانی یاسا[1] قەرزاری و بەرپرسیارێتییان لە رەگەزەکانی پابەندی داناوە، ئەم هەلّە شایەیش لەسەر تێکەلّکردن لەنێوان رەگەزی شت و بەریەستە تایبەتەکانی پاش بوونی، دامەزراوە، چونکە قەرزاری و بەرپرسیارێتی لە بەریەستە وابەستەکانی پابەندی و پاش بوونیشی لە خاسیەتەکانی پابەندین نەك لە رەگەزەکانی وەك لەو دوو پێناسە ناوبراوەی بۆیان کراوە دەردەکەوێ، لەبەرئەوەی سەرقالّبوونی ئەستۆ بە مافی کەسیتر و دلواکردنی ئەو مافە، پاش پابەندی و بوونی رەگەزەکانی دەبێ.

**ئەستۆ (الذمة)**: شەرعزانانی شەریعەتی ئیسلامی پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کردوە، هەندێکیان ناتەواو و هەندێکیان ناڕوونن، لەوانە پێناسەکردنی بەوەی وەسفێکە بەهۆیەوە دلوالێکراو (موکەلەف) دەبێتە شیاو بۆ پابەندکردن و پابەندی. هەروەها لەوانە پێناسەکردنی بەوەی مانایەکی شەرعیی مەزەندەکراوە لە دلوالێکراودا

---

[1] لەوانە دکتۆر عبدالحی حیجازی لە کتێبی (النظرية العامة للالتزام وفقاً للقانون الكويتي) ٩٣/١ و پاشتر، کە دەلّێ: پابەندی ئەگەرچی بەرواڵەت وەك بیرۆکەیەکی یەکگرتوو دیارە، لەڕاستیدا لە دوو رەگەز پێکدێ، رەگەزێکی شەخسی و رەگەزێکی عەینی، رەگەزەکە شەخسیەکە ئەو واجبەیە کە وا لە قەرزار دەکا ئەو کارە ئەنجام بدا کە پێی پابەند بووە، لەبەرئەوەیە پێی دەوترێ رەگەزی قەرزاری. هەرچی رەگەزە عەینیەکەیە ئەوە دەگەیەنێ کە قەرزدەر بۆی هەیە هێرش بکاتە سەر ئەستۆی قەرزار لەکاتی جێبەجێنەکردنی پابەندییەکەیدا، بەمەبەستی ناچارکردنی بۆ جێبەجێکردنی، لەبەرئەوە پێی دەوترێ رەگەزی بەرپرسیارێتی.

کە قابیل بە پابەندی و پابەندکردنە[1]. نیسان پێناسە کراوە بەوە وەسفێکە بەهۆیەوە مرۆڤ ئەهل دەبێ بۆ ئەوەی هەیەتی و ئەوەی لەسەریەتی[2].

**هەرهەموو ئەم پێناسانە لە چەندین ڕوومەوە ناتەواون، لەوانە:**

١- هەرهەموویان ناڕوون (غامض)ن و مەرجی پێناسەیش ئەوەیە ڕوون و ڕەوان بێ.

٢- تێکەڵکردنی تێدایە لەنێوان ئەستۆی دارایی و شیانی تەواوی واجببوون (أهلية الوجوب الكاملة).

٣- هەندێکیان تێروتەسەل نین و ئەستۆی کەسانی ناموکەلەف ناگرێتەوە کە شیان ناتەولو (ناقص الاهلية) یان نەشیاون (عديم الاهلية).

یاساناسان پێناسەیان کردوە بەوەی دەفرێکە بۆ ماف و پابەندیەکان، یان کۆی ئەو مافانەیە مرۆڤ هەیەتی و ئەو پابەندیانەی لەسەریەتی[3]. هەردوو پێناسەکەیش عەیبدارن لەم ڕووانەوە:

١- بە زمانی یاسا پێچلێدان بەدەوری دلواکراو (المصادرة على المطلوب)و بە زمانی لۆژیک مەحاڵیی لۆژیکی (یان سووڕ)ی تێدایە، لەبەرئەوەی بوونی ئەستۆی دارایی لەسەر دوو ڕەگەز دەوەستێ: ماف و پابەندیەکان، ئەوانیش لەسەر ئەستۆی دارایی دەوەستن، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەستۆی دارایی نەبێ ماف و پابەندیی داراییش نابن، وەستانی شتیش لەسەر ئەوەی لەسەری دەوەستێ دەخوازێ شت لەسەر

---

[1] (الفروق)ی قەڕاف (شهاب الدين ابي العباس أحمد بن ادريس الصنهاجي) المالكي: ٣/١٨٣، ٢٣١.

[2] (التوضيح والتنقيح)ی صدر الشريعة (عبيد الله بن مسعود) مع التلويح ٣/١٥٢.

[3] (المدخل للقانون الخاص)ی مامۆستامان دکتۆر عبد المنعم البدراوي ل٤٦٢، کە تێیدا هاتووە: (مەبەست لە زاراوەی ئەستۆی دارایی کۆی ئەو مافە داراییانەی کەسێك هەیەتی و کۆی ئەو پابەندییە داراییانەیە لەسەریەتی، ئەستۆ لە دوو ڕەگەز پێکدێ، ئەرێنی (مافەکانی کەسەکە)، لەگەڵ نەرێنی (پابەندیەکان).

خۆی بوەستێ، ئەوەیش دەخوازێ شتەکە پێش خۆی بکەوێ، لازمەکە بەتاڵە، هەروەها مەلزومیش.

٢- پێناسەکە تەنها لەسەر ئەستۆی دارایی دەوەستێ، لەکاتێکدا ماف و پابەندیەکانی مرۆڤ، وەك چۆن دارایی دەبن، زۆر جار نادارابییش دەبن.

٣- پێناسەکردنی بە دەفر ناڕوونە، لەبەرئەوەی دەفر (الوعاء) گریمانەیەکی یاساییە، لەکاتێکدا پێناسە مەرجە لە پێناسەکرلو (المعرف) روون و رەوانتر بێ.

٤- لە دوو پێناسەکە ئەوە تێدەگەین ئەوەی لەدایك دەبێ و لەکاتی لەدایکبوون یان پاش ئەوەدا مافێکی دارایی نیە و بەهیچ پابەندییەك پابەند نیە، بێ ئەستۆیە، ئەمەیش پێچەوانەی کۆدەنگیی شەرعزانان و یاساناسانە، کە مرۆڤ بەلەدایکبوونی ئەستۆی داراییشی لەگەڵی لەدایك دەبێ و تا مردن لەگەڵی بەردەوام دەبێ.

٥- گوتنی ئەوەی مەبەست دەستدانی کەسەکەیە بۆ ئەوەی مافی هەبێ و پابەندی لەسەر بێ لە ئایندەدا، تێکەلکردن لەنێوان ئەستۆی دارایی و شیانی تەواوی واجببوون دەخوازێ، لازمەکە بەتاڵە، هەروەها مەلزومیش.

لەڕاستیدا -وەك باسمان کرد- قورئان لە ئایەتی ﴿وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَآئِرَهُ فِي عُنُقِهِ﴾ باسی ئەوەی کردوە کە ئەستۆی مرۆڤ گەردنیەتی[1]. ئەم بەشەی مرۆڤیش شتێکی بەرهەست و کۆنکریتییە و دەزگای بیرکردنەوەی مرۆڤ (مێشك) بە دەزگای

---

[1] لە: كشف الأسرار شرح أصول البزدوي الحنفي (الإمام علي بن محمد البخاري) ٢/١٣٥٩: کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَآئِرَهُ فِي عُنُقِهِ﴾ واتە بەستمانەوە بەو کارەی لێیەوە فڕیوە. دەستەواژەی (فی عنقه) بۆ لزومە، بەو کەسەی بەشتێکەوە وابەستە بێ دەڵێن گەردانەی کۆتر دەکاتە ملی، بەویتر دەڵێ: ئەم شتەم خستە گەردنت. ئەگەر پابەندی کرد پێی. یان بریتییە لە کەسەکە وەك: الرقبة. ئەستۆ (الذمة)یش لە زماندا بەڵێنە، لەبەرئەوەی هەڵوەشاندنەوەی، سەرزەنشتکردن پێویست دەکا، فەرموی ﴿ لاَ يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلاًّ وَلاَ ذِمَّةً﴾. مەبەست لە ئەستۆ لە شەرعدا نەفس و گەردنێکە کە ئەستۆ و بەڵێنێکی رابردوویان هەیە. مەبەست لە واجببوون لە ئەستۆیشدا کاتێ دەوترێ (وجب في ذمته) بەڵێنی رابردووە کە نەفس و گەردنە (الرقبة).

کارکردنیەوە (دەست و قاچ) دەبەستێتەوە، حیکمەتی هەڵبژاردنی ئەم بەشە لە مرۆڤیش بۆ بوونە ئەستۆ و پێوە گرێدانی پابەندییە دارایی و نادارابیەکان، ئەوەیە ئەڵقەی پەیوەندییە لەنێوان دەزگای بیرکردنەوە (مێشك) و کارکردن (دەست و قاچەکان)دا.

ماف: تائێستا —بەگوێرەی زانیاریی من— را لەسەر پێناسەیەکی ورد و تێروپڕ بۆ هەموو بەشەکانی مافە دارایی و نادارابیەکان نەگیرساوەتەوە، هەروەك پێناسەکە لای شەرعزانانی شەریعەتی ئیسلامیش لە سنووری مانا زمانەوانیەکە تێنەپەڕیوە. لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم پێناسەی ماف بکرێ بەوەی: (پێگەیەکی[1] شەرعییە[2] کە لەباریدایە[3] ئەو کەسەی شایستەیەتی، یان کەسیتر سوودی لێ وەربگرێ[4]).

ئەم پێناسەیە هەموو بەشەکانی مافە دارایی و نادارابیەکان و جۆرە گشتی و تایبەتەکانی دەگرێتەوە.

**پێناسەی پابەندی لە یاسادا:**

لە پێناسەکانی پابەندی ئەوەیە لە مادەی (٦٩)ی یاسای مەدەنیی عێراقیی بەرکاردا هاتووە کە دەڵێ:

١- مافی کەسی وابەستەییەکی یاساییە لەنێوان دوو کەسدا "قەرزدەر و قەرزار"، بەو پێیە قەرزدەر داوا لە قەرزار دەکا مافێکی ماڵینە (عینی) بگوێزێتەوە، یان کارێك ئەنجام بدا، یان کارێك ئەنجام نەدا.

---

[1] جا ئەم پێگەیە ماددی بێ یان مەعنەوی.

[2] واتە شەرع یان یاسا دانی پێدا بنێت و پەسەندی بکات و بیپارێزێ.

[3] واتە مەرج نیە سوودبینینەکە بەکردەوە هەبێ، گرنگ ئەوەیە بکرێ سوودەکە وەربگیرێ، با بەکردەوەیش نەبێ.

[4] بە قەید بێ (یان بە هیتر) مافەکانی خوایش دەچێتە چوارچێوەی پێناسەکە، لەبەرئەوەی سوودبین تێیدا تەنها مرۆڤە.

٢- پابەندبوون بە گواستنەوەی خاوەندارێتی بە مافێکی کەسی دادەنرێ، ئیتر محەلەکەی هەرچی بێ بە کاش بێ یان لە هاوچەشنەکان یان بەهاییەکان، هەروەها پابەندبوون بە رادەستکردنی شتێکی دیاریکراو بە مافێکی کەسی دادەنرێ.

٣- دەربڕین بە لەفزی (پابەندی) و لەفزی (قەرز) هەمان مانا دەگەیەنێ کە دەربڕین بە لەفزی "مافی کەسی" دەیگەیەنێ.

ئەم مادەیە ئەم تێبینیانەی لەسەرە:

١- مافی کەسی و پابەندی و قەرزی بە چەند وشەیەکی هاومانا داناوە کە یەك واتەیان هەیە، کە بریتییە لە وابەستەیەکی یاسایی (رابطة قانونیة) لەنێوان قەرزدەر و قەرزاردا، بەو پێیە یەکەم دلوا لە دووەم دەکا مافێکی عەینی بگوێزێتەوە، یان کارێك ئەنجام بدا، یان کارێك ئەنجام نەدا. ئەمەیش مانای ئەوەیە ئەم وابەستییە یاساییە وەك دراوێکی دوو رووە، بۆ قەرزدەرەکە مافێکی شەخسی و بۆ قەرزارەکە پابەندییە، ئەم گریمانە یاساییەیش بە پێوەری لۆژیکی هەڵەیە، لەم روانەوە:

أ- پابەندی لە گوتەزای هەڵچوونە (کارتێکران یان دەستەمۆکردن)، لەکاتێکدا رابیتەی یاسایی لە گوتەی خستنەسەرە و لە دوو دانەپاڵ (نسبة)[1] پێکدێ: یەکەمیان بۆ قەرزدەر و دووەم بۆ قەرزار، ئەم دوو گوتەیەیش لەرووی ناوەرۆکەوە لێك جیاوازن و لە ترازووی مەنتیق و فەلسەفەدا یەکێکیان بەویتریان پێناسە ناکرێ.

ب- پابەندی سیفەتێکی تاکەکەسییە و بە کەسی قەرزارەوە بەستراوە و تایبەتە بەو، لەکاتێکدا وابەستەیی سیفەتێکی هاوبەشە لەنێوان قەرزدەر و قەرزاردا و لە زمان و مەنتیقدا راست نیە یەکێکیان بەویتریان تەفسیر بکرێ، لەبەرئەوەی پێویستە ناسێنەر و ناسێنرلو بە خود یەکگرتوو بن تا بکرێ یەکێکیان لەویتریان بار بکرێ، هەروەها بە ئیعتیبار جیاواز بن تا نەبێتە سەپاندنی بارکردنی شت لەسەر خۆی.

---

[1] واتە بەو دانەپاڵەی کە بەبێ بەبەرلود لەگەڵ دانەپاڵێکیتری مەعقول بەبەرلورد لەتەك یەکەم، عەقڵ نایبڕێ، وەك باوکایەتی و فەرزەندێتی (الأبوة والبنوة). بڕوانە: المقولات بين الفلاسفة والمتكلمين، د. محمد رمضان: ل٧٦.

ج- دانانی قەرز (مافی کەسی) و پابەندی بە هاومانا لەگەڵ باسکردن لەوەی مافە کەسیەکان ئەگەر بۆ پابەندیەکان زیاد کران ئەستۆ قەرزدەر دەبێ، ئەگەر بەپێچەوانەیش بوو قەرزار دەبێ، تێك دەگیرێ، جا لەڕووی لۆژیکیەوە چۆن تەسەوری ئەو گۆڕانە لە ئەستۆدا دەکرێ ئەگەر قەرز و پابەندی دوو لەفزی هاومانا بن و یەك ناوەرۆکیان هەبێ؟

٢- لەو تێبینیەیتر کە لەسەر مادەی ناوبراو هەن ئەوەیە گواستنەوەی خاوەندارێتی (واتە موڵکایەتی) هەر تەنها بە دامەزرانی گرێبەندەکە جێبەجێ دەبێ جا چ گرێبەندەکە ڕەزامەندانە بێ یان شکڵی، چونکە بەر لە دامەزرانی هیچ پابەندبوونێك بە گواستنەوەی خاوەندارێتی نیە و پاش دامەزرانیشی پێویست ناکا. ئەمەیش تێکەڵکردنێکە لەنێوان ئاراستەی یاسای میسری لەو ڕەفتارانەی پەیوەستن بە خانوبەرەوە، کە پابەندی پەیدا دەکەن بەڵام بەر لە تۆمارکردنی لە مانگی خانوبەرە (الشهر العقاري) ی خانوبەرە خاوەندارێتی ناگوێزنەوە، لەگەڵ ئاراستەی یاسای مەدەنیی عێراقی کە گرێبەندی شکڵی بەر لە ڕێکاری شکڵی بە بەتاڵ دادەنێ و هیچ پابەندیەکی لێ ناکەوێتەوە.

٣- باسکردنی پارە لەگەڵ هاوچەشنەکان (المثليات) زیادەیە لەبەرئەوەی لە هاوچەشنەکانە.

لە ڕوانگەی ئەم ئەنجامگیریە لۆژیکیانەوە هەر سێ بڕگەکەی مادەی (٦٩) عەیبدارن.

پرۆژەی مەدەنیی عێراقی ساڵی ١٩٥٨ (م/١١٠) پێناسەی کردوە بەوەی: (ئەرکێکی یاسایە بۆ ئەنجامدانێکی دیاریکراو کە دەکەوێتە سەر کەسێکی دیاریکراو لە بەرژەوەندیی کەسێکیتر). ئەمەیش تێکەڵکردنە لەنێوان پابەندی و شوێنی پابەندی (محل الالتزام)دا، چونکە شوێنەکەی ئەنجامدانی ئەرکێکە، ئەرکەکە سیفەتی ئەنجامدانەکەیە نەك پابەندی.

پرۆژەی دەسپێکی یاسای مەدەنیی میسری (م/١٢١) پێناسەی کردوە بەوەی: (حاڵەتێکی یاساییە بەو پێیە پێویستە کەسەکە مافێکی ماڵینە بگوێزێتەوە، یان کارێك ئەنجام بدا، یان کارێك ئەنجام نەدا). دواتر بۆ خۆلادان لە پێناسەکان بەگوێرەی توانا، لە پرۆژە کۆتاییەکەدا لابرا[١].

یاسای مەدەنیی میسریی هەڵوەشاوە (م ٩٠/١٤٤) پێناسەی کردوە بەوەی بەڵێندانە (التعهد)، پێناسەی بەڵێندانیشی کردوە بەوەی: (وابەستەییەکی یاساییە ئامانج لێی بەدەستهێنانی سوودێکە بۆ کەسێك، ئەویش بە پابەندبوونی بەڵێندەر بە کردنی کارێکی دیاریکردن یان نەکردنی). تێبینی دەکرێ بەڵێندان وێڕای نزیکی لە گرتنەئەستۆ (التحمل)، بەڵام تەنها پابەندییەك دەگرێتەوە کە هۆکەی خۆویستانە، واتە ئیرادی بێ.

**لە پێناسە فیقهیەکانی:** پێناسەکردنی لەلایەن رەحمەتی عەللامە سەنهوری کە دەڵێ[٢]: (ئەو پێناسەیەی ئێمە هەڵیدەبژێرین ئەوەیە پابەندی حاڵەتێکی یاساییە، بەو پێیە کەسێکی دیاریکراو دەبەسترێتەوە بە گواستنەوەی مافێکی ماڵینە، یان کردنی کارێك یان نەکردنی کارێك).

لەگەڵ رێز و نرخاندنی گەورەمان بۆ پێگەی مامۆستا سەنهوری، ئەم پێناسەیە ئەم سەرنجانەی لەسەرە:

١- پێناسەیەکی ناروونە، لەبەرئەوەی حاڵەتی یاسایی خۆی لە خۆیدا روون و دیاریکرلو نیە، پێناسەیش پێویستە روون و رەوان و بێ تەمومژ بێ.

٢- پێناسەکە هەموو رەگەزەکانی پابەندی تێدا نیە، رەگەزەکانی هەر شتێکیش لە پێناسەکەیەوە وەردەگیرێن.

٣- حاڵەتی یاسایی و وابەستەیی یاسایی لە ناوەرۆکدا جیاواز نین، بەڵکو لە دەربڕیندا جیاوازن.

---

[١] یاداشتە روونکاریەکەی یاسای مەدەنیی میسری ٢/٩.
[٢] الوسیط ١/١٢٥.

وەڵامی ئەم پێناسەیەیش بەوە دەدرێتەوە کە لەسەر پێناسەکردنی پابەندی بە وابەستەیی یاسایی لە یاسای مەدەنیی عێراقی (م/٦٩) هێنامان.

لەوانەیش پێناسەی دکتۆر عەبدولمونعیم فەرەج ئەلصدە بەوەی: (وابەستەییەکی یاساییە، لەسەر کەسێکی دیاریکراو پێویست دەکا کە مافێکی ماڵینە بگوێزێتەوە، یان کارێك ئەنجام بدا، یان کارێك ئەنجام نەدا)[١].

ئەمیش بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە لەسەر پێناسەکەی مامۆستا سەنهوری هێنامان.

هەروەها لەوانە پێناسەکردنی[٢] بەوەی: (ئەو ئەرکەیە دەکەوێتە سەر شانی قەرزار بۆ دانی شتێك، یان یان ئەنجامدانی کارێك ئەنجام بدا، یان ئەنجامنەدانی کارێك).

ئەمیش بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە لەسەر پێناسەی پرۆژەدا هێنامان، بەوەی تێکەڵکردنە لەنێوان پابەندی و شوێنی پابەندیدا، چونکە ئەرك (واجب)ەکە بریتییە لە ئەنجامدانەکە، کە بریتییە لە شوێنی پابەندی نەك پابەندی خۆی.

**پوختەی قسە:**

ئەوەی لە یاسا دانرلو (وضعي)ەکان و شەرحەکانیان و رای یاساناسان و شەرحکارانی یاسا ورد بێتەوە، پێناسەیەکی روون و تێروتەسەل بە ترازووی زانستی مەنتیق و فەلسەفەی یاسا و خواستی زمان، بۆ پابەندی نادۆزێتەوە.

لە دوو خواستی داهاتوودا قسە لەسەر رەسەنایەتیی پابەندی لە شەریعەتی ئیسلامی و سروشتی لە یاسا و فیقهی ئیسلامیدا دەکەین.

---

[١] مصادر الالتزام: ص٢٠.

[٢] د. عبد الناصر العطار، الأجل في الالتزام: ص٢٠.

# خواستی یەکەم:
# ڕەسەنایەتیی پابەندی لە شەریعەتی ئیسلامیدا

قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا باسی کردوە، لەوانە:

أ- ئایەتی ﴿وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَآئِرَهُ فِي عُنُقِهِ﴾[1].. پابەندکردن لەلایەن شەرعدانەرەوە، پێویست دەکا بەندە قسەبۆکراوەکەی پابەند بێ بەو تەکلیفەی خراوەتە سەری، بەوەی ئەو فەرمانی کردن و نەکردنانەی داوای لێکراوە جێبەجێیان بکا. ئەوە روونە لە پێوەرە مەنتیقیەکاندا شتێك نیە بەناوی پابەندکردن (الزام) بەبێ پابەندی (التزام)، یان پابەندی بەبێ پابەندکردن، ئەو دوانە لەناوەوە و دەرەوەی زەیندا وابەستەی یەکن.

ب- قورئانی پیرۆز فەرمانی کردوە بە وەفاداری بۆ گرێبەند و دەفەرموێ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَوْفُواْ بِالْعُقُودِ﴾[2]، واتە وەفاتان بۆ ئەو پابەندیانە هەبێ کە لە گرێبەندەکانتان دەکەونەوە، هەموو وەفبوونێکیش پابەندیەکی پێشوەخت لە رووی زمانەوانی و لۆژیکیەوە دەخوازێ.

ج- خوا دەفەرموێ ﴿وَأَوْفُواْ بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً﴾[3]. بەڵێنیش بەڵێندان (تعهد) لەخۆ دەگرێ، هەروەك کە هەڵگرتنی ئەمانەت لەئەستۆگرتن دەخوازێ، لەبەرئەوەی هەریەك لە سیغەی بەڵێندان و لەئەستۆگرتن و پابەندبوون و خۆناچارکردن (التكلف) کۆمەڵێ وشەی هاومانان و لە سیغەکانی دەستەمۆکردن (المطاوعة)ن، بەڵێندانیش وێنەیەکە لە وێنەکانی پابەندی.

---

[1] سورة الإسراء / ١٣.

[2] سورة المائدة /١.

[3] سورة الإسراء /٣٤.

د- لە ئایەتی ئەمانەتدا خوای گەورە دەفەرموێ ﴿وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ﴾، هەلگرتنیش لەئەستۆگرتن لەخۆ دەگرێ و هاومانای پابەندییە.

هـ- زانایانی فیقه لە بابی ئەحكامی تەكلیفیدا بەدرێژی باسیان كردوە و حوكمی تەكلیفییان پێناسە كردوە بەوەی مەدلولی گوتاری خوایە پەیوەست بە كردەوەی داوالێكراوەكان وەك پێویستبوون یان سەرپشككردن، پێویستبوون داوای كردنە بەشێوەی حەتم و پابەندكردن وەك لە واجبدا، یان لە شێوەی لەپێشبوون (الاولوية)ەوە وەك لە پێخۆش (واتە مەندوب)دا. ئەوە روونە تەكلیفی شەعدانەر پابەندكردنە، خۆناچاركردنی بەندە پابەندبوونە، تێدا-موكەلەف بابەتی پابەندی و پێ-موكەلەف شوێنی پابەندییە. مەبەست لە هەریەك لە لەئەستۆگرتن و خۆناچاركردن و بەلێندان مانای پابەندییە، ئەوە روونە سەنگی مەحەك لە زاراوەكاندا مانا و مەبەستەكانیانە نەك لەفز و بنیاتەكانیان.

**فراوانیی چوارچێوەی پابەندی:**

چوارچێوەی پابەندی لە یاسادا بەبەراورد بە چوارچێوەكەی لە شەریعەتی ئیسلامی لەرووی كایەی پیادەكردنەكان (التطبيقات)ەوە، وەك رێژەی ئەندازەی ئاوی بەلوعەیەكە بۆ ئاوی روبارێك، بەلگەیش ئەوەیە باسمان كرد، ئەمەی خوارەوەیشی دەخەینە سەر:

أ- قورئانی پیرۆز باسی بابەتی پابەندی كردوە كە ئەمانەتە و فەرمویەتی ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ﴾. ئەمانەتیش بریتییە لە هەر شتێك پێویست بێ مرۆڤ بەرانبەر پەروەردگاری و خۆی و خێزان و كۆمەلگە و ئوممەتەكەی و سەرجەم مرۆڤایەتی پێی هەستێ. بەرینیی هەر زاراوەیەكیش بە بەرینیی بابەتەكەی دەپێورێ، لەكاتێكدا بابەتی پابەندی لە یاسادا لە بابەتە داراییەكاندا دەبێ و بریتییە لە مافێكی دارایی شەخسی لە ئەستۆی كەسی قەرزاردا و تەنها بابەتە داراییەكان دەگرێتەوە.

ب- سەرجەم حوكمەكانی قورئانی پیرۆز ماف و پابەندیی دووسەرەن، هەرهەموو ژیانی مرۆڤیش ماف و پابەندییە، هەر مرۆڤێك لەسەر گۆی زەوی لە كۆمەلگەیەكدا

بژی، لە بوارێك لە بوارەکانی لێکخشانی لەگەڵ کەسانیتردا مافی هەیە و پابەندی لەسەرە.

لە روانگەی ئەو خاڵانەی باس کران و پەیوەندییان بە رەسەنایەتیی پابەندی لە شەریعەتی ئیسلامی و فیقهی ئیسلامی و بەرینیی چوارچێوەکەیەوە هەیە، بۆمان روون دەبێتەوە کە عەللامە رەحمەتی مامۆستا سەنهوری لەو بۆچوونەیدا کە لە کتێبی (مصادر الحق)[1]دا لەژێر ناونیشانی (الحق الشخصی والالتزام)دا دەریبڕیوە، سەرکەوتوو نەبووە کاتێ دەڵێ: "دەربڕینەکە لە فیقهی خۆرئاوایی خوازراوە. مافی کەسی یان پابەندی دەربڕینێکە لە فیقهی غەربیمان خواستوە و فیقهی ئیسلامی واباوە ئەم دەربڕینەی تێدا بەکار نایەت"، پاشان دەڵێ "ئەگەر بمانەوێ دەربڕینێکی فیقهی بێنین کە بەرانبەر لەفزی پابەندی بێ بەو مانایەی لە فیقهی غەربیدا باوە، پێویستە دوو دەربڕین بەکار بێنین، ئەوانیش: (پابەندی و دەستەبەری)، پاش ئەوەیش هێشتا هەموو ئەو پابەندیانە تەولو ناکەین کە لە سەرچاوە جیاوازەکانیان پەیدا دەبن، بۆیە با تەنها بە لەفزی پابەندی بەس بکەین کە لە فیقهی غەربیدا باوە".

دەشێ ئەم مامۆستا گەورەیە لەژێر کاریگەریی بۆچوونی هەندێ شەرعزانی شەریعەتدا بووبێ لە تەفسیرکردنی پابەندی بە مانا بەرتەسکەکەی کە تەنها بەخشین (تەبەروعات)، یان پابەندیەکی دارایی بەهۆی گرێبەند یان ئیرادەی تاکانەوە، دەگرێتەوە، وەك پێشتر لە قسەکانی (حەتتاب)دا هاتبوو.

دیارە عەللامە مامۆستا سەنهوری مەعزورە لەبەرئەوەی پسپۆڕیەکەی یاسا بوو، بەڵام حەتتاب هیچ عوزرێکی نیە و بە یەکێك لە موجتەهیدەکان لە چوارچێوەی مەزەبی ئیمام مالیك دێتە ژماردن، لەگەڵ ئەوەیشدا نوێنەرایەتیی شەریعەتی ئیسلامی ناکا لە تەفسیرکردنی پابەندی بەم مانا بەرتەسکە. خۆ ئەگەر بگەڕایەتەوە سەر سەرچاوە ئەسڵیەکە (قورئانی پیرۆز) لە بابەتی پابەندیدا، پێناسەیەکی تێروتەسەلی

---

[1] ١/١٤.

وای دەهێنایەوە کە لە بەرینی و رەسەنیدا پێش فیقهی غەربی بداتەوە و بەو پێناسە کورتبڕ و ناتێر و نادادپەروەرانەیەی حوکمی لەسەر نەدەدا.

هەروەها عەللامە سەنهوری (رەحمەتی خوای لێبێ) ئەگەر ئەو بابەتەی بگێڕایەتەوە بۆ ئایەتی (١٣)ی سورەتی (الإسراء): ﴿وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ﴾ و ئایەتی (٧٢) لە سورەتی (الاحزاب) ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ و ئایەتە پەیوەندارەکانیتر، رادەی رەسەنایەتی و فرلوانیی پابەندی لە شەریعەتی ئیسلامیدا بۆ دەردەکەوت، هەروەها بەڕوونی بۆی دەردەکەوت کە هەموو حوکمەکانی قورئان ماف و پابەندیی دووسەرەن لە هەموو بوارەکانی ژیان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا و پێویستی بە خواستنی زاراوەی (پابەندی) لە فیقهی غەربی نەبوو تا لە فیقهی ئیسلامیدا بەکاری بێنێ، هەروەها نەیدەگوت: (پابەندی + دەستەبەری لە فیقهی ئیسلامی = پابەندی لە فیقهی غەربیدا)، لەگەڵ ئەوەیشدا شەرعزانان لۆمە دەکرێن کە بە چاویلکەیەکی کورتبین تەماشای ئەم بابەتەیان کردوە.

# خواستی دووەم:
# سروشتی پابەندی لە یاسا و فیقهی ئیسلامیدا

**سروشتی پابەندی لە یاسادا:**

لە سروشتی پابەندیدا دوو ڕێباز لە ململانێدان (کەسی و ماددی):

١- **ڕێبازی کەسی (شەخسی):** ئەوەیە ئەو پەیوەندییە لەبەرچاو دەگرێ کە لەنێوان هەردوو لایەنەکەی پابەندیدا هەیە بەبێ ئەوەی هیچ ڕۆڵێك بە بابەتەکەی بدا. ریشەی ئەم ڕێبازە بۆ یاسای ڕۆمانی درێژ دەبێتەوە کە لە ڕووە شەخسیەکەوە تەماشای پابەندی دەکرد لەسەر ئەو بنچینەیەی کە رابیتەیەکی یاساییە لەنێوان قەرزدەر و قەرزاردا، لە سەرەتادا وێنەیەك بوو لە دەسەڵاتی قەرزدەر بەسەر قەرزارەوە تا ڕادەی کوشتن یان بەکۆیلەکردن و مامەڵەپێوەکردنی وەك مامەڵەکردنی بە ماڵ و سامانەکەیەوە، پاشان پەرەی سەند بۆ بەندکردنی، پاشان بۆ بەزۆر دەستخستنە ماڵەکەی ئەگەر بەویستی خۆی نەیدایەوە[١].

ئەم ڕێبازە لە فیقهی فەرەنسیدا زاڵ بوو و لەسەر بنچینەی ئەوە پێناسەی پابەندی کرا بەوەی وابەستەیی (رابیتە)یەکی یاساییە لەنێوان دوو کەسدا لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، هەروەها بەوەی سەروەریی قەرزدەرە بەسەر قەرزارەوە یان ملکەچبوونی قەرزاە بۆ قەرزدەر، فەقیهی ئەڵمانی سافینی رابەرایەتیی ئەم ئاراستەیە دەکا[٢].

٢- **ڕێبازی ماددی:** ئەم ڕێبازە پاش ئەوە پەیدا بوو کە ڕێبازی شەخسی دووچاری ڕەخنە هات، ئەم ڕێبازە لە پابەندیدا تەنها لە رابیتەی شەخسیدا ناوەستێ،

---

[١] الوجيز في القانون الروماني – أحكام الالتزام، للأستاذ الدكتور صوفي أبو طالب: ص١٥.

[٢] الدكتور عبد المنعم فرج الصدة، مصادر الالتزام: ص١٥-١٦.

بەڵکو داوای زاڵکردنی بابەتەکەی[1] کرد بەسەر هەردوو لایەنەکەیدا، بەشێوەیەك وای لێهات لایەنی دارایی بەبەهاتر و گرنگتر بوو لەوەی پەیوەندیەکی شەخسی بێ، ئەمەیش بابەتی پابەندیەکەی کردە بەهایەکی دارایی کە دەکرێ لە قەرزدەر و قەرزار جیا ببێتەوە و ئەو رەفتارانە بگرێتەوە کە بەزۆری پەیوەندییان بە مافی ماڵینە (الحق العینی)ەوە هەیە.

**بەرهەمی لێك جیاکردنەوەی دوو رێبازەکە:**

ئەم لێك جیاکردنەوەیە چەند ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە، گرنگترینیان:

١- لەبەرچاوگرتنی بابەتی پابەندیەکە -یان ئەوەی پێی دەوترێ شوێن (المحل)- بەر لە کەسەکانی، وا دەکا بکرێ لایەنەکانی پابەندیەکە بێنە گۆڕین، وەك گۆڕینی قەرزدەر لەرێی رەوانە (حەواڵە)کردنەوە.

٢- بەگوێرەی رێبازی ماددی دەتوانرێ پابەندی پەیدا بکرێ بەبێ ئەوەی لەکاتی پەیدابوونیدا قەرزدەر هەبێ، ئەوەندە بەسە لەکاتی جێبەجێکردنیدا هەبێ، لەکاتێکدا بەگوێرەی رێبازی کەسی مومکین نیە، کە لەم رێبازەدا پێویستە رابیتەیەك لەنێوان قەرزدەر و قەرزاردا هەبێ کە لەکاتی پەیدابوونی پابەندیدا وجودیان هەیە، ئەم دووەم ئەنجامەیش ئەمانەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:

أ- دەکرێ تەسەور (وێنا)ی بوونی پابەندیی قەرزار بە ئیرادەی تاکانەی بکرێ بەر لە دیاریکردنی کەسی قەرزدەر، وەك لە جەعالەدا.

ب- دروستە لەکاتی مەرجداناندا (کاتی پەیدابوونی پابەندی) بەرژەوەندیی ئەویتر (الغیر) بەمەرج بگیرێ لە حاڵەتێکدا ئەگەر سوودمەند کەسێکی نادیاریکراو یان نەبوو بێ، وەك لە بیمەکردنی ژیان بۆ بەرژەوەندیی ئەو منداڵەی لەدایك دەبێ[2].

---

[1] یستخدم فقهاء القانون ممن بحثوا هذا الموضوع تعبیر المحل بدلاً من الموضوع وهو خطأ لأن محل الالتزام هو الأداء.

[2] سەرچاوەی پێشوو لا١٧١٨.

**هەڵوێستی فیقهی ئیسلامی لە سروشتی پابەندی:**

فیقهی ئیسلامی نەریتی وایە چاوی لە دەستگرتن بە باری ماقوڵ و ناوەندەوە هەیە، وەك خوا دەفەرموێ: وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً﴾[1]. سروشتی پابەندی لەم فیقهەدا سیفەتێکی میانڕەو و مامناوەندی هەیە لەنێوان هەردوو ڕێبازی شەخسی و ماددیدا، لەڕووی پەیدابوون و داواکردنەوە هەڵگری لایەنی شەخسی و لەڕووی جێبەجێکردنەوە هەڵگری لایەنی ماددییە. قورئانی پیرۆز لەم ئایەتەدا ئاماژەی بە لایەنی یەکەم کردوە کە دەفەرموێ ﴿وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَآئِرَهُ فِي عُنُقِهِ﴾ لە ئایەتی ﴿ وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ﴾[2] دا ئاماژەی بۆ لایەنی دووەم کردوە. ئەم سروشتەیش هەندێ ئاسەواری لێ دەکەونەوە، لەوانە:

١- دروستە لەکاتی پەیدابوونی پابەندیدا بۆ-پابەند نەبوو (معدوم) یان نەناس (مجهول) بێ، ئەویش لەبەر نەزعە ماددیەکەی.

٢- دروست نیە قەرزارێك کە ناتوانێ قەرزەکەی بداتەوە بەند بکرێ، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی قەرزدەرەکە بەسەر ماڵی قەرزارەکەوەیە کە دەستەبەری قەرزەکەیەتی، نەك بەسەر خودی کەسەکەوە.

٣- دروستە قەرزار لەسەر ستەمکردنی بەند بکرێ، کاتێ پارەی هەیە و هیچ پاساوێك نیە بۆ نەدانەوەی، کەچی قەرزکوێرە و ئامادە نیە قەرزەکەی سەری بداتەوە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی (مطل الغني ظلم)[3]. (واتە خۆقورسکردنی کەسی دارا لە دانەوەی قەرز ستەمە) لە گێڕانەوەیەکیتردا هاتووە: (لَيُّ الواجد ظلم يُحلّ عرضه وعقوبته)[4]، (واتە: قەرزکوێریی کەسی دارا ستەمە و باسکردنی عیرز و سزادانی حەڵاڵ دەکا)، واتە بەندکردنی.

---

[1] سورة البقرة / ١٤٣.

[2] سورة البقرة / ٢٨٠.

[3] أخرجه الإمام أحمد في مسنده عن ابن عمر ٧١/٢.

[4] العِرض، بە کەسری عەینەکە، ئەوەیە مرۆڤی پێ مەدح یان زەم دەکرێ و دروستە لەناو خەڵکدا ←

# باسی دووەم:
# ڕەگەزەکانی پابەندی

ڕەگـەزەکانی هـەر شـتێك ئەوەیـە ئـەو شـتە لـە بـەدیهاتن و بوونیـدا لەسـەریان دەوەستێ. لە بوونیان لە زەیندا پێش شتەکە کەوتوون وەك لـە ڕەگـەزەکانی زاراوە زانستیەکاندا. یان لە زەین و دەرەوەدا پێشی کەوتوون وەك لە ڕەگەزەکانی ئـامێرە میکانیکیەکانـدا، لەبەرئـەوەی لـەڕووی لۆژیکیـەوە لەسەروەسـتاو عیللەیـە بـۆ وەستاوەکە، عیللەیش پێش مەعلولەکەیەتی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی پابەندی و ڕوونکردنەوەی ماهیەتەکەی، دەبینین لەسەر ئەم ڕەگەزانە وەستاوە:

١- ئەو پابەندکردن (الالزام)ەی لە سەرچاوەی پابەندکارەکە دەکەوێتەوە.

٢- پابەند (الملتزِم).

٣- بۆ-پابەند (الملتزَم له).

٤- تێدا-پابەند (الملتزَم فيه).

٥- پێ-پابەند (الملتزَم به).

٦- هۆی پابەندی (سبب الالتزام).

لێکۆڵینەوەیشیان بەسەر شەش خواستدا دابەش دەبێ:

---

باس بکرێ کە قەرزکوێرە و جێمتمانە نیە لە مامەڵە لەگەڵ کردندا.

# خواستی یەکەم:
# پابەندکردن

ئەمە لە سەرچاوە پابەندکارەکە دەکەوێتەوە، کە لە پابەندییە شەرعیەکاندا بریتییە لە شەرع و لە پابەندییە یاساییەکانیشدا بریتییە لە یاسا.

## تێکەڵکردنی هۆ و سەرچاوەکانی پابەندی:

لە قانونیزەکردنە نوێکاندا کە لەژێر کاریگەریی یاسادانانە لاتینیەکاندان سەرچاوەکانی پابەندی پێنجن: گرێبەند (العقد) + ئیرادەی تاکانە، کاری ناڕەوا، زەنگینبوون بەبێ هۆ (یان بەدەستهێنان بەبێ هۆ)، لەگەڵ یاسا.

ناونانی ئەم شتانەیش -جگە لە یاسا- بە سەرچاوەی پابەندی، لەسەر تجوز و تێکەڵکردن لەنێوان سەرچاوە و هۆ دامەزراوە، بەم بەڵگە مەنتیقیانەی خوارەوە:

١- بە ڕێکەوتنی شەرعزانان و یاساناسان پابەندی حوکمێکی تەکلیفییە، حوکمی تەکلیفیش پەیوەندی بە شتەکان (الاعیان)ەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بە کردار و ڕەفتاری مرۆڤەوە هەیە، زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی حوکمی تەکلیفی گوتاری[1] شەرعدانەر (یان یاسادانەر)ی پەیوەندار بە ڕەفتارەکانی مرۆڤەوەیە وەك پێویستبوون[2] یان سەرپشککردن[3]، هەروەها ڕەفتارە یاساییەکان و ڕووداوە یاساییەکان حوکمی دانراو (وضعی)ن، ئەوەیش لەلایەن شەرعدانەر (یان یاسادانەر)ەوە کراونەتە هۆیەك، یان مەرجێك، یان ڕێگرێك بۆ حوکمی تەکلیفی.

---

(1) واتە مەدلولەکەی، کە داوای کردن یان نەکردنە.

(2) طلب الفعل على وجه الحتم والإلزام كما في الواجبات، أو على وجه الأفضلية كما في المستحبات، أو طلب الترك على وجه الحتم والإلزام كما في المحظورات، أو على وجه الأولوية كما في المكروهات.

(3) وەك لە شتە موباحەکاندا.

بۆ نموونـە لـە گرێبەنـدی فرۆشـتندا شـوێنی پابەنـدیی فرۆشـیار رادەسـتکردنی فرۆشراوەکەیە، شوێنی پابەندیی کڕیاریش دانی نرخەکەیە، هەریەك لە رادەستکردن و دانیش لە کارەکانی مرۆڤن، هەرچی نرخەکەیە بابەتی پابەندیی کڕیارە، فرۆشراوەکە بابەتی پابەندیی فرۆشیارە، فرۆشـتن هـۆی پابەندییـە، گوتـاری شـەرعدانەر[1] (یـان یاسادانەر)یش سەرچاوەکەیەتی.

٢– یاساناسـان کـۆکن لەسـەر ئـەوەی سەرچـاوەی پابەنـدی لـە رووداوە سروشـتیەکاندا یاسـایە، لەپێشـیانەوە عەللامـە سـەنهوری کـە دەڵـێ: "رووداوە سروشـتیەکانی وەك هاوسـێیەتی و خزمایـەتی یاسـا لەبـەر هەنـدێ ئیعتیبـاراتی دادپەروەری و هاوکاریی کۆمەڵایەتی، هەندێ پابەندییان لێ دەخاتەوە، بۆیـە راسـتە کە ئەم پابەندیانە راستەوخۆ بدرێنە پاڵ یاسا و ئەو ببێتە سەرچاوەیان"[2]، ئەمەیش شتێکی راشکاوە لەسەر ئەوەی رووداوەکە هۆی پابەندییە و سەرچاوەکەی یاسایە.

لـەرووی هۆییـەوە هـیچ جیاوازیـەك لـەنێوان رەفتـارە یاسـاییەکان و رووداوە یاساییەکاندا نابینین جگە لە دەستهەبوونی ئیرادەی مرۆڤ لە یەکەمیاندا، نەك دووەم. لەبـەر تیشـکی مـەنتیقی یاساییشـدا، دەسـتهەبوونی ئـیرادە سروشـتی رەفتـارە یاساییەکان لە هۆبوونیانەوە بۆ سەرچاوەبوونیان ناگۆڕێ.

٣– هەندێ یاسا بەڕاشکاوی دەڵێن یاسا ئەسەر، واتە ماف و پابەندیەکان، لەسەر گرێبەند دروست دەکات و گرێبەند هیچ نیە جگە لە هۆیەك گرێبەندوان ئەنجامی دەدا و یاسا حوکم (ئەسەر)ی لێدەخاتەوە.

لەو یاسـایانە یاسـای مـەدەنیی کـوێتی[3] کـە لـە مـادەی (٣١)دا دەڵـێ (گرێبەنـد پەیوەسـتبوونی ئیجابـە بـە قبوڵـەوە بـۆ هێنانەکایـەی ئەسـەرێك کـە یاسـا لێـی دەخاتەوە)، مانای لێخستنەوە (الترتیب) ئەوەیە ئەو هۆیە بۆ ئەسـەرەکە و گرێبەنـد

---

[1] وەك ئایەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ﴾ سورة المائدة / من الآية ١.

[2] الوسيط ١/١٤٥.

[3] ژمارە (٦٧)ی ساڵی ١٩٨٠.

هۆیەکە هەردوو گرێبەندوان ئەنجامی دەدەن، لێکەوتنەوەی هۆکەی لەسەری ئەرکی گرێبەندوان نیە، بەڵکو رۆڵی بە موباشەرەکردنی ئەو هۆیە کۆتایی دێ کە روکن و مەرجەکانی بەدی هاتوون و رێگریەکانی نەماون.

٤- هیچ ناکۆکی لەنێوان شەرعزانان و یاساناساندا نیە کە سەرچاوەی پابەندییە جینائیەکان یاسای جینائییە، ئەوەیش بەپێی بنەمای شەرعیەتی: (لا جريمة ولا عقوبة إلا بنصّ)، (واتە: نە تاوان و نە سزا، بەبێ دەق نیە) و هەر شتێك ئەو پابەندیەی ئەم یاسایە فەرزی دەکا تێکبدات، بەو پێیە سزای شایستەی خۆی وەردەگرێ. هەروەها هیچ ناکۆکی لەوەدا نیە کە تێکدانی پابەندییە مەدەنیەکان جا عەقدی بن یان کەمتەرخەمی یاسا سزای لەسەر دادەنێ و جیاوازی تەنها لە سروشتی سزاکەدایە، چونکە سزا لە تێکدانی پابەندیی مەدەنیدا بەزۆری دارایییە وەك قەرەبووکردنەوە یان جێبەجێکردن لەسەر حسابی قەرزار و ئەو جۆرە شتانە. لە تێکدانی پابەندیی جینائیشدا سزاکە بەزۆری نادارییە، هەروەك لەوانەیشە دارایی بێ، لە هەردوو بارەکەدا سزاکە حوکمێکی تەکلیفییە سەرچاوەکەی یاسا یان دەسەڵاتی یاسادانانە، بەچاوپۆشین لە سروشتی ئەو سزایە.

٥- هیچ ناکۆکی لەنێوان شەرعزانان و یاساناساندا نیە لەوەدا کە عەقد (گرێبەند) و ئیرادەی تاکانە لە هۆکانی بەدەستهێنانی مافن، ماف و پابەندیەکانیش هەموو ئەسەرن، بۆیە دانانی عەقد و ئیرادەی تاکانە بە سەرچاوە بۆ ئەسەرگەلێك کە لە پابەندیەکان بن و دانانیان بە هۆ بۆ ئەسەرگەلێك کە لە مافەکان بن، خۆسەپێنی و زاڵکردن (ترجيح)ێکە بەبێ زاڵکەر و لە لۆژیکی یاساییدا رەفزە.

٦- ئەگەر مرۆڤ بدرێتە دەست تەبعی خۆی زۆر لە پابەندان پابەندیەکانیان دەشکاند، بەڵگەیش ئەوەیە ئەگەر قەرزدەر سەنەدێکی یاسایی نەبێ بۆ جێبەجێکردن لە حاڵەتەکانی کێشە و مشتومڕدا، قەرزار بەزۆری خۆی لە دانەوەی قەرزەکەی لە گێلی دەدا، خۆ ئەگەر سەرچاوەی پابەندیەکەی ئەو گرێبەندە بێ کە کردویەتی، یان ئیرادە تاکانەکەی یان کردەوە زیانبەخش یان سوودبەخشەکەی

بووایـە، ئـەوا دەستپێشـخەری دەکـرد بـۆ جێبـەجێکردنی پابەندیەکـەی ئەگەرچـی بەڕواڵەت هیچ بەڵگەیەکیش لەدژی نیە.

کەواتە هەموو رەفتارێکی یاسایی هێزی پابەندکردنی خۆی لە یاساوە وەردەگرێ نەك لە ئیرادەی رەفتارچی، ئەوەیش بەڵگەیەکی مەنتیقییە لەسەر ئەوەی لە واقیع و راستیدا سەرچاوەی پابەندی یاسایە و رەفتارەکە هۆکەیە.

٧- ئەگەر سەرچاوەی پابەندی گرێبەندەکە بووایە، هیچ پێویست نەبوو بۆ نموونە یاسادانەری عێراقی لە مادەی (١٤٥)دا بڵێ: "ئەو بابەتەی گرێبەندی لەبارەوە دەکرێ هەرچی بێ، گرێبەنـدوان ناچـار دەکـرێ بـە جێبـەجێکردنی پابەندیەکـەی). ئەگـەر سەرچاوەی پابەندی ئیرادەی تاکانە بووایە هیچ پێویست نەبوو یاسادانەری عێراقی لە مادەی (١٨٤)دا بڵێ: (ئیرادەی تاکانە خاوەنەکەی پابەند ناکا لەو حاڵەتانادا نەبێ کە یاسا باسی کردوون).

٨- بەر لە پەیدابوونی یاسا سەرچاوەی پابەندیەکان عورفی باو بوو لە هەر شوێن و رۆژگارێك، کۆمەڵگە و گەلان بەر لە پەیدابوونی دەوڵەت و یاسا، لە بابەتە جینائی و مەدەنیەکانـدا تاکـەکانیان ملکەچـی عورفـە باوەکـان دەکـرد و عـورف سەرچـاوەی پابەندییە جینائی و مەدەنیەکان بوو، بەهەمان شێوە یاسایش کە جێـی عورفـەکانی گرتۆتەوە، سەرچاوەیانە.

٩- سەرچاوە (المصدر) زاراوەیەکی نوێباوی داهێنراوە، کە جێی زاراوەی دەلیلی یاسـایی و دەلیلـی شــەرعی گرتۆتــەوە. بەڵگەنەویستیشـە کـە دەلیلـی پابەندییـە شەرعیەکان شەرع و دەلیلی پابەندییە یاساییەکان یاسایە.

١٠- ئەگەر یاسا سەرچاوەی پابەندی نەبوایە بە کۆنبـوون (التقـادم) نەدەکـەوت، لەبەرئـەوەی ئـەو رەفتـارەی پابەنـدی پەیـدا کـردوە بـە کۆنبـوون ناکـەوێ، مـادام سەرچاوەکە کەوتن قبوڵ ناکا پێویستە ئەو پابەندیەیش لێی دەکەوێتـەوە قابیـل بـە کەوتن نەبێ.

١١– رای فیقهی نوێ لەسەر ئەوەیە بنچینەی هێزی پابەندکاری گرێبەند یاسایە نەك دەسەڵاتی ئیرادە.

ئەو بەڵگانە پێکەوە دەبنە بەڵگەیەکی بنبڕ لەسەر ئەوەی سەرچاوەی پابەندی یاسایە، ئەگەرچی دەکرێ هەر بەڵگەیەك بەتەنها دووچاری رەخنە و تێبینی ببێ. لەو روانگەیەیشەوە بەسەرچاوەدانانی رەفتارە یاسایی و رووداوە یاساییەکان، ئەگەر لە روانگەی مەجازیەوە نەبێ، لە مەنتیقی یاساییدا نامەنتیقی و رەتکراوەیە، لەبەرئەوەی پابەندی حوکێکی تەکلیفییە و سەرچاوە راستەقینەکەی یاسایە.

# خواستی دووەم:

# پابەند

پێی دەوترێ داوالێکرلو (المكلف) و لەئەستۆگر (المتحمل) و بەڵێندەر (المتعهد) و دەستەبەر (الضامن) و قەرزار (المدين) و ئەو جۆرانە، ئەویش بەگوێرەی بابەتی پابەندیەکە.

لە پابەندیی مەدەنیی کەمتەرخەمیدا، بۆ کەسی پابەند تاکە مەرج بوونی شیانی واجیبوونی تەواوە، ئەویش دەستدانیەتی بۆ ئەوەی هەندێ مافی هەبن و هەندێ پابەندی لەسەر بن، کە پاش لەدایکبوون بۆ مرۆڤ جێگیر دەبن و تا مردنی بەردەوام دەبن و بەربەستەکانی شیان (ئەهلیەت) کاری تێناکەن.

لە فیقهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان[1]، شیاو (ئەهل) دەبێ بۆ بەرپرسیارێتیی مەدەنیی کەمتەرخەمی، با نەشیاویش بێ.

لە پابەندییەکانی گرێبەندکردندا مەرجە ئەهلیەتی گرێبەنکردنی هەبێ، کە لە ئاڵوگۆڕکردنەکاندا فام (التمييز) و لە تەبەرعاتدا عەقڵە، بەڵام لە پابەندییە

---

[1] وەك مەدەنیی عێراقی (م/١٩١) و مەدەنیی ئوردنی (م/٢٥٦): (هەموو زیانگەیاندنێك بە کەسیتر بکەرەکەی پابەند دەکا بە گەرەنتیکردنی زیانەکە، با ئەو کەسە نەفامیش بێ).

جینائیەکاندا بۆ بەدیهاتنی بەرپرسیارێتیی تەواوەتیی جینائی، مەرجە کە باڵق و ژیر و هەڵبژێر بێت و دەرك بەوە بکا خرلوەتەسەر شانی و بتوانێ بیکا، یان نەیکا.

لە شەریعەتی ئیسلامیدا کەسی مەعنەوی (حوکمی) نابێتە ئەهل بۆ پابەندیی جینائی، لەبەرئەوەی مەرجە کەسی پابەند ئەهل بێ بۆ تەکلیف، کە لەسەر بوونی ژیری واتە عەقڵ وەستاوە.

بەڵام لە فیقهی جینائیی نوێدا بیرۆکەکە دوو ئاراستە تێیدا لە ململانێدان:

**یەکەمیان ئاراستەی رەفزە**، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١– بنچینەی بەرپرسیارێتیی جینائی ئیرادەی ئازاد و بزانە، ئەوەیش لە کەسی مەعنەویدا ونە.

٢– گریمانەبوون (الوجود الافتراضي)ی کەسی مەعنەوی بە بازنەی ئەو کارە دیاری کراوە کە وەك هەڵاوێرانێکی زەروری لەپێناویدا گریمانەی بوونی کراوە، زەرورەتەکانیش بە ئەندازەی خۆیان مەزەندە دەکرێن، ئەوەی پەیوەندی بە بابەتە جینائیەکانەوە هەیە لە دەرەوەی قەوارە یاسایە گریمانەکراوەکەیدایە.

٣– ناتوانرێ ئەو سزلیانەی بەیاسا بڕیار دراون بەسەر کەسی مەعنەوی جێبەجێ بکرێن.

٤– خستنی سزا بەسەر کەسی مەعنەویدا لەگەڵ بنەمای کەسایەتیی جینائیدا لێك دەدا، لەبەرئەوەی زیانی سزاکە سنووری کەسە مەعنەویەکە تێدەپەڕێنێت و کەسە سروشتیەکە دەگرێتەوە[1].

**ئاراستەی دووەم ئەوەیە دەڵێ دەکرێ** بەرپرسیارێتیی جینائی ئاراستەی کەسی مەعنەوی بکرێ، زۆربەی بەڵگەکانیشی رەتکردنەوەی بەڵگەکانی رابردوون کە لایەنگرانی رەفز کردنیانە بەڵگە، بەم شێوەیە:

---

[1] في المسؤولية الجنائية، الدكتور محمد مصطفى القللي: ص٧٧ و پاشتر.

١- کەسی مەعنەوی تەنها گریمانە و خەیاڵ نیە، بەڵکو راستەقینەیە و بوونی خۆی هەیە، بۆیە مافی هەیە و پابەندیشی لەسەرە.

٢- تاوان وەك چۆن ئامانج نیە بۆ کەسی مەعنەوی، بەهەمان شێوە بۆ کەسی سروشتیش ئامانج نیە.

٣- سزا بەسەر کەسی مەعنەویدا جێبەجێ دەکرێ، لەباتیی لەسێدارەدان (دەزگاکە) هەڵدەوەشێنرێتەوە، لەباتیی بەندکردنیش کارەکەی رادەگیرێ و بەو شێوەیە.

٤- سزا وەك چۆن تەنها لە کەسی مەعنەویدا کورت هەڵنایەت، بەهەمان شێوە لە کەسی سروشتیشدا کورت هەڵنایەت، لەبەرئەوەی ماڵ و منداڵ و کەسوکار و کۆمەڵگەکەیشی بەوە ئازاریان پێدەگا.

# خواستی سێیەم:
# بۆ-پابەند

کەسی خاوەن مافە جا مافەکە دارایی بێ یان نادارایی، مادی بێ یان مەعنەوی، هەروەها چ ئەوەی مافە ماڵییەکە عەینی بێ یان کەسی، گشتی بێ یان تایبەت. ئەو مەرجانەی پێویستە لە کەسی پابەنددا هەبن بۆ کەسی بۆ—پابەند مەرج نین، وەك لەم ڕووانەی خوارەوەدا:

**لەڕووی کەسایەتییەوە:** دەکرێ بۆ—پابەند کەسێکی سروشتی بێ وەك فلان لە خەڵك، یان مەعنەوی بێ وەك دامەزراوەیەکی خاوەن کەڵکی گشتی کە یاسا دانی بە کەسایەتیدا ناوە، هەروەك دەکرێ هیچکامیان نەبێ، نە سروشتی و نە مەعنەوی وەك لە مافەکانی خوادا، چونکە لە هەموو مافەکانی خوادا لە بیروباوەڕ و پەرستن و سزای تاوانەکاندا، بۆ—پابەند خوای گەورەیە، بەڵام سوودی ئەو مافانە بۆ مرۆڤی دلوالێکراو بۆ ئەنجامدانیان و هەروەها بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، وەك پاشتر لە باسی تێدا—پابەند روون دەکرێتەوە.

**لەڕووی بوونەوە:** دەکرێ بۆ—پابەند هەبوو (موجود) بێ، دەشکرێ نەبوو (معدوم) بێ لەکاتی هێنانەکایەی پابەندیەکەدا، وەك ئەو کەسەی وەسێت دەکا هەندێ لە ماڵەکەی بدرێتە یەکەم سکی ژنی یەکێك لە کوڕەکانی کە هێشتا ژنی نەهێناوە. هەروەك دەکرێ لەوانە بێ کە لە هەمان کاتدا هەن و نیشن، وەك وەقفکردن بۆ هەژارانی ناوچەیەکی دیاریکراو یان قوتابخانەیەك و لەو جۆرانە، هەروەها وەك وەقفکردن بۆ رۆڵەکان و رۆڵەی رۆڵەکان با شۆڕیش بووبنەوە.

**لەڕووی دیاریکردنەوە:** هەروەك دەکرێ لەکاتی هێنانەکایەی پابەندیەکەدا بۆ-پابەند ناسراو (معلوم) بێ، دەشکرێ نەناس (مجهول) بێ، وەك لە جەعالەدا[1].

**لەڕووی شیان (ئەهلیەت)ەوە:** دەکرێ بۆ-پابەند شیان تەواو یان ناتەواو یان نەشیاو بێ.

**لەڕووی توانای سوودوەرگرتن لە تێدا-پابەندەوە:** مەرج نیە بۆ-پابەند خۆی توانای وەبەرهێنانی تێدا-پابەند و سوود لێ بینینی هەبێ، لەبەرئەوەی دەکرێ کەسێکیتر لە وەبەرهێنان و سوود لێبینینیدا شوێنی بگرێتەوە وەك وەلیەکەی یان وەصیەکەی یان بریکارەکەی.

**لەڕووی زانینەوە:** مەرج نیە بۆ-پابەند لەکاتی هاتنەکایەیدا بە پابەندیەکە بزانێ، کە ئاخۆ تێدا-پابەند بەرژەوەندیەکی بۆ ئەو تێدایە.

**لەڕووی هەڵبژاردنەوە:** لە هەموو شتێکدا رەزامەندیی بۆ-پابەند مەرج نیە، چونکە دروستە دەسەڵات کەسێك ناچار بکا بە وەرگرتنی پاداشت یان مووچەیەکی مانگانە بەرانبەر بەو سوودە گشتیەی بە کۆمەڵگەی دەگەیەنێ.

**لەڕووی جۆرەوە:** مەرج نیە بۆ-پابەند مرۆڤ یان کەسێکی مەعنەوی بێ، بەڵکو دەکرێ ئاژەڵێك بێ، وەك چۆن مرۆڤ کۆمەڵێ مافی هەیە، ئیسلام هەندێ مافی بۆ هەندێ ئاژەڵیش داناوە، بۆ نموونە ئەو کەسەی حەیوانێك لە باخچەی ئاژەڵان یان ماڵەکەیدا بەند بکا، پێویستە پێداویستیەکانی بەردەوامبوونی ژیانی لە خواردن و خواردنەوەی و هیتر بۆ دابین بکا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی ((عُذبت امرأة في هرّة سجنتها حتى ماتت، فدخلت فيها النار، لا هي اطعمتها وسقتها اذ هي حبستها، ولا هي

---

[1] دیاریکردنی هەقدەستێکی دیاریکراوە بۆ ئەو کەسەی کارێکی موباح بۆ بکەرەکە (الجاعل) دەکا با کارەکەیش نەزانراو بێ، یان بۆ ماوەیەك کاری بۆ دەکا با ماوەکەیش نەزانراو بێ.
حاشية البجيرمي (الشيخ سلمان) على شرح منهج الطلاب في الفقه الشافعي ٣/١٧٠. الخرشي (محمد بن عبد الله بن علي) على مختصر سيدي خليل في الفقه المالكي ٧/٦٩.

تركتها تأكل من خشاش الأرض)[1]. (واتە ئافرەتێك خرایە ئاگر لەسەر ئەوەی پشیلەیەكی بەند كرد نە خواردن و خواردنەوەی دایە و نە ڕێگەی پێدا لە گژوگیای سەرزەوی بخوات تا مرد). وشەی (في) لەم حەدیسەدا بۆ هۆدۆزی (تعليل)ـە، واتە بەهۆی بەندكردنی و گرتنەوەی خواردن و خواردنەوە لێی چووە ئاگر.

هەروەها پێویستە لەسە مرۆڤ ئەزیەتی ئاژەڵێك نەدا كە سوودی نیە و ئازار ناگەیەنێ. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: (نزل نبي من الأنبياء تحت شجرة فلدغته نملة، فأمر بجهازه فاخرج من تحتها وأمر بها فأحرقت في النار، قال فأوحى الله إليه فهلا نملة واحدة)[2]، واتە خوا سەركۆنەی پێغەمبەرێكی كردوە لەسەر ئەوەی بەهۆی گەستنی مێرولەیەكەوە و شارە مێرولەیەكی سوتاندوە و پێی دەڵێ: ئایا نەدەكرا یەك مێرولە سزا بدەیت كە گەستیتی لەبەرئەوەی ئازاری داویت، خۆ ئەوانیتر ئازاریان نەبووە.

پێویستە خاوەنی ئەو وڵاخەی لە كاركردندا بەكار دێ چ بۆ سەفەر بێ یان لە ئاوەدانیدا، چاودێری وڵاخەكە بكا، بەوەی پشووی پێویستی بداتێ تا ژیانی نەخاتە مەترسی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: ((فاذا سافرتم في الخصب[3] فاعطوا الابل حظها من الأرض))[4].

---

[1] صحيح مسلم باب تحريم تعذيب الهرة ونحوها من الحيوان الذي لا يؤذي ٤/١٧٦٠.

[2] صحيح مسلم ٤/١٧٥٩.

[3] مانای زۆریی گژوگیا و لەوەڕگا دەگەیەنێ و پێچەوانەی قاتوقڕییە.

[4] صحيح مسلم ٣/١٥٢٥.

# خواستی چوارەم:
# تێدا-پابەند

تێدا–پابەند بابەتی پابەندییە، لە مافێکی کەسی لە ئەستۆی قەرزاردا یان مافێکی ماڵینە (عینی) کە لەلای بێ و بەرپرسە لە گێڕانەوەی ئەگەر مابوو، ئەگەریش نەمابوو یان بەکارهێنرابوو بڕێتیەکەی بۆ بگێڕدرێتەوە. وەك پێشتر باس کرا، قورئان ناوی ناوە راسپاردە یاخود ئەمانەت (الامانة)، یاسا و یاساناسانیش ناویان ناوە شوێنی پابەندی (محل الالتزام)، ئەم ناونانە هەڵەیە و لەسەر تێکەڵکردن لەنێوان بابەتی پابەندی و شوێنەکەی دامەزراوە، وەك پاشتر ئەوە روون دەکرێتەوە.

پوختەی قسان ئەوەیە بابەتی پابەندیی هەموو مرۆڤێك بەگشتی، ئەوەیە لەکاتی تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەویتر بەدرێژایی ژیانی، پێویستە لەسەری بەرانبەر خوا و خۆی و خێزان و هاوسێ و شەریك و وڵات و سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێی هەستێ. ئەم بابەتە بەنیسبەت بۆ–پابەندەوە پێی دەوترێ ماف. مافیش –وەك پێشتر پێناسە کرا– پێگەیەکی شەرعی (یان یاسایی)ـە، کە بکرێ خاوەنەکەی یان کەسیتر لێی سوودمەند بن.

زانایان لە روانگەی جۆراوجۆرە مافیان بۆ چەند بەشێك دابەش کردوە، بۆ نموونە زانایانی یاسا لە روانگەی بابەتەکەیەوە مافە داراییەکانیان دابەش کردوە بۆ:

**مافێکی ماڵینە** (حق عيني): دەسەڵاتێکی راستەوخۆی کەسێکی دیاریکراوە بەسەر شتێکی دیاریکراودا کە یاسا دانی پێدا دەنێت و مافی لەلابوون (حیازە) و قۆستنەوە و بەکارهێنان و رەفتار پێوەکردنی دەداتێ.

**مافێکی کەسی** (حق شخصي): بریتییە لە توانای داواکردن لە کەسێك یان کەسانێك بۆ کردنی کارێك یان نەکردنی کارێك و پێی دەوترێ مافی قەرزدەری (حق الدائنية)[1].

ئەگەر مافەکە تایبەت کرا بە سوودی گشتی ئەوە گشتییە ئەگینا تایبەتە، ئەگەریش سەربەخۆ بوو ئەوا مافێکی ئەسڵییە وەك ئەو قەرزەی لە ئەستۆی قەرزاردایە، ئەگینا شوێنکەوتەیی (تبعي) دەبێ وەك مافی قەرزدەری رەهنگر (المرتهن) لە ماڵە رەهنکراوەکەدا. ئەگەر بە یەکێك لە پێنج هەستە دیارەکە هەستی پێ بکرێ (مافەکە) ماددی دەبێ، ئەگینا مەعنەوی (یان زەینی)یە.

لە روانگەیترەوە ماف دابەشکردنیتریشی هەیە، لەوانە **دوانینە**: بۆ ماددی، وەك مافی خاوەندارێتی + مەعنەوی وەك ئازادیی بیرورا[2]. دابەشکردنی **سیانینە**: کەسی، وەك ئازادیی هاتوچۆ + فیکری، وەك ئازادیی عەقیدە + ئابووری، وەك ئازادیی بازرگانی و پیشەسازی[3]. هەروەها بۆ **چوارینە**: بۆ مافی سیاسی و مەدەنی و ئابووری و فەرهەنگی[4].

زانایانی ئوسوڵ فیقهـ[5] مافیان دابەش کردوە بۆ: ئەو مافانەی ساف هی خودان (مافە گشتیەکان) + ئەو مافانەی ساف هی بەندەن (مافە تایبەتەکان) + مافە هاوبەشەکان (ئەو مافانەن سوودی گشتی و تایبەتیان تێدا کۆدەبێتەوە).

مافەکانی خوداشیان بۆ هەشت بەش، دابەش کردوە، کە بریتین لە:

١- عیبادەتی رووت.

---

[1] الدکتور جمیل الشرقاوي، النظرية العامة للألتزام، ص٤ و پاشتر.

[2] الدکتور عثمان خلیل عثمان، الإتجاهات الدستورية الحديثة، ص١١١ و پاشتر.

[3] الدکتور ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٤٠١ و پاشتر.

[4] الدکتور سعید احمد، الإعلان العالمي لحقوق الإنسان، ص٥ و پاشتر.

[5] التنقیح وشرحه التوضیح لصدر الشریعة (عبدالله بن مسعود) مع التلویح للتفتازاني (سعدالدین) ٢/٢١٥ و پاشتر.

٢- سزای رووت.

٣- سزای قەتیسکار (القاصر)، وەك بێبەشکردنی بکوژ لە میراتی دەسکوژەکەی.

٤- مافێك لەنێوان رۆزی (المؤنة) و سزادایە وەك گوناهشۆری (كفارة الذنوب).

٥- رۆزییەك مانای پەرستنی تێدایە وەك زەکات.

٦- پەرستنێك مانای رۆزی تێدایە وەك سەرفیترە.

٧- رۆزییەك مانای سزادانی تێدایە وەك باجی داهات (ضريبة الخراج).

٨- مافێك کە سەربەخۆیە و پەیوەندی بە ئەستۆی کەسەوە نیە، وەك مافی دەوڵەت لە کانزا فلزی و نافلزیەکان لە زەویەکانی هەرێمەکەیدا.

توێژەر پێی وایە ئەم دابەشکردنانە لە یاسا و ئوسوڵی فیقهدا دابەشکردنی نابابەتین، لەبەرئەوەی لەسەر پێوەرگەلی لۆژیکی دانەمەزراون، ئەمە جگە لەوەی هەندێکیان تێهەڵکێش (متداخل)ن، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم مافەکان کە بابەتی پابەندیەکانن بە لەبەرچاوگرتنی پابەند و بۆ-پابەند، بۆ چوار بەش دابەش بکرێن[١]، کە ئەمانەن:

١- مافی تاك لەسەر کۆمەڵگە کە دەوڵەت نوێنەرایەتی دەکا، وەك مافی ئاسایش و پاراستن و تەندروستی و فێکردن و ئەو شتانە.

٢- مافی کۆمەڵگە (دەوڵەت) لەسەر تاك، وەك مافی رێزگرتنی سیستمی گشتی و ئادابی گشتی، ملکەچکردن بۆ یاسا، دڵسۆزی لە کار و جێبەجێکردنی ئەرکەکان و ئەو جۆرانە.

٣- مافی کۆمەڵگە لەسەر کۆمەڵگە، وەك مافە نێودەوڵەتیەکانی نێوان گەلان و نەتەوەکان لە هاوکاری و دەستبار و ئاشتی، لەو رووەوە هەمووان خوشك و بران، لەبەرئەوەی لەیەك باوك و دایکن، وەك خوا دەفەرموێ ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن

---

[١] وهذه الأقسام هي حقوق الإنسان على الإنسان، غير العبادات التي هي حقوق الله لمصلحة الإنسان.

ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾[1]، هـەروەها لەو رووەوە هەمووان لەیەك كانزا خەلق كراون كە خاكە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ﴾[2].

٤- مافی تاك لەسەر تاك، وەك مافە خێزانیەكان لە مافی ژن و مێرد لەسەر یەكتر، مـافی بنەچـەكان (الاصـول) لەسـەر وەچـەكان (الفـروع) و مـافی وەچـەكان لەسـەر بنەچەكان، مافی دراوسێیەتی، مافی دەستپاكی و راسـتگۆیی و متمانـەی دووسـەرە لەنێو هەردوو گرێبەندوان لە مامەڵە داراییەكاندا[3].

## خواستی پێنجەم:
## پێ-پابەند (شوێنی پابەندی)

بریتییە لە ئەنجامدان (الاداء) جـا چ ئـەرێنی بـێ وەك رادەسـتكردنی فرۆشـراو و دانەوەی قەرز، یان نەرێنی بێ وەك گێچەڵنەكردنی ماددی یـان یاسـایی فرۆشـیار بـە كڕیار پاش فرۆشتنەكە و ركابەرینەكردنی ناشەریفانە لەگەڵی.

شایانی باسە هەر شتێك لەسەر مرۆڤ واجب بێ ئەنجامـدانی ئـەرێنی دەبـێ، هـەر شتێك قەدەغەكراو بێ، ئەنجامدانی نەرێنی دەبێ.

هەندێ یاسا و بەشێك لە فیقهـی یاسـایی شـوێنی پابەنـدی و بابـەتی پابەنـدییان یەكسان كردووە، لەو یاسایانە یاسای مەدەنیی عێراقی لە مادەكانی (١٢٦-١٣٠) و لە (م/١٢٦)دا دەڵێ: (پێویستە هەر پابەندییەك لـە گرێبەنـد پەیـدا بـووە شـوێنێك هـەبێ بدرێتە پاڵی كە حوكمەكەی قبوڵ بكا، دروستە ئەوەماڵێك بێ، جا عـەینێك بـێ یـان

---

[1] الحجرات : ١٣

[2] الروم : ٢٠

[3] بڕوانە ئەم كتێبەمان: حقوق الإنسان وضماناتها في الإسلام. ص١٦ و پاشتر.

قەرزێك یان سوودێك یان هەر مافێکیتری ماڵی، هەروەك دروستە کارێك بێ یان نەکردنی کارێك بێ).

راست ئەوەیە بوترێ (پێویستە هەر گرێبەندێك شوێنێکی هەبێ بدرێتە پاڵی).

چەند یاسایەکیتریش کەوتنە هەمان تێکەڵکردن، لەوانە: یاسای مەدەنیی میسری مادەکانی (١٣١–١٣٥) کە لە (م/١٣١)دا دەڵێ (دەکرێ شوێنی پابەندی شتێکی ئایندەیی بێ)، یاسای مەدەنیی جەزائیری (٩٢–٩٦) و سوری مادەکانی (١٣٢–١٣٦) و یاسایتر کە لەژێر کاریگەریی یاسای مەدەنیی میسریدان[١]. ئەم یاسایانە بابەتی پابەندی و شوێنی پابەندییان یەکسان کردوە و شوێنی گرێبەندیان بە شوێنی پابەندی داناوە.

هەندێ یاسایتری عەرەبی لەم تێکەڵکردنە دوور بوون، وەك مەدەنیی ئوردنی مادەکانی (١٥٧–١٦٤)، یەمەنی[٢] مادەکانی (١٨٦–١٩٧) کە لە (م/١٨٦)دا دەڵێ: (پێویستە هەر گرێبەندێك شوێنێکی هەبێ).

وادیارە کێشەی تێکەڵکردن لەنێوان شوێنی گرێبەند و شوێنی پابەندی لەلایەك و لەنێوان شوێنی پابەندی و بابەتی پابەندی لای شەرحکارانی یاسای مەدەنیی فەرەنسیش رووی داوە و بەهەمان تەرز[٣] بۆ زۆریەی یاسا مەدەنییە عەرەبییەکان گوێزراوەتەوە. لە فیقهی قانونیشدا جیانەکردنەوە لەنێوان شوێنی پابەندی و

---

[١] وەك یاسای مەدەنیی لیبی م١٣٢ و پاشتر و لوبنانی م١٩١ و پاشتر.

[٢] ژمارە (١٩)ی ساڵی ١٩٩٢.

[٣] دکتور جەمیل ئەلشەرقاوی لە (طبيعة التصرف القانوني– محاضرات دبلوم القانون الخاص في جامعة القاهرة)دا کە بە رۆنیۆ چاپ کراوە، لە لاپەڕەی دووەم و پاشتردا، بەناونیشانی (مشكلة المحل والسبب بين العقد والالتزام) دەڵێ: "دەقەکانی کۆمەڵەی رێکخراوی ناپلیۆن بۆ شوێن/بابەت (المحل) و هۆ هەندێکیان محەل لە روکنەکانی عەقد دادەنێن وەك مادەکانی ١١٢٦–١٢٨ و هەندێکیان دەیکەنە روکنی پابەندی وەك هەردوو مادەی ١١٢٩–١١٣٠، لەکاتێکدا هەموو ئەو دەقانە لەژێر ناونیشانی (محل و مادە الاعتقاد)دا هاتوون".

بابەتەکەیدا لە قسەی عەللامە سەنهوریدا[1] هاتووە، کە دەڵێ: پابەندی چەند بەستەر (رابط)ێك لەخۆ دەگرێ، گرنگترینیان چوارن:

١- پابەندبوون بە قەرز بابەتەکەی بڕێك پارە یان کۆمەڵێ شتی هاوچەشنە.

٢- پابەندبوون بە ماڵ (العین) پابەندیەکە بابەتکەی ماڵێکی دیاریکراوە تا دوایی.

مامۆستا عەبدولحەی ئەلحیجازی دەڵێ: لە شوێن (شوێنی پابەندیدا) مەرجە:

١- ئەو شتەی بابەتی پابەندییە هەبوو (موجود) بێ.

٢- لەنێو بازنەی مامەڵەپێوەکردندا بێ.

٣- دیاریکراو یان قابیل بە دیاریکردن بێ[2].

تێکەڵکردن لەنێوان شوێنی گرێبەند و شوێنی پابەندیدا لە قسەکەی مامۆستا حیجازیدا روونە، چونکە ئەو مەرجانەی باس کراون، شوێنی گرێبەندن نەك شوێنی پابەندی. ئەوە روونە شوێنی گرێبەند بابەتی پابەندییە نەك شوێنی.

---

[1] مصادر الحق في الفقه الإسلامي ١/١٥.

[2] النظرية العامة للالتزام وفقاً للقانون الكويتي (دراسة مقارنة)، للدكتور عبد الحي حجازي، مطبوعات جامعة الكويت: ١/٣٢٠-٣٢٣.

# خواستی شەشەم:
# هۆی پابەندی

**هۆ لە زمانی عەرەبیدا:** بە چەند مانایەك هاتووە[1]، لەوانە کردن (الجعل)، بیانوو (الذریعة) و ئەوەی لەرێیەوە دەگەینە مەبەست و رێگەی گەیاندن بە مەبەست، بەم مانایەی دوایی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە وەك لە ئایەتی ﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ[2] فِي الْأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا﴾[3].

**لە زاراوەی ئوسولی فیقهدا:** هۆ وەسفێکی دیاری رێکخراو (منضبط)ـە[4] شەرعدانەر حوکمێکی لەسەر دادەمەزرێنێ، کە بە بوونی ئەو هۆیە حوکمەکە بەدی دێت[5] و بە نەبوونیشی نامێنێ.

مەبەست لە هۆی پابەندی لە فیقهی ئیسلامیدا ئەم مانا ئوسولیەیە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری پێدەکەین و سەرجەم رەفتارە یاساییەکان (التصرفات القانونية) و رووداوە یاساییەکان (الوقائع القانونية)[6] دەگرێتەوە و جۆرێکە لە جۆرەکانی

---

[1] لسان العرب، فصل السين حرف الباء ٤٣٨/١.

[2] راناوەکە بۆ زیلقەرنەین دەگەرێتەوە لە ئایەتی پێشوودا.

[3] سورة الكهف/ ٨٤.

[4] واتە بە گۆرانی کەس و کات و شوێن ناگۆرێ.

[5] ئەگەر رێگر(مانع)ێك نەبوو، ئەگینا رێگرەکە پێش دەخرێ، ئەویش بەپێی رێسای (إذا تعارض المانع والمقتضي يقدم المانع)، (واتە ئەگەر رێگر و خوازراو تێك گیران رێگر پێش دەخرێ). مجلة الأحكام العدلية / م٤٦.

[6] في جمع الجوامع لابن السبكي (تاج الدين عبد الوهاب) وشرحه للجلال المحلي مع حاشية البناني ٩٤/١: (والسبب ما يضاف الحكم إليه لتعلق الحكم من حيث أنه معرف له، أو مؤثر فيه بذاته أو بإذن الله تعالى أو باعث عليه) بحسب الأقوال فيه وفي العلة، والأول قول الجمهور والثاني قول المعتزلة والثالث قول الغزالي والرابع قول الأمدي.

حوکمی دانراو (وەزعی)[1]، وەك كە پابەنـدكردن و پابەنـدی لـە جۆرەكـانی حـوكمی تەكلیفین[2]. لە حوكمە وەزعیەكان ئەوەیە نزیكی یاخود خزمایـەتی كراوەتـە هـۆ بـۆ میرات، هەروەها بۆ پابەندبوونی خزمی دارا بە خەرجیكێشانی خزمـە دەسـتكورت و نەبووەكەی. هەروەها كوشتنی كردوە بە هۆ بۆ قیساس و تەلەفكردنی كردۆتە هۆ بۆ قەرەبووكردنەوە و بۆ نموونە فرۆشتن بە هۆیەك بۆ ماف و پابەندیەكان و بەو جۆرە.

هەندێكیان[3] هەڵەیان كردوە كاتێ وا گومانیان بردوە لای ئوسولّیەكان هۆ جیایە لە هۆی پابەندی، ئەم گومانەیش زادەی ئاشنانەبوونە بە رەهەندەكانی هۆ لە فیقهـی ئیسلامی و ئوسولّی فیقهدا.

لەبەر گرنگیـی رەگـەزی هـۆ لەلایـەك و ئـەو گومانـەی هەنـدێ كـە گوایـە فیقهـی ئیسلامی هۆ بە مانا یاساییەكەی ناناسێ و لەبەرئـەوەی هـۆ بابـەتی سـەرەكیی ئـەم باسەیە، هــەوڵ دەدەم هەنــدێ بەدرێــژی لــەم رەگــەزە بكۆڵمــەوە، وەك لــەم روونكردنەوەیەدا:

---

[1] الحكم الوضعي هو مدلول خطاب الشارع المتعلق بتصرفات الإنسان والوقائع ذات الصلة بالإنسـان من حيث جعلها سبباً لحكم أو شرطاً له أو مانعاً منه.

[2] وهو مدلول خطاب الشارع المتعلق بتصـرفات الإنسـان البـالغ العاقـل المختـار مـن حيـث الإيجـاب والاستحباب والتحريم والاستكراه والإباحة فجميع تصرفات الإنسان المكلف إما واجبـة أو مندوبـة أو محرمة أو مكروهه أو مباحة. والمراد بالمكلف هو الذي يكون أهلاً للتكليف.

[3] وەك دكتۆر جمال الدين محمد لـە كتێبـی: سـبب الالتـزام وشـرعيته في الفقـه الإسـلامي (دراسـة مقارنة): ص١٢١.

## یەکەم: هۆ لە سایەی فیقهی یاساییدا[1]

### هۆ لە سایەی فیقهی رۆمانیدا:

هۆ لە سایەی ئەم یاسایەدا بە دوو سەردەمدا تێپەڕیوە، کۆن و مەدرەسی:

١- لە سەردەمی کۆنی یاسای رۆمانیدا بەهۆی زاڵبوونی شکڵیبوون بەسەر ئیرادەدا، هۆ نە بۆ گرێبەندەکان و نە بۆ پابەندیەکان وجودی نەبوو.

٢- لە سەردەمی مەدرەسیدا بیرۆکەی هۆ لە مەودایەکی تەسکدا لە گرێبەندەکانی ئاڵوگۆڕ(معاوضة)دا دەرکەوت، لەلایەك لەناو گرێبەنددا پەسەند کرا بەڵام لە دەرەوەی نا[2]، لەلایەکیترەوە وابەستەیی لەنێوان پابەندیی هەردوو گرێبەندوان تەنها لە قۆناغی گەڵاڵەکردنی گرێبەند (تکوین العقد)دا هەبوو نەك لە قۆناغی جێبەجێکردندا، لەم قۆناغەدا پابەندیی هەریەك لە دوو گرێبەندوانەکە لەویتر سەربەخۆ بوو[3]، ئەوەیش ئەمانەی خوارەوەی لێکەوتەوە:

أ- هەریەك لە دوو گرێبەندوانەکە مافی داوای جێبەجێنەکردن (الدفع بعدم التنفيذ) یان ملنەدان بە جێبەجێکردنی نەبوو ئەگەر لایەنەکەیتر پابەندیی خۆی جێبەجێ نەکرد.

ب- مافی داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەند نەبوو ئەگەر لایەنەکەیتر سوور بوو لەسەر جێبەجێنەکردنی پابەندیەکەی.

ج- هەڵوەشانەوەی خۆبەخۆ بەهێزی یاسا نەبوو لە حاڵەتی مەحاڵیی جێبەجێکردن لەلایەن یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکەوە، وەك لە حاڵەتی فەوتانی

---

[1] مەبەست لە فیقهی یاسایی رای فیقوانانی یاسا و ئیجتیهادەکانیانە، وەك چۆن شەریعەتی ئیسلامی بریتییە لە را و ئیجتیهاداتی فیقوانانی شەریعەت.

[2] هۆیەك بۆ پابەندی هەبوو بەڵام گرێبەند نەیبوو، واتە لەلایەنی بابەتیەوە هەبوو نەك خودی.

[3] لەو گرێبەندانەی بۆ هەردوولا پابەندکارن پابەندیی هەر گرێبەندوانێك هۆ بوو بۆ پابەندیی ئەویتر، وابەستەییش لە قۆناغی گەڵاڵەکردن لەنێوانیاندا هەبوو نەك لە قۆناغی جێبەجێکردن.

فرۆشراو بە هێزێکی بێئامان (قوة قاهرة) بەر لە رادەستکردنی[1]. چییەتیی هۆ لەو سەردەمەدا سەبارەت بە بەخشینەکان (تەبەڕوعات) بەوە دیاری کرا کە بریتییە لە نیازی بەخشین، تائێستایش ئەم بیرۆکە هەڵەیە لە یاسا و فیقهی خۆرئاواییدا باوە. ئەوە روونە دەستەواژەی بەخشین (ئیرادەی تاکانە) هۆیە نەك نیاز (النیة)، وەك لە شوێنی خۆیدا روونی دەکەینەوە.

**پەرەسەندنی هۆ لە سایەی یاسای کەنەسیدا[2]:**

هۆ لە مانا رۆمانییە بەرتەسکەکەی دەرباز بوو بۆ مانا بەرینە نوێ بەرینەکەی کە بزوێنەری پاڵنەرە (الباعث الدافع)، چاکەی نۆزینەوەی ئەم مانایە بۆ پیاوانی کەنیسە دەگەڕێتەوە و لەسەر دوو بنەما دایانمەزراند:

**یەکەمیان:** پاراستنی گفت واجبە و شکاندنی گوناهە.

**دووەم:** گرێبەند دروست نیە جێبەجێ بکرێ ئەگەر ئامانجێکی ناڕەوا (نامەشروع)ی هەبێ.

بەگوێرەی ئەم دوو بنەمایە لەپاڵ هۆی پابەندیدا هۆی گرێبەندیش پەیدا بوو، هەروەها بیرۆکەی بەتاڵیی گرێبەندەکانی ئاڵوگۆڕ (المعاوضة) و بەخشین دەرکەوت ئەگەر هاتوو بزوێنەر و پاڵنەرەکانی نامەشروع بوون.

**هۆ لە سایەی یاسای فەرەنسیی کۆندا[3]:**

ئەو پەرەسەندنەی هۆ لەسەر دەستی کەنەسیەکان بەخۆیەوە بینی، بۆ دواوە پاشەکشەی کرد بۆ نزیك لەوەی لە یاسای رۆمانیدا هەبوو، کە دوما و ئەوانەی جێپێیان هەڵگرت لەوانە بوتییە[4]، باوەڕیان وابوو هۆی پابەندی لەو گرێبەندانەی بۆ

---

[1] مصادر الحق ٤/١٠-١١.

[2] مصادر الحق، سەرچاوەی پێشوو، الوسیط ١/٤٦٨.

[3] لە سەدەی دوازدەیەمەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم. الوسیط ١/٤٦٣.

[4] دوو فیقوانی فەرەنسین.

هەرلایەك پابەندكارن، بریتییە لە پابەندیی دووسەرەی گرێبەندوانەكەیتر، لەو گرێبەندانەیشدا كە بۆ یەك لا پابەندكارن (هۆی پابەندی) ئەوەیە گرێبەندوانەكەیتر پێی هەستاوە، لە بەخشینیشدا بریتییە لە نیەتی بەخشەر[1].

**هۆ لە تیۆری كلاسیكیدا:**

مامۆستا سەنهوری لە (مصادر الحق)[2]دا دەڵێ یاسای مەدەنیی فەرەنسی[3] تیۆری هۆی لە دۆما و بوتییە گواستۆتەوە لە مادەكانی (١١٠٨ و ١١٣١–١١٣٣) و ئەو دەقانە بوونە ئەو بنچینەیەی كە تیۆری كلاسیكی لە هۆدا لەسەری دادەمەزرێ. باسكردنی مادەی (١١٠٨)ی[4] لە الوسیط[5] دا پشتگوێ خستوە، تیۆرە كلاسیكیەكە چووە ناو قانونیزەكانی ناپلیۆن بەم شێوەیە:

مادەی ١١٣ باس لەوە دەكا پابەندی هیچ ئەسەرێك بەرهەم ناهێنێ ئەگەر لەسەر هۆیەك دانەمەزرابێ، یان لەسەر هۆیەكی ناڕاست، یان لەسەر هۆیەكی نامەشروع دامەزرابێ. مادەی ١١٣٢یش دەڵێ هۆ نامەشروع دەبێ ئەگەر یاسا قەدەغەی كرد، یان ئەگەر پێچەوانەی ئاداب یان سیستەمی گشتی بوو.

---

[1] الوسیط ٤٨٦/١. مصادر الحق ١٥/٤.
[2] ١٥/٤.
[3] كە بە یاسای ناپلیۆن دەناسرێ و لە ساڵی ١٨٠٤ دەرچووە.
[4] كە بەدەق دەڵێ: (بۆ دروستیی گرێبەند چوار مەرج پێویستە: یەكەم رەزامەندیی هەرلایەك، دووەم شیانیان بۆ گرێبەندكردن، سێیەم هەرلایەك بزانن گرێبەند لەسەر چی دەكەن، چوارەم دڵنیابوون لەوەی گرێبەندەكە بۆ مەبەستێكی دروستە).
[5] ٤٧٦/١

**جۆرەکانی هۆ لە بیردۆزی کلاسیکیدا:**

ئەم تیۆرە سێ جۆر هۆی لێك جیا کردۆتەوە، کە بریتین لە:

١– هـۆی پەیداکـەر (الســبب المنشــيء) (یـان هـۆی پەیـداکاری)[١]: ئەوەیـە یاساناسان لە وڵاتانی عەرەبی بـە سەرچـاوەیەکی پابەنـدییان دانـاوە، واتـە ئـەوەی پابەندی هێناوەتە کایە. لەبەرئەوە گوتویانە[٢]: هۆ بەم مانایە بەلامانەوە جێبایەخ نیە و پێویستە دووری بخەینەوە[٣].

لەروانگەی ئەم ئاراستەیەوە لـە هـەرکوێ زاراوەی (هـۆ) لـە یاسـا عەرەبیـەکان و شەرحەکانیاندا هات، مەبەست لێی هۆی پابەندییە (هۆی قەسدی) یان هۆی گرێبەنـد (بزوێنەری پاڵنەر).

٢– هۆی قەسدی (السبب القصدی): ئەو مەرامە راستەوخۆیە کە پابەند دەیـەوێ لەرێی پابەندبوونەکەیـەوە پێـی بگـا[٤]. پێـی دەوتـرێ هـۆی تـەکنیکی لـەو رووەوە پێویستیەکی تەکنیکیی ئیمزاکردنی گرێبەندەکە دەیخوازێ[٥]. زانایـانی یاسـا پێیـان وایە تیۆرە کلاسیکیەکە هۆی بەم مانایە وەرگرتووە و لەڕاستیدا هۆی پابەندییە.

٣– هۆی پاڵنەر یان بزوێنەری پاڵنەر (الباعث الدافع): ئەو بزوێنەرە پاڵنەرەیە کـە پاڵی بە کەسی پابەندەوە ناوە بۆ گرێبەندکردن. پێی دەوترێ مەرامی دوور (الغرض

[١] بریتییە لـە گرێبەنـد و ئـیرادەی تاکانـە و کـردەوەی زیانبـەخش و زەنگینبـوون بـەبێ هـۆ (یـان بەدەستهێنان بەبێ هۆ).

[٢] لەوانـە مامۆسـتا سـەنهوری، الوسـیط ٤٧٨/١. مامۆسـتا دکتـۆر حسـن الـذنون، النظریـة العامـة للالتزامات: ص١١٨، مامۆستا دکتۆر عبد المجید الحکیم، مصادر الالتزام ٢١٧/١. مامۆستا دکتـۆر عبـد المـنعم فـرج الصـدة، مصـادر الالتـزام ٢٥٣/١. مامۆسـتا دکتـۆر سـلیمان مـرقس، أصـول الالتزامات: ص١٤٦.

[٣] واتە لە هۆی پابەندی و هۆی گرێبەند.

[٤] سەرچاوەکانی پێشوو.

[٥] التعبیر عن الإرادة في الفقه الإسلامي (دراسة مقارنة بالفقـه الغربـي)، للأسـتاذ الـدکتور وحیـد الـدین سوار: ص٤٧١.

البعيد ) و مەرامی ناڕاستەوخۆ کە وای کردوە پابەند گرێبەند بکا، هەروەها پێی دەوترێ هۆی بەرژەوەندییانە لەو رووەوە پاراستنی بەرژەوەندیی کۆمەڵگە دەیخوازێ. بە بۆچوونی لەخۆبوردوانەی ئێمە ئەو بەرژەوەندیەی هۆی پاڵنەری دەدرێتە پاڵ بەرژەوەندیی کۆمەڵگە نیە، بەڵکو بەرژەوەندیەکی تایبەتە بە خودی گرێبەندوان.

**بەراورد لەنێوان هۆی پابەندی و هۆی گرێبەنددا:**

هۆی پابەندی بە چەند جیاکەرەوە و خاسیەتێك لە هۆی گرێبەند جیاوازە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- هۆی پابەندی (هۆی قەسدی) لە یەك جۆری گرێبەنددا لە گرێبەندوانێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاواز نابێ، بەپێچەوانەی بزوێنەری دەروونی کە بەجیاوازیی کەسەکان جیاواز دەبێ، بگرە لە کەسێکدا لە دوو باروبۆخی جیاوازیشدا جیاواز دەبێ[1].

٢- هۆی قەسدی بابەتییە و لەنێو گرێبەندەکەدایە لەبەرئەوەی بەشێکە لەکۆی ئەو شتانەی گرێبەندیان لەسەر کراوە، بەپێچەوانەی بزوێنەری پاڵنەر، کە خودی و شەخسییە و لە دەرەوەی گرێبەندەکە بەدوایدا دەگەڕێن.

٣- نەبوونی هۆی پاڵنەر هیچ ئەسەرێکی نیە لە راست و دروستیی گرێبەنددا، بەپێچەوانەی هۆی قەسدی، کە نەبوونی دەبێتە مایەی نەبوونی گرێبەندەکەیش واتە بەتاڵبوونەوەی، ئەویش لەبەرئەوە بەڵگەنەویستە بە نەبوونی بەش، هەموو (الکل)یش نامێنێ.

---

[1] بۆ نموونە لە فرۆشتنی ئۆتۆمبیلدا مەرامی راستەوخۆی فرۆشیار بەدەستهێنانی پارەکەیەتی، ئەوەیش لە فرۆشیارێکەوە بۆ یەکێکیتر ناگۆڕێ، بەڵام بزوێنەرەکەیتر لەوانەیە کڕینی ئۆتۆمبێلێکیتر یان کردنەوەی دوکانێك یان کڕینی خانوویەك یان چارەسەری نەخۆشیێك یان ژنهێنان و ئەو شتانە بێ کە لە ژمارە نایەن.

**هۆ لە گرێبەندەکانی بەخشیندا:**

ئەوەی پێشتر باس کرا کە هۆی پابەندی هۆی قەسدییە (مەرامی راستەوخۆ) تایبەت بە گرێبەندەکانی ئاڵوگۆڕە، هەرچی هۆیە لە گرێبەندەکانی بەخشین (تەبەڕوع)دا، شەرعزانان لە سەردەمی مەدرەسیی یاسای رۆمانیەوە بۆ ئەوە چوون بریتییە لە نیازی بەخشین خۆی بەچاوپۆشین لەو بزوێنەرە پاڵنەرەکەی[1]، بەڵام لۆژیکی یاسایی ئەوە رەفز دەکا لەبەرئەوەی نیاز یاخود نیەت سیفەتێکە بە کەسی بەخشەرەوە بەندە و ئەویش وەك بزوێنەری پاڵنەر لە ئاڵوگۆڕەکاندا شتێکی ناوەکییە ، بەڵکو هۆی پابەندی لە بەخشینەکاندا خودی بەخشینەکەیە وەك رەفتارێکی یاسایی تاکەکەسی، کە لە زاراوەی یاسادا پێی دەوترێ ئیرادەی تاکانە، لە زاراوەی فیقهی ئیسلامیشدا پێی دەوترێ رەفتاری تاکانە. هۆی پاڵنەر بۆ بەخشین (واتە تەبەڕوعکردن) شتێکی دەرەکییە کە بەگوێرەی کەسەکان و سروشتی بەخشینەکە دەگۆڕێ، دەشێ پاڵنەرەکە سیلەی رەحم بێ، لەوانەیە ئومێدی بەدەستهێنانی پاداشت بێ لای خوای گەورە، لەوانەیشە مەرامی دنیایی بێ وەك شۆرەت و پڕوپاگەندە و حەزی خۆدەرخستن، هەروەك لەوانەیە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکی مادی و ئەو شتانە بێ.

جەوهەری تیۆرە کلاسیکیەکە ئەوەیە حساب بۆ هۆی پابەندی دەکات و پێی وانیە هۆی بەرژەوەندیی (هۆی پاڵنەر) هیچ ئەسەرێکی لە بوونی گرێبەندا هەبێ مەگەر گرێبەندەکە بەخشینێك بێ مەرجێکی لەگەڵ بێ و ئەوە بزوێنەری رەفتارەکە بێ، وەك لە وەسێت و پێشکەشکردن (الهبة) و ئەو جۆرانە، ئەگەر ئەو بزوێنەرەی لەگەڵ نەبوو بەخشینەکە بەتاڵ دەبێ، لەم حاڵەتانەدا بزوێنەرەکە (الباعث) هۆکەیە[2]، لەم روانگەیەشەوە ئەگەر پیاوێك چەردەیەك پارەی دایە دەزگیرانەکەی

---

[1] أصول الالتزامات، للأستاذ الدكتور سليمان مرقس: ص١٤٧.

[2] الأستاذ الدكتور الصدة، سەرچاوەی پێشوو لا٢٠٦.

بەمەبەستی تەواوکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری، دوای ئەوە دەزگیرانەکەی بەبێ پاساو لە مارەبڕین پاشگەزبوویەوە، پیاوەکە بۆی هەیە پارە بەخشراوەکەی لێ بسەنێتەوە، لەبەرئەوەی بزوێنەرە پاڵنەرەکەی لەگەڵ نیە.

**تیۆرە کلاسیکیەکە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە:**

تیۆرە کلاسیکیەکە لەبارەی هۆ ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ڕەخنە بوویەوە کە پێم وانیە خستنەڕوو و تاوتوێکردنیان بەسوود بێ، تەنها ئەوە دەخەمە ڕوو کە مامۆستا بلانیوك دژی گوتویەتی، بەوەی مەحاڵی لۆژیکی، یان ئەوەی بە زمانی یاساناسان پێی دەوترێ: پێچلێدان بەدەوری دلواکراو (المصادرة على المطلوب)، پێویست دەکا، لەبەرئەوەی هۆی یەکێك لە دوو پابەندییە بەرانبەرەکە پابەندیەکەیترە[1]. دەکرێ ئەو ڕەخنەیە بەم وێنەیە بخەینە ڕوو:

ئەگەر (أ) لەسەر (ب) بوەستێ و (ب) لەسەر (أ) بوەستێ، ئەوا پێویست دەکا (أ) لەسەر (أ) بوەستێ پاش سڕینەوەی دووبارەبووەکە لە ناوەڕاستدا، ئەوەیش پێویست دەکا (أ) هەبێ بەر لەوەی هەبێ، لازم هەروەها مەلزومیش بەتاڵن، ئەویش لە روانگەی ئەو ڕێسا مەنتیقیەی دەڵێ وەستانی هەر شتێك لەسەر ئەوەی لەسەری دەوەستێ، پێویست دەکا شت لەسەر خۆی بوەستێ، لێرەیشەوە پێویست دەکا شت پێش خۆی بکەوێ، لازم هەروەها مەلزومیش بەتاڵن.

ئەم بەڵگەسازییە مەنتیقییە قسە لەسەر ئەوە دەکا کە مەحاڵیی لۆژیکی (مەنتیقی) لە شتە ئیعتیبارییە زەینیەکاندا نیە، بەڵکو لە شتە دەرەکیەکانی دەرەوەی زەینی مرۆڤدا دەبێ، وەك ئەوەی باوك هۆی بوونی کوڕەکەی بێ، هەمان کوڕ دەبێتە هۆیەك بۆ بوونی باوکی. بەڵام وەستانی هەریەك لە دوو پابەندیەکە لەسەر ئەویتر ئەوە لە شتە ئیعتیبارییە زەینییە یاساییەکانە و ئەو لەسەرەوەستانە و هاوشێوەکانی هیچ مەحاڵیەکی مەنتیقییان لێ ناکەوێتەوە.

---

[1] الوسيط ٤٨٧/١.

**تیۆری نوێ (تیۆری قەزا)[1] لە هۆدا:**

مانای ئەم تیۆرە ئەوەیە پێویستە حساب بۆ هۆی پابەندی (هۆی قەسدی) و هۆی گرێبەند (بزوێنەری پاڵنەر) پێکەوە بکرێ، لەبەرئەوەی هەریەکەیان وەزیفەیەکی هەیە لە وەزیفەی ئەویتر جیاوازە. ئەو هۆی پابەندیەی کەسی پابەند مەبەستیەتی پێی بگا، ئەو هۆ تەکنیکیەیە کە دەچێتە ناو پێکهێنانی پابەندی و بە روکنێکی دادەنرێ، ئەمە جگە لەوەی بەشێکە لەو شتەی عەقدی لەسەر کراوە، لەکاتێکدا وەزیفەی هۆی عەقد پاڵنانە بە گرێبەندوانەوە بۆ ئەنجامدانی رەفتارە یاساییەکە بەبێ ئەوەی بچێتە ناو پێکهێنانی پابەندی.

کەواتە هۆی پابەندی وەزیفەکەی تەکنیکییە، لەکاتێکدا هۆی عەقد (گرێبەند) وەزیفەکەی کۆمەڵایەتییە، لەسەر ئەم بناغەیە هۆی پابەندی بە رەگەزێکی بابەتی ناو جەرگەی گرێبەندەکە دادەنرێ و لە یەك جۆری گرێبەندا ناگۆڕێ، بەپێچەوانەی هۆی گرێبەندەکە، کە شتێکی کەسییە و لە دەرەوەی عەقدەکەیە و بەگوێرەی کەسەکان دەگۆڕێ[2].

**هۆ لە یاسای ئینگلیزیدا:**

ئەم یاسایە زاراوەی (ئیعتیبار)ی لەباتیی (هۆ) بەکار هێناوە کە بە چەند پێناسەیەك پێناسە کراوە، لەوانە (ئەوەیە دەویسترێ بەدەست بهێنرێ و لەبەرانبەر

---

[1] هۆی ناونانی بە تیۆری قەزا ئەوەیە قەزا لەکاتی رووبەڕووبوونی لەگەڵ ژیانی کرداریدا، هەستی بەو کەموکوڕییە کردوە کە لە تیۆری کلاسیکیی هۆدا هەیە، بۆیە دەبوو پڕی بکاتەوە، ئەویش بە زیادکردنی هۆی عەقدەکە بۆ هۆی پابەندیەکە، لەبەرئەوەی بزوێنەری پاڵنەری سەرەکی بۆ عەقدکردن ئەگەر نامەشروع بوو بەتاڵ دەبێ، وەك ئەوەی پاڵنەر بۆ بەخشین -بۆ نموونە- دروستکردنی پەیوەندیەکی سێکسی نامەشروع بووبێ و پێ بەخشراویش ئەوەی دەزانی، یان دەیتوانی بیزانێ.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مصادر الالتزام، للأستاذ عبد المنعم فرج الصدة ١/٣٦٤ و پاشتر.

بەڵێندان دەدریٚ)[1]، ئەم مانایە نزیکە لە مانای هۆی پابەندی لە یاسا لاتینیەکاندا. شایانی باسە لە یاسای ئینگلیزیدا لە هەموو رەفتارە یاساییەکاندا ئیعتیبارەکان لەبەرچاو ناگیریێن، لەبەرئەوەی ئەم یاسایە عەقد بۆ سێ جۆر دابەش دەکا:

١- گریٚبەندە تۆمارکراوەکان (ئەحکام و ئیقرارەکان) ئەوانە گریٚبەند نین بە مانا تەقلیدیەکەی، لەبەرئەوەی پابەندیەکانی حوکمەکان هێزی خۆیان لە ریٚکەوتنی دوو لایەنەکە یان رەزامەندیانەوە وەرناگرن، بەڵکو لە یەکێك لە دادگە تایبەتمەندەکانیەوە وەردەگرن، بەهەمان شێوە ئیقراراتەکانیش (یان بەڵێندانە رەسمیەکان) بەڵێنگەلێکن کەسێك بەرانبەر دەسەلاٌتی گشتی پیٚیەوە پابەند دەبیٚ.

٢- گریٚبەندی مۆرکراو (پەسەندکراو)، گریٚبەندێکی شکڵی و مۆرکراوە هێزی پابەندکار (مولزیم)ی خۆی لەو شکڵەوە وەردەگریٚ کە تێیدا دانراوە.

٣- گریٚبەندی سادە، ئەوەیە لە ژیانی ئاسایی رۆژانە لەنێو خەڵکدا بەکار دیٚ، لەوانەیە بنووسریٚ و مۆر نەکریٚ.

جۆری یەکەم و دووەم بۆ جێبەجێکردن و پاراستنی یاسایی پێویستیان بە ئیعتیبار نیە، بەپیٚچەوانەی سێیەم کە بۆ پەیدابوونی، بوونی چەند روکنێکی دیاریکراو مەرجە لەوانە پەیوەستی بە بەهای دارایی (القيمة المالية)[2]، ئیعتیبار رەگەزێکە لە رەگەزەکانی گریٚبەندی سادە و هۆی پابەندی، گریٚبەندی سادە راست و دروست نابیٚ تا ئیعتیباری تێدا نەبیٚ، ئەویش پابەندیی بەرانبەرە کە پیٚی دەوتریٚ هۆی قەسدی یان مەرامی راستەوخۆ[3].

---

[1] نظرية الاعتبار في القوانين الإنكلوسكسونية، توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری: القضاء، ژمارەکانی (١-٤) ی ساڵی ١٩٨١، الدكتور عبد المجيد الحكيم: ص٣١١ و پاشتر.

[2] سەرچاوەی پێشوو: لا ٢٨٣-٢٨٤.

[3] سەرچاوەی پێشوو: لا ٢٨٤ و پاشتر. سبب الالتزام وشرعيته في الفقه الإسلامي (دراسة مقارنة) للأستاذ الدكتور جمال الدين محمد: ص٨١ و پاشتر.

**هۆ لە تیۆری ئیتاڵیدا:**

مانای ئەم تیۆرە ئەوەیە هۆ لە عەقدەکانی ئاڵوگۆڕدا بریتییە لە وەزیفەی هەڵسوکەوتکردنی یاسایی، بە دەربڕینێکیتر ئەو مەرامە ئابوورییەیە کە یاسا دانی پێدا دەنێت و دەیپارێزێ، بۆ نموونە، هۆی پابەندی لە فرۆشتندا ئاڵوگۆڕی دووسەرەی سوودە ئابوورییە یاساییەکانە لەنێوان دوو گرێبەندوانەکەدا، بەچاوپۆشین لە پاڵنەر و مەرامە دەروونییە ناوەکییە شیمانە و گۆڕاوەکان کە پاڵ بە هەردوو لایەنەوە دەنێن بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە ماددییە[1]. هۆ لە عەقدەکانی تەبەڕوعیشدا نیەتی تەبەڕوعکردنە، بۆنموونە هۆ لە (هیبە)دا بریتییە لە نیازی بنبڕ بۆ دەستهەڵگرتن لە ماڵێکی تایبەت بەبێ بەرانبەر بەمەبەستی بەخشینی بە پێبەخشراو بەچاوپۆشین لە بزوێنەری ناوەکی، کە داوای ئەو دەستهەڵگرتنە ماڵییە خۆڕاییەی کردوە[2].

**بەراورد لەنێوان هەردوو تیۆری ئیتاڵی و فەرەنسیدا:**

لە هەندێ رووەوە بەیەک دەگەن لەوانە:

١- هەردوو تیۆرەکە هۆی پابەندی لە هۆی گرێبەند جیا دەکەنەوە.

٢- هۆی پابەندی لە هەردووکیاندا بابەتییە و لە یەک جۆر لە رەفتاری یاساییدا ناگۆڕێ.

لەم روانەیشەوە جیاوازن:

١- هۆی پابەندی لە تیۆرە فەرەنسیەکەدا مەرامی راستەوخۆ یان پابەندیی بەرانبەرە، شتێکە پەیوەندی بە ئیرادەی تایبەتەوە هەیە، لەکاتێکدا تیۆرە ئیتاڵیەکە پەیوەندیی نێوان هۆ و ئیرادە بەدوور دادەنێ، لەبەرئەوەی هۆ تێیدا مەرامە ئابوورییە یاساییەکەیە بەجیا لە ئیرادەی ئەو کەسەی گرێبەندەکە ئیمزا دەکا.

---

[1] بڕوانە: التعبير عن الإرادة في الفقه الإسلامي (دراسة مقارنة بالفقه الغربي)، للأستاذ الدكتور وحيد الدين سوار: ص٤٧٧ و پاشتر.

[2] سەرچاوەی پێشوو: ل٤٨٩.

٢- لە گرێبەندە ناونراوەکاندا گریمانەی بوونی هۆی پابەندی دەکرێ، لەبەرئەوەی رێکخستنە یاساییەکەی قەرینە (واتە بەڵگەی نارِاستەوخۆ)یە لەسەر ئەوە، بەپێچەوانەی عەقدە ناونەنراوەکان. لەبەرئەوە یاسادانەری ئیتالی جەختی لە زەرورەتی بوونی وەزیفەی ئابووریی کۆمەڵایەتی لە گرێبەندە ناونەنراوەکان کردوە تا پاراستنی یاسایی بیانگرێتەوە، وەك لە مادەی ١٣٢٢ی مەدەنیی ئیتالیدا[١] هاتووە: (هەردوو گرێبەندوان بۆیان هەیە هەندێ گرێبەند دابمەزرێنن کە یاسا باسی نەکردون، بەو مەرجەی بەرژەوەندیی ئەوتۆیان پێ بەدیبێ کە بەگوێرەی رێساکانی سیستمی یاسایی ئیتالی شایستەی پاراستن بن)[٢].

مانای پێچەوانەی ئەم دەقە ئەوەیە یاسای ئیتالی گرێبەندە ناونەنراوەکان ناپارێزێ تا وەزیفە ئابووریی کۆمەڵایەتیەکانیان نەسەلمێنن، بەچاوپۆشین لە بزوێنەری دامەزراندنیان.

هەروەها گوتراوی دەقەکە ئەوەیە هەر عەقدێك لە عەقدە ناونراوەکان، گریمانە دەکرێ هۆی پابەندی تێدا بێ با بەراشکاویش نەوترابێ، بەپێی زانیاریی من ئەم جیاوازییە لەنێوان گرێبەندە ناونرلو و ناونەنراوەکان لەلایەن ئەو یاسایانەوە ئاماژەیان پێ نەدراوە کە لەژێر کاریگەریی یاسای لاتینیدان.

**هۆ لە یاسای مەدەنی ئەڵمانیدا:**

لەم یاسایەدا هۆ بوونێکی سەربەخۆی لە دەربڕین (التعبیر) نیە، بۆیە حسابی بۆ ناکرێ تا بەشێك نەبێ لێی، ئەم شوێنکەوتەییە لە رواڵەتەکانی نەزعەی بابەتییە لەم یاسایەدا، بۆیە حساب بۆ هۆ ناکرێ تا دەربڕینەکە لەخۆی نەگرێ. لێرەوە لەرووی ئەسەریان لەسەر دروستیی عەقدەکە و ئەو پابەندیانەی لێی دەکەونەوە جیاوازی لەنێوان هۆی پابەندی و هۆی عەقددا نیە ئەگەرچی لە سروشت و ماهیەتیشدا

---

[١] لە ساڵی ١٩٤٢ی بەرکار کە ئێستا لەئارادایە..

[٢] لە سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە. سبب الالتزام وشرعيته في الفقه الإسلامي: ص٦٩.

جیاوازن، لەم روانگەوە مامۆستا سەنهوری[1] بۆ ئەوە چووە کە ئیرادە لە یاسای ئەڵمانیدا بریتییە لە دەربڕین خۆی.

شایانی باسە یاساناسان لە وڵاتانی عەرەبی –بەپێی زانیاریی من– قسەیان لەسەر هۆی پابەندی لە یاسای ئەڵمانیدا نەکردوە، بەڵکو تەرکیزیان لەسەر هۆی گرێبەند (بزوێنەری پاڵنەر) کردوە لەرووی کاریگەرنەبوونی لەسەر عەقدەکە و پابەندیەکانی، مەگەر تەعبیرەکە بەڕاشکاوی لەخۆی گرتبێ یا نارەوایش بێ و لایەنەکەیتریش بەوەی زانیبێ، ئەم نەزعەیەیش دەقاودەقی نەزعەی فیقهی شافیعییە، وەك پاشتر دەیبینین.

**هەڵوێستی یاسا مەدەنییە نوێکانی وڵاتانی عەرەبی لە هۆ:**

ئەم یاسایانە چارەسەری هۆی پابەندی و هۆی گرێبەندیان کردوە، ئەمە جگە لە دانانی هۆی پەیداکەر بە سەرچاوەی پابەندی، لەو یاسایانە: یاسای مەدەنیی عێراقی[2] کە لە مادەی (١٣٢)دا دەڵێ:

١– گرێبەند بەتاڵ دەبێ ئەگەر گرێبەندوان بەبێ هۆ یان بەهۆیەکی قەدەغە لەرووی یاساییەوە یان پێچەوانەی سیستەمی گشتی یان ئاداب، پابەند بوو.

٢– بەحەتمی وا گریمانە دەکرێ هەموو پابەندیك هۆیەکی رەوای هەیە با ئەو هۆیە لە گرێبەندەکەیشدا باس نەکرابێ، مەگەر بەڵگە لەسەر غەیری ئەوە هەبێ.

٣– بەڵام ئەگەر هۆکە لە گرێبەندەکەدا باس کرا، بە هۆی راستەقینە دادەنرێ تا بەڵگە لەسەر پێچەوانەی ئەوە پەیدا دەبێ.

هەندێ یاسایتری عەرەبیش لە عێراقیەکە نزیکن: یاسای مەدەنی میسری[3]/م١٣٦ وم١٣٧[4]/ سوری[1] م١٣٧ و ١٣٨/ لیبی م١٣٦/ جەزائیری[2] م٩٧ و٩٨/

---

[1] مصادر الحق ٤١/٤.

[2] ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١.

[3] ژمارە ١٣١ی ساڵی ١٩٤٨.

[4] بەڵام مەدەنیی میسری لە مادەی ١٣٧دا ئەمەی زیاد کردوە: (ئەگەر بەڵگە هەبوو لەسەر ←

یاسای پابەندی گرێبەندەکانی مەغریب[3]، فەسڵی٦٢–فەسڵی ٦٥/ مۆریتانی[4] م٨٢–٨٥/ یەمەنی[5] م١٩٩.

یاسای مەدەنیی ئوردنی[6]/م١٦٥ راشکاوانە دەڵێ هۆ مەرامی راستەوخۆ و مەبەستە لە گرێبەندا و پێویستە مەوجود و راست و دروست و موباح بێ و پێچەوانەی سیستمی گشتی و ئاداب نەبێ، واتە بەدەق باسی هۆی پابەندی کردبێ نەك هۆی گرێبەند. یاسای مەدەنیی قەتەری[7]/م٣٥ بۆ مەدەنی تەنها باسی هۆی گرێبەندکردن (بزوێنەری پاڵنەر)ی کردوە. یاسا لوبنانی[8]/م١٩٤ راشکاوانە هۆی پابەندی و هۆی گرێبەندکردنی لێك جیا کردۆتەوە. یاسای کوێتیش[9]/م١٧٦ بەهەمان شێوە.

---

شکڵبوونی هۆکە، پێویستە ئەو کەسەی بانگەشەی ئەوە دەکا پابەندی هۆیەکیتری رەوای هەیە قسەکەی بسەلمێنێ).

(1) کە لە ١٩٤٩/٥/١٨ دەرچووە.

(2) کە لە ١٩٧٥/٩/٢٦ دەرچووە.

(3) لە ١٩٨٦/٦/١٤ دەرچووە.

(4)ساڵی ١٩٨٩.

(5) ژمارە ١٩ی ساڵی ١٩٩٢.

(6) ژمارە ٤٢ی ساڵی ١٩٧٦.

(7) ژمارە ١٦ی ساڵی ١٩٧١.

(8) بەرکاری ئارا. لە دکتۆر (الصدة) وەرگیراوە، پەراوێزی ٣ مصادر الالتزام: لا٢٦٦.

(9) ژمارە ٦٧ی ساڵی ١٩٨٠ کە مادەی ١٧٦ دەڵێ:

(١– گرێبەندەکە بەتاڵ دەبێتەوە ئەگەر گرێبەندوانەکە بەبێ هۆ یان بەهۆیەکی نامەشروع پابەندبوو.

٢– حساب بۆ هۆی بزوێنەری هاندەر دەکرێ کە پاڵ بە گرێبەندوانەوە دەنێ بۆ عەقدکردن ئەگەر گرێبەندوانەکەیتر دەیزانی یان پێویست بوو بزانێ).

**جیاوازیی یاساناسان لە دیاریکردنی مەبەست لە هۆ لە دەقە رەهاکاندا:**

یاساناسان لە میسر و عێراق و شوێنانیتر رای جیاوازیان هەیە لە دیاریکردنی مانای مەبەست لە هۆ لەو دەقە یاساییە باسکراوانەدا، کە ئەو مەبەستەیان روون نەکردۆتەوە، بەڵکو بە رەهایی هاتوون، بەم شێوەیە:

١- هەندێ شەرعزان بۆ ئەوە چوون مەبەست لە هۆ لە مەدەنیی میسری و ئەو یاسایانەیتر کە وەك ئەون بزوێنەری گرێبەندکردنە، لەپێشیانەوە مامۆستا سەنهوری[1]، کە لە شەرحی مادەی ١٣٦ی مەدەنیی میسریی نوێدا بەپوختی دەڵێ: یاسا نوێیەکە لەو دەقەی هێناویێتی دیاری نەکردوە مەبەستی لە (هۆ) چییە، بەڵام بێگومان باوەڕی بە بیرۆزی نوێ هەیە و بیرۆزە کلاسیکیەکە دەخاتە لاوە.. کەواتە لە یاسا نوێکەدا هۆ بزوێنەری پاڵنەرە بۆ گرێبەندکردن نەك مەرامی راستەوخۆ و مەبەست لە گرێبەندەکەدا، کە شتێکی دەروونییە لە دەرەوەی گرێبەندەکە و بە گۆڕینی پاڵنەرەکان دەگۆڕێ[2].

٢- هەندێکیان پێیان وایە مەبەست لە هۆ لە یاسا میسرییە نوێکە و ئەوانەی شوێنپێیان هەڵگرتووە لە داڕێژەرانی یاسای مەدەنیی وڵاتانیتری عەرەبی، بریتییە لە هۆی پابەندی (هۆی قەسدی یان مەرامی راستەوخۆ) و هۆی گرێبەندەکە (بزوێنەری پاڵنەر بۆ گرێبەندکردن) پێکەوە. دادگەی تەمییزی عێراق ئەم ئاراستەیەی وەرگرتووە و بڕیاری داوە[3]: (ئەگەر لە قەواڵەی کۆمپیاڵەکەدا ئەوە باس کرابوو کە بڕە پارەکە برێتیی فرۆشتنی بەشێکە لە بێستانێکدا، دروست نیە حوکم بە بڕەپارەکە بدرێ تا روون نەبێتەوە کە ئەو پشکەی فرۆشراوە لە دایرەی تاپۆ تۆمار کراوە، ئەویش تا

---

[1] سەرۆکایەتیی لیژنەی دانانی پرۆژەی مەدەنیی میسری و عێراقی کرد، بۆ زانیاری زۆربەی یاسا مەدەنییە عەرەبییە نوێکان لەژێر کاریگەریی یاسای مەدەنیی میسریی ئێستادان.

[2] الوسیط ١/٥١٤ - ٥١٥ برگەی ٢٨٩/ مصادر الحق ٤/٢٨.

[3] في ١/١٢/١٩٦٤ قضاء محكمة التمييز المجلد الثاني: ص٦٧.

پابەندیەکە هۆیەکی هەبێ و دانی بەدەلەکە واجب بێ، بەپێچەوانەوە سکاڵاکە رەت دەکرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوکاتە پابەندبوونەکە بەبێ هۆ دەبێ و بەتاڵ دەبێ).

یەکێك لەو هەندێ-یەیش مامۆستا (الصدة)یە کە دەڵێ[1]: لە مادەی ١٣٦ دەردەکەوێ هۆ دوو مەرجی پێویستە:

یەکەم: ئەوەیە هەبێ (واتە مەوجود بێ)، ئەم مەرجە پەیوەندی بە هۆی پابەندیەوە هەیە کە ئەو مەرامە راستەوخۆیەیە کەسی پابەند لەپشت پابەندبوونەکە مەبەستیەتی و پەیوەندی بە هۆی گرێبەندەکە (بزوێنەری پاڵنەر)ەکەوە نیە[2].

دووەم: ئەوەیە رەوا واتە مەشروع بێ، ئەم مەرجە پەیوەندی بە هۆی پابەندی و هۆی گرێبەندەوە هەیە پێکەوە و لە هۆی گرێبەنددا داواکراوە، بە تێبینیکردنی ئەوەی بزوێنەری ناڕەوا نابێتە مایەی بەتاڵکردنەوەی رەفتارەکە تا لایەنەکەیتر پێی نەزانێ کە ئەو بزوێنەرەی لەلا نەبووە، بەڵام ئەم زانینە ناکرێتە مەرج تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێ کە ئەو کەسەی پێداگری لەسەر بەتاڵبوون دەکا، ئەو لایەنە بێ بزوێنەرە نامەشروعەکەی لەلا دروست بووە.

٣- هەندێکیان کەوتونەتە نێو تێکەڵکردن لە تەفسیرکردنی دوو دەقە میسرییەکە (م١٣٦ و ١٣٧)، وەك مامۆستا شەرقاوی[3] کە شوێن (المحل) و هۆی تێکەڵ کردوە،

---

[1] مصادر الالتزام، الدكتور عبد المنعم فرج الصدة: ص٢٦٦ و پاشتر، برگەی ٢٣٢ بەناونیشانی: القانون الحالي (أي المدني المصري الجديد)، مەبەستی لە هۆ هۆی پابەندی و هۆی گرێبەندە. لەوانە مامۆستا: مرقس (أصول الالتزامات ص١٩١ – ١٩٢) کە دەڵێ: (قەزا لە تیۆرە کلاسیکیەکەدا کەموکوریەکی بینی ناچار بوو لەڕێی فرلوانکردنی بیرۆکەی هۆ خۆی، چارەسەری بکا، لەبەرئەوەی تیۆرە کیلاسیکیەکە بۆ نموونە نابێتە مایەی بەتاڵکردنەوەی گرێبەندی فرۆشتن ئەگەر مەرامی کڕیار ئەوە بووبێ ماڵە فرۆشراوەکە بکڕێ تا بیکاتە شوێنی لەشفرۆشی یان قومار، لەبەرئەوەی شوێنی پابەندبوونی هەریەك لە فرۆشیار و کڕیار مەشروعە، هەروەها هۆی پابەندیی هەردووکیشیان، ئەگەرچی هەستی کۆمەڵگە دەخوازێ ئەو عەقدە بە بەتاڵ دابنرێ).

[2] لەبەرئەوەی نەبوونی هۆی گرێبەند بەتاڵبوونی ناسەپێنێ.

[3] الأستاذ الدكتور جميل الشرقاوي في كتابه النظرية العامة للالتزام- الكتاب الأول، مصادر الالتزام: ←

هەروەها هۆی پابەندی و هۆی گرێبەندکردنی تێکەڵ کردوە. رای زاڵ بگرە راست ئەوەیە ئاراستەی دووەم بۆی چووە، کە داڕشتنی دەقەکانی ئەو یاسا عەرەبییە نوێیانەی قسەیان لەسەر هۆ بەشێوەیەکی رەها کردوە، بەڕوونی ئاماژەن بەوەی ئەو هۆیەی هاتووە هۆی پابەندی و هۆی گرێبەندکردن دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی بیردۆزە نوێیەکە پێی دەوترێ بیردۆزی قەزا، قەزایش حساب بۆ هەردوو هۆکە پێکەوە دەکا، هەروەها زۆربەی ئەوەی لە پیادەکردنە قەزاییەکانی تایبەت بە بزوێنەری ناڕەوا هاتووە، لەبەرئەوەی حاڵەتەکانی نەبوونی هۆی پابەندی یان ناڕەوابوونی لەژیانی کرداریدا کەمن، هەروەها لەبەرئەوەی دەستەواژەی (ئەگەر پابەندی هۆیەکی نەبێ) لە م١٣٦ راشکاوە لەوەی مەبەست لە هۆ مەرامی راستەوخۆ (هۆی قەسدی)یە، ئەگینا چۆن مرۆڤی باڵق و ژیر بەبێ بزوێنەرێکی پاڵنەر پابەند دەبێ. ئەمەیش لە م١٣٢ی عێراقیدا روونترە کە دەڵێ: (گرێبەند بەتاڵ دەبێ ئەگەر هاتوو گرێبەندوان بەبێ هۆ پابەند بوو)، هەروەها دەستەواژەی (ئەو هۆیەی لە گرێبەندەکەدا باس کراوە هۆی راستەقینەیە) لە مادەی ١٣٧ی میسریدا، کە بەشێوەیەکی روون و حاشاهەڵنەگر پیشانی دەدا لەو هۆیەدا مەبەست هۆی پابەندییە (مەرامی راستەوخۆ).

## هۆ لە فیقهی ئیسلامیدا:

فیقهی ئیسلامی سەدان ساڵ بەر لە یاسا پێناسەی هەرسێ جۆرەکەی هۆ (پەیداکەر، قەسدی، بزوێنەری پاڵنەر)ی کردوە، وەك لەم روونکردنەوەی خوارەوەدا:

جۆری یەکەم: هۆی پەیداکەر (السبب المنشيء): جۆرێکە لە جۆرەکانی حوکمی دانراو (الوضعي)، لەبەرئەوەی حوکمی وەزعی مەدلولی گوتاری شەرعدانەرە پەیوەست بە رەفتارەکانی مرۆڤ یان رووداوەکان لەڕووی کردنیان بە هۆیەك یان مەرجێك یان رێگرێك[1]، وەك خزمایەتی کە کراوەتە هۆ بۆ میرات و پابەندبوونی خزمی

ص١٩١—١٩٤، ئەوەی وردەکاری بەلاوە گرنگە با سەردانی ئەو سەرچاوەیە بکا.

(1) ئەوەی درێژەی ئەمەی بەلاوە گرنگە با بگەڕێتەوە بۆ ئەم کتێبەمان: أصول الفقه الإسلامي في ←

دارا بە بەخێوکردنی خزمی بێتوانا و نەداری، هەروەها وەك عەقڵ کە کراوەتە مەرجێك بۆ بەرپرسیارێتیی جینائی و دروستیی رەفتارە یاساییەکان، هەروەها وەك شێتی کە کراوەتە رێگرێك لە بەرپرسیارێتیی جینائی و لە دروستیی ئەو رەفتارانەی لە کابرای شێت دەکەونەوە.

زانایانی ئوسولْ فیقه پێناسەی هۆیان کردوە بەوەی: وەسفێکی دیاری رێکخراو (منضبط)ـە شەرعدانەر حوکمێکی لەسەر دادەمەزرێنێ[1]، کە بە بوونی ئەو هۆیە حوکمەکە بەدیدێت و بە نەبوونیشی نامێنێ[2].

**جۆری دووەم: هۆی قەسدی (یان مەرامی راستەوخۆ)**، شەرعزانان بە دەستەواژەی (المقصود)[3] یان (الفائدة) یان (المقصد)[4] بەکاریان هێناوە. پێناسەیان کردوە بەوەی: ئەو مەرامەیە گرێبەندوان مەبەستیەتی بە پابەندبوونەکەی بەدەستی بێنێ. شەرعزانان بەمەرجیان داناوە پابەندی هۆیەکی هەبێ کە رەوا و زانراویش بێ، کۆمەڵێ پیادەکردن (تەتبیقات) لە سەرجەم مەزهەبە فیقهییە

---

نسیجه الجدید (الطبعة التاسعة، ٢/٣٣٦ و پاشتر).

[1] ئەگەر رێگرێك نەبێ.

[2] لە سەرەتای بابەتەکەدا بەدرێژی باسی ئەوە کرا.

[3] لە: الفروق ـی قەرافی (أحمد بن ادریس المالکی)دا رێسای (١٦٥) ٣/١٧١ دەڵێ: (کل سبب لایحصل مقصوده لا یشرع). (واتە: هەر هۆیەك مەبەستەکەی بەدینەهێنێ لە یاسادا دانانرێ). هەروەها لە (قواعد الأحکام في مصالح الأنام)ی عەللامە عز الدین بن عبد السلام ٢/١٢١دا هاتووە: (کل تصرف تباعد عن تحصیل مقصوده فهو باطل). (واتە: هەر رەفتارێك مرۆڤ لە بەدەستهێنانی مەبەستەکەی دوور بخاتەوە بەتاڵە).

هەمان قسە لە: في الأشباه والنظائر في الفروع للسیوطي (جلال الدین بن عبد الرحمن) الشافعي: ٣٢٧لایشدا هاتووە.

[4] لە: مرشد الحیران (م٣٠٥)ی رەحمەتی مامۆستا: محمد قدري باشادا هاتووە: (پێویستە گرێبەندەکە سوودێکی بۆ دوو گرێبەندوانەکەی هەبێ، هەروەها ئامانجێکی شەرعی هەبێ، هەر گرێبەندێك سوودی بۆ دوو گرێبەندوانەکەی نەبێ فاسیدە، هەروەها ئەو گرێبەندەیش کە ئامانجێکی ناشەرعی لەپشتەوە بووە).

ئیسلامیەکاندا هەیە بۆ بەتاڵی گرێبەند لەبەر نەبوون، یان ناڕەوابوون یاخود نەزانراویی هۆکە[1].

**جۆری سێیەم: هۆی پاڵنەر (یان بزوێنەری پاڵنەر)** کە بزوێنەری پاڵنەرە بۆ رەفتارکردن یان ئەوەی پێی دەوترێ مەرامی دوور، جگە لە چارەسەرکردنی بۆ پیادەکردنە فیقهیەکان زانایانی ئوسوڵی فیقە لە باسی کردنەوە و داخستنی بیانوو

---

[1] لەو پیادەکردنانە ئەومیە لە (تبيين الحقائق)ی زەیلەعی (عثمان بن علي) حەنەفیدا ٢/٦٢-٦٣ هاتووە: (ئەگەر ژن خۆی بە شتێك بۆ مێردەکەی پابەند کرد لەبەرئەبەر ئەوەی رێگەی حەجکردنی پێبدا، ئەوە پابەندییەکی بەتاڵە، لەبەرئەوەی فەریزەی حەج لەسەری واجبە و پێویستە مێردەکەی بەبێ عوزر رێگری لێنەکا، ئەگەر رێگری لێکرد تا بەشتێك پابەند بێ بۆی، دەبێتە پابەندییەکی بەتاڵ).

هەروەها لە (جامع الفصولين)ی عەللامە محمود بن إسماعيل ناسراو بە (ابن قاضي سماونة) ١/٢٤٨دا هاتووە:

(ئەگەر ژنەکەی بەکرێ گرت تا نانێکی بۆ بکا بۆ خواردن دروست نیە، لەبەرئەوەی لەرووی ئاینیەوە ئەوە لەسەر ژنەکەی واجبە، بەڵام بۆ فرۆشتن دروستە)، لەبەرئەوەی لەسەری واجب نیە.

لە (البدائع) ٦/٢٦٠٤دا هاتووە:

(ئەگەر ژنەکەی بەکرێ گرت تا مانگانە بە کرێیەکی دیاریکراو خزمەتی بکا دروست نیە، لەبەرئەوەی خزمەتکردنی ماڵ لەسەر ژنەکەیە لەنێوان خۆی و خوادا).

لە (تحرير الكلام في مسائل الالتزامات)ی (حطاب المالكي) ل٤٥دا هاتووە:

(ئەگەر گوتی، ئەگەر وشترە تەرەبووەکە یان کەلوپەلەکە ونبووەکەمت بۆ هێنامەوە فلان شتت دەدەمێ، لەکاتێکدا وشتر و کەلوپەکە لای خۆی بن یان شوێنیان بزانێ، ئەوە لەسەر کەسی پابەند پێویست نیە و بەهۆیەوە حوکم نادرێ لەسەری، گێڕانەوەی ئەوە واجبە لەسەری، هەروەها ئاگەدارکردن لە شوێنەکەی، لەبەرئەوەی لە مەرجەکانی جەعل ئەومیە لەوانە نەبێ کە ئەو کەسەی جەعلی بۆ دەکرێ ناچار یاخود پابەند دەکا).

هەموو ئەم پیادەکردنانە نموونەن لەسەر حاڵەتەکانی نەبوونی پابەندی بە نەبوونی هۆ. سەبارەت بە زانراویی هۆی پابەندی، کاسانی لە (البدائع) ٦/٣٠٣٧دا دەڵێ: (مەرجە فرۆشراو زانراو و نرخەکەی زانراو بێ زانینێك رێ لە سەرهەڵدانی کێشە بگرێ، ئەگەر یەکێکیان بەشێوەیەك نەزانراو بوو کە ببێتە هۆی کێشە، فرۆشتنەکە فاسید دەبێ).

(فتح و سد الذرائع)دا بایەخیان بە لێ توێژینەوەی دلوە و زەرایعیان لەڕووی بوون و نەبوونە مەشروعیەتەوە بۆ چوار بەش دابەش کردوە:

١- زەریعە (ئامراز) و ئامانج (بزوێنەری پاڵنەر) هەردووک رەوان، وەك بەخشینی خەڵات بە قوتابیانی سەرکەوتوو بەمەبەستی پێشخستنی زانستی، بۆیە دەبێ ئەو زەریعەیە بکرێتەوە.

٢- هەردووکیان ناڕەوان، وەك دروستکردنی چەکی کۆکوژ بەمەبەستی دەستدرێژی، بۆیە دەبێ ئەو زەریعەیە دابخرێ.

٣- ئامرازەکە رەوا و ئامانجەکە ناڕەوایە، وەك بەخشین بە ئافرەتێك بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندیەکی ناڕەوا لەگەڵیدا، بۆیە پێویستە حوکمی بەتاڵبوونی بدرێ.

٤- ئامرازەکە لە خۆیدا ناڕەوایە بەڵام ئامانجەکەی رەوایە، بۆنموونە کوشتنی دەستدرێژکار وەك بەرگریکردن لە خۆ یان ناموس یان ماڵ، بۆیە سەرباری ناڕەوابوونی ئەو کردەوەیەی لە بەرگریکردنەکەدا بەکار هاتووە لە خودی خۆیدا، پێویستە ئەو زەریعەیە بکرێتەوە.

**کاریگەریی بزوێنەری پاڵنەری ناڕەوا لەسەر رەفتار:**

شەرعزانانی ئیسلامی سێ ئاراستەیان هەیە:

ئاراستەی یەکەم: شەرعزانانی مالیکی[1] و حەنبەلی[2] رابەرایەتی دەکەن، ئەویش ئەوەیە ئەو رەفتارەی بزوێنەرە پاڵنەرەکەی ناڕەوا بێ بەتاڵە ئەگەر لایەنەکەیتر پێی

---

(1) لە: الفروق (٢/٣٢)ی عەللامە ئەلقەڕاف (احمد بن ادریس)ی مالیکیدا لەژێر ناونیشانی (الفرق الثامن والخمسون بین قاعدة المقاصد وقاعدة الوسائل) دەڵێ: (هەرکات کردەوەی دوور لە خراپە بوو بە ئامراز بۆ خراپە، هەرچی لەو کردەوەیەت هەیە قەدەغە دەکرێ لە زۆر وێنەدا).
پاشان نموونەیەك دێنێ و دەڵێ: (وەك فرۆشتنەکانی وادە (بیوع الاجال) لای خۆمان، جا هەر کەس کاڵایەك بە دە درهەم بفرۆشێ بۆ ماوەی مانگێك، پاشان بەر لە مانگەکە (لە کڕیارەکە)ی بکرێتەوە بە پێنج، ئەمە رێگەیەکە بۆ قەرزکردنی پێنج بە دە بۆ ماوەیەك تا بەوە لە شێوەی فرۆشتندا دەریکەوێ)، واتە مەبەستی قەرزی بەسوودە لە شێوەی کڕین و فرۆشتندا.

(2) لە: إعلام الموقعین (٣/١١١)ی ئیبن قیەمی جەوزی (محمد بن أبي بكر) کە لە گەورە فیقوانانی ←

دەزانی یان دەیتوانی بیزانێ جا چ لە کرۆکی گرێبەندەکەدا باس کرابێ یان نا، ئەم ئاراستەیە لەگەڵ ئاراستەی باو لە یاسا لاتینیەکاندا ڕێك دەکەوێ.

ئاراستەی دووەم: بزوێنەری پاڵنەر هیچ کاریگەریەکی لە ڕەفتاردا نیە مەگەر ئەوەی لەو ڕەفتارەدا رابگەیەنرێ، بە دەربڕینێکیتر تا بەشێك نەبێ لە دەربڕین، ئەمەیش شافیعی[1] رابەرایەتی دەکا و یاسای ئەڵمانی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان لەگەڵی ڕێك دەکەون[2].

---

حەنبەلییە، لەژێر ناونیشانی (العمل تابع للنیة)دا دەڵێ: (نیەت ڕۆح و کرۆکی کارە و ئەمەی دولیی شوێنکەوتەی ئەوە، بەدروستیی ئەو دروست و بە خراپیش خراپ دەبێ، پێغەمبەر (د.خ) دوو وشەی گوتووە کە پڕلوپڕ و چارەسازن و گەنجینەی زانستیان لەژێردایە، کە دەفەرموێ ((إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى)). (واتە: کردەوەکان بە نیەتە و هەرکەس بەگوێرەی نیەتەکەی بۆی حسێبە). لە رستەی یەکەمدا روونی کردەوە کار بەبێ نیەت راست و دروست نابێ لەبەرئەوە هیچ کارێك بەبێ نیەتەکەی نابێ. پاشان لە رستەی دووەمدا روونی کردەوە بکەر لە کارەکەی هیچی نیە جگە لە نیەتەکەی، ئەمەیش پەرستن و مامەڵە و باوەڕ و نەزرەکان و باقیی عەقد و کردەوەکان دەگرێتەوە).

[1] لە کتێبی (الأم)ی شافیعیدا –رەحمەتی خوای لێبێ– ٣/٦٥ هاتووە: (بنچینەی بۆچوونی من ئەوەیە هەر عەقدێك ئەگەر بەرواڵەت راست و دروست بێ بە تۆمەتێك یان بە عادەتی دوو عەقدکارەکە بەتاڵم نەکردۆتەوە و بەگوێرەی دروستیی رواڵەکەی بە دروستم داناوە، هەروەها نیەتم بۆیان پێ باش نەبووە (واتە بە مەکروهی دەزانێ –وەرگێڕ) ئەگەر نیەتەکە دەریکەوتایە فرۆشتنەکەی خراپ (فاسد) بکردایە، هەروەك بەمەکروهی دەبینم پیاوێك شمشێرێك بکرێ بەو مەرجەی پێی بکوژێ، بۆ فرۆشیارەکەشی حەرام نیە بیفرۆشێ بە کەسێك کە لەوانەیە بەستەم کەسێتری پێ بکوژێ، چونکە لەوانەیە پێی نەکوژێ و ئەم فرۆشتنەی بە فاسید دانانێم، هەروەها بە باشی نابینم کەسێك ترێ بە یەکێك بفرۆشێ کە دەزانێ دەیگوشێ و دەیکاتە مەی، بەڵام ئەگەر پێی بفرۆشێ فرۆشتنەکەی بە فاسید دانانێم، لەبەرئەوەی بەحەڵاڵی فرۆشتویەتی و لەوانەیشە نەیکاتە مەی، هەروەها لە خاوەنی شمشێرەکەدا کە لەوانەیە هەرگیز کەسی پێ نەکوژێ. ئەگەر پیاوێك ئافرەتێك بە عەقدێکی دروست مارە بکا و نیازی وابێ تەنها یەك رۆژ یان کەمتر یان زیاتر نەبێ دەستی لێ نەدا، عەقدەکە بە فاسید دانانێم).

[2] مامۆستا سەنهوری لە (مصادر الحق) ٤/١٩ لەژێر ناونیشانی (مشروعیة السبب في القانون الألماني)دا دەڵێ: ناکرێ حساب بۆ بزوێنەر (الباعث) بکرێ ئەگەر لە دەربڕینەکەدا نەبوو، ←

ئاراستەی سێیەم: ئاراستەیەکی ناوەندە لەنێوان ئەو دوو ئاراستەیەی سەرەوەدا، چونکە بزوێنەری پاڵنەری ناڕەوا کاریگەری لە دروستیی ڕەفتار هەیە ئەگەر بەشێك بێ لە دەربڕین یان قەرینەیەك هەبوو دیلالەتی بۆ بکا با لە دەربڕینەکەیشدا بەڕاشکاوی نەوترابێ، وەك ئەوەی سروشتی بابەتی گرێبەندەکە ئاماژەی تێدا بێ بۆ هۆکە و لێی بخوێنرێتەوە، ئەم ئاراستەیە شەرعزانانی حەنەفی ڕابەرایەتی دەکەن[1].

ئەم ئاراستەیە لە ئاراستەکەی شافیعی فرلوانترە لەبەرئەوەی هێندەیان بەلاوە بەسە کە قەرینەیەك (بەڵگە یاخود ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ) هەبێ لەسەر بزوێنەرە پاڵنەرەکە با بەشێکیش نەبێ لە دەربڕینەکە، بەڵام لە ئاراستەی مالیکی و حەنبەلیەکە بەرتەسکترە کە حساب بۆ هۆ بەرەهایی دەکەن بەو مەرجەی لایەنەکەیتر پێی بزانێ.

**ئەنجامگیری:**

لەوەی لەبارەی هۆی پابەندی خستمانە روو چەند ئەنجامێك دێتە دەست، کە دەکرێ بەم شێوەیە پوخت بکرێنەوە:

١- فیقهی ئیسلامی سەدان ساڵ پێش یاسا سێ جۆرەکەی هۆی پێناسە کردوە کە تیۆرە کلاسیکییە لاتینیەکە ئیقراری کردوون و لەسەر یاسای مەدەنیی فەرەنسی

---

تەنانەت ئەگەر ئەو بزوێنەرە بەلای گرێبەندوانەکەیتریشەوە زانراو بێ).

[1] لە جێبەجێکردنەکانی باسکردنی هۆ بەڕاشکاوی بە دەربڕینەکەدا ئەوەیە لە البدائع (٣٠٧٢/٧)دا هاتووە: (ئەگەر قەمەریەیەکی کری (جۆرە کۆترێکە -وەرگێڕ) بەحسابی ئەوەی دەخوێنێ، یان بەرانێکی کری بەو حسابەی قۆچوەشێنە (نطاح)، یان کەڵەشێرێکی کری بەو حسابەی شەڕکەرە، بەلای ئەبوحەنیفەوە فرۆشتنەکە بەتاڵە، ئەوەیش یەکێك لە دوو گێڕانەوەکەیە لە محەمەدەوە، لەبەرئەوەی ئەم سیفەتانە عادەتەن ڕابواردن (تلهي)یان پێ دەکرێ، ڕابواردنیان قەدەغەیە، بۆیە فاسیدبوونی فرۆشتنەکە واجب دەبێ). لە پیادەکردنەکانی دیلالەتی سروشتی شوێن (المحل) لەسەر هۆ وێڕای باسنەکردنی بەڕاشکاوی، ئەوەیە لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە کە فرۆشتنی ئامێرەکانی ڕابواردن لای محەمەد و ئەبی یوسف دانامەزرێ، لەبەرئەوەی بۆ ڕابواردن ساز کراون و بۆ فیسق و فەساد دانراون.

ساڵی ١٨٠٤ و تیۆرە نوێیەکە بنیات نراون. گوتنی ئەوەی ئەم فیقهە هۆ بە مانا یاساییەکەی ناناسێ —لەبەرئەوە لێکەوتنەوەی حوکمە بەرهۆکە لەم فیقهەدا بە بڕیاری شەعدانەر دەبێ— بەوە رەت دەکرێتەوە کە شتەکە لە یاسایشدا هەر بەو شێوەیە، چونکە رۆڵی مرۆڤ تەنها لە ئەنجامدانی هۆکەدایە، هەرچی لێکەوتنەوەی بەرهۆ (ئاسەوارەکان)ـە لەسەری، ئەوە بە بڕیاری یاسادانەر (یان یاسا) دەبێ.

٢– تیۆرە نوێیەکە لە کلاسیکیەکە سەربەخۆ نیە، بەڵکو تەواوکەریەتی.

٣– دەقە یاساییە عەرەبیەکانی تایبەت بە هۆ، هەردوو جۆرەکەی هۆ هەڵدەگرن: هۆی پابەندی (مەرامی راستەوخۆ) و هۆی گرێبەندکردن (بزوێنەری پاڵنەر).

٤– هۆی پابەندی لە رەفتارە یاساییەکاندا خودی رەفتارەکەیە (عەقد یان ئیرادەی تاکانە) نەك مەرامی راستەوخۆ، لەبەرئەوەی ئەمەی دووایی بەشێکە لە رەفتارەکە، بەدەربڕینێکی وردتر بەشێکە لەوەی عەقدی لەسەر کراوە، چونکە هەر بەشێك نابێتە هۆ تا نەبەسترێتەوە بە بەشەکەیترەوە، پاش بەسترانەکە ئێمە لەبەردەم هۆیەکی تەواودا دەبین کە لە هەردوو بەشەکە پێکدێ کە پێی دەوترێ گرێبەند.

لە گرێبەندەکانی بەخشیندا (التبرع) هۆ دەستەواژەی بەخشینە (ئیرادەی تاکانە)، نەك نیەت.

٥– هۆی گرێبەندکردن (بزوێنەری پاڵنەر) لە وێناکردن (التصور)دا پێشخراو و لە بوون و بەدیهاتندا پاشخراوە، لەڕووی وێناکردنەوە مەرام و لەڕووی بەدیهاتنەوە ئامانجە.

٦– بنچینەی پابەندی لە گرێبەندەکانی ئاڵوگۆڕدا ئەوەیە پێی دەوترێ هۆی پابەندی (مەرامی راستەوخۆ)، هەروەك بنچینەی پابەندی لە گرێبەندەکانی تەبەڕوعدا ئەوەیە بەخشەر مەبەستیەتی بەدیبێ لە نزیکبوونەوە لە خوا یان سیلەی رەحم یان گێڕانەوەی چاکە یان بەدەستهێنانی شۆرەت یان پڕوپاگەندە یان حەزی دەرکەوتن و

ئەو جۆرە شتانە. هەرچی هۆکەیەتی بریتییە لە دەستەواژە بەخشین (ئیرادەی تاکانە)، گوتنی ئەوەی هۆکە نیەتی بەخشینە مەنتیقی یاسایی رەتیدەکاتەوە.

٧– گوتنی ئەوەی رەگەزەکانی پابەندی سیانن ئەوانیش شوێن و رەزامەندی و هۆن، مەنتیقی یاسایی رەتیدەکاتەوە، لەبەر زۆر هۆ لەوانە:

أ– رەگەزەکانی هەر رەفتارێك (یان زارلوەیەك) ئەو روکن و مەرجانەیە لەسەریان دەوەستێ، لەو روانگەوە رەگەزەکانی پابەندی شەشن.

ب– رەزامەندی کە کراوەتە رەگەزی پابەندی لە مەرجەکانی کەسی پابەندە ئەگەر هۆی پابەندیەکەی رەفتارێکی یاسایی ئیرادی بێ، لەبەرئەوەی ئەو پابەندیانەی لە رووداو و کارە نائیرادیەکان دەکەونەوە وەك روونە پێویستیان بە رەزامەندیی پابەند نیە.

ج– تێکەلکردنی تێدایە لەنێوان رەگەزەکانی پابەندی و رەگەزەکانی گرێبەنددا.

# بەشی دووەم

## پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە لەسەر بناغەی نەبوونی هۆ

باسی یەکەم: مەرجەکانی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە

باسی دووەم: حوکمەکانی پابەندبوون بە گێڕانەوەی وەرگیراوی ناشایستە.

## دەسپێک

### پێناسەی گێڕانەوەی ناشایستە

ئەم بابەتە لە بابی زەنگینبوون بەبێ هۆ لەژێر چەندین ناونیشاندا چارەسەر کراوە، لەوانە:

١- دان (دفع)ی ناشایستە[1].

٢- درلو بەناهەق[2].

٣- وەرگرتنی ناشایستە[3].

٤- دانی ئەوەی واجب نیە[4].

٥- دانەوەی ئەوەی پێویست نیە[5] و ئەو جۆرانە.

وردترین دەستەواژەیش وەرگرتنی ناشایستەیە (القبض غیر المستحق)، لە زۆر رووەوە، لەوانە:

١- گونجانی لەگەڵ ناونیشانە سەرەکیەکەدا، واتە زەنگینبوون بەبێ هۆ یان بەدەستهێنان بەبێ هۆ، کە لە سیفەتەکانی قەرزارن وەك وەرگرتنی ناشایستە.

---

(1) لەو مامۆستایانەی بەکاریان هێناوە: د.عبد الرزاق السنهوري، الوسيط ١/١٣٤٠.
د.عبد المنعم فرج الصدة، مصادر الالتزام: ص٦٠٣
د.توفيق حسن فرج، النظرية العامة للالتزام ١/٢٩٩.
لەو یاسایانەی بەکاریان هێنا: یاسای مەدەنیی میسری /م١٨١.

(2) لەو مامۆستایانەی بەکاریان هێناوە:
د.حسن الذنون، النظرية العامة للالتزامات: ص٣٢٤ و پاشتر.
لە یاساکان: یاسای مەدەنیی عێراقی م٢٩٢ و پاشتر.

(3) لەوانەی هەڵیانبژاردوە: د.سليمان مرقس، أصول الالتزامات.
لە یاساکان: مەدەنیی ئوردنی م٢٩٦ و پاشتر/ مەدەنیی فەرەنسی م١٣٧٦.

(4) مەدەنیی مۆریتانی م٨٨ و پاشتر.

(5) التقنين اللبناني للموجبات والعقود م١٤٣ و پاشتر.

٢- پابەندی لە ئەستۆی ئەو کەسەدا پەیدا دەبێ کە شتێکی بە ناهەق وەرگرتوە نەك لە ئەستۆی ئەوەی داویەتی.

٣- دان (الدفع) کردەوەی قەرزدەر و پابەندی سیفەتی قەرزارە و نە لەڕووی شەرع و نە لەڕووی یاسا و عورفەوە ناکرێ مرۆڤ پابەند بکرێ بە کردەوەی کەسیتر[1] (دانی ناشایستە)، بەڵکو بە کردەوەی خۆی پابەند دەکرێ (وەرگرتنی ناشایستە).

٤- وەرگــرتن (القــبض) سەرچــاوەی پابەندییــە نــەك دان، لەبەرئــەوەی لــە پیادەکردنەکانی بەدەستهێنان بەبێ هۆ (یان زەنگینبوون بەبێ هۆ)یە.

٥- وەرگرتنی ناشایستە دەربڕینێکە لەگەڵ ئەوەی لە دەقە یاساییەکاندا هـاتووە تەبایە، وەك لە مادەی ١٣٧٦ لـە یاسـای مـەدەنیی فەرەنسـیدا هـاتووە: (هەرکـەس شتێك وەربگرێ شایستەی نـەبێ، پێویسـتە لەسـەری بیگێڕێتـەوە بـۆ ئـەو کەسـەی بەناهەق لێی وەرگرتوە). هەروەها مەدەنیی میسری: (هەرکەس وەك دانەوە شتێکی وەرگرت کە شایستەی نەبوو، پێویستە لەسـەری بیگێڕێتـەوە). هـەروەها یاسـایتری جگە لەم دوانە.

شایستە (**المسـتحق**)[2] اسـم مەفعولـە و لەڕاسـتیدا سـیفەتی شـتە دراوەکـە یـان وەرگیراوەکەیە و ئەگەر مەبەست لە هەردووکیان چـاوگ نـەبێ بـەمانای (المفعـول)، دانەپاڵی بۆ لای دان یان وەرگرتن لەڕووی مەجازەوەیە.

لە داتاشراوەکانی شایستەبوون (الاستحقاق)ە و لە بابی (استفعل)ەیە کە بە چەند مانایـــەك دێ، لەوانـــە: دلواکـــردن[3]، گـــۆڕان (التحـــول)[4] و پرســـیارکردن[5] و

---

[1] مەگەر لەو حاڵەتە هەڵاوێراوانەی یاسا باسی کردون.
[2] بەفەتحی (تاء) اسم مفعولە، بەڵام بە کسری (تاء) اسم فاعلە بۆ قەرزدەر بەکار دێ.
[3] وەك: استجوبە، واتە دلوای وەڵامی لێکرد. استنطقە: دلوای قسەکردنی لێکرد. استخرجە: دلوای دەرچوونی لێکرد. استعطفە: دلوای بووریىنی لێکرد. استغفرە: دلوای لێخۆشبوونی لێکرد.
[4] وەك: استحجر: واتە قوڕ ئەگەر بوو بە بەرد.
[5] وەك: استخبر: واتە دلوای هەواڵی لێکرد.

دەستەمۆکردن[1] و دانانی شت بە هەڵگری سیفەتێك[2] و تەسلیمبوون و ملکەچکردن بۆ واقیع[3] و بیروباوەڕ (الاعتقاد)[4] و وەرگرتنی ماف[5].

مانای گونجاو لەنێو ئەم مانا زمانەوانیانەدا بۆ مانا زاراوەییەکەی بریتییە لە دانان (العد) و بوون (الصیرورة)، دەوترێ ماڵەکە بۆ (أ) شایستەیە ئەگەر بەمافی ئەو دادەنرا، یان بووبووە مافی ئەو، هەروەها ناشایستەیە بۆ (ب) ئەگەر بە مافی ئەو دانەدەنرا یان نەبووبووە مافی ئەو.

شایستە و ناشایستەیش دوو شتی بەرانبەرن و بەرانبەربوونیشیان بە ئیجاب و بە سەلبە[6]. ناشایستە (غیر المستحق) لە یاسادا ئەوەیە دانەوەی، جێبەجێکردنی پابەندییەکە هۆکەی بەدینەهاتووە یان پاش ئەوەی بەدیهاتوە نەماوە، یان بەدیهاتووە و هێشتایش بەڵام کاتەکەی نەهاتووە. هەروەك ناشایستە بەوەیش دەوترێ کە دەرکەوتوە مافێکی واجبی کەسیترە، یان هەڵگرتنی خاوەندارێتیی شتێکە بە سەلماندنی خاوەندارێتیەکی پێش ئەوە[7].

---

[1] واتە بۆ ئەوەی لە بابی افعل-یە و دەوترێ: لیقظتە فاستیقظ.

[2] وەك: استسمن الغنم: واتە مەڕەکەی بەقەڵەو دانا.

[3] ئەگەر کەسێك لەکاتی کوستکەوتندا بڵێ: انا لله وانا الیه راجعون. پێی دەوترێ (استرجع)، واتە (انا لله وانا الیه راجعون)ی کرد.

[4] دەوترێ: استکرمت خالدا: واتە وامزانی بەڕێزە.

[5] دەوترێ: استوفی الدائن دینه: واتە قەرزەکەی برد و وەریگرتەوە.

بڕوانە: حاشیة الصبان علی الاشمونی علی الفیة ابن مالك، ١٣٠٥هـ: ١٩٧/٤.

[6] بەرانبەربوون دەشێ بەدژیەکی بێ وەك سپێتی و ڕەشێتی، دەشێ بە بوون و نەبوون بێ وەك کوێری و بینایی و زانین و نەزانین و کوێری تەنها بۆ شتێك بەکار دێ کە چاوی هەبێ، هەروەها نەزانیش تەنها بەرانبەر زانین بەکار دێ.

[7] لە: الشرح الصغیر للدردیر مع حاشیة الصاوي في الفقه المالکي ٢٠٢/٢دا هاتووە: (شایستەبوون هەڵگرتنی خاوەندارێتیی شتێکە بە سەلمانی خاوەندارێتیی پێشتری و حوکمەکەی واجببوونە (واتە پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە) ئەگەر مەرجەکانی هاتبوونە جێ).

**بناغەی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە:**

زۆر کەس بناغە و سەرچاوە[4]، یان بناغە و رەگەز تێکەڵ دەکەن، لەکاتێکدا بناغە بریتییە لە عیللە یان حیکمەت یان فەلسەفە[5].

لە روانگەی ئەوەی باسمان کرد، بناغەی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە (واتە ئەو شتەی بەناهەق دراوە)، نەبوونی هۆیەکی رەوایە بۆ ئەو شتەی وەرگیراوە.

**سەرچاوەی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە:**

یاساناسان رای جیاوازیان هەیە لە دیاریکردنی ئەم سەرچاوەیەدا، هەندێکیان گوتویانە بریتییە لە وەرگرتنی ناشایستە، هەندێکیان گوتویانە بریتییە لە دانی ناشایستە وەك پێشتر ئەوە روون کرایەوە، هەروەها روونمان کردەوە کە دەربڕینی ورد بریتییە لە وەرگرتنی ناشایستە یان بەدەستهێنان بەبێ هۆ وەك لە یاسای مەدەنیی عێراقیدا، یان زەنگینبوون بەبێ هۆ وەك لە مەدەنیی میسری و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان.

هەروەها روونمان کردەوە کە بەپێی لۆژیکی یاسایی سەرچاوەی هەموو پابەندیەك یاسا یاخود شەرعە، لەبەرئەوەی پابەندی لە حوکمە تەکلیفیەکانە، حوکمی تەکلیفیش تەنها لە دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەبێ، چونکە بۆ پابەندییە یاساییەکان سەرچاوە یاسا و بۆ پابەندییە شەرعیەکانیش سەرچاوە شەرعە.

لە شەریعەتی ئیسلامیدا سەرچاوەی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە قورئانە، وەك خوا دەفەرموێ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ﴾[1] ﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا﴾[2].

---

[4] دەوترێ: بنچینەی ئەم مافە یاسایە لەکاتێکدا یاسا سەرچاوەیە، هەروەك دەوترێ: بنچینەی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی بریتییە لە هەڵە یان زیان، لەکاتێکدا هەردووکیان لە رەگەزەکانی ئەو بەرپرسیارێتیەن.

[5] ئەم سێ لەفزە هاومانان.

[1] سورة النساء /٢٩

سـونەتی پێغەمبـەریش ئەمـە دووپـات دەکاتـەوە، وەك پێغەمبـەر (ﷺ) دەفەرموێ: **"على اليد ما اخذت حتى تؤديه"**[3]. (واتە: دەست ئەوەی وەریدەگرێ ئەمانەتە لەسـەری تـا دەیگەیەنێتـە جێـی خـۆی). دەسـت (اليـد) لـە حەدیسـەکەدا دەستی ئەمانەت[4] و دەستی گەرەنتی[5] دەگرێتەوە.

**پەرەسەندنی مێژوویی مافی گێڕانەوەی ناشایستە و پابەندبوون بە گێڕانەوەی:**

ئەم بیرۆکەیە بەچەندین پەرەسەندن و قۆناغدا تێپەڕیوە کە دەکرێ بەم شـێوەیە کورت بکرێتەوە:

**أ- لە یاسای رۆمانیدا:**

بیرۆکەی گێڕانەوەی ناشایستە و پابەندبوون بە گێڕانـەوەی لـە یاسـای رۆمانیـدا، لەسەر بنچینەی دادپەروەری و رەچاوکردنی لەو قەرزانەدا دەرکەوت، کە رێگرێکیـان تێدایە بەریەسـتە لەبـەردەم بـەکارهێنانی دەعـوای شایسـتەبوون لەلایـەن قـەرزدەر (المقرض)ەوە، کە ئەویش داوایەکی عەینییە بۆ گێڕانەوەی بەهای قەرزەکە، بۆ ئـەم مەبەستە دەعوایەکی شەخسیی رووتی بە قەرزدەر بەخشیوە (واتە تێیـدا پێویسـت نیە هۆکەی باس بکرێ).

پاشان ئەم جۆرە دەعوایـەی بـە هـەر کـەس بەخشـیوە کـە قـەرزێك دەداتـەوە لەئەستۆیدا نەبووە لەو رووەوە باوەڕی وابووە قەرزاری ئەو کەسەیە قەرزەکەی پـێ

---

[2] سورة النساء /٥٨

[3] رواه احمد في مسنده٥/٨ و١٣ من حديث سمرة بن جندب. وابن ماجة في سننه ٢/٨٠٢ بـاب العاريـة. والحاكم في مستدركه ٢/٥٥ برقم ٢٣٠٢.

[4] وەك دەستی بخواز (المسـتعير) یـان بـەکرێگر، پێویسـتە پـاش تـەواوبوونی مـاوەی خواسـتن و بەکرێدانەکە، شتە خوازراو و بەکرێگیراوەکە بگەڕێنرێتەوە.

[5] وەك دەستی زەوتکار و پێویسـتە لەسـەری شـتە زەوتکـراو (المغصـوب)ەکە بگێڕێتـەوە ئەگـەر مابوو، ئەشمابوو بەدەلەی لە هاوچەشن ئەگەر هاوچەشن بوو، یان نرخەکەی ئەگەر بەهایی بوو، یان هاوچەشن بوو و لە دەستی خەڵکدا نەمابوو.

دەداتەوە. هەروەها لەم حاڵەتەدا پابەندیی کەسە وەرگرەکەی وەسف کرنوە بەوەی پابەندیەکە لەو پابەندییە دەچێ کە لە عەقد پەیدا دەبێ، پاشان لە سەردەمی جستنیاندا دەعوای گێڕانەوەی ناشایستە فراوانتر بوو و ئەم دەعوایانەیشی گرتەوە:

١- داوای گێڕانەوەی ئەوەی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرانبەرەکەی بە کەسیتر دراوە، بەڵام ئەو مەبەستە بەدی نەهاتووە[1].

٢- داوای گێڕانەوەی ئەوەی بە کەسیتر دراوە وەك جێبەجێکردنی پابەندیەك کە هۆکەی پێچەوانەی ئاداب بووە[2].

٣- داوای گێڕانەوەی ئەوەی بووەتە مایەی دەوڵەمەندبوونێکی نایاسایی[3].

٤- داوای گێڕانەوەی ئەوەی لەبەر هۆیەکی وەهمی یان هۆیەك دراوە کە چاوەڕوان دەکرا بەدیبێ، پاشان نەبوو، یان پاش بوونی نەما[4].

**ب- لە یاسای مەدەنیی فەرەنسیدا (کۆن و نوێ):**

یاسای مەدەنیی فەرەنسیی کۆن لە یاسای ڕۆمانیەوە هەندێ لە دەعواکانی گێڕانەوەی ئەو ماڵەی بەناهەق دراوە بەمیرات بۆ ماوەتەوە و تا سەردەمی ڕۆما[5] درێژەی کێشاوە، پاشان لەئەنجامی دەرکەوتنی بنەمای دەسەڵاتی ئیرادە لە سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر دەستی کەنەسیەکان، هۆ بوو بە ڕوکنێکی بایەخدار لە گرێبەندەکاندا و بەوپێیە لەو گرێبەندانەی بۆ هەردوولا پابەندکارن، هەردوو گرێبەندوان

---

[1] وەك ئەوەی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە پابەندی خۆی جێبەجێبکا لەکاتێکدا مەحاڵ بێ ئەویتریان پابەندیی خۆی جێبەجێ بکا.

[2] وەك ئەوەی پارەیەك بدرێتە دزێك تا دزراوێك بۆ لێ دزراوێك بگێڕێتەوە، لەبەرئەوەی گێڕانەوەی لەسەری واجبە.

[3] وەك لە دەعواکانی گێڕانەوەی ئەو سوودانەی رادەی ڕێپێدراویان لە یاسادا تێپەڕاندوە.

[4] الاثراء على حساب الغير في تقنينات البلاد العربية، للاستاذ مرقس: ١/٥-٧.

الاثراء بلا سبب على حساب الغير كمصدر للالتزام في القانون المدني المصري، للاستاذ الشرقاوي: ص٢٢-٢٣.

[5] واتە تا سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەیەم.

پابەند کران ئەوەی بەگوێرەی عەقدێکی بەتاڵ بەدەستیان هێناوە[1]، بیگێڕنەوە. لێرەیشەوە بایەخی دەعواکانی گێڕانەوەی ئەوەی بەناهەق درلوە دای لەکزی، لەبەرئەوە یاسادانەرانی ناپلیۆن بوارێکی زۆر کەمیان بە دەعواکانی گێڕانەوەی ئەوەی بەناهەق درلوە، دلوە و تەنها ئەوەیان جێگیر کردوە کە لە م/١٢٣٥/١[2] دا هاتووە: (هەموو دانەوەیەك بوونی قەرزێك دەخوازێ و هەر شتێك بدرێ بەبێ ئەوەی دانەوەی قەرزێك بێ، قابیل بە گێڕانەوەیە). هەروەها لە م/١٣٧٦دا هاتووە: (ئەوەی شتێك وەردەگرێ شایستەی نیە پێویستە بیگێڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی بەناهەق لێی وەرگرتوە). پاشان لە مادەکانی (١٢٧٧–١٢٨١)[3]دا حوکمەکانی ئەم پابەندییەیان چارە کردوە بەبێ ئەوەی بنەما گشتیەکە جێگیر بکرێ: (بنەمای نادروستیی دەوڵەمەندبوون لەسەر حسابی کەسیتر و بەبێ دانانی پەیوەندییەك لەنێوان ئەم بنەمایە و حوکمەکانی دانی ئەوەی پێویست نیە)[4].

**ج- لە شەریعەتی ئیسلامیدا:**

شەریعەتی ئیسلامی پێشی سەرجەم یاسا وەزعیەکانی داوەتەوە لە تیۆرتەولویی چارەکردنی پابەندبوون بە گێڕانەوەی هەر قەرزێك لە ئەستۆی مرۆڤدایە و هەر ماڵێك کە لەلایەتی هەرکات وادەی دانەوەی قەرزەکە هات یان لەلامانەوەی ماڵەکە رەوایی نەما، چ کەسە شایستەکە داوای گێڕانەوەی بکا یان نەیکا، هەروەها لەبەردەم دادگەدا ساغ بووبێتەوە یان نا مادام لە واقیعدا هەیە، لەبەرئەوەی لە ئیسلامدا سەنگی مەحەك راستی و واقیعە، هەروەها چ کاتی زۆری بەسەردا چووبێ یان نا، لەبەرئەوەی لە شەریعەتی ئیسلامیدا ماف بە کۆنبوون (التقادم) ناکەوێ، بەڵکو تەنها دەعواکەی

---

[1] لەبەر نەبوونی هۆکەی یان نامەشروعبوونی هۆکە.

[2] لە لقی یەکەمی فەسڵی یەکەمی بابی یەکەم.

[3] لە بابی یەکەم لە کتێبی چوارەم لە یاسای مەدەنی فەرەنسی، بەعەرەبیکردنی ریفاعەت بەگ و عەبدولا بەگ.

[4] اصول الالتزامالت، للاستاذ مرقس: ص٥٠٤ و پاشتر.

دەکەوێ، ئەم راستیانە لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا جێگیر کراون، لەوانە: ﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا﴾.

کەواتە هەر قەرزێك لە ئەستۆی مرۆڤدا بێ، هەرماڵێك لەلای بێ و هی کەسیتر بێ، ئەمانەتن و پێویستە بۆ خاوەنە شەرعیەکانیان بگێڕدرێنەوە. کتێبە فیقهیەکانی سەرجەم مەزهەبە فیقهییە ئیسلامیەکان پڕن لە پیادەکردنەکان (تطبيقات)ی گێڕانەوەی ئەمانەت بۆ خاوەنەکەی و پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە، لەوانە: (لو ظن ان عليه دينا فبان خلافه رجع بما أدى)[١] (واتە: ئەگەر وا گومانی برد قەرزێکی لەسەرە و روون بوویەوە وانیە، ئەوەی داویەتی دەیگێڕێتەوە)، ئەویش بەگوێرەی رێسای: (لا عبرة بالظن البيّن خطؤه)[٢]. واتە: حساب بۆ گومانێك ناکرێ هەڵەبوونی ئاشکرا بێ.

**د- لە یاسا مەدەنییە نوێکانی وڵاتانی عەرەبیدا:**

دەقەکانی ئەو یاسایانە بەشێوازێکی لێك نزیك یان کۆك بابەتی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستەیان چارە کردوە، ئەویش لەسەر بناغەی ناشایستەبوون و رەگەز و حوکمەکانیان تاوتوێ کردوە.

---

[١] مجمع الضمانات لأبي محمد غانم بن محمد البغدادي ص٤٥٤، غمز عيون البصائر، شرح الاشباه والنظائر للحموي ١/١٩٤.

لە مرشد الحيران ( م٢٠٢)دا هاتووە: (ئەگەر کەسێك فەرمانی بەکەسێکیتر کرد قەرزەکەی بۆ بداتەوە پاشان فەرمانکارەکە خۆی قەرزەکەی دایەوە بەقەرزدەرەکە و فەرمانپێکراوەکەیش هەر دایەوە، فەرمانپێکراوەکە بۆی هەیە ئەوەی داویەتی لە وەرگرەکە وەریگرێتەوە نەك لە فەرمانکارەکە، جا ئەگەر فەرمانپێکراوەکە سەلماندی ئەو پاش فەرمانەکە و بەر لەوەی فەرمانکارەکە بیداتەوە قەرزەکەی داوەتەوە، ئەوا بۆی هەیە لە کامیانی ویست وەریبگرێتەوە، چ وەرگرەکە یان فەرمانکارەکە).

[٢] المجلة م٧٢. ئەم سێ یاسایە بابەتەکەیان لەژێر ناونیشانی (الالتزامات الناشئة عن أشباه العقود)دا چارە کردوە.

لەو یاسایانە: مەدەنیی عێراقی م٢٣٣–٢٤٤، میسری م١٨١–١٨٧، سوری م١٨٢–١٨٨، التقنين اللبناني للموجبات والعقود م١٤٣–١٤٦، لیبی م١٨٤–١٩٠، کوێتی م٢٦٤–٢٦٨، تونسی فەسڵی ٧١–٨١، مەراکیشی م٦٦–٧٦، مۆریتانی م٨٦–٩٦[1]، یەمەنی[2] م٣٢٢–٣٢٦، قانون الالتزامات والعقودی مەغریبی[3] فەسڵی ٣٠٦–٣١٠، جەزائیری[4] م١٤٣–١٤٩، قەتەری م٨١–٨٨ ، پرۆژەی مەدەنیی عێراقیی نوێ[5] م٤٥٢–٤٥٨، مەدەنیی میسریی کۆن م١٤٥/٢٠٦، پرۆژەی بەرایی مەدەنیی میسریی نوێ م٢٥٠/٣٢١.

ئەم دەقە یاساییانە گرنگترین رەگەزەکانی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە و گرنگترین حوکمەکانی لەسەر بناغەی ناشایستەبوونیان، تاوتوێ کردوە. لە خستنەڕووی ئەو رەگەز و حوکمانەدا هەندێکیان کۆک و هەندێکیان لێک نزیک و هەندێکیشیان ناکۆکن، لەگەڵ ئەوەیشدا لە رەگەز و حوکمەکاندا هەندێ خاڵ هەن لەسەریان کۆکن.

**پلانی لێکۆڵینەوە:**

ناونیشانی بەشی دووەم بریتییە لە پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە لەسەر بنچینەی نەبوونی هۆ، پابەندبوونیش بە گێڕانەوەی وەرگیراوی ناشایستە (بەناهەق وەرگیراو) لەسەر مەرجگەلێك دامەزراوە کە هەبوونیان هەندێ حوکم (ئەسەر)ی لێ دەکەوێتەوە، لەبەرئەوە باسێکی سەربەخۆ بۆ دیراسەکردنی هەریەك لە رەگەز و حوکمەکان تەرخان دەکرێ.

---

[1] ژمارە (١٩)ی ساڵی ١٩٩٢.

[2] لەژێر ناونیشانی (بطلان الالتزامات وابطالها).

[3] ژمارە (٧٥) کە لە ١٩٧٥/٩/٢٦ لەژێر ناونیشانی (الدفع غير المستحق)دا دەرچووە.

[4] ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٧١ لەژێر ناونیشانی (الكسب دون سبب).

[5] هی ساڵی ١٩٨٥ کە تائێستا روناکی نەدیوە و حاڵی حازر لەژێر ناونیشانی (الكسب دون سبب)دا فەرامۆش کراوە.

# باسی یەکەم[١]:
# مەرجەکانی پابەندبوون بە گێڕانەوەی ناشایستە

لەبەر تیشکی پیادەکردنە کرداریەکانی ئەم مەرجانەدا، توێژەر پێی وایە بۆ سێ خاڵ دەگەڕێنەوە:

ئەوەیە وەرگرتنەکە وەك دانەوە بووبێ

ئەوەیە دانەوەکە لە ئەنجامی هەڵەیەك بووبێ[٢]

رێگرێك نەبێ لەبەردەم گێڕانەوە و بۆ گێڕانەوە (الاسترداد و الرد)[٣]

لەبەرئەوە خواستێکی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر مەرجێك تەرخان دەکرێ.

---

[١] باسی دووەم حوکمەکانی وەرگرتنی ناشایستەیە، لەو رووەیشەوە ئەم حوکمانە بەپێی جیاوازیی نیەتپاکی و نیەتخراپیی وەرگر دەگۆڕێن، بۆ سێ جۆر دابەش دەبن: یەکەمیان تایبەتە بە حاڵەتی نیەتپاك، دووەم بە حاڵەتی نیەتخراپ، سێیەمیش حوکمی هاوبەشە لەنێوان هەردوو حاڵەتەکەدا، لەبەرئەوە باسی دووەم بۆ سێ خواستیش دابەش دەبێ، هەریەکەیان بۆ حاڵەتێك لە حاڵەتەکان تایبەت دەکرێ.

[٢] مامۆستامان دکتۆر حسن الذنون: النظرية العامة للالتزامات ص٣٢٦.

[٣] زۆربەی فیقوانانی یاسا تەنها باسی دوو مەرجی یەکەمیان کردووە و لەکاتی چارەسەرکردنی بابەتەکەدا باسی مەرجی سێیەمیان کردووە، بەڵام وێڕای گرنگیەکەی لە چوارچێوەی مەرجەکانیان حسێب نەکردووە. مامۆستا مەرقەس لە (الاثراء علی حساب الغير ٢/٢٩) وای داناوە مەبەستی تەبەروعکردن مەرجی سێیەمە. بەڵام ئەم کارە لەگەڵ مەنتیقی یاساییدا ناگونجێ لەبەرئەوەی هەڵە و مەبەستی تەبەروعکردن دژیەکن و کۆنابنەوە، چونکە هەر هەڵەیەك (غلط) نەبوونی مەبەستی بەخشین پێویست دەکا، لەبەرئەوەی مەرجی دووەم لە سێیەم بێنیاز دەکا.

# خواستی یەکەم:
# ئەوەیە وەرگرتنەکە وەک دانەوە بووبێ

یاساناسان لە وڵاتانی عەرەبی بە شێوە و ناونیشانی جیاواز لەم مەرجەیان کۆڵیوەتەوە[1]، ئەگەرچی لە ناوەڕۆك و ئاکامیشدا لێك نزیکن. لە کۆی ئەوانە شێوەیەکی نوێم لەڕووی دەربڕینەوە ئەنجامگیری کردوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەوانە لەڕووی مانا و مەبەست و پیادەکردنەکانەوە بۆی چوون.

مەرجی وەرگرتن وەك دانەوە (التسلم علی سبیل الوفاء) لە زۆربەی یاسا مەدەنییە عەرەبییە نوێکاندا بەدەق باس کراوە، لەوانە:

مەدەنیی میسری م١٨١: (هەرکەس وەك وەرگرتنەوە شتێك وەربگرێ شایستەی نەبێ، پێویستە لەسەری بیگێڕێتەوە).

ئەم یاسایانەیتریش ڕێك وان: یاسای مەدەنیی سوری م١٨٢، لیبیی م١٨٤، لوبنانی م١٤٣، یەمەنی م٣٢٢، مۆریتانی م٨٦، جەزائیری م١٤٣، کوێتی م٢٦٤، تونسی فەسڵی ٧١، هەروەها مەدەنیی فەرەنسیش ڕێك وەك ئەوە م١٣٧٦[2].

---

[1] بڕوانە: الاستاذ الدكتور السنهوري، الوسيط ١/١٣٤٠-١٣٨٣.

الاستاذ الدكتور حسن الذنون، النظرية العامة للالتزامات مصادر الالتزام -احكام الالتزام- اثبات الالتزام ص٣٢٤-٣٢٧.

الاستاذ الدكتور سليمان مرقس، الاثراء على حساب الغير في تقنينات البلاد العربية ٢/١٧-٣٩، واصول الالتزامات: ص٥٢٨-٥٣٤.

الاستاذ الدكتور صلاح الدين الناهي، القانون المدني العراقي الكسب دون سبب والفضالة كمصدرين للالتزام ص١٤٣-١٤٦.

الاستاذ الدكتور عبدالمنعم فرج الصدة، مصادر الالتزام: ص٦٠٣-٦٠٧.

[2] دەقەکەی دەڵێ: (هەرکەس شتێکی وەرگرت شایستەی نەبوو، پێویستە لەسەری بیگێڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی بەناهەق لێی وەرگرتوە).

دانەوە رەفتارێکی یاساییە تێیدا ئیرادەی قەرزدەرەوە روو دەکاتە دانەوەی ئەوەی گومانی وایە لەئەستۆیدایە[1]. دانەوە (الوفاء)یش دوو ناوەرۆکی هەیە تایبەت گشتی:

**أ– دانەوە بەمانا تایبەتەکەی:** دانەوەی شوێنێکی[2] ئەسڵیی پابەندییە وەك ئەوەی کڕیار ئەو پارەیەی لە فرۆشتنەکەدا لەسەری رێك کەوتوون بداتە فرۆشیار، بەمە دەوترێ دانەوەی ئاسایی (الوفاء العادي).

**ب– دانەوە بەمانا گشتیەکەی:** دانەوەی شوێنێکی ئەسڵیی پابەندییە، یان شتێك کە هاوتای بێ.

مەبەست لەو مەرجەی باس کرا ئەم مانایەی دووەمە، بەبەڵگەی ئەوەی کراوەیی (ئیتلاق)ی ئەو دەقە یاساییە ئاماژەپێدرلوانەی لەمەڕ وەرگرتنی ناشایستە هاتوون، کە نە شێوەیەکی دیاریکراویان لە شێوەکانی دانەوە و نە هیچ شێوەیەك لەو شێوانەی دانەوەیان پێ بەدیدێ، دیاری نەکردوە، بەڵکو مەبەست لە کۆی ئەو دەربڕینانەی لە دارشتنی رێسای تایبەت بە دانەوەی ناشایستەدا بەکار هاتوون، رێسایەکی هەمەگیر بووە بۆ زیاتر لە حاڵەتێك[3].

رێسا گشتیەکە دەڵێ: (رەها بە رەهاییەکەی دەڕوا تا بەڵگەیەك بۆ سنووردارکردنی بە دەق یان بە ئاماژە پەیدا دەبێ)[4]. هەروەها مادەی (٧٤/٧٩)ی یاسای مەدەنیی تونسی و مەراکیشی جەختیان لەم گشتاندنەی دانەوە کردوە، کە بەدەق دەڵێن: (ئەو ئەدایەی لە فەسڵەکانی پێشوودا باس کراوە یەکسانە بە دانی شتێك لە بەرانبەریدا، یان دانی بەڵگەنامەیەك تێیدا، یان دانی رەسمێك دانی پێدا نابێ

---

[1] مەرج نیە ئەم گومانە لەگەڵ واقیع بێتەوە، چونکە گومانێکیش دەگرێتەوە کە هەڵەبوونەکەی روونە، وەك لە دانی ناشایستەدا.

[2] زۆر لە فیقوانانی یاسا دەستەواژەی شوێن (المحل) بۆ بابەتی پابەندی بەکار دێنن، ئەوەیش وەك پێشتر لە شوێنی خۆیدا روون کرایەوە، هەڵەیە.

[3] مجموعة الاعمال التحضيرية للمدني المصري الجديد ٤٩٩/٢.

[4] مجلة الاحكام العدلية م/٦٤.

یان هەر بەڵگەیەکیتر کە بڕیار لە بوونی پابەندی یان لێ پاکبوونەوەی بدات)، واتە دانەوەکە بە بەرانبەر بێ و دەستەبەریەکی تایبەت بۆ گەرەنتیکردنی دانەوەکە رێك بخرێ و دان بە قەرزەکەدا بنرێ، یان قەواڵەیەکیتر کە مەبەست لێی بوونی پابەندی یان پاکبوونەوە ئەستۆ لێی مەبەست بێ، کە هەموویان لەجێی دانەوەن. لە روانگەی ئەو (ئیتلاق)ەوە دانەوە، دانەوەی ئاسایی و دانەوە بە بەرانبەر دەگرێتەوە.

## سروشتی دانەوە بە بەرانبەر :

لەبارەی سروشتی دانەوە بە بەرانبەر (الوفاء بمقابل)، تیۆری جیاواز هاتوون و رای جیاواز گوتراون، گرنگترینیان ئەمانەن:

أ- دانەوە بەرانبەر بە نوێکردنەوەیەك بە گۆڕینی قەرزەکە، ئەویش بە گۆڕینی شوێنەکەی (واتە بابەتەکەی) ئەگەر قەرزدەر رازی بوو بە بەسەرچوونی مافە کۆنەکەی بەرانبەر پەیدابوونی قەرزێکی تازە کە شوێنەکەی جیاواز بێ لە شوێن (بابەت)ی پابەندیی یەکەم[1].

ب- دانەوە بەرانبەر دانەوە (الوفاء بمقابل وفاء)، بەڵام ئاسایی نیە و بە گۆڕینی قەرزەکە بە نوێکردنەوە دانانرێ، لەبەرئەوەی نوێکردنەوە دامەزراندنی پابەندیەکی نوێ لە جێی پابەندییە کۆنەکە پێویست دەکا، لەکاتێکدا دانەوە بە بەرانبەر تەنها یەك پابەندی تێدایە، ئەویش پابەندییە ئەسڵیەکەیە و شتە ناشایستەکە خۆی لە ئەسڵدا جێبەجێکردنی ئەو پابەندیەیە.

ج- دانەوە بەرانبەر فرۆشتنێکە قەرزشکاندنەوە (المقاصە)ی بەدوادا دێ و قەرزارەکە هەقەکەی سەری لەباتیی پارە بە ماڵێکی وەك خانوبەرە یان ماڵی

---

[1] وەك یاسای مەدەنیی میسری لە م٧٨٣یدا ئاماژەی پێداوە کە دەڵێ: (ئەگەر قەرزدەر رازی بوو لەباتیی قەرزەکە شتێکیتر وەربگرێتەوە ئەستۆی کەفیلەکە ئازاد دەبێ یا شایستەی ئەو شتەیش بێ)، کە ئاماژەی بەوە داوە پابەندییە کۆنەکە کە کەفالەتەکە لەپێناویدا هاتوتە کایە بەیەکجاری بەسەرچوو، ئەوەیش تەنها لەسەر بناغەی بیرۆکەی نوێکردنەوە تەفسیر دەکرێ.

گوێزراوە دەداتەوە و بەوە بەنرخەکەی دەبێتە قەرزدەر بۆ قەرزدەرەکە، بەوە موقاسە لەنێوان قەرزی نرخەکە و ئەو قەرزەی لە گەردنی قەرزارەکەدا بوو روودەدا.

ئەم ئاراستەیە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە ئەو ڕێسایانەی عەقدی فرۆشتن ڕێك دەخەن بەشێوەیەکی گشتی بەسەر دانەوە بە بەرانبەر-یشدا جێبەجێ دەبن[1]. ئەم ئاراستەیە ئەو تێبینیەی لەسەرە کە ئەو گونجاندن (التكييف)ەی باس کرا راست دەرناچێ مەگەر قەرزە ئەسڵیەکە پارە بووبێ و خاوەن قەرزەکە لەباتیدا خانوبەرە یان ماڵی گوێزراوەی بردبێ.

مامۆستا حیجازی پێی وایە دانەوە بە بەرانبەر، رەفتارێکی یاساییە لە هەردوو لایەنەوە، چونکە رەزامەندیی قەرزدەر و قەرزاری پێویستە، ئامانج لەم رەفتارەیش گۆڕینی ئەدایەکە بە ئەدایەك، رێکەوتنێکە بەو پێیە قەرزدەر رازی دەبێ لەباتیی ئەو ئەدایەی لەسەری رێك کەوتوون ئەدایەکیتر ببا، واتە گرێبەستێکی دانەوەی ماڵینە (عینی)یە کە تا شتەکە رادەست نەکرێ، دانامەزرێ[2].

من وای دەبینم دەکرێ دانەوە بە بەرانبەر بە هەرکام لەو بۆچوونانەی ئەم تیۆر و رایانە گونجاندن (تکییف)ی بۆ بکرێ بەگوێرەی سروشتی شوێنی پابەندیەکە و هەلومەرجی هەریەك لە بەدەل و (**مبدل منه**) و ناکرێ یەکێکیان لە هەموو وێنە و حاڵەتەکاندا پەیڕەو بکرێ.

ئەو گوتەیەی دەڵێ گرێبەندی عەینی بەبێ رادەستکردنی شوێنی گرێبەندەکە دانامەزرێ، هەڵەیەکی شایعی وەك تێبینی لەسەرە کە دەدرێتە پاڵ فیقهی ئیسلامی، لەکاتێکدا ئەوە رای کۆمەڵێکی کەمی شەرعزانانە، لەبەرئەوەی رادەستکردن (التسليم) لە گرێبەندی عەینیدا بۆ تەواوبوونە (التمام)ە نەك دامەزران (الانعقاد)، واتە گرێبەندەکە پابەندی دروست دەکا بەڵام تا رادەستکردن ماف دروست ناکا، هەر

[1] الاستاذ الدكتور عبد الحي حجازي في كتابه النظرية العامة للالتزام لحكام الالتزام ٢/٣٦٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

ئەمەیش لە مادەی (٦٠٣)ی مەدەنیی عێراقی مەبەستە کە دەڵێ (لا تتم الهبة في المنقول الا بالقبض)[١]. (واتە: پێشکەشکردن لە گوێزراوەدا بە وەرگرتن نەبێ، روو نادات).

ئەوەی وشەی (لاتتم)ی بە (لاتنعقد) لێکداوەتەوە، نەیپێکاوە، هەروەها لەبەرئەوەی یاسادانەری عێراقی لە بوارەکانی بەتاڵبوونەوەی عەقددا (لایتم)ی لەباتیی (لاینعقد) بەکار نەهێناوە. گرێبەندی عەینی گرێبەندێکی ناوەندە لەنێوان گرێبەندی رەزامەندانە و گرێبەندی شکڵیدا، چونکە لەڕووی دامەزرانیەوە بەر لە رادەستکردن رەزامەندانەیە، هەروەها لەو رووەیشەوە لە شکڵی دەچێ کە لێکەوتنەوەی هەندێ ئاسەوار (واتە مافەکان) لەسەر رادەستکردن دەوەستێ.

## دانەوە بە نوێکردنەوە (الوفاء بالتجدید)؛

یەکێك لە شێوەکانی دانەوە -بەمانا گشتیەکەی- نوێکردنەوەیە، کە ئەویش دروستکردنی پابەندیەکی نوێیە مەبەست لێی ئەوە بووە جێی پابەندیەکی رابردوو بگرێتەوە، کە لە رەگەزێکی تازەدا لەگەڵی جیاوازە. جۆرەکانیشی بەگوێرەی ئەم رەگەزە سیانن:

١- نوێکردنەوە بە گۆڕینی شوێن (محل)ی قەرزەکە، بەوەی هەردوولا رێك بکەون لەسەر گۆڕینی پابەندییە ئەسڵیەکە بە پابەندیەکی نوێ، کە لە بابەت یان سەرچاوەیدا لێی جیاوازە[٢].

---

[١] (لاتتم) یەکسانە بە تەولو نابێ، ناتەواوبوونیش مانای نوقسانییە، نوقسانیش بوونێکی یاسایە پێویستی بە تەواوکردن هەیە، هەرچی دانەمەزرانە یەکسانە بە بەتاڵی و لەگەڵ نەبوون یەکسانە.

[٢] گۆڕینی بابەتی قەرز بەوەی بۆ نموونە کەسێك بڕێکی دیاریکراو گەنم قەرزاری کەسێکیتر بێ و رێك دەکەون لەسەر ئەوەی بە پارە بیگۆڕنەوە و سەرچاوەی قەرزەکە بگۆڕن، بەوەی بەکرێگر بەدەل بەکرێگرتنەکە لای خۆی وەك قەرزێك لە ئەستۆی خۆیدا بهێڵێتەوە، جا بەنیسبەت بەدەل ئیجارەکەوە سەرچاوەکە لە گرێبەندی بەکرێدانەوە گۆڕا بۆ گرێبەندی قەرز.

٢- بە گۆڕینی قەرزارەکە، بەوەی هەردوولا لەگەڵ بێگانەیەك ڕێك بکەون لەسەر ئەوەی ئەمەی دووایی لەباتیی قەرزارە ئەسڵییەکە ببێتە قەرزار.

٣- بەگۆڕینی قەرزدەرەکە، بەوەی هەردوولا لەگەڵ بێگانەیەك ڕێك بکەون لەسەر ئەوەی ئەو ببێتە قەرزدەرە نوێیەکە.

نیسان لە کارەکانی دانەوە: قەرزار قەواڵەی قەرزێك بۆ خاوەن قەرزەکەی بنووسێ، ئەم قەواڵە (سەنەدە) ناچێتە ناو حسابی کۆتایی نێوان قەرزدەر و قەرزار، کە لەو حسابکردنەدا ( (قەرزدەر) مافی خۆی وەردەگرێتەوە، لەبەرئەوەی مانەوەی قەواڵەکە لەگەڵی سەرباری وەرگرتنەوەی مافەکەی، وەك ئەوەیە دوو جار قەرزەکە وەربگرێتەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر دڵنییا یاخود بیمە (تـأمین)ێکی تایبەتی بۆ زەمانکردنی دانەوەکە ڕێك خستبێ[1].

لە هەموو ئەو شێوانەی دانەوە کە باس کران و هاوشێوەکانیان، ئەگەر ئەو (قەرز)ەی لە هەر لایەنێکەوە بێ دەدرێتەوە، شایستەی ئەو کەسە نەبێ کە پێی دەدرێتەوە، قەرزدەرەوەکە بۆی هەیە بیگێڕێتەوە، هاوکات پێویستە لەسەر قەرزپێدراوەکە پابەند بێ بە بۆگێڕانەوەی، مەگەر بەڵگەیەك هەبێ شتێکی جیاواز لەوە پیشان بدا.

**سروشتی دراوە (الموفی بە):**

سروشتی (قەرزی) دراوە بەگوێرەی مافی بدەرەوە لە گێڕانەوە و پابەندیی پێدراوە بە بۆگێڕانەوە، ناگۆڕێ، جا چ پارە بێ یان شتی هاوچەشنیتر، یان ماڵێکی بەهاداری وەك خانوبەرە یان ماڵی گوێزراوە بێ[2]. بەڵام ئەو دەقانەی ئاماژەیان پێکراو و ئەو ڕێسا گشتییانەی پەیوەندییان بە دانی ناشایستەوە هەیە، لەبەر نەبوونی هۆ و وەرگرتنی و ئەو پابەندییەی لێی دەکەوێتەوە، مەبەست بۆگێڕانەوە (ی شتە

[1] الوسيط، للاستاذ السنهوري ١/١٣٤٥، لحكام الالتزام للاستاذ حجازي، المرجع السابق ٢/٢٥٧.

[2] الاثراء على حساب الغير للاستاذ مرقس: ص١٩.

دراوەکەیە) لەسەر بنچینەی ناشایستەبوون، بەسەر حاڵەتی ئەو کەسەدا ناچەسپێ کە بەپێی گرێبەندێك شتێك وەردەگرێ کە موڵکی کەسیترە لەگەڵ پابەندبوونی بە گێڕانەوەی بۆ خاوەنەکەی پاش تەواوبوونی ماوەی گرێبەندەکە، وەك لە گرێبەندی پێدان (العاریە) و بەکرێدان و سپاردە (**الودیعة**) و قەرز و ئەو جۆرە شتانە، لەبەرئەوەی ئەگەرچی پێدەچێ وەرگری شوێنی گرێبەندەکە لەو حاڵەتانەی باس کران وەك پێدانەوە شتێکی کەسیتری وەرگرتبێ، بەڵام لەڕاستی و واقیعدا شتێك وەردەگرێ کە بەگوێرەی گرێبەندەکە شایستەی وەرگرتنیەتی و ئەو کەسەی شتەکەی پێداوە مافی ئەوەی هەیە پاش تەواوبوونی ماوەی عەقدەکە بیگێڕێتەوە، ئەویش نەك بە دەعوای دانی ناشایستە، بەڵکو بەگوێرەی خودی عەقدەکە، کە رادەستکردنەکە جێبەجێکردنی ئەو بووە، بەو شێوەیە هەریەك لە بخواز (المستعیر) و بەکرێگر و سپاردە لادانراو و قەرزکار لەسەر بنچینەی عەقدکارانە پابەند دەبن بە بۆگێڕانەوەی ئەو شتەی وەریگرتوە، خاوەنەکەیشی لەسەر ئەو بنچینەیە نەك لەسەر ئەو بنچینەیەی کە ئەو کەسە شایستە نیە، مافی گێڕانەوەی هەیە. بۆ زانیاریش، سیفەتی ناشایستەبوون (عدم الاستحقاق) پاش تەواوبوونی گرێبەندەکەیش هەر هەیە[١]. پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە (الرد) لەسەر بناغەی نەمانی هۆیش، بابەتی بەشی سێیەمە، کە پشت بەخوا باسی دەکەین.

**رەگەزەکانی دانەوە:**

ئەوە روونە دانەوە (**الوفاء**) رەفتارێکی یاساییە[٢] و راستبوونی سێ مەرج دەخوازێ، کە بریتین لە شوێن (المحل) و رەزامەندی و هۆ.

---

[١] الاثراء علی حساب الغیر للاستاذ مرقس: ص٢٠.

[٢] پێشتر باسمان کرد مەبەست لە دانەوە هەموو کارێك لە کارەکانی دانەوەیە و وەسفی رەفتاری یاسایی بەسەریدا دەچەسپێ، دەشێ عادی بێ و بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێ، هەروەك دەشێ کارێك بێ هاوتای دانەوە، هەروەها دەشێ داننان بێ بە قەرزێکی نوێدا، هەروەك دەشێ کاریتری دانەوە بێ.

ئەسڵ وایە شوێنەکەی خۆی لە خۆیدا مەوجودە و پێدراو (الموفى لە) وەریگرتوە، ئەگەرچی شایستەی نیە، هەرچی رەگەزی رەزامەندییە بۆ راست و دروستیی هەر رەفتارێکی یاسایی پێویستە، بەڵام لە دانی ناشایستەدا بوونی رواڵەتییە، لەبەرئەوەی لەوانەیە دانەوەی ناشایستە لەئەنجامی هەڵەوە[1] بێ، رەزامەندی و هەڵەیش دوو شتن لە ترازووی مەنتیقدا کۆنابنەوە.

هەربۆیە لێکۆڵینەوەمان لە دانەوە لەم شوێنەدا لە باسی نەبوونی روکنی هۆدا حەسر دەبێ، تەسەور دەکرێ دانەوە بەبێ هۆ لەم حاڵەتانەدا بێ:

أ- حاڵەتی لە بنەڕەتدا نەبوونی قەرز، ئەگەر لە بنەڕەتیشدا نەبێ، ئەوا شایستەنەبوونی لەپێشترە، مادەی (١/٢٣٣)ی مەدەنیی عێراقی[2] و مادەی (١٨١ی مەدەنیی میسری و ئەو یاسا مەدەنیانەی وەك ئەوانن ئاماژەیان بۆ ئەمە کردوە.

**لە وێنەکانی ئەم حاڵەتە[3]:**

١- ئەوەیە یەکێك لە دوو قەرزاری هاوکار (متضامن) قەرزێك بداتەوە کە ئەویتریان پێشتر دابێتیەوە.

٢- میراتگرێك قەرزێك بداتەوە کە پێی وابووە لەسەر میراتەکەیە، پاشان دەربکەوێ ئەو قەرزە بەهیچ شێوەیەك نەبووە.

٣- جێبەجێکردنی وەسیێتی میراتدەر (المورث) لەلایەن میراتگرانەوە، پاشان بۆیان دەربکەوێ وەسیێتەکە بەتاڵە، یان وەسیێتکار لێی پاشگەز بۆتەوە.

٤- کەسێك قەرەبووی زیانێك بکاتەوە کە پێی وابووە ئەو لێی بەرپرسیارە، پاشان دەربکەوێ ئەو لەوە بەرپرسیار نەبووە.

٥- فەرمانگەی باج باجێکی ناواجب یان زیاد لە پێویست لە باجدەرێك وەربگرێ.

---

[1] بەو مەرجەی بدەرەوە تەبەروعی نەکردبێ یان زۆرلێکرلو نەبێ.

[2] م٢٢٣: (هەرکەس شتێك بدات بەو گومانەی واجەبە لەسەری و دەربکەوێ واجب نیە، بۆی هەیە بۆ وەرگرتنەوەی بگەڕێتەوە سەر ئەو کەسەی بەناهەق لێی وەرگرتوە).

[3] الصدة، مصادر الالتزام: ص٦٠٥.

٦- قەرزارێك زیاد لەوە بداتەوە کە لەسەریەتی، زیادەکە دان و وەرگرتنی ناشایستەیە.

٧- مامۆستا سەنهوری (رەحمەتی خوای لێ بێ) پێی وایە قەرزی سروشتی بە قەرزێکی نەبوو دادەنرێ وەك ئەو قەرزەی لە عەقدێکی بەتاڵدا رێکەوتنی لەسەر کراوە، ئەمەیش بەتاڵیی دانەوەی لە هەردووکیان و دروستیی گێڕانەوەی قەرزە دراوەکەیان بەدوادا دێ، بەڵگەیشی ئەوەیە قەرزی سروشتی جێبەجێکردنی ناچاری نیە[1]. مامۆستا عبد المنعم فرج الصدة[2] و مامۆستا انور سلطان[3]یش لە بابەتی نەبوونی قەرزی سروشتیدا لەگەڵی هاوڕان.

هێنانە ناوەناوەیان بۆ ئەم جۆرە دانەوەیە لە حاڵەتی نەبوونی قەرز لە بنەڕەتەوە، بۆچوونێکی ناوردە، لەبەر ئەم هۆیانە:

١- پابەندیی سروشتی ئەو پابەندییە رەگەزی دلواکردن (المطالبة)ی ناتەواوە، رابیتەیەکی یاساییە بەڵام دەسەڵاتی دەعواکردن ناداتە قەرزدەر کە بەهۆیەوە بتوانێ قەرزار ناچار بە دانەوە بکا. واتە رەگەزی پارلستنی یاسایی نیە، هەر ئەمەیش پێوەری جیاکردنەوەیە لەنێوان ئەو و پابەندیی مەدەنیدا، بەڵام داماڵراني لە رەگەزی دلواکاری بۆ ئاستی واجبی ئەدەبی نزمی ناکاتەوە، لەبەرئەوەی یاسا هەندێ ئاسەواری یاسایی لێ دەخاتەوە، چونکە دانەوەی بەجۆرە تەبەرروعێك دانانرێ، بەڵکو وەك وەفادارییە بۆ پابەندییەکی دروست، لەبەرئەوە قەرزار بۆی نیە ئەوەی داویەتیەوە بیگێڕێتەوە، ئەم ئاسەوارانە بۆ

---

[1] الوسيط ١٣٤٣/١ نبذة ٨٢١، حيث ورد فيه: (يكون الدين لخيرا منعدما من الاصل انا كان مصدره عقدا باطلا ليا كان سبب البطلان لو كان الدين ليس دينا مدنيا بل دينا طبيعيا لا جبر في تنفيذه).

[2] مصادر الالتزام: ص٦٠٦.

[3] النظرية العامة للالتزام: ص٥٥٩.

سیفەتی قەرزاری دەگەڕێتەوە، کە سیفەتێکی سەرەکییە لە پابەندیدا و لە پابەندیی سروشتیدا هەیە[1].

٢- بوون و نەبوونی ناچارکردن (الجبر) هیچ ڕۆڵێکی نیە لە دروستی یان بەتاڵیی دانەوەدا، لەبەرئەوەی دانەوە تەنها بە بوونی هۆیەکی ڕاست کە لە ئەستۆدا بێ و دەست بدا بۆ ئەوەی هۆیەك بێ بۆ دانەوە، دادەمەزرێ، ئەگەرچی قەرزدەر مافی ئەوەی نیە قەرزار بۆ ئەنجامدانی ناچار بکا[2]، جا ئەگەر بە بڕیاری خۆی دایەوە و سیفەتەکەی دەزانی، دانەوەکەی ڕاست دەبێ و بۆی نابێ ئەوەی داویەتیەوە بیگێڕێتەوە.

٣- یاسای مەدەنیی میسری و سوری و لیبی بەدەق ڕاشکاوانە دەڵێن قەرزی سروشتی هەیە و نەبوو نیە، کاتێ لە مادەکانی ٢٠١/٢٠٣/٢٠٤دا بڕیار دەدەن: (ئەوەی قەرزار بەبڕیاری خۆی دەیداتەوە و مەبەستی ئەوە بووە پابەندیەکی سروشتی جێبەجێ بکا، نایگێڕێتەوە)، یاسای (الموجبات و العقود)ی لوبنانیش ڕێك وەك ئەم یاسایانەیە کە لە مادەی (١٤٤)یدا هاتووە: (بەهیچ شێوەیەك گێڕانەوە نیە: ئەگەر واجبکارەکە (الموجب) ساف سروشتی یان ئەدەبی بوو، کەسی بدەرەوەیش لانیکەم لەکاتی دانەوەکەدا بە حەقیقەتی دۆخەکەی دەزانی).

٤- لە شەریعەتی ئیسلامیدا کۆنبوون ماف ناخا بەڵکو دەعوا دەخا، بەگوێرەی زانیاریی من هەر ئەمەیش لە یاسادا باوە، ئەوەی قەرزێکی سروشتی لەسەرە لەڕووی دیانەتەوە بەرپرسە لە دانەوەی ئەو قەرزە با لەڕووی قەزاییشەوە بەرپرس نەبێ، چونکە ئەو فەرمایشتەی خوا دەیگرێتەوە کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ

---

[1] بڕوانە: القانون الروماني – احكام الالتزام، الاستاذ الدكتور صوفي ابو طالب: ص٥.

[2] بڕوانە: الاثراء على حساب الغير، للاستاذ الدكتور سليمان مرقس ٢٣/١. وشرح قانون الموجبات والعقود للاستاذ زهدي يكن ١٠٢/٢.

اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا﴾[1] ئەگەرچی دەزانێ قەرزدەر مافی ناچارکردنی نیە بۆ دانەوە.

**ب- حاڵەتی ئەوەی قەرزەکە شایستەی دانەوە نەبێ، لە شێوەکانی:**

١- ئەوەی قەرزەکە بە مەرجێکی وەستێنەرەوە بەسترابێتەوە، جا ئەگەر بەر لە بەدیهاتنی ئەو مەرجە قەرزەکە درایەوە، دانەوەکە بەبێ هۆ دەبێ، لەبەرئەوەی لەم بارەدا قەرزەکە لەبەر نەبوونی هۆکەی، بە هەبوو دانانرێ ئەگەرچی کاتێ مەرجەکە دێتەدی ئەویش پەیدا دەبێ[2].

٢- ئەوەی قەرزەکە بە وادەیەکی وەستێنەرەوە بەسترابێتەوە و دانەوەی بەر لەو وادەیە، حوکمی وەك حوکمی قەرزی هەڵواسراو بێ بە مەرجی وەستێنەرەوە، جا وەرگرتنی بەر لە وادەکە وەرگرتنێکی ناشایستەیە و پێویستە لەسەر وەرگر بیگێڕێتەوە (بۆ خاوەنەکەی).

**ج- حاڵەتی ئەوەی قەرزەکە هەبێ و هەموو رەگەزەکانی بوونی تەواو کردبێ و کەوتبێتە ئەستۆی کەسی بدەرەوە (الموفي)، بەڵام جێبەجێکردنی دواخراوە،** لەبەرئەوە یاسا[3] ئەم دانەوەیەی بەر لە هاتنی وادەکەی بە دانی ناشایستە داناوە ئەگەر بدەرەوە وادەکەی نەدەزانی، یان دەیزانی بەڵام پێی وابوو کاتەکەی هاتووە. بەڵام ئەو دەقە یاساییە عەرەبیانەی چارەسەری ئەم حاڵەتەیان کردوە بەدەق دەڵێن قەرزدەر بۆی هەیە تەنها ئەوە بگێڕێتەوە کە بەهۆی دانەوەی پێشخراو (المعجل)ەوە

---

[1] سورة النساء /٥٨.

[2] لەو دەقە یاساییە عەرەبیانەی ئاماژەن بەم حاڵەتە لە حاڵەتەکانی دانی ناشایستە و وەرگرتنی ناشایستە، یاسای /٢٣٣/١، میسری /١٨٢، سوری /١٨٣، لیبی /١٨٥، لوبنانی/ ١٤٥، تونسی/٧٥، مەراکیشی/٧٦. کە ئەو مادانە دەڵێن دروستە ناشایستە بگێڕدرێتەوە ئەگەر دانەوەکە جێبەجێکردنی پابەندیەك بوو هۆکەی بەدی نەهاتبوو.

[3] لەو دەقە یاساییانەی ئاماژەن بەم حاڵەتە، یاسای عێراقی /٢٣٥/١، میسری /١٨٣، سوری /١٨٤، لیبی /١٨٦، لوبنانی /١٨٤، کە ئەو مادانە دەڵێن: (ئەگەر دانەوەکە جێبەجێکردنی پابەندیەك بوو هێشتا وادەی نەهاتبوو و بدەرەوەکە نەیدەزانی وادەکە هاتووە).

سوودی لیٚ بینیوە و لە سنووری ئەو زیانەی بەهۆیەوە بە قەرزارگەیشتوە. جا ئەگەر ئەو پابەندیەی وادەکەی نەهاتبوو پارە بوو قەرزدەر پابەند دەبیٚ بە گێڕانەوەی سوودەکەی بۆ قەرزارەکە بە نرخە یاساییەکەی یان نرخێك کە لەسەری رێك دەکەون بۆ باقیی ئەو ماوەیەی بۆ هاتنی وادەکەی ماوە[1].

بەڵام ئەگەر دەیزانی قەرزەکە دواخراو (مؤجل)ە و هێشتا کاتی نەهاتوە، ئەوە بە دەستهەڵگرتن لە مافی خۆی لە وادەکە و ئەو ئەسەرەی لێی دەکەوێتەوە دادەنریٚ، مەگەر بەڵگەیەك هەبیٚ جیاواز لەوە دەربخا.

**د- حاڵەتی ئەوەی هۆکە ناڕەوا بیٚ، لە شێوەکانی:**

١- وەرگرتنی پارە لەلایەن فرۆشیارەوە، یان وەرگرتنی فرۆشراو لەلایەن کڕیارەوە لە فرۆشتنی بەتاڵدا، پێویستە هەریەکەیان ئەوەی وەریگرتوە بیگێڕێتەوە، لەبەرئەوەی بەهۆی بەتاڵیی هۆی پابەندیەکەوە بەتاڵە، بەتاڵ و نەبوویش وەك یەك وان، ئەم شێوەیە لە حاڵەتی لە بنەڕەتەوە نەبوونی قەرزەکە نزیکترە.

٢- وەرگرتنی بەرتیل: بەرتیلدەر مافی گێڕانەوەی بەرتیلەکەی هەیە و پێویستە لەسەر بەرتیلخۆرەکەیش ئەو بەرتیلەی لێی وەرگرتوە بۆی بگێڕێتەوە، لەبەرئەوەی وەرگرتنێکی ناڕەوایە و لەسەر هۆیەکی ناڕەوا دامەزراوە، لە حەدیسیشدا هاتووە: (لعن رسول الله الراشي والمرتشي) (واتە: پێغەمبەری خوا نەفرەتی لە بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر کردوە)[2]. بەرتیلدەر (الراشي) ئەو

---

[1] الوسيط للسنهوري ١/١٣٤٤، النظرية العامة للالتزامات، للاستاذ الدكتور حسن ذنون: ص٣٢٥، والاثراء على حساب الغير، للاستاذ الدكتور مرقس ١/٣٦، ومصادر الالتزام، للاستاذ الدكتور محمود جلال الدين زكي ١/٢٥٢.

[2] حسّنه الترمذي وصححه ابن حبان سبل السلام ٤/١٦٣، وزاد الامام احمد في رواية. والرائش وهو السفير (أو الدليل) بين الدافع والآخذ.

کەسەیە شتێك دەداتە ئەو کەسەی لەسەر خراپە یارمەتی دەدا، بەرتیلخۆر (المرتشي)ش وەرگرەکەیە.

٣- ئەو کەسەی ماڵێك دەداتە ئافرەتێك تا پەیوەندیەکی ناڕەوای لەتەك دروست بکا یان درێژەی پێبدا ئەگەر پەیوەندیەکە هەبوو، بۆی هەیە (واتە ببەخش) ئەو بەخشراوە بگێڕێتەوە، پێویستە لەسەر پێ بەخشراویش بۆی بگێڕێتەوە لەبەرئەوەی بەناهەق (ناشایستە) وەریگرتوە.

٤- پێویستە لەسەر ئەو قومارچیەی لە قوماردا دەیباتەوە ئەوەی لە قومارچیە دۆڕاوەکەی بردۆتەوە بۆی بگێڕێتەوە لەبەرئەوەی هۆکەی ناڕەوایە، لێرەیشەوە شایستەی وەرگرتنەکە نیە و وەرگرتنێکە بەناهەق، ئیتر ئەوە کە ناڕەوابوونەکە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە سەرپێچیی یاسا یان سیستمی یان ئادابی گشتییە، وەك یەکە[1].

شایانی باسە ئەو پیادەکردنانەی لە برگەی (د)دا هاتوون، دەچنە ژێر خانەی حاڵەتی ناڕەوابوونی هۆ و لە بەشی چوارەم و کۆتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باس دەکرێ، بەڵام من لێرەدا لەسەر هەمان رێچکەی زانایانی یاسا خستمە روو لەوەی دەخرێتە ژێر ناونیشانی وەرگرتنی ناشایستە، یان دانی ناشایستە، واتە لە بابی زەنگینبوون بەبێ هۆ.

**بیرۆکەی پیسبوونی رێگر لە گێڕانەوەی بە ناشایستە وەرگیراو:**

لە رابردوودا رێسایەکی رۆمانی هەبوو، بەپێی ئەو رێسایە لە حاڵەتەکانی ناڕەوابوونی هۆدا، لایەنی پیسبوو بە ناڕەوابوون مافی گێڕانەوەی ئەوەی نەبوو کە لە رەفتارێکی ناڕەوادا جێبەجێی کردوە، ئەویش لەبەر ناڕەوابوونی شوێن یان هۆکەی.

ئەو رێسایە لە سایەی یاسای مەدەنیی میسریی کۆندا مایەوە ئەگەرچی لەو یاسایە بە دەقیش باس نەکرابوو، چونکە لە دادگەکاندا نەریت وابوو لایەنی پیسبوو بە

[1] الاثراء على حساب الغير، الاستاذ مرقس ٣٠/١.

ناڕەوابوونی لە دەعوای گێڕانـەوە (الاسـترداد) بـەری دەكـرد، چ ناڕەوابوونەكـە بـۆ سەرپێچیكردنی یاسا یـان سیسـتمی گشـتی یـان ئـادابی گشـتی بگەڕێتـەوە. بـەڵام حوكمەكانی قەزای فەرەنسی ئەم ڕێسایەیان تەنها لەسەر گرێبەندە بەتاڵەكان پیـادە كردوە، ئەویش تەنها لەبەر سەرپێچییان لە ئادابی گشتی[1].

بەڵام لەبەر هەندێ هـۆ كـاركردن بـەم ڕێسـایە لـە یاسـا عەرەبییـە نوێكانـدا ڕەت كراوەتەوە، لەوانە لەدەستدا هێشتنەوەی ئەوەی وەریگرتوە لەلایـەن وەرگرتـوە لـە حاڵەتەكانی ناڕەوابوونی هۆدا، بە دەستخۆشانە دادەنرێ بۆی سەریاری ئـەوەی لـەو پیسبوونەوە گلاوە، ئەمە جگە لەوەی هاندانی تێدایە بۆ خراپەكاری.

كارنەكردن بەگوێرەی ئەم ڕێسایە، لە زۆربەی یاسا عەرەبیەكاندا بە باسـنەكردنی بووە وەك لە مەغریبی عەرەبی و عێراق، هەروەها بـە داكـۆكیكردن لـە كـاركردن بـە پێچەوانەی وەك لە هەندێ یاسایتردا، لەوانە یاسای (الموجبات و العقـود)ی لوبنـانی، كە لە مادەی (١٩٦)دا دەڵێ: (ئەو واجبكارەی هۆی نیە یان هۆیـەكی نادروسـت یـان ڕێپێنەدراوی هەیە وا دادەنرێ وەك ئەوەی نەبووبێ، لێرەوە دانانی ئەو گرێبەندەیش كە بۆی دەگەڕێتەوە بە نەبوو، هاوكات ئەوەی دراوە دەكرێ بگێڕدرێتەوە).

هەروەو یاسای تونسی/٧٧ و مەراكیشی/٧٢ بـەدەق ڕاشـكاوانە دەڵـێن: (دەكـرێ ئەوەی لەبەر هۆیەك، كە شكاندنی یاسا یان سیستمی گشتی یان ئاكـارە جوانـەكانی تێدایە، دراوە، بگێڕدرێتەوە).

**هـ- حاڵەتی بەسەرچوونی قەرزەكە بەر لە دانەوە:**

ئـەم حاڵەتـە دەچـێتە چوارچـێوەی ناونیشـانی خواسـتی سـێیەمی ئـەم باسـە (ڕێگریەكانی گێڕانەوە و بۆ گێڕانەوە).

**و- حاڵەتی ناشایستەبوون بەهۆی نەمانی هۆكەی پێش یان پاش دانـەوە بـە پاشناسـەوار (ئەسـەری ڕەجعـی)**، وەك لـە شـێوەكانی هەڵوەشـاندنەوە یـان

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ٣١/١.

هەڵوەشانەوەی گرێبەند یان شایستەبوونی شوێنەکەی یان مۆڵەتنەدان بە گرێبەندی وەستێنراو، ئەم حاڵەتەی کۆتایی دەچێتە ژێر ناونیشانی بەشی سێیەم (پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی ناشایستە لەسەر بناغەی نەمانی هۆکەی).

## خواستی دووەم:
## هەڵە لە دانی ناشایستە

هەڵە (الغلط) بریتییە لە وێناکردنی شت جیاواز لە راستەقینەکەی خۆی، زانایانی یاسایش پێناسەیان کردوە بەوەی وەهمێکە لە زەینی کەسێکدا دروست دەبێت و شتێکی جیاواز لە راستەقینەکەی خۆی بۆ وێنە دەکێشی»[1].

ئەو هەڵەیەی لەم بابەتەدا مەبەستە لێی بکۆڵرێتەوە ئەو هەڵەیەیە رەفتارکار لەکاتی گەڵاڵەکردنی رەفتارەکەیدا تێی کەوتوە و شتێك جیاواز لە حەقیقەتەکەی خەیاڵ دەکات و لەسەر بناغەی ئەم وەهمە ئیرادەی بەرەو ئەنجامدانی رەفتارەکە دەڕوات، لەبەرئەوە پێویستە ئەوەی پێی دەوترێ هەڵەی ماددی[2] دوور بخرێتەوە کە هیچ ئەسەرێکی لە پێکهێنانی رەفتارەکەدا نەبووە. جا ئەگەر عەیبی هەڵە لە دانەوەدا نەبوو، بەدەرەوە مافی نابێ ئەوەی داویەتیەوە لەسەر بناغەی ناشایستەبوون بگێڕێتەوە، لەبەرئەوەی لەکاتی زانین بە حەقیقەتی ئەوەی پێی هەڵدەستێ، بە بەخش (متبرع) دادەنرێ. ئەوەیش روونە ئەسڵ وایە پێ بەخشراو پابەند ناکرێ بە گێڕانەوەی ئەو شتەی پێی بەخشراوە.

---

[1] لصول الالتزامات للاستاذ مرقس: ص١٧٥ پەراوێزی (١).

[2] وەك هەڵەکردن لە حسابدا.

**سەلماندنی هەڵە:**

ئەركی ئەو كەسەی ئیدیعای ئەنجامدانی شتێك دەكا كە هەق نەبووە، بەبەڵگە دوو شت بسەلمێنێ:

**یەكەمیان:** هەستانی بە دانەوەیەك كە سیفەتی رەفتاری یاسایی لەگەڵ بێ، بەوەیش ملكەچی رێسا گشتیەكانی سەلماندنی رەفتارە یاساییەكان دەبێ بەتایبەت ئەوەی پیەوەندی بە نیصابی سەلماندن بە نووسین یان بەڵگەوە هەیە.

**دووەم:** هەستانی بەوەی لە ئەستۆیدا نەبووە[3].

هەرچی سەلماندنی هەڵەكەیە، ئەسڵ وایە بدەرەوە لەكاتی دانەوەكەدا كەوتۆتە هەڵە، لەبەرئەوەی ماقوڵ نیە كەسێك بە پابەندنەبوونی بە دانەوەیەك بەرانبەر ئەویتر نەزانێ، سەرباری ئەوەیش بیداتەوە، سروشتی بابەتەكە بەڵگەیەكی ناڕاستەوخۆ (واتە قەرینەیەك)ی حاڵییە لەسەر ئەوەی بدەرەوە كەوتۆتە هەڵە[4]، جا چ هەڵەیەك بێ لە واقیعدا، یان هەڵەیەك بێ لە یاسادا، هەروەها وەك هەڵەی خەڵەتاندن (التدلیس)[5].

بەڵام ئەم قەرینەیە سەلمانی پێچەوانەكەی هەڵدەگرێ، چونكە دەكرێ پێدراوە بیسەلمێنێ بدەرەوە نیەتی بەخشین (تەبەڕوع)ی هەبووە، ئەوكاتە بدەرەوە ناتوانێ داوای گێڕانەوە بكا مەگەر بیسەلمێنێ شیان ناتەواو بووە، یاخود بەزۆر پێی دراوەتەوە.

---

[3] مجموعة الاعمال التحضیریة للمدني المصري ٢/٤٤٩. الوسیط ١/١٣٤٦ پەراوێزی (١).

[4] واتە ئەو هەڵەیەی بە مەرجە زانراوەكانی ئیرادە عەیبدار دەكا.

[5] بۆ نموونە ئەگەر قەرزدەر لەگەڵ قەرزار تێوەگلا و لە دابەشكردندا گوژمەیەكی گەورەتر لە مافی خۆی برد، قەرزارەكەیش لەوەدا بەرهەڵستی نەكرد و قەرزدەرەكە گوژمە گەورەترەكەی وەرگرت و زیادەكەی لەگەڵ قەرزارەكە بەش كرد، ئەوا قەرزدەرەكانی پاشتر لە ریزبەندیدا بۆیان هەیە بگەڕێنەوە سەر ئەو قەرزدەرە و ئەوەی لێ وەریگرنەوە كە بەناهەق وەریگرتوە. استئناف مختلط ١٢/مایو/١٩٤٩: ص١٢٢، نقلا عن الوسیط ١/١٣٤٦.

سەریاری ئەوە، گریمانەکردنی بوونی هەڵە لەکاتی داندا (الدفع) و لێرەیشەوە دلوانەکردنی سەلماندنی بەمەبەستی گێڕانەوەی ئەوەی دلویەتیەوە و پابەندبوونی وەرگر بە بۆگێڕانەوە، لەنێوان یاساناساندا جێی ناکۆکییە:

* زۆربەیان بۆ ئەوە چوون ئەگەر ساغ بوویەوە بدەرەوە کارێك لە کارەکانی دانەوەی قەرزێکی ناشایستەی ئەنجام دلوە، وا گریمانە دەکرێ بە هەڵە درلوەتەوە، چونکە قەرینەیەکی حاڵی (بارودۆخ)ی یاسایی لەبەرژەوەندیی ئەو لەسەر هەڵەکە دروست دەبێ، کە بارودۆخ پاساوی دەدا، لەبەرئەوەی عەقڵ نایبڕێ کەسێکی باڵق و ژیر شتێك رادەستی کەسێکیتر بکا کە شایستەی نەبێ بەبێ ئەوەی مەبەستی تەبەرۆع بێ، سەریاری ئەوەی ئەستۆی لە پابەندبوون بەو دانەوەیە پاکە[1].

* هەندێکیتر[2] بوونی قەرینەیەکی یاسایی لەسەر هەڵە رەت دەکەنەوە، لەو رووەوە هیچ قەرینەیەکی یاسایی بەبێ بوونی دەق نابێ، ئەو دەقەیش وجودی نیە، لەبەرئەوە پێویست ناکا تەنها بەوەی بدەرەوە بیسەلمێنێ کە ئەو لەکاتی دانەوەدا بە ناشایستە دلویەتیەوە، گریمانەی بوونی هەڵە بکرێ، چونکە لەوانەیە ساغ ببێتەوە دانەوەیەکی ناشایستەیە بەڵام لەلایەکیترەوە ساغ ببێتەوە کە لەکاتی دانەوەکەدا ئەوەی زانیوە، بەوەیش مافی گێڕانەوەی نابێ تا نەسەلمێ لەکاتی دانەوەدا دانەوەیەکی ناشایستە بووە، هەروەها باوەڕی وابووە ئەوەی دلویەتی لەسەری بووە، یان قەرزێکی دلوەتەوە کە وادەکەی نەهاتووە و نەیزانیوە وادەکەی هاتووە. جا ئەگەر بدەرەوە توانی ئەوە بسەلمێنێ، بۆی هەیە ئەوەی دلویەتی بیگێڕێتەوە، بەپێچەوانەوە مافی داوای گێڕانەوەی نیە چونکە لەوانەیە وەك بەخشین بیدات. زۆربەی بەڵگەکانی لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە هەندێ لەبڕیارە قەزاییە فەرەنسی[3] و

---

[1] الاستاذ عبد الحي حجازي، سەرچاوەی پێشوو ١/٥٩٥.

[2] لەوانە: د. توفيق حسن فرج : النظرية العامة للالتزام ١/٤٠٣.

[3] محكمة النقض الفرنسية (نقض مدني لول مايو /١٩٣٨) ئەویش لە: مامۆستا توفیقەوە، سەرچاوەی پێشوو.

میسریەکانە[1].

**رای زاڵ:**

لۆژیکی یاسایی بڕیاری ولیە کە رای زاڵ (الراجح) ئەو رایەیە گریمانەی هەڵەکردن دەکات و لێرەیشەوە داوانەکردن لە بدەرەوە بە سەلماندنی، ئەویش لە زۆر رووەوە، لەوانە:

١- بەسەرنجدان لە سروشت و هەلومەرجی بابەتەکە ئەسڵ بوونی هەڵەیە[2]، ئەوەی پێچەوانەی ئەم ئەسڵە دەڵێ پێویستە بیسەلمێنێ، بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئەسڵەکە بێ نا.

٢- گوتنی ئەوەی قەرینەی یاسایی بەدەق نەبێ نابێت و ئەو دەقەیش وجودی نیە، بەوە بەرهەڵستی دەکرێ کە ئەو دەقە لە یاسا عەرەبی و ناعەرەبیەکاندا هەیە، بەم شێوەیە:

أ- لە یاسا مەدەنییە نوێکان یاسای مەدەنیی تونسییە فەسڵی (٧٣) کە دەڵێ: (ئەوەی قەرزێك بداتەوە گومانی وابێ قەرزارە، ئەویش بەهۆی نەزانیەك تێیدا بووە لەڕووی ماف یان لەڕووی راستیی بابەتەکەوە... هتد)، دیارە کە هەردوو دەستەواژەی گومان و نەزانی بەڕاشکاوی ئاماژەن بە گریمانەکردنی بوونی هەڵە لەکاتی دانەوەدا.

ب- لە یاسا ناعەرەبیەکانیش: یاسای مەدەنیی ئیسپانی کە لە (م/١٩٠١)دا راشکاوانە دەڵێ: (گریمانەی هەڵەکردن لە دانەوەدا دەکرێ ئەگەر هاتوو (کەسەکە) شتێکی دا کە لە بنەڕەتدا شایستە نەبوو یان پێشتر ئەنجام

---

[1] مامۆستا سەنهوری -کە لە لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە نیە- دەڵێ: (قەزای میسری لە سایەی یاسا مەدەنییە کۆنەکەدا بڕیاری وابوو دڵوا لە بدەر (الدافع) دەکرا بیسەلمێنێ ئەو لەکاتی دانەکەدا لە هەڵەدا بووە). استئناف مختلط ١٣/أبريل/١٩٢٨ م٥٠: ص٢٢٣، الوسيط ١٣٤٧/١ هامش (١).

[2] بەڵام بەچاوپۆشین لە سروشتی بابەتەکە ئەسڵ هەڵەنەکردنە، لەبەرئەوەی لە سیفەتە سەرهەڵدلوەکانە و ئەسڵ تێیدا نەبوونیەتی.

درابــوو)، دەقەکــە ئــەوەیش زیــاد دەکـا: (بــەڵام ئــەو کەســـەی دلوای بۆگێڕانــەوەی لــێ دەکـرێ بـۆی هەیـە بەڵگـە بخاتـە روو لەسـەر ئـەوەی رادەستکردنەکە وەك بەخشین یان هەر هۆیەکیتری رەوا بووە)[1].

**هەڵاوێردن لە مەرجی هەڵە:**

دوو حاڵەت لە مەرجی (هەڵە) هەڵاوێر دەکرێن کە لە هەندێ لەو دەقە یاساییانەی پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا هاتوون، لەوانە مادەی (١٨١)ی مەدەنیی میسری کە بـەدەق دەڵێ: (هیچ بۆگێڕانەوەیەك نیە ئەگەر ئەوەی داویەتیەوە دەیزانی ئـەو مـولزەم نیـە بەوەی داویەتیەوە، مەگەر شیان ناتەولو بێ، یان بەزۆر ناچار بە دانەوەکـە کرابـێ). هەروەها مادەی (٢٣٤)ی مەدەنیی عێراقی بـەدەق ئامـاژەی بـۆ هـەڵاوێرانی حاڵـەتی ناتەواویی ئەهلیەت (شیان) کردوە، بەڵام بـەلای یاسـادانەری عێراقیـەوە[2] جیـاوازی لەنێوان دوو حاڵەتەکەدا نیە، وەك لە خوارەوە روون دەکرێتەوە:

**یەکەم:** ئەو کەسەی دەدلتــەوە ئەگــەر شـیان ناتــەولو بـوو لــەکاتی دانەوەکـەدا، دەتوانێ بەهۆی ناتەواویی ئەهلیەتیەوە دانەوەکە بەتاڵ بکاتــەوە و ئــەوەی داویــەتی بیگێڕێتەوە تەنانەت ئەگەر لە دانەوەکەدا ئەوەیشی لەلا روون بووبێ کە ئەو قەرزەی داویەتیەوە لە ئەستۆیدا نەبووە. بـەڵام ئەگـەر شـیان ناتــەولو قـەرزێکی دایـەوە کـە لەئەستۆیدا بوو، ئەوا دانەوەکە راست و دروست دەبێ و ئەستۆ پاك دەکاتەوە ئەگەر زیانێکی پێ نەدەگەیاند، لەبەرئەوە بۆی نیە ئەوەی داویەتی بیگێڕێتــەوە. هــەروەها حاڵەتی ئەوەی بدەرەوەکە خاوەنی شتە دراوەکە نەبێ وەك حاڵەتی ناتەواویی شیان

---

[1] لە: مجموعة الاعمال التحضيرية للقانون المدني المصري ٢/٤٤٩، گوێزراوەتەوە.

[2] لەبەرئەوەی رەفتارکردن بە وەستێنرلو دادەنێ لە هەردوو حاڵەتی ناتەواویی شیان و زۆرلێکردندا و ئەسەری لێ ناکەوێتەوە تا لەلایەن ئەو کەسەی مـافی مۆڵەتـدانی هەیـە مۆڵـەتی پێدەدرێ، هەروەها لە فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان قابیل بە بەتاڵکردنەوەیە.

وایە[1].

لەم ڕوانگەوە کاریگەریی نەزێنیی ناتەواویی شیان (نقص الاهلیة) تەنها لە حاڵەتی هێنانەکایەی قەرزەکەدایە، هەرچی دانەوەی ئەوەیە پێشتر بەشێوەیەکی ڕاست سەلماوە لەئەستۆیدایە و بەرکارە، ئەوە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ دانەوە لەلایەن کەسی شیان تەواوەوە و مافی نیە بەبەڵگەی ئەوەی شیان ناتەولوە بیگێڕێتەوە.

**دووەم:** ئەگەر بدەرەوە (المـوفي) سەلماندی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ناچار کرلوە بە دانەوە و دانەوەکە لەژێر فشارێکی ناڕەوادا بووە، ئەوا مافی گێڕانەوەی شتە درلوەکەی هەیە با زانیبیشێتی کە ئەو مولزەم نیە بەو دانەوەیە، وەك ئەوەی دلوا لە قەرزار کرابێ بۆ جاری دووەم بیداتەوە، ئەویش کە بەڵگەنامەی ئەستۆپاکی (واتە موخالەصە) دەست نەکەوتوە، لەترسی ئەوەی دەست بخرێتە ماڵەکەی ناچار بووە جارێکیتر بیداتەوە، پاشان ئەو بەڵگەنامەیەی دۆزیوەتەوە، لەم حاڵەتەدا دەتوانێ ئەوەی بە ناهەق دلویەتی بیگێڕێتەوە با لەکاتی دانەوەکەیشدا زانیبێتی ئەو قەرزێکی ناهەق (ناشایستە) دەداتەوە[2].

لە پیادەکردنەکانی حاڵەتی زۆرلێکردنیش ئەوەیە بدەرەوە ئەو باجانەی لەسەرینی دابێتی، پاشان دلوای لێبکرێ جارێکیتر بیداتەوە و دەست بەسەر ماڵەکەیدا بگیرێ و ناچار ببێ جارێکیتر بیداتەوە لەکاتێکدا دەزانێ قەرزەکە

---

[1] لەو یاسا مەدەنیە عەرەبیانەی ئێستا کە باسی ئەوەیان کردوە یاسای مەدەنیی میسرییە کە لە م/٣٢٥دا دەڵێ: (بۆ دروستیی دانەوە مەرجە بدەرەوە خاوەنی ئەو شتە بێ دەیداتەوە و شیانی ئەوەی هەبێ رەفتاری تێدا بکا، لەگەڵ ئەوەیشدا دانەوەی شتێك بەناهەق لەلایەن کەسێکەوە کە شیاو نەبێ بۆ رەفتار تێدا کردنی، پابەندی پێ دەڕەوێتەوە ئەگەر دانەوەکە زیانی بە بدەرەوە نەدەگەیاند). هەروەها م/٣٧٧ی مەدەنیی عێراقی دەڵێ: (ئەگەر قەرزار بچوکێکی بەفام یان گەورەیەك بوو، گێلۆکە یان حیجر لەسەر دانرلو بوو بەهۆی دەبەنگی یان غەفڵەتی و ئەو قەرزەی دلیەوە کە لەسەری بوو، دانەوەکەی راستە بەو مەرجەی دلنەوەکە زیان بە بدەرەوە نەگەیەنێ).

[2] الوسیط للاستاذ السنهوري ١/١٣٤٩.

ناشایستەیە، لەم حاڵەتەدا بۆی هەیە ئەوەی داویەتی بیگێڕێتەوە، لەبەرئەوەی بەزۆر پێی دراوە و ئەوەی پێی دراوە پابەند دەبێ لەسەر بناغەی ناشایستەبوون بۆی بگێڕێتەوە.

## خواستی سێیەم:
## نەبوونی رێگرەکانی مافی گێڕانەوە و پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە

رێگر (المانع) وەسفێکی دیاری رێکخراوە، کە بوونی، وادەکا حوکم لە هۆکەی نەکەوێتەوە، یان هۆ وجودی نەبێ[1]. دیارە دان و وەرگرتنی ناشایستە هۆیەکە دەخوازێ ماف بدرێتە بدەر بۆ گێڕانەوەی ئەوەی بەناهەق داویەتی و ناچارکردنی وەرگر بە بۆگێڕانەوەی ئەوەی بەناهەق وەریگرتوە. بەڵام لەوانەیە شتێك رووبدا رێگە لە کارکردن بەگوێرەی ئەم هۆیە بگرێ و رێگرەکە پێش هۆ بخوازەکە بکەوێ لە پیادەکردنە کردارییە یاسایی و قەزاییەکاندا.

ئەم حاڵەتەیش بەوە شی کراوەتەوە، رێگرەکە حیکمەتێکی تێدایە، کە ئەگەر پێش هۆ بخوازەکە نەخرێ ئەو حیکمەتە نەدەبوو، بۆ نموونە ئەگەر بدەرەوە زانی دانەوەکەی بە ناهەق بووە بۆی هەیە ئەوەی داویەتی بیگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر قەرزدەر بۆ ماوەی سێ ساڵ و زیاتر لە مێژووی زانینی بەو مافە، داواکردنی ئەو مافەی پشتگوێ خست، مافی داواکردنەوەی لەدەست دەدات و پابەندبوونی کەسی پێدراوە (الموفى لە) لە مەدەنیەوە دەگۆڕێ بۆ پابەندیی سروشتی، حیکمەتی ئەوەیش رەچاوکردنی سەقامگیریی مامەڵەکان و دوورخستنەوەی پشێوییە لە دەعوا

[1] أصول الفقه في نسيجه الجديد للباحث ٢/٢٥٥ . مەبەست لە نەمانی هۆ نەمانیەتی بە هۆی بوونی رێگرەکەوە.

و داواكاریەكاندا. نهێنیی پێشخستنی ڕێگرەكە بەسەر هۆ بخوازەكە و كەوتنی ماف و پابەندیەكان بە كۆنبوون، ئەم حیكمەتەیە. ڕێگر وەك چۆن دەكرێ كۆنبوونێكی بخەر بێ، دەشكرێ قەرزشكاندنەوە (موقاصە) یان گەردن ئازادكردن یان بەخشین (تەبەرڕوع) بێ، ئەویش پاش دڵنیابوون لە نەبوونی رەگەزی هەڵە یان لەناوچوونی ماڵە وەرگیراوەكە بەهۆی هێزێكی بێئامانەوە (قوة قاهرة)، ئەگەر وەرگر نیەتپاك بوو یان بۆ نموونە سەنەدی نەبوو و ئەو جۆرە شتانە.

لەخوارەوە بەكورتی هەندێ لەو ڕێگرانە دەخەینە ڕوو:

**یەكەم: كۆنبوونی بخەر:**

بەسەرچوون یاخود كۆنبوون (التقادم) سیستمێكی یاساییە لەسەر تێپەڕبوونی كات بەسەر ڕووداوێكی دیاریكراو[1] دامەزراوە و دوو جۆرە: بەدەستهێن (مكسب) و بخەر (مسقط).

١- كۆنبوونی بەدەستهێن: هۆیەكە لە هۆكانی بەدەستهێنانی موڵكایەتی و مافە ماڵینە (عینی)ەكان ئەگەر بۆ ئەو ماوەیەی یاسا دیاری كردوە لەدەستدا بوون.

٢- كۆنبوونی بخەر: ئەوەیە دەبێتە مایەی كەوتنی مافی گێڕانەوە ئەگەرهاتوو خاوەنەكەی بۆ ماوەیەكی دیاریكراو بەكارهێنان یان داواكردنی پشتگوێ خست.

ئەم دوو جۆرە ئەگەرچی لەوەدا هاوبەشن كە پشت بە تێپەڕبوونی كات دەبەستن، بەڵام لەڕووی ئەو بناغەیەی هەریەكەیان لەسەری دادەمەزرێ و لەڕووی بەرینیی چوارچێوەكەیانەوە جیاوازن، بەم شێوەیە:

أ- بناغەی كۆنبوونی بەدەستهێن ڕووداوێكی ئەرێنییە ئەویش ڕووداوی لەدەستدابوونە (الحیازة)، هەرچی كۆنبوونی بخەرە ڕووداوێكی نەرێنییە،

---

[1] الحقوق العینیة للمرحوم الأستاذ محمد طه البشیر (رحمه الله) والمرحوم الأستاذ الدكتور غني حسون (رحمه الله) : ص٢١٩.

ئەویش کرپوونی خاوەن مافە لە داواکردنی یان لە بەکارهێنانی ئەو مافە.

ب- چوارچێوەی کۆنبوونی بخەر لە کۆنبوونی بەدەستهێن بەرینترە، لەبەرئەوەی دووەمیان تەنها مافی موڵکایەتی و هەندێ مافی عەینی کە لێی دەبنەوە دەگرێتەوە وەك مافی کەڵك وەرگرتن و مافی هاوەڵێکردن (الارتفاق)، لەکاتێکدا کۆنبوونی بخەر دەبێتە مایەی کەوتنی دەعوای مافە کەسیەکان (بابەتی پابەندیەکان) و سەرجەم مافە عەینیەکان[٢] جگە لە مافی موڵکایەتی.

لەو دەقە مەدەنییە عەرەبیانەی چارەسەری ئەم بابەتەیان کردوە، یاسای مەدەنیی عێراقی/م٤٤٢ و م٤٢٩-٤٣٤، میسری/م٣٨٧- ٣٨٨، سوری/١٨٨، لیبی/٣٧٤-٣٧٥، لوبنانی/٣٤٥-٣٤٦، یەمەنی/٣٢٦، ئوردنی/٤٤٩ و پاشتر، جەزائیری/١٤٦، تونسی/٧٨، مۆریتانی/٩٣، کوێتی/٤٣٨ و پاشتر، قەتەری/١٩٥ و پاشتر، مەغریبی/٣٧١ و پاشتر.

لەم مادە یاساییانە هەندێ ئەنجام دێنە دەست:

١- هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی مافی بدەرەوە (الموفي) بۆ گێڕانەوە بە تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ڕۆژی زانینی ئەو مافەدا، دەکەوێ، جگە لە مەدەنیی جەزائیری کە لە مادەی (١٤٩)دا دەڵێ: (دەعوای گێڕانەوەی ئەوەی بەناشایستە دراوە بە تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەی کەسەکە تێیدا بەو مافی گێڕانەوەیەی زانیوە، دەکەوێ، لە هەموو بارەکانیشدا دەعوا بە تێپەڕبوونی پازدە ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەی مافەکەی تێدا دێتە کایە، دەکەوێ).

پێدەچێ یاسا جەزائیریەکە لەژێر کاریگەریی فیقهی ئیسلامی بەتایبەتی فیقهی مالیکیدا بێ، کە بۆ ئەوە چووە لای خواری ماوە بۆ کەوتنی دەعوا (١٠) ساڵە. بەڵام لای شەرعزانانی حەنەفی لای خواری (١٥) ساڵە.

---

[٢] بڕوانە: دوو سەرچاوەی رابردوو.

٢- هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی لای سەرووی کۆنبوون لە هەموو بارەکاندا پازدە ساڵە.

٣- هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی ماوەکانی کۆنبوون لە هەموو مافەکاندا یەکسان نین، بەڵکو لەنێوان ساڵێك و پازدە ساڵدایە.

٤- هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی نابێ پێشوەخت دەست لە کۆنبوون هەڵبگیرێ، بەڵام پاش روودانی دەبێ، هەروەك نابێ ئەو ماوەیە بگۆڕدرێ کە یاسا بۆ کۆنبوونی داناوە.

٥- هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی قەرزدەر و هەموو خاوەن بەرژەوەندیەك بۆیان هەیە دەست بە کۆنبوونەوە بگرن.

٦- زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کۆنبوون کاریگەریی لەسەر مافەکە خۆی نیە بەڵکو تەنها دەعواکە دەکەوێ، لەوانە مەدەنیی عێراقی کە راشکاوانە داکۆکی لە مانەوەی مافەکە سەرباری کەوتنی دەعواکە دەکا چەندە کات بەسەر داوانەکردنیدا تێپەڕیبێ، ئەوەتا لە (م٤٤٠)دا دەڵێ: (ماف بە تێپەڕبوونی کات ناکەوێ، ئەگەر داوا لەسەر کرلو لەبەردەم دادگەدا دانی بە مافەکەدا نا، دانپێدانانەکەی وەردەگیرێ، مەگەر دەقێك هەبێ شتێکی جیاواز لەوە بڕیار بدات).

هەروەها ئەو یاسایانە لە هەندێ حوکمدا جیاوازن، لەوانە:

جیاوازییان لە دیاریکردنی ماوە بۆ هەندێ بابەت، بۆ نموونە مەدەنیی میسریی بەرکار لە م/٣٧٦دا دەڵێ: (مافەکانی پزیشکان و دەرمانسازان و پارێزەران و ئەندازیاران و شارەزایان و بریکارانی مایەپوچی (وكلاء التفليسة) و دەلاڵان و مامۆستایان بە پێنج ساڵ کۆن دەبن (بەسەر دەچن)، بەو مەرجەی ئەو مافانە مافی واجب بن بۆیان، وەك پاداشتی ئەو کارانەی لە پیشەکەیاندا ئەنجامیان داوە و ئەو خەرجانەی کردوویانە)، لەکاتێکدا لە مەدەنیی عێراقیدا (م/٤٣١/١) بە ساڵێك کۆن دەبن.

**هەڵوێستی فیقهی ئیسلامی لە کاریگەریی کۆنبوون لە مافەکان و داواکردندا:**

شەرعزانانی ئیسلامی لەم بابەتەدا پشت بە دوو حەدیسی پێك ناکۆك دەبەستن کە لە پێغەمبەر (ﷺ) گوێزراونەتەوە، یەکەمیان دەڵێ: (لا يبطل حق إمرء مسلم وان قدم)[1] (واتە: مافی هیچ موسڵمانێك بەتاڵ نابێتەوە، با کۆنیش ببێ). دووەمیشیان دەڵێ: (من حاز شيئا على خصمه عشر سنين فهو أحق به)[2]. (واتە: ئەوەی شتێکی دژەبەرەکەی بەدەست بێنێ و بۆ ماوەی دە ساڵ لەدەستیدا (واتە لە حەیازەیدا) بێ، ئەو لەپێشترە بۆی).

هەندێ لە شەرعزانان هەوڵیان داوە بە کۆکردنەوە لەنێوانیاندا تێکگیرانەکە نەهێڵن، حەتتاب دەڵێ: حەدیسی حەیازەکە گشتییە، حەدیسی نەکەوتنی ماف بە کۆنبوونیش هۆبەند کراوە بە بوونی ئەو هۆیانەی رێگرن لە داواکردن، بە غایببوونی درێژخایەن و نەتوانینی داواکردن لە حاڵەتی حازربوون و ئەو جۆرە شتانە.

عەلیش دەڵێ: (حەدیسی بەتاڵنەبوونەوەی ماف بە کۆنبوون تایبەتە بە قەرز (واتە ئەوەی لە ئەستۆدایە)، حەدیسی حەیازەیش تایبەتە بە ماڵەکانیتر جگە لە قەرز، واتە ئەو ماڵ (عين)انەی لەلای کەسیترن، ئەوەیش لە پرسیار و وەڵامێکدا روونە کە خۆی

---

[1] بەیهەقی لە (السنن الكبرى)کەیدا (١٠/١٥٠)، هێناویەتی بە لەفزێکی نزیك لەوە و لەسەر گەورەمان عومەری کوڕی خەتاب وەستاوە (موقوف)، نەمدیوە بەم لەفزە بەرز کرابێتەوە بۆ پێغەمبەرﷺ، لە عومەرەوە دەگێڕنەوە گوتویەتی: (ماف کۆنە، هیچ ماف بەتاڵ ناکاتەوە، چاوخشاندنەوە بە مافدا باشترە لە درێژەدان بە بەتاڵ).

[2] رەبیع لە مەسنەدەکەیدا بە لەفزێکی نزیك لەوە (١/٣٣٧) هێناویەتی، ئیبن عەباس لە پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە فەرمویەتی: «مَن حاز أرضا وعمرها عشر سنين والخصم حاضر لا يغير ولا ينكر فهي للذي حازها وعمرها ولا حجة للخصم فيها». (واتە: ئەوەی زەویەکی بکەوێتە دەست و بۆ ماوەی دە ساڵ ئاوەدانی بکاتەوە و دژبەرەکەیشی حازر بێ و هیچ نەگۆڕێ و نەیاری پیشان نەدا، زەویەکە بۆ ئەو کەسەیە لە دەستیدایە و ئاوەدانی دەکاتەوە و کابرای دژبەر هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نیە).

دەیگوێزێتەوە[1]، ئەمە دەقەکەیەتی: (راتـان چـییە لـەبارەی پیاوێـك بـە بەلگەنامـە قەرزی لە پیاوێکی دەسەڵاتدار کرد و کاتێ وادەی دانەوەی هات قەرزەکەی دایـەوە، بەڵام بەلگەنامەی ئەستۆپاکی نەدایە و کەسیش شایەتی دانەوەکەی قەرزەکە نەبوو، نزیکەی بیست ساڵ تێپەڕی هەردووکیان لە یەك شاردا بوون و ...پیاوەکە پڕ (ملیء) بـوو[2]کەسـیش نەیـدیوە دەسـەڵاتدارەکە دلوای قەرزەکـەی لـێ کردبـێ، پاشـان دەسەڵاتدارەکە مـرد، وەرەسـەکەی نزیکـەی پـازدە سـاڵ بێـدەنگ بـوون،، پاشـان پیاوەکە مرد، ئەوکاتـە وەرەسـەی پیـاوە دەسـەڵاتدارەکە لـە وەرەسـەی پیاوەکـە هەستانەوە و داوای قەرزەکەیان کردەوە، ئەوانیش وەلامیان دەدەنەوە کە پیاوەکە خـۆی قەرزەکـەی داوەتـەوە بـە میراتدەرەکـەیان و قـازی حـوکمی بێتاوانییـان بـۆ دەردەکا، هەندێ زانایش فتوایان بە تەبریەبوونی دا و هەندێکیان بە تەبریەنـەبوونی، ئەوە حوکمی چییە؟

منیش بەم شێوەیە وەلامم دانەوە: الحمد لله والصلاة والسلام علـى سـيدنا محمـد رسول الله ﷺ قسەکە بۆ وەرەسەی خاوەن قەرزەکەیە لە مانەوەی لەسەر قەرزارەکە پاش ئەو ماوەیە، لەلابوون (الحيازة) لەو شتانە دانانرێ کە لە ئەستۆدان.. وەرەسەی قەرزارەکە بۆیان هەیە سوێندی ئەو کەسەی گومان دەبرێ ئاگەداری دانەوەی بووبێ بدەن، کە ئاگای لێی نیە، بڕیاری قازی بە خستنی پێی (واتـە بـە مـاوەی کۆنبـوون) بایەخی بۆ دانانرێ لەبەرئەوەی پێچەوانەی دەقە و بەلگەهێنانـەوە بـە حەدیسـی (لا يبطل حق امرىء مسلم وان قدم) راستە و تایبەتـە بـەوەی لەئەسـتۆدایە، بەبەلگـەی حەدیسی (من حاز شيئا عشر سنين فهو له)، ئەمەیش تایبەتە بە غەیری ئـەوەی لـە

[1] لە کتێبی: فتح العلي المالك في الفتوى على مذهب الامام مالك وبهامشه تبصرة الحكام لابن فرحون (القاضي برهان الدين ابراهيم بن علي بـن ابـي القاسـم ابـن محمـد بـن فرحـون المـالكي المـدني ت٧٩٩هـ)، مطبعة البابي ولولاده، مصر، ١٣٧٨هـ: ٢/٣٢٠.

[2] واتە لەڕووی دارلییەوە بەتوانا بوو.

ئەستۆدایە بەبەڵگەی حەدیسی یەکەم وەك پێشەوایان روونیان کردۆتەوە)[1].

ئەم وەڵامە راشکاوە لەوەی قەرز چەندە کاتی بەسەردا تێبپەڕێ خاوەنەکەی مافی دلواکردنەوەی هەیە، کۆنبوون نە مافەکە و نە دلواکردنەوەی ناخا، لەکاتێکدا هەندێ پێیان وایە هەردووکیان دەکەون[2].

لە قسەی هەندێکیتر[3] ئەوە تێدەگەین کە دەعواکە دەکەوێ بەڵام مافەکە هەر دەمێنێ، پابەندیەکە لە مەدەنیەوە دەگۆڕێ بۆ سروشتی و بە دەربڕینی شەرعزانان قەرزار لە دادگەدا دلوای لێ ناکرێ، بەڵام لەڕووی ئاینیەوە پێویستە بیداتەوە.

رای زاڵ ئەم ئاراستەی سێیەمەیە لەبەرئەوەی لە رۆحی شەریعەتی ئیسلامی نزیکترە.

### دووەم: حاڵەتی داماڵرانی قەرزدەر لە نیەتپاکیەوە لە کەرەنتیەکانی قەرزەکەی:

ئەوە روونە دەعوای گێڕانەوەی ناشایستە لە رەوینەوە و لە کەوتنیدا ملکەچی رێسا گشتیەکانە، زۆربەی یاسا مەدەنییە عەرەبییە نوێکان بەدەق باسی ئەم حاڵەتەیان کردوە، لەپێشیانەوە مەدەنیی میسریی بەرکار، کە لە مادەی (١٨٤)یدا

---

[1] وەك لە شەرحەکەی الحطاب ٦/٢٤٤ و شەرحی الخرشي-دا کە (حاشية العدوي ٧/٢٤٢) لە پەراوێزیدایە.

[2] ئەمە لە مەزهەبی ئیبازیدا زاڵە وهو الراجح في المذهب الاباضي (شرح النيل وشفاء العليل ١٣/٥٠٣ و پاشتر) کە کار بە رواڵەت (زاهیر)ی حەدیسەکە دەکا و پێی وایە ئەو لەلابوون (الحيازة)یەی مەرجەکانی بەدیهاتوون وا دەکا ئەو کەسە ببێتە خاوەنی ئەو ماڵەی بەدەستی هێناوە، واتە لەلایەتی.

[3] لە: مرشد الحيران م/٢٥٦دا هاتوە:(دەعوای قەرز هۆکەی هەرچی بێ لەسەر نکوڵیکار لە قەرزەکە گوێی لێ ناگیرێ پاش ئەوەی بەبێ عوزرێکی شەرعی پازدە ساڵ وازی لێ هێنرابێ، بەڵام ئەگەر دلوکار لەبەر عوزرێك وازی لێهێنابێ، وەك ئەوەی غایب بووبێ لە دووریەك بەئەندازەی لوەی کورتکردنەوەی نوێژ یان منداڵ بووبێ یان شێت بووبێ و وەلی و وەسی نەبووبێ، گوێی لێدەگیرێ ئەگەر تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە پاش نەمانی عوزرەکە نەبووبێ).

هاتووە: (هیچ بوارێك بۆ گێڕانەوەی ناشایستە نیە ئەگەر کەسێکیتر جگە لە قەرزار دابێتیەوە و ئەوەی لێ کەوتەوە کە قەرزدەر -بە نیەتپاکی- خۆی لە سەنەدی قەرزەکە یان لەو دڵنیایی (تەئمینات)ەی بەدەستی هێناوە، داماڵی، یان بەر لە قەرزارە راستەقینەکە وازی لە دەعواکەی هێنا، بە کۆنبوون دەکەوێ، لەم حاڵەتەدا قەرزارە راستەقینەکە پابەند دەبێ بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسیترەی قەرزەکەی داوەتەوە). یاسای مەدەنیی سوری/١٨٥، لیبی/١٨٧، لوبنانی/٣/١٤٤، ئوردنی/٢٩٩، جەزائیری/١٤٦، تونسی فەسڵی ٧٣ زۆریەی یاسا مەدەنییە عەرەبییە نوێکانیش وەك ئەمەن.

**لەم مادانەی باس کران و هیتر ئەمەی خوارەوە دێتە دەست:**

- ئەگەر کەسێك جگە لە قەرزارەکە قەرزی خاوەن قەرزەکەی دایەوە و ئەمەی دوایی بەنیەتپاکی خۆی لە سەنەدی قەرزەکە داماڵی، وەك ئەوەی بیفەوتێنێ یان بیداتە ئەو کەسەی قەرزەکەی داوەتەوە و نەیتوانی بیگێڕێتەوە، یان لە پارێزگاری لێکردنیدا کەمتەرخەمی کرد و ون بوو، یان قەرزدەر خۆی داماڵی لەوەی بۆ گەرەنتیکردنی مافەکەی بەدەستی هێناوە، وەك ئەوەی قەیدکردنی رەهنەکە یان نوێکردنەوەی ئەو قەیدە پشتگوێ بخا، یان ئەو کەفیلە ئازاد بکا کە کەفالەتی دانەوەی قەرزەکەی دەکرد، یان بەر لە قەرزارە راستەقینەکە واز لە دەعواکەی بێنێ، بە تێپەڕبوونی کات (دەعواکەی) دەکەوێ.. هەموو ئەوە پشتئەستوور بەوەی ئەو مافی خۆی وەرگرتۆتەوە، ئەگەر یەکێك لەم حاڵەتانە روویدا، دەبێتە رێگر لە گێڕانەوەی ئەوەی بە ناشایستەیی وەرگیراوە، لەبەرئەوەی بەپێی یاسا مافی خۆی لە گێڕانەوە دەخا، بەوەیش یاسا بەراوردی لەنێوان بەرژەوەندیی بدەرەوە (الموفي) کە قەرزێکی داوەتەوە لەسەری نەبووە و بەرژەوەندیی قەرزدەرە نیەتپاکەکەدا کردوە کە بە نیەتپاکیی خۆی باوەڕ وابووە قەرزەکەی وەرگرتۆتەوە و بەو شێوەیە رەفتاری کردوە کە باس کرا و قوربانی بە بەرژەوەندیی بدەرەوە داوە، هەربۆیە مافی

سەندنەوەی ئەوەی داویەتی لە پێدراو بەدەست نەهێناوە[1].

– بەڵام ئەگەر ئەوەی قەرزەکەی داوەتەوە بەناوی دەعوای ناشایستە مافی گەڕانەوە سەر ئەو کەسەی نەبێ قەرزەکەی داوەتەوە، ئەوا دەرفەت هەیە بەناوی دەعوای زەنگینبوون بەبێ هۆ بۆ وەرگرتنەوەی ئەوەی داویەتی بگەڕێتەوە سەری، چونکە قەرزارە راستەقینەکە –کە بەهۆی ئەو دانەوەیەوە قەرزەکەی لەسەر خستوە– بەر لەو بەگوێرەی حوکمەکانی زەنگینبوون بەبێ هۆ پابەند دەبێ بە قەرەبووکردنەوە، بەڵام لە حاڵەتی کەوتنی قەرزەکە بە کۆنبوون مەترسی هەیە لە تێوەگلانی قەرزدەرەکە لەگەڵ کەسیتر لەسەر دروستکردنی بەڵگەنامەیەکی ئەستۆپاکی کە بەروارەکەی پێش دەخا تا وا پیشان بدا قەرزەکە بەر لە تەواوبوونی ماوەی کەوتنەکە دراوەتەوە، بەوەیش فێڵکردن رێگەی دەستگەیشتن بە مافی گەڕانەوە سەر قەرزارەکە بۆ کەسیتر خۆش دەکا، بۆیە پێویستە لەم جۆرە حاڵەتانەدا بەڵگەنامەی ئەستۆپاکی (المخالصە) بەروارێکی جێگیری هەبێ، ئەویش تا رێگە لەم جۆرە فێڵکردنە بگیرێ[1].

**سێیەم: مەبەستی بەخشین (التبرع)**

لە پیادەکردنەکانی ئەم حاڵەتە دانەوەی قەرزی کەسیترە. رێسای گشتی لە هەندێ مەزەبی فیقهی ئیسلامی و هەندێ یاسای مەدەنیی عەرەبیی نوێدا ئەوەیە: (ئەوەی قەرزی کەسیتر بداتەوە بە بەخشەر (متبرع) دادەنرێ بۆی نیە داوای بکاتەوە، مەگەر قەرینەیەك هەبێ جیاواز لەوە بگەیەنێ).

لەو یاسایانەی پەیرەوی لەم رێسایە دەکەن، یاسای مەدەنیی عێراقیی بەرکارە، کە لە مادەی (٢٣٩)دا دەڵێ: (ئەگەر کەسێك بەبێ فەرمانی ئەو کەسە قەرزەکەی

---

[1] بڕوانە: الوسیط، الاستاذ عبد الرزاق السنهوري ١٣٧/١.

مصادر الالتزام، الاستاذ الدكتور توفيق حسن فرج ٤٠٩/١.

[1] مجموعة الاعمال التحضيرية للقانون المدني المصري رقم(١٣١) لسنة ١٩٤٨: ٤٥٥/٢.

بداتــەوە، قەرزەکــە لەســـەر قەرزارەکــە دەکــەوێ چ قبــوڵی بکــا یــان نــەیکا، قەرزدەرەوەکەیش بە بەخشەر دادەنرێ و بۆی نیە بگەڕێتــەوە ســەر قەرزارەکــە بــۆ وەرگرتنەوەی ئەوەی بەبێ فەرمانی ئەو بــۆی دلوەتــەوە، مەگــەر لــە هەلومەرجەکــە ئەوە دەربکەوێ ئەو قەرزبژێرە بەرژەوەندیەکی لــە دانــەوەی قەرزەکــەدا هــەبووە و نیازی بەخشینی نەبووە).

لەم دەقەوە ئەوە تێدەگەین ئەسڵ لە دانەوەی قەرزی کەسیتردا تەبەڕوعکردنــە، بەڵام هەندێ حاڵەت هەن لەم ئەسڵە هەڵاوێردراون، گرنگترینی ئەو حاڵەتانە:

**یەکەم: دانەوەی قەرزەکە بەرژەوەندیەکی بۆ بژێرەکە هەبووبێ**

لە شێوەکانی ئەم حاڵەتە:

١- یەکێك لە میراتگران (واتە وەرەسە) لە پارەی خۆی ئەو قەرزەی دابێتەوە کە لەســەر میراتەکەیــە بــا ئــەو کارەیشــی بــەبێ مۆڵــەتی میراتگــرانیتر کردبــێ. قەرزدەرەوەکــە بــۆی هەیــە بگەڕێتــەوە ســەر میراتەکــە بــۆ وەرگرتنــەوەی پارەکەی. لــەم کــارەدا بەرژەوەنــدی لەوەدایــە میراتــی قــەرزار وەك ڕەهــن و دەستەبەری قەرزاری خاوەن قەرزەکانە و بەر لە دانەوەی قەرزەکە میراتگران بەبێ مۆڵەتی قەرزدەران بۆیان نیــە دەســت بخەنــە نــاو میراتەکــە و تــا پــاش دانەوەی قەرزەکە کاری پێ ناکرێ، ئەمەیە مانای ئەو ڕێسایەی دەڵێ: (لا ترکة الا بعد سداد الدين)[1] واتە: تا قەرز نەدرێتەوە میرات نیە.

٢- لە شێوەکانیتری بەرژەوەندی، ئەگەر ڕەهنگرێکی پێشــخەر (مـرتهن متقـدم) ماڵە ڕەهنکراوەکەی فرۆشت تا قەرزەکەی پێ وەربگرێتەوە، فرۆشــتنەکەیش لە کاتێکی نەشیاودا بوو کە بشێ نرخی ماڵەکە دابەزێنێ، کــە لەوانەیــە مــاف

---

[1] دادگەی تەمیز لە حوکمێکیدا لە ١٩٦٤/٦/٨ بڕیاریدا: (دانەوەی ئەو قیستانەی لەسـەر میراتــن بــە بانکی خانوبەرە و باج لەلایەن وەرەسەوە بە تەبەڕوع دانانرێ، لەبەرئەوەی لەوەدا بەرژەوەنـدی هەیە ئەویش دوورخستنەوەی مەترسیی فرۆشتنیەتی بە نرخێکی کەم). قضـاء محکمـة التمیـز: ١٠٧/٢-١٠٨ نقلا عن الاستاذ الدکتور عبدالمجيد الحکيم، مصادر الالتزام: ٦٤٧/١.

یان هەندێ لە مافی رەهنگرێکی دواخەر بفەوتێنێ، جا ئەم رەهنگرە دواخەر هەستێ بە دانەوەی قەرزی قەرزدەرە پێشخەرەکە، ئەوا بە بەخشین دانانرێ و مافی ئەوەی هەیە پاشتر بچێتە گەردنی قەرزارەکە و ئەوەی بۆی داوە لێی وەربگرێتەوە[٢].

**دووەم: ئەگەر لە هەلومەرجەکە روون ببێتەوە کە قەربزێژێرەکە نیازی بەخشینی نەبووە**

لە شێوەکانی ئەم حاڵەتە:

١- ئەگەر کەسێك ماڵەکەی کردە رەهن بۆ قەرزێك کە لەسەر کەسێتر بوو و قەرزەکەی دایەوە تا ماڵە رەهنکراوەکەی ئازاد بکا، ئەوا نیەتی بەخشین نامێنێ و بۆی هەیە بگەرێتەوە سەر قەرزارەکە بۆ وەرگرتنەوەی، مادەی (٢٣٨)ی مەدەنیی عێراقیش هەر ئەمەی بڕیار داوە.

٢- ئەگەر بریکار (وەکیل)ی کڕین بەبێ فەرمانی بریکاردارەکەی پارەی ماڵە کڕدراوەکەی دایە فرۆشیارەکە، بە بەخشەر دانانرێ، لەبەرئەوەی بەگوێرەی یاسا پارەکەی لەسەرە، بگرە ناچارە لە حاڵەتی غیابی بریکاردارەکەیدا پارەکەی بدا، وەك ئەوەی شتەکە بەناڕاستەوخۆ (ضـمني) مەزەندە کرابێ، بۆیە بوار نیە بۆ بەخشین و بۆی هەیە بۆ وەرگرتنەوەی ئەوەی داویەتی بگەڕێتەوە سەر بریکاردارەکەی[١].

هەموو ئەمانە ئەگەر دانەوەی قەرزەکە بەبێ فەرمانی ئەو بووبێ، خۆ ئەگەر بە فەرمانی ئەو بووبێ ئەوا بۆی هەیە بۆ وەرگرتنەوەی ئەوەی داویەتی بگەڕێتەوە سەری. یاسای مەدەنیی عێراقیش لە مادەی (٢٣٦)یدا ئەمەی بڕیار داوە: (ئەگەر کەسێك فەرمانی بە کەسێکیتر کرد قەرزەکەی بۆ بداتەوە، فەرمانپێکراوەکە بۆ وەرگرتنەوەی ئەوەی بۆی داوە دەگەڕێتەوە سەر فەرمانکارەکە و دەچێتە جێی

[٢] النظرية العامة للالتزامات، الاستاذ الدكتور حسن الذنون: ص٣٣٢.

[١] الاستاذ عبد المجيد الحكيم المرجع السابق ٦٤٩/١.

قەرزدەرە ئەسڵییەکە لە داواکردنیدا، جا چ کردبێتیە مەرج بگەڕێتەوە سەری یان نەیکردبێ).

هەروەها ئەگەر هەریەك لە فەرمانکار و فەرمانپێکرلو قەرزەکەیان دایەوە:

أ- فەرمانپێکراو بۆی هەیە بۆ وەرگرتنەوەی ئەوەی داویەتی بگەڕێتەوە گیانی فەرمانکار، ئەگەر بەر لەو قەرزەکەی دابێتەوە.

ب- ئەگەر فەرمانکار لەپێشەوە قەرزەکەی دابێتەوە، فەرمانپێکرلو بۆی هەیە بگەڕێتەوە سەر وەرگر یان فەرمانکارەکە.

مادەی (٢٣٧)ی یاسای مەدەنیی عێراقیش ئەمەی بڕیار داوە. هۆی ئەم جیاوازییەیش ئەوەیە گەڕانەوەی بۆ سەر فەرمانکارەکە لەو رووەوەیە لە دانەوەدا نوێنەرایەتی ئەوی کردوە، هەرچی گەڕانەوەیەتی بۆ سەر وەرگرەکە لەسەر بنچینەی دەعوای وەرگرتنی ناشایستە دامەزراوە[١].

**هەڵوێستی فیقهی ئیسلامی لە دانەوەی قەرزی کەسیتر:**

لە فیقهی ئیسلامیدا بابەتی ئەوەی ئاخۆ ئەو کەسەی قەرزی کەسیتری داوەتەوە، بە بەخشەر دادەنرێ یان نابەخشەر، بابەتێکی جێی ناکۆکییە، ئەو جیاوازیەیش بۆ ئەم دوو ئاراستەیە دەگەڕێتەوە:

١- ئاراستەیەك بۆ ئەوە دەچێ دانەوەی قەرزی کەسیتر بە بەخشین دادەنرێ تا بەڵگەیەك نەبێ جیاواز لەوە پیشان بدا، ئیمامی نەوەوی کە لە گەورە شەرعزانانی شافیعییە دەڵێ: (هەرچی نازامنە، ئەگەر قەرزی کەسیتری دایەوە بەبێ مۆڵەتی ئەو کەسە، بۆی نیە داوای بکاتەوە لەبەرئەوەی بەخشەرە، بەڵام ئەگەر بە مۆڵەتی ئەو دایەوە بۆی هەیە داوای بکاتەوە... لە رووی سێیەمەوە ئەگەر دۆخەکەیان دەیخواست بگەڕێتەوە دەگەڕێتەوە، ئ گینا نا، وەك

---

[١] الاستاذ الدكتور حسن الذنون، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٣٢، والاستاذ الدكتور صلاح الدين الناهل، محاضرات في الكسب دون سبب: ص١٧١.

هاوشێوەی لە پێشکەشکردندا (الهبە)[1]. فیقهی ئەبوحەنیفەیش لەگەڵ ئەم ئاراستەیەدا هاوڕایە، یاسادانەری عێراقیش کاری بەمە کردوە (م/٢٣٩).

٢- ئاراستەی دووەم بۆچوونی پێچەوانەی ئاراستەی یەکەمە، ئەویش ئەوەیە کە دانەوەی قەرزی کەسیتر بەبێ مۆڵەتی خۆی بە بەخشین دانانرێ تا بەڵگەیەك نەبێ شتێکی جیاواز لەمە پیشان بدا، ئەوەیش رای زاڵە لە فیقهی مالیکی و حەنبەلیدا، قەرافی کە لە گەورە شەرعزانانی مالیکییە[2] دەڵێ: (هەر کارێك سوودی ماڵێك یان هەر شتێکیتر بە کەسیتر بگەیەنێ، بە فەرمانی ئەو بێ یان بەبێ فەرمانی، ئەگەر هەر بڕیار بێ بەکرێگرتنی لەسەر بکرێ یان هەر بڕیار بێ ئەو ماڵە خەرج بکرێ، پێویستە لەسەری لە ماڵەکەدا هاوچەشنی بۆ بگێڕێتەوە و لە ئەنجامدانی کارەکەیشدا کرێی هاوچەشنی بداتێ، ئەویش لەسەر بناغەی ئەوەی عادەتەن مۆڵەت دەدرێ -جیاواز لە شافیعی- ئێمەیش پشت بە داهات (العوائد) دەبەستین، چونکە زمانی حاڵ جێی زمانی وتار دەگرێتەوە).

ئیبن قەیم ئەلجەوزیە[3] دەڵێ: (ئەوەی باسیان کردوە کە ئەو کەسەی قەرزێك لەباتیی کەسیتر دەداتەوە بە بەخشەر دادەنرێ، قورئان و سوننە و ئاسەواری هاوەڵان و قیاسی دروست و بەرژەوەندیی بەندەکان بەڵگەن لەسەر خراپی. خوا دەفەرموێ: ﴿هَلْ جَزَاء الإِحْسَانِ إِلاَّ الإِحْسَانُ﴾[4] ئەوە پاداشتی ئەو چاکەکارە نیە کە چاکەی لەگەڵ ئەو کەسە کردوە بە دانەوەی قەرزەکەی، چاکەکەی بفەوتێنرێ و

---

[1] روضة الطالبين وعمدة المفتين، للامام محي الدين يحيى بن شرف ابي زكريا النووي (ت٦٧٦هـ)، دار الفكر للنشر، بيروت: ٢/٥٥٦.

[2] الذخيرة للقرافي (الامام العلامة شهاب الدين ابي العباس احمد بن ادريس بن عبدالرحمن الصنهاجي) : ٤/١٢٩.

[3] إعلام الموقعين عن رب العلمين، للامام الشمس الدين ابى عبدالله محمد بن ابي بكر المعروف بابن قيم الجوزية الحنبلي (ت٧٥١هـ) : ٢/٣٢٥.

[4] سورة الرحمن /٦٠.

پاداشتی ئەوە بێ ماڵەکەی بفەوتێ و بەخراپە پاداشت بدرێتەوە..هتد). مەدەنیی میسری شوێن ئەم ئاراستەیە کەوتوە (م٣٢٤).

من وای دەبینم رای زاڵ و بگرە راست لەو دوو ئاراستەیە ئەمەی دووەمیانە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- گەڕانەوەی قەرزدەرەوەکە بۆ گیانی قەرزارەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەستی لە دانەوەی قەرزەکەی بەخشین (تبرع) نەبووە، ئەگەر هاتوو بەڵگەیەك نەبوو لەسەر بوونی نیازی بەخشین.

٢- ئەگەر وامان دانا دانەوە بەبێ مۆڵەتی قەرزارەکە تەبەڕوعە، ئەوا ئەم بەخشینە حوکمی پێشکەشکردنی هەیە، ئەوە روونە پێشکەشکار (الواهب) بۆی هەیە لەوەی پێشکەشی کردوە پاشگەز ببێتەوە ئەگەر رێگرێك بۆ ئەو پاشگەزبوونەوەیە نەبوو، هەروەها پاساو هەبوو بۆ پاشگەزبوونەوەکە، وەك مەدەنیی عێراقی (م/٦٢١) باسی کردوە لەوانە:

أ- پێشکەشکراو (الوهوب) هێندە مەترسیدارانە بێمنەتی لە ئەرکی سەرشانی بەرانبەر بەخشەرەکە بنوێنێ، کە ئەو کارە بەلایەوە بەدنمەکی و پێنەزانینێکی سەخت بێ.

ب- پێشکەشکەر (الواهب) وای لێ بێ نەتوانێ هۆی بژێوی بۆ خۆی دەستەبەر بکات...هتد.

٣- ئەو شەرعزانانەی گوتویانە دانەوەی قەرزی کەسیتر بەبێ فەرمانی خۆی تەبەڕوعە، عوزریان هەیە، لەبەرئەوەی ژیانی ئابووریی سەردەمەکەیان سادە و بڕی قەرزەکان کەم بوون و پاڵنەری ئاینی بەسەر لایەنی مادیدا زاڵ بووە، بەڵام ئەمڕۆ هەموو شت بەپێچەوانەی رابردووە، بۆیە پێویستە ئەسڵ لە دانەوەی قەرزی کەسیتردا تەبەڕوعنەکردن بێ، بەپێچەوانەی رابردوو.

# باسی دووەم:
# حوکمی پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی وەرگیراو بە ناشایستە

هەرکاتێ ئەو سێ مەرجەی دانەوە لەبەر تیشکی ئەوەی لە باسی یەکەمدا لێی کۆڵینەوە بەردەست بوون، ئەو دانەوەیە کۆمەڵێ حوکم (ئاسەوار)ی لێ دەکەوێتەوە، گرنگترینیان ئەوەیە بدەرەوە مافی گێڕانەوەی ئەوەی هەیە کە داویەتی لەبەرئەوەی لەسەری واجب نەبووە، بۆیە پێویستە کەسی پێدراوە (الموفی لە) پابەند بێ بەوەی ماڵەکەی بۆ بگێڕێتەوە چونکە شایستەی نەبووە. یاسا دیاری کردوە چی پێویستە بگێڕدرێتەوە و لەوەدا جیاکاری کردوە لەنێوان ئەوەی کە پێدراوە نیەتپاک بووە یان نیەتخراپ و ئەحکامی هەر حاڵەتێکی چارە کردوە، ئەمە جگە لە روونکردنەوەی حوکمە هاوبەشەکانی نێوان ئەو دوو حاڵەتە.

لەبەر تیشکی ئەم پێشەکیەدا لێکۆڵینەوە لەم سێ جۆرە لە ئەحکام بەسەر سێ خواستدا دابەش کراوە:

# خواستی یەکەم:
# حوکمەکانی پابەندبوونی پێدراوی نیەتپاک

پێدراوی نیەتپاك (الموفي لە حسن النیة) ئەو کەسەیە باوەڕی وایە ئەوە وەردەگرێ کە شایستەیەتی[1]. ئەسڵیش نیەتپاکییە و ئەوەی جیاواز لەم ئەسڵە دەڵێ پێویستە پێچەوانەکەی بسەلمێنێ. لەسەر ئەم بناغەیە یاسا گریمانەی نیەتپاکیی پێدراو دەکات و باری سەلماندنی نیەتخراپی دەخاتە سەر شانی پێدەر (الدافع) یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکا.

شایانی باسە دەکرێ نیەخراپی بە هەموو ڕێگەکانی سەلماندن بسەلمێنرێ، لەوانە بەڵگە و قەرینە، لەبەرئەوەی نیەتخراپی ڕووداوێکی مادییە[2]. بابەتی پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەیش ئەو شتەیە دەدرێتەوە[3]، ئەویش یان ئەوەتا پارەیە یان شتی هاوچەشنیترە یان ماڵێکی دیاریکراوە و هەریەکەیشیان ئەحکامی تایبەت بەخۆی هەیە.

---

[1] النظرية العامة للالتزام، الدكتور عبد الحي حجازي ١/٥٩٥.

[2] الوسيط للسنهوري ١/١٣٥٩.

[3] دەعواکە دەعوای گێڕانەوەی ناشایستەیە، دلواکار (المدعي) ئەو کەسەیە بەزۆری دانەکە لە ماڵی ئەوە و لەوانەیە بریکار یان چاودێر (وەصی) یان سەرپەرشت (قیم) بێ. درلو (المدفوع)ەکەیش بەزۆری لە ماڵی کەسە ئەسڵییەکە دەبێ، بەڵام درلوەکە لە ماڵی نوێنەرەکەیش بێ حوکمەکە ناگۆڕێ، لە هەموو بارەکاندا بۆ وەرگرتنەوەی ئەوەی دلویەتی دەگەڕێتەوە سەری، ئەگەر نوێنەرەکە زیاتر لەوەی بڕلرد کە لە ئەستۆی ئەسڵییەکەدا بوو لە زیادەکەدا ئەو دەبێتە قەرزدەر. شایانی باسە قەرزدەرانی قەرزدەر دەتوانن مافەکەی بەکار بێنن و دلوای گێڕانەوەی ئەوەی بەناهەق درلوە بکەن، ئەویش بەگوێرەی ڕێساکانی دەعوای ناڕاستەوخۆ، هەروەها میراتگرانی قەرزدەرەکەیش دەتوانن ئەم مافە بەکار بێنن لەبەرئەوەی بەشێکە لە میراتەکە. الوسيط:١/١٣٥٧.

## یەکەم: ئەگەر ئەوەی دەدرێتەوە پارە بێ

پێویستە پێدرلو بڕی پارەکە بگێڕێتەوە بەچاوپۆشین لە گۆڕانی نرخی نەختینـە، لەبەرئـەوەی نیـەتی پاکـە و پابەنـد نـابێ بـە بۆگێڕانـەوەی سـوودەکانی پـارە وەرگیراوەکە. یاساناسان لەسەر ئەمە کۆکن و مادە یاساییەکانیش جێگیریان کردوە، لەوانـە مـەدەنی عێراقـی/٢٣٣ و میسـری/١٨٥ و سـوری/١٨٦ و لـیبی/١٨٨ و لوبنانی/١٤٢و١٤٦ و جەزائیری/١٤٧ و باقیی یاسا مەدەنییە عەرەبیەکانیتر. بەڵام یاسای مەدەنیی عێراقی لەو مادەیەدا وشەی نیەتپاکی (حسن النية)ی باس نەکردوە، بەڵکو لە مانای پێچەوانەی دەقەکە وەردەگیرێ[1].

باسکردن لە بۆگێڕانەوەی ئەو بڕەی وەرگری نیەتپاك وەریگرتوە بەچاوپۆشین لە نرخی نەختینـە وەرگیراوەکـە، هـەروەها لـە سـەرجەم ئـەو قەرزانـەی لـە ئەسـتۆی قەرزارەکەدایە هۆکەیان هەرچی بێ، هەڵەیەکی شایعە لە یاسا مەدەنییە عەرەبیەکان و شـەرحەکانیاندا، ئـەم هەڵەیـەیش زادەی لێـك جیانەکردنەوەیـە لـەنێوان مانـای هاوچەشنی لە پارە و ماناکەی لـە شـتە هاوچەشـنەکانیتردا، چـونکە لـە هەموویانـدا هاوچەشن (المثلي) بەوە لێکدراوەتەوە کە: (ئەوەیە هاوچەشنی لە بازاڕدا هەیە بەبێ جیاوازیەك حسابی بۆ بکرێ)[2]. هەروەك بـەهایی (القیمـي) بـەوە لێکدراوەتـەوە کـە: (ئەوەیە هاوچەشنی لە بازاڕدا نیە، یان هەیە بەڵام جیاوازیەکی وایان لە نرخـدا هەیـە کە حسابی بۆ دەکرێ)[3].

---

[1] بەڵام یاسادانەری عێراقی ئەحکامی نیەتپاکی لە هەندێ مـادەیتردا بـاس کـردوە لەوانـە مـادەی (١١٦٥) کە دەڵێ: (يملك الحائز حسن النية ما قبضه مـن الزوائـد ومـا استوفاه مـن المنـافع مـدة حيازتـه). (واتـە: بەدەسـتهێن یـاخود لـەلابووی نیـەتپاك مـافی خاوەنـدارێتیی ئـەو زیادانـەی وەریگرتوون و ئەو سوودانەی لە ماوەی لەلابوونیدا بەدەستی هێناون، هەیە).

[2] گۆڤاری: الأحكام العدلية مادەی (١٤٥).

[3] گۆڤاری: الأحكام العدلية مادەی (١٤٦).

ئەمە لەکاتێکدا هاوچەشنی شت لە پارەدا ئەوەیە لە وێنە و مانادا لەگەڵی یەکسان بێ، وێنەی پارەیش روونە و بەگۆڕانی نرخەکەی ناگۆڕێ، بەڵام ماناکەی بریتییە لە هێزی کڕین (یان نرخ)، لەم روانگەوە ئەگەر نرخی هەموو دراوێك لە مامەڵە و ئاڵوێری ناو خەڵك لە ژیانی ئابوورییاندا بەشێوەیەکی بەرچاو و کاریگەر گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوا هاوچەشنبوونەکەی لەدەست دەدا، لەبەرئەوەی رەگەزی ماناکەی لەدەست داوە و دەگۆڕێ بۆ بەهایی. لێرەیشەوە قەرزەکە بە نرخی رۆژی گۆڕانی ئەو دراوە لە هاوچەشنەوە بۆ بەهایی لەسەر وەرگر (القابض)، جا چ نیەتپاك بێ یان نیەتخراپ، واجبە.

بەڵام لە دانەوێڵە و مادەی خۆراکیدا مانا بریتییە لە هێزی خۆراکی و بەبەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی نرخەکەی ناگۆڕێ، لەبەرئەوە وەرگر پابەند دەبێ بە بۆگێڕانەوە هاوشێوەی ئەوەی وەریگرتوە بەچۆن و چەندیەوە ئەگەر لە بازاڕدا دەستی کەوت، لەبەرئەوەی پارێزگاری لە سیفەتی هاوچەشنیەکەی کردوە.

لە روانگەی ئەم جیاوازییە جەوهەرییە لەنێوان هاوچەشنبوونی پارە و هاوچەشنبوونی شتە هاوچەشنەکانیتری جگە لە پارە، ئەوەی برە پارەیەك بە ناشایستە لە کەسێك وەردەگرێ لەکاتێکدا نرخی مسقاڵێك زێڕ بۆ نموونە سەد دینار بووە، بەڵام کاتێ خاوەن پارەکە دەگەڕێتەوە سەری و داوای پێدانەوەی برە ناشایستەکەی لێدەکاتەوە نرخی مسقاڵی زێڕ بۆ نموونە (٧٥ هەزار دینارە)، وەك لە سەرەتای ١٩٩١ەوە بەسەر دیناری عێراقیدا هات، ئایا دادپەروەری و ویژدانە بوترێ ئەوەی قەرزەکەی پێ دراوە تەنها دانەوەی ئەو برە پارەیەی لەسەرە وەریگرتووە بەچاوپۆشین لەو گۆڕان و دابەزینەی بەسەر نرخی دیناری عێراقیدا هاتووە[١].

---

[١] لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم چاو بەم بابەتەدا بخشێنرێتەوە لە هەموو ئەو یاسایانەی کە وایان بڕیار داوە پێویستە ئەوەی وەرگیراوە بەبێ زیاد یان کەم بگێڕدرێتەوە ئەگەر هاتوو پێدەرلو نیەتپاك بوو و حوکمەکە بەم شێوەیەی لێ بێ: (ئەگەر ئەوەی دراوەتەوە پارە بوو پێویستە پێدەرلو برەکەی بگێڕێتەوە ئەگەر نرخەکەی لە ماوەی نێوان وەرگرتن و بۆ گێڕانەوەدا گۆڕانێکی ←

ئەوەى بەلايەوە گرنگە ئاگەدارى ئەم راستييە بێ، با لە فيقهى ئيسلاميدا بگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵە پەيامەكەى ئيبن عابدين[١] و لە ئوسولْ فيقهى ئيسلاميدا بۆ: التقرير والتجبير[٢] على التحرير، اصول البزدوي مع كشف الأسرار[٣]، التوضيح على التنقيح[٤]، واصول السرخسي[٥]، واصول الشاشي[٦]، وجمع الجوامع و شەرحەكەى لەگەڵ حاشيەى البناني[٧].

خاوەنى المغني (ابن قدامة الحنبلي)[٨] سەركەوتوو نەبوو لە قياسكردنى گۆڕانى نرخى پارە لەسەر گۆڕانى نرخى شتە هاوچەشنەكانيتر وەك مادە خۆراكيەكان و هەمان حوكمى بە هەموويان داوە، ئەويش گێڕانەوەى ئەوەيە وەرگيراوە بە چەند و چۆنيەوە، لەبەرئەوەى ئەوە قياسە بەجياوازيەوە، لەبەرئەوەى مانا لە پارەدا هێزى كڕينە و ئەگەرى گۆڕان بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوەى لەپێشە، لەكاتێكدا مانا لە مادە خۆراكيەكاندا هێزى خۆراكييە و قابيل بە گۆڕان نيە مادام بەكەڵكى بەكارهێنان بێ.

---

واى بەسەردا نەهاتبوو كاريگەرى لەسەر ژيانى ئابوورى هەبێ، بەپێچەوانەوە پێويستە بەهاكەى بگێڕێتەوە لەو رۆژەى لە هاوچەشنيەوە گۆڕاوە بۆ بەهايى. هەروەك پێشنيار دەكەم ئەم رێسايە بەسەر سەرجەم قەرزە شايستە و ناشايستەكاندا جێبەجێ بكرێ بەچاوپۆشين لەوەى قەرزارەكە نيەتپاكە يان نيەتخراپ.

(١) للعلامة محمد أمين الفقيه الحنفي في الرسالة المعنونة بـ(تنبيه الرقود على مسائل النقود)، الطبعة الاولى، دلر سعادات: ص٦١ و پاشتر.

(٢) للعلامة ابن أمير الحاج على التحرير للكمال بن الهمام ١٢٧/٢.

(٣) للعلامة علي بن محمد البزدوي ١٥٢/١.

(٤) للعلامة صدر الشريعة عبيد الله بن مسعود ٨٢/٢.

(٥) للعلامة محمد بن أحمد ١٢٤/١.

(٦) للقفال الشاشي الحنفي: ص٤٢.

(٧) للعلامة ابن السبكي وشرحه للجلال المحلي ١١٧/١.

(٨) عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة في كتاب المغني ٣٦٠/٤.

یاسای عێراقی ئەم بابەتەی بەشێوەیەکی جوزئی چارە کردوە[1]، بەڵام چارەیەکی ناتەواو بووە لەبەرئەوەی تەنها لەسەر مارەیی ژنی تەڵاقدراو وەستاوە و مارەییەکەی بە دیناری عێراقی بە نرخی ڕۆژی واجیبوونی لەسەر مێرد دیاری دەکرێ و لە ڕۆژی دامەزرانی گرێبەندی هاوسەرگیرییەکەدا بە زێڕ مەزەندە دەکرێ، ئەمەیش لەگەڵ ڕۆحی شەریعەتی ئیسلامی و دادپەروەری و ڕێسا ئوسولیەکاندا کۆکە.

بۆ نموونە ئەگەر گرێبەندی مێردکردنی ژنێك بۆ نموونە بەر لە شەست ساڵ کرا و مارەییە دواخراوەکەی بە (١٠٠) دینار دیاری کرا، لەکاتێکدا نرخی مسقاڵێك زێڕ سێ چارەکە دینار بووە، ئایا دادپەروەری و ئینسافە پاش جیابوونەوە بە مردن یان تەڵاق، قازی بڕیار بدا ژنەکە هەمان بڕە پارەی دەکەوێ، واتە سەد دینار، لەکاتێکدا نرخی مسقاڵێك زێڕ لە (٨٠) هەزار دینار کەمتر نیە؟!.

لەبەرئەوە بەگرنگی دەزانم ئەم چارەیەی باس کرا گشتی بکرێ بەشێوەیەك ئەو ژنەیش بگرێتەوە کە مێردەکەی مردوە، هەروەها هەر قەرزدەرێکیتریش ماوەیەك بەسەر قەرزەکەیدا تێدەپەڕێ، کە لەو ماوەیەدا گۆڕانێکی کاریگەر لە ژیانی ئابووریدا بەسەر هێزی کڕینی دراوەکەدا هاتووە، جا چ وەرگر نیەتپاك بێ یان نیەتخراپ مادام پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە باقییە و بە کۆنبوون یان هەر ڕێگەیەکیتر نەکەوتوە.

---

[1] بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی هەڵوەشاوە ژمارە(١٢٧) لە ١٩٩٩/٧/٢٤.

## دووەم: ئەگەر ئەو ماڵەی دراوەتەوە شتی هاوچەشنیتر بێ[1]:

ئەگەر ئەوەی دراوەتەوە شتی هاوچەشنیتر بێ جگە لە پارە، لەسەر بەناهەق وەرگر پێویستە ئەندازەکەی بگێڕێتەوە، جا لە عەیارەکاندا بە عەیارە و لە کێشراوەکاندا بە کێشانە و لە پێوانەکراوەکاندا بە پێوانە و لە ژمێردراوەکاندا بە ژمارە. پێدراوی نیەتپاك بە گێڕانەوەی بەروبومی ئەو شتانە پابەند نابێ ئەگەر لەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان وەرگرتن و بۆ گێڕانەوەدا بەروبومیان هەبوو، لەبەرئەوەی ئەسڵ وایە ئەو نیەتپاکە و هەر بە وەرگرتنی دەبێتە خاوەنی مادام لەکاتی وەرگرتنەکەدا لەسەر نیەتپاکیەکەی باقی بێ، بەڵام ئەوەی لەو کاتەوە تێیدا دەبێتە نیەتخراپ وەریدەگرێ، نابێتە خاوەنی و پابەندە بە دەستبەجێ گێڕانەوەی، ئەگەر لەوەدا دواکەوت پابەند دەبێ بە قەرەبووکردنەوەیش.

## سێیەم: ئەگەر وەرگیراوەکە شتێکی بەهایی بوو:

ئەگەر ئەوەی بەناهەق وەرگیراوە ماڵێکی بەهایی واتە ماڵ (عین)ێکی بەخود دیاریکراو بێ، جا چ خانوبەرە بێ یان گوێزراوە، پێویستە لەسەر وەرگر هەمان ماڵ هەر لەو ساتەی دەکەوێتە دەستی بۆ کەسی بدەرەوە بگێڕێتەوە، ئەمەی دوایی لە گێڕانەوەی ئەو ماڵەدا دوو دەعوای هەیە: دەعوای ناشایستە کە دەعوایەکی کەسییە،

---

[1] وەك دەغڵودان و سکە و قوماش و دانەویڵە، وەرگیراو لەم شتانە و هیتر لەگەڵ ئەوانەی وەرگر خۆی لەو جۆرانە هەیەتی تێکەڵ دەبن و لە دانەوەدا هیتر جێی دەگرێتەوە، لەبەرئەوە سەرباری بەتاڵیی دانەوەکە مافێکی عەینی لەسەر بدەرەوە نامێنێ، بەڵکو بەگوێرەی ئەوە مافی قەرزدەریی هەیە و مافی هەیە داوا بکا هاوشێوەی ئەوەی بەناهەق وەریگرتووە بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش بەدەعوای گێڕانەوەی ناشایستە، هەروەك بۆی هەیە دوای مۆڵەتوەرگرتن لە قازی، لەسەر خەرجی وەرگر هاوچەشنەکەی لەبازاڕ بەدەست بێنێ، لەکاتی پەلەییدا دەکرێ بەبێ مۆڵەتی قازی بێ.

بڕوانە: الاثراء على حساب الغير، للاستاذ مرقس ٤٤/٢، مصادر الالتزام، للدكتور سعد الدين الشريف: ص٤٦٧، مصادر الالتزام، للاستاذ فريد فتيان: ص٢٥٥.

هەروەها دەعوای شایستەبوون کە دەعوایەکی عەینییە[1].

ئەوەی لەم باسەدا بەلامانەوە گرنگە دەعوای ناشایستەیە، لەبەرئەوەی شوێنی باسکردنی دەعوای عەینی بەشی سێیەم یان چوارەمە وەك لە جێی خۆیدا روون دەکرێتەوە، مەبەست لە عەینی بەخود دیاریکراویش ماڵی بەهاییە -وەك باسمان کرد- بە قەرینەی بەراوردکردنی ئەم حاڵەتی سێیەمە بە حاڵەتی یەکەم (حاڵەتی ئەوەی وەرگێڕاوەکە پارە بێ) و حاڵەتی دووەم (حاڵەتی ئەوەی وەرگێڕاوەکە شتی هاوچەشن بێ). شوێنی باسکردنی حوکمەکانی حاڵەتی سێیەم -وەك باسمان کرد- بەشی سێیەمە، لەبەرئەوەی گێڕانەوە بە دەعوای عەینی دەبێ و پابەندبوونی وەرگر بە گێڕانەوەی لەسەر بناغەی نەمانی هۆ لە بابی بەرپرسیارێتیی عەقدیدا دامەزراوە، هەروەها لە بەشی چوارەمدا لەسەر بناغەی ناڕەوابوونی هۆ لە بابی بەپرسیارێتیی کەمتەرخەمیدا، لەبەرئەوە بەکورتی باسی ئەم حاڵەتی سێیەمە دەکەین و درێژەکەی بۆ بەشی سێیەم و چوارەم بەجێ دێڵین.

**پوختەی ئەو حوکمانە:**

١- پابەندبوونی وەرگرتنی نیەتپاك بە گێڕانەوەی خودی ماڵ (عین)ـە وەرگێڕاوەکە ئەگەر هاتوو لەکاتی داوای گێڕانەوەکەدا مابوو و وەرگر پرسیاری لێ ناکرێ لەبارەی هەر خەلەل یان کەموکورییەك کە بەهۆی بەکارهێنان بەر لە بەرزکردنەوەی دەعواکە لەدژی و بەبێ ئەوەی هیچ کەمتەرخەمی کردبێ، رووی

[1] لە بابەتی پابەندبوونی پێ دراو (المدفوع له) بە نیەتپاکی بە گێڕانەوەی شتە بەهاییەکان، بڕوانە:
الاستاذ السنهوري، الوسيط ١/١٣٥٩ و پاشتر.
والاستاذ الدكتور حسن الذنون، النظرية العامة للالتزامات: ص٣٢٧.
والاستاذ المرقس، الاثراء على حساب الغير ٢/٤٤.
الاستاذ توفيق حسن فرج، النظرية العامة للالتزامات ١/٤٠٥.
الاستاذ عبدالمنعم فرج الصدة، مصادر الالتزام: ص٦١٠-٦١١.
والاستاذ عبد الحي حجازي، مصادر الالتزام ١/٦٠٠ و پاشتر.

دلوە مەگەر بەئەندازەی ئەو سوودەی لەوە پێی گەیشتووە کە لەو کەموکوڕییە کەوتۆتەوە[1].

٢- بەسەرچوونی پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە ئەگەر هاتوو بەبێ هەڵەی ئەو ماڵەکە لە دەستی وەرگرە نیەتپاکەکەیدا فەوتا، بەڵام ئەگەر ئەوە سوودێکی بۆ وەرگر هەبوو، یان بەهۆی ئەو فەوتانەوە مافێکی بۆ پەیدا بوو، وەك ئەوەی لەناوچوونەکە لەبەر زەرورەتی رزگارکردنی ژیانی خۆی یان ماڵێکی بەنرختر بوو، یان بەهۆی فەوتانی ماڵەکەوە بڕێك پارەی بیمەی بەر دەکەوت، ئەوا پابەند دەکرێ بە گێڕانەوەی ئەوە بۆ بدەرەوەکە، ئەویش وەك پیادەکردنی ڕێساکانی بەدەستهێنان بەبێ هۆ (یان دەوڵەمەندبوون بەبێ هۆ)، لەو حاڵەتەدا ئەو پابەندییە نارەوێتەوە ئەگەر لەناوچوونەکە بەهۆی هەڵەی ئەوەوە بوو یان پاش ئاگەدارکردن (اعذار)ی بوو، یان پاش خراپبوونی نیەتی بوو[2].

٣- ئەگەر وەرگری نیەتپاك بە نیەتپاکیی خۆی ڕەفتاری بە ماڵەکەوە کرد ڕەفتارەکە بەهۆی کۆنبوون یان ڕێسای (الحيازة في المنقول سند الملكية)ەوە بۆ ڕەفتار بۆکراو (المتصرف اليه) بەرکار بوو، خاوەن موڵك یان بدەرەوە بۆیان نابێ ماڵەکە بگێڕنەوە، بەڵام لە ڕەفتاری نابەرکاردا پابەند دەکرێ بە گێڕانەوە ماڵەکە لە ئەگەر مابوو، پێویستە لەبەرانبەر ئەو ڕەفتارەدا ئەوەی وەریگرتووە بیگێڕێتەوە ئەگەر ئاڵوگۆڕ (معاوضة) بوو، هەروەها گێڕانەوەی بەهاکەی ئەگەر تەبەڕوع بوو. ئەمە دادپەروەرییە[3].

---

[1] الإثراء على حساب الغير للاستاذ مرقس ٢/٤٦ الوسيط للسنهوري ١/١٣٦٧.

[2] الإثراء على حساب الغير، سەرچاوەی پێشوو ٢/٤٧.

[3] مامۆستا مرقس لە (الإثراء على حساب الغير ٢/٤٩) پێی وایە: پابەند دەکرێ بە نرخی زەنگینبوون لەکاتی چوونە ئەستۆیەوە جا چ ڕەفتارەکە ئاڵوگۆڕ بێ یان تەبەڕوع.
مامۆستا سەنهوری لە (الوسيط ١/١٣٦٨)دا دەڵێ: وەرگری نیەتپاك کە ڕەفتاری بە وەرگیراوەوە کردوە، بەر لە پێدەر (الدافع) بەرپرس نابێ بەئەندازەی ئەوە نەبێ لە بڕێتیدا وەریگرتوە، هەربۆیە ئەوەی پێدەر لەوەی وەرگرتوە بۆی دەگێڕێتەوە یان مافی دلواکردنی بۆ ←

٤- لەدەستدابووی نیەتپاك (الحائز حسن النية) خاوەنی ئەو زیادانە و ئەو سوودانەیە لە ماوەی بەناهەق[1] لەلابوونی ماڵەکە بەدەستی هێناون. بەروبومە سروشتی یان داهێنراوەکان بە وەرگیراو دادەنرێن لە ڕۆژی جیابوونەوەیانەوە، هەرچی بەروبومە مەدەنیەکانن ڕۆژ بەڕۆژ وا دادەنرێن وەرگیراون.

٥- پێویستە بەر لە پەنابردن بۆ داوای جێبەجێکردنی پابەندیەکەی بەزۆر، وەرگر ئاگەدار بکرێتەوە کە ماڵەکە بگێڕێتەوە، جا چ ئەم جێبەجێکردنە عەینی بێ یان بە بەرانبەر[2].

٦- وەرگری نیەتپاك بۆی هەیە خەرجە ناکەمالیەکان بگێڕێتەوە کە لەسەر ئەوەی بەناهەق وەریگرتووە کردونی[3].

بەم ئەندازەیە دەوەستین، ئەویش بە چاولێکردنی هەندێ لە یاساناسان بۆی چوون لە تێکەڵکردنی بابەتی لەلابوونی ماڵەکە لەگەڵ بابەتی دانی ناشایستە، ئەگەرچی لۆژیکی یاسایی ئەم تێکەڵکردنە رەت دەکاتەوە، لەبەرئەوەی دانی ناشایستە (الدفع غير المستحق) و وەرگرتنی ناشایستە (القبض غير المستحق) پەیوەندییان بەو قەرزانەوە هەیە کە لە ئەستۆی مرۆڤدان، نەك بەو ماڵانەی لەلای ئەون.

---

حەواڵە دەکا، خۆ ئەگەر وەك تەبەرۆع رەفتاری بە عەینەکەوە کرد، بەر لە پێدەر لە هیچ بەرپرسیار نابێ.

(د. عبد الحي حجازي) لە: مصادر الالتزام ١/٦٠٢دا لەگەڵی هاوڕایە، قسەی هەردووکیان سەبارەت بە حاڵی بەخشەر لەگەڵ دابەروەری ناکۆکە.

(الحيازه في المنقول سند الملكيه. واتە: لەدەستدابوون لە ماڵی گوێزراوەدا سەنەدی خاوەندارێتییە - وەرگێڕ).

[1] مەدەنیی عێراقی /١١٦٥، میسری/٩٧٨، سوری/٩٢٩ و لیبی/٩٨٢.

[2] مەدەنیی عێراقی /٢٤٦، میسری/ ٢٠٣، سوری /٢٠٤، لیبي/٢٠٦، لوبناني/٢٤٩.

[3] عێراقی/١١٦٧، میسری /٩٨٠، سوري/٩٣١، لیبي/٩٨٤.

# خواستی دووەم:
# حوکمەکانی پابەندبوونی پێدراوەی نیەت خراپ

مەبەست لە خراپیی نیەت لێرەدا ئەوەیە وەرگر بزانێ ئەو شتێك بەناهەق (ناشایستە)[1] وەردەگرێ. ئەگەر پێدەر سەلماندی پێدراو نیەتخراپە و لەکاتی وەرگرتنی شتەکە یان پاش ئەوەدا دەیزانی ئەو شتەی وەریدەگرێ شایستە و هەقی ئەو نیە، پێدراو پابەند دەکا بە بۆگێڕانەوەی شتە دراوەکە، ئەم دراوەیش یان ئەوەتا پارەیە یان شتی هاوچەشنیترە یان شتی بەهاییە، لە هەر سێ حاڵەتەکەدا پێویست بە ئاگەدارکردنەوەی وەرگر ناکا، لەبەرئەوەی لە کاتی وەرگرتنەکەوە بە موعزیر دادەنرێ، بەڵام نیەتخراپیەکی لەناکاو پاش وەرگرتنەکە رێگر نیە لە ئاگەدارکردنەوە، لەبەرئەوەی عیبرەت لە روودانی ئاگەدارکردنەوە بە زەبری یاسا ئەوەیە لەکاتی وەرگرتنەکەدا زانیاری هەبێ[2].

مەدەنیی عێراقی لە مادەی (٢٥٨/ج)دا ئاماژە بە نازەروربوونی ئاگەدارکردنەوەی وەرگر بۆ شتێکی ناشایستە بە نیەتێکی خراپەوە دەکا: (پێویست بە ئاگەدارکردنەوەی قەرزار ناکا ئەگەر هاتوو بابەتی پابەندیەکە بۆ گێڕانەوەی شتێك بوو قەرزارەکە دەیزانی دزراوە، یان شتێك بوو بەناهەق وەریگرتبوو و ئەوەیشی دەزانی).

یاسای مەدەنیی میسری م٢٢٠/ج و سوری م٢٢١/ج و لوبنانی م٢٥٢/٣ و لیبیش م٢٢٣/٢ رێك وەك ئەم یاسایەن.

---

[1] الاستاذ الدكتور حسن الذنون، النظرية العامة للالتزامات: ص٣٢٩. الاستاذ الدكتور عبد المجيد الحكيم، مصادر الالتزام ٦٤٢/١.

[2] الوسيط ١٣٦٩/١ نبذة ٤٨١.

**حوکمی ئەو سێ حاڵەتەی باس کران:**

**یەکەم: ئەگەر وەرگیراوەکە پارە بوو وەرگر نیەتخراپ بەمانە پابەند دەبێ:**

١– پابەند دەبێ بە بۆگێڕانەوە بڕی ئەو پارەیەی وەریگرتوە.

٢– پابەند دەبێ بە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی لە دواکەوتنی بۆ گێڕانەوە لەکاتی وەرگرتنەوە کەوتۆتەوە، لەبەرئەوە نیەتخراپیەکەی وای لێدەکا وەك ئەوەی لەو کاتەوە ئاگەدار کرابێتەوە بۆ گێڕانەوە، لێرەیشەوە بەرپرس دەبێ لە قەرەبووکردنەوە.

٣– ئەو سوودانەیشی دەکەوێتە سەر کە دەکرا وەرگیراوەکە بەرهەمیان بێنێ، پارەیش هەمیشە قابیل بەوە دادەنرێ کە لانیکەم سوودە یاساییەکان بەرهەم بێنێ، هەربۆیە وەرگری نیەتخراپ پابەند دەکرێ بە سوودەکانی ئەو شتەی وەریگرتوە لەو کاتەوە بە نیەتخراپی وەریگرتوە، یان لەو رۆژەوە بووەتە نیەتخراپ، لە هەموو بارەکاندا پابەند دەکرێ بە بۆگێڕانەوەی ئەو سوودەی بینیویەتی یان دەیتوانی لە رۆژی بەرزکردنەوەی دەعواکەوە بیبینێ. یاسای مەدەنیی عێراقی م٢٣٣/٢ و میسری م ١٨٥ و سوری م١٨٦ و لوبنانی م١٤٢ و لیبی م١٨٨، باس لەمە دەکەن.

٤– ئەگەر بەهای نەختینەکە لە ماوەی نێوان وەرگرتن و بۆگێڕانەوەدا دابەزی، وەرگر مولزەمە بە قەرەبووکردنەوە بدەرەوە لەو زیانە[1].

**دووەم: ئەگەر وەرگیراوەکە شتی هاوچەشن بوو جگە لە پارە وەرگری نیەتخراپ پابەند دەکرێ بەمانەی خوارەوە:**

١– پابەند دەبێ بە بۆگێڕانەوەی هاوشێوەکەی و بەئەندازەی خۆی.

٢– پابەند دەبێ بە قەرەبووکردنەوەی بدەرەوە لەو زیانەی بەهۆی حیجزکردنی ئەو شتانە لێی لەکاتی وەرگرتنیەوە تا کاتی بۆگێڕانەوەی، لێی کەوتووە.

---

[1] الاستاذ مرقس، الاثراء على حساب الغير ٥٧/٢. الاستاذ عبد المجيد الحكيم، مصادر الالتزام ٦٤٢/١. الاستاذ عبد الحي حجازي، مصادر الالتزام ٦٠٤/١.

٣- پابەند دەبێ بە بۆگێڕانەوەی ئەو سوود و قازانجانەی دەستی کەوتوون یان ئەوانەی کەمتەرخەمی کردوە لە بەدەستهێنانیان لەو شتەی بەناهەق وەری گرتوە، ئەویش لە رۆژی دانەوەیەوە (الوفاء)، یان لەو رۆژەی تێیدا بووەتە نیەتخراپ. بەهەرحاڵ، ئەو کەسەی شتی بە ناشایستە وەرگرتوە پابەند دەبێ بە بۆگێڕانەوەی سوود و بەروبومەکان لە رۆژی بەرزکردنەوەی دەعواوە بەگوێرەی ئەو ماددانەی لە بابەتی سوودەکانی پارەدا باس کراون.

٤- ئەگەر شتە هاوچەشنەکان بە برێك پارە مەزەندە کران، وەرگر پابەند دەکرێ بە گێڕانەوە، لەبەرئەوەی قەرزدەرەوەکە شایستەی قەرەبووکردنەوەیە لە بۆگێڕانەوەی ئەو برە پارەیە لە رۆژی وەرگرتنیەوە تا کاتی بۆ گێڕانەوە بەگوێرەی رێساکانی قەرەبووکردنەوەی ئاسایی، نەك بەگوێرەی ئەحکامی سوودە یاساییەکانی دواخستن و تێیدا سەلماندنی زیان مەرجە و قەرەبووکردنەوە بە نرخی سوودی یاساییەوە نابەسترێتەوە[1].

**سێیەم: ئەگەر وەرگیراوەکە شتێکی بەهایی بێ:**

ئەگەر وەرگیراوەکە شتێکی بەهایی بێ واتە ماڵێکی بەخود دیاریکراو بوو، بدەرەوە (الموفي) -یان خاوەن موڵك- مافی لە خاوەندارێتیی ئەو ماڵ (عین)ەدا دەمێنێ ئەگەرچی لەلای ئەو نەماوە و گوێزراوەتەوە بۆ لای پێدراو (الموفی لە) و بەدەعوای گێڕانەوەی ناشایستە بۆی هەیە بیگێڕێتەوە، ئەو کەسەیش بەناهەق شتە بەهاییەکەی وەرگرتوە کە نیەتخراپە، بەم پابەندیانەی خوارەوە پابەند دەبێ:

١- پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی هەمان ماڵ هەرکات گەیشتە لای، چونکە پێویستە وەرگر خودی خۆی بگێڕێتەوە و بەهەمان ئەو حاڵەتەی لە کاتی وەرگرتنیدا لەسەری بووە، لەبەرئەوەی ئەو بەرپرسە لە هەر ناتەواویەك دووچاری ببێ با بەهۆیەکی بێگانەیش بێ، لەبەرئەوە نیەتخراپی لەکاتی وەرگرتنیدا وای لێکردوە لەو

[1] بلا نیول وریبیرواسمان ج٧ نبذة ٧٤٦: ص٣٥، نقلا عن الاستاذ مرقس، الاثراء علی حساب الغیر ٥٨/٢.

ساتەوە ئاگەدارکراوە بێ بۆ گێڕانەوەی، بۆیە لەو مێژووەوە بەرپرسە.

٢- پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی بەهای ماڵەکە لە باری فەوتانیدا و قەرەبووکردنەوەی بدەرەوە لە هەر زیانێك بەهۆی دواخستنی بۆگێڕانەوە تووشی دەبێ، مەگەر بتوانێ بیسەلمێنێ ئەو فەوتان یان تەلەفبوونە (نوقسانی) تووشی دەبوو ئەگەر لە دەستی بدەرەوەدا بمایە، ئەم حوکمە یاسا مەدەنییە عەرەبییە نوێکان کاریان پێ کردوە لەوانە مەدەنیی عێراقی م/١١٦٨: (ئەگەر حائیز نیەتخراپ بوو بەرپرسیار دەبێ لە فەوتانی شتەکە یان تەلەفبوونی[1] یا ئەوە بەهۆی ڕووداوێکی لەناکاویشەوە[2] ڕووی دابێ مەگەر بیسەلمێنێ شتەکە[3] دەفەوتا یان تەلەف دەبوو ئەگەر لە دەستی ئەو کەسەدا بووایە کە شایستەیەتی).

یاسای میسری م٩٨٤ و سوری م٩٣٥ و لیبی م٩٨٨ و هیتر وەك ئەمەن.

شایانی باسە دوایین قەید لەم مادانەدا کە بریتییە لە (مەگەر بیسەلمێنێ شتەکە دەفەوتا یان تەلەف دەبوو ئەگەر لە دەستی ئەو کەسەدا بووایە کە شایستەیەتی)، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی یاسا عەرەبیەکان ئەو بیرۆکەیەیان وەرنەگرتوە کە لە یاسای ڕۆمانیدا باوە لە یەکسانکردنی ئەو کەسەی بە نیەتخراپی شتێکی ناشایستە وەردەگرێ لەگەڵ دزدا، کە بدەرەوە مافی دەعوای گێڕانەوەی دزراوی هەبوو، لەبەرئەوەی لێکەوتەی فەوتانەکە دەکەوێتە سەر دزەکە تەنانەت ئەگەر بیتوانیایە ئەوەیش بسەلمێنێ کە بەدڵنیاییەوە شتەکە لای خاوەنەکەی دەفەوتا یان تەلەف دەبوو.

شەرحکارانی یاسا لە فەرەنسا پرسییان ئاخۆ یاسای فەرەنسی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو ئاراستە ڕۆمانیەی باس کرا و مامەڵەی دز لەتەك ئەو کەسە وەرگرە

---

[1] مەبەست لە تەلەف کەمکردن و لەناوچوونی ڕێژەییە بەقەرینەی بەراوردکردنی لەگەڵ لەناوچوونی تەواوەتی.

[2] واتە لە هێزە بێئامانەکە (القوە القاهرە) جیاواز لە لەلابوو (حائن)ی نیەتپاك کە بەرپرس نەبووە لەم جۆرە فەوتانە.

[3] واتە ئەو شتەی بە نیەتخراپی وەرگیراوە.

نیەتخراپە دەکا لەکاتی فەوتان یان تەلەفبوونی ماڵەکەدا، بەو واتایەی بەگوێرەی بڕگەی چوارەم لە مادەی (١٣٠٢)[1]ی مەدەنیی فەرەنسی ئۆباڵی فەوتانەکە بەشێوەیەکی کۆتایی بخاتە ئەستۆی وەرگرە نیەتخراپەکە، یان بەوە بەس بکا کە مامەڵەی قەرزاری ئاگەدارکرلوەی لەتەکدا بکات و بەگوێرەی بڕگەی دووەمی ئەو مادەیە، ڕێگەی پێ بدا خۆی لە لێکەوتە (تبعة)ی فەوتانەکە قوتار بکا، بەوەی بیسەلمێنێ ماڵەکە ئەگەر لای بدەرەوەکە بمایە بەحەتمی بەکار دەبرا، بەڵام رای زاڵ ئەوەیە یاسای مەدەنیی فەرەنسی هاوشێوەی یاسا مەدەنییە عەرەبیەکان جیاوازی لەنێوان وەرگری نیەتخراپ و دزدا کردوە[2].

٣- ئەگەر وەرگری نیەتخراپ دەستکاری ماڵەکەی کرد پابەند دەکرێ بە بۆگێڕانەوەی وەك خۆی ئەگەر کرا، ئەگەریش نەکرا وەك خۆی بگێڕدرێتەوە وەك لە حاڵەتی دەستگرتنی رەفتار بۆکراو بە کۆنبوونی بەدەستهاتوو یان بە ڕێسای (لەلابوونی ماڵی گوێزراوە قەواڵەی خاوەندارێتییە)وە، ئەوا پابەندیەکەی دەگۆڕێ بۆ قەرەبووکردنەوەیەك کە نرخی ماڵەکە دەگرێتەوە لەکاتی وەرگرتنیدا، لەگەڵ نرخی ئەو زیانەی بە بدەرەوە گەیشتووە بەهۆی بێبەشکردنی لە ماڵەکە لە کاتی وەرگرتنیەوە تا کاتی قەرەبوودانەکە. لەسەر ئەم بنچینەیە دەکرێ بگوترێ وەرگری

---

[1] وەرگێڕانی دەقی مادەی (١٣٠٢) : "ئەگەر قەرزەکە ماڵێکی زانراو بوو و تەلەف کرا و بەکەڵکی مامەڵە پێوەکردن نەما، یان ون بوو بەشێوەیەك سۆراخی نەزانرا، پابەندی پێیەوە دەپچڕێ ئەگەر هاتوو تەلەفبوون یان فەوتانەکەی بەهۆی کەمتەرخەمیی قەرزارەوە نەبوو، مەگەر رادەستکردنی واجب بوویێ لەسەر گرێبەندوان و دلوای لێکرابێ و لەبەر خەمساردی دوای خستبێ. بگرە ئەگەر رادەستکردن واجب بوو و کێشەیەك ڕووینەدا کە هۆکەی قەرزار بێ دیسان پابەندی پێیەوە دەپچڕێ ئەگەر هاتوو ئەو قەرزە بەشێوەیەك بوو ئەگەر خاوەنەکەی وەری بگرتایە وەك چۆن لای قەرزارەکە فەوتا لای ئەویش دەفەوتا. پێویستە قەرزاریش هۆ ئەو کێشەیە ڕوون بکاتەوە کە باسی کردوە و ئەستۆپاکیی خۆی بسەلمێنێ. هەرچۆن بێ ئەگەر ئەو ماڵە دزرا و لای دزەکە تەلەف کرا یان فەوتا ئەوا مافی گێڕانەوەی نرخەکەی بۆ خاوەن قەرزەکە لەسەر دزەکە ناخا".

[2] ینظر هنري وليون وجان مازو نبذة ٦٦٤ نقلا عن الاستاذ مرقس المرجع السابق ٢/٦٠.

نیەتخراپ پابەند دەبێ بە بۆگێڕانەوەی نرخی ماڵەکە –لە حاڵەتی فەوتانیدا– لەکاتی جێبەجێکردنی پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە، جا چ رەفتارەکە ئاڵوگۆڕ بووبێ یان تەبەرووع[1].

٤– پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی بەروبومی ماڵەکە. یاسای مەدەنیی عێراقی م١١٦٦ باسی ئەم پابەندییەی کردوە: (حائیزی نیەتخراپ لەو کاتەی دەبێتە نیەتخراپ بەرپرسیار دەبێ لە هەموو ئەو بەروبومانەی وەریان دەگرێ و ئەوانەی کەمتەرخەمی لە وەرگرتنیان کردوە، بەڵام بۆی هەیە ئەو مەسروفە بگێڕێتەوە کە لە بەرهەمهێنانی ئەو بەروبومەدا خەرجی کردوە).

هەریەك لە مەدەنیی میسری م٩٧٩ و سوری م٩٣٠ و لیبی م٩٨٣ و زۆر یاسایتری مەدەنیی عەرەبیی نوێیش وەك ئەمەن.

**گێڕانەوەی خەرجیەکان:**

وەرگری نیەتخراپ مافی وەرگرتنەوەی ئەو خەرجیانەی هەیە کە لەو ماڵەی بە ناهەق وەریگرتوە کردویەتی، ئەویش بەگوێرەی ئەوەی یاسا مەدەنییە عەرەبیەکان لەوانە مەدەنیی عێراقی م١١٦٧ پەسەندیان کردوە:

١– پێویستە ئەو خاوەن مولکەی مولکەکەی بۆ گەڕێنراوەتەوە هەموو ئەو خەرجیانە بۆ حائیز بگێڕێتەوە کە بەناچاری کردوونی، خەرجی ناچاریش بریتین لەو خەرجییە نائاساییانەی کەسەکە لەپێناو پاراستنی ماڵەکە لە فەوتان بەناچاری دەیانکا.

٢– هەرچی خەرجییە بەسوودەکانە بەپێی ئەحکامی مادەکانی ١١١٩ و ١١٢٠ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ[1]، لە ناوەرۆکیشدا یاسای مەدەنیی میسری م٩٨٠ و سوری م٩٣١ و لیبی م٩٨٤ وەك ئەوون.

---

[1] الوسیط، للاستاذ السنهوري ١/١٣٧٢ نبذة ٨٤٥. الاثراء علی حساب الغیر، للاستاذ مرقس ٢/٦٠–٦٢.

# خواستی سێیەم:
# حوکمە هاوبەشەکانی نێوان
# هەردوو حاڵەتی نیەتپاک و نیەتخراپ

لەو حوکمانەی کەسی پێدراوە (الموفی لـه) نیـەتپاك بـێ یـان نیـەتخراپ هـیچ جیاوازیان نیە و بەسەر هەردوو حاڵەتەکەدا جێبەجێ دەبێ: حوکمی دانەوەی قەرزی دواخراوە بەر لە هاتنی وادەکەی، هەروەها سوککردنی پابەندیی پێدراوەی ئەهلیـەت ناتەواو و کۆنبوونی پابەندی بە بۆگێڕانەوە.

لە خوارەوە ئەم حوکمە هاوبەشانە بەکورتی باس دەکەین:

**یەکەم: دانەوەی قەرزی دواخراو بەر لە هاتنی وادەکەی لە بارێکدا قەرزدەرەوە وادەکە نازانێ یان نازانێ وادەی نەهاتوە:**

پێشـتر روونمـان کـردەوە قـەرزی دواخـراو بـەر لـە هـاتنی وادەکـەی قـەرزێکی ناشایستەیە، جا ئەگەر پێش وادەکە قەرزەکە درایەوە و دەشزانرا وادەکە چ کاتێکە و هێشتا نەهاتوە، ئەو دانەوەیە بە دەستهەلگرتن و تەبەرۆعکردنی بەرانبـەری وادەکـە (مقابل الاجل) دادەنرێـت و دروسـت نیـە ئـەوەی دراوەتـەوە بگێڕدرێتـەوە، مەگـەر بدەرەوە بیسەلمێنێ بەزۆر ئەوەی پێ کراوە، یان لەکاتی دانەوەدا ئەهلیەت (شیان) ناتەواو بووە.

بەڵام پێویستە ئەم زانینە بسەلمێنرێ کە گریمانەی تەبەرۆعکردن بـە بەرانبـەری وادەکەی لەسەر بینا دەکرێ ، ئەرکی ئەم سەلماندنەیش دەکەوێتە ئەستۆی پێدراوە کە دەیەوێ پارێزگاری لەوە بکا کە بەر لە وادەکەی وەریگرتۆتەوە، ئەگەر نـەیتوانی

---

[1]ئەم دوو مادەیە پەیوەندییان بە حوکمەکانی داهێنانی بینا یان چاندن یان دامەزراوەیترەوە هەیە، کە پشت بەخوا لە دوو بەشی داهاتوودا بەدرێژی باس دەکرێ.

بیسەلمێنێ ئەوا قەرزدەرەوەکە بە نەزان بە بوونی قەرزەکە حسێب دەکرێ، یان وا دادەنرێ وایزانیوە تەواو بووە.

ئەم حاڵەتە جگە لە ملکەچبوونی بۆ پیادەکردنی ڕێسا گشتیەکان، لە زۆربەی یاسا مەدەنییە عەرەبییە نوێکاندا باسی کراوە، لەوانە مەدەنیی عێراقی مادە (٢٣٥) کە دەڵێ:

١- ئەگەر قەرزار پابەندیەکی دلیەوە کە وادەی نەهاتبوو و وایزانیوە وادەکەی هاتوە، بۆی هەیە ئەوەی داویەتی بیگێڕێتەوە.

٢- بەڵام قەرزدەر بۆی هەیە تەنها ئەو سوودەی بۆ بگێڕێتەوە کە بەهۆی زوو دانەوەکە دەستی کەوتوە لە سنووری ئەو زیانەی بە قەرزارەکە گەیشتوە. جا ئەگەر ئەو پابەندیەی وادەکەی نەهاتوە پارە بوو قەرزدەر پابەند دەکرێ بەوەی سوودی پارەکە بە نرخی یاسایی یان نرخێك لەسەری ڕێك دەکەون بۆ قەرزارەکە بگێڕێتەوە لەباتیی ئەو ماوەیەی بۆ هاتنی وادەکە ماوە.

هەریەك لە مەدەنیی میسری/١٨٣ و سوری/١٨٤ و لیبی/١٨٦ و کوێتی/٢٦٥ وجەزائیریش/١٤٥یش هەر بەم شێوەیەن.

لەم دەقانە و هیتر حوکمەکانی پەیوەندار بە دانەوەی قەرز بەر لە هاتنی وادەی دانەوەی دێنە دەست، کە لە پێدراوەی نیەتپاك و پێدرلوەی نیەتخراپدا هاوبەشن، لەوانە:

١- ڕێگەدانی یاسایی بە گێڕانەوەی قەرزە دراوەکە لەم حاڵەتەدا، نایبەخشێ لەوەی کە هەرکات وادەکە هات دەبێ بیداتەوە، لێرەیشەوە پابەندبوونی پێدراوە بە بۆگێڕانەوەی ئەوەی وەریگرتۆتەوە بەر لە هاتنی وادەکەی دەبێ، چونکە دەشێ لە ماوەی نێوان گێڕانەوە و جارێکیتر دانەوەیدا -پاش هاتنی وادەکە- بارودۆخی دارایی بدەرەوە بەرەو خراپی یان هەڵشکان بڕوا، ئەوکاتە ئیتر نەتوانێ قەرزەکە بداتەوە، بەوهۆیەشەوە لەوانەیە مافی قەرزدەرەکە بفەوتێ. بۆ لادانی ئەم مەترسییە لەسەر قەرزدەر یاسا ڕێگەی بە پێدراوە داوە ئەوەی بەر لە وادەکەی وەریگرتۆتەوە لای

خۆی بهێڵێتەوە و تەنها ئەو سوودەی بۆ بگێڕێتەوە کە بەهۆی زوو دانەوەکە دەستی کەوتوە.

بۆ نموونە ئەگەر بەکرێدەرێك چوار مانگ یان کەمتر یان زیاتر بەر لە ماوەی بەکرێدانەکە ماڵە بەکرێدراوەکەی رادەستی بەکرێگر کرد لەو رووەوە وای دەزانی ماوەی بەکرێدانەکە لە مێژووی دامەزرانی عەقدەکەوە دەستبەجێ دەستی پێکردوە، پاشان دەریکەوێ هەڵە بووە، بەکرێگر بۆی هەیە ئەگەر بەکرێدەرەکە دلوای لێ کرد ماڵەکەی بۆ بگێڕێتەوە تا کاتی مافی سوود لێوەرگرتنی دێ، بۆی نەگێڕێتەوە و لەبەرانبەر ئەو سوودەی لەو ماوەیەدا[1] لێی بینیوە کرێیەك بدات بەکرێدەر، وەك مادەی (٢/٢٣٥) لە مەدەنیی عێراقی دەڵێ: (قەرزدەر بۆی هەیە تەنها ئەوە بگێڕێتەوە کە بەهۆی دانەوەی پێشخراوەوە سوودی لێ بینیوە لە سنووری ئەو زیانەی بە قەرزارەکە گەیشتوە).

لە پیادەکردنەکانی ئەم حاڵەتە: ئەو بەڵێندەرەی بەهەڵە پێی وابووە دەبێ بینایەك شەش مانگ بەر لە وادەی بڕیاردراو تەسلیم بکا و بەوهۆیەوە خەرجی زیادەی کەوتە سەرشان، بۆی هەیە، ئەگەر قەرزدەر نەیویست بچێتە ئەو بینایەی وەریگرتوە تا وادەکەی دێ، دلوای کەمترینی یەکێك لەو دوو نرخەی لێبکا: نرخی زیادە خەرجەکان یان نرخی داهاتی بیناکە لە ماوەی شەش مانگدا[1].

٢- ئەگەر بابەتی ئەو پابەندیەی وادەی نەهاتوە پارە بوو و بەر لە هاتنی وادەکەی رادەستی بۆ-پابەندی کرد و وایدەزانی وادەی نیە یان وادەکەی تەولو بووە، قەرزدەری پێدراوە پابەند دەبێ بەوەی سوودی ئەو ماوەیەی ماوە بۆ هاتنی وادەکە بە نرخی یاسایی یان نرخی رێکەوتن بۆ قەرزار بگێڕێتەوە، ئەگەر رێکەوتنێك هەبوو لەسەر نرخی ئەو سوودەی قەرزارەکە دەیدا، سوودی باقیی ماوەکەی بۆ دەگێڕدرێتەوە بەو نرخەی لەسەری رێك کەوتوون.

---

[1] مجموعة الأعمال التحضيرية للمدني المصري ٢/٤٥٢.

لە حاڵەتی نەبوونی رێکەوتندا پێویستە پێدراوە سوودەکانی ئەو ماوەیە بە نرخی یاسایی بۆ بدەرەوە بگێڕێتەوە بەبێ جیاوازی لەنێوان پێدراوەی نیەتپاك یان نیەتخراپدا و هیچ جیاوازی نیە لەنێوان ئەوەی پێدراوە زانیبێتی ئەو قەرزەی دراوەتەوە وادەی دانەوەی نەهاتوە، یان نەیزانیبێ، بەو مەرجەی نەسەلمێ مەبەستی بەخشین یان دەستهەڵگرتن بووە لەو وادەیەی لە بەرژەوەندیی قەرزارەکە دانراوە[1].

٣- ئاراستەیەك هەیە جیاواز لەوەی لە دوو برگەی رابردوو باس کرا و پێی وایە دانەوەی قەرزی دواخراو بەر لە هاتنی وادەکەی بە حاڵەتی دانەوەی ناشایستە دانانرێ، کە دەکرێ بگێڕدرێتەوە، لەو رووەوە کە قەرزەکە پەیوەستە بە ئەستۆی قەرزارەوە بۆ بەرژەوەندیی قەرزدەر، جا ئەگەر دایەوە ئەوا ئەرکی سەرشانی بەجێهێناوە و ئەستۆی خۆی پاك کردۆتەوە، لەبەرئەوە بۆی نیە نە بیگێڕێتەوە، نە سوودەکانی ئەو ماوەیەی ماوە بگێڕێتەوە.

ئەم ئاراستەیە یاسای (الموجبات و العقود)ی لوبنانی لە مادەی (١٤٤)دا پەسەندی کردوە کە دەڵێ: (یەکەم- ئەگەر واجبکارەکە مەدەنی بوو و بە وادەیەکەوە بەسترابوو کە نەهاتبوو و قەرزار پێی وانەبوو شایستەی ئەنجامدانە، لەم حاڵەتەدا مافی داواکردنی سوودی ئەو ماوەیە نابێ کە دەکەوێتە نێوان دانەوە و شایستەبووندا).

وادیارە یاسادانەری لوبنانی -لەم بابەتەدا- کەوتۆتە ژێر کاریگەریی یاسای مەدەنیی فەرەنسی کە لە مادەی (١١٨٦)دا دەڵێ: (هەر پابەندکردنێکی دواخراو بۆ کاتێکی دیاریکراو ناکرێ بەر لە هاتنی ئەو وادەیە داوای بکرێ، بەڵام ئەوەی قەرزار بەر لە هاتنی وادەکە داویەتی پاش هاتنی وادەکە جارێکیتر نایداتەوە).

لەوانەیە ئەم ئاراستەیە رەخنەی لێ بگیرێ بەوەی شتێکی نالۆژیکییە بکەویتە ژێر کاریگەریی یاسایەك بەر لە نزیکەی دوو سەدە (١٨٠٤ز)، دەرچووە، لەکاتێکدا

---

[1] الاثراء على حساب الغير، سەرچاوەی پێشوو ٢/٦٦.

مەسەلەی سوودی پارە لە رووی ئابووریەوە ئەو گرنگیەی ئێستا نەبوو[1]. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لەگەڵ رۆحی شەریعەتی ئیسلامیدا کۆکە کە قازانجی سوو (الربا) رەت دەکاتەوە جا چ بە رێکەوتن بێ یان بەپێی یاسا، بەڵام ئەگەر دانەوەی پێشخراو زیانێکی بۆ قەرزار لێ کەوتەوە -وەك لە بابەتی بەڵێندەرەکەی سەرەوەدا- ئەوا قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە واجبە، ئەویش بەپێی ئەو رێسا شەرعییە دەقزایەی لەسەر زمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتووە: (لا ضرر ولا ضرار)[2].

**دووەم: سووککردنی پابەندیی پێدراوەی ئەهلیەت ناتەواو بە بۆگێڕانەوە (الرد)، جا چ ناکام (قاصر) بێ یان حیجرکراو بێ:**

لە شەرع و یاسادا ئەوە زانراوە کە شیانی تەواو (ئەهلیەتی تەواو) مەرجێك نیە بۆ پابەندبوونی زەنگینبوو لەسەر حسابی خەڵك یان ئەوەی بەبێ هۆ ماڵێك بەدەست دێنێ، بە بۆگێڕانەوە. بەڵام ئەو کەسەی شتێك بە ناشیستە وەردەگرێ ئەگەرئەهلیەت ناتەواو بوو و ترسی لەسەر بوو ئەوەی وەریگرتوە بەناڕەوا شپرزەی بکا، یان بەبێ سوودێکی راستەقینە بۆ خۆی رەفتاری پێوە بکا، ئەوکاتە لە ئیلزامکردنی بە گێڕانەوەی بەهاکەی زیانێکی گەورەی پێدەگا. لەبەرئەوە دادپەروەری وا دەخوازێ لەم حاڵەتەدا شیان ناتەواو هەندێ بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ ئەویش بە سووککردنی پابەندبوونی بە گێڕانەوەی ماڵەکە و تەنها ئەو ئەندازەیە بگرێتەوە کە بەکردەوە سوودی بۆی بووە. ئەم حاڵەتە هاوشێوەی حاڵەتی بەتاڵکردنەوەی گرێبەندێکە لەبەر ناتەواویی ئەهلیەتی، کە تەنها بە گێڕانەوەی ئەوەی بەهۆی جێبەجێکردنی گرێبەندەکەوە دەستی کەوتوە پابەند دەکرێ. ئەوەیش بە یاسا مەدەنییە نوێکان رێك خراوە، لەوانە مەدەنیی عێراقی کە لە مادەی (٢٣٤)دا دەڵێ:

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

[2] سبل السلام ٣/١١٠.

(ئەگەر ئەو کەسەی شتێکی بەناشایستە وەرگرتوە شیان ناتەواو بێ تەنها بە گێڕانەوەی ئەوەی دەستی کەوتوە پابەند دەکرێ، تەنانەت ئەگەر نیەتخراپیش بێ.

٢- هەروەها ئەگەر گرێبەندی شیان ناتەواو هەڵوەشێنرایەوە، تەنها ئەوە دەگێڕێتەوە کە بەهۆی جێبەجێکردنی گرێبەندەکەوە دەستی کەوتوە).

یاسای مەدەنیی میسری/١٨٦ و سوری/١٨٧ و لیبی/١٨٩یش وەك ئەوەن.

بەڵام مەدەنی یەمەنی[1] پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی لەوەدا قەتیس کردوە کە لە دەستی شیان ناتەولودا ماوە و بەکار نەبراوە، مادەی (٣٢٣) دەڵێ: (ئەگەر ئەوەی شتێکی وەرگرتوە و مافی ئەو نیە شیان ناتەواو بوو، پابەند ناکرێ تەنها بەو ئەندازەیە نەبێ کە ماوە و بەکار نەبراوە).

یاسادانەری عێراقی لە چارەسەری ئەم حاڵەتەدا موەفەقتر بوو، کە راشکاونە دەڵێ سوککردن دەکرێ با شیان ناتەولوەکە نیەتخراپیش بێ، ئەمە جگە لە باسکردن لە جێبەجێکردنی هەمان حوکم بەسەر حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی عەقدەکەیدا[2]. حەسرکردنی گێڕانەوە لەوەی ماوە و بەکار نەبراوە جێی سەرنجە، لەبەرئەوەی وا دادەنرێ شیان ناتەولو سوودی لەوە بینیوە کە بردویەتی، جا ئاخۆ واجبێکی سەری پێ داوەتەوە، یان شتێکی بەسوودی پێ کڕیوە با شتەکەیش پاشتر فەوتابێ، یان نرخی دابەزیبێ، یان خانوبەرەیەکی پێ نۆژەن کردبێتەوە با خانوبەرەکە پاشتریش فەوتابێ، هەروەها بە سوودبینیو لە وەرگیراوەکە دادەنرێ ئەگەر بۆ پێویستیەکانی ژیانی رۆژانەی، یان بۆ ئەو کەمالیاتانەی کەسانی وەك ئەو بەدەستی دێنن، خەرجی

---

[1] ژمارە (١٩)ی ساڵی ١٩٩٢.

[2] یاسادانەری میسریش ئەوەی جێگیر کردوە و لە مادەی (١٤٢)دا هاتووە: (لە هەردوو حاڵەتی بەتاڵکردنەوە یان بەتاڵبوونەوەی عەقدەکەدا هەردوو عەقدکار دەگەڕێنەوە سەر ئەو دۆخەی پێش عەقدەکە تێیدا بوون، ئەگەر ئەوە مەحاڵ بوو دەکرێ بڕیار بە قەرەبوویەکی قەرەبوویەکی داپەروەرانە بدرێ، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەهلیەت ناتەولو ئەگەر عەقدەکەی هەڵوەشاندەوە، لەبەر ناتەولویی ئەهلیەتی، تەنها بە گێڕانەوەی ئەو سوودە پابەند دەکرێ کە بەهۆی جێبەجێکردنی عەقدەکەوە پێی گەیشتوە).

کرد، هەروەها ئەوەیش کە بەبەسوود دانانرێ بۆی وەك ئەوەی لە سەماخانە یان لە قوماركردن یان كڕینی مەشروبات و ئەو جۆرە شتانەدا خەرجی كردوە.

نهێنیی جیاوازیكردنیش لەنێوان پێدەر (الدافع) و پێدراو (المدفوع له) لەو رووەوە لە یەكەمیاندا بوونی ئەهلیەت (شیان) مەرجە، بەشێوەیەك ئەگەر ماڵێكی دا — لەبارێكدا ئەهلیەتی ناتەواو بوو— ئەوەی داویەتی دەیگێڕێتەوە، لەكاتێكدا بۆ پێدراو بوونی ئەهلیەت مەرج نیە،.. ئەوەیە پابەندیی پێدراو لەسەر ئیرادەی خۆی ئەو دانەمەزراوە بەڵكو پابەندیەكە بناغەكەی رێسای بەدەستهێنان بەبێ هۆ (یان زەنگینبوون بەبێ هۆ)یە[1]، لە روانگەی ئەمەی باس كرا، پێدراو ئەگەر ئەهلیەت ناتەواو بوو و ماڵێكی بەخود وەرگرت و ماڵەكە بەبێ هەڵەی ئەو فەوتا یان تەلەف بوو یان لەناوچوو، بەهیچ پابەند ناكرێ بەرانبەر پێدەرەكە تەنانەت ئەگەر نیەتخراپیش بووبێ، چونكە ئەو ماڵەی ونی كردوە بەبێ ئەوەی سوودی لێ ببینێ ناچێتە خانەی بەدەستهێنان بەبێ هۆ (یان زەنگینبوون لەسەر حسابی كەسیتر).

هەروەها ئەگەر پێدراوی ئەهلیەت ناتەواو ئەوەی بەناهەق وەریگرتبوو بەخشی، پێدەرەكە مافی نیە بۆ هیچ بگەڕێتەوە سەری، لەبەرئەوە سوودی لەو شتە وەرنەگرتوە كە وەریگرتوە با لەكاتی بەخشینەكەیشدا نیەتخراپ بووبێ.

لە جیاوازیەكانی نێوان رێسای زەنگینبوون بەبێ هۆ لە خۆیدا و لەنێوان پیادەكردنیدا لە حاڵەتی دانی ناشایستەدا: ئەوەیە زەنگینبوون بەبێ هۆ دەخوازێ ئەوەی قەرزارەكەی پێ دەوڵەمەند بووە بچێتە ئەستۆی داراییەوە و بەبێ پابەندبوونێكی كەسی بە بۆگێڕانەوە پابەند ناكرێ، لەكاتێكدا دانی ناشایستە، گواستنەوەی خاوەندارێتیی ئەوەی بەناهەق دراوە بۆ قەرزار و چوونە ئەستۆی لێ ناكەوێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم دانەوەیە، كە بەحوكمی حاڵ قابیل بە بەتاڵكردنەوەیە، گواستنەوەی مولكی لێ ناكەوێتەوە، چونكە قەرزار پابەند دەبێ بە بۆگێڕانەوەی

[1] الوسيط ١٣٧٧/١ نبذة (٨٤٨)، مجموعة الأعمال التحضيرية للمدني المصري ٤٦١/٢.

ئەوەی بەماڵێنە (عینی) وەریگرتوە، نەك لە پابەندیەكی كەسی بەڵكو بەگوێرەی شایستەبوونی ئەویتر[1].

**سێیەم: كۆنبوونێك دەبێتە مایەی كەوتنی مافی گێڕانەوە و پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە:**

**دەقە یاساییەكان:** مەدەنیی عێراقی/٢٤٤، میسری/١٨٧، سوری/١٨٨ و لیبی/١٩٠ و ئەو دەقە عەرەبیە مەدەنییە نوێیانەیتر كە وەك ئەمانەن یان لێیان نزیكن، بەڕاشكاوی ئاماژە بەوە دەكەن دەعوای گێڕانەوەی ئەوەی بەناهەق دراوە -بەبێ جیاوازی لەنێوان ئەوەی پێدرلو نیەتپاك یان نیەتخراپ بێ- بە كورتترینی ئەم دوو ماوەیە دەكەوێ:

١- سێ ساڵ لەو رۆژەوە كە پێدەر دەزانێ مافی گێڕانەوەی ئەوەی هەیە كە داویەتی.

٢- پازدە ساڵ لە رۆژی دامەزرانی پابەندی، واتە لە رۆژی دانی ناشایستەكەوە[2].

پێشتر بەئەندازەی پێویست باس لە كۆنبوونی بخەر كرا.

---

[1] مامۆستا أنور طلبة ١/٢٤٦.

[2] الوسيط ١/١٣٨٢ و پاشتر، الإثراء على حساب الغير ٢/٦٩، مصادر الالتزام، الاستاذ الصدة: ص٦١٨، أحكام الالتزام، الاستاذ الذنون: ص٣٣٢ و پاشتر.

# بەشی سێیەم

## پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی ناشایستە لەسەر بناغە نەمانی هۆکەی پاش بوونی

باسی یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی گرێبەند (فسخ العقد)

باسی دووەم: هەڵوەشانەوە (الانفساخ)

باسی سێیەم: بەتاڵکردنەوە (الابطال)

## دەسپێک:

شـەرحکارانی یاسـا لـە بـابی بەرپرسـیارێتیی گرێبەندانـە (المسـؤولية العقديـة)دا چارەسەری ئەم بابەتەیان کردوە، لەبەرئـەوە لـەم دەسـپێکەدا بـەکورتی پێناسـەی بەرپرسـیارێتی و جۆرەکـانی و گرێبەنـد (عەقـد) و جۆرەکـانی دەخەینـە ڕوو، لەبەرئەوەی تێگەیشتن لـە تـەواوی ڕەهەنـدەکانی بابەتەکـە لەسـەر ئـەم دەسـپێکە دەوەستێ.

## بەرپرسیارێتی:

بریتییە لە گرتنەئەستۆی لێکەوتەکانی تێکدانی پابەندی (الاخلال بالالتزام).

لێکەوتە (التبعة) لە بنەڕەتدا ئەنجامی کردەوەکانی مرۆڤە لە خێر و لە شەڕ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ، وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرّاً يَـرَهُ﴾[1].

پاشان لە بواری شەڕ و زیاندا زۆر بەکار هات تا بوو بە ڕاستیەکی عورفی تایبـەت بـە ئەنجامـەکانی کـارە نامەشـروعە زیانبەخشـەکان، هـەروەها عەقدییـە لـە تێکـدانی پابەندیەکی عەقدکارانە و کەمتەرخەمانەیە لە تێکدانی پابەندیەکی یاساییدا.

بەرپرسـیارێتی بـەڕەها لـە سـێ ڕەگـەز پێکـدێ کـە بـریتین لـە: هەڵـە و زیـان و پەیوەندیی هۆیی لەنێوانیاندا. (بەرپرسیارێتی) جینائییە ئەگەر هەڵەکە جینائی بوو و مەدەنییە ئەگەر مەدەنی بوو.

**هەڵە لە فیقهی خۆرئاوایی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان[2]:**

تێکدانی ئەرکێکی یاساییە لە بارێکدا تێکدەرەکـە بـەوە بزانـێ[3]، لـە دوو ڕەگـەز پێکدێ، ماددی (بابەتی) و مەعنەوی (کەسی):

**ڕەگەزی ماددی:** تێکدانی ئەرکێکی یاساییە.

**ڕەگەزی مەعنـەوی:** دەرککردنـی کەسـی تێکـدەرە کـە ئـەو واجبێکـی یاسـایی تێکداوە، ئەم ڕەگەزە دەخوازێ تێکدەر فام (تەمین)ی هەبێ.

هەڵـە لـە فیقهـی ئیسـلامی و ئـەو یاسـایانەی لـەژێر کاریگەریـدان[1]، لـە بـابی بەرپرسیارێتیی مـەدەنیی کەمتەرخەمانـەدا بریتییـە لـە تێکدانی واجبێکـی شـەرعی (یاسایی) بەڕەهایی، واتە چ تێکدەر بە تێکدانەکەی بزانێ یـان نـا. بـە دەربـڕینێکیتر بریتییـە لـە کـاری نامەشـروعی زیانبـەخش، کـە پێـی دەوتـرێ دەسـتدرێژی[2]، بەچاوپۆشین لە ئەهلیەتی بکەری کارەکە.

لـەم روانگـەوە لـە فیقهـی ئیسـلامیدا بـۆ ئیقرارکردنـی بەرپرسـیارێتیی کەمتەخەمیکردن بوونی روکنە مادییەکە بەتەنها بەسە. بەڵام لەنێوان فیقهی ئیسلامی و یاسادا ناکۆکی نیە لەسەر زەرورەتی بوونی روکنـە مەعنەویەکـەیش لـەپاڵ روکنـە مادییەکـەدا لـە بەرپرسـیارێتیی جینـائی و مـەدەنیی عەقـدی و کەمتەرخەمانـەی ناڕاستەوخۆدا.

**هەڵەی جینائی و هەڵەی مەدەنی[3]:**

**هەڵەی جینائی:** تێکدانی ئەرکێکە یاسای سزاکان دیاری کردوە.

**هەڵەی مەدەنی:** تێکدانی ئەرك یاخود واجبێکە یاسا دیاری کـردوە بـەڕەهایی، مەدەنی بێ یان جینائی، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ[4].

لەم روانگەوە هەرکات هەڵەی جینائی بەدیهات مـەدەنیش بەدیـدێ، لەبەرئـەوەی لەویشدا راستە کە تێکدانی ئەرکێکی یاساییە بەڵام نـە بەتـەواوی بەپێچەوانەشـەوە، چونکە لەوانەیە هەڵەی مەدەنی بەدیبێ بەڵام جینائی بەدینەیەت.

---

[1] وەك مەدەنیی عێراقی / م١٩١ و ئوردنی /م٢٥٦.

[2] وەك لە مادەی (١٨٦)ی مەدەنیی عێراقیدا هاتووە: (١- ئەگەر کەسێك ماڵی کەسێکیتری تەلەف کرد یان بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان بەبوونەهۆ نرخەکەی کەم کردەوە، دەبێتە زامنی ئەگەر هاتوو بەئەنقەست یان بەدەرستدرێژی ئەو زیانەی گەیاندبێ).

[3] بۆ زیاتر بڕوانە: اصول الالتزامات، للاستاذ مرقس: ص٣٧٦ و پاشتر.

[4] نموونەی ناڕاستەوخۆ وەك ئەوەی یاسا هەموو مرۆڤێك پابەند دەکا بەوەی رێزی مافی کەسانیتر بگرێ و دەستدرێژییان نەکاتە سەر.

**هەڵەی بەئەنقەست و هەڵەی خەمساردی (یان هەڵەی بێ ئەنقەست):**

**هەڵەی بەئەنقەست:** تێکدانی ئەرکێکی یاساییە بەمەبەستی زیانگەیاندن بەویتر[1].

**هەڵەی خەمساردی (الاهمال):** تێکدانی ئەرکێکی یاساییە بەبێ ئەوەی مەبەست زیانگەیانـدن بـێ بـەویتر. زانایـانی یاسـای جینـائی پێناسـەی دەکـەن بـەوەی پشتگوێخستنی ئەرکەکانی وریایی و بەئاگاییە کە یاسا پێویستیان دەکا[2].

**هەڵەی گەورە و هەڵەی بچوك (یان سووك):**

**هەڵەی گەورە:** مادەی چوارەمی یاسای بەرکەوتنەکانی کاری میسری[3] پێناسەی کردوە بەوەی: ئەو هەڵەیەیە کەسێکی کەم زیرەك و بایەخ تێی دەکەوێ، بەشێوەیەك چاوەڕوانی روودانی ناکرێ لە کەسێکی ناموبالاتەوە نەبێ.

**هەڵەی بچوك (یان سووك) (التافه):** ئەوەیە بە وریاییەکی زۆرەوە نەبێ ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین. مادەی (٢٤) لە یاسای (الولاية على المال)ی میسری دەڵێ باوك تەنها لەسەر هەڵەی گەورە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ.

**گرێبەند:**

مادەی (٢٦٢)ی (مرشد الحيران) و مـادەی (٧٣)ی مـەدەنیی عێراقـی پێناسـەیان کـردوە بـەوەی: (بەسـترانەوەی ئـەو ئیجابـەی لـە یـەکێك لـە دوو گرێبەندوانەکـەوە دەرچووە بە قبولکردنی لەلایـەن ئـەویترەوە، بەشـێوەیەك کاریگـەری لەسـەر عەقـد لەسـەرکراو بـەجێ بهێڵـێ). پێشـنیار دەکـەم (و گرێبەندوان)یشـی بـۆ زیـاد بکـرێ، لەبەرئـەوەی ئەسـەری عەقـد مـاف و پابەنـدین، مافـەکان ئەسـەرن و لەسـەر عەقـد لەسەرکراو دەردەکەون، پابەندیەکانیش دیسان ئەسەرن لە گرێبەندواندا دەردەکەون.

---

[1] قازی بۆ زانینی ئەم مەبەستە پشت بە هەلومەرجی قەزیەکە دەبەستێ.

[2] الموجز في شرح قانون العقوبات— القسم العام، الدكتور محمود نجيب حسني: ص٥٢٨.

[3] اصول الالتزامات، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٧٥.

**بەشەکانی گرێبەند:**

گرێبەند (عەقد) لەڕووی جیاوازەوە بۆ چەندین بەش دابەش دەبێ، وەك لە خوارەوە کورت کراوەتەوە:

**یەکەم- لەڕووی ڕێکخستنی یاساییەوە:**

١- گرێبەندی ناونراو: ئەو عەقدەیە یاسادانەر ناوێکی دیاریکراوی لێ ناوە و ڕێکخستنێکی یاسایی دیاریکراوی بۆ داناوە.

٢- گرێبەندی ناونەنراو: عەقدێکە یاسادانەر ناوێکی دیاریکراوی لێ نەناوە و ملکەچی ڕێکخستنێکی یاسایی تایبەت بەخۆی نەکردوە.

سەرجەم ئەو عەقدانەی لەم دابەشکردنانەی خوارەوەدا قسەیان لەسەر دەکەین لە عەقدە ناونراوەکانن.

**دووەم- لەڕووی دامەزرانەوە (الانعقاد):**

١- ڕەزامەندانە: ئەوەیە بۆ دامەزانی ڕەزامەندیی هەردوو گرێبەنداونەکەی بەسە، زۆربەی عەقدەکان لە یاسا نوێکان و فیقهی ئیسلامیدا ڕەزامەندانەن.

٢- شکڵی: ئەوەیە دانامەزرێ تا ڕەزامەندییە نووسەرەکە لە شێوەیەکی دیاریکراودا کە یاسا دیاری دەکا دانەڕێژرێ، وەك ئەو ڕەفتارانەی لە یاسای عێراقیدا پەیوەندیان بە خانوبەرەوە هەیە[1].

٣- ماڵینە (عیني): ئەمە بەلای زانانیانی یاساوە ئەو عەقدەیە بە هەبوونی ڕەزامەندیی نووسەرە دانامەزرێ تا بابەتی عەقدەکەی تێدا رادەست نەکرێ، وەك عەقدی ڕەهنی لەدەستدابوون (الحيازه) و پێدان (اعاره) و سپاردە و پێشکەشکردن و قەرز.

---

[1] م٥٠٨ ی مەدەنی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١، و م٣ یاسای تۆماری خانوبەرە ژمارە ٤٣ی ساڵی ١٩٧١.

فیقهی ئیسلامی تۆمەتبار کراوە بەوە نغرۆ بووە لە گرێبەندی عـەینی، بـەڵام رای زاڵ لەو فیقهەدا ئەوەیە ئەو جۆرە عەقدانە بەر لە رادەستکردن دادەمەزرێن و تەنها بە بوونی رەزامەندیی دووسەرە پابەنـدی پەیـدا دەکـەن، ئەمـەیش بەبەڵگـەی چـەندین ئایەتی قورئان، لەوانە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَوْفُـواْ بِالْعَهْـدِ إِنَّ الْعَهْـدَ كَـانَ مَسْـؤُولاً﴾[1]، بـەڵام مافـەکان دروسـت ناکـا تـا پـاش رادەسـتکردن. جـۆرێکی ناوەنـدە لـەنێوان رەزامەندانە و شکڵیدا[2]، لەبەرئەوە دەوتـرێ بـەبێ رادەسـتکردن تـەواو نـابێ (واتـە لەڕووی ئاسەوارەوە تەواو نابێ) و ناوترێ دانامەزرێ بەڵکو دەوترێ تەواو نابێ، وەك لە مادەی (٦٠٢) لە مەدەنیی عێراقیدا هاتوە: (لا تتم الهبـة في المنقـول الا بـالقبض). (پێشکەشکردن لە گوێزراوەدا تەواو نابێ بە وەرگرتن نەبێ).

---

[1] سورة الاسراء / ٣٤.

[2] لە وەرگرتن لە رەهندا لە فیقهی حەنەفیدا، بدایە المبتدی بشرح الهدایە ٤/ ١٢٤هـاتوە: (رەهن بە ئیجاب و قبوڵ دادەمەزرێ و وەردەگیرێ).

لە فیقهی مالیکیدا (الشرح الصغیر ١/١٠٤) هاتوە: (رەهن بەستراوە بە مانای عەقد بە قبوڵـەوە و رەهنگر بۆی هەیە داوا لە رەهنکار بکا و بڕیاری بۆ دەدرێ پێی).

لە فیقهی حەنبەلیدا (المغنی ٤/٣٦٤) هاتوە: (هەندێ لـە هاوەڵانمـان وتویانـە ئەگـەر پێوانـەکراو یان کێشراو بوو بە وەرگرتن نەبێ رەهنکردنی لازم نـابێ، جگـە لـەو دوانـە دوو ریوایـەت هەیـە یەکێکیان ئیلزام ناکا بە وەرگرتن نەبێ، ئەویتریان تەنها بە گرێدانی فرۆشـتنەکە ئیلـزام دەکـا، ئەحمەد لە ریوایەتەکەیدا ئەمەی گوتوە).

لە فیقهی زەیدیدا (الروض النضیر ٤/٢٤) هاتوە: (ناسر و مالیـك و ئـەوزاعی و ئـەبو ثـور دەڵێن وەرگـرتن مـەرج نیـە و لـە ئایەتەکـەدا بەڵگەیـەك نیـە لەسـەری، لەبەرئـەوەی مەبەسـت زیادەڕەویکردنە لە متمانەداری.

لە فیقهی ئیمامیدا (شرائع الإسلام ١/٦٦) هاتوە: (ئایا وەرگـرتن مەرجـە تێیـدا وتـراوە نـا و وتراوە بەڵێ) هەروەها وەرگرتن لە پێشکەشکردندا ئەویش بەلای فیقولنانی شەریعەتەوە ئـەوە زاڵە نە روکنە و نە مەرجە بۆ راست و دروستبوونی، دیسان لە باقیی ئەو عەقدانەیتردا کە پێیان دەوترێ عەینی.

بڕوانـە ئـەم کتێبـەمان: الالتزامـات في الشـريعة الاسـلامية والتشـريعات العربيـة المدنيـة: ص٢٠١ و پاشتر.

**سێیەم: لەڕووی پابەندکردن و پابەندبوونەوە:**

١- بۆ هەردوولا پابەندکارە (گرێبەندی ئاڵوگۆڕانە) ئەوەیە پابەندیی دووسەرە لە ئەستۆی هەردوو گرێبەندواندا دروست دەکا، بەشێوەیەك هەردووکیان لە هەمان کاتدا قەرزدەر و قەرزاریشن، وەك عەقدی بەکرێدان.

٢- پابەندکارە بۆ یەك لایەن (گرێبەندی نائاڵوگۆڕانە) ئەوەیە پابەندی تەنها بۆ یەك لایەنی گرێبەندەکە دروست دەکا نەك هەردووکیان، بەوەیش یەکێکیان قەرزدەر دەبێ نە قەرزار و ئەویتر قەرزار دەبێ نە قەرزدەر، وەك عەقدی **پێشکەشکردن**، پێشکەشکار قەرزار و پێشکەشکراو قەرزدەرە.

**چوارەم: لەڕووی زانینی ئەو شتەی هەریەك لە دوو گرێبەندوانەکە دەیدات و دەیبات:**

١- دیاریکراو: ئەو عەقدەیە هەریەك لە دوو گرێبەندوانەکە پێشەکی ئەندازەی ئەوەی دەیدەنە ئەویتر و ئەندازەی ئەوەی لێی وەردەگرن دەزانن، وەك فرۆشتن بە نرخێکی دیاریکراو.

٢- شیمانەیی (احتمالي): ئەوەیە هەردوو لایەنەکە لەکاتی عەقدکردنەکەدا ئەندازەی ئەوەی وەریدەگرن و ئەوەی دەیدەن نازانن، بەڵکو ئەوە لەسەر ڕووداوێکی بەدینەهاتوو یان دیارینەکراو لەکاتی ڕوودانیدا دەوەستێ، وەك عەقدی بیمەکردن و عەقدی فرۆشتنی خانوبەرەیەك بە قیستی مانگانە بەدرێژایی ژیان.

**پێنجەم- لەڕووی ڕۆڵی ڕەگەزی کاتەوە:**

١- دەستبەجێ (فەوری): ئەوەیە کات ڕەگەزێکی جەوهەری نیە لە دیاریکردنی شوێن (محل)ەکەیدا با ڕۆڵیشی هەبێ لە دیاریکردنی کاتی جێبەجێکردنیدا، وەك عەقدی فرۆشتن.

٢- بەردەوام و کاتی (یان عەقدی ماوە): ئەو عەقدەیە کات ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی بابەتەکەیدا، وەك عەقدی بەکرێدان.

**شەشەم: لەڕووی سروشتی ئەو یاسایەی ڕێکی دەخا:**

١- گرێبەندی مەدەنی: ئەوەیە ملکەچی یاسای مەدەنییە.

٢- گرێبەندی بازرگانی: ئەوەیە یاسای بازرگانی ڕێکی دەخا.

٣- گرێبەندی کارگێڕی: ئەوەیە یاسای کارگێڕی ڕێکی دەخا.

**حەوتەم: لەڕووی ئەو بەرانبەرەی وەردەگیرێ:**

١- گرێبەندی ئاڵوگۆڕ (معاوضة): ئەوەیە هەردوو گرێبەندوان بەرانبەرێك بۆ ئەوە وەردەگرن کە دلویانە، وەك شمەك بەشمەك (موقایەزە) و بەکرێدان.

٢- گرێبەندی بەخشین (تەبەڕوع): ئەوەیە لایەنێك لە دوو لایەنە گرێبەندوانەکە هیچ بەرانبەرێك نابا بۆ ئەوەی دەیدا، وەك گرێبەندی پێشکەشکردن (الهبة) و پێدان (العارية).

**هەشتەم: لەڕووی دانوستانەوە:**

١- گرێبەندی ملکەچکردن: ئەو عەقدەیە یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە بەتەنها مەرجگەلێك دادەنێ کە قابیل بە گفتوگۆ و دەستکاریکردن نین[1].

٢- گرێبەندی سەودای ئازاد: بەپێچەوانەی گرێبەندی ملکەچکردن هەردوو لایەن ئازادیی دانوستانکردن و گەنگەشەکردنی مەرجەکان و دەستکاریکردنیان هەیە.

[1] ئەسڵ ئەوەیە گرێبەندکار مافی ئازادیی تاوتوێکردنی مەرجەکانی هەیە، بەڵام لەئەنجامی فراوانبوونی چوارچێوەی بازنەی چالاکیی ئابووری و دەرکەوتنی کۆمپانیا قۆرخکاریەکان، وای لێهاتوە بەزۆری لایەنێکی عەقدەکە پێشوەخت مەرجەکانی گرێبەندکردنەکە دادەنێ، بەشێوەیەك ڕۆڵی لایەنەکەیتر کورت دەبێتەوە یان لە قبوڵکردنی دەستەوارەکە بەتەولوی یان ڕەتکردنەوەی و مافی دلولکردنی هەموارکردنی مەرجەکانی نیە، لەبەرئەوەی عەقدەکە پەیوەندی بە کەرتێکی گرنگەوە هەیە، وەك گرێبەندەکانی تایبەت بە هێنانی کارەبا یان ئاو یان تەلەفۆن و ئەو جۆرە شتانە.

**نۆیەم: لەڕووی شوێن یاخود بابەتەوە (المحل):**

١- پەیوەندی بە سوودەکەیەوە هەیە، وەك گرێبەندەکانی پێدان (ئیعارە) و پێشکەشکردنی سوود یان وەسێتکردن بە سوود و بەکرێدان.

٢- پەیوەندی بە شتەکانەوە هەیە (الاعیان) وەك گرێبەندەکانی فرۆشتن و موقایەزە و هێنان[1] و ئاشتەوایی.

٣- پەیوەندار بە کارەکەوە وەك عەقدی بەڵێندەرایەتی (المقاوله).

**دەیەم- لەڕووی ڕەسەنایەتیەوە:**

١- گرێبەندی ئەسڵی: ئەو عەقدەیە بوونێکی سەربەخۆی هەیە و نەبەستراوە بە عەقدێکیترەوە وەك ئەو عەقدانەی باس کران.

٢- گرێبەندی شوێنکەوتەیی (تبعي): ئەو عەقدەیە سەربەخۆ نیە بەڵکو پشت بە پەیوەندیەکی یاسایی پێشتر دەبەستێ و بە شوێنکەوتەی دادەنرێ، وەك عەقدی کەفالەت و عەقدی ڕەهن.

**یازدەیەم- لەڕووی چییەتیەوە:**

١- گرێبەندی سادە: ئەوەیە تەنها یەك عەقدە و تێکەڵەیەك نیە لە چەند عەقدێك وەك فرۆشتن.

٢- گرێبەندی ئاڵۆز (مرکب): ئەوەیە تێکەڵەیەکە لە چەند عەقدێك هەموو ئاوێتە بوون و بوونەتە یەك عەقد وەك عەقدی هۆتێلکاری، کە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکرێدان، بۆ خواردن فرۆشتن، بۆ خزمەتکردن کارە و بۆ کەلوپەل سپاردەیە.

---

[1] ئەوەیە بهێن (المورد) بەڵێن دەدا لە ماوەیەکی دیاریکراودا کاڵایەکی دیاریکراو بۆ لایەنی بۆهێنراو (المورد اليه) دابین بکا بە چەند کاروانێك و لە چەند وادەیەکی دیاریکراودا، بەرانبەر بە پابەندبوونی بۆهێنراو بە پێدانی پارەکەی.

**دوازدەیەم - لەڕووی وەسفی یاساییەوە دابەشکردنی سیانە و چوارە و پێنجەی هەیە :**

أ- سیانە دابەشکردن: ئەمەیان فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان پەسەندیان کردوە[1].

١- گرێبەندی دروست: ئەوەیە روکن و مەرجەکانی تێدان و دوورە لە خەوش.

٢- گرێبەندی بەتاڵ: ئەوەیە روکنێك لە روکنەکانی ناتەواوە، یاخود شوێن یان هۆکەی خەوشدارە.

٣- گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە (بەتاڵ بەرێژەیی): ئەوەیە روکن و مەرجەکانی تەواون بەڵام روکنی رەزامەندیەکەی تێکچووە.

لە فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان، لەم جۆرەی دواییاندا دژیەکیەکی روون هەیە لەنێوان ئەوەی دەوترێ گرێبەندێکی نادروستە و ئەوەی دەوترێ هەموو ئەسەرەکانی بەرهەم دێنێ، هەروەها لەنێوان مۆڵەتپێدان بەئەسەری رەجعی (م/١٣٩)ی مەدەنیی میسری و لێکەوتنەوەی هەموو ئاسەوارەکان لەکاتی ئیمزاکردنی گرێبەندەکەدا، هەروەها لە دانانی گرێبەندی کەسی فزول بە قابیل بە بەتاڵکردنەوە لەکاتێکدا هەموو ئاسەوارەکانی لێ ناکەوێتەوە تا پاش مۆڵەتدان، لەکاتێکدا ئەو گرێبەندەی قابیل بە بەتاڵکردنەوە بێ هەموو ئاسەوارەکانی لێ دەکەونەوە[2].

ب- چوارە دابەشکردن: جمهوری شەرعزانان پەسەندیان کردوە.

١- گرێبەندی بەتاڵ: هەر عەقدێکە روکنێك لە روکنەکانی یان مەرجێك لە مەرجەکانی دروستبوون (صحة)ی ناتەواو بێ.

٢- گرێبەندی دروست: هەر عەقدێکە هەموو روکنەکان و مەرجەکانی دروستبوونی تێدا بێ و دابەش دەبێ بۆ:

---

[1] وەك مەدەنیی میسری مادەکانی (٨٩-١٤٤)، سوری مادەکانی (٩٢-١٤٥) و کوێتی مادەکانی (٣٠-١٩٣).

[2] الاستاذ مرقس، أصول الالتزامات: ص٢٣٥.

أ– گرێبەندی راگیراو: ئەوەی بە دروستی دادەمەزرێ بەڵام تا پاش مۆڵەتدان لەلایەن ئەو کەسەی مافی مۆڵەتدانی هەیە ئەسەرەکانی لە ماف و پابەندیەکان لێ ناکەونەوە.

ب– هۆ سەرەکیەکانی وەستانی عەقد سیانن: یان نەبوونی دەسەڵات بۆ ئەو جۆرە رەفتارە وەك عەقدی کەسی شیان ناتەواو، یان نەبوونی دەسەڵات بەسەر شوێن (بابەت)ی عەقدەکە وەك عەقدی کەسی خۆهەڵقورتێن (فزول)، یان کەسیتر مافی لە بابەتی عەقدەکەدا هەبێ وەك وەسیێتکردن بە زیاتر لە سێیەکی میرات، کە پاش مردنی وەسیێتکار زیادەکەی لەسەر مۆڵەتدانی وەرەسە دەوەستێ.

ج– گرێبەندی بەرکاری نالازم: عەقدێکە روکن و مەرجەکانی بەدیهاتوون بەڵام لەبەر خودی خۆی یان لەبەر سەرهەڵداو (عارض)ێك ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی لەسەرە[1].

د– گرێبەندی بەرکاری لازم: ئەو عەقدەیە مەرجەکانی دامەزران و دروستی و کارپێکران و لزومی تێدایە.

ج– پێنجە دابەشکردن: شەرعزانانی حەنەفی رابەرلیەتی دەکەن[2].

١– ئەو چوار بەشەی باس کران.

٢– گرێبەندی خراپ (فاسد): ئەو عەقدەیە بە ئەسڵی خۆی مەشروعە بەڵام بە وەسفەکەی نامەشروعە.

---

[1] عەقدی نالازم لەبەر هۆیەکی سەرهەڵداو وەك عەقدێك بژارەی عەیب یان مەرج یان بینین و ئەو جۆرە شتانەی تێدایە، هەروەها وەکعەقدێك خەوشێك لە خەوشەکانی ئیرادەی تێدا بێ، بەڵام یاسادانەری عێراقی خەوشەکانی ئیرادەی بە هۆی وەستانی عەقد داناوە.

[2] لەبارەی عەقدی فاسیدەوە بروانە ئەم سەرچاوە حەنەفییانە: البدائع ٧/٣٠٨٠ و پاشتر/ تبیین الحقائق شرح کنز الدقائق للزیلعي ٤/٤٣ و پاشتر. فتح القدیر لإبن الهمام ٦/٤٠٠.

**بنچینەکانی فەسادی گرێبەند لای حەنەفیەکان سیانن:**

بنچینەی یەکەم: جیاکاری لەنێوان هەڵبژاردن و ڕەزامەندیدا: هەڵبژاردن ئەنجامدانی هۆیە بە ئیرادەیەکی ئازاد و بزان، ڕەزامەندیش ئارەزووە بۆ لێکەوتنەوەی ئەسەر لەو هۆیەی ئەنجام دراوە[1].

دەڵێن: هەڵبژاردن و ڕەزامەندی دوو ڕوکنی مەعنەویی عەقدن، ئەگەر پێکەوە بەدیهاتن عەقدەکە دروست (صحیح) دەبێ، ئەگەریش پێکەوە نەبوون عەقدەکە بەتاڵ دەبێ، خۆ ئەگەر هەڵبژاردن بەدیهات و ڕەزامەندی فاسید بوو، عەقدەکە فاسید دەبێ، وەك عەقدی کەسی زۆرلێکراو.

جمهور دەڵێ: جیاوازی لەنێوان هەڵبژاردن و ڕەزامەندیدا نیە، لە فیقهی غەربیدا ئیرادەی دەربڕین بەرانبەر هەڵبژاردنە و ئیرادەی کاریگەریش بەرانبەر ڕەزامەندییە[2].

بنچینەی دووەم: جیاکاری لەنێوان نەهیکردن لە عەقدەکە لەبەر خودی خۆی (واتە لەبەر ڕوکنێك لە ڕوکنەکانی) وەك ئەوە شوێنی عەقدەکە قابیل بە مامەڵەکردن نەبێ. لەگەڵ نەهیکردن لە عەقدەکە لەبەر وەسفێك کە وابەستەیەتی، وەك عەقدی بەسوو، کە وەسفە وابەستەکەی بریتییە لە سوودی ڕیبەوی.

بەلای جمهورەوە عەقدەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەتاڵە، بەلای حەنەفیەتیشەوە فاسیدە ئەگەر نەهیکردنەکە لەبەر وەسفە وابەستەکەی بێ، بەتاڵیشە ئەگەر نەهیکردنەکە لەبەر خودی خۆی بێ[3].

بنچینەی سێیەم: جیاکاری لەنێوان ئەسڵی گرێبەندەکە و وەسفەکەی، وەك لەم ڕوونکردنەوەیەدا:

---

[1] شرح التوضيح على التنقيح لصدر الشريعة عبيد الله بن مسعود ١٩٦/٢. كشف الأسرار على أصول البزدوي (علي بن محمد البزدوي) ٣٨٣/٤.

[2] الدكتور وحيد الدين سوار، التعبير عن الارادة في الفقه الاسلامي، دراسة مقارنة بالفقه الغربي ط/١٩٦٠: ص٤٤ و پاشتر.

[3] فتح الغفار شرح المنار المعروف بمشكاة الأنوار في أصول المنار للامام زين الدين بن ابراهيم الشهير بابن نجيم الحنفي، مطبعة البابلي، ١٩٣٦: ص٧٧ و پاشتر.

گوتویانە: وەك لە پێناسەکەیەوە وەردەگیرێ، ڕەگەزەکانی گرێبەند بەکۆ (ئیجمال) سیانن (داڕشتە، گرێبەندوان، گرێبەند لەسەر کراو)، بە وردکردنەوەیش (التفصیل) شەشن (ئیجاب و قبولێ، هەردوو لای عەقدەکە، دوو ئاڵوگۆڕکراوەکە).

**ئەم ڕەگەزانەیش کۆمەڵێ مەرجیان هەیە، بریتین لە:**

١- جووتبوونی ئیجاب و قبولێ.

٢- یەکگرتنی مەجلیسی ئیجاب و قبولێ لە گرێبەندکردن لەنێوان ئامادەبواندا.

٣- چەندبوون (تعدد)ی گرێبەندوان بەڕاستی یان بەحوکم[1].

٤- گرێبەندوان لە ئاڵوگۆڕەکاندا فام و لە بەخشینەکاندا ئاوەزی هەبێ.

٥- بابەتەکە دیاریکراو یان قابیل بە دیاریکردن بێ.

٦- بابەتەکە قابیل بە مامەڵە پێوەکردن بێ (متقوم بێ).

٧- بابەتەکە قابیل بە ڕادەستکردن بێ.

ئەم حەوت مەرجە بنچینەی گرێبەند و مەرجی دامەزراندنین و ئەگەر یەکێکیان ناتەولو بێ عەقدەکە بەتاڵە، بەڵام بەدیهاتنیان بۆ دروستیی گرێبەندەکە بەس نیە، بەڵکو جگە لە سیانی یەکەمیان ئەوانیتر پێویستیان بە هەندێ وەسفی تەولوکەر هەیە، بەم شێوەیە:

أ- فام یان ئاوەز کە ڕەگەزی ڕەزامەندی لەسەر دادەمەزرێ، پێویستی بە وەسفێکی تەولوکەر هەیە، ئەویش ئەوەیە زۆرلێکردنی تێدا نەبێ، چونکە عەقدی زۆرلێکراو فاسیدە.

ب- دیاریکران یان قابیل بە دیاریکرانی بابەتی عەقدەکە پێویستی بە وەسفێکی تەولوکەر هەیە، ئەویش نادڵنیایی (الغرر)ی تێدا نەبێ، ئەگەر لە دیاریکردنیدا نادڵنیایی هەبوو عەقدەکە فاسید دەبێ.

---

[1] وەك ئەوەی بریکار پاش ئیزنی بریکاردارەکەی ئەو شتە بۆ خۆی بکڕێتەوە کە کراوەتە بریکار بۆ فرۆشتنی.

ج- قابیلبوونی بابەتەكە بۆ مامەڵە پێوەكردن پێویستی بە دوو وەسفی تەولوكەر هەیە، ئەوانیش خاڵیبوونیەتی لە سوو (ریبا) لەبەرئەوەی عەقدی ریبەوی فاسیدە، هەروەها خاڵیبوونیەتی لە مەرجی فاسید، لەبەرئەوەی هەر عەقدێك مەرجی فاسیدی لەگەڵ بێ فاسیدە.

د- قابیلبوونی بۆ رادەستكردن پێویستی بە وەسفێكی تەولوكەر هەیە، ئەویش دووربوونیەتی لە زیان، لەبەرئەوەی هەر رادەستكردنێك زیانی لێ بكەوێتەوە فاسیدە[1].

لەم روانگەوە هۆ سەرەكیەكانی فەسادی گرێبەند لای حەنەفی پێنجن، ئەوانیش: زۆرلێكردن، نادڵنیایی، زیان، سوو، مەرجی فاسید.

بەڵام بەبڕوای ئێمە (سوو) دەچێتە خانەی مەرجی فاسید و هیچ پاساو نیە بۆ دانانی بە هۆیەكی سەربەخۆ.

شەرعزانانی حەنەفی ئەو بۆچوونەی سەرەوەیان لەسەر ئەو قسەیەیان بینا كردوە كە گرێبەندی بەتاڵ گرێبەندێكە بە ئەسڵ و وەسفی ناڕەوایە، بەڵام گرێبەندی فاسید بەئەسڵی رەوا و بە وەسفی ناڕەوایە.

دەگێڕنەوە[2] ئەبوحەنیفە لە شیكردنەوەی جیاوازیی نێوان بەتاڵ و فاسیددا گوتویەتی: ئەگەر ئەوەی بەئەسڵی رەوا بەوەسفی ناڕەوایە بەبەتاڵ دابنرێ، ئەوا دەبێ ئەوەی بەئەسڵ و وەسفی ناڕەوایە لەگەڵ ئەوەی بەئەسڵی رەوا و بەوەسفی ناڕەوایە یەكسان بكرێ، ئەمەیش پێچەوانەی عەقڵ و مەنتیقە.

گرنگیی ئەم جیاوازییە لەوەدایە ئەگەر هۆی فەسادی عەقد لابرا عەقدەكە خۆبەخۆ دەگۆڕێ بۆ دروست، بەپێچەوانەی بەتاڵ كە گۆڕینی هۆی بەتاڵیەكە نایگۆڕێ بۆ دروست، لەبەرئەوە عەللامە سەنهوری دەڵێ: یاساناسان پەسنی

---

[1] وەك لە ماڵی هاویەشدا كە قابیل بە بەشبەشكردن نیە.

[2] الفروق للقرافي ٢/٨٣.

کردەوەکەی ئەبوحەنیفەیان کردوە لەبەرئەوەی زۆر لە مامەڵە دارایییەکان لە هەرەس رزگار دەکا.

هەموو ئەو بەشانەی باس کران لەڕووی قبولکردن یاز نەکردنی هەڵوەشاندنەوەوە، بەگوێرەی سروشتیان جیاوازن:

* هەیانە پێویستە هەڵبوەشێنرێتەوە ئەگەر رێگرێك نەبێ، وەك عەقدی فاسید.

* هەیانە دەكرێ بەبێ هۆ هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوانیش عەقدە بەرکارە نالازمەکانن، وەك عەقدی بریکاری (وەکالە).

* هەیانە ناکرێ بەبێ هۆ هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوانیش عەقدە بەرکارە لازمەکانن، وەك عەقدی فرۆشتن و هەموو رەفتارێکی یاسایی کە ئەگەر بە خستن (اسقاط) گونجاندنی بۆ بکرێ هەڵوەشاندنەوە قبولْ ناکا، وەك گەردن ئازادکردن لە قەرز (الابراء).

پاش ئەم دەسپێکە هەولْ دەدەین روونی بکەینەوە پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی ناشایستە لەسەر بناغەی نەمانی هۆکەی، پاش نەمانی گرێبەندەکە دەبێ، بە هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانەوە و بەتاڵکردنەوە.

یاساناسانی میسری لەبارەی زیادکردنی هۆیەکی چوارەم ناکۆکن ئەویش بەسەرچوونی عەقدەیە بە جێبەجێکردن و بوونەتە دوو ئاراستە:

یەکەمیان– دەڵێ بەجێبەجێکردن عەقدەکە و ئاسەوارەکانی نامێنن، رەحمەتی سەنهوری[1] رابەرایەتیی ئەم ئاراستەیەی دەکرد و ئەوانیتر لە میسر[2] و عێراق[3] شوێنپێیان هەڵگرت. مامۆستا سەنهوری پێی وابوو عەقد بە بەسەرچوون (الانقضاء) و شیبوونەوە (الانحلال) (هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانەوە و بەتاڵکردنەوە) نامێنێ و دەڵێ: گرێبەندی فەوری بەجێبەجێکردنی ئەو پابەندیانەی لێی دەکەونەوە

---

(1) لە کتێبی: الوسیط ١/٧٧٦ و پاشتر، بەندی ٤٥٦ و٤٥٧.

(2) وەك: د.أنور سلطان، مصادر الالتزام: بند ٣٤٨، والدكتور حشمت أبو ستيت:ص٣٦٠.

(3) وەك: د.عبد المجيد الحكيم ، مصادر الالتزام ٤٢٠/١ بند ٧٢٢.

بەسەردەچێ، بۆ نموونە فرۆشتن بە گواستنەوەی خاوەندارێتیی فرۆشراو بۆ کڕیار و وەرگرتنی ماڵەکە و دانی پارەکە و جێبەجێکردنی گەرەنتی و باقیی پابەندیەکانیتر بەسەر دەچێ، هەموو ئەم پابەندیانە کاتێ وەختی جێبەجێکردنیان دێ دەستبەجێ و بەیەك جار یان بە بەشبەش جێبەجێ دەکرێن. عەقدی زەمەنی بەسەرچوونی بەستراوە بە بەسەرچوونی کاتەکەوە، شیبوونەوەی عەقدیش بە هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانەوە دەبێ. شیبوونەوە عەقدێك دەگرێتەوە بە دروستی لەدایك بووبێ، پاشان بەپاشئاسەوار (ئەسەری رەجعی) یان بەبێ پاشئاسەوار شی دەبێتەوە، هەرچی بەتاڵکردنەوەیە عەقدێك دەگرێتەوە کە بە نادروستی لەدایك بووە، پاشان لە هەموو بارەکاندا بە پاشئاسەوار بەتاڵ دەبێتەوە.

دووەم– تاقمێکیتر بۆ ئەوە چوون کە نەمانی عەقد لەرێی هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانەوە و بەتاڵکردنەوەوە دەبێ و بەجێبەجێکردنی لەناو ناچێ. لەپێش ئەمانەوە دکتۆر سلێمان مرقس دێ کە دەربارەی جیاکردنەوەی نێوان هەڵوەشانەوەی عەقد بە هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانەوە و بەسەرچوونی پابەندیەکانی عەقدەکە دەڵێ[1]، شیبوونەوەی عەقدەکە بوونی عەقدەکە لەناو دەبا و ئاسەوارەکانی دەسڕێتەوە.

ئێمە ناتوانین بچینە سەر ئەو رایەی هەندێ[2] بۆی چوون لەوەی بەسەرچوونی ئەو پابەندیانەی لە عەقد دەکەونەوە بە رێگەیەك لە رێگەکانی شیبوونەوەی عەقدەکە یان لەناوچوونی دادەنرێ، لەبەرئەوەی گرنگترین رێگەی بەسەرچوونی پابەندیەکان جێبەجێکردن و ئەوەیە وەك جێبەجێکردن وایە، هەروەها لەبەرئەوەی ئەگەر جێبەجێکردنی ئەو پابەندیانەی لە عەقد دەکەونەوە ببێتە مایەی بەسەرچوونی، ئەوا

---

[1] لە کتێبی: اصول الالتزامات: ص ٣٠٦، ، مامۆستا (عبد المنعم فرج الصدة)یش هاوڕایەتی، مصادر الالتزام: لا٣٩٤ بەندی ٣٦٠.

[2] مەبەست لەو هەندە مامۆستا سەنهوری و ئەوانەن شوێنی کەوتون، کە دەڵێن عەقد جێبەجێکردنی نامێنێ.

کار لـە قـەوارە و بـوونی عەقدەکـە ناکـا، بـەڵکو عەقدەکـە سـەریاری بەسەرچـوونی سـەرجەم ئـەو پابەندیانـەی لێـی دەکەونـەوە بـەهۆی جێبەجێکردنیانـەوە، هـەر دەمێنێتەوە و دەبێتە سەنەدێك بۆ ئەو پابەندی و مافانەی لێی دەکەونەوە و هەروەها بۆ دروستیی جێبەجێکردنی ئەو پابەندیانەی جێبەجێ کراون.

وای دەبین رەحمەتی سەنهوری و ئەوانەی شوێنی کەوتون سەبارەت بە عەقـدی ماوە (المدة) پێکاویانە، لەبەرئەوەی بەتەواوبوونی ئەو ماوەیەی دیاری کـراوە تـەواو دەبێ و زەمەن توخمێکی جەوهـەری و بەشـێکە لـە عەقـدی مـاوە، بەدڵنیاییشـەوە هەموو (الکل) بە نەمانی بەشەکەی نامێنێ.

بەڵام سەبارەت بە عەقدی فەوری، ئاراستەی دووەم لـە واقیـع نـزیکترە، چـونکە قــەوارەی عەقدەکــە پــاش جێبــەجێکردنی وەك بەڵگەیــەك بەدەســت کڕیــارەوە د ەمێنێتەوە دژی هـەر یەخـە پێگرتنێکـی فرۆشـیارەکە یـان دەعـوای شایسـتەبوون هەمیشە لە ئایندەدا، ئەویش بینا لەسەر ئەو ڕێسا ئوسوڵیەی دەڵێ، ئەگەر حوکمێك لە رابردوودا بـە بەڵگەیـەکی شـەرعی سـەلما ئـەوا بـە (ئیستصـحاب) بـۆ ئاینـدەیش سەلماو دەبێ تا بەڵگەیەك نەسەلمێ جیاواز لەوە پیشان بدا.

بەم شێوەیە هۆ سەرەکیەکانی نەمانی عەقد لە یاسادا سیانن، هەڵوەشـاندنەوە و هەڵوەشانەوە و بەتاڵکردنەوە.

لە فیقهی ئیسلامیدا دوانن هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانەوە، هەرچی یاسـایش بـە بەتاڵکردنەوەی دادەنێ دەچێتە ژێر خانەی چەمکی هەڵوەشاندنەوەوە.

لەم روانگەوە لێکۆڵینەوە لە بابەتی بەشی سێیەم لەڕووی شکڵیەوە بۆ سێ بـاس دابەش دەبێ، یەکەمیان تەرخان دەکرێ بۆ هەڵوەشاندنەوە، دووەم بۆ هەڵوەشانەوە و سێیەم بۆ بەتاڵکردنەوە[1].

[1] دواخستنی بەتاڵکردنەوە جیاواز لە تەرتیبـە یاسـاییەکە لـەپێناو بەراوردکردنیـەتی بـە هەڵوەشاندنەوە لە فیقهی ئیسلامیدا.

# باسی یەکەم:
# هەڵوەشاندنەوەی گرێبەند

هەڵوەشاندنەوە (الفسخ) لە زماندا بە چەند مانایەك هاتوە نزیکترینیان لە مانا زاراوەییەکەی بریتییە لە (النقض). دەوترێ: فسخ الشيء، اي نقضه[1]. واتە شتەکەی هەڵوەشاندەوە. لە زاراوەسازیی یاساییشدا بەچەند پێناسەیەك پێناسە کراوە هەر هەموویان لە دەوری تەوەریەك دەخولێنەوە ئەویش کردنەوەی وابەستەییەکی گرێبەندانەیە بەهۆی پابەندنەبوونی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە بە جێبەجێکردنی پابەندیەکەی. لە زاراوەسازیی فیقهی ئیسلامیشدا کردنەوەی وابەستەیی گرێبەندەکەیە[2].

ئەو پێناسەیەی من هەڵیدەبژێرم ئەوەیە فەسخ کردنەوەی وابەستەیی گرێبەندکارانەیە لەبەر هۆیەك، کە پاساوی دەدا.

دیراسەی هەڵوەشاندنەوە لەڕووی شکڵیەوە بۆ چوار خواست دابەش دەبێ: یەکەم بۆ پەرەسەندنی، دووەم بۆ ئەو زاراوانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە، سێیەم بۆ مەرج و هۆکانی، چوارەم بۆ جۆر و ئاسەوارەکانی.

---

[1] الصحاح في اللغة والعلوم: مادة فسخ.
[2] الأشباه والنظائر للسيوطي: ص٢١٣.

# خواستی یەکەم:
# پەرەسەندنی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەند

**هەڵوەشاندنەوە لە یاسای رۆمانیدا[٤]**

هەڵوەشاندنەوە لەم یاسایەدا نەبوو لەو رووەوە بایەخی بە بوونی بەرانبەری (التقابل) لەنێوان پابەندیەکانی هەردوو گرێبەندوان لە گرێبەندی دووسەرە لەکاتی جێبەجێکردندا نەدەدا[١]، فرۆشیار نەیدەتوانی فرۆشراوەکە بگێڕێتەوە ئەگەر کڕیار پارەکەی نەدایە. بۆ دوورکەوتنەوە لەم ناتەواوییە کار بۆ دانانی مەرجێك کرا ماناکەی هەڵوەشاندنەوەی فرۆشتنەکە بوو بە زەبری یاسا ئەگەر بکڕ لەکاتی دیاریکراودا پارەکەی نەدا.

**هەڵوەشاندنەوە لە یاسای کەنەسیدا[٢]**

سەرچاوەی راستەقینەی پەیدابوونی هەڵوەشاندنەوە لە یاسادا یاسای کەنەسییە، ئەم بیرۆکەیە بەگوێرەی ئەو رێسایەی شەرعزانانی کەنیسە لە روانگەی ئارەزوویان بۆ دەستەبەرکردنی پابەندبوون بە بەڵێن بانگەوازیان بۆ دەکرد لەم یاسایەدا سەری هەڵدا، ئەویش پابەندنەبوونە بە بەڵێن لەبەرانبەر ئەوەی رێزی بەڵێنی خۆی نەدەگرت.

**هەڵوەشاندنەوە لە یاسای فەرەنسیدا[٣]**

چیدی مەرجی هەڵوەشێنی راشکاو یان ناوەکی (ضمني)[١] کە تەنها لە فرۆشتندا باس کرابوو –وەك لە یاسای رۆمانیدا– نەمایەوە، بەڵکو لە یاسای فەرەنسیدا بوو بە

---

[١] بەڵکو لەکاتی پەیدابوونیدا بایەخی پێدەدا.

[٢] الدكتور محمود جمال الدين زكي، نظرية الالتزام في القانون المدني المصري: ص١٨٤، پەراوێزی (١).

[٣] سەرچاوەی پێشوو.

گشتی و هەموو عەقدێکی دووسەرە (تبادلي) گرتەوە، جا ئەگەر مەرجەکە بەدیهات بەوەی یەکێك لە دوو عەقدکارەکە پابەندیی خۆیان جێبەجێ نەکرد، بەپێی مادەی (١١٨٤) عەقدەکە لەلایەن دادگەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**هەڵوەشاندنەوە لە فیقهی یاسایی نوێدا**

فیقهی یاسای نوێ لە جیهانی عەرەبی بەرەو بەرتەسککردنەوەی چوارچێوەی هەڵوەشاندنەوە و دیاریکردنی بواری پیادەکردنەکانی بەشێوەیەك لەگەڵ واقیعی کرداری تێك بگیرێ، چووە، لە ریزی پێشەوەی ئەو شەرعزانانەی یاسا کە لەگەڵ ئەم دیاریکردنەدان، خوالێخۆشبوو عەللامە سەنهوری دێ، کە دەڵێ: (هەڵوەشاندنەوە نابێ تەنها لەو عەقدانەدا نەبێ کە بۆ هەردوولا پابەندکارن، هەڵوەشاندنەوە نابێ تا یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە ئامادە نەبێ پابەندیی خۆی جێبەجێ بکا، هەڵوەشاندنەوە نابێ تا قەرزدەر ئامادە نەبێ بۆ هەستان بە پابەندیەکەی و بتوانێ دۆخەکە بگێڕێتەوە بۆ ئەسڵەکەی)[٢].

زۆربەی یاساناسان لە میسر و شوێنیتر شوێنی کەوتن و لە مادەی (١٥٧)ی مەدەنیی میسری ئەم حەسرکردنەیان ئەنجامگیر کرد کە دەڵێ: (لەو عەقدانەی بۆ هەردوولا پابەندکارن ئەگەر لایەکیان پابەندیەکەی جێبەجێ نەکرد، ئەویتریان بۆی هەیە پاش ئاگەدارکردنەوەی قەرزارەکە داوای جێبەجێکردنی عەقدەکە یان هەڵوەشاندنەوەی بکا لەگەڵ قەرەبووکردنەوە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەگەر ئەوەی

---

[١] مەرجی هەڵوەشێنی راشکاو رێگە لە قازی دەگرێ دەسەلاتی مەزەندەکردنی خۆی بەکار بێنێ، تەنها دەتوانێ حوکمی هەڵوەشاندنەوە دەربکا، هەروەها قەرزار مەحروم دەکا لە خۆ دوورگرتن لە روودانی هەڵوەشاندنەوە بەوەی واپیشان بدا ئامادەیە پابەندیەکە جێبەجێ بکا، بەپێچەوانەی مەرجی هەڵوەشێنی ناوەکی، وەك پاشتر روون دەکرێتەوە.

[٢] الوسيط ٧٧٨/١ و پاشتر.

دەخوست)، لەکاتێکدا ئەم مادەیە نە ئەو حەسرکردنەی لێ دەخوێنرێتەوە، نە هیچ شتێك کە رێگە لە هەڵوەشاندنەوە لەبەر هۆیتر و لە حاڵەتیتردا بگرێ.

**هەڵوەشاندنەوە لە فیقهی ئیسلامیدا**

ئەم فیقهە بە تێگەیشتنێکی وردتر و لە چوارچێوەیەکی فراوانتر و لەبەر زۆر هۆ پێناسەی هەڵوەشاندنەوەی کردوە وەك لە جێی خۆیدا روون دەکرێتەوە، چونکە وەك لە هەموو مەزهەبەکانی ئەم فیقهەدا تێدەگەین، فەسخ هەڵوەشاندنەوەی رەفتارێکی یاسایی (یان شەرعی)ی بەرکارە لەبەر هۆیەك کە یاساوی دەدا، جا چ ئەو هۆیە پێش عەقدەکە بێ یان نزیکی بێ یان پاش ئەو رووبدا، حەسرکردنی هۆکە لەوەی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە پابەندییان جێبەجێ نەکردوە، لەگەڵ لۆژیکی زمانەوانیی عەرەبیدا تێك دەگیرێ.

**گونجاندنی** (تكييفه):

یاساناسان بە دەربڕین و ئاراستەی جیاواز گونجاندنیان بۆ کردوە، لەوانە:

١- هەڵوەشاندنەوە پاداشتە (ان الفسخ جزاء)، لەبەرئەوەی تیۆری هەڵوەشاندنەوە بۆ یاسای کەنەسی دەگەرێتەوە کە بنەمای پێویستیی رێزگرتنی بەڵێنی دراوی هێناوە، لەبەرئەوە ئەو گرێبەندوانەی پابەندیی خۆی جێبەجێ کردوە، بۆی هەیە داوا لە قازی بکا لەو گرێبەندە ئازادی بکا ئەگەر هاتوو گرێبەندوانەکەیتر نەدەچووە ژێر پابەندبوون بەوەی بەڵێنی داوە[1].

٢- سزایەکە هێزی پابەندکاری گرێبەند دەپارێزێ[2].

---

[1] الدكتور أنور سلطان، مصادر الالتزام ٤١١/١.
الاستاذ الدكتور صلاح الدين الناهي، مبادئ الالتزامات ص١٣٥.
الاستاذ الدكتور حشمت أبو ستيت، نظرية الالتزام في القانون المدني الجديد ص٣٤٠ تێیدا هاتوە: (هەڵوەشاندنەوە لەڕاستیدا تەنها سزایەکە لەسەر کەمتەرخەمیی گرێبەندوان).

[2] الدكتور عبد المنعم فرج الصدة، مصادر الالتزام: ص٢٩٦.

←

٣- سروشتێکی دووسەرەی هەیە، بۆ قەرزدەر (الدائن) ئامرازێکە لە ئامرازەکانی دەستەبەری کە یاساکان بەبالآی ئەوەیان بڕیوە کە مافی هەڵوەشندنەوەی هەیە، تا بەهۆیەوە بتوانێ پارێزگاری لە مافەکانی بکا پاش ئەوەی بەهۆی ئەو کەسەی عەقدی لەگەڵ کردوە دووچاری ئەگەری فەوتان بووە، بۆ قەرزاریش (المدین) سزایەکی یاساییە بەهۆی نەچوونەژێر باری جێبەجێکردن یان بەهۆی تێکدانی جێبەجێکردنیەوە[1].

ئەم گونجاندنەی دوولیی زاڵە، لەبەرئەوەی لەگەڵ لۆژیکی یاساییدا کۆکە.

**بنچینەکەی:**

یاساناسان لە دیاریکردنی ئەو بنچینەیە چەند رایەکی جیاوازیان هەیە، لەوانە:

١- هەندێکیان بۆ ئەوە چوون بنچینەی هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە بیرۆکەی هۆ، بەو مانایەی لەو رووەوە یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە ئەوەی لەسەریەتی ئەنجامی نەداوە ئەو ئامانجەی لە کیسی ئەویتریان داوە کە لە عەقدەکە هەیبووە، ئەمیش مافی خۆیەتی خۆ لەو ئەرکانە رەها بکا کە ئەو عەقدە فەرز کردون لەسەری[2].

بەدەربڕینێکیتر بنچینە بریتییە لە تیۆری هۆ، کاتێ یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە پابەندیی خۆی جێبەجێ ناکا، وا دەکا پابەندبوونی ئەویتریشیان بەبێ هۆ بێ و بۆی هەیە لەڕێی هەڵوەشاندنەوەوە خۆی لێ رەها

---

الدكتور حشمت أبو ستيت، سەرچاوەی پێشوو: ص٢٣٨.

[1] الاستاذ الدكتور حسن الذنون، النظرية العامة للفسخ في الفقه الاسلامي والقانون المدني: ص٢٤.

[2] الاستاذ الدكتور السنهوري، الوسيط ٧٨٣/١.

الاستاذ الدكتور حشمت أبو ستيت ، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٤٠.

الاستاذ الدكتور اسماعيل غانم، سەرچاوەی پێشوو.

بکا. هەندێ[1] ئەم ئاراستەیە بەوە شی دەکەنەوە کە هەڵوەشاندنەوە لە یاسای رۆمانیدا نەبووە، لەبەرئەوەی بە بیرۆکەی هۆ ئاشنا نەبووە کە بەرانبەریی پابەندیەکانی لە عەقدە دووسەرەکاندا لەسەر دامەزرلوە، ئەمە رای زۆر لە شەرعزانانە لە فەرەنسا و زۆربەی فیقه لە میسر[2].

٢- یاسادانەری فەرەنسی (م١١٨٤) بۆ ئەوە چووە کە بنچینە مەرجێکی ناوەکیی هەڵوەشێنە و وا گریمانە دەکا هەردوو لایەنی عەقدەکە بەناڕاستەوخۆ لەسەر مەرجێك رێك کەوتوون کە ئەوە دەگەیەنێ ئەگەر لایەکیان پابەندیی خۆی جێبەجێ نەکرد، عەقدەکە هەڵدەوەشێتەوە[3].

ئەم ئاراستەیە لە چەند رووییەکەوە رەخنەی لێ گیراوە، لەوانە:

أ- ئەمە لەسەر گریمانەکردنی ئیرادەیەك دامەزرلوە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وجودی نیە، لەبەرئەوەی لەکاتی عەقدکردندا بەزۆری پێشبینیی جێبەجێنەکردن ناکرێ تا پێشوەختیش ئیرادەیان بەرەو دیاریکردنی ئەنجامەکانی بڕوات.

ب- لەگەڵ رێساکانی یاسا لە هەڵوەشاندنەوەدا ناگونجێ، لەبەرئەوەی ئەگەر دروست بێ ئەوا خۆبەخۆ هەڵوەشاندنەوە روودەدا، بەڵام بەلای خاوەنی ئەم ئاراستەیەوە بەحوکمێکی قەزایی نەبێ روونادا[4].

---

[1] الاستاذ الدكتور انور سلطان، مصادر الالتزام ٤١١/١.

[2] الاستاذ الدكتور اسماعيل غانم، سەرچاوەی پێشوو.

الاستاذ الدكتور عبد الحي حجازي، مصادر الالتزام ٣٦٠/١، تێیدا هاتوە: (بنچینەی دروست بۆ تیۆری هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە تیۆری هۆ، لەو رووەوە رەگەزێکی هونەرییە و لە کۆنیشدا دوما و بوتییە تیۆری هەڵوەشاندنەوەیان لە تیۆری هۆ نزیك کردۆتەوە).

[3] الاستاذ الدكتور اسماعيل غانم، سەرچاوەی پێشوو.

[4] الاستاذ الدكتور عبد المنعم فرج الصدة، مصادر الالتزام: ص٣٩٨.

ج- مەرجی هەڵوەشێن ئەگەر بەدیهات ئەسەرەکەی تەنها سڕینەوەی عەقدەکەی لێ دەکەوێتەوە بە ئەسەرێکی رەجعی و زانراو. حوکمدان بە هەڵوەشاندنەوە دوو ئەسەر بەرهەم دێنێ، ئەوانیش سڕینەوەی عەقدەکە و ئەگەری بڕیاردانە بە قەرەبووکردنەوە.

٣- هەندێکیان[١] وای دەبینن بنچینەی هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە بیرۆکەی پێکەوە بەسترانی پابەنییە دووسەرەکان لەو عەقدانەی بۆ هەردوولا پابەندکارن، ئەم رایە لە رای یەکەمەوە نزیکە.

٤- هەندی[٢] دەڵێن بنچینە تێکدانی ئەو هاوسەنگیەی لە عەقدی پابەندکار بۆ هەردوولادا مەبەستە لەنێوان هەردوو تیمەکەدا هەبێ، ئەم رایە نزیکە لەو رایەی دەڵێ بنچینەکە بۆ بیرۆکەی دادپەروەری دەگەڕێتەوە.

٥- مامۆستامان دکتۆر حسن الذنون[٣] دەڵێ بنچینە نەبوونی رەگەزی رەزامەندیی دووسەرەیە کە لە گرنگترین رەگەزەکانی گرێبەندە کە قورئان باسی کردوە، وەك خوا دەفەرموێ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾[٤]

پشتگیریی ئەم رایە دەکەم لەبەرئەوەی بەبێ جێبەجێنەکردنی پابەندی لەلایەن یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکەوە رەزامەندیش نامێنێ، کە ئەوە هەم لەکاتی ئیمزاکردنی رێکەوتنەکە و هەم لە جێبەجێکردنیشیدا داواکراوە.

---

[١] الاستاذ الدكتور توفيق حسن فرج، النظرية العامة للالتزام، مصادر الالتزام ٣٠١/١.
والاستاذ الدكتور عبد المجيد الحكيم، مصادر الالتزام ٤٢٣/١.

[٢] الاستاذ الدكتور اسماعيل غانم، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٢٥.

[٣] النظرية العامة للفسخ في الفقه الاسلامي والقانون المدني: ص٧٣.

[٤] سورة النساء / ٢٩.

# خواستی دووەم:
# ئەو زاراوانەی پەیوەندییان بە هەڵوەشاندنەوەوە هەیە

هەندێ زاراوە هەن لە هەندێ ڕووەوە پەیوەندییان بە هەڵوەشاندنەوەوە هەیە، بەڵام لەوانەیە لە هەندێ لایەنیتردا جیاواز بن لێی، لەوانە:

**هەڵوەشاندنەوە و لەکارخستن:**

لەکارخستن (الاقالة) لە زماندا بەڕەهایی هەڵگرتن (یاخود لابردن) دەگەیەنێ، لە زاراوەی فیقهی و یاساییشدا لابردنی گرێبەند و نەهێشتنیەتی بە ڕەزامەندیی هەردوولا. یاسادانەری عێراقی لە یاسای مەدەنیی عێراقیدا (م١٨٣) دەڵێ لەکارخستن بۆ هەردوو گرێبەندوان هەڵوەشاندنەوە و بۆ کەسیتر گرێبەندێکی نوێیە. ئەمە رای ئەبوحەنیفە[1] و شافیعی[2] و هەندێ لە حەنبەلیەکانە[3]، هاوشێوەی بۆگێڕانەوە بەهۆی خەوشەوە.

یاسای مەدەنیی فەرەنسی لە مادەی ١٦٥٩ و پاشتردا لەکارخستنی لە ریزی ئەوانەدا داناوە کە بە هەڵوەشاندنەوە دادەنرێن، بەبێ ئەوەی باس لە جیاکاری لەنێوان دوو گرێبەندوانەکە و کەسیتردا بکا، بەمەیش لەگەڵ ئاراستەی محەمەد ئەلشەیبانی هاوەڵی ئەبوحەنیفەدا ڕێك دێتەوە[4].

---

(1) لە: تبيين الحقائق شرح كنز الدقائق للزيلعي ٤/٧٠دا هاتوە: (ئەوە بۆ دوو گرێبەندوانەکە هەڵوەشاندنەوە و بۆ سێیەم فرۆشتنە، ئەمە لای ئەبو حەنیفە).

(2) مغني المحتاج للخطيب الشربيني ٢/٩٦.

(3) المغني لإبن قدامة ٤/١٢١.

(4) تبيين الحقائق ٤/٧١.

هەندێ لە شەرعزانانی مالیکی[1] بۆ ئەوە چوون لەکارخستن فرۆشتنێکی نوێیە بە ڕەزامەندیەکی نوێی دوو گرێبەندوانەکە.

هەمان جیاوازی لە گونجاندنی لەکارخستندا لای یاساناسان هاتووە.

**بەرهەمی جیاوازیەکە:**

ئەگەر بەوە گونجێنرا کە هەڵوەشاندنەوەیە دەرهەق بـە هـەردوو گرێبەندوانەکـە، ئەم ئەنجامانە لەو گونجاندنە دەکەونەوە:

١– پێویستە لەسەر فرۆشیار نرخی یەکەم بگێڕێتەوە و ئەوەی جیاواز لەوە ناویـان ناوە بەتاڵ دەبێ.

٢– ئەگەر هەڵوەشاندنەوە بێ بەو مەرجە فاسیدانەی لەگەڵێن بەتاڵ نابێتەوە، خـۆ ئەگەر فرۆشتن بێ دەرهەق بە هەردوو گرێبەندوانەکە ئەوا فاسید دەبێ.

٣– ئەگەر عەقدەکەیان هەڵوەشاندەوە و فرۆشیار فرۆشراوەکەی نەگێڕایەوە تا بـۆ جاری دووەم لێی فرۆشتەوە، دروستە، خۆ ئەگەر فرۆشتن بووایە فاسید دەبوو لەبەر ئەوەی فرۆشتنی بـەر لـە وەرگرتنـی دروسـت نیـە و ئەگـەر بـەبێ کڕیـار بیفرۆشتایە دروست نەبوو، لەبەرئەوەی فرۆشتنێکی نوێیە دەرهەق بە کەسـیتر جگە لەو دوانە.

٤– ئەگەر پاش لەکارخسـتن و بـەر لـە وەرگـرتن فرۆشـراوەکە لەلایـەن کڕیـارەوە بەخشـرا، بەخشـینەکە دروسـت (جـائین) دەبـێ، ئەگـەر فرۆشـتنیش بوایـە هەڵدەوەشایەوە، لەبەرئەوەی فرۆشتن بە بەخشینی فرۆشراو بە فرۆشیار بەر لە وەرگرتن هەڵدەوەشێتەوە.

٥– ئەگەر فرۆشراوەکە پێوانەکرلو (مکیل) یان کێشانەکرلو (موزون) بووایە و بە کەیل یـان کـێش لێـی فرۆشـتبوو، پاشـان هەڵیانوەشـاندەوە و فرۆشـراوەکە بـەبێ گێڕانەوەی کەیل یان کێشەکە گەڕێنرایەوە، دروستە وەریبگیرێ، ئەگەر فرۆشتن

---

[1] الشرح الصغير للدردير ١٨٦/٢ و پاشتر.

بولیە بەبێ ئەوەی کەیل یان کێشەکە بگێڕێتەوە وەرگرتنی جائیز نەدەبوو.

پێنج سوودیتر هەن کە لە گونجاندنی بە فرۆشتن لە دەرهەق بە جگە لە دوو عەقدکارەکە[1] دەکەونەوە لەبەر درێژنەبوونەوە پشتگوێ خران.

**هەڵوەشاندنەوە و پاشگەزبوونەوە لە پێشکەشکردن (الهبە)[2]:**

ئەوەی ماڵێك پێشکەش (وەك دیاری) دەکا بۆی هەیە لە پێشکەشکردنەکەی پاشگەز ببێتەوە، ئەوە وەك هەڵوەشاندنەوە نەهێشتنی رەفتارێکی یاسایی بەرکارە، بگرە کاسانی دەڵێ[3]: پاشگەزبوونەوە هەڵوەشاندنەوەیە پاش تەواوبوونی، پاشگەزبوونەوە لە پێشکەشکردن پاش وەرگرتن بەپاشئاسەوار نابێ، ئەو زیادە و سوودانەی لە پێشکەشکراودا روویان داوە بۆ پێبەخشراو دەبن، لەبەرئەوەی لە مولکی ئەودا روویان داوە.

پاشگەزبوونەوە لە پێشکەشکردن پاساو[4] و رێگری[5] هەیە، شەرعزانانی ئیسلامی لەبارەی مەرجەکانی پێشکەشکردن و لێ پاشگەزبوونەوەی رای جیاوازیان هەیە، کە پێویست بەخستنەروویان ناکا[6].

---

[1] بڕوانە: تبيين الحقائق، سەرچاوەی پێشوو ٤/٧٢.

[2] مادەکانی (٦٢٠ – ٦٢٥)ی یاسای مەدەنیی عێراقی.

[3] فی البدائع ٨/٣٧٠٠دا: (الرجوع فسخ العقد بعد تمامه). (واتە: پاشگەزبوونەوە هەڵوەشاندنەوەی عەقدە پاش تەواوبوونی).

[4] لە پاساوەکان هەڵنەسانی پێ بەخشراوە بەوەی بەرانبەر بەخشەر لەسەریەتی، یان بەوەی بەخشەر نەتوانێ بژێویەکی شایستە دابین بکا یان نەتوانێ ئەوەی یاسا لەسەری فەرز دەکا لە کێشانی نەفەقەی کەسانیتر و ئەو جۆرە شتانە، جێبەجێ بکا.

[5] لە رێگرەکان: زیادەیەکی بەردەوامە کە زیاکردنی نرخەکە واجب دەکا، مردنی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە، مامەڵەکردنی پێبەخشراو بە بەخشراوەکە بەشێوەیەك خاوەندارێتی نەهێڵێ و باقیی ئەو رێگرانەیتر کە لە (م٦٢٣)ی مەدەنیی عێراقیدا هاتوون.

[6] بڕوانە: الأنوار في الفقه الشافعي ١/٦٦٢، والكاساني في الفقه الحنفي ٨/٣٧١٢، والمغني لابن قدامة في الفقه الحنبلي ٥/٦٦٩، والمحلى في فقه الظاهرية ٩/١٢٠، وايضاح الفوائد في فقه الشيعة الامامية ٢/٤١٥، والروض النضير في فقه الشيعة الزيدية ٣/٣٨١.

لە فیقهی ئیسلامیدا پاشگەزبوونەوە لە پێشکەشکردن هەڵوەشاندنەوەیە و ئەوەی لەسەر راست دەگەڕێ کە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیەکی عەقدکارانەیە بۆ ئەوەی پاساوی دەدا[1].

**هەڵوەشاندنەوە و داماڵین:**

داماڵین (الخلع) بریتییە لە رێکەوتنی ژن و مێرد لەسەر جیابوونەوە لەبەرانبەر باتییەك كە ژنەکە یان نوێنەرەکەی پابەند دەبێ بە دانی بە مێردەکە، شەرعزانان لە گونجاندن (تكييف)یدا (واتە جێکردنەوەی لە چوارچێوەی نۆخێکی یاسایی–وەرگێڕ) جیاوازن.

أ– هەندێکیان گوتویانە بە هەڵوەشاندنەوە گونجاندنی بۆ دەکرێ، ئەویش بە پشتبەستن بە هەندێ بەڵگە لەوانە:

١– خوا دەفەرموێ ﴿ الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ ﴾ پاشان دەفەرموێ ﴿ فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ ﴾[2] و باسی خولعی لەنێوانیاندا کردوە و دەفەرموێ: ﴿ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ ﴾. ئەگەر خولع تەڵاق بوایە ژمارەی تەڵاق زیادی دەکرد و دەبووە چوار، ئەوەیش پێچەوانەی کۆدەنگی (ئیجماع)ە.

٢– جیابوونەوەی خولع لە تەڵاقدانی راشکاو و نیەتی تەڵاق خاڵییە، بۆیە ئەویش هەڵوەشاندنەوەیە وەك باقیی هەڵوەشاندنەوەکان لە ریددە و لێك جیاکردنەوە بەهۆی لێنەوەشاوەیی و ئەو شتانە.

ب– هەندێکیان بۆ ئەوە چوون خولع بە تەڵاق گونجاندنی بۆ دەکرێ، لەبەر چەند بەڵگەیەك لەوانە:

---

[1] لە: البدائع (٨/٢٧٠٠)دا هاتووە : (الرجوع فسخ العقد بعد تمامه).

[2] سورة البقرة /٢٢٩–٢٣٠.

١- حەدیسی ئیبن عەباس کە پێغەمبەر(ﷺ) بە (ثابت بن قیس)ی گوت: (ئەو باخچەیە قبوڵ بکە کە مارەیی بوو و تەڵاقێك تەڵاقی بدە)[1] و فەرمانەکەی بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی خولع تەڵاقە.

٢- خولع جیابوونەوەیەکە بە باتییەك (عوض) کە لەلایەن مێردەوە بووە و دەبێتە تەڵاق.

**بەرهەمی جیاوازیەکە:**

١- خولع ئەگەر بە تەڵاق گونجاندنی بۆ بکرێ دەستبەجێ پەیوەندیی هاوسەری کۆتا پێ ناهێنێ مەگەر تەڵاقەکە هەمیشەیی بێ (کە پێی دەوترێ: تەڵاقی بائین)، بەپێچەوانەی هەڵوەشاندنەوە (فەسخ).

٢- عیددەی هەڵوەشاندنەوە یەك سوڕی مانگانە (حەیز)ە، بەپێچەوانەی تەڵاق.

٣- بە هەڵوەشاندنەوە ژمارەی تەڵاقەکان کەم ناکا، ئەگەر بە گرێبەندێکی نوێ دەستیان بە ژیانی هاوسەری کردەوە، مێردەکە هەمان ئەو ژمارانەی دەمێنێ کە بەر لە هەڵوەشاندنەوەکە هەیبووە.

**هەڵوەشاندنەوە و گێڕانەوە لە فرۆشتنی دانەوە (بیع الوفاء):**

(م١١٨) لە گۆڤاری (الاحکام العدلیة) باس لەوە دەکا فرۆشتنی دانەوە فرۆشتنە بەمەرج، هەرکات فرۆشیار پارەکەی گێڕایەوە کڕیار فرۆشراوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و لەرووی سوودبینینی کڕیار لێی حوکمی فرۆشتنی دروستی هەیە (بەرکاری نالازم)، هەروەها لەو رووەوە هەردوولا توانای هەڵوەشاندنەوەیان هەیە حوکمی فرۆشتنی فاسیدی هەیە، لەو رووەیشەوە کڕیار ناتوانێ بە کەسیتری بفرۆشێ حوکمی رەهنی

---

[1] عن ابن عباس ﷺ قال: جاءت امرأة ثابت بن قيس بن شماس الى رسول الله صلى الله عليه وسلم فقالت يا رسول الله اني ما أعيب عليه في خلق ولا دين ولكني أكره الكفر في الاسلام. فقال رسول الله أتردين عليه حديقته؟ قالت نعم، فقال رسول الله اقبل الحديقة وطلقها تطليقة.. رواه البخاري والنسائي، نيل الأوطار للشوكاني ٦/٢٧٦، والمراد بقولها ولكني أكره الكفر في الاسلام أي كفران العشير والتقصير فيما يجب له.

هەیە. کەواتە گێڕانەوەی پارەکە هەڵوەشاندنەوەیە بەڵام پاشناسەواری نیە و پێویستە کڕیار فرۆشراوەکە بگێڕێتەوە، بەڵام ئەو زیادە و سوودانەی بەر لە هەڵوەشاندنەوەکە لە موڵکی ئەودا روویان داوە بۆ ئەو دەبن.

بە بڕوای لەخۆبوردوانەی ئێمە ئەوە فرۆشتنێکی هەڵواسراوە بە مەرجێکی هەڵوەشێنەوە، ئەگەر مەرجەکە هاتەجێ هەڵوەشاندنەوە روو دەدا و ئەوە لە هەڵوەشاندنەوە نزیکترە لێی، یاسادانەری فەرەنسی بە هەڵوەشاندنەوەی داناوە لە یاسای مەدەنیدا، بەشی دووەم-بابی سێیەم، لە هەڵوەشاندنەوەی فرۆشتن مادە (١٦٧٣)، بەوەیش بە کارتێکراو بە مەزەبی ئەبوحەنیفە دادەنرێ لە دەستگرتن بە فرۆشتنی دانەوە، بەڵام لە مادەی (١٦٥٩)دا فرۆشتنی دانەوە و لەکارخستنی تێکەڵ کردوە.

**هەڵوەشاندنەوە و ئیلغاکردنەوە (کۆتاهێنان بەئیرادەی تاکانە)[1]:**

ئیلغاکردنەوە (الالغاء) ئەوەیە روودەدا کاتێ عەقد یان یاسا روخسەت بە یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە دەدا بەتەنها سنوورێك بۆ عەقدەکە دابنێ و عەقدەکە بۆ ئایندە نەمێنێ، بەبێ ئەوەی ئەوە کاریگەری لەسەر رابردوو هەبێ[2]، ئەمە بەدەقی یاسا لە فەسخ دەچێ وەك لە جۆرەکانی فەسخدا باس دەکرێ.

**هەڵوەشاندنەوە و کۆتاهاتن (الانتهاء):**

لەوەدا هاوبەشن کە هەریەکەیان هۆیە بۆ نەمانی عەقد بەڵام لە هەندێ شتدا جیاوازن لەوانە:

١- هەڵوەشاندنەوە فیعل و کۆتاهاتن (لنفعال)ە کە دوو گوتەزای جیاوازن.

٢- هەڵوەشاندنەوە هەمیشە لەبەر خەلەلێکە، بەپێچەوانەی کۆتاهاتن.

---

[1] د.حشمت أبو ستيت، سەرچاوەی پێشوو: ص٢٥٦.

[2] م٥٦٣ مەدەنیی میسری، م٥٣١ مەدەنیی سوری، ٥٦٢ مەدەنیی الليبی، م٥٩١ مەدەنیی لوبنانی.

٣– هەڵوەشاندنەوە لە عەقدی فەوری و عەقدی ماوەدا دەبێ، لەکاتێکدا کۆتاهاتن هەمیشە لە عەقدی ماوە (المدة)دا دەبێ.

**هەڵوەشاندنەوە و داوای جێبەجێنەکردن:**

هێنانەپێشەوەی داوای جێبەجێنەکردن (الدفع بعدم التنفیذ) بەکورتی بریتییە لەوەی هەر گرێبەندوانێك لە گرێبەندێکی دووسەرەدا دەتوانێ نەچێتە ژێر جێبەجێکردنی پابەندیەکەی تا گرێبەندوانەکەیتر ئەوەی لەسەریەتی جێبەجێی دەکا. ئامرازێکی بەرگریکردنە ئاسەوارەکەی لە وەستاندنی جێبەجێکردنی عەقدەکەدا کورت دەبێتەوە و بە نەمانی عەقدەکە دانانرێ، بەڵام پەیوەندی بە فەسخەوە ئەوەیە وەستاندنی جێبەجێکردن لە عەقدی ماوەدا لە ماوەیەکی دیاریکراودا کەموکورتی لە پابەندبوونی[1] لەڕووی چەندایەتیەوە لێ دەکەوێتەوە، پاشان ناکۆکیەکە سەرەنجام سەری لە هەڵوەشاندنەوەوە دەردەچێ.

**هەڵوەشاندنەوە و بەتاڵکرنەوە (الابطال):**

بەتاڵکردنەوە لە فیقهی خۆئاوایی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان، کۆتاهێنانە بە عەقد (گرێبەند)ێك کە بەرهەمهێنی ئاسەوارەکانیەتی، بەڵام لەبەر بوونی خەلەلێك قابیل بە لابردنە و لە چەند لایەنێکی جەوهەریەوە لە فەسخ جیایە، لەوانە:

١– لە فەسخدا قازی دەسەڵاتی مەزەندەکردنی هەیە لە ڕەتکردنەوەی دەعواکە یان دواخستنی تا کاتێ باری دارایی باش دەبێ، بەڵام لە بەتاڵکردنەوەدا قازی هیچ دەسەڵاتێکی مەزەندەکردنی نیە، بگرە هەرکات ئەو کەسەی بڕیاری قابیلبوون بۆ بەتاڵکردنەوە لە بەرژەوەندیی ئەو دەرچووە داوای کرد، لەسەر قازی پێویستە حوکمی بەتاڵکردنەوە دەربکا.

---

[1] وەك ئەوەی فەرمانگەی کارەبا تەزوی کارەبا لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە بەکاربەر بڕێ، لەبەر جێبەجێنەکردنی پابەندیی خۆی بەرانبەری. حشمت أبو ستیت، سەرچاوەی پێشوو: ل٣٥٤–٣٥٥.

٢- لە قابیل بە بەتالکردنەوەدا بیرۆکەی پاشئاسەوار نیە، ئەگەر زیادەیەکی سەربەخۆ لە بابەت (محل)ی گرێبەندە قابیل بە بەتالکردنەرەکەدا روویدا، بۆ ئەو کەسە دەبێ کە بەر لە بەتالکردنەوەکە خاوەنی بابەتەکە بووە.

٣- قابیلبوون بۆ بەتالکردنەوە وەك سزایەك لەسەر رێسا پەیوەندارەکان بە پێکهاتنی عەقدەکە بڕیار دەدرێ ئەگەر هاتوو رەزامەندی خەوشدار بوو، یان لە حالەتی ناتەواویی ئەهلیەتدا بوو[1]، بەپێچەوانەی هەلوەشاندنەوە، لە فیقهی ئیسلامیدا بەتالکردنەوە بە شێوەیەك لە شێوەکانی فەسخ دادەنرێ، وەك لە باسی سێیەمدا بەدرێژی باس دەکرێ.

**هەلوەشاندنەوە و بەتالی (البطلان):**

فەسخ کردەیەکی ئیرادییە و سیفەتی بکەرەکە (الفاسخ)ە جا چ قەزایی بێ یان بەرێکەوتن یان بە ئیرادەی تاکانەی یەکێك لە دوو عەقدکارەکە، هەرچی بەتاڵییە سیفەتی عەقدەکەیە وەك دروستی و نادروستی و وەستان و لزوم و نالزوم و ئەسەرێکە بۆ نەبوونی روکنێك یان مەرجێکی راست و دروستی ئەگەر بەتاڵییەکە رەها بوو، هەروەها ئەسەرێکی بەتالکردنەوەیە ئەگەر بەتاڵیەکە بەتاڵیەکی رێژەیی بوو وەك هەلوەشاندنەوە و هەلوەشانەوە (الفسخ والانفساخ).

[1] النظرية العامة للالتزام، مصادر الالتزام للاستاذ الدكتور توفيق حسن فرج ١/٢٠١.

# خواستی سێیەم:
# مەرج و هۆکانی هەڵوەشاندنەوە

**مەرجەکانی هەڵوەشاندنەوە:**

بەلای زانایانی یاساوە، ئەوانەی هەڵوەشاندنەوە ئەو عەقدانەی بۆ هەردوولا پابەندکارن قەتیس دەکەن، کە تێیدا یەکێك لە دوو عەقدکارەکە مل بە جێبەجێکردنی پابەندییەکەی نادا، مەرجەکانی هەڵوەشاندنەوە سیانن و بریتین لە[1]:

١- گرێبەندەکە بۆ هەردوولا پابەندکار بێ و ڕێی تێناچێ هەڵوەشاندنەوە لەبەر جێبەجێنەکردن بۆ ئەو گرێبەندەی بۆ یەك لایەن پابەندکارە روو بدا، لەبەرئەوەی ئەو قەرزدەرەی سکاڵا لە پابەندنەبوونی قەرزار بە پابەندیەکەی دەکا، مولزەم نابێ بە هیچ و هیچ بەرژەوەندیەکی نابێ لە خۆ رەهاکردن لە گرێبەندەکە و پەنابردن بۆ فەسخ[2].

٢- یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە پابەندیی خۆی جێبەجێ نەکا، بەوەی پێوەی پابەندی نەبێ جا ئاخۆ پابەندنەبوونەکە بەتەواوی بێ یان بە بەشەکی، یان پابەندی بووبێ بەڵام بە عەیبداری، لەوکاتەدا هەڵوەشاندنەوە مانای سزادانی تێدایە و هەر ئەوە بەس نیە یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە پابەندیی خۆی جێبەجێ نەکردوە، بەڵکو پێویستە ئەوە بۆ هەڵەکردنی بگەڕێتەوە[3].

---

[1] مەدەنیی عێراقی م١٧٧، میسری م١٥٧، سوري م١٥٨، لیبي م١٥٩، لوبنانـي م٢٣٩-٢٤١.

[2] الاستاذ الدكتور مرقس، اصول الالتزامات: ص٣١٠.

[3] الاستاذ الدكتور اسماعيل غانم، سەرچاوەی پێشوو: ص٢٢٦.

٣- ئەوەی دلوا هەڵوەشاندنەوە دەکا پابەندیی خۆی جێبەجێ کردبێ، یان ئامادە بێ بە جێبەجێکردنی.

لەبەرچاوگرتنی ئەو سێ مەرجە بەگشتییە، ئەگینا لە وردەکاریدا مەرجیتر دەخرێنە سەر ئەو سێ مەرجە، گرنگترینیان:

أ- ئەوەی داوای هەڵوەشاندنەوە دەکا لە پابەندبوونیدا کەمتەرخەمی و دواخستنی نەبێ، ئەو کڕیارەی پارەدان دوادەخا مافی ئەوەی نیە لەبەر ئەوەی فرۆشیارەکە فرۆشراوەکە رادەست ناکا داوای هەڵوەشاندنەوە بکا.

ب- ئەوەی داوای هەڵوەشاندنەوە دەکا توانای هەبێ پاش هەڵوەشاندنەوەکە دۆخەکە بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو گرێبەندوان بەر لە گرێبەندەکە تێیدا بوون، بۆیە نابێ داوای هەڵوەشاندنەوە بکرێ پاش ئەوەی کڕیار مامەڵەی بە فرۆشراوەکەوە کردوە بەوەی بە کەسێکیتری فرۆشتوە، لەبەرئەوەی پابەندبوونی فرۆشیار بە گەرەنتیکردنی دووچاری و شایستەبوون (ضمان التعرض و الاستحقاق) بەرانبەر ئەمەی دوایی، رێگەی ئەوەی لێ دەگرێ کە فرۆشراوەکە لە بندەستی دەربێنێ، تا بیگێڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی لێی کڕیوە[1].

ج- ئاگەدارکردنەوە پاشان بەرزکردنەوەی دەعوا[2] و داواکردنی هەڵوەشاندنەوە تێیدا، لەبەرئەوەی قازی بۆی نیە لەخۆیەوە بڕیار بدات، پاش بەرزکردنەوەی

---

[1] الاستاذ الدكتور أنور سلطان، سەرچاوەی پێشوو ١/٤١٢-٤١٥.
الاستاذ الدكتور اسماعيل غانم، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٢٦.

[2] لەم حاڵەتانەدا ئاگەدارکردنەوە پێویست نیە:
١- ئەگەر پابەندبوون مەحاڵ بووبێ. ٢- ئەگەر بەهۆی قەرزارەکەوە کەڵکی بڕابێ بەهۆی تێپەڕینی کاتەکەیەوە.
٣- ئەگەر بابەتەکەی خۆلادان بێ لە کارێك قەرزارەکە کردویەتی. ٤- ئەگەر بە نووسین رایگەیاند نایەوێ پابەندیەکەی جێبەجێ بکا.
٥- ئەگەر بابەتی پابەندیەکە قەرەبووکردنەوەیەك بێ لە کردەوەیەکی ناڕەوا ←

دەعواكەیش بڕیاردانەكە حەتمی نابێ بەڵكو قەرزدەر هێشتا سەرپشك دەبێ لە هەڵبژاردن لەنێوان هەڵوەشاندنەوە و داوای جێبەجێكردندا، بژارە بۆ هەریەك لە قەرزدەر و قەرزار و قازییە[1].

د- هەڵوەشاندنەوەكە بە بڕیارێكی قەزایی یان ڕێكەوتنێكی ڕەزامەندانە بێ[2].

**مەرجەكانی هەڵوەشاندنەوە لە فیقهی ئیسلامیدا:**

لە پیادەكانی هەڵوەشاندنەوەی عەقد لە فیقهی ئیسلامیدا بەو دەرەنجامە دەگەین كە گرنگترین مەرجەكانی پێنجن، كە بریتین لە:

١- ڕوودانی ڕەفتارێكی یاسایی (شەرعی) قابیل بە هەڵوەشاندنەوە.

٢- بوونی پاساوێكی خودی یان لابەلا كە پاساو بێ بۆ ئەو ڕەفتارە.

٣- بوونی داوایەكی پەیوەندار بە هەڵوەشاندنەوە لە قەزاوە ئەگەر ئەو حوكمدانە پێی زەرور بوو.

٤- سەرهەڵنەدانی ڕێگرێك لە هەڵوەشاندنەوە.

٥- بوونی بڕیاری قەزایی یان ڕێكەوتنی ڕەزامەندانە ئەگەر گرێبەندەكە بەركار و پابەندكار بێ بۆ هەردوولا و لایەكیان مل نەدا بە جێبەجێكردنی پابەندیەكەی.

**هۆكانی هەڵوەشاندنەوە:**

لەو یاسا و فیقهە یاساییە عەرەبیانەدا كە كەوتونەتە ژێر كاریگەریی فیقهی غەربی، كایەی پیادەكردن (تطبیق)ی هەڵوەشاندنەوە ئەو عەقدەیە بۆ هەردوولا پابەندكارە ئەگەر هاتوو یەكێكیان ملی نەدەدا بەوەی بەگوێرەی عەقدەكە پێی پابەند بووە،

---

كەوتبێتەوە.

مەدەنیی عێراقی م٢٥٨، میسری م٢٢٠، سوری م٢٢١، لیبي م٢٢٣، لوبناني م٢٥٨.

[1] الاستاذ المرحوم السنهوري، الوسيط ٤٥٧/١.

الاستاذ مرقس، اصول الالتزامات: ص٣١٢.

[2] الدكتور محمود جمال الدين زكي، مصادر الالتزام ١٨٧/١.

لەبەرئەوە هۆی هەڵوەشاندنەوە حەسر دەبێ لە تێکدانی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە بۆ پابەندیەکەی لە عەقدەکانی ئاڵوگۆڕدا، کە بۆ هەردوولا پابەندکارن.

لەو شەرعزانانەی لەگەڵ ئەو حەسرکردنەن، رەحمەتی عەللامە سەنهورییە کە دەڵێ: (هەڵوەشاندنەوە نابێ، تەنها لەو عەقدانەدا نەبێ کە بۆ هەردوولا پابەندکارن.. هەرچی ئەو عەقدانەن کە دەکرێ تەنها یەك لا پابەند بکەن وەك سپاردە و کەفالەت، ناکرێ بیر لە هەڵوەشاندنەوە بکرێتەوە تێیاندا.. هەروەها هەڵوەشاندنەوە نابێ مەگەر یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە مل بە جێبەجێکردنی پابەندیەکەی نەدا)[1].

زۆر لە یاساناسان لە میسر[2] شوێنی سەنهوری کەوتن، لەکاتێکدا یاسا رێگەی بە هەڵوەشاندنەوە (فەسخ) لەبەر هۆیتریش داوە، لەوانە کەمکردنی بەهای فرۆشراو پێش رادەستکردن. ئەوەتا مادەی (٤٣٨)ی مەدەنیی میسری دەڵێ: (ئەگەر بەهای فرۆشراوەکە بەهۆی تووشبوونی تەلەفێکەوە بەر لە رادەستکردنی کەمی کرد، کڕیار بۆی هەیە یان دلوای هەڵوەشاندنەوەی فرۆشتنەکە بکا ئەگەر کەمکردنەکە گەورە بوو بەشێوەیەك ئەگەر بەر لە گرێبەندەکە بوایە فرۆشتنەکە رووی نەدەدا، یان فرۆشتنەکە بهێڵێتەوە بەڵام نرخەکەی کەم بکاتەوە).

هەروەها لەوانە شایستەبوونی فرۆشراو وەك لە مادەی (٤٤٣)ی مەدەنیی میسری برگەی پێنجەمدا هاتوە: (قەرەبووکردنەوەی کڕیار لەو زەرەرەی پێی گەیشتووە، یان ئەوەی لە بەدەستهێنانی شایستەبوونی فرۆشراو لەکیسی چووە، هەموو ئەمانە بەو مەرجەی گەڕانەوەی کڕیار لەسەر داواکردنی هەڵوەشاندنەوە یان بەتاڵکردنەوەی

---

[1] الوسیط ٧٨٨/١ و پاشتر، بند ٤٦٧ و پاشتر.

[2] لەوانە: د. حشمت أبو ستیت، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٤١، بند ٣٧٦.
د. أنور سلطان، سەرچاوەی پێشوو: ص٤١٣، بند ٣٥٦.
د. عبد المنعم فرج الصدة، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٩٨، بند ٣٦٨.
د. عبد الحي حجازي، سەرچاوەی پێشوو ٣٧٥/١.
د. سلیمان مرقس، سەرچاوەی پێشوو: ص٣١٠، بند ٣٠٦.
د.اسماعیل غانم، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٢٦ بند ١٦٤.

فرۆشتنەکە دانەمەزرابێ).

لە یاساکان: مەدەنیی میسری (م١٥٧)، سوری (م١٥٨)، لیبی (م١٥٩)، لوبنانی (م٢٣٩—٢٤١). یاسای مەدەنیی عێراقی (م١٧٧) بڕگەی عەیب و کەمکردنی بەهای فرۆشراوەکەی بەر لە رادەستکردن بەهۆی تووشبوونی تەلەفێکەوە (م٥٤٧) زیاد کردوە، مەغریبیش (فەسڵی ٢٤٦) بڕگەی دواخستنی دانەوەی زیاد کردوە.

نهێنیی ئەم چوارچێوە تەسکەی پیادەکردنەکانی هەڵوەشاندنەوە، بۆ زۆر هۆ دەگەڕێتەوە، لەوانە:

١— کەوتنە ژێر کاریگەریی فیقە و یاسای غەربی.

٢— ئامادەنەبوونی فیقهی ئیسلامی لە سەرچاوەکانی زانایانی یاسادا.

٣— رەچاونەکردنی زمانی دلیل و پشتبەستن بە وەرگێڕانی حەرفی لە لێکدانەوەی زاراوە یاساییەکاندا.

٤— لاساییکردنەوەیان بۆ یەکتر.

٥— کردنی بەتاڵکردنەوە بە هاوبەشکە (قسیم)ی هەڵوەشاندنەوە لەکاتێکدا بەشێکە لێی، هاوبەشکەی هەر شتێکیش لەو شتە جیاوازە، لەکاتێکدا بەشی شت لە شتەکە تایبەتترە.

یاسادانەری تونسی لە فەسڵەکانی (٤—٦١) بۆ بەتاڵکردنەوە (الابطال)، هەڵوەشاندنەوە (الفسخ)ی بەکارهێناوە، کارێکی چاکی کردوە.

یاسای مەدەنیی فەرەنسی کە زۆربەی یاسا عەرەبیەکان لەژێر کاریگەریدان، ئەو ئاراستە بەرتەسکەی وەرنەگرتوە و لەبەر هۆیتر رێگەی بە هەڵوەشاندنەوە داوە، لەوانە ئەوەی لە مادەی (١٦٥٥)دا هاتوە دەستبەجێ بڕیار بە هەڵوەشاندنەوەی فرۆشتنەکە دەدرێ ئەگەر فرۆشیارەکە لە فەوتانی کاڵاکە و پارەکە دەترسا.

لەوانە دانانی لەکارخستن (الاقالة) و پاشگەزبوونەوە لە فرۆشتنی دانەوە بە فەسخ (مادەکانی ١٦٥٩—١٦٧٣)، هەروەها لەوانە هەڵوەشاندنەوەی فرۆشتن بەهۆی مافخورانی کڕیار یان فرۆشیار (مادەکانی ١٦٧٤—١٦٨٢).

**هۆکانی هەڵوەشاندنەوە لە فیقهی ئیسلامیدا:**

شەرعزانانی ئیسلامی مانای زمانەوانیی عەرەبیی وشەی (فسخ)یان لەبەرچاو گرتوە، کە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە (النقض) و نەهێشتن (الرفع) لە مانا زاراوەییەکەیدا و پێناسەیان کرد بەوەی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی گرێبەندکارانەیە بۆ ئەو هۆ خودی و لابەلاییانەی پاساوی دەدەن و دانانی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەند بە یەکێك لە پیادەکردنەکانی هەڵوەشاندنەوە.

لێرەوەیە فیقهی ئیسلامی کایەیەکی فراوان و هۆی زۆری هەیە بۆ هەڵوەشاندنەوە، لەوانە:

١- تێکدانی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە لەو گرێبەندانەی بۆ هەردوولا پابەندکارن بۆ پابەندیی خۆی، وەك لە یاسادا.

٢- گرێبەندەکە بەرکاری نالازم بێ، جا چ بە سروشتی خۆی بێ بۆ هەردوو گرێبەندوانەکە وەك (وەکالە) و (ئیعارە) و سپاردە و (موزارەبە)[1]... بۆ یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە، وەك گرێبەندی رەهن و گرێبەندی کەفالەت، چونکە رەهن بۆ قەرزاری رەهنکار لازم و بۆ قەرزدەری رەهنگر نالازمە، کەفالەتیش بۆ کەفیلەکە لازم و بۆ کەفیلکراوەکە نا.

---

[1] لەم گرێبەندانەدا هەردوو گرێبەندوان کەی ویستیان مافی هەڵوەشاندنەوەیان هەیە بەو مەرجەی هەڵوەشاندنەوەکە زیانێکی بە یەکێکیان یان کەسیتر لێ نەکەوێتەوە ئەویش بەگوێرەی سروشتەکەی، چونکە بریکار (وەکیل) خۆبەخشە و دەتوانێ واز لە بریکاریەکە بێنێ لەبەرئەوەی پابەند نیە بە مانەوە مادام کارەکەی بەرانبەری نیە، هەروەها بریکاردار (الموکل) خاوەن بەرژەوەندیە و بۆی هەیە بە ئیرادەی تاکانەی خۆی هەرکات ویستی لەرێی هەڵوەشاندنەوەی وەکالەتەکەوە بریکارەکە لابدا، بەو مەرجەی مافی کەسیتر بەو بریکاریەوە نەبێ. باقیی عەقدەکانیتریش بەهەمان شێوە.

ئەمەیە زانایانی یاسا[1] ناوی دەنێن ئیلغا یان کۆتاهێنان بە ئیرادەی تاکانە، دەڵێن ئەمە کاتێ روودەدا گرێبەندەکە یاخود یاسا دەرفەت دەداتە یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە تا بەتەنها سنوورێك بۆ گرێبەندەکە دابنێ و گرێبەندەکە بۆ ئایندە نامێنێ، بەبێ ئەوەی ئەوە هیچ ئەسەرێکی بۆ رابردوو هەبێ. ئەمەیش واباوە لە گرێبەندە ماوە نادیارەکاندایە وەك عەقدی بەکرێدان بەبێ دیاریکردنی ماوەکەی، یان لەبەرئەوەی بەسروشتی خۆی لەوانەیە دەکرێ سنوورێکی بۆ دابنرێ لەبەرئەوەی لەسەر ئیعتیبارێکی شەخسی دامەزراوە وەك بریکاری، یان لەبەر ئیعتیبارێك کە یاسادانەر دەیبینێ وەك قەرز و بیمەکردن، یان نالازمە لەبەر هۆگەلێکی سەرهەڵدلو وەك ئەوەی ئیرادەی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە عەیبێك لە عەیبەکانی رەزامەندی[2] تێ کەوتبێ، ئەمەیە زانایانی یاسا پێی دەڵێن بەتالکردنەوە، وەك لە باسی سێیەمدا دێینە سەری.

٣- بژارەکان[3] کە زۆرن لەوانە:

أ- بژارەی مەرج وەك مەرجی بژارەیەکی کاتی بۆ یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە یان هەردووکیان یان کەسێکی سێیەم، لەبەر ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) بە (حبان بن منقذ): (اذا بايعت فقل لا خلابة[4] ثم أنت بالخيار في كل سلعة

---

[1] الاستاذ الدكتور حشمت أبو ستيت، سەرچاوەی پێشوو: ل٣٥٦، بەندی ٣٩٦، پرۆژەی مەدەنیی عێراقی لە مادەی (١/٤٠١)دا کۆتاهێنانی عەقدی ناوناوە هەڵوەشاندنەوە. چاکیشی کردوە.

[2] وەك فریودان لەگەڵ مافخورانی سەخت، هەڵە، زۆرلێکردن و قۆستنەوە. شایانی باسە یاسادانەری عێراقی، جیاواز لە هەردوو فیقهی ئیسلامی و غەربی، ئەم عەیبانەی لە هۆکانی وەستانی عەقد داناوە لە مادەکانی (١١٢-١٣٤).

[3] البدائع للكاساني ٣٠٨٤/٧، موڵك لە فرۆشراودا ماوەیەکە و بژارە بۆ ئەو کەسەیە بەتەنها هی ئەوە لە فرۆشیار یان کڕیار، ئەگەر هی هەردووکیان بێ، وەستێنراوە. حاشية الباجوري ٣٤٨/١.

[4] واتە فێڵ مەکە.

ابتعتها ثلاث ليال)[1]. (واتە: ئەگەر کڕین و فرۆشتنت کرد بڵێ: بەبێ کەمی، پاشان تۆ بۆ ماوەی سێ شەو سەرپشکیت لە هەر کاڵایەك کڕیوتە).

ب- بژارەی خەوشی شاراوە.

خەوش (عەیب) هەر شتێکە ماڵەکە یان بەهاکە کەم بکاتەوە کەمکردنێك ئامانجێکی دروستی پێ بفەوتێ ئەگەر نەبوونی[2] لە فرۆشراوەکەدا زاڵ بوو. شاراوە (الخفي) ئەوەیە تەنها بەو کەسە ئاشکرا دەکرێ کە شارەزایی لە بابەتەکەدا هەیە. لە فرۆشراوی عەیبداردا کڕیار سەرپشکە لەنێوان قبوڵکردنی بە نرخەکەی خۆی، یان هەڵوەشاندنەوە و رەتکردنەوەی فرۆشتنەکە و گێڕانەوەی نرخەکە[3].

ج- بژارەی مەجلیس لای ئەوەی دەیڵێ[4]، ئەویش لەبەر ئەو حەدیسەی پێغەمبەر کە فەرمویەتی: (اذا تبايع الرجلان فكل واحد منهما بالخيار ما لم

---

[1] صحيح مسلم ٣/١١٦٥، ژمارەی حەدیس (١٥٣٣).

[2] متن الغاية والتقريب لأبي شجاع أحمد بن الحسين، بهامش حاشية الباجوري للشيخ ابراهيم الباجوري في الفقه الشافعي ١/٣٤٨.

[3] واتە ئەگەر مەرجەکانی هاتنەدی و رێگرەکانی نەبوون. لە مەرجەکانی: ئەوەیە عەیبەکە پێش یان پاش وەرگرتن بێ لەبەر هۆیەکی پێشوو، هەروەها کڕیار بەر لە وەرگرتن پێی نەزانێ و پاش ئەوەیش پێی رازی نەبێ. هەروەها مەرجی لێ بەریبوونی لە فرۆشیارەوە نەبێ و بەر لە هەڵوەشاندنەوە لەناو نەچێ. نەبوونی هەر مەرجێك لەم مەرجانە رێگرە لە بۆگێڕانەوە و ئەرش، ئەرشیش بریتییە لە جیاوازی لەنێوان نرخی فرۆشراوەکە بە ساغی و نرخەکەی بەعەیبداری. لە رێگرەکانی بۆ گێڕانەوە نەك ئەرش: روودانی عەیبێکی نوێ لای کڕیار و لەناوچوونی فرۆشیار بەهەستی یان بەحوکم.

بڕوانە: المنتزع المختار في فقه الزيدية للإمام أبي الحسن عبد الله بن مفتاح ٢/١٠٣. الأنوار لأعمال الأبرار ليوسف الاردبيلي ١/٣٤٨. شرح التحرير في الفقه الشافعي للعلامة زكريا الأنصاري بهامش الشرقاوي ٢/٤١ و پاشتر.

[4] وەك: الشافعية، تحفة المحتاج بشرح المنهاج لابن حجر (شهاب الدين أحمد) الهيتمي ٤/٣٣٢ و پاشتر. المهذب، لأبي اسحق الشيرازي (ابراهيم بن علي)، ١/٢٥٧. والامامية الروضة البهية، ١/٣٢٢.

یتفرقا وكانا جميعا أو يخير أحدهما الآخر فتبايعا على ذلك فقد وجب البيع))[1].

(واتە: ئەگەر دوو کەس کڕین و فرۆتنیان کرد، تا لێك جیا نەبنەوە هەردووك سەرپشکن (بۆ پەشیمانبوونەوە)، یان یەکێکیان ئەویان سەرپشك بکا و لەسەرئەوە سەودا بکەن، بەوە فرۆشتنەکە واجب دەبێ).

ئەبوحەنیفە لەبەر چەند هۆیەك کاری بەم حەدیسە نەکردوە لەوانە راویەکەی سەرپێچی کردوە، هەروەها لەبەرئەوەی لەو هەواڵە تاکینە (ئاحاد)انەیە بەڵایان پێ بڵاو دەبێتەوە، لەو رووەوە پێچەوانەی قیاسی روون و ئاشکرایە.

هەروەها ئیمام مالیکیش وای نەکرد لەبەرئەوەی لەگەڵ ئیجماعی خەڵکی مەدینەدا[2] تێك دەگیرێ. هەندێ یاسا کاریان بە بژارەی مەجلیس (واتە کۆڕی سەوداکردنەکە) کرد لەوانە یاسای مەدەنیی یەمەنی[3]، هەندێ یاسایش کاریان بە بژارەی مەجلیس نەکرد لەوانە مەدەنیی عێراقی.

د- بژارەکانیتر[4] کە بواری باسکردنیان نیە و لە سەرجەم سەرچاوە فیقهییە

---

[1] العدة، للعلامة محمد بن اسماعيل الصنعاني على إحكام الأحكام شرح عمدة الأحكام للعلامة ابن دقيق العيد ٤/٤ و پاشتر. حەدیسەکە عبد الله بن عمر ریوایەتی کردوە. صحيح مسلم ١١٦٣/٣، ژمارەی حەدیس (١٥٣٢).

[2] العدة، سەرچاوەی پێشوو ٤/٦ و پاشتر.

[3] مادەی (٢٣١) کە دەڵێ: (بژارەی مەجلیس لە هەر عەقدێکی ئاڵوگۆڕی رووتدا لەسەر ماڵێکی لازم بۆ هەردوو گرێبەندوان جێگیر دەبێ، کە نە بەمولککردنی زۆرەملێی تیدایە و نە رێچکەی روخسەتەکان دەگرێتەبەر، ئەویش تا هەردوو گرێبەندوان رێکنەکەون لەسەر ئەوەی سەرپشك نین).

[4] لەوانە: بژارەی بینین، بژارەی نەخت، بژارەی نەبوونی وەسفێکی پەسەندکراو و بژارەی عەیبەکانی ئیرادە (زۆرلێکردن و فریودان لەگەڵ مافخواردن (الغبن) و هەڵە و قۆستنەوە) و هیتر. المجلة، المواد (١١٦-٣٥٥).

ئیسلامیەکاندا بەڕوونی و درێژی باس کراون[1].

٤- فاسیدبوونی گرێبەند ئەگەر شتێك روویندا رێگە لە هەڵوەشاندنەوە بگرێ[2].

٥- ناپاکیکردن لە ئەمانەت لە فرۆشتنە دڵنیاکاندا (بیاعات الامانة)[3] کە بریتین لە: قازانجکاری (المرابحة) (فرۆشتن بە نرخی کڕین لەگەڵ رێژەیەك قازانج) + زیانکاری (الوضیعة او المواضعة) (فرۆشتن بە نرخی کڕین لەگەڵ رێژەیەك لە زیان) + مایەکاری (التولیة) (فرۆشتن بە نرخی کڕین) + بەشدارکردن (الاشراك) (کردنی کەسێکیتر بە شەریك لە بەشێك لە فرۆشراوەکەدا بەرانبەر بە نرخی کڕینی).

٦- هەڵشکان (مایەپووچبوون)ی کڕیار یان هەژارکەوتنی بەر لە وەرگرتنی فرۆشراوەکە و دانی پارەکەی[4].

---

[1] لەوانە: تبیین الحقائق للزیلعي ١٤/٤ و پاشتر. المهذب لأبي اسحق الشیرازي ٢٨٣/١ و پاشتر. الروضة البهیة شرح اللمعة الدمشقیة للعاملي ٣٢٢/١ و پاشتر. الدسوقي والشرح الكبیر ٩١/٣ و پاشتر.

[2] لە فرۆشتنی فاسیددا ئەگەر کڕیار فرۆشراوەکەی فرۆشت یان بەخشی یان کردیە خێر، مافی هەڵوەشاندنەوە بەتاڵ دەبێتەوە و بەهای ماڵەکە لەسەر کڕیار ئەگەر بەهایی بوو یان هاوچەشنەکەی ئەگەر هاوچەشن بوو، لەبەرئەوەی ئەوە رەفتارکردنە بە شوێنێکەوە کە موڵکی خۆیەتی، بۆیە رەفتارەکەی جێبەجێ کراوە. البدائع ٣٣٨٣/٧.

زەیلەعی لە: تبیین الحقائق (٤م٦٤) دا دەڵێ: (هەریەکەیان هەڵوەشاندنەوەی خۆی هەیە: یانی هەریەکەیان هەڵوەشاندنەوەی خۆی لەسەرە، لەبەرئەوەی نەهێشتنی فەساد واجبە لەسەریان و لامەکەیش بەمانای (لەسەر) دێ).

[3] وەك ناپاکی لە سیفەتی نرخەکەدا بەوەی شتێك بە نەسیئە (واتە پاشتر نرخەکەی بدا) بکڕێ بەڵام بە قازانجکاری بەسەر نرخەکەی یەکەمدا بیفرۆشێ و روونی نەکاتەوە کە بە نەسیئە کڕیویەتی، هەروەها وەك ناپاکیکردن لە بڕی نرخەکە، بە ئیجماع مافی هەڵبژاردنی هەیە، ویستی دەبیات و ویستی رەتی دەکاتەوە.. البدائع ٣٢٠٦/٧. هەروەها لەبارەی فرۆشراو، یاسای مەدەنیی جەزائیری مادەی (٣٦٦).

[4] ئیبن تەیمیە لە کتێبی (العقد لا١٥٣) دەڵێ: هاوەڵانمان گوتویانە مافی هەڵوەشاندنەوەی هەیە ئەگەر دەرکەوت کڕیار دەستکورت یان ماڵەکەی بەردەست نیە. جیاوازی لەبارەی ئەم هۆیە هەیە و درێژەکەی لای فیقوانانی شەریعەتە و لەبەر درێژنەبوونەوە باسم نەکرد.

٧– بارودۆخی لەناكاو[1]، لەبەر ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر(ﷺ): (لو بعت من أخيك ثمرا فأصابته جائحة فلا يحل لك أن تأخذ منه شيئا بم تأخذ مال أخيك بغير حق)[2].

٨– هەر شتێك وا بكا گرێبەندێك لە یاسادا قابیل بە بەتاڵكردنەوە بێ، لە فیقهی ئیسلامیشدا وای لێدەكا قابیل بە هەڵوەشاندنەوە بێ، ئەمە جگە لە هۆ باسكراوەكان، وەك لە باسی سێیەمدا دێ.

ڕێسای گشتی لە فیقهی ئیسلامیدا ئەوەیە هەر عوزرێك لەگەڵیدا نەتوانرێ ئەوەی عەقدی لەسەركراوە وەربگیرێ مەگەر بە گەیشتنی زیانێك بە خۆی یانماڵی، مافی هەڵوەشاندنەوەی بۆ دەچەسپێ.

نزیكترین یاسی عەرەبی لە فیقهی ئیسلامی لە بابەتی هۆكانی هەڵوەشاندنەوەدا، مەدەنیی یەمەنییە[3] مادەكانی (٢٢٢–٢٦٠)، پاش ئەو مەدەنیی ئوردنی[4] دێ مادەكانی (١٧٠–١٩٨)، پاشان مەدەنیی عێراقی[5] مادەكانی (١٧٧–٥٥٨–٥٧٠).

---

(١) ئەگەر پاش ئیمزاكردنی ڕێكەوتنەكە و بەر لە تەواوبوونی جێبەجێكردنی ڕووداوێكی چاوەڕواننەكراو ڕوویدا و بووە هۆی بەخراپی تێكدانی هاوسەنگی لە پابەندیی هەردوولادا، بەشێوەیەك پابەندیی یەكێكیان هێندە قورس بوو هەڕەشەی زیانێكی گەورەی لێ دەكرد، لە دیدی یاسادا قازی دێتە ناو بۆ دەستكاریكردنی پابەندییەكانی هەردوولا بەشێوەیەك پابەندییە قورسەكە بگێڕێتەوە بۆ ڕادەیەكی ماقوڵ. بەڵام فیقهی ئیسلامی لە دوو شتدا لە یاسا جیاوازە، یەكەمیان ئەوەیە مەرج نیە ڕووداوەكە گشتی بێ، دووەم ئەوەی زیانی پێدەگا مافی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوە بكا. بەلای هەندێ فیقوانەوە وەك حەنەفیەكان لە المبسوط للسرخسي ٢/١٦ دەڵێن: (بەلای ئێمەوە لەوانەیە بەكرێدان لەبەر عوزرێك هەڵبوەشێنرێتەوە).

(٢) صحيح مسلم ١١٩٠/٣، ژمارەی حەدیس (١٥٥٤).

(٣) ژمارە (١٩)ی ساڵی ١٩٩٢.

(٤) ژمارە (٤٢)ی ساڵی ١٩٧٦.

(٥) ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١.

# خواستی چوارەم:
# جۆرەکانی هەڵوەشاندنەوە و ئاسەوارەکانی

## جۆرەکانی هەڵوەشاندنەوە[1]:

هەڵوەشـاندنەوە (فەسـخ) لـەڕووی چـۆنێتیەوە بـۆ سـێ جـۆر دابـەش دەبـێ: هەڵوەشاندنەوەی قەزایی، هەڵوەشاندنەوە بە ڕێکەوتن و هەڵوەشاندنەوە بە ئیرادەی تاکانە لەو حاڵەتانەی یاسا باسی کردون. ئەسڵ ئەوەیە هەڵوەشاندنەوە قەزایی بێ، لەبەرئەوەی سزایە، بەڵام لەوانەیە بە ڕێکەوتنی ڕەزامەندانـە، هـەروەها بـە ئـیرادەی تاکانەیش بکرێ لەو حاڵەتانەی یاسا بواریان پێدەدا.

### یەکەم - هەڵوەشاندنەوەی قەزایی:

دادگە بۆی هەیـە بڕیـاری فەسـخکردنەوە بـدا پـاش بەرزکردنـەوەی داوا لەلایـەن کەسی پەیوەندارەوە، کە ئەگەر پێویست بوو پێش ئـەوە لایـەنی بەرانبـەر ئەگـەدار کرابێتـەوە. دادگـە دەسـەڵاتی مەزەنـدەکردنی هەیـە لـەم حوکمـەدا کـە حـوکمی هەڵوەشانەوە بدات ئەگەر قەناعەتی هات پاساوی هەیە. لەوانەیشـە ڕازی نـەبێ ئـەو حوکمە بدا ئەگەر بینی ئەوەی جێبەجێ نەکراوە زۆر لەوەی جێبەجێ کراوە کەمترە، هەروەك دەشێ وەك ئاسانکاری دەرفەتێك بداتە قەرزار (وادەیەك بۆ جێبـەجێکردنی پابەندیەکەی کاتێ توانـای دارایـی بـاش دەبـێ) ئەگـەر دڵنـی ئـەم وادەیـە پاسـاوی هەبوو[2]، جگە لەوە قەرزار بۆی هەیە ئامادەیی پیشان بدا بۆ جێبـەجێکردن بـەر لـە

---

[1] الاستاذ السنهوري، الوسيط ١/٧٩٤ و پاشتر.

[2] پێویستە لەسەری لە ماوەی دیاریکراویـدا جێبـەجێی بکـا ئەگـەر تـوانی. بـەڵام ئەگـەر پاساوەکە هێشتا مابوو ئایا دەرفەتێکیتری دەدرێتێ؟ یاسـا باسـی ئەمـەی نـەکردوە بەڵام هەندێ لە فیقوانانی یاسا وای دەبیـنن ئەگـەر لـەو ماوەیـەدا جێبـەجێی نـەکرد ←

حوكمدانەكە، هەروەك قەرزدەر بۆی هەیە پاشگەز بێتەوە و دلوای جێبەجێكردن بكا پێش لە حوكمدانەكە[1].

**دووەم - هەڵوەشاندنەوە بە ڕێكەوتن (الفسخ الاتفاقي):**

پەنابردن بۆ دادگە لە سیستمی گشتی نیە، بۆیە هەردوو گرێبەندوان بۆیان هەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوە ڕێك بكەون.

هەڵوەشاندنەوە بە ڕێكەوتنیش ئەم ئاستانەی هەیە:

١- ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی عەقدەكە هەڵوەشاوە بێ ئەگەر یەكێكیان پابەندیی خۆی جێبەجێ نەكرد، ئەم ڕێكەوتنە ڕێگر نیە لە ئاگەداركردنەوە (الاعذار) و پەنابردن بۆ دادگە و دەسەلاتی مەزەندەكردن لە قازی ناسەنێتەوە.

٢- ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی عەقدەكە خۆبەخۆ هەڵوەشاوە بێ ئەگەر یەكێكیان پابەندیەكەی جێبەجێ نەكرد، بەلام ئەمە ڕێگر نیە لە ئاگەداركردنەوە ، بەلام دەسەلاتی مەزەندەكردن لە قازی دەسەنێتەوە و تەنها دەتوانێ حوكمی پێبدا و ئەو حوكمە پەیداكەر (منشيء) دەبێ[2].

---

عەقدەكە خۆبەخۆ هەڵدەوەشێتەوە. ئاراستەی زاڵ ئەوەیە بۆ دەرفەتدان ئاسانكارانە بە قەرزار (واتە: الميسرة) مەرجە:

١- قەرزارەكە دەستكورت و نیەتپاك بێ.

٢- پێشتر مۆڵەتیتری پێ نەدرابێ.

٣- زیانێكی گەورە لەو مۆڵەتدانە بە قەرزدەر نەكەوێ. الاستاذ الدكتور حسن الذنون، سەرچاوەی پێشوو: ص٢٣٠.

الاستاذ عبد المجيد الحكيم، مصادر الالتزام ٤٢٩/١. الاستاذ حشمت أبو ستيت، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٤٥-٣٤٦.

[1] الاستاذ مرقس، اصول الالتزامات: ص٣١٥. الاستاذ الدكتور أنور سلطان، مصادر الالتزام ٤١٧/١ و پاشتر.

[2] مەدەنیی عێراقی (م٥٨٢).

٣- رێكەوتن لەسەر ئەوەی بەبێ بڕیاری دادگە هەڵوەشاوە بێ، جا ئەگەر ئەویش حوكمی پێدا حوكمەكەی بڕیاردەر دەبێ نەك پەیداكەر، بەڵام رێگر نیە لە ئاگەداركردنەوە.

٤- رێكەوتن لەسەر ئەوەی بەبێ ئاگەداركردنەوە و دادگە هەڵوەشاوە بێ[1].

**سێیەم - هەڵوەشاندنەوە بەحوكمی یاسا و بەئیرادەی تاكانەی قەرزدەر بەگوێرەی دەقی یاسا[2]:**

ئەم جۆرەیان جۆرە هەڵاوێرانێكە لە دوو جۆرەكەی پێشوو، چونكە یاسا وا دەڵێ، وەك لە مادەی (٤٦١) لە یاسای مەدەنیی میسری كە دەڵێ: (لە فرۆشتنی كاڵاكان (العروض) و گوێزراوەكانیتردا ئەگەر رێكەوتن لەسەر وادەیەك بۆ دانی پارەكە و وەرگرتنی فرۆشراوەكە كرا، فرۆشتنەكە بەبێ ئاگەداركردنەوە هەڵوەشاوە دەبێ ئەگەر پارەكە لە كاتی خۆیدا نەدرا و فرۆشیار ئەوەی هەڵبژارد، ئەمە ئەگەر رێكەوتن لەسەر شتێكیتر نەبوو).

یاسای سوری (م٤٢٩) و لیبی (م٤٥٠)یش وەك ئەم یاسایەن.

ئەم هەڵاوێرانە بەوە لێكدراوەتەوە كە كاڵاكانی بازرگانی و گوێزراوەكان بەگشتی زۆرجار نرخەكانیان سەروبن دەبێ، هەروەها زۆریان بەتێپەڕینی كات تەلەف دەبن، لەبەرئەوە یاسادانەر فرۆشراوەكەی سەرپشك كردوە لە مافی رەفتاركردن بە فرۆشراوەكە لەسەر بناغەی هەڵوەشاندنەوە و گەڕانەوەی خاوەندارێتیەكەی بۆی هەر

---

[1] لەو چوار حاڵەتەدا قەرزدەر مافی داواكردنی جێبەجێكردنی هەیە لەبری هەڵوەشاندنەوە.
الاستاذ عبد المجيد الحكيم ٤٣٢/١.
الاستاذ اسماعيل غانم، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٢٩ و پاشتر.
الاستاذ أنور سلطان، سەرچاوەی پێشوو ٤٢٠/١ و پاشتر.
د.محمود جمال الدين زكي، سەرچاوەی پێشوو ١٩٣/١.

[2] وەك مەدەنیی میسری (م٤٦١).

بەوەندەی کڕیار لـە دانـی پارەکـە دواکـەوت، بـەبێ ئـەوەی هـیچ بەرپرسـیارێتیەك بگرێتە ئەستۆ[1].

جگە لەوە، هەندێ هەڵوێرانیتر هەن هەندێکیان یاسای کاری عێراقی[2] پەسەندی کردوون، لە دروستیی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندی کار لەلایەن خاوەن کـارەوە بـەبێ پەنابردن بۆ دادگە لە تۆ حاڵەتدا، هەروەها یاسای کاری میسریش دەڵێ:

---

(1) الاستاذ الدكتور اسماعيل غانم، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٢٩-٣٣١.

(2) یاسای کاری عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧:

پێنجەم- دەرکردن لە کار: مادە (١٢٧): سەپاندنی سزای دەرکـردن ڕێپێـدراو نیـە لـەم حاڵەتانەدا نەبێ:

یەکەم- ئەگەر کرێکارەکە هەڵەیەکی گەورەی کرد و زیانێکی ماددی لێکەوتەوە، بـەو مەرجـەی خاوەن کار لە ماوەی ٢٤ سـەعات لـە ڕوودانـی ڕووداوەکـە نووسـینگەی کـار لـە پارێزگاکـە ئاگەدار بکا.

دووەم- ئەگەر کرێکار نهێنیەکی کاری ئاشکرا کرد بووە مایەی زیانگەیاندن بە خاوەن کار.

سێیەم- ئەگەر کرێکار زیاد لە جارێك سەرپێچیی ڕێنماییـەکانی تایبـەت بـە سـەلامەتیی کـاری کـرد، بـەو مەرجـەی ئـەو ڕێنماییانـە نووسـراو و ڕاگەیـەنراو بـن لـە شـوێنێکی دیـاردا، یـان بەزارەکی پێی ڕاگەیەنرابێ ئەگەر نەخوێندەوار بوو.

چوارەم- ئەگەر کرێکار زیاد لە جارێك بینرا لە وەختی کاردا لە حاڵەتی سەرخۆشیەکی ئاشـکرا یان لەژێر کاریگەریی هۆشبەرێکدا بوو.

پێنجـەم- ئەگـەر کرێکـار زیـاد لـە جارێـك ڕەفتـارێکی نوانـد کـە لەگـەڵ شـەرەفی کارکردنـدا نەدەگونجا.

شەشەم- ئەگەر کرێکار دەستدرێژی کردە سەر خاوەن کار یـان نوێنەرەکـەی، یـان یـەکێك لـە گەورەکانی لە کاردا لەکاتی کارکردن یان لە دەرەوەیدا، بەو مەرجەی خاوەن کار لە ماوەی ٢٤ سەعات لە ڕوودانی ڕووداوەکە نووسینگەی کار لە پارێزگاکە ئاگەدار بکا.

حەوتەم- ئەگەر کرێکار لەکاتی کاردا تاوان یان کەتنێکی دەرهەق بە یەکێك لە هاوکارانی کرد و بەوهۆیەوە دادگە بەپێی بڕیارێکی قەزایی یەکلاکراوە حوکمیدا.

هەشتەم- ئەگەر کرێکار حوکمی بەندکردن بۆ ماوەی زیاد لە ساڵێکی بەسەردا درا و حوکمەکـە پلەی یەکلاکەرەوەی وەرگرتبوو.

نۆیەم- ئەگەر کرێکار بەبێ عوزرێکی مەشروع لە مـاوەی سـاڵی کـاردا دە ڕۆژی بـەردەوام یـان ←

١- لە گرێبەندی کاردا خاوەن کار بۆی هەیە گرێبەندەکە هەڵبوەشێنێتەوە و کرێکارەکە دەربکا بەهۆی ئەنجامدانی هەڵەیەکەوە، بەبێ ئەوەی پێویست بە بڕیاری دادگە بکا[1].

٢- کرێکار بۆی هەیە گرێبەندەکە هەڵبوەشێنێتەوە و کارەکە بەجێ بێڵێ، بەهۆی هەڵەیەکەوە خاوەن کار ئەنجامی داوە[2].

٣- لە حاڵەتی پەلەییدا، ئەگەر هێشتنەوەی گرێبەندەکە تا کاتی دەرچوونی بڕیاری دادگە بە هەڵوەشاندنەوەی، مەترسی هەبوو زیانێك بە قەرزدەر بگا.

**ئاسەوارەکانی هەڵوەشاندنەوە**

ئەگەر گرێبەندەکە هەڵوەشێنرایەوە هەردوو گرێبەندوان دەگەڕێنەوە ئەو دۆخەی پێش عەقدەکە تێیدا بوون، ئەگەر ئەوەیش مەحاڵ بوو دەکرێ بەگوێرەی دەقە یاساییەکان بڕیاری قەرەبووکردنەوە بدرێ، لەوانە مادەی (١٨٠) مەدەنیی عێراقی، (١٦٠)ی میسری، (١٦٠)ی سوری، (١٦٢)ی لیبی، (٢٤٢)ی لوبنانی، (٦٣)ی قەتەری، (٢٢٢)ی یەمەنی، فەسڵی (٣٣٦)ی تونسی[3]، مادەی (٤٠١)ی پرۆژەی مەدەنیی عێراقی ١٩٨٥ کە تائێستا روناکی نەدیوە.

---

بیست رۆژی پچڕ پچڕ لەکار غایب بوون بەو مەرجەی خاوەن کار بە ئاگەدارینامەیەك ئاگەداری بکاتەوە و لە تابلۆی ئاگەدارییەکان لە بارەگای کاردا هەڵبواسرێ لە ماوەی پێنج رۆژی یەکەمی غاییبوون لە حاڵەتی یەکەمدا و رەوانەکردنی وێنەیەکی بۆ لایەنی سەندیکایی پەیوەندار لە رۆژی دەرچوونیدا، ئەگەر غاییبوونە پچڕپچڕەکانی لە ماوەی ساڵێکدا گەیشتە پازدە رۆژ، بە نووسین لە شوێنی کار هۆشداری (انذار)ی دەدرێتێ.

[1] مادەی (٧٦) لەیاسای کاری میسری.

[2] مادەی (٧٧) لە یاسای ناوبراو.

[3] ئەم فەسڵە باس لەوە دەکا بنچینەی وەرگرتن بریتییە لە عەقد: (بنچینەی پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە نەمانی عەقدە)، دەڵێ: (ئەگەر پابەندی هەڵوەشایەوە هەردوولا دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی لەسەری بوون لەکاتی گرێبەندکردندا و ئەوکاتە لەسەر هەردووکیان پێویستە چی بەپێی یان لەئەنجامی ئەو گرێبەندەوە لە ←

پاشئاسەوار (الاثر الرجعي) بۆ رابردوو تەنها لەو عەقدانەدایە جێبەجێکردنیان دەستبەجێ، واتە فەورییە و نەمانیان پشت بە کاتی گرێدانیان دەبەستێ و وا دادەنرێ وەك ئەوەی گرێبەندەکە گرێ نەدرابێ، هەردوو گرێبەندوان پابەند دەبن بەوەی چییان لەویتر وەرگرتوە بۆی بگێڕنەوە. بۆ نموونە لە عەقدی فرۆشتندا فرۆشیار فرۆشراوەکە و زیادەکانی پاش بۆگوێزرانەوەی خاوەندارێتیەکەی دەگێڕێتەوە، کڕیاریش پارەکە و ئەو سوودانەی بەدەستی هێناون دەگێڕێتەوە.

بەلام ئەم رێسایە: (گەڕانەوەی هەردوو گرێبەندوان بۆ ئەوەی تێیدا بوون) بەگوێرەی سروشتی عەقدەکان، جیاوازیی نیەتپاك و نیەتخراپ، جیاوازیی هۆکانی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەند، هەروەها بەنیسبەت هەردوو عەقدکارەکە و کەسیترەوە، دەگۆڕێ. هەروەها کارتێکرانی بۆگێڕانەوە و گێڕانەوە (الرد و الاسترداد) لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بە نیەتخراپی و نیەتپاکی، بەگوێرەی حاڵەتەکانی نەبوونی هۆ لەبنەڕەتەوە یان نەمانی هۆ پاش بوونی، یاخود ناڕەوابوونی، ناگۆڕێ، لەبەرئەوە تەنها بەو ئەندازە لە پیادەکردنەکان واز دێنین کە لە باسی دووەم لە بەشی دووەمدا باسمان کرد.

**پاشئاسەوار بۆ هەردوو گرێبەندوانەکە:**

ئەگەر ئەوەی داوای هەڵوەشاندنەوە دەکا پابەندیی خۆی جێبەجێ کردبوو، ئەوەی دابووی دەیگێڕێتەوە ئەگەر کرا، بۆ نموونە کڕیار فرۆشراو و بەروبومەکانی و فرۆشیاریش پارەکە و سوودەکانی دەگێڕنەوە، ئەویش لەسەر بناغەی نەمانی هۆ یان بەرپرسیارێتیی عەقدی، لەبەرئەوەی وەرگرتنەکە بەگوێرەی عەقدەکە بووە، هەربۆیە

---

هاوەڵەکەی وەرگرتوە بۆی بگێڕێتەوە. هەرچی ئەو مافانەن ئەویتر لەڕووی یاساییەوە بەبێ تەدلیس بەدەستی هێناوە، ئەوا بەپێی حوکمە تایبەتەکانی پەیوەندار بە گرێبەندە تایبەتەکان مامەڵەی لەتەکدا دەکرێ).

گێڕانەوەیش لەسەر بناغەی نەمانی ئەو بنچینەیە دەبێ، ئەویش بەگوێرەی ڕێسای: (الحکم یدور مع سببە وجودا أو عدما)[1].

ئەگەریش نەدەکرا بگەڕێنەوە ئەو دۆخەی پێشتر تێیدا بوون، بڕیار بە قەرەبووکردنەوە دەدرێ لەبەر تیشکی چەندایەتی و چۆنایەتیی زەرە و زیاندا، هەروەها دەشێ قەرەبووکردنەوەکە لەسەر بناغەی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی بێ.

بەڵام لەو گرێبەندانەی لە جێبەجێکردن بەردەوامن ئاسەوارەکان تەنها بۆ ئایندە دەبن، ئەویش لەبەرئەوەی گەڕانەوە بۆ رابردوو مەحاڵە و هەردوو عەقدکار سوودیان لەوە بینیوە لەیەکتریان وەرگرتوە و ئەو باتی (عوض)ەی یەکێك لە دوو عەقدکارەکە لەبەرانبەر سوودبینینی ئەویتر وەریگرتوە ناگێڕدرێتەوە، لەبەرئەوەی گێڕانەوەی سوودبینین مەحاڵە.

**پاشئاسەوار بۆ کەسیتر (الغیر):**

هەڵوەشاندنەوە کاریگەری بۆ کەسیتریش دەگوێزرێتەوە کە مافێکی لەسەر شوێن (محل)ی عەقدەکە بەدەست هێناوە، بۆ نموونە لە فرۆشتندا ئەو ماڵە فرۆشراوەی مافی کەسیتری لەسەرە وەك مافی هاوەڵیکردن (الارتفاق)یان سوود لێبینین، رەها لە هەر مافێك لەسەری دەگەڕێتەوە.

مافی ئەو قەرزدەرە رەهنگرەی بەرەسمی رەهنگیری کردوە و نیەتپاکە، لەم رێسایە هەڵاوێدراوە و ملکەچی رێسای پاشئاسەوار ناکرێ، مادەی (١٠٣٤)ی مەدەنیی میسری دەڵێ: (ئەو رەهنەی لەو خاوەنەوە دەرچووە کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سەنەدی خاوەندارێتیەکە یان بەتاڵکردنەوە یان لەغوکردنەوە یان نەهێشتنی دراوە

---

[1] رێسا بەناوبانگەکە: (الحکم یدور مع علتە وجودا وعدما). (حوکم لەگەڵ عیللەکەی دەسوڕێ، بەبوون و نەبوونی)، مەبەست لە عیللە لەم رێسایەدا هۆیە ئەگەر عەقد بە عیللەیەکی بکەر (فاعلە) دانەنرێ، لەبەرئەوەی عیللەکان چوارن: (فاعلة ومادية وصورية وغائية)، بۆ نموونە لە کورسیدا دارتاش عیللەی بکەرە، تەختە عیللەی ماددییە، وێنەکەی عیللەی وێنەییە، دانیشتنیش عیللەی غائییە.

لەبەر هەر هۆیەکیتر، لە بەرژەوەندیی قەرزدەری رەهنگر دەمێنێتەوە ئەگەر ئەو قەرزدەرە لەو کاتەی رەهنەکەی ئیمزا کردوە نیەتپاك بووبێ).

یاسادانەر بەگوێرەی ئەم دەقە لەو رێسا گشتیانە چووەتە دەر کە بڕیار دەدەن نەمانی رەفتار پێوەکردن بەپاشئاسەوار هەموو ئەو رەفتارانە ناهێڵێ کە رەفتار بۆکراو لەسەر ماڵ (عین)ەکەوە خستوتەوە، بەوەیش ئەو رەهنە رەسمیەی کە ئەو کەسەی خاوەنداریتیی خانوبەرەی بۆ چووە رێکی دەخا، بە بەرکار (نافذ) دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر رەفتارەکەیش بەتاڵ بکرێتەوە (یان لەبەر هەر هۆیەك هەڵبوەشێنرێتەوە یان ئیلغا بکرێتەوە).

بۆ دروستیی ئەم هەڵاوێرانە، مەرجە:

١- خاوەنداریتی (موڵکایەتی)ەکە لەکاتی گرێدانی رەهنەکەدا گوێزرابێتەوە بۆ رەهنکار.

٢- رەهنگر لەکاتی گرێدانی رەهنەکەدا نیەتپاك بووبێ، بەوەی ئاگەداری عەیبی سەنەدی رەهنەکە نەبێ.

٣- گرێبەندی رەهنەکە راست و دروست بێت و مەرجەکانی تێدا بن.

٤- رەهنەکە پێشتر بە کاتی بەسەرچوونی سەنەدی رەهنەکەوە قەید کرابێ.

ئەگەر ئەم مەرجانە بەردەست بوون قەرزدەری رەهنگر بۆی هەیە رەهنەکەی بکاتە بەڵگەی نارەزایی و موڵکە عەقارەکە بەباری رەهنەکەوە بگێڕێتەوە(١).

---

(١) الاستاذ السنهوري، الوسيط ٣١٤/١٠ و پاشتر. بند ١٤٣.
الاستاذ الدكتور حسن الذنون، سەرچاوەی پێشوو: ص٢٨٢ و پاشتر.
الاستاذ أنور طلبة، التعليق على نصوص القانون المدني ٦٦٩/٢ و پاشتر.

**ئەو شتانەی مافی هەڵوەشاندنەوە دەخەن:**

مافی هەڵوەشاندنەوە (فەسخ) بە یەکێك لەم دوو شتە دەکەوێ:

١- **کۆنبوون (التقادم):** بەگوێرەی ڕێسا گشتیەکان مافی هەڵوەشاندنەوە وەك باقی مافەکان بە تێپەڕبوونی پازدە ساڵ بەسەر جێگیربوونی ماف تێیدا، دەکەوێ و بەسەردەچێ. مافی هەڵوەشاندنەوە لە کاتی هاتنی وادەی ئەو پابەندبوونەوە جێگیر دەبێ کە بەهۆی تێکدانیەوە سکاڵای فەسخکردنەوە بەرز کراوەتەوە. ئەمە بۆچوونی هەندێ لە یاساناسانە لە میسر[1]، لەکاتێکدا هەندێکیتر[2] بۆ ئەوە چوون ماوەکە لە ئاگەدارکردنەوەوە دەست پێدەکا، بەلام ئەم رایە ئەو تێبینیەی لەسەرە کە ئاگەدارکردنەوە کاری قەزدەرە و دەستپێوەگرتنی وا دەکا سەرەتای دەستپێکردنی کۆنبوون لەسەر ئیرادەی ئەو بوەستێ.

٢- **دەستهەڵگرتنی خاوەن مافی هەڵوەشاندنەوە بەڕاشکاوی یان بە (ضمني):** دەستخستنە ناو ماڵە فرۆشراوەکە (التنفيذ على المبيع) بەجۆرێك لە دەستهەڵگرتنی ناڕاستەوخۆی فرۆشیار دادەنرێ لە مافی خۆی لە دلواکردنی هەڵوەشاندنەوە، ئەویش بۆ وەرگرتنی پارەکەی، یان رازیبوونی بە مامەڵەکردنی کڕیار بە فرۆشراوەکەوە بە فرۆشتنی.

لە فیقهی ئیسلامیدا بخەرانی هەڵوەشاندنەوە زۆرن، ئەویش لەبەر زۆریی هۆکانی، هەر بۆ نموونە: هەڵوەشاندنەوە لە بژارەی مەجلیسدا (خيار المجلس) بە جیابوونەوەی یەکێك لە دوو عەقدکارەکە لە هاوەڵەکەی، دەکەوێ. لە بژارەی مەرجدا بە کۆتاهاتنی ماوەی مەرجەکە دەکەوێت و لە بژارەی عەیب (بژارەی کەموکورتی)شدا بە چەند شتێك، لەوانە: ڕوودانی عەیبێکی نوێ پاش وەرگرتن، ڕەفتارکردن بە شوێن (محل)ی عەقدەکەوە. لە عەقدی فاسیدیشدا بە گواستنەوە

---

[1] د.أنور سلطان، مصادر الالتزام ٤٢٨/١.

[2] العلامة السنهوري، الوسيط: بند ٤٧٦.

خاوەندارێتیی شوێنی عەقدەکە بۆ یەکێکیتر. هەندێ شەرعزان عورف دەکەنە حاکم، هەندێکیان ماوەکە بە سێ ڕۆژ و شتیترەوە دەبەستنەوە[1].

**ئەنجامگیری:**

لەمەی باس کرا دەگەینە ئەو ئەنجامەی هەڵوەشاندنەوە ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:

١- سروشتێکی یەدەگانەی هەیە، چونکە قەرزدەر سەرپشکە لەنێوان دلوای جێبەجێکردن و دەعوای هەڵوەشاندنەوەدا، ئەگەر هاتوو سەنەدێکی یاسایی هەبوو پاساو بەوە بدا.

٢- سروشتێکی دڵنیاکەرانەی هەیە لە دوو ڕووەوە:

یەکەمیان- دلوای هەڵوەشاندنەوە هەڕەشەیەکە بۆ قەرزار تا پاڵی پێوە بنێ بۆ جێبەجێکردن.

دووەم- ئەگەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دا هەردوو عەقدکار دەگەڕێنەوە سەر دۆخی پێش عەقدکردنەکە.

٣- سروشتێکی سزاییانەی هەیە لە دوو لاوە:

یەکەمیان- بەڵێنی سزا دەداتە لایەنی کەمتەرخەم.

دووەم- لەوانەیە، جگە لە بەرپرسیارێتیی عەقدی، لەسەر بناغەی بەپرسیارێتیی کەمتەرخەمیکردن قەرەبووکردنەوەی لێ بکەوێتەوە.

٤- بۆ قازی و هەردوو تەرەفی عەقدەکە کارێکی ئیرادییە و بەهیچ شێوەیەك مەحاڵیی جێبەجێکردنی تێ ناکەوێ، مەگەر مەحاڵیەکە بەشەکی.

٥- تەنها لە گرێبەندەکانی ئاڵوگۆڕ (المعاوضة)ی پابەندکار بۆ هەردوولادا کورت هەڵنایە، کە تێیاندا یەکێك لە دوو عەقدکارەکە پابەندیی خۆی جێبەجێ نەکردوە.

---

[1] تحفة المحتاج ٣٦٧/٤ و پاشتر.الروضة البهية ٣٢٢/١ و پاشتر. سبل السلام ٤٥/٣ و پاشتر.

# باسی دووەم:
# هەڵوەشانەوە

لەم باسەدا قسە لەسەر گرنگترین رەگەزەکانی هەڵوەشانەوە (الانفساخ) و حوکمەکانی دەکەین، کە بکرێ لەم دەقە یاساییە مەدەنیانە وەربگیرێ:

**أ- لە دەقە مەدەنییە عەرەبییەکان:**

مەدەنیی عێراقی مادەکانی (١٦٨ و١٧٩ و١٨٠ و٤٢٥ و٥٤٧)[1]. لەو یاسایانەیش کە دەقاودەقی مەدەنیی عێراقین یان لێی نزیکن: مەدەنیی میسری مادەکانی (١٥٩ و٢١٥

---

[1] دەقی م١٦٨: (ئەگەر پابەند بە گرێبەند نەیتوانی پابەندیەکە وەك خۆی جێبەجێ بکا، لەبەر پابەندنەبوونەکەی بە قەرەبووکردنەوە حوکم دەدرێ، مەگەر بسەلمێ مەحاڵیی جێبەجێکردنەکە کە بە هۆیەکی بێگانە پەیدا بووە، دەستی ئەوی تێدا نەبووە).

دەقی م١٧٩: (ئەگەر ئەوەی عەقدی لەسەر کراوە لە ئاڵوگۆڕەکاندا لە دەستی خاوەنەکەیدا تیا چوو، عەقدەکە هەڵدەوەشێتەوە چ تیاچوونەکە کردەی خۆی بێ یان هێزێکی بێئامان و پێویستە ئەو باتییەی لە هاوەڵەکەی وەرگرتوە بۆی بگێڕێتەوە. فرۆشراو ئەگەر لە دەستی فرۆشیاردا فەوتا بەر لەوەی کڕیار وەریبگرێ، بەماڵی فرۆشیار حسێبە و هیچ لەسەر کڕیار نیە).

دەقی م١٨٠: (ئەگەر عەقدی ئاڵوگۆڕ (المعاوضة) کە لەسەر شتە ماڵیەکان کرا هەڵوەشێنرایەوە یان هەڵوەشایەوە، ئەو پابەندیەی لێی کەوتۆتەوە نامێنێ و پێویست نیە ئەو بەدەلەی لە عەقدەکەدا واجب کرابوو رادەست بکرێ، ئەگەر رادەستیش کرابوو دەگەڕێنرێتەوە، ئەگەر گێڕانەوەی مەحاڵ بوو بڕیار بە زەمانکردنی دەدرێ).

دەقی م٤٢٥: (پابەندی بەسەردەچێ ئەگەر قەرزار سەلماندی لەبەر هۆیەکی بێگانە کە ←

و٣٧٣ و٤٣٧)، مەدەنیی سوری مادەکانی (١٦٠ و٢١٦ و٣٧١ و٤٠٥)، مەدەنیی لیبی مادەکانی (١٦١ و٢١٨ و٣٧١ و٤٣٦)، لوبنانی مادەکانی (٢٤٣و٢٩٦و٣٩٨)، ئوردنی (مادە ٥٠٠)، یەمەنی (مادە ٥٤٢)، مەغریبی فەسڵەکانی (٣٣٥-٣٣٩)، مۆریتانی مادەکانی (٢٨٤ و٢٨٥ و٥٠٣-٥٠٥)، قەتەری (مادە ٢٥٨).

**ب- لە دەقە بیانیەکان:**

مەدەنیی فەرەنسی مادەکانی (١١٣٨ و١١٨٣ و١٦٢٤) مەدەنیی ئەڵمانی (مادە ٤٤٦) و یاسای پابەندیەکانی سویسری (م١٨٥ و م٢٣٠).

لێکۆڵینەوە لە هەڵوەشانەوە لەڕووی شکڵیەوە بەسەر چوار خواستدا دابەش دەبێ:

یەکەم ناساندنی هەڵوەشانەوە.

دووەم بۆ زاراوە پەیوەندارەکان بە هەڵوەشانەوە.

سێیەم هۆکانی هەڵوەشانەوە.

چوارەم ئاسەوارەکانی هەڵوەشانەوە.

---

دەستی ئەوی تێدا نیە مەحاڵە بتوانێ پێوەی پابەند بێ).

دەقی م٥٤٧: (١- ئەگەر فرۆشراوەکە لەدەستی فرۆشیاردا فەوتا بەر لەوەی کڕیار وەریبگرێ، بەسەر فرۆشیاردا دەشکێتەوە و هیچ لەسەر کڕیار نیە، مەگەر فەوتانەکە پاش ئاگەدارکردنەوەی کڕیار بووبێ بۆ وەرگرتنی فرۆشراوەکە، هەروەها ئەگەر بەهای فرۆشراوەکە بەر لە رادەستکردن بەهۆی تووشبوونی بە تەلەفێك کەمی کرد، کڕیار سەرپشکە لەنێوان هەڵوەشاندنەوەی فرۆشتنەکە و هێشتنەوەی بەڵام کەمکردنەوەی نرخەکەی.

٢- بەڵام ئەگەر فەوتان یان کەمکردنی بەهای فرۆشراوەکە بەر لە رادەستکردن بەهۆی کڕیار یان فرۆشیارەوە بوو، لە حاڵەتی یەکەمدا پێویستە نرخەکەی بەتەواوی بدرێ، لە حاڵەتی دووەمیشدا پێویستە فرۆشیار پابەند بکرێ بە قەرەبووکردنەوە).

# خواستی یەکەم:
# ناساندنی هەڵوەشانەوە

**چیەتیی هەڵوەشانەوە:**

لە زماندا چاوگی (انفسخ)ەیە و موتاوعی فسـخ-ەیـە، لـە ماناکـانی: الانتقـاض و الانحلال[1]. (واتە: هەڵوەشانەوە و شیبوونەوە).

لە زاراوەی یاساییدا لەو دەقانەی باس کران و شەرحەکانیان ئەوە تێدەگـەین کـە هەڵوەشانەوە شیبوونەوەی پەیوەنـدیی عەقدییـە لەئـەنجامی ئـەوەی قـەرزار لەبـەر هۆیەکی بێگانە کە دەستی ئەوی تێدا نیە، ناتوانێ پابەندیەکەی جێبەجێ بکا.

عەیبی ئەم پێناسەیە ئەوەیە تێروپڕ نیە، چونکە هەڵوەشانەوە لە یاسـا و فیقهـی ئیسلامیدا هۆیتری هەیە.

لـە زاراوەی فیقهـی ئیسـلامیدا[2] شـیبوونەوەی گرێبەنـد یـان خۆبەخۆیـە[3] یـان بەئیرادەی هەردوو گرێبەندوانە، یاخود هی یەکێکیان[4].

---

[1] لسان العرب، فصل الفاء حرف الخاء، ٤/١٤.

[2] الأشباه والنظائر لابن نجيم: ص٣٣٨.
والأشباه للسيوطي: ص٢٢٤
والقواعد لابن رجب: ص١٠٧
والفروق للقرافي ٢/٢٦٩.

[3] لە حاڵەتی مەحاڵیی جێبەجێکردن یان مردنـی گرێبەندوانەکـە کـە کەسـایەتیەکەی لـە گرێبەندەکەدا حسابی بۆ دەکرا (واتە جێ ئیعتبار بوو).

[4] لەبەرئـەوەی هـەموو هەڵوەشـاندنەوەیەك بـە رێکـەوتن یـان بـە ئـیرادەی تاکانـە ئەسەرەکەی هەڵوەشانەوەیە، رۆڵی ئیرادە لە کارتێکەرەکەدا قەتیس دەبێ، نەك لـە ئەسـەرەکەدا. کاسـانی لـە (البـدائع ٧/٣٣٤٧) دەڵـێ: ئـەوەی عەقـدی پـێ هەڵدەوەشێتەوە دوو جۆرن: ئیختیاری و زەروری، ئیختیاری ئەوەیە بڵـێ عەقدەکـەم ←

**شوێنی هەڵوەشانەوە (محل الانفساخ):**

ئەوە عەقدەکەیە نە شتیتر و کارێکیتر لە کارەکانی مرۆڤ بە هەڵوەشانەوە وەسف ناکرێ، جا چ عەقدەکە بۆ هەردوولا پابەندکار بێ یان بۆ لایەنێك، هەروەها چ عەقدەکە ئاڵوگۆڕ بێ یان گرێبەندی بەخشین[1].

ئاراستەی باو لە فیقهی یاسادا ئەوەیە شوێنی هەڵوەشانەوە بریتییە لە گرێبەندی ئاڵوگۆڕ (معاوضـة)ی پابەندکار بۆ هەردوولا، ئەوەیش ئاراستەیەکی کورتبڕە، لەبەرئەوەی هەڵوەشانەوە شێوەیەکی پەیوەندیی عەقدکارانەیە. گرێبەندیش لە گرێبەندی ئاڵوگۆڕی پابەندکار بۆ هەردوولا گشتیترە.

لە گرێبەندەکانی بەخشین (تبرعات)دا ئەگەر ماڵە بەخواستن دراو (معار)ەکە بەر لە رادەستکردن یان پاشی، لەناوچوو، خواستن هەڵدەوەشێتەوە. لە گرێبەندی سپاردە (الودیعە)دا ئەگەر ماڵە سپاردەکراوەکە فەوتا گرێبەندەکە هەڵدەوەشێتەوە. لەو گرێبەندانەی بۆ یەك لایەن پابەندکارن ئەگەر شوێنی گرێبەندەکە بەر لە وەرگرتن فەوتا، گرێبەندەکە هەڵدەوەشێتەوە وەك فەوتانی ماڵی بەخشراو بەر لە رادەستکردنی بە پێبەخشراو. ئەمە هەمووی قسەی زانایانی یاسایە و ناکرێ هەڵوەشاندنەوە تەنها لە گرێبەندەکانی ئاڵوگۆڕی پابەندکار بۆ هەردوولادا حەسر بکرێ، هەروەك ناکرێ لە حاڵەتی ملنەدانی یەکێك لە دوو لایەنەکە بە جێبەجێکردنی پابەندییەکەی، هەڵوەشاندنەوە لە گرێبەندی پابەندکار بۆ هەردوولادا قەتیس بکەن وەك پێشتر باس کرا.

---

فەسخ یان نەقز کرد و ئەو جۆرانە، زەروریش ئەوەیە بۆ نموونە فرۆشراوەکە بەر لە وەرگرتن بفەوتێ.

[1] المنثور للزرکشي ٣/٤٥، والأشباه لابن نجیم: ص٣٣٨.

**گونجاندنی هەڵوەشانەوە (تکییف الانفساخ):**

هەندێ لە توێژەران[1] گومانیان وابوو هەڵوەشانەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی هەڵوەشاندنەوە و بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە بە هێزی یاسا، ئەمە جگە لە هەڵوەشاندنەوەی قەزایی و هەڵوەشاندنەوە بە رێکەوتن. ئەمەیش بۆچوونێکی ناوردە، لەبەرئەوەی هەڵوەشانەوە هاوبەشکە (قسیم)ی هەڵوەشاندنەوەیە، تەنانەت لە شەرحەکانی یاسادا لەکاتی گەڕان بەشوێن هۆکانی نەمانی عەقددا کراوەتە هاوبەشکەی هەڵوەشاندنەوە و بەتاڵکردنەوە، هاوبەشکەی هەر شتێکیش لەو شتە جیاوازە، لەکاتێکدا لە مەنتیقی یاساییدا جۆری شت بەڕەهایی لە شتەکە تایبەتترە. بەم نزیکانە گرنگترین جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانەوە باس دەکرێن. هەروەها هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانەوە و بەتاڵکردنەوە سێ جۆرن دەچنە ژێر خانەی رەگەزی شیبوونەوە (الانحلال) یان نەمانی گرێبەند. سەرچاوەی ئەم شوبهەیە مادەی (١١٨٤)ی یاسای مەدەنیی فەرەنسییە[2]، لەکاتێکدا ئەم مادەیە تەنها باس لە ئەحکامی هەڵوەشاندنەوە دەکا لەو رووەوە هۆی هەڵوەشاندنەوە مەرجێکی هەڵوەشێنی ناڕاستەوخۆ، یان تێکدانی پابەندییەك بێ لە عەقدی پابەندکار بۆ هەردوولادا، هەروەها لەو رووەوە

---

[1] مامۆستامان د.حەسەن زەنون باسی ئەم بابەتەی کردوە لە: النظرية العامة للفسخ: لا٢٤١– ٢٥٦./ هەروەها دکتۆر سليمان مرقس بحوث وتعليقات على أحكام المسؤولية المدنية: لا٦١٠ و پاشتر.

[2] وەرگێڕانی دەقی مادەی (١١٨٤): "زۆرجار مەرجی فەسخی بەزمنی لەنێو ئەو عەقدانەی بۆ هەردوولا پابەندکارن هەیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر یەکێکیان ئەو مەرجانەی لەسەر خۆی دلناوە جێبەجێی نەکرد، ئەو مەرجانە لە چەمکەکانی عەقد وەردەگیرێن، لەم حاڵەتەدا رەوا نیە بەوە عەقد هەڵبوەشێنرێتەوە بەڵکو ئەگەر لایەك ئەو مەرجانەی جێبەجێی نەکرد کە خۆی پێیان پابەند کردوە، ئەویتر سەرپشکە لەوەی یان ناچاری بکا بۆ جێبەجێکردنی پابەندییەکەی ئەگەر دەکرا، یان دلوای هەڵوەشاندنەوەی عەقدەکە و بژاردنی زیانەکەی لێبکا. دلواکردنی هەڵوەشاندنەوەی عەقد بەم شێوەیە بە سکاڵاکردن و دلواکاری دەبێت و لەم حاڵەتەدا لاری نیە لەوەی قازی بەگوێرەی باروبۆخەکە وادەیەك بۆ دلوا لەسەرکراو دیاری بکا".

هەڵوەشاندنەوەیەکی قەزایيە و هيچ پەیوەندیەکی نە بە هەڵوەشانەوە (الانفساخ) و نە بە هەڵوەشاندنەوە بە هێزی یاساوە نیە.

بەڵام نکوڵی لە بوونی پەیوەندی لەنێوان هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانەوەدا ناکرێ، لەبەرئەوەی دووەم دەشێ هۆکەی هەڵوەشاندنەوە بێ، بەڵام هۆ و بەرهۆ جیاوازن.

لەڕاستیدا هەڵوەشانەوە وا گونجاندنی بۆ دەکرێ کە شیبوونەوەیەکی نائیرادیانەی گرێبەندە لەبەر مەحاڵيی جێبەجێکردنی. هاوبەشکەی هەڵوەشاندنەوەیشە.

**بنچینەی هەڵوەشانەوە**

سەرچاوەیەکی یاسایی یان فیقهیم نەدیوە راشکاوانە قسە لەسەر ئەم بنچینەیە بکا، پێدەچێ ئەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هەڵوەشانەوە بە هێزی یاسا روودەدات و پێویست ناکا باسی بنچینەکەی بکرێ. بە بڕوای لەخۆبوردوانەی ئێمە بنچینەکەی نەمانی هۆیە، لەبەرئەوەی بابەتی پابەندیی[1] هەردوو گرێبەندوان هۆی پابەندیی ئەویترە کە پێی دەوترێ هۆی قەسدی یان هونەری یان مەرامی راستەوخۆ. بەپێی

---

[1] ئەوەی زانایانی یاسا ناوی دەنێن شوێنی پابەندی، لەکاتێکدا شوێنی پابەندی بریتییە لە ئەنجامدان (الاداء). فیقهوانی فەرەنسی (بلانیول) رەخنەی لە تیۆرە کلاسیکیەکەی هۆ گرت (مصادر الالتزام، الأستاذ الدكتور عبد المجيد الحكيم ١/٢٢٣): ، بەوەی ئەو تیۆرە مەحاڵيی مەنتیقی تێدایە، لەبەرئەوەی هۆی پابەندی لە عەقدەکانی پابەندکار بۆ هەردوولادا پابەندیی دووسەرەیە، واتە پابەندیی فرۆشیار هۆیە بۆ پابەندیی کڕیار و بەپێچەوانەوە. وەستانی شت لەسەر ئەوەی لەسەری دەوەستێ دەخوازێ شت لەسەر خۆی بوەستێ، ئەوەیش لەڕووی لۆژیکیەوە دەخوازێ شت پێش خۆی بکەوێ. لازمەکە بەتاڵە و هەروەها مەلزومەکە.

قسەکەی بلانیول لە دوو رووەوە نادروستە:

یەکەمیان ئەوەیە هۆی پابەندیی هەریەك لە دوو عەقدکارەکە بابەتی پابەندیی ئەویترە نەك خۆی.

دووەم: ئەو رۆڵە باسکراوە مەحاڵيی لۆژیکی تێدا نیە و لە بابەتە واقیعیەکاندا نەبێ کە لە دەرەوەی زەینی مرۆڤ هەن بەدی نایەت، نەك لە بابەتە زەینییە ئیعتیباریەکاندا، وەك پێشتر لە بابەتی هۆدا روون کرایەوە.

ڕێسا لۆژیکییە یاساییەکەیش بەرهۆ لەگەڵ هۆکەیدا دەسوڕێ بە بوون و نەبوون، جا مادام هۆکە نەما شتێکی سروشتییە بەرهۆکەیشی نەمێنێ، لێرەوە بە نەمانی ئەو دووانە گرێبەندەکەیش خۆبەخۆ نامێنێ.

## خواستی دووەم:
## هەڵوەشاندنەوە و زاراوە پەیوەندارەکان

هەندێ زاراوەی یاسایی و فیقهی هەن پەیوەندییان بە هەڵوەشانەوە (الانفساخ)ەوە هەیە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو هەڵوەشانەوەیە نین کە لە فیقهـ و یاسادا ناسراوە، لەوانە:

**هەڵوەشانەوە و هەڵوەشاندنەوە:**

رووی لێکچوون و رووی جیاوازیان هەیە:

**أ- لە رووەکانی لێکچوون:**

١- هەردووکیان پێچەوانەی ئەسڵن، لەبەرئەوەی ئەسڵ جێبەجێکردنی گرێبەندەکەیە لە هەموو لایەنەکانیەوە و روودانیان لەبەر هۆی لابەلایی دەبێ.

٢- هەردووکیان هۆن بۆ نەمانی گرێبەند، دوو جۆرن دەچنە ژێر یەك رەگەزەوە ئەویش شیبوونەوەی گرێبەندە.

٣- ئەسڵ ئەوەیە هەردووکیان لە گرێبەندەکانی جێبەجێکردنی فەوریدا بە پاشئاسەوار بن، ئەگەر رێگرێك رێ لەوە نەگرێ.

٤- هەردووکیان روو لە عەقدەکە دەکەن نەك شتیتر.

**ب- رووەکانی جیاوازی:**

١- لەرووی چییەتیەوە چییەتیی هەریەکەیان لە هی ئەویتر جیاوازە، وەك لە پێناسەکەیانەوە روونمان کردەوە.

٢- لەرووی فەلسەفیەوە فەسخ لە گوتەزای فیعل و (انفساخ) لە گوتەزای

(انفعال)ە، کە دوو گوتەن لەڕووی تێگەیشتنەوە لە مەنتیق و فەلسەفەدا جیاوازن، با لە یەك گرێبەندیشدا کۆبوونەوە ئەگەر یەکەم هۆ بێ بۆ دووەم.

٣- لەڕووی داتاشینی زمانەوانیەوە (انفساخ) لە سیغەی موتاوەعەیە و موتاویعی فەسخە، دەوترێ (فسخت العقد فانفسخ) واتە (قبل الفسخ و طاوعە)[١].

فەسخ لە فرمانی تێپەڕە لەکاتێکدا (انفساخ) چاوگی فرمانی تێنەپەڕە.

٤- لەڕووی شەرعیەوە هەڵوەشاندنەوە (فەسخ) هۆیەکی شەرعی (یان یاساییە)، هەڵوەشانەوە (الانفساخ) حوکمێکی شەرعی (یان یاسایی)ە[١].

٥- هەڵوەشاندنەوە بەزۆری بەبێ بڕیارێکی دادگە یان ڕێکەوتنێکی ڕەزامەندانە نابێ[٢]، لەکاتێکدا هەڵوەشانەوە بەبێ هێزی یاسا نابێ با هۆکەیشی ئیرادی بێ، لەبەرئەوەی کەوتنەوەی هەر بەرهۆیەك لەسەر هۆکەی بەحوکمی یاسا دەبێ، جا چ ئەو هۆ ئیرادی بێ یان نائیرادی.

٦- هەڵوەشاندنەوە بەلای ئەوەی هۆکەی لە ملنەدانی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە لە وابەستەبوون بە پابەندیەکەی لەو عەقدانەی بۆ هەردوولا پابەندکارن، کورت دەکەنەوە، سزایە (جزاء)، بەپێچەوانەی هەڵوەشانەوە بەزۆری هەڵەی هەردوو گرێبەندوانەکەی تێدا نیە، هەڵەیش لە گرنگترین ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیکردنە، لێرەیشەوە لە پیادەکردنەکانی هەڵوەشانەوەدا نە سزا و نە قەرەبوو نیە تا هۆیەکیتری نەبێ.

---

[١] ئەمەیە مەبەستی قەرافی کە لە (الفروق ٣/٢٦٩) دا دەڵێ: (هەڵوەشاندنەوە هەڵگەڕاندنەوەی هەریەك لە دوو ئاڵوگۆڕکراوەکەیە بۆ خاوەنەکانیان، هەڵوەشانەوەیش هەڵگەڕانەوەی هەریەك لە دوو ئاڵوگۆڕکراوەکەیە بۆ خاوەنەکانیان).

[١] سەرچاوەی پێشوو.

[٢] لە هەندێ حاڵەتدا بە حوکمێکی یاسایی دەبێ وەك لە فەسخدا روون کرایەوە.

٧- لە هەڵوەشاندنەوەدا لەوانەیە حوکمی قەرەبووکرنەوە بەسەر قەرزاردا بدرێ بەپێچەوانەی هەڵوەشانەوە لەبەر هەمان هۆی باسکراو.

٨- هۆی هەڵوەشاندنەوە لە فیقهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان، یان ئەوەتا بەر لە گرێبەندکردنەکەیە وەك عەیبەکانی شوێنی گرێبەند، یان بەرلوردە لەگەڵی وەك عەیبەکانی ئیرادە، یان پاش گرێبەندکردنەکەیە وەك تێکدانی پابەندی، لەکاتێکدا هۆی هەڵوەشانەوە هەمیشە پاش گرێبەندکردنەکە دەبێ.

**هەڵوەشانەوە و کۆتاهاتن (الانفساخ و الانتهاء):**

ئەو دوانە جیاوازن لەو رووەوە کۆتاهاتنی گرێبەند (انتهاء العقد) بە گەیشتنی دەبێ بە کۆتاییەکەی، ئەویش بەتەواوبوونی ئەوەیە عەقدی لەسەر کراوە، وەك بەکرێگرتن بەمەبەستی ئەنجامدانی کارێك و عەقدی بەکرێدانەکە بەئەنجامدانی ئەو کارە تەولو دەبێ، بەپێچەوانەی هەڵوەشانەوە کە کات رۆڵی لە بەدیهاتنیدا نیە.

کۆتاهاتن تەنها لە گرێبەندەکانی ماوەدا دەبێ بەپێچەوانەی هەڵوەشانەوە، کە لە گرێبەندی فەوری و بەردەوامدا هەیە[1]. سەرباری ئەمە یاسادانەری عێراقی کۆتاهاتنی لەباتیی هەڵوەشانەوە بەکارهێناوە، وەك لە مادەی (١/٨٨٦)دا هاتووە و دەڵێ: (بەڵێندەرایەتی بە مەحاڵیی جێبەجێکردنی ئەو کارەی عەقدی لەسەر کراوە، کۆتایی دێ).

**هەڵوەشانەوە و ملنەدان بە دانەوە (الامتناع عن الوفاء):**

لە جیاوازییە جەوهەریەکانی نێوانیان:

١- لە ملنەدان بە دانەوەدا پێویستە قەرزدەر بیسەلمێنێ قەرزار کەمتەرخەمی کردوە و ئاگەدار کراوە بۆ دانەوە، بەپێچەوانەی حاڵەتی مەحاڵیی دانەوە.

---

[1] د.أنور سلطان، مصادر الالتزام، ١/٤٢٩ و پاشتر.

٢- لە حاڵەتی ملنەدان بە دانەوە دەکرێ قەرزدەر دلوای قەرەبوو لە قـەرزار بکـا بەرانبەر ئەو دەسکەوتەی لەکیسی چووە یـان ئـەو زیانـەی پێـی گەیشـتوە، بەپێچەوانەی حاڵەتی مەحاڵی (الاستحالة)، کە کردنی ئەم دلوایە دروسـت نیـە مەگەر قەرزارەکە رۆڵی لە روودانیدا هەبووبی[1].

**هەڵوەشانەوە و وەقف**

هەڵوەشانەوە لە گرێبەندەکانی ماوەدا (عقـود المـدة) مـەحاڵبوون سـەرتاپاگیر و هەموو ماوەکە دەگرێتەوە، بەپێچەوانەی وەقف، هۆ بێگانەکە رێگرە لە جێبەجێکردن بۆ هەندێ وەخت.

بۆ نموونە ئەوەی هۆتێلێك بەکرێ بگرێ، پاشان هێزێکی بێئامانی کاتی هاتەپێش و بووە بەربەست لەبەردەم سوودلێبینینی بۆ ماوەیـەکی دیـاریکراو کـە کـەمترە لـەو ماوەیەی لە عەقدی بەکرێدانەکەدا دیاری کراوە، لـەم حاڵەتـەدا بـەکرێگر بـۆی هەیـە چاوەڕوانی نەمانی بەربەستەکە، یان دلوای هەڵوەشاندنەوە بکا، ئەویش لەبەر تیشکی ئەوەی لە بارودۆخەکو دەکەوێتەوە، لە لەکیسچوونی ئەو سوودەی بەئومێـد بـوو لـە گرێبەندەکە دەستی بکەوێ.

**هەڵوەشانەوە و بەتاڵبوونەوە**

**بەتاڵی یاخود بەتاڵبوونەوە ئەگەر رێژەیی بێ**، بەوەی ئەنجامی بەتالکردنەوە بێ، لـە فیقهـی ئیسـلامیدا بـەوە گونجانـدنی بـۆ دەکـرێ کـە هەڵوەشـانەوەیەکە زادەی هەڵوەشـاندنەوەیە، لەبەرئـەوەی لـەم فیقهـە و ئـەو یاسـایانەی لـەژێر کاریگەریـدان، بەتاڵبوونەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی هەڵوەشاندنەوە (فەسـخ)، بەپێچـەوانەی ئـەو یاسایانەی لەژێر کاریگـەریی فیقهـی غەربیـدان کـە بـە هاوبەشـکەی هەڵوەشـانەوەی دادەنێن و لە هەندێ حوکمدا لەگەڵی جیاوازە. بۆ نموونە لە هەڵوەشانەوەدا تەماشای

---

[1] د. عبد المنعم فرج الصدة، سەرچاوەی پێشوو: ص٣٢٠.
د. أنور سلطان، سەرچاوەی پێشوو، ٤٢٩/١ و پاشتر.

ئەو کەسە دەکرێ کە تۆباڵ (تبعە)ی فەوتانەکەی دەکەوێتە گەردن، لەکاتێکدا لەو بەتاڵبوونەوەدا ئەو ئەنجامەی لە بەتاڵکردنەوە دەکەوێتەوە ئەوەیە هەردوو گرێبەندوان دەگەڕێنەوە سەر ئەو بارەی پێش عەقدکردنەکە تێیدا بوون، ئەگەر ڕێگرێك نەبێ.

بەڵام **ئەگەر بەتاڵبوونەوە ڕەها بوو**، ئەوا لەگەڵ هەڵوەشانەوە دوو سیستمن لە چەند ڕوویەکەوە لێك جیاوازن، لەوانە:

١- بەتاڵبوونەوەی ڕەها ئەنجامی نەبوونی ڕوکنێك لە ڕوکنەکانی عەقد یان مەرجێك لە مەرجەکانی دروستیەتی، لەکاتێکدا هەڵوەشانەوە ئەنجامی هۆیەك لە هۆکانیەتی، لەپێشیانەوە مەحاڵیی جێبەجێکردن.

٢- هەڵوەشانەوە بوونی عەقدێکی دروستی لەپێشەوە هاتووە کە خاوەن بوونی یاسایی و شەرعییە، بەپێچەوانەی بەتاڵبوونەوەی ڕەها، کە وەسفە بۆ عەقدێك بە دروستی لەدایك نەبووە، هەربۆیە لەڕووی ئاسەوارە یاساییە ئەسڵیەکانەوە لەگەڵ نەبوو وەك یەکە.

جگە لەو وردەکاریەی باس کرا، شەرعزانان و بەتایبەت حەنەفیەت زۆرجار باسی بەتاڵبوونەوە دەکەن و مەبەستیان پێی هەڵوەشانەوەیە[1].

٣- گرێبەندی هەڵوەشاوە لەوانەیە بەر لە هەڵوەشانەوەی ئاسەوارە یاساییە ئەسڵیەکانی لێ بکەونەوە، لەکاتێکدا بەتاڵی ڕەها هیچ ئەسەرێکی یاسایی ئەسڵی وەك ڕەفتارێکی یاسایی بەرهەم ناهێنێ، بەڵام لەوانەیە ئەسەرە فەرعیەکانی لێ بکەونەوە وەك ڕووداوێکی ماددیی یاسایی، وەك گۆڕان و کەمکردن، ئەم ئەسەرانە لە هەڵوەشانەوەدا چاوەڕوان ناکرێن[2].

---

[1] في الاختيار، سەرچاوەی پێشوو ٣/١١٢: (ئەگەر یەکێك لەو دوو کەسەی عەقدی کشتوکاڵیان کردوە مرد، بەتاڵ دەبێتەوە، وەك لە بەکرێداندا باس کرا)، واتە هەڵدەوەشێتەوە.

[2] د. أبو ستيت، سەرچاوەی پێشوو: ص٢٤١ و پاشتر.

**هەڵوەشانەوە و قەڵبی (فەساد):**

لەوەدا کۆکن هەردووکیان لە سیفەتەکانی عەقدن، بەڵام لە ڕووی چییەتی و ئاسەوارەوە جیاوازن.

١- لەڕووی چییەتی (الماهیة)ەوە هەڵوەشانەوە شیبوونەوی پەیوەندییەکی عەقدکارانەی ئارلیە، لەکاتێکدا قەڵبی سیفەتی عەقدێکە کە بە ئەسڵ بە ڕەوا و بە وەسفی بە ناڕەوا پەیدا بووە، وەك عەقدی زۆرلێکرلو لە فیقهی حەنەفیدا.

٢- لەڕووی ئاسەوارەوە فاسید موڵکێکی پیس بە وەرگرتن دەگەیەنێ و ڕەفتاری کڕیار لە جێی خۆیدا ڕەفتارێك دەبێ خاوەندارێتیی شەرعی دەگوێزێتەوە ئەگەر ڕەفتار بۆکرلو نیەتپاك بوو، بەوەی بە قەڵبی گرێبەندەکە نەزانێ، بە پێچەوانەی هەڵوەشانەوە، کە نەمانی گرێبەندەکە و ئاسەوارەکانیەتی لە ماف و پابەندیەکان.

**هەڵوەشانەوە و شایستەبوون (الانفساخ و الاستحقاق):**

شایستەبوون دەرکەوتنی ئەوەیە شتێك (شوێنی گرێبەندەکە) مافێکی واجبی کەسیترە یان مافی کەسیتری بەسەرەوەیە وەك ئەوەی ڕەهنکرلو بێ[1]. شایستەبوون هەندێ ڕەگەز و ئەحکامی هەیە کە لە فیقهی ئیسلامی و یاسادا رای جیاواز لەبارەیانەوە هەیە و پێویست بە خستنەڕوویان ناکا، لەبەرئەوە تەنها ئەوەندە باس دەکەم کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە لای هەندێ شەرعزان[2] دەشێ شایستەبوون هۆیەك بێ بۆ هەڵوەشانەوەی گرێبەند، هەروەك دەشێ هۆیەك بێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی[3].

---

[1] القواعد الفقهیة لإبن جزيّ: ص٢١٩ ابن عابدین، ٤/٢٠٠ و پاشتر.

[2] وەك مالیکی: بدایة المجتهد ٢/٣٢٥ شافیعی: المهذب ١/٢٩٥
حەنبەلی: القواعد لابن رجب: ص٣٨٢.

[3] وەك ئەوەی شایستەبوون بەشەکی بێ، لەم حاڵەتەدا وتراوە عەقدەکە لە هەموویدا هەڵدەوەشێتەوە، وتراویشە تەنها لە بەشە شایستەکەدا هەڵدەوەشێتەوە، وتراویشە کڕیار سەرپشك دەکرێ لەنێوان هەڵوەشاندنەوە و قبوڵکردندا، لەگەڵ کەمکردنەوەی ←

# خواستی سێیەم:
# هۆکانی هەڵوەشانەوە

هۆکانی هەڵوەشانەوە لەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریی فیقهی غەربیدان لە حاڵەتی مەحاڵبوونی جێبەجێکردن بە هێزێکی بێئامان (قوه قاهره)دا قەتیس دەبن، ئەمە بەبێ بوونی ناکۆکی. ئەو مەرجە هەڵوەشێنەیش گرێبەندەکەی پێوە هەڵواسراوە[1] لە هۆکان دادەنرێ، بەڵام ئەمەیان ناکۆکە لەسەرە. هەروەها لە هەندێ گرێبەنددا مردنی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە، ئەگەر هاتوو کەسایەتیی مردووەکە لە گرێبەندەکەدا جێ ئیعتیبار بوو.

بەڵام لە فیقهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان، هۆکانی هەڵوەشانەوە زۆرن، لەوانە:

١- مردنی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە لە گرێبەندی بەکرێداندا لای حەنەفیەت، بەپێی ئەم وردەکارییەی خوارەوە[2]:

---

بڕێك لە نرخەکە کە هاوتای شایستەکەیە.

[1] وەك ئەو کەسەی خانووەکەی پێشکەشی بێوەژنی براکەی بکا بەو مەرجەی شوو نەکاتەوە و خۆی بۆ بەخێوکردنی منداڵە هەتیوەکان تەرخان بکا، ئەگەر شووی کرد پێشکەشکردنەکە بەبێ پاشناسەوار هەڵدەوەشێتەوە.وەسێت و باقیی ئەو گرێبەندانەیتریش کە بە مەرجێکی هەڵوەشێندا هەڵواسراون، هاوشێوەی پێشکەشکردنن (الهبە).

[2] ابن عابدين ٨٦/٦ و تێیدا هاتوە: (بەلای ئێمەوە بەکرێدان بە مردنی هەردوو گرێبەندوان یان یەکێکیان هەڵوەدەشێتەوە و پێویست بە هەڵوەشاندنەوە ناکا)، هەروەها بە فەوتانی بەکرێدراوەکە بەتەواوی لە ماوەی بەکرێدانەکەدا، هەڵدەوەشێتەوە. (م٧٥١)ی مەدەنیی عێراقی.

ئەگەر گرێبەندەکەی بۆ خۆی کرد، بە مردنی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە، یان هەردووکیان خۆبەخۆ هەڵدەوەشێتەوە، راکەیان بەوە شی کردۆتەوە کە ئامانج لە بەکرێداندا سوودە و هێدی هێدی روودەدات[1] و بەرووداني هێدی هێدی جێبەجێ دەکرێ، هەربۆیە بەبێ گرێبەندوان نامێنێ.

خۆ ئەگەر گرێبەندەکەی بۆ کەسیتریش کرد هەڵناوەشێتەوە وەك وەصی و وەلی و سەرپەرشتی وەقف [2].

لەم شیکردنەوەیەدا تێبینی ئەوە دەکرێ شەرعزانانی حەنەفیەت کەوتونەتە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانی کە دەڵێ نیشانەکان بە نوێبوونەوەی زەمان نوێ دەبنەوە و سوودیان بە یەکێك لەو جۆرە نیشانانە ژماردوە، بەوە سوود (المنفعة) و سوودبینین (الانتفاع)یان تێکەڵ کردوە، ئەوەی بە نوێبوونەوەی زەمان نوێ دەبێتەوە سوودبینینە نەك سوود، لەبەرئەوەی دووەم بریتییە لەو وزە حەشارەی لە شتە بەسوودەکەدا شاراوەیە و ئەو وزەیە هێدی هێدی بەکار دەبرێ و بە نوێبوونەوەی زەمان نوێ نابێتەوە و ئامانج سوودە نەك سوودبینین.

زۆر مەسەلەیان لەسەر ئەم ئەسڵەیان بینا کردوە کە لەگەڵ دادپەروەری ناگونجێن، وەك ئەوەی دەڵێن زەوتکەر یان دز نابنە زامن (واتە ببژێن)ی سوودی ماڵە زەوتکراو یان دزراوەکە، لەبەرئەوەی سوود ماڵ نیە، لەو رووەوە رەگەزی پاشکەوتکردن لە پێناسەی ماڵەوە وەرگیراوە[3].

---

[1] الاختيار لتعليل المختار للعلامة عبدالله بن محمود بن مودود الموصلي الحنفي ٢/٥٥، ٢/٦١.

[2] ابن عابدين ٦/٨٦.

[3] گوتیان: ماڵ ئەوەیە تەبعی مرۆڤ مەیلی بۆی هەیە و دەکرێ بۆ کاتی پێویستی پاشەکەوت بکرێ جا گوێزراوە بێ یان نەگوێزراوە. مجلة الأحكام العدلية (م١٢٦).
بەلای ئەوەنەوە سوود پاشەکەوت ناکرێ لەبەرئەوەی بە نوێبوونەوەی زەمان نوێ دەبێتەوە. سەیر ئەوەیە باقیی فیقوانەکان ئەم بیرۆکەیەیان بۆ سەلماندوون بەلا ←

بەڵام زانا پاشینەکانیان هەندێ حاڵەتیان هەڵاوێر کردوە وەك ئەوەی ماڵە زەوتکراو یان دزراوەکە ماڵی وەقف یان هەتیو یان ئامادەکراو بێ بۆ قۆستنەوە.

٢- زەوتکردنی بابەتی گرێبەندەکە هۆیەکە لە هۆکانی هەڵوەشانەوەی خۆبەخۆ، لەو رووەوە کە بابێکە لە بابەکانی مەحاڵیی جێبەجێکردن. جمهوری شەرعزانانی حەنەفی[1] و مالیکی[2] ئەم رایەیان هەبووە.

ئاراستەیەکیتر کە هەندێ شەرعزان وەك شافیعی[3] و حەنبەلیەکان[4] پەسەندیان کردوە بۆ ئەوە چوون هۆیەکە لە هۆکانی هەڵوەشانەوە، بۆ نموونە بەکرێگر مافی هەڵوەشاندنەوەی عەقدی بەکرێدانەکەی هەیە ئەگەر ماڵە بەکرێدراوەکە زەوت کرا، لەبەرئەوەی زەوتکردن (الغصب) نابێتە هۆی مەحاڵیی جێبەجێکردن، چونکە دەکرێ لە رێگەی هێز یان دادگە یان دانوستانەوە بگێڕدرێتەوە.

بەڕای لەخۆبوردولەی ئێمە پێوەرێکی بابەتی نیە بۆ دەستگرتن بە یەکێك لەو دوو ئاراستەیەوە بەرەهایی، بەڵکو بابەتەکە بەگوێرەی جیاوازیی هێزی زەوتکەرەکە و پشتقایمی و توانای لێ زەوتکراو بۆ گێڕانەوەی زەوتکراوەکە، هەروەها بەگوێرەی هەلومەرجی وڵاتەکە و رادەی بەدیهاتنی دادپەروەری دەگۆڕێ بەشێوەیەك هەر کەس مافی خۆی وەربگرێ.

٣- گۆڕانی جێبەجێکردنەکە بۆ کارێکی نامەشروع و لێرەیشەوە گۆڕانی بۆ نەکرانی لەرووی شەرعیەوە. بۆ نموونە گوتویانە: ئەوەی کەسێك بەکرێ بگرێ بۆ هەڵکێشانی ددانێکی تەختی ئەگەر ئازاری هەبوو، پاشان بەڵام بەر لە هەڵکێشانی ئازارەکەی نەما، یان بۆ سەندنەوەی تۆڵەیەك کە بەر لە جێبەجێکردنی، بە

---

گوتویانە: رەفتارکردن و بەزامنکردن لە سوودا دەبێ، بەگوێرەی ماڵە خاوەن سوودەکە.

[1] ابن عابدين ٥/٨. الاختيار ٢/٦١.

[2] الشرح الصغير ٤/٥٠.

[3] قليوبي ٣/٨٥.

[4] المغني ٥/٤١٧.

لێخۆشبوون (بیرۆکەی تۆڵەکرنەوەکە) نەما، بەکرێگرتنەکە خۆبەخۆ هەڵدەوەشێتەوە[1].

٤- نەمانی ئەو سوودەی پێوەی بەسترابوو وەك خانوویەکی بەکرێدراو کە رووخاوە یان زەویەکی بەکرێگیراو ئاوی بڕابێ، ئەوە وەك ماڵێکی لەناچووە و عەقدەکە بەو نەمانە خۆبەخۆ هەڵدەوەشێتەوە[2].

هەندێ هۆیتر و پیادەکردنی فیقهیی زۆر هەن پێویست بە خستنەڕوویان ناکا، لەبەرئەوەی هەموو بۆ مەحاڵیی جێبەجێکردن دەگەڕێنەوە.

**مەرجەکانی مەحاڵیی جێبەجێکردن (استحالة التنفيذ):**

بۆ ئەوەی مەحاڵی بە هۆیەك لە هۆکانی هەڵوەشانەوە دابنرێ، پێویستە چەند مەرجێکی تێدا بێ، لەوانە:

١- بەدیهاتنی ماهیەت (چییەتی)ی مەحاڵبوون بە مانا یاسایی یان شەرعیەکەی، بەشێوەیەك بەهیچ شێوەیەکی بەردەست نەکرێ جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئەگەر جێبەجێکردن مومکین بوو بەڵام قورس بوو، ئەوکاتە بابەتەکە دەچێتە خانەی تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکان و پەنا بۆ هەموارکردنی پابەندیی هەردوولای رێکەوتنەکە لەڕێی دادگەوە[3] دەبرێ و عەقدەکە هەڵناوەشێتەوە، بگرە

---

[1] البدائع ٦/٣٦٣٣.

[2] الاختيار ٦١/٢، کە تێیدا هاتووە: (ئەگەر ماڵەکە وێران بوو یان ئاوی گوندەکە یان ئاوی ئاشەکە نەما گرێبەندەکە هەڵدەوەشێتەوە).

[3] لە پیادەکردنە قەزاییەکانی ئەوەیە دادگەی تەمییز لە بڕیاری ژمارە ١٧٩و١٨٠/ مستعجل/٨٠ في ١٩٨٠/٨/٢٤ دای کە: (بەڵێندەر بۆی نیە لە کار بوەستێ بە بیانووی ئەوەی پابەندبوونەکە لەبەر باروبۆخە لەناکاوەکە قورس (مرهق) بووە، بەڵکو بۆی هەیە داوای قەرەبوو بکا ئەگەر پێویستکەری هەبوو).

نقلا عن مشاهدي المبادئ القانونية في قضاء ومحكمة التمييز قسم القانون المدني ٣٥٤/١.

بەزۆریش هەڵناوەشێتەوە مادام ڕێگەیەك هەبێ بۆ نەهێشتنی زیانە ئارا یان چاوەڕوانکراوەکە.

٢- مەحاڵبوونەکە بابەتی بێ بۆ بابەتی پابەندیەکە بگەڕێتەوە، بەشێوەیەك مەحاڵ بێ ئەنجام بدرێ، واتە مەحاڵیی کەسی بەس نیە، واتە ئەوەی بۆ باروئۆخی ئابووریی قەرزارەکە دەگەڕێتەوە[١].

٣- مەحاڵبوونەکە رەها بێ نەك رێژەیی، فەوتانی فرۆشراوەکە بەر لە رادەستکردن نابێتە مایەی مەحاڵیی رەها ئەگەر ماڵەکە هاوچەشن (مثلي) بوو، لێرەیشەوە عەقدەکە هەڵناوەشێتەوە لەبەرئەوەی دەکرێ هاوچەشنی فەوتاوەکە رادەست بکرێ[٢].

٤- مەحاڵبوونەکە زادەی کارێکی بێگانە بێ (هێزێکی بێئامان)، ئەگەر دەسکیسەی قەزارەکە بوو خاوەن قەرز بۆی هەیە دلوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە بکا لێی کەوتوە. خۆ ئەگەر کردەی کڕیار بوو کردەکەی بە وەرگرتن دادەنرێ و بێ هیچ ناکۆکیەك فەوتانەکە لە گەردنی ئەودا دەبێ.

ئەگەر بەدەستی کەسی سێیەمیش بوو، کڕیار سەرپشك دەکرێ لەنێوان دلوای هەڵوەشاندنەوە یان گەڕانەوە بۆ گەردنی ئەو کەسە سێیەمە یان فرۆشیارەکە.

٥- مەحاڵبوونەکە پاش ئیمزاکردنی عەقدەکە بێ، ئەگەر بەر لە عەقدەکە بوونی عەقد لەسەرکراوەکە مەحاڵ بوو، عەقدەکە بەتاڵ دەبێ[٣].

٦- مەحاڵبوونەکە تەولو بێ بەوەی ماڵەکە بەتەولوی فەوتابێ، ئەگەر هەندێکی فەوتابوو[٤] مەحاڵییەکەیش بەشەکی دەبێ و نابێتە مایەی بەتەولوی نەمانی

---

[١] الاستاذ حجازي، سەرچاوەی پێشوو ١/٣٥٤.

[٢] هاوچەشنی شت ئەوەیە لە وێنە و مانادا یەکسانی بێ.

[٣] الأستاذ حجازي، سەرچاوەی پێشوو بند ٨٥٦.
الأستاذ عبد المجيد الحكيم، سەرچاوەی پێشوو لا١٧٨.

[٤] واتە ئەگەر بابەت (محل)ی پابەندیەکە قابیل بە دلبەشبوون بوو، هەڵوەشانەوەکە بەشەکی دەبێ. الأستاذ صلاح الدين الناهي. سەرچاوەی پێشوو لا٨٢.

عەقدەکە بەوەی بەتەواوی هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو کڕیار سەرپشک دەکرێ لەنێوان هەڵوەشاندنەوە یان کەمکردنەوەی نرخەکەیدا[1] ئەگەر هاتوو شوێن (محل)ی عەقدەکە قابیل بە دابەشکردن نەبوو.

شایانی باسە جیاوازی لەنێوان فەوتانی هەستی و فەوتانی حوکمیدا نیە، وەك ئەوەی مروارییەك بکەوێتە ناو دەریایەك و ئومێدی دەرهێنانەوەی نەبێ، یان فڕینی باڵندەیەك کە ئومێدی گەڕانەوەی نەبێ، یان زەوتکردن یاخود دزینیماڵێك کە ئومێدی ئەوە نەبێ لە ئایندەدا بەدەست بێتەوە یان تاوانبار بناسرێ[2].

٧- قەرزار بیسەلمێنێ مەحاڵیی جێبەجێکردن بۆ هۆیەکی بێگانە دەگەڕێتەوە کە دەستی ئەوی تێدا نیە، لەبەرئەوەی مەحاڵبوون لەبەر هۆیەکی بێگانە سیفەتێکی سەرهەڵدلوی لابەلاییە و ئەسڵ نەبوونیەتی، بۆیە ئەوەی ئیدیعای پێچەوانەی ئەو ئەسڵە دەکا دەبێ بیسەلمێنێ، ئەگەر نەیتوانی بیسەلمێنێ حوکمی قەرەبووکردنەوەی بەسەردا دەدرێ، بەڵام لەم حاڵەتەدا قەرزار بۆی هەیە لەباتیی قەرەبووکردنەوە دلوای هەڵوەشاندنەوە بکا، پێویستە قازی دلواکەی قبوڵ بکا لەبەرئەوەی جێبەجێکردن بووەتە مەحاڵ.

---

(1) الأستاذ حجازي سەرچاوەی پێشوو ١٠٩١/١ بند ٨٥٦.
حاشية شهاب الدين القليوبي على منهاج الطالبين للشيخ محي الدين النووي ٢١١/٢.

(2) حاشية ابن عابدين ٥٦٦/٤ المدني العراقي م١٢٧ والمصري م١٣١ والسوري م١٣٣ والأردني م٩٣.

**جۆرەکانی مەحالی:**

مەحالی لەڕووی سروشتیەوە بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبێ، گرنگترینیان:

**یەکەم- مەحالیی ماددی:**

وەك لەم وێنانەدا:

أ- عەقدەکە تایبەت بێ بە نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەیەك و بەر لە نۆژەنکردنەوەی هەرەس بێنێ.

ب- دروستکردنی بینایەك لەسەر بینایەکی پێشوو و کۆنەکە بەر لە تازەکە بڕوخێ.

ج- بوونی عەیبێکی شارلوە[1] لە شوێنی کارەکەدا کە رێگە لە دروستکردنی پرۆژەکە بگرێ یان هەرەشەی داڕوخانی لێبکا وەك ئاوی ژێر زەوی، یان بوونی مەوادی کیمیاوی کە لەگەڵ بیناکە کارلێك دەکات و دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی[2].

د- بوونی عەیبێك لە نەخشە (دیزاین)ەکەدا و نەخشەدانەرەکە بەرپرسە لە ئەنجامەکان، جا چ ئەندازیارێك بێ یان بەڵێندەرێك یان خاوەن کار.

**دووەم- مەحالیی کەسی (شەخسی):**

وەك مردنی بەڵێندەرێك یان پزیشکێك یان هونەرمەندێك، کە کەسایەتیەکەی جێگەی ئیعتیبار بوو لەبەر توانا خودی و بەدەستهاتوەکانی لە بڕوانامەی و ناوبانگی باش. بەڵام ئەگەر کەسایەتیەکەی جێگەی ئیعتیبار نەبوو ئەوا دەکرێ لە جێی ئەو، پرۆژە یان بیناکە یان پرۆسەکە لەلایەن کەسێکیتر لە میراتگرانی کۆچکردووەوە تەواو بکرێ، ئەگەر ئەوەیشیان پێ نەکرا دەتوانن داوای هەڵوەشاندنەوە لە قازی بکەن[3].

---

[1] عەیبی شارلوە ئەوەیە بە پشکنینی ئاسایی نادۆزرێتەوە.

[2] مەدەنیی عێراقی م٨٧٠.

[3] السنهوري، الوسيط ٢٦١/٧.

شایانی باسە پێوەرێکی بابەتی نیە بۆ لێك جیاکردنەوەی ئەوەی کەسایەتیەکەی جێگەی ئیعتیبارە یان نا، ئەوە لە دەسەلاتی هەڵسەنگاندنی قازیی بابەتەکەیە.

بێتوانایی بەڵێندەر یان هونەرمەند یان کەسێکی لەو جۆرە بەر لە جێبەجێکردن، وەك مردن دەبێ[٤]. بۆ نموونە ئەو بەڵێندەرەی تووشی نەخۆشیەك دەبێت و دەبێتە رێگر کە ئەوەی بەڵێنی داوە جێبەجێی بکا، بۆی نیە داوای هیچ لە خاوەن کارەکە بکا، هەروەها پێویستە ئەوەی پێشەکی وەریگرتوە بیگێڕێتەوە ئەگەر بەرانبەر ئەوە کاری نەکردبوو.

**سێیەم: مەحاڵیی یاسایی:**

ئەوەیە نەکرانی جێبەجێکردنی پابەندیەکە بەگوێرەی یاسا دەبێ، وەك ئەوەی ئەو زەویەی خاوەنەکەی بەنیازە بینای لەسەر بکا بکرێتە موڵکی دەوڵەت، یان بەڵێندەرەکە ملکەچی خزمەتی زۆرەملێ بێ و برابێتە خزمەتی سەربازی، یان مۆڵەتنامەکەی لێ وەرگیرابێتەوە.

---

[٤] مەدەنیی میسری م٦٦٦، سوری م٦٣٢ و سویسری م٣٧١.

# خواستی چوارەم:
# ئاسەوارەکانی هەڵوەشانەوە

هەڵوەشانەوەی گرێبەند چەندین ئاسەواری لێ دەکەوێتەوە، لەوانە:

یەکەم– نەمانی گرێبەندەکە و ئاسەوارەکانی لە ماف و پابەندیەکان و وا دادەنرێ وەك ئەوەی گرێبەندەکە نەبووبێ. گرێبەند هۆی ئاسەوارەکانیەتی وەك لە فیقهی ئیسلامیدا، یان سەرچاوەیەتی وەك لە یاسادا. شتێکی بەڵگەنەویستە بەرهۆ (المسبب) بە نەمانی هۆ یان سەرچاوەکەی نامێنێ[1].

دووەم– نەمانی ئاسەوارەکان بە پاشئاسەوار دەبێ، واتە لە مێژووی ئیمزاکردنی گرێبەندەکەوە بە دوو مەرج:

یەکەمیان: ئەوەیە هەڵوەشانەوەکە بەهۆی هێزێکی بێئامانەوە[2] بێ بەر لە وەرگرتن، جا عەقدەکە چ جێبەجێکردن فەوری بێ یان جێبەجێکردن بەردەوام.

دووەم: عەقدەکە لە عەقدەکانی ماوە نەبێ، ئەگەر هەڵوەشانەوەکە پاش وەرگرتن بوو[3].

---

[1] م١٧٩ عێراقي، م١٥٩ میسري، م١٦٠ سوري، م١٦١ لیبي، م٢٤٣ لوبناني.

[2] هێزی بێئامان (القوة القاهرة) شتێکە مرۆڤ ناتوانێ لە خۆی لابدا وەك دیاردە سروشتیەکان (لافاو و وشکەساڵی و کوللە و گەردەلول و ئاگرکەوتنەوە و بومەلەرزە..)، هەروەها وەك رووداوە بەشەرییە بێئامانەکان وەك جەنگ و هێرشی دوژمن و کارەکانی دەسەڵاتدارانی گشتی کە دەشێ وابکا جێبەجێکردنی پابەندی مەحاڵ بێ. ئەو شتەی دەکرا لابدرێ بە هێزی بێئامان دانانرێ تا قەرزار نەیسەلمێنێ هەموو توانای خۆی بەخەرج داوە بۆ لادانی و نەیتوانیوە. هەروەها ئەو هۆیەی بەرهەمی هەڵەیەکی رابردووی قەرزار بێ بە هێزی بێئامان دانانرێ.

[3] ئەگینا لە عەقدی بەکرێداندا ئەسەرەکە لە مێژووی هەڵوەشانەوەکەوە حسابە ئەگەر هاتوو ماڵە بەکرێگیراوەکە پێش لە وەرگرتن یان پاش وەرگرتن و بەر لە تەواوبوونی ماوەی بەکرێدانەکە فەوتا. کرێی پاش فەوتانەکە دەفەوتێ و بەکرێدەر کرێی ئەو سوودەی دەکەوێ کە دەستی ←

سێیەم– نەبوونی بەرپرسیارێتیی عەقدیی قەرزار سەبارەت بە جێبەجێکردن، هەروەها نەبوونی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیکردن سەبارەت بە قەرەبووکردنەوە لەبەر نەبوونی هەڵەی قەرزار، هەڵەیش رەگەزێکی سەرەکییە لە هەموو بەرپرسیارێتیەکدا، بەڵام هەر بە بەرپرسیار دەمێنێتەوە لە لەئەستۆگرتنی لێکەوتە (لێکەوتەی فەوتانی عەقدەکە یان شتەکە یان هەردووکیان) لەسەر بنچینەیەکیتر جگە لە هەڵە، وەك لە روونکردنەوەی لەئەستۆگرتنی لێکەوتە (تەبیعە)دا باس دەکرێ.

چوارەم– پێویستنەبوون بە دەستوەردانی دادگە و ئەوەی پەیوەندی پێیەوە هەیە لە ئاگەدارکردنەوە یان بەرزکردنەوەی دەعوا، یان دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی قازی.

بە دەربڕینێکیتر، خۆبەخۆبوونی هەڵوەشانەوە بەحوکمی یاسا دەبێ و قازی رۆڵی لە دروستکردنی هەڵوەشانەوە یان ئیقرارکردنیدا نیە.

بەڵام لە حاڵەتی هەڵوەشانەوەدا، لەوانەیە پەنا بۆ دادگە ببرێ ئەگەر سەبارەت بە مەحاڵیی جێبەجێکردن و بوونی مەرجەکانی و دەست تێدا نەبوونی قەرزار و ئەو شتانە، کێشە لەنێوان قەرزدەر و قەرزاردا سەری هەڵدا[1].

**پێنجەم**– لە گرنگترین مەسەلە پەیوەندارەکان بە ئاسەوارەکانی هەڵوەشانەوە، ناکۆکییە لە مەسەلەی دیاریکردنی ئەو لایەنەی لێکەوتەی فەوتانەکە دەگرێتە ئەستۆ ئاخۆ قەرزدەرە یان قەرزار[2]. ئەم مەسەلەیە لەنێوان شەرعزانان لە فیقهی یاسا و فیقهی ئیسلامیدا جێی ناکۆکییە.

---

کەوتوە.

[1] الشرقاوي سەرچاوەی پێشوو لا٣٣٥.

[2] الأستاذ السنهوري ٨١٨/١ و پاشتر. د.أبو ستيت بند ٢٨٧
د.أنور سلطان: ص٣٧١ و پاشتر. د.مرقس: ص٣١٧ و پاشتر. بند ٢٤٢ و پاشتر.
الأستاذ الصدة: ص٤٠٧ بند ٣٨١ الأستاذ إسماعيل غانم: ص١٩٤ و پاشتر.
د.محمود جمال الدين زكي ٢٠٤/١ و پاشتر. د.توفيق حسن فرج ٢٠٣/١ و پاشتر.
الشرقاوي ٤١٠/١.

بەر لە خستنەڕووی ئەم ناکۆکییە شتێکی بەسوودە جیاکاری لەنێوان لێکەوتەی شت و لێکەوتەی گرێبەنددا بکەین:

أ- مەبەست لە لێکەوتەی شت: ئەو زیانەیە کە لە فەوتانی بەهای شتەکەدا خۆ دەنوێنێ بە لەناوچوونی بەهۆی هێزێکی بێئامانەوە، ئەو شتەیش شوێن(محل)ی عەقدەکە و بابەتی پابەندییە، وەك فەوتانی فرۆشراوەکە بەر لە رادەستکردنی و فەوتانی ماڵە بەکرێگیراوەکە بەر لە تەواوبوونی ماوەی بەکرێگرتنەکە، جا چ فەوتانەکە پێش لە رادەستکردن بێ یان پاشی.

ب- مەبەست لە لێکەوتەی گرێبەند: لەئەستۆگرتنی ئەو زیانەیە کە لە نەمانی گرێبەندەکە دەکەوێتەوە، بۆ نموونە گرێبەندی سپاردە بەکرێ بەرانبەر بە پاراستن ئەگەر سپاردەکە (ماڵە سپێردراوەکە) بە هێزێکی بێئامان فەوتا، پێسپێر (المودع) زیانی ئەو فەوتانە دەگرێتە ئەستۆ نەك پێ سپێردراو، پێ سپێردراویش لێکەوتەی گرێبەندەکە دەگرێتە ئەستۆ و بۆی نیە پاش فەوتانی داوای کرێ بکا.

شایانی باسە ئەوەی لێکەوتەی گرێبەند دەگرێتە ئەستۆ لێکەوتەی شتەکە ناگرێتە ئەستۆ وەك لەو نموونەیەدا، بەڵام لە هەندێ عەقددا کەسێك دەیگرێتە ئەستۆ وەك عەقدی بەکرێدان، جا ئەگەر ماڵە بەکرێگیراوەکە پێش یان پاش رادەستکردنی فەوتا، بەکرێدەر زیانی ماڵەکە دەگرێتە ئەستۆ و لە کیسی ئەو دەچێ لەبەرئەوەی ئەو خێویەتی، هەروەها زیانی نەمانی عەقدەکە دەگرێتە ئەستۆ و پاش فەوتانی ماڵە بەکرێگیراوەکە شایستەی کرێکەی نابێ.

### هەڵوێستی یاسا و شەرعزانانی لە دیاریکردنی ئەو لایەنەی لێکەوتەی فەوتانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ:

دیاریکردنی جێی ناکۆکیەکە:

١- ناکۆکی لەوەدا نیە کە گرێبەند ئەگەر بۆ یەك لایەن پابەندکار بێ، قەرزدەر لێکەوتەی فەوتانی شتەکە کە شوێنی عەقد و بابەتی پابەندییە دەگرێتە ئەستۆ،

ئەگەر ماڵە پێشکەشکراوەکە (الموهوب) فەوتا پێشکەشکراو بەرپرسیار نییە لە زیانی فەوتانەکە دەگرێتە ئەستۆ، جا فەوتانەکە چ پێش لە رادەستکردن بێ یان پاشی، پابەندیی قەرزارەکە بەهۆی مەحاڵیی جێبەجێکردنەوە دەڕەوێتەوە و ئیتر پابەندیەك لە گەردنیدا نامێنێ لێی رەها ببێ[1].

٢- ناكۆكی لەوەدا نیە کە کڕیار لێکەوتەی فەوتانی فرۆشراو دەگرێتە ئەستۆ لەم حاڵەتانەدا:

أ- ئەگەر بۆ وەرگرتنی فرۆشراوەکە ئاگەدار کرایەوە و لە وەرگرتنیدا کەمتەرخەمی کرد.

ب- ئەگەر فەوتانەکە لەکاتی بەندبوونی فرۆشراوەکەدا بوو بەهۆی کەمتەرخەمیکردنی کڕیار و دواخستنی دانی نرخەکەی بەو شێوەیەی رێکەوتنی لەسەر کرابوو.

ج- ئەگەر کڕیار دەستی هەبوو یان بووبووە بایسی مەحاڵبوونی جێبەجێکردن.

د- ئەگەر لەسەر ئەوە رێکەوتبوون فەوتانی ماڵەکە بەر لە رادەستکردن لەسەر کڕیارە.

هـ- ئەگەر مەحاڵیی جێبەجێکردن پاش رادەستکردن بوو.

٣- ناكۆكی لەوەدا نیە کە فەوتانەکە لە ئەستۆی فرۆشیاردا دەبێ ئەگەر دەستی هەبوو لە مەحاڵبوونی جێبەجێکردندا[2]، یان مەحاڵیەکە بەر لە ئیمزاکردنی عەقدەکە بوو، وەك ئەو کەسەی ئۆتۆمبێلێك بفرۆشێ بەر لە عەقدەکە سووتابێ، ئەمە لە بارێکدا عەقدەکە بە دروست دانانرێ. هەروەها ناكۆكی لەوەدا نیە فەوتانەکە ئەگەر بەشەکی بێ کڕیار بۆی هەیە دلوای قەرەبوو لە فرۆشیار بکا لەسەر دابەزینی بەهای فرۆشراوەکە و ئەو زیانەی بەهۆی فەوتانەکەوە لێی کەوتوە، یان دلوای

---

[1] د. اسماعيل غانم، الوجيز في عقد البيع ١٩٦٣: ص١٩٤. د.عبد المنعم فرج الصدة، مصادر الالتزام: ص٤٠٧ وما يليها. د.الشرقاوي: ص٣٢٤-٣٢٥.

[2] یان نەتوانێ بیسەلمێنێ دەستی لە روودانی مەحاڵیی جێبەجێکردندا نەبووە.

هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنی فرۆشتنەکە بکا لەگەڵ قەرەبوو، ئەگەر فەوتانە بەشەکیەکە کاریگەر بوو.

بەڵام ناکۆکی لە جگە لەو حاڵەتانەیە باس کران، وەك لەم ڕوونکردنەوەیەدا:

**یەکەم–** ئەو ئاراستەیەی پێی وایە لێکەوتەی فەوتان لە گرێبەندی فرۆشتندا لەسەر کڕیارە، لەو یاسایانەی کار بەم بۆچوونە دەکەن:

**١– یاسای ڕۆمانی:** لەو ڕووەوە پابەندیی هەر گرێبەندوانێك لە گرێبەندی فرۆشتندا سەربەخۆ و جیاواز بوو لە پابەندیی گرێبەندوانەکەیتر، کەوتنی یەکێك لە دوو پابەندیەکە کەوتنی پابەندیی گرێبەندوانەکەیتری لێ نەدەکەوتەوە. لێرەیشەوە ئەگەر فرۆشراوەکە بەر لە رادەستکردنی لای فرۆشیارەکە فەوتا پابەندیەکەی لەسەر دەکەوێ، بەڵام کڕیار بە دانی نرخەکەی پابەندی لەسەر ناکەوێ، بەمەیش ڕێسای لەئەستۆگرتنی لێکەوتەی فەوتانەکە لەلایەن قەرزارەوە جێبەجێ ناکرێ[١].

**٢– یاسای مەدەنیی فەرەنسیی بەرکار:** ئەم یاسایە شوێن ڕێبازی یاسای ڕۆمانی کەوت کە لێکەوتەی فەوتان بەر لە رادەستکردن دەکەوێتە سەر قەرزدەر نەك قەرزار، لە دەقی هەردوو مادەی ١١٣٨ و ١٦٢٤[٢] ئەوە وەردەگیرێ کە لەتەك تەواوبوونی گرێبەندەکەدا فرۆشراو دەکەوێتە ئەستۆی کڕیار، واتە ئەگەر ماڵەکە لەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان ئیمزاکردنی ڕێکەوتنەکە و رادەستکردن، فەوتا، پابەندیی

---

[١] الاستاذ الدكتور أحمد نجيب الهلالي، شرح القانون المدني المصري القديم في العقود ٣٠٣/١.

[٢] وەرگێڕانی دەقی م١١٣٨: (هەرکات هەردوو گرێبەندوان گەیشتنە ڕەزامەندی، تەولو پێویستە ئەوەی عەقدی لەسەر کراوە رادەست بکرێ، ئەم پابەندییە گرێبەندوان دەکاتە خاوەن و ئەو شتەی پێویستە لە ساتی واجببونی وەرگرتنیەوە وەریگیرێ دەخاتە ئەستۆی جا قازانج بکا یان زیان با بە راشکاویش ئەمە نەڵێ، بەو مەرجەی بەرانبەر لە رادەستکردنیدا ماتەڵی نەکردبێ، لەو حاڵەتەدا شتەکە لە ئەستۆی ئەودایە و ئەگەر فەوتا لەسەر ئەوە).

وەرگێڕانی دەقی م١٦٢٤: (زەمانی ئەوەی لە فرۆشراو فەوتاوە هەمووی یان هەندێکی یان ئەوەی لێی عەیبدار بووە بەر لە وەرگرتنی، لەسەر فرۆشیار یان کڕیارە بەپێی ئەوەی لە کتێبی گرێبەند و پابەندیەکاندا نووسراوە).

رادەستکردن لە گەردنی فرۆشیاردا نامێنێ، سەرباری ئەوەیش کڕیار مولزەمە بە دانی پارەکەی.

بناغـەی لەئەسـتۆگرتنی لێکەوتـەی فـەوتان[1] لەلایـەن قـەرزدەرەوە لـە یاسـای فەرەنسیدا، جیاواز لەوەی زۆربەی یاساکان پەسەندیان کـردوە و جیـاواز لـەو رێسـا گشتیەی دەڵێ فرۆشراو بـەر لـە وەرگـرتن لـە دەسـتەبەری فرۆشـیاردایە، نـاکۆکی لەسەرە، بەم شێوەیە:

أ- هەندێ شەرعزان[2] پێیان وایە بناغەکە بریتییە لە رێسـای: (رەنـج بـە گـەنج) (الغرم بالغنم)، بەو مانایـەی مـادام کڕیـار لـە رۆژی فرۆشـتنیەوە سـوود لـە زیـادەی فرۆشـراوەکە وەردەگـرێ، شـتێکی دادپەروەرانەیـە کـەمکردنی فرۆشـراوەکە یـان فەوتانیشی لەو سـاتەوە بگرێتـە ئەسـتۆ. ئـەم رایـەیش رەخنـەی لـێگیراوە بـەوەی ئومێدی زیادەکە لەگەڵ مەترسیی فەوتانە گشتی یان بەشەکیەکە بەرانبەر نیە.

ب- هەندێ دەڵێن[3] رای راست ئەوەیە یاسای فەرەنسی ئاراستەکەی خۆ لەسەر رێسایەکیتر دامەزراندوە، ئەویش ئەوەیە: (فەوتانی ماڵ لەسەر خاوەنەکەیەتی)، بەو مانایەی کڕیار هەر تەنها بە عەقدکردنەکـە بووەتـە خـاوەن، لەبەرئـەوە یاسـادانەری فەرەنسی بڕیاری داوە کە لە کاتی عەقدکردنەکەوە ئەو فەوتانی فرۆشراوەکە دەگرێتە ئەستۆ.

هەندێ شەرحکاری فەرەنسی[4] هەوڵیان دا پاساو بـۆ دەقـی یاسـا فەرەنسـیەکە بێننەوە و لەگەڵ رێسا گشتیەکاندا بیسازێنن، ئەوانەیان بەهەڵە خستەوە کـە دەڵـێن فەوتانی فرۆشراو رێگـە لـە فرۆشـیار دەگـرێ پابەندیەکـەی جێبـەجێ بکـا، ئـەویش

[1] هو غير الأساس الذي أقره القانون الروماني وهو استقلالية كل من الالتزامين عن الآخر وقت التنفيذ كما ذكرنا.

[2] كولان وكابتان لە فيقوانانى فەرەنسان. نقلا عن الاستاذ الهلالي، سەرچاوەی پێشوو ٣٠٣/١.

[3] لەوانە: بلانيول. . لە سەرچاوەی پێشووەوە.

[4] لەوانە: بلانيول. لە سەرچاوەی پێشووەوە.

لەبەرئـەوەی فرۆشـیار پابەنـد بـووە بـە گواسـتنەوەی خاوەندارێتیەکـە بـۆ کڕیـار و بەکردەوەیش تەنها بە تەواو گرێدانی عەقدەکە ئەو پابەندیەی جێبەجێ کردوە. بۆیە پێویستە کڕیاریش پابەندیی خۆی جێبەجێ بکا با ماڵەکـەیش بفـەوتێ، لەبەرئـەوەی هـۆی پابەنـدبوونی، پابەنـدبوونی فرۆشـیارە، فرۆشـیاریش ئـەوەی لەسـەری بـووە کردویەتی.

ئەم پاساوە ئەگەرچی شیکردنەوەیەکی هونەرییە بەڵام عەیبەی دەسـتگرتن بـەو ئاراستەیە لە کۆڵی یاسادانەری فەرەنسی ناکاتەوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ دادپـەروەری ناگونجێ، لەو رووەوە لە واقیعدا کڕیار نرخەکە دەدا بەبێ هیچ بەرانبەرێك و لـە یـەك کاتدا دوو شت لەدەست دەدا کە فرۆشراوەکە و نرخەکەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەوەی لە بەڵێنەکانی فرۆشیار بۆ کڕیار گرنگە رادەستکردنی فرۆشراوەکەیە بەکردەوە، بەوە دەتوانێ سوودی لێ ببینێت و لە بەروبومەکانی بەهرەمەند بێ، ئەم پابەندییەیە کە لە دیدی هەردوو گرێبەندواندا بەرانبەر بە پابەندبوونی کڕیارە بە دانی نرخەکە[1].

ج- هەندێ یاسایتر رێچکەی یاسای مـەدەنیی فەرەنسـییان گرتـوە و رێسـای: (موڵـك لـە کیسـی خاوەنەکـەی دەچـی)یان پەسـەند کـردوە. لـەو یاسـایانە یاسـای مەدەنیی ئەڵمانی مادەی (٤٤٦) سەبارەت بە خانوبەرە تۆمارکراوەکان، کـە دەڵـێ، ئەگەر بەر لە رادەستکردن لە تۆماری خانوبەرە تۆمار کرا فرۆشـراوەکە لـە ئەسـتۆی فرۆشیار دەردەچێ بۆ ئەستۆی کڕیار. هـەروەها یاسـای پابەندیـەکانی سویسـرا کـە مادەی (١٨٥) دەڵێ سوود و مەترسیەکانی شت لەگەڵ ئیمزاکردنی گرێبەندەکەدا بۆ کڕیار دەگوێزرێنەوە جگە لەو هەڵاوێردنانەی زادەی باروبۆخ یان مەرجە تایبەتەکانی گرێبەندەکەن. پاشان مـادەی (٢٢٠)ی دەڵـێ لـە بـاری رێکـەوتنی هـەردوولا لەسـەر دیـاریکردنی کاتێـك بـۆ رادەسـتکردنی خانوبەرەکـە، ئـەوا دادەنـرێ سـوود و مەترسیەکانی خانوبەرەکە تا هاتنی وادەکە بۆ کڕیار ناگوێزرێنەوە[2].

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ١/٣٠٤.

[2] لە زاری: د.کمال قاسم ثروت، شرح أحكام عقد البيع دراسة مقارنة: ص١٥٥ پەراوێزی[1].

هەروەها یاسای (الموجبات و العقود)ی لوبنانی لە برگەی دووەمی مادەی (٣٩٦) و (٢٤٣)دا ئەم ئاراستەیەوە گرتوە کە جەخت لەوە دەکا پێویستە کڕیار لە بەتەواوی جێبەجێبوونی عەقدەوە[1] مەترسیەکانی فرۆشراوەکە بگرێتە ئەستۆ. هەروەها مادەی (٣٩٨)ی روونی کردۆتەوە ئەگەر فرۆشتنەکە سەرپشککاری (تخییر) بوو و مۆڵەتی بۆ هەڵبژاردن دیاری کردبوو، پاش هەڵبژاردنەکە مەترسیەکانی فرۆشراوەکە دەگرێتە ئەستۆ، مەگەر دەقێك هەبێ جیاواز لەمە بگەیەنێ.

یاسادانەری مۆریتانیش[2] نزیك لە ئاراستەی یاسادانەری لوبنانی چووە، بەڵام لەوێ هەندێ وردەکاری هەیە لە یاسا لوبنانیەکەدا نین، چونکە مادەی (٥٠٣) دەڵێ: (لەگەڵ تەواوبوونی عەقدەکەدا کڕیار لێکەوتەی فەوتانی فرۆشراوەکە دەگرێتە ئەستۆ با بەر لە رووداني رادەستکردنیش بێ ئەگەر هاتوو فرۆشتنەکە قەڵپ (فاسید) بوو یان فرۆشراوەکە غایبی گوێزراوە بوو، یان لەوانە بوو نەدەکرا وەربگیرێ مەگەر بە کێش یان بە عەیار (وەك صاع، لە کوردیدا ریە و تەنەکە و ئەو شتانە هەیە– وەرگێڕ) یان ژماردن).

من وای دەبینم ئەم مادەیە ناتەواوە و راستیەکەی ئەوەیە بوترایە (مەگەر گرێبەندەکە قەڵپ بوایە تا دوایی)، لەبەرئەوەی گرێبەندی قەڵپ بەر لە رادەستکردن خاوەندارێتی ناگوێزێتەوە، هەروەها فرۆشراوی غایبی گوێزراوە و ئەوەی بە کێش یان عەیار یان ژماردن وەردەگیرێ، لەبەرئەوەی خاوەندارێتی بە جیاکردنەوە (الافراز) دەگوێزرێتەوە.

---

[1] دەقی مادەکە: پێویستە لەسەر کڕیار لەو ساتەوە گرێبەندەکە تەولو دەبێ، ئەگەر دەقێکی نەیار نەبێ، ئەمانە بگرێتە ئەستۆ:
یەکەم– باج و خەرجی و باقیی ئەو ئەرکانەی لە فرۆشورلوەکە دەکەونەوە.
دووەم– خەرجی پاراستنی فرۆشراو و خەرجی بەدەستهێنانی.
سێیەم– مترسیەکانی ماڵە دیاریکراوەکە.

[2] رۆژنامەی رەسمیی کۆماری ئیسلامیی مۆریتانی، کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ دەرچوە.

لەو یاسایانەی رادەستکردن بە مەرجێکی وەستێنەر بۆ گواستنەوەی خاوەندارێتی بـۆ کڕیـار دادەنـێن، یاسـای نەمسـاوی و یاسـای ئینگلیـزین، کـە گواسـتنەوەی خاوەندارێتی تا کـاتی رادەسـتکردن رادەگرن، لەبەرئـەوە تـا ئەوکاتـە فرۆشـراو لـە ئەستۆی فرۆشیاردا دادەنێن[1].

دووەم: ئەو ئاراستەیەی دەڵـێ لێکەوتـەی فـەوتان لەسـەر قـەزارە. بـەهۆی ئـەو رەخنانەی ئاراستەی یاسای فەرەنسی و یەو یاسایانەی رێچکەی ئەویان گرتوە کران، زۆر لە یاسا نوێکان بۆ ئەوە چوون کە فرۆشـراو لـە زەمـانی فرۆشـیاردا دەمـێنێ تـا وەختی رادەستکردنی، لەو یاسایانە یاسا عەرەبییە نوێکان، وەك لـە پێشـەکیی ئـەم باسەدا دەقەکانیانمان باس کرد، بەڵام هەندێ حاڵەتیان لەم رێسایە هەڵاوێر کردوە، لەوانە:

أ- حاڵەتی ئاگەدارکردنەوەی کڕیار بۆ وەرگرتنی فرۆشراو (م٥٤٧) عێراقی.

ب- حاڵەتی رێکەوتن لەسەر ئەوەی فەوتان پاش عەقدەکـە و بـەر لـە وەرگـرتن لەسەر کڕیار بێ.

ج- ئەگەر کڕیار بەر لە دانی نرخەکەی و بەبێ مۆڵەتی فرۆشیار دەسـتی بەسـەر فرۆشراوەکەدا گرت (م٥٧٨) عێراقی.

د- تەلەفکردنەکە لەلایەن کڕیارەوە بێ.

هـ- ئەگەر فرۆشتنەکە بازرگانی بوو لێکەوتەی فەوتانەکـە لەسـەر کڕیـار دەبـێ، لەبەرئەوەی بە بوون و نەبوون لەگەڵ گواستنەوەی خاوەندارێتیدا دەسوڕێ، ئەوەیش لە کاتی رادەستکردنی فرۆشراوەکەوە بە عەمیلی گواستنەوە یان بە گوێزەرەوە یان بەو کەسەی ئەرکی گواستنەوەی شتومەکە، لەبەرئەوەی ئەم رادەستکردنە حوکمییە لەجێی رادەستکردنی راستەقینە حسێبە و کڕیار بۆی هەیە رەفتار بە کاڵاکەوە بکا (م١٥٣) بازرگانی.

---

[1] د. الهلالي، سەرچاوەی پێشوو ٣٠٤/١ پەراوێزی[4].

لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە ئەم هەڵوێستەیان بەوە شی کردەوە کە پابەندبوون بە رادەستکردن ئەگەرچی پابەندیەکی شوێنکەوتەی پابەندبوون بە گوێزانەوەی خاوەندارێتییە، بەڵام پابەندیەکی دووەمی نیە، چونکە خاوەندارێتیەکە بۆ کڕیار ساف نابێ (واتە عەقدەکە لەڕووی ئاسەوارەوە هێشتا تەواو نەبووە، تا رادەست نەکرێ)، لەو رووەوە رادەستکردن توانا دەداتە کڕیار بەکردەوە سوود لە فرۆشراوەکە وەربگرێ، هەروەها رادەستکردن کڕیار دەپارێزێ لە مەترسیی ئەوەی فرۆشیار مامەڵە بە فرۆشراوەکەوە بکات و بۆ جاری دووەم بە کەسیتری بفرۆشێتەوە، چونکە بەزۆری واباوە کەسیتر روو ناکاتە کڕین لە فرۆشیار مەگەر فرۆشراوەکە هێشتا لە دەستیدا بێ[1].

**هەڵوێستی فقیهی ئیسلامی:**

شەرعزانانیش هاوشێوەی یاساناسان لەبارەی دیاریکردنی ئەو لایەنەی لێکەوتەی فەوتانی فرۆشراوی بەر لە رادەستکردن دەکەوێتە ئەستۆ بۆ دوو ئاراستە دابەش بوون، ئاراستەیەك تەبیعەی فەوتان بە خاوەندارێتیەوە بەستوە، واتەماڵە موڵکەکە ئەگەر فەوتا لە کیسی خاوەنەکەی دەچێ، لەکاتێکدا جمهوری شەرعزانان بۆ ئەوە چوون بیبەستنەوە بە رادەستکردنەوە[2].

لە لایەنگرانی ئاراستەی یەکەم شەرعزانانی زاهیرین، ئیبن حەزم (رەحمەتی خوای لێبێ) لە کتێبی (المحلی)دا[3] دەڵێ: (هەر فرۆشتنێك دروست بێ، پاشان لەگەڵ تەواوبوونی فرۆشتنەکە فەوتا، ئەوا کۆستەکەی بۆ کڕیارە (المبتاع)[4]، هەروەها هەر

---

[1] الاستاذ الشرقاوي، سەرچاوەی پێشوو: لا٣٣٧.

[2] شایانی باسە ئەم ناکۆکییە لە عەقدی بەکرێداندا نابێ، لەو رووەوە ئەگەر ماڵە بەکرێگیراوەکە فەوتا بەبێ ناکۆکی لە کیسی خاوەنەکەی دەچێ، ناکۆکی لە عەقدی فرۆشتندایە.

[3] ٣٧٩/٨ بند ١٤٢١.

[4] واتە لەسەر کڕیارە و بۆی نیە بۆ ئەو پارەیەی داویەتی بگەڕێتەوە سەر فرۆشیار.

عەیب یان ناتەواویەکیش رووی تێ بکا، جا چ لە هەموو ئەوەدا فرۆشراوەکە غایب بێ یان حازر و ئامادە بێ).

لە لایەنگرانی ئاراستەی دووەمیش شەرعزانانی حەنەفین. لە (مرشد الحيران)ی رەحمەتی محەمەد قەدری پاشا، مادەی (٤٦٠)دا هاتووە: (ئەگەر فرۆشراو لای فرۆشیار و بە کردەی خۆی یان بە کردەی فرۆشراوەکە یان بە بەڵایەکی ئاسمانی فەوتا، فرۆشتنەکە بەتاڵ دەبێتەوە[1] و کڕیار بۆ پارەکەی دەگەڕێتەوە سەر فرۆشیار ئەگەر درابوو).

جگە لەو دوو ئاراستەیە، هەندێ شەرعزان وەك مالیکی[2] و شافیعی[3] و ئیبازیەکان[4] دەستیان داوەتە درێژدادڕیەکی نەزۆك کە سوودێکی کرداریم تێدا نەبینی بەتایبەت لەم سەردەمە لەڕووی ئابووریەوە پەرەسەندووەدا، وەك جیاکاریکردن لەنێوان ئەوەی فرۆشراوەکە بەندە بێ یان کەنیزەك یان بەروبوم بێ و ئەو شتانە، لەبەرئەوە ئەو درێژەیەم پشتگوێ خست.

لە قسەی حەنبەلیەکان ئەوە تێدەگەین کە شوێن (محل)ی گرێبەند ئەگەر هاوچەشن بوو ئەوا فەوتانەکە لە کیسی فرۆشیار دەچێ، ئەگەر بەهایی بوو لە کیسی کڕیار دەچێ[5]، ئیمامی لەگەڵ حەنەفی کۆکن لەوەدا قەرزار بەرەها تەبیعەی فەوتان دەگرێتە ئەستۆ، جا چ شوێنەکە هاوچەشن بێ یان بەهایی[6].

---

[1] واتە: خۆبەخۆ هەڵوەشایەوە.

[2] لە سەرچاوە پشت پێبەسترلوەکان لە فیقهی شافیعیدا، بڕوانە: الشرح الصغير للدردير ١٩٥/٣ و پاشتر.

[3] لە سەرچاوە پشت پێبەسترلوەکان لە فیقهی شافیعیدا، بڕوانە: المهذب لأبي اسحق الشيرازي ٢٩٦/١.

[4] شرح كتاب النيل وشفاء العليل ٥١٤/٨.

[5] لە: المغني لإبن قدامة (٥٦٩/٣)دا هاتووە: (ئەگەر کاڵاکە لە ماوەی بژاره "واتە بژارەی مەجلیس"دا فەوتا، ئەوا یان پێش وەرگرتنە یان پاشی، ئەگەر پێش وەرگرتن بوو و پێوانەکراو و کێشراو بوو، فرۆشتنەکە هەڵدەوەشێتەوە و لە ماڵی فرۆشیار دەبێ، ئەمزانیوە ←

هەرچی ئاسەواری هەڵوەشانەوەیە لەبەر هەر هۆیەك جگە لە فەوتانی فرۆشراوەکە پێش رادەستکردن، لەو رووەوە هەمان ئاسەوارە کە لە فیقهی ئیسلامیدا لە بەتالکردنەوەی عەقد دەکەوێتەوە لە حاڵەتەکانی مانەوەی شوێنی عەقدەکە و گێڕانەوەی هەردوو ئاڵوگۆڕکراوەکە بۆ خاوەنەکەی بەر لە گرێبەندکردنەکە، ئەوا پشت بەخوا روونکردنەوەی ئەو ئاسەوارانە لە باسی سێیەمدا باس دەکرێ، ئەویش بۆ خۆ دوورگرتن لە دووبارەکردنەوە.

رای زاڵ سەبارەت بە دیاریکردنی ئەو لایەنەی لێکەوتە (تەبیعە)ی فەوتانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ:

توێژەر پێی وایە رای زاڵ و دادپەروەر ئەوەیە لە عەقدی فرۆشتندا ئەگەر فرۆشراوەکە پێش رادەستکردن بە هۆیەکی بێگانە (هێزێکی بێئامان) فەوتا، هەردوو گرێبەندوان نیوە بەنیوە تەبیعەی فەوتانەکە دەگرنە ئەستۆ.

نیوەی لەسەر فرۆشیارە لەبەرئەوەی، ئەگەرچی پابەندیی سەرەکیی خۆی جێبەجێ کردوە کە گواستنەوەی خاوەندارێتیی فرۆشراوە بۆ کڕیار، بەڵام پابەندیی دووەمی جێبەجێ نەکردوە کە پاش پابەندیی یەکەم دێ لە گرنگیدا، ئەویش رادەستکردنە، هەروەها لەبەرئەوەی خاوەندارێتیی کڕیار تا پاش وەرگرتنی ماڵەکە تەواو نابێ.

هەرچی بەرپرسیارێتیی کڕیارە لەبەرئەوەیە بووەتە خاوەنی فرۆشراوەکە ئەگەرچی ئەو خاوەندارێتییە بەر لە وەرگرتنی، تەواو نیە، بەوە هەردوو بناغەی باسکراو بۆ لەئەستۆگرتنی تەبیعە، واتە بناغەی بەستنەوەی لەئەستۆگرتن بە

---

لەمەدا جیاوازی هەبێ، مەگەر کڕیار بیفەوتێنێ و بەوە دەکەوێتە ئەستۆی و بژاردەکەی بەتاڵ دەبێتەوە. ئەگەر فرۆشراوەکە پێولەکرلو و کێشرلو نەبوو و رێگەی وەرگرتنی لە کڕیار نەگیرابوو، زاهیری مەزهەب ئەوەیە لە ئەستۆی کڕیاردایە و وەك ئەوەیە پاش وەرگرتن فەوتابێ).

(1) الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية للعاملي ١/٣٣٦.

رادەستكردن و بناغەی بەستنەوەی بە خاوەندارێتیەوە، پێكەوە كۆدەكرێنەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەم حوكمە دادپەروەری تێدایە و تەواوی قورساییەكە ناخرێتە سەر یەكێك لە دوو گرێبەندوانەكە بەتەنها.

ئەوەی كە بگوترێ قەرزار (فرۆشیار) تەبیعەكە دەگرێتە ئەستۆ گومانی ستەمكردنی تێدایە، چونكە لە یەك كاتدا نرخەكە و فرۆشراوەكەیش لەدەست دەدا بەبێ ئەوەی هیچ كەمتەرخەمی یان گوناهێكی هەبێ. لەئەستۆگرتنی قەرزدەر (كڕیار)یش بۆ تەبیعەی فەوتانەكە بەتەواوی هەمان گومانی تێدایە، لەبەرئەوەی نرخەكە بەتەواوی دەدا بەرانبەر بە هیچ.

گوتنی ئەوەی هەردوو گرێبەندوان تەبیعەی فەوتانەكە نیوە بەنیوە دەگرنە ئەستۆ، لە مادەی (٦٤٩)ی[١] ئەو پرۆژەیەدا باس كراوە كە ساڵی ١٩٨٥ بۆ یاسای مەدەنیی عێراقی ئامادە كرا، بەڵام تا ئێستا روناكی نەدیوە، ئەو سەرچاوەیەیشم نەدیوە كە ئەو حوكمەی لێ وەرگیراوە.

---

[١] دەقی مادەی (٦٤٩):

یەكەم- ئەگەر فرۆشراوەكە بەر لە رادەستكردنی بە كڕیار بە هۆیەكی بێگانە بەتەواوی یان بەشەكی فەوتا، هەردوو گرێبەندوان نیوە بەنیوە تەبیعەكەی دەگرنە ئەستۆ، بەو مەرجەی دەق یان رێكەوتنێك نەبێ جیاواز لەوەی بڕیار دابێ.

دووەم- ئەگەر فەوتانەكە پاش ئاگەداركردنەوەی كڕیار لە وەرگرتنی فرۆشراوەكە روویدا، كڕیار بە تەنها تۆباڵی فەوتانەكە دەگرێتە ئەستۆ.

# باسی سێیەم:
# بەتاڵکردنەوە

بەتاڵکردنەوە (الإبطال) لە بابی (الإفعال)ە، چاوگی (أبطل)ەیە. بە تێپەڕ (متعدي) هاتووە، دەوترێ: أبطلت الشيء: جعلته باطلا. واتە شتەکەم بەتاڵ کردەوە. هەروەها بە تێنەپەڕ (لازم) هاتووە دەوترێ: أبطل فلان: جاء بكذب وأدعى باطلا، واتە درۆی کرد و بانگەشەی پڕوپوچی کرد. فیعلە موجەڕەدەکەی (بطل)یە دەوترێ: بطل الشيء يبطل بُطلا وبطولا وبطلاناً: ذهب ضياعا، ويقال ذهب دمه بُطلا أي هدرا[1]. واتە خوێنەکەی بەفیڕۆ چوو. مانای یەکەم نزیکترین مانایە لە مانا زاروەییەکەی لە یاسا و فیقهی ئیسلامیدا.

**بەتاڵکردنەوە لە یاسادا:** نەهێشتنی گرێبەندێکە کە بەرهەمهێنی ئاسەوارەکانی و هەڵگری ڤایرۆسێکە هەڕەشە لە مانەوەی دەکا[2]، ئەم گرێبەندە لە فیقهی غەربی و ئەو یاسا عەرەبیانەی لەژێر کاریگەریدان پێی دەوترێ گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە (یان بەتاڵ، بەتاڵیەکی رێژەیی)[3]. گرێبەند (عەقد) قابیل بە بەتاڵکردنەوە دەبێ ئەگەر بوونی تەواو کرابێ و روکنەکانی هاتبنەجێ، بەڵام مەرجێك لە مەرجەکانی دروستیی روکنی رەزامەندی لەدەست دابێ، گرنگترین ئەم مەرجانە: شیان (ئەهلیەت) و سەلامەتیی رەزامەندییە (خاڵیبوونی لە عەیبێك لە عەیبەکانی رەزامەندی).

---

[1] لسان العرب فصل الباء حرف اللام ١٣/٥٩.

[2] الاستاذ الدكتور حسن الذنون، سەرچاوەی پێشوو.

[3] واتە بۆ ئەو کەسەی قابیلبوون بۆ بەتاڵکردنەوە لە بەرژەوەندیی ئەو بڕیری لێ دراوە.

لەم روانگەوە گرێبەند قابیل بە بەتاڵکردنەوە دەبێ لە دوو حاڵەتدا:

**یەکەمیان:** ئەگەر یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکەی بەنیسبەت گرێبەندەکەوە ئەهلیەت ناتەواو بوو.

**دووەم:** ئەگەر رەزامەندیی یەکێك لە دوو لایەنەکە هەڵە یان خەڵەتاندن (التدليس) یان زۆرلێکردن یان قۆستنەوەی تێکەڵ بوویێ.

قابیلبوون بۆ بەتاڵکردنەوە راستەوخۆ نە بۆ سروشتی شتەکان و نە بۆ بەرژەوەندیی گشتی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئارەزوو لە پاراستنی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە دەگەڕێتەوە لە مەترسیی ئەو دەردەی دووچاری ئیرادەی بووە و پێی دەوترێ عەیبی ئیرادە، کە بریتییە لە هەڵە یان خەڵەتاندن یان زۆرلێکردن یان قۆستنەوە[٤].

یاساناسان لەژێر ناونیشانی جیاوازدا لەسەر ئەم بابەتە دواون، لەوانە دەستەواژەی وەك: سەلامەتیی رەزامەندی[١] و نەخۆشیەکانی عەقد یان عەیبەکانی ئیرادە[٢] یان عەیبەکانی رەزامەندی[٣] یان دروستیی رەزامەندی[٤]، دەستەواژەی وردیش بریتییە لە عەیبەکانی ئیرادە لەباتیی دەستەواژەی عەیبەکانی رەزامەندی کە بەر لە یاسا نوێیەکە لە فیقهی میسریدا بڵاو بوو و هێشتایش لە فیقهی فەرەنسیدا بڵاوە، لەکاتێکدا جیاوازیەکی جەوهەرییان لەنێواندا هەیە، ئەویش ئەوەیە رەزامەندی (الرضا) لە ئاوێتەبوونی دوو ئیرادە پێکدێ (یان دوو دەربڕینە بۆ دوو ئیرادە)، واتە رووداوێکی دووسەرەی لێکدراوە، بۆیە ناوترێ ئەو بە هەڵە یان خەڵەتاندن یان زۆرلێکردن یان قۆستنەوە عەیبدارە، لەبەرئەوەی ئەم عەیبانە کاریگەرییان تەنها لەسەر ئیرادەی

---

[٤] الاستاذ مرقس، اصول الالتزامات: ص٢٣٢ و پاشتر.
الاستاذ حجازي: النظرية العاملة للالتزامات، مصادر الالتزام ١/٢٨٥ و پاشتر.

[١] مرقس: ص١٧٤.

[٢] حجازي ١/٢٩٤.

[٣] أنور سلطان ١/١٦٠.

[٤] توفيق حسن فرج، مصادر الالتزام ١/٩٣.

هەردوو گرێبەندوانە، ئەگەر وا دانرا ئیرادەی هەریەك لەو دووانە لە پێكهاتنیدا عەیبدار بووە، چاوەڕوان ناكرێ تەنها یەكێكیان دەست بەم عەیبەوە نەگرێ، لەبەرئەوە عیبرەت لە عەیبەكانی ئیرادەدا تەنها بە ئیرادەی یەكێك لە دوو گرێبەندوانەكە دەبێ، لێرەیشەوە عەیبی ئیرادە ڕووداوێكی تاكەكەسییە، بۆیە دەربڕینی دروست ئەوەیە بوترێ عەیبەكانی ئیرادە نەك عەیبەكانی ڕەزامەندی[٥].

---

[٥] حجازي ١/٢٩٤.

# خواستی یەکەم:
# گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە و گرێبەندە پەیوەندارەکانی

هەندێ گرێبەند هەن پەیوەندیی دوور یان نزیکیان بە گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوەوە هەیە، گرنگترینیان: بەتاڵی رەها، گرێبەندی وەستێنراو، گرێبەندی قەڵب (فاسد) و گرێبەندی بەرکاری نالازم.

**یەکەم - گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە و بەتاڵی رەها[٦]**

ئەگەرچی قابیل بە بەتاڵکردنەوە لەگەڵ بەتاڵی رەهادا لەڕووی ئەنجامەوە پاش بەتاڵکردنەوەی، یەکدەگرێ، بەڵام یەکەمیان بە کۆمەڵێ خاسێت و تایبەتمەندی لەویتر جیا دەکرێتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- بوونێکی راستەقینەی یاسایی هەیە بەپێچەوانەی دووەم کە بوونەکەی وێنەییە.

٢- ئاسەوارەکانی بەرهەم دێنێ و ئەو ئاسەوارانە بە مۆڵەتدان جێگیر دەبن بەپێچەوانەی دووەم، کە وەك رەفتارێکی یاسایی ئاسەوارە ئەسڵیەکان بەرهەم ناهێنێ.

---

[٦] مادەی (١٣٨)ی مەدەنیی میسری دەڵێ: (ئەگەر یاسا مافی دایە یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندەکەدا، ئەوا گرێبەندوانەکەیتر مافی نیە دەست بەو مافەوە بگرێ، بەڵام لە ژیانی خۆیدا نوێنەرەکەی و پاش مردنیشی میراتگرەکەی بۆیان هەیە دەست بەو مافەوە بگرن، بگرە دەکرێ قەرزدەرەکانی لەبریی ئەو لەرێی دەعوای ناڕاستەوخۆوە ئەنجامی بدەن). مرقس: ص٢٣٣، الصدة، مصادر الالتزام: ص٢٨٤.

٣- مۆڵەتی هاوپێچە بەپێچەوانەی دووەم، لەبەرئەوەی نیە (معدوم) بۆیە مۆڵەتی هاوپێچ نیە.

٤- بە کۆنبوون دەگۆڕێ بۆ دروستی لازم، بەپێچەوانەی دووەم.

٥- ماوەی گوێنەگرتن لە دەعوا تێیدا بە کۆنبوون سێ ساڵە، لە دووەمدا (١٥) ساڵە.

٦- تەنها ئەو کەسەی لە بەرژەوەندیی ئەو بڕیار لە قابیل بە بەتاڵبوون دراوە، دەستی پێوە دەگرێ، بەپێچەوانەی دووەم کە هەموو خاوەن بەرژەوەندیەك بۆی هەیە دەستی پێوە بگرێ.

٧- هۆ سەرەکیەکانی یەکەم ناتەواویی ئەهلیەتی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە، یان تووشبوونی ئیرادەیەتی بە یەکێك لەو عەیبانەی پێیان دەوترێ عەیبەکانی ئیرادە. لەکاتێکدا هۆکانی دووەم ناکۆکبوونیەتی لەگەڵ ڕێسا فەرمانکارەکان یان سیستمی گشتی یان ئادابی گشتیدا، یان نەبوونی روکنێك لە روکنەکانی یان مەرجێك لە مەرجەکانی دامەزرانیەتی.

٨- ئەو کەسەی مافی دەستپێوەگرتنی هەیە بۆی هەیە دەستی لێ هەڵبگرێ، بەپێچەوانەی دووەم کە دەست لێ هەڵگرتنی پێچەوانەی سیستمی گشتییە لەبەرئەوەی بنچینەکەی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی یان سیستمی گشتی یان ئادابە.

٩- دادگە بۆی نیە بڕیاری بەتاڵکردنەوەی بدا تا خاوەن ماف داوای نەکا، بەپێچەوانەی دووەم کە بۆی هەیە خۆبەخۆ بڕیاری بەتاڵیی بدا.

١٠- بناغەی یەکەم چاودێریکردنی بەرژەوەندیی تایبەتە و بناغەی دووەم بەزۆری چاودێریکردنی بەرژەوەندیی گشتییە، وەك لە حاڵەتی نارەوابوونی شوێن (المحل) و هۆدا.

١١– ئەگەر هۆکە نادروستیی رەزامەندی بوو، لە یەکەمدا رەزامەندی عەیبدارە و لە دووەمدا رەزامەندی نیە[1].

**دووەم - گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە و گرێبەندی وەستێنراو**

هەندێ یاساناس[2] گومانیان وابوو ئەم دوو عەقدە هاومانان، هێندە هەیە یەکەمیان زاراوەی فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەیە لەژێر کاریگەریدان، بەڵام دووەمیان زاراوەی فیقهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەیە لەژێر کاریگەریدان، بەڵام ئەم گومانە دوورە لە واقیع لەبەرئەوەی لە هەندێ شتی جەوهەریدا جیاوازن، گرنگترینیان ئەمانەن:

**١– لەڕووی ئاسەوارەوە:** عەقدی قابیل بە بەتاڵکردنەوە هەموو ئەسەرەکانی عەقدی دروستی بەر لە مۆڵەتدان لێ دەکەوێتەوە، بەڵام قابیل بە نەمانە بە بەتاڵکردنەوەی عەقدەکە. بەپێچەوانەی وەستێنراو (الموقوف)، کە تا مۆڵەتپێدانی لەلایەن ئەو کەسەی مافی مۆڵەتدانی هەیە ئاسەوارە یاسایی و شەرعیەکانی لێ ناکەونەوە.

**٢– لەڕووی هۆوە:** هۆی قابیلبوونی عەقد بۆ بەتاڵکردنەوە ناتەواویی ئەهلیەتی عەقدکار یان تووشبوونی ئیرادەیەتی بە نەخۆشیەك لە نەخۆشیەکانی عەقد[1]،

---

[1] الاستاذ الدكتور أبو ستيت، مصادر الالتزام ٢٦٠/١ و پاشتر. الاستاذ مرقس: ص٢٣٢ و پاشتر. الاستاذ توفيق حسن فرج، مصادر الالتزام ٢٠١/١.

[2] الاستاذ مرقس، أصول الالتزامات: ص٢١١.

[1] نەخۆشیەکانی عەقد لەڕووی بەهێزی و بێهێزیەوە بەگوێرەی جۆرەکەی دەگۆڕێ، لەوانەیە قابیل بە چاکبوونەوە نەبێ وەك سەرپێچیکردنی ڕێسا فەرمانکارەکە یان سیستەمی گشتی یان ئادابی گشتی یان نەبوونی روکن یان مەرجێکی دامەزران.. ئەم نەخۆشیانە قابیل بە چاکبوونەوە نین، ئەو عەقدەی تووشی دەبێ بەمردوویی لەدایك دەبێ لەبەرئەوە پێی دەوترێ بەتاڵی رەها. لەوانەیشە نەخۆشیەکان سووك و قابیل بە چاکبوونەوە بن وەك ناتەواویی ئەهلیەتی عەقدکار، هەروەها هەڵە و خەڵەتاندن و زۆرلێکردن و قۆستنەوە، ئەمانە بە مۆڵەتدان لەلایەن وەلیەوە، بۆ ئەهلیەت ناتەواویش پاش باڵقبوون و دوای ئاشکرابوونی هەڵە و نەمانی زۆرلێکردنەکە چارەسەر دەبن.

لەکاتێکدا هۆکانی وەستانی عەقد لەوە جیاوازە و زۆرن و دەکرێ بۆ سێ هۆی سەرەکی بگەڕێنرێنەوە:

أ- نەبوونی دەسەلات (الولاية) بەسەر شوێنی عەقدەکەدا، وەك لە عەقدی خۆهەڵقورتێن (الفضولي)دا.

ب- یان نەبوونی دەسەلات بەسەر جۆرە رەفتارەکەدا، وەك عەقدی شیان ناتەواو.

ج- یان پێوەبەسترانی مافی کەسیتر، وەك وەسیێتکردن بە زیاتر لە سێیەکی میرات، کە زیاتر لەوە پاش مردنی وەسیێتکارەکە لەسەر مۆڵەتدانی میراتگران دەوەستێ، لەبەرئەوەی مافیان بەسەر میراتەکەوە، هەروەها وەك تێپەڕاندنی وەلی بۆ سنووری ویلایەتەکەی و تێپەڕاندنی بریکار بۆ سنووری بریکاریەکەی.

٣- عەقدی قابیل بە بەتاڵکردنەوە لە دروستیەوە نزیکە تا بەتاڵی، لەبەرئەوەی ئەگەرچی قابیلە بەنەمان بە بەتاڵکردنەوە، بەلام ئاسەوارەکانی بەرهەم دێنێ، لەکاتێکدا عەقدی وەستێنرلو لە بەتاڵی نزیکترە تا دروستی، لەبەرئەوەی تا پاش مۆڵەتدان ئاسەوارەکانی بەرهەم ناهێنێ.

٤- قابیل بە بەتاڵکردنەوە لە عەقدە نادروستەکان دادەنرێ، هەرچی عەقدی وەستێنراوە بەشێکە لە بەشەکانی عەقدی دروست[٢].

## سێیەم - گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە و گرێبەندی قەڵب (فاسد)

یاساناسان عەقدی قابیل بە بەتاڵکردنەوە بە عەقدێکی نادروست (غیر صحیح) دادەنێن، بەمە ئەسڵ وایە هاومانای قەڵب بێ لای حەنەفیەت، بەلام لە چەندین رووەوە لێك جیاوازن، لەوانە:

---

الأستاذ حجازي، سەرچاوەی پێشوو ٢٨٥/١ و پاشتر.

[٢] فتح القدير ٤٠٠/٦ و پاشتر. رد المحتار لإبن عابدين ١١٣/٥.

١- لەڕووی هـۆوە هۆكـانی گرێبەنـدی قـەڵپ لای حەنەفیـەت زۆرن گرنگترینیـان پێنجە وەك پێشتر باسمان کرد، ئەوانیش بریتین لە زۆرلێکردن و مەترسی (الغـرر) و زیان و سوو و مەرجی قەڵپ، هۆکانی گرێبەنـدی قابیـل بەبەتاڵکردنـەوەیش پێـنجن، بەڵام لەو هۆیانەی حەنەفیەت کە باس کران جیاوازن جگە لە زۆرلێکردن. لـە یاسـادا جگە لە زۆرلێکردن، بریتین لە هەڵە و خەڵەتاندن و قۆستنەوە و ناتەواویی ئەهلیەت.

٢- لـەڕووی ئاسـەوارەوە قـەڵپ لای حەنەفیـەت تـا وەرگـرتن ئاسـەواری لـێ ناکەوێتەوە تەنانەت پاش وەرگرتن تەنها ئەوە دەگەیەنێ کە پێـی دەوتـرێ مـوڵکی پـیس (الملـك الخبیـث)[1]، لەکاتێکـدا عەقـدی قابیـل بـە بەتاڵکردنـەوە هـەموو ئاسەوارەکانی عەقدی دروستی لێ دەکەوێتەوە.

٣- لای حەنەفیەت قەڵپ پێویست هەڵبوەشێنرێتەوە و قەزا بۆی هەیە خۆبەخۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بدا لەبەرئەوەی مافی خودای پێوە بەستراوە، لەکاتێکدا لە قابیل بە بەتاڵکردنەوەدا ئازادی دەدرێتە ئەو کەسەی قابیلبوون بۆ بەتاڵکردنـەوە لـە بەرژەوەندیدا بڕیار دراوە، ئەگەر ویستی ڕێگەی پێدەدات و ئەگەر ویستیشی بـەتاڵی دەکاتەوە و قـازی دەسـەڵاتی حوکمـدان بـە بەتاڵکردنـەوەی نیـە، تـا دوای ئـەوەی لەلایەن خاوەن مافەکە یان ئەو کەسەوە نوێنەرایەتی دەکرێ، داوای نەکرێ.

٤- لای حەنەفیەت قەڵپ کۆنبوون کاری تێ ناکات و ناگۆڕێ بۆ دروست تا هـۆی فەسادەکەی لانەبرێ، بەپێچەوانەی قابیل بە بەتاڵکردنەوە کە پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر نەمانی هۆکەیدا دەگۆڕێ بۆ دروست (الصحیح).

---

[1] بدائع الصنائع ٣٢٤٢/٧ و پاشتر.

**چوارەم - قابیل بە بەتاڵکردنەوە و گرێبەندی بەرکاری نالازم**

پەیوەندی لەنێوان ئەم دوو عەقدەدا بەهێزە بەشێوەیەك دەکرێ بوترێ لەم ڕووانەی خوارەوە کۆکن:

١- هەردووکیان ئاسەواریان بەرهەم دێنن، بەڵام لە فیقهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان ئەگەری نەمان و لێرەیشەوە نەمانی ئەو ئاسەوارانەی بە هەڵوەشاندنەوە، هەروەها لە فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان بە بەتاڵکردنەوە، لەبەردەمدایە.

٢- ئەو کەسەی لە هەردووکیاندا دەست بە نالزوم (عدم اللزوم)ەوە دەگرێ، مافی هەڵبژاردنی هەیە لەنێوان هەڵوەشاندنەوە (یان بەتاڵکردنەوە) یان مۆڵەتپێدانی، کە لە فیقهی ئیسلامیدا پێی دەوترێ (الإمضاء).

٣- لەو ڕووەوە هەردووکیان هاوبەشکەی بەتاڵ و دروستی بەرکاری لازمن و هاوبەشکەی شتیش لەو شتە جیاوازە[٢].

بەڵام لە چەند ڕوویەکیترەوە جیاوازن، لەوانە:

أ- بەرکاری نالازم گرێبەندێکی دروستە، بەپێچەوانەی قابیل بە بەتاڵکردنەوە کە لە فیقهی غەربیدا بە گرێبەندی دروست دانانرێ.

ب- لەڕووی هۆوە، هۆکانی ئەوەی گرێبەندی بەرکاری نالازم (نافذ غیر لازم) بێ لە فیقهی ئیسلامیدا، یان هۆیەکی خودییە واتە سروشتی گرێبەندەکە خۆی وەك گرێبەندی بریکاری و ئیعارە (پێدان) و سپاردە، یان هۆیەکی لابەلاییە، لەم هۆیەدا دەشێ کۆك بن وەك عەقدی ئەوەی لە سیفەتێکی جەوهەریدا کەوتۆتە هەڵە، هەروەك دەشێ ناکۆك بن، چونکە بەڕای زاڵ لە فیقهی ئیسلامیدا ناتەواویی شیان هۆیەکە بۆ وەستانی عەقد لەکاتێکدا لە فیقهی غەربیدا هۆیە بۆ قابیلیەتی بەتاڵکردنەوە.

---

[٢] تبيين الحقائق للزيلعي ٣١/٤ و پاشتر.

سەرەڕای ئەم جیاوازییانە و هیتر، عەقدی بەرکاری نالازم لە فیقهی ئیسلامیدا نزیکترین عەقدە لە قابیل بە بەتاڵکردنەوە لە فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان، بەڵام بەگوێرەی پیادەکردنەکان، نزیکیی نێوانیان لەڕوویەکەوە نزیکیی گشتی و تایبەتە، چونکە لە حاڵەتەکانی خەڵەتاندن و هەڵە و زۆرلێکردندا لەلای هەندێ شەرعزانی مالیکی کۆدەبنەوە[1]، لە هەندێ پیادەکردنیتردا لێك جیا دەبنەوە، بۆ نموونە عەقدی رەهن بەرکاری نالازمە بۆ قەرزدەری رەهنگر، هەروەها عەقدی کەفالەت بۆ کەفیلکراو و عەقدی بریکاری و ئیعارە و سپاردەیش بۆ هەردوو عەقدکار، لەکاتێکدا هەموو ئەو عەقدانە قابیل بە بەتاڵکردنەوە نین تا هۆیەك لە هۆکانی قابیلبوون بۆ بەتاڵکردنەوەیان تێدا نەبێ.

شایانی باسە یاسادانەری عێراقی جیاواز لە فیقهی ئیسلامی و فیقهی غەربی، عەیبەکانی ئیرادەی لە هۆکانی وەستانی عەقد داناوە[2].

لەو یاسا مەدەنییە عەرەبیانەی لەژێر کاریگەریی فیقهی غەربیدان لە عەقدی قابیل بە بەتاڵکردنەوە و هەڵبژاردنی سیانە دابەشکردنی عەقد (بەتاڵی رەها و قابیل بە بەتاڵکردنەوە و دروست) ئەم یاسایانەن: مەدەنیی میسری مادەکانی (١١١—١٣٠)، سوری مادەکانی (١١٢—١٣١)، لیبی مادەکانی (١١١—١٣٠)، لوبنانی مادەکانی (٢٣٣—٢٤٤)، کوێتی مادەکانی (١٧٩—١٨٣)، جەزائیری مادەکانی (٨٠—٩١)، قەتەری مادەکانی (٣٦—٤٣)، مەغریبی فەسڵەکانی (٣٩—٥٦)، تونسی فەسڵەکانی (٤٣—٦١).

---

[1] في شرح الخرشي على مختصر سيدي خليل ٩/٥: (مەرجی لازمبوونی فرۆشتن ئەوەیە لەلایەن کەسێکی موکەللەفەوە بێ و تێگەیشتوو و گوێڕایەڵ بێ، ئەگەر لە کەسیترەوە بێ وەك مێردمنداڵ یان بێ عەقڵ یان زۆرلێکراوەوە بێ، لازم نابێ با دروستیش بێ).

[2] مەدەنیی عێراقی مادەکانی (١١٢ — ١٣٤).

# خواستی دووەم:
# هۆکانی ئەوەی گرێبەند قابیل بە بەتاڵکردنەوەبێ

لەو یاسایانەی باس کران و لەژێر کاریگەریی فیقهی غەربیدان، ئەو ئەنجامە دێتە دەست کە هۆ سەرەکیەکانی ئەوەی گرێبەند قابیل بە بەتاڵکردنەوە بێ، وەك باسمان کرد، پێنجن: ناتەواویی شیان، قەڵەت، خەڵەتاندن، زۆرلێکردن، قۆستنەوە.

پشت بەخوا بەشێوەیەکی دوور لە کورتبڕیی تێکدەر و درێژدادڕی بێزارکەر قسە لەسەر ئەم هۆیانە دەکەین.

## یەکەم - ناتەواویی شیان (نقص الاملیة)[1]

شیانی مرۆڤ بەگوێرەی پەرەسەندنی ژیان و گوزەرکردنی بەم چوار قۆناغەدا پەرە دەسێنێ:

١- شیانی ناتەواوی واجببوون (أهلیة الوجوب الناقصة)، ئەویش دەستدانی مرۆڤە بۆ ئەوەی هەندێ مافی هەبێ کە پێویستیان بە قبوڵکردن نیە، وەك مافی میرات و وەسێت و وەقف لە مافە داراییەکان، مافی رەچەڵەك (نەسەب) و پاراستنی ژیان لە مافە ناداراییەکاندا.

ئەم مافانە لەو ساتەوە بۆ مرۆڤ جێگیر دەبن کە لە سکی دایکیدا وەك کۆرپەلەیەك دروست دەبێ، جا ئەگەر بەزیندوویی هاتە دنیا مافە داراییەکانی بۆ جێگیر دەبن و لەو روانگەوە کۆرپەلەکە کەسایەتیەکی یاسایی ناجێگیری دەبێ، لەبەرئەوەی شایانبوون بۆ ئەم مافانە بوونی کەسایەتیەك دەخوازێ، ئەگینا چۆن دەکرێ کەسێك

[1] السنهوري، الوسیط ١/٢٩٠. مرقس ص١٥٧. الصدة ص١٥٩.

مـافی دارایـی هـەبێ کـە بـەر لـە لـەدایکبوونی هـیچ کەسـایەتیەکی نـەبووە. ئەمـە بەپێچەوانەی ئەوەی یاساکان بۆی چوون کە کەسایەتیی مرۆڤ بە تەواو لـەدایکبوونی دەست پێدەکا، لەوانە مەدەنیی عێراقی مادەی (١/٣٤) کە دەڵێ: (کەسایەتیی مـرۆڤ بە تەواو لەدایکبوونی بەزیندوویی دەست پێدەکات و بە مردنـی کۆتـایی دێ) و هـیچ جۆرە پابەندیەکی لەسەر نابێ.

خۆ ئەگەر کۆرپەلەکە بە مردوویی لەدایك بوو، وەسێت و وەقف بەتاڵ دەبنەوە و پشکەکەی لە میرات بەسەر باقیی وەرەسـەدا هـەر کەسـە و بـەگوێرەی بەرکەوتـەی خۆی، بەش دەکرێتەوە، ئەگەر بەزیندوویش لەدایك بوو پاش چەند ساتێك مرد، ئەو مافانە بۆ وەرەسەکەی دەگوێزرێنەوە.

٢- شیانی ناتەواوی واجببوون (أهلية الوجوب الكاملة)، ئەویش دەستدانی مرۆڤـە بۆ ئەوەی مافە دارایی و نادارایـیەکانی هەبن و هەنـدێ پابەنـدی بکەوێتـە سـەر، وەك زەکاتی ماڵەکەی کە لەنێو شەرعزاناندا جیـاوازی لەسـەرە، هـەروەها وەك نەفەقـەی ئەوەی خەرجی لەسەریەتی ئەگەر ماڵی هەبوو[1].

ئەم شیانە پاش بەزیندوویی لەدایکبوونی بۆی جێگیر دەبێـت و بەدرێـژایی ژیـانی بەردەوام دەبێ و بەریەستەکانی شیان کاری تێناکەن، لەبەرئەوەی مافە داراییـەکان پەیوەندییان بە ئەستۆیەوە هەیـە و ئەسـتۆیش لەگـەڵ لـەدایکبوونی مرۆڤـدا لـەدایك دەبێ و بە مردنی کۆتایی دێ، هەروەها هەندێ لە مافە ناداراییەکانی وەك پاراسـتنی ژیان و رەچەڵەکی، هەرچی شیردان و دایـەنی و ویلایەتـە، هـەر هێنـدەی پێویسـتی پێیان نەما، کۆتایان دێ.

بەر لە تەمەنی فامکردن (التمييز) رەفتارە داراییەکانی مرۆڤ هەموو بەتاڵ دەبن[2] و لەبارەی رەفتارە سزاییەکانیەوە لێی ناپرسرێتەوە، بەڵام لە فیقهی ئیسلامی و ئەو

---

[1] لە: الأنوار لأعمال الأبرار ١٨/١دا هاتووە: (زەکات لـە مـاڵی مێرمنـداڵ (الصبي) و شـێتدا ولجبـە بەڵام هی کۆرپە نا. پێویستە وەلی زەکاتەکە دەربکا).

[2] مەدەنیی عێراقی (م٩٦): (رەفتارەکانی منداڵی نەفام بەتاڵن با وەلیەکەیشی مۆڵەتی دابێ).

یاسـایانەی لـەژێر کاریگەریـدان لەسـەر رەفتـارە مەدەنییـە زیانبەخشـەکانی لێـی دەپرسرێتەوە، ئەگەر زیانێکی بەماڵی کەسیتر گەیاند یان نرخەکـەی کـەم کـردەوە پێویستە لە ماڵی خۆی بۆی قەرەبوو بکرێتەوە، ئەگەر ماڵی نەبوو وەلیەکەی دەیدا و هەرکات مەچەکی چەرخا و ماڵی هەبوو لێی وەردەگرێتەوە[1].

نهێنیـی ئـەم مەسـەلەیە ئەوەیـە ئـەو هەڵەیـەی رەگـەزێك بـێ لـە رەگـەزەکانی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی، لە فیقهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان مەرج نیە رەگەزە مەعنەویەکەی تێدا بێ: (ئەویش هەستکردنی تێکدەر (المخل)ە بە واجبی یاسایی ، بەوەی ئەو واجبی یاسایی خۆی تێك دلوە).

٣- شیانی ناتەولوی ئەنجامدان (أهلية الأداء الناقصة)، کە دەسـتدانی مرۆڤـە بـۆ مومارەسەکردنی هەندێ لە مافەکانی، بۆ نموونە ئەو رەفتارانەی ساف سوودبەخشن وەك قبولکردنی تەبەرعات، بەرەهایی دروستن جا بەخێوکەر (وەلی) مۆڵـەتی پێبـدا یان نا.

رەفتارە ساف زیانبەخشەکانی بـەرەهایی بـەتاڵن وەك بەخشـینەکانی، جگـە لـە وەسێتەکەی[2] و ئـەو رەفتارانـەی لـەنێوان سـوود و زیانـدا دەسـورێنەوە -وەك لـە ئاڵوگۆڕکردنەکاندا- کە لە فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان[3] قابیـل

---

[1] هەروەو مادەی (١٨٦ و ١٩١)ی مەدەنیی عێراقی.

[2] هۆی دروستیی وەسێتەکەی لەگـەڵ ئـەوەی تەبەرعیشـە بـۆ دوو شـت دەگەڕێتـەوە: یەکەمیان: خاوەندارێتیی وەسێت لەبارەوە کراو بۆ وەسێت بـۆکراو ناگوێزرێتـەوە تـا پاش مردنی وەسێتکارەکە و لە ژیانیدا هیچ زیانێکی پێ ناگا. دووەم: شـیان ناتـەواو وەك شیان تەواوە لە ئاتاجبوونی بە پاداشتی رۆژی دوایی.

[3] لەوانە مـەدەنیی میسـری (م١١١) کـە ئەمـە دەقەکەیـەتی: (ئـەو رەفتارانـەی مێرمنـداڵی بـەفام دەیانکا دروست دەبن هەرکات ساف بەسوود بوون، بەتاڵیش دەبن هەرکات سـاف زیانبـەخش بوون، ئەو رەفتارانەیش لـەنێوان سـوود و زیانـدان قابیـل بـە بەتاڵکردنـەوەن لـە بەرژەوەنـدیی ناکامەکە).

بـە بەتالکردنـەوە و لـە فیقهـی ئیسـلامی و ئـەو یاسـایانەی لـەژێر کاریگەریـدان[1]، وەستێنراون.

مرۆڤ لەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان چوونە نێـو تەمـەنی فـامکردن و چـوونە نـاو تەمەنی پێگەیشتن (الرشد)ەوە ئەم جۆرە شیانەی هەیە.

کاتی یەکەم تەواوکردنی تەمەنی حەوت ساڵانە مادەی (٢/٩٧)ی مەدەنیی عێراقی کە دەڵێ: (تەمەنی فامکردن حەوت ساڵی تەواوە)، تەمەنی پێگەیشتنیش بەگوێرەی ئاراستە یاساییەکان دەگۆڕێ، لە مەدەنیی عێراقیدا مرۆڤ بە تەواوکردنی هەژدە سـاڵ دەچێتە تەمـەنی پێگەیشـتن و تـەواوبوونی شـیان، وەك لـە مـادەی (١٠٦)دا دەڵـێ: (تەمەنی پێگەیشتن هەژدە ساڵی تەواوە).

تەمەنی فامکردن کە یاسای مەدەنیی عێراقی بەتەواوکردنی حـەوت سـاڵ دیـاری کردوە، لە بابەتە مەدەنیەکاندایە، بەڵام لە بابەتە سزاییەکاندا تـەواوکردنی نـۆ سـاڵە بەگوێرەی م٤٧ لە یاسای چاودێریکردنی نەوجەوانان ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٨٣.

شـیان ناتـەواو وەك چـۆن لـەڕووی مەدەنیـەوە بەتـەواوی لێـی دەپرسـرێتەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر کارێکی تاوانکارانەی ئەنجامدا، بەپێی یاسای سزاکان و یاسای چاودێریکردنی نەوجەوانان، بەشێوەیەکی سووککراو لێی دەپرسرێتەوە.

٤- شیانی تەواوی ئەنجامدان (أهلية الأداء الكاملة): بریتییە لە دەستدانی مرۆڤ بۆ مومارەسـەکردنی تـەواوی مافـە دارایـی و نادارایـیـەکانی و لەئەسـتۆگرتنی ڕەفتـارە نامەشـروعە مـەدەنی یـاخود سـزاییەکانی مـادام ئـەم ئەهلیەتـە هـیچ بەربەسـتێکی لەبەردەمـدا نیـە. ئـەم بەربەسـتانە هەنـدێکیان شـیانی ئەنجامـدان بـە هـەردوو جۆرەکەیەوە ناهێڵن وەك شێتی، هەندێکیان شیان تەواو دەگۆڕن بـۆ شـیان ناتـەواو وەك گێلۆکەیی و بێئەقڵی پاش حیجر خسـتنە سـەری، هەندێکیشـیان کاریگـەرییان لەسەر ئەسڵی شیانەکە نیە، بەڵام دەسەڵاتی مرۆڤ بۆ مومارەسەکردنی مافەکانی لـە

[1] لەوانە مەدەنیی عێراقی (م١/٩٧)، بـەڵام یاسـای چـاودێریی ناکامـانی هـەموارکراو ژمـارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ گۆڕانکاریی ریشەیی سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەم مادەیە کردوە.

هەندێ بابەتدا سنووردار دەکەن، وەك نەخۆشیی مەرگ چونکە بەخشینەکانی ئەو نەخۆشەی نەخۆشیی مەرگی هەیە ملکەچی حوکمەکانی وەسێت دەبێ.

شایانی باسە یاسا عەرەبییە نوێکان لەو دابەشکردنانەی شیان کە باس کران، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی فیقهی ئیسلامی و بنەماکانی[1]. بەرکار، پێشکەش، محل.

## دووەم - عەیبەکانی ئیرادە

خەوش (عەیب)ەکانی ئیرادە چوارن: هەڵە ، خەڵەتاندن، زۆرلێکردن، قۆستنەوە. لێکۆڵینەوەیان بەسەر چوار خواستدا دابەش دەبێ:

### لقی یەکەم: هەڵە

هەڵە (الغلط) لە زماندا بە چەند مانایەك هاتووە لەوانە ئەوەیە شتێکت لێ هەڵە ببێ نەزانیت رووە راستەکەی کامەیە. هەڵە لە هەموو شتێکدا ئەوەیە مرۆڤ بەبێ ئەوەی بەئەنقەست بێ ئاراستەی دروستی لێ هەڵە ببێ. عەرەب دەڵێ (غلط في منطقه) و (غلت في الحساب)، هەندێکیشیان هەردووکیان دەکەنە دوو زمان بە یەك مانا[2]. بەڵام ئەمەی دواییان راستە لەبەرئەوەی (الغلط) زمانی عەرەبە و (الغلت) زمانی فارسە، هەردووکیشیان یەك واتایان هەیە، ئەویش زانینی شتێکە کە راست نیە.

**هەڵە لە زاراوەی یاساییدا:**

یاساناسان -لەوانەی من لەم رووەوە ئاگام لە بۆچوونەکانیانە- خەریکە لەسەر ئەوە کۆك دەبن کە هەڵە وەهمێکە لە زەینی کەسێکدا دروست دەبێت و جیاواز لە راستەقینەکەی وێنە شتەکەی لەلا دەنەخشێنێ[3].

---

[1] لەبارەی درێژەی شیان و بەشەکانی بڕوانە: كشف الأسرار على أصول الإمام فخر الإسلام علي بن محمد البزدوي ٤/١٣٥٧ و پاشتر، ط ١٣٠٧هـ.

[2] لسان العرب فصل الغين حرف الطاء ٩/٢٣٨.

[3] مامۆستا السنهوري ١/٢١١.

مامۆستا صوفي أبو طالب. الوجيز في القانون الروماني ص١٧٥.

←

ئەم پێناسەیە عەیبدارە، لەبەرئەوەی ئیدراکی ئەو گرێبەندوانەی کەوتۆتە هەڵە لە وەهم بەهێزترە، کە ئەمەی دووایی پلەیەکی نزمترە لە پلەکانی زانینی مرۆڤ، وەك لەم روونکردنەوەیەدا:

زانست دوو مانای هەیە تایبەت و گشتی. زانست بە مانا تایبەتەکەی بریتییە لە یەقین، بە مانا گشتیەکەیشی بریتییە لە ئیدراك بەرەهایی، کە ئەم پێنج پلەیە دەگرێتەوە:

١- یەقین: بریتییە لە باوەڕی جێگیری پێداگری دەقاودەقی واقیع، وەك زانینی ئەوەی گەنم مادەیەکی خۆراکیی سەرەکیی مرۆڤە.

٢- نەزانیی لێکدراو (الجهل المرکب)[1]: بریتییە لە باوەڕی جێگیری پێداگری نادەقاودەقی واقیع، وەك باوەڕ بەوەی مەستکەرەکان قابیل بە مامەڵە پێوەکردنن لەناو موسڵماناندا.

٣- لاساییکردنەوە: بریتییە لە باوەڕی پێداگری ناجێگیر، وەك باوەڕی لاساییکەرەوە بە راستیی رای لاساییکراوەکەی. ئەم باوەڕە قابیل بە نەمانە، ئەویش بە لاساییکردنەوەی کەسێکیتر کە رای لە رای یەکەم جیاوازە.

---

مامۆستا مرقس، سەرچاوەی پێشوو.
مامۆستا أبو ستیت، سەرچاوەی پێشوو ١/٦٤.
مامۆستا الصدة، سەرچاوەی پێشوو لا١٨٢.
مامۆستا أنور سلطان، سەرچاوەی پێشوو ١/١٦٠.
مامۆستا حجازي ١/٢٩٥.
ئەمانە و باقیی سەرچاوە یاساییەکان، جگە لە پێناسەیەك کە مامۆستا صلاح الدین الناهي لە (مبادئ الالتزامات لا٦١) لە فیقوانی فەرەنسی مامۆستا سالی گواستۆتەوە، کە پێناسەی هەڵەی کردوە بەوەی ناتەباییە لەنێوان ئیرادەی راستەقینە (پەنامەکی) و ئەو ئیرادەیەی دەربڕیەتی.

[1] ناونانەکەی لەو رووەوەیە ئەو نەزانە راستی نازانێ و ناشزانێ کە نایزانێ، بۆیە ئیدراکەکەی لە دوو نەزانی پێکدێ.

٤- گومان (الظن): بریتییە لە باوەڕی ناپێداگر (غیر الجازم) بە لایەنی زاڵ لەوەی ئیدراکی پێوەی پەیوەست بووە.

٥- وەهم: بریتییە لە لای بنزاڵ (الطرف المرجوح) کە بەرانبەری گومانە، قوتابیی کۆششکار ٩٠٪ گومانی وایە دەردەچێ، بەڵام ١٠٪ تەسەوری کەوتن دەکا، ئەم تەسەورە لاوازەی کە بەرانبەر گومانە، بریتییە لە وەهم.

هەڵەی بەکارهێنانی وەهم لە پێناسەکردنی هەڵەدا ئەوەیە هەموو وەهمێك لە شتێکدا، لە هەمان کاتدا گومانبردنی بەرانبەرە راجیحەکەی دەخوازێ، ئەمەیش مانای وایە ئەگەر گرێبەندوان گوڵدانێکی کڕی و گومانی هەبوو کە ئاسەوار نیە، لەهەمان کاتدا وەهمێکی هەبوو کە ئاسەوارە، جا وازی لە کارکردن بەگوێرەی گومانەکەی هێنا و لەسەر بناغەی وەهمەکەی عەقدەکەی ئیمزا کرد. دیارە رێی تێناچێ کەسێك عەقڵێکی ساغی هەبێ شتی وا بکا. پێناسەی راست بۆ هەڵە بەگشتی بریتییە لە باوەڕ بە شتێك جیاواز لە راستەقینەی ئەو شتە (اعتقاد الشيء على غير حقيقته).

هەڵە لە مامەڵەکاندا باوەڕێکی هەڵەیە لە زەینی گرێبەندواندا دروست دەبێ و پاڵی پێوە دەنێ بۆ عەقدکردن. بەم مانایە نەزانینی لێکدراو و لاساییکردنەوە و گومان دەگرێتەوە، بەڵام یەقین ناگرێتەوە کە هەمیشە دەقاودەقبوونی واقیعە، وەهمیش ناگرێتەوە لەبەرئەوەی هەموو وەهمێك بوونی گومان بە جیاواز لەو دەخوازێ، چونکە وەهم بەبێ گومان نابێ لەبەرئەوەی دوو شتی بەرانبەرن[1].

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پلەکانی ئیدراکی مرۆڤ بڕوانە: البرهان في علم المنطق، للعلامة الشيخ اسماعيل مصطفى: لا١٢ و پاشتر. هەروەها لا٢٧٧-٢٧٨.

**پەرەسەندنی هەڵە لەڕووی كاریگەری لەسەر دروستیی گرێبەند:**

هەڵە لەڕووی كاریگەری لەسەر دروستیی گرێبەند بەم پەرەسەندانەدا تێپەڕیوە:

**هەڵە لە یاسای ڕۆمانیدا:**

لە سەردەمی زانستیدا یاسای ڕۆمانی بەرانبەركردنی لە نێوان ئیرادە و دەربڕین لە ڕەفتاری یاساییدا نەدەزانی و یاساناسانی ڕۆمان لە تەفسیركردنی دەربڕیندا كەڵكیان لە پێوەرێكی بابەتی وەردەگرت و لەسەر ڕواڵەتی دەرەكیی دەربڕین دەوەستان، بەبێ گەڕان بەشوێن ئەوەی لە دەروونی ئەو كەسەی گوزارشتی لە ئیرادەی كردوە شاراوەتەوە.

لە سەردەمی بێزەنتیدا دانیان بە ڕۆڵێكی سەرەكی ئیرادەدا نا لە هێنانەكایەی ڕەفتاری یاسایی و دیاریكردنی ناوەڕۆكەكەی بە كۆمەكی وەرگرتن لە چەندین ئامرازی جۆراوجۆر بەمەبەستی وەستان لەسەر بە ئیرادەی راستەقینە. بیبلۆگرافیای جستنیان باسی هەندێ لەو جۆرانەی هەڵەی كردوە، وەك هەڵە لە چییەتیی ڕەفتاری یاسایی، هەڵە لە ڕوودلوەكان (الوقائع)دا، هەڵە لە زاتیەتی شت یان جەوهەرەكەی و هیتردا. یاسای ڕۆمانی لەڕووی ئەسەری هەڵەوە تەنها لەسەر دوو هەڵە وەستاوە:

جۆری یەكەم: ئەو هەڵەیەی ڕێگرە لە دامەزرانی عەقد و لەناویەری ئیرادەیە.

جۆری دووەم: هەڵەی ناكاریگەر.

جۆری سێیەمی نەناسیوە كە ئەو هەڵەیە ئیرادە عەیبدار دەكات و كار لە دروستیی عەقد دەكا.

لەئەنجامی ئەوەدا یاسای ڕۆمانی بیرۆكەی قابیلبوونی عەقد بە بەتاڵكردنەوەی بەهۆی هەڵەوە، نەناسیوە[1].

---

[1] موسوعة جستنيان المواد (٢، ٣، ٩، ١٢، ١٤، ١٨، ١٩، ٢٨).

الدكتور صوفي أبو طالب، الوجيز في القانون الروماني: ص٣٢٩–٣٣٠.

الدكتور عبد المنعم البدراوي: مبادئ القانون الروماني ط/١٩٥٤ ص٨٣ و پاشتر.

الدكتور عبد المجيد الحفناوي، نظرية الغلط في القانون الروماني: ص٣٨٠ و پاشتر.

**هەڵە لە یاسای فەرەنسیدا**[٢]

پەرەسەندنێکی بەرچاو لە یاساداناني فەرەنسیدا سەبارەت بە کاریگەریی هەڵە لەسەر عەقد روویدا و ئەو یاسایە جۆرێکی سێیەمی بۆ ئەو دوو جۆرە باسکراوەی نێو یاسای رۆماني زیاد کرد، مادەی (١١١٠) دەڵێ، هەڵە لەم دوو حاڵەتەی خوارەوەدا ئیرادە عەیبدار دەکات و لێرەیشەوە کاریگەری لەسەر دروستیی عەقد دەبێ:

یەکەمیان: هەڵە لە جەوهەری شتەکەدا.

دووەم: هەڵە لە کەسی گرێبەندواندا ئەگەر هاتوو کەسایەتیەکەی لە گرێبەندەکەدا حسابی بۆ دەکرا (واتە جێ ئیعتیبار بوو).

بەڵام **لە حاڵەتی یەکەمدا** دەستەواژەی (هەڵەکردن لە جەوهەری شتەکەدا) لێکدانەوەیەکی بابەتیانەی تەسکی بۆ کرا، بەو مانایەی هەڵە ئیرادە عەریبدار ناکا مەگەر پەیوەندی بەو مادەیەوە هەبێ کە شتەکەی لێ پێکدێ (شوێنی گرێبەند)، وەك ئەو کەسەی چرایەك بەو حسابەی زیوە بکڕێ، پاشان دەربکەوێ مسە و بە زیو رووپۆش کراوە.

زۆربەی یاساناسان وای دەبینن قەزای فەرەنسی وازی لەم تەفسیرە بابەتییە تەسکە هێناوە و دەستەواژەی (جەوهەری شتەکە)ی بەو سیفەتە جەوهەریانە لێکداوەتەوە کە پاڵیان بە گرێبەندوانەوە ناوە بۆ گرێبەندکردنەکە، بەوەیش ئاراستەی زاڵ لە فیقه و قەزای فەرەنسیدا بوو بە دەستگرتن بە پێوەری کەسی (خودی). کەواتە سیفەت جەوهەرییە ئەگەر ئەو پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ گرێبەندکردنەکە و ئەگەر ئەوە نەبوایە کارێکی وای نەدەکرد.

---

[٢] بڕوانە: مامۆستا السنهوري، الوسيط ٣١١/١ و پاشتر.
د.البدراوي، النظرية العامة للالتزام في القانون المدني المصري. مصادر الالتزام ٢٤٦/١ و پاشتر. د.أنور سلطان، سەرچاوەی پێشوو ١٦٢/١ و پاشتر. د.حجازي، سەرچاوەی پێشوو ٢٩٦/١ و پاشتر. د.اسماعيل غانم: ص١٧٩ و پاشتر. د.مرقس: ص١٧٥ و پاشتر. د.توفيق حسن فرج ٩٦/١ و پاشتر.

بەڵام هەندێ لە یاساناسان لە میسر نکوڵییان لە ڕوودانی ئەم جۆرە پەرەسەندنە کرد، بۆ نموونە دکتۆر ئیسماعیل غانم[1] دەڵێ: زۆر لە پیاوانی فیقه[2] بۆ ئەوە چوون پێوەری ماددی لە یاسای مەدەنیی فەرەنسیدا بەگوێرەی تەفسیری قەزا و فیقه لە فەرەنسا، گۆڕا بۆ کەسی (خودی) ، بەڵام ئەم پەرەسەندنە تەنها لە دیاریکردنی مەبەست لە دەستەواژەی جەوهەری شتەکە لە مادەی (١١١٠)ی مەدەنیی فەرەنسیدا نەبێ، ڕووی نەداوە، چونکە فیقهی فەرەنسی لەژێر کاریگەریی نەریتەکانی یاسای ڕۆمانیدا، تەفسیرێکی بەرتەسکی بۆ دەکردن.

**حاڵەتی دووەم:** هەڵەیە لە کەسی گرێبەندوانەکەیتردا، واتە لە زاتیەتی یان سیفەتێك لە سیفەتە جەوهەریەکانیدا[1] ئەگەر هەڵەکە پاڵنەر بوو بۆ گرێبەندکردن، وەك ئەوەی بەزۆری لە گرێبەندەکانی تەبەڕوعات و هەندێ عەقدی ئاڵوگۆڕەکان کە لەسەر ئیعتیباری شەخسیی گرێبەندوان ئیمزا دەکرێن، وەك عەقدکردن لەگەڵ خاوەن پیشە و دەسترەنگینەکان و پیاوانی هونەردا.

## مەرجەکانی هەڵە لەبەر تیشکی یاسای فەرەنسیدا[2]

ڕوودانی بەریەککەوتن لەنێوان دوو بەرژەوەندیدا لەو عەقدانەی قابیل بە بەتاڵکردنەوەن شتێکی بەڵگەنەویستە، لەبەرئەوە گرنگە جۆرە هاوسەنگیەکی دادپەروەرانە و ماقوڵ لەنێوانیاندا بهێنرێتە دی:

أ- بەرژەوەندیی ئەو گرێبەندوانەی کەوتۆتە نێو ئەو هەڵەیەی وای کردوە عەقدەکە قابیل بە بەتاڵکردنەوە و پاساو بێ بۆ داوای بەتاڵکردنەوە، کە لەژێر

---

[1] النظرية العامة للالتزام، مصادر الالتزام: ص١٧٩ و پاشتر.

[2] لەوانە مامۆستای گەورە الجليل السنهوري.

[1] وەك ئەوەی بەکرێدەر وایزانیبێ بەکرێگر خێزاندارە، پاشان دەربکەوێ سەڵتە و بەشێوەیەکی نامەشروع لەگەڵ ژنێك دەژی.

[2] مامۆستا أبو ستيت، سەرچاوەی پێشوو: ص١٥٥..
مامۆستا البدراوي، سەرچاوەی پێشوو: ص٢٥٨.

کاریگەریی هەڵەدا ئیمزا کراوە لەو کاتەی ئیرادەی عەیبدار بووە، دادپەروەری قبوڵ ناکا ئیرادەی عەیبدار خاوەنەکەی پابەند بکا.

ب- بەرژەوەندیی گرێبەندوانەکەیتر کە دەخوازێ عەقدەکە وەك خۆی بهێڵرێتەوە و بەتاڵ نەکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەرژەوەندی وا دەخوازێ لەپێناو سەقامگیریی مامەڵەکاندا سنوورێك بۆ بازنەی دەستگرتن بە هەڵە دابنرێ.

لەبەر تیشکی ئەم ئیعتیبارانەدا گرنگە ئەو حاڵەتانە دیاری بکرێن کە دەکرێ لەسەر بناغەی هەڵە و لە رێگەی قەید و شەرتەکانەوە گرێبەند بەتاڵ بکرێتەوە، یاساناسان پێیان وایە گرنگترینی ئەو مەرجانە دوانن:

**مەرجی یەکەم:** ئەوەیە هەڵەکە قابیل بە بوورین بێ. ئەم مەرجە ئەوە دەگەیەنێ نابێ گرێبەندوان دەست بە هەڵەیەکەوە بگرێ کە زادەی هەڵەکردنێکی خۆیەتی، واتە لە نەزانیەکی زەق یان کەمتەرخەمی یان رعونە (کەللەڕەقی)، وەك پشتگوێخستنی خوێندنەوەی دەقی گرێبەندەکە یان نەبینینی ئەوماڵەی رێکەوتنی لەبارەوە کراوە. ئەوە روونە تێکدانی ئەم مەرجە هەڵەیە و دەبێتە مایەی کارکردن بەگوێرەی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی و لێرەیشەوە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی لە بەتاڵکردنەوە کەوتۆتەوە، باشترین قەرەبوویش لەم حاڵەتەدا هێشتنەوەی عەقدەکەیە.

لەم روانگەوە هەڵەی ناقابیل بە بوورین نابێ بەمەبەستی بەتاڵکردنەوەی گرێبەند دەستی پێوە بگیرێ[1].

**مەرجی دووەم:** ئەوەیە هەڵەکە کەوتبێتە ناو گرێبەندەکە. بەهۆی لەبەرچاوگرتنی ئەم مەرجەوە ناکۆکی لەنێوان یاساناساندا سەری هەڵداوە لەبارەی بەمەرجگرتنی هەڵەی هاوبەش[2] و پرسیارکردن لەبارەی رادەی بەسبوونی هەڵەی تاکەکەسی لە لایەنێکەوە.

---

[1] الاستاذ اسماعیل غانم، مصادر الالتزام: ص١٨٨–١٨٩.

[2] بەوەی هەردووکیان بکەونە هەمان هەڵە.

بەشێ لە فیقهی فەرەنسی بۆ ئەوە چووە بۆ بەتالکردنەوەی گرێبەند مەرج نیە هەڵەکە هاوبەش بێ، ئەمە جگە لە دەگمەنی روودانی، لەبەرئەوە بۆ داواکردنی بەتالکردنەوە ئەوەندە بەسە لایەنەکەیتر زانیاری دەربارەی هەبێ، یان لانیکەم لەو هەلومەرجە هەنوکەییەدا دەکرا بیزانێ. توێژەر پێی وایە جگە لەو دوو مەرجەی باس کران، دەکرێ لەرووی ئەو کۆتانەی چوارچێوەی داوای بەتالکردنەوە دیاری دەکەن، هەندێ خاڵیتریش لەبەرچاو بگیرێن، لەوانە:

أ- باری سەلماندنی هەڵەکە بخرێتە سەر شانی ئەوەی داوای بەتالکردنەوە دەکا و دەبێ بیسەلمێنێ ئەو کەوتۆتە ناو هەڵەیەکی جەوهەری، بەشێوەیەك ئەگەر ئەوە نەبووایە عەقدەکەی نەدەکرد، لەبەر گرنگیی ئەو ئیعتیبارەی هەڵەکە تێیدا رووی داوە.

دیارە لەم حاڵەتەدا دەکرێ هەموو رێگەکانی سەلماندن بگیرێنە بەر، لەنێویاندا قەرینەکانیش[1].

ب- دەستگرتن بە هەڵەوە لە داوای بەتالکردنەوەی گرێبەنددا پێویستە بەشێوەیەك بێ لەتەك نیەتپاکیدالیك نەدا[2]، بەوەی ئەو کەسەی کەوتۆتە هەڵە بەچاوپۆشین لە هەڵەکە پابەند بێ بە گرێبەندەکەیەوە مادام گرێبەندوانەکەیتر ئامادەیی پیشان داوە بۆ جێبەجێکردنی بەو شێوەیەی ئەو دەیەوێ. بۆ نموونە ئەو کەسەی گوڵدانێك بکڕێ بەحسابی ئەوەی ئاسەوارە پاشان دەریکەوێ وانیە و هەڵەکار بەپاساوی هەڵەکردن داوای بەتالکردنەوە پێشکەش بکا و فرۆشیاریش ئامادەیی پیشاندا ئەو گوڵدانە ئاسەوارەی بداتێ کە ئەو دەیەوێ، ئەوا پێویستە ئەویش ئەم عەرزە رەت نەکاتەوە، لەلایەك روانگەی کارکردن بە نیەتپاکی لە مامەڵەدا و

---

[1] الاستاذ اسماعیل غانم، سەرچاوەی پێشوو: ص٢٠٤.
الاستاذ أبو ستیت، سەرچاوەی پێشوو: ص١٥٥.

[2] المدني المصري م١٢٤. الاستاذ السنهوري، الوسیط ٣٤١/١.

لەلایەکیترەوە ، رەتکردنەوە بەم حاڵەوە بەجۆرێك لە سەختگیری لە بەکارهێنانی ماف دادەنرێ، کە لە ترازووی یاسا و ئەخلاقدا ناپەسەندە.

## تیۆری کلاسیکی لە هەڵەدا[1]

لە سایەی یاسای فەرەنسیدا بیرۆزێك لە هەڵەدا سەری هەڵدا کە بە بیرۆزی کلاسیکی (النظرية التقليدية) ناسرا و فیقهی کلاسیکیی فەرەنسی پەسەندی کرد. ئەم بیرۆز (تیۆر)ە هەڵەی لەرووی رادەی کاریگەربوونی لەسەر عەقد بۆ سێ جۆر دابەش کرد: هەڵەی رێگر، هەڵەی ناکاریگەر و هەڵەی کاریگەر بەو پێیەی لە یاسای فەرەنسیدا هاتووە.

### جۆری یەکەم– هەڵەی رێگر (الغلط المانع):

هەڵە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا رێگر دەبێ لە دامەزرانی گرێبەند:

١– هەڵە لە چییەتی (سروشت)ی گرێبەنددا وەك ئەوەی (أ) ماڵێك بداتە (ب) کە وەك سپاردە لەلای بێ و لایەنی دووەم وەك پێشکەش (هبە) وەریبگرێ.

٢– هەڵە لە زاتیەتی شوێنی گرێبەندەکەدا وەك ئەوەی کەسێك خانوویەکی دیاریکراو لە خانووەکانی بەکرێ بداتە کەسێکیتر، بەڵام بەکرێگر وابزانێ خانوویەکیتر بەکرێ دەگرێ کە ئەو دەیەوێ. یان وەك ئەوەی باوکێك کچە گەورەکەی بداتە خوازبێنیکارێك، بەڵام ئەمەی دوایی پێی وایە ئەو کچە بچوکەکەی خواستوە.

٣– هەڵە لە بوونی هۆی پابەندیدا وەك رێکەوتنی وەرەسە لەگەڵ وەسێت بۆکراو لەسەر پێدانی ماڵێك لە ماڵە میراتیەکە وەك جێبەجێکردنی وەسێتی میراتدەرەکەیان،

---

[1] الاستاذ السنهوري: الوسيط ٣١١/١ و پاشتر.
الاستاذ الصدة، سەرچاوەی پێشوو: ص١٨٢ و پاشتر.
الاستاذ البدراوي، سەرچاوەی پێشوو ٢٤٤/١ و پاشتر.
الاستاذ مرقس، سەرچاوەی پێشوو: ص١٧٥.
الاستاذ أبو ستيت: ص١٤٤ و پاشتر.
الاستاذ أنور سلطان ١٦٤/١ و پاشتر.

پاشان دەریکەوێ وەسێتەکە بەتاڵ بووە یان وەسێتکار بەر لە مردنی لێی پاشگەز بۆتەوە.

٤- هەڵە لە بوونی شوێنی گرێبەند (بابەتی پابەندی)دا وەك ئەو کەسەی ئۆتۆمبێلە دیاریکراوەکەی لای کڕیار فرۆشتوە، پاشان دەریکەوێ سوتاوە یان دزراوە، عەقدەکە لە هەموو بارەکاندا بەتاڵە لەبەرئەوەی ئیرادەی هەردوو گرێبەندوان جووت نەبووە.

**جۆری دووەم- هەڵەی ناکاریگەر (الغلط غير المؤثر):**

هەڵەی ناکاریگەر ئەوەیە کاریگەری لەسەر دروستیی عەقدەکە نیە و رەزامەندی تێکنادا، لەبەرئەوە رێگە لە دامەزران و دروستیی عەقدەکە و لێکەوتنەوەی ئاسەوارەکان و پێویستبوونی، ناگرێ.

هەڵە لەم حاڵەتانەدا ناکاریگەر دەبێ:

أ- هەڵە لە وەسفێکی ناجەوهەریدا.

ب- هەڵە لە کەسی گرێبەندوانێکدا کەسایەتیەکەی لە گرێبەندەکەدا حساب بۆکراو نەبێ.

ج- هەڵە لە بەهای شتەکەدا.

د- هەڵە لە بزوێنەری عەقدکردنەکە بەدەر لەو حاڵەتانەی دەبنە بایسی جووتنەبوونی هەردوو ئیرادە.

هـ- هەڵەی ماددی وەك هەڵە لە حسابکردندا[١].

---

[١] هەڵەی ماددی و هەڵە لە حسابکردندا ئەگەرچی کار لە رەزامەندی ناکات و پاساو نیە بۆ داوای بەتاڵکردنەوە، بەڵام لەپێناو بەکارخستنی ئیرادەی راستەقینە و رێگرتن لە ستەمدا پێویستە راست بکرێتەوە.

**جۆری سێیەم– هەڵەی کاریگەر لەسەر دروستیی گرێبەند کە وای لێدەکا قابیل بە بەتاڵکردنەوە بێ و پاساو بێ بۆ داوای بەتاڵکردنەوەی**

بەگوێرەی یاسای فەرەنسی هەڵە لە یەکێك لەو دوو حاڵەتەی لە مادەی (١١١٠)یدا هاتووە بە کاریگەر دادەنرێ بەگوێرەی ئەو وردەکاریەی پێشتر باسمان کرد. لە روانگەی ئەم بیرۆدزەوە پێویستە ئەو هەڵەیەی رێگرە لە دامەزرانی گرێبەند (جۆری یەکەم) دوور بخرێتەوە، هەروەها هەڵەی ناکاریگەر لە دروستیی گرێبەند (جۆری دووەم) لە بازنەی ئەو هەڵەیە دوور بخرێتەوە کە وا دەکا گرێبەندەکە قابیل بە بەتاڵکردنەوە بێ[1].

**لە یاسای مەدەنیی میسریی کۆنی هەڵوەشاوەدا[2]**

زۆر لە یاساناسان لە میسر بۆ ئەوە چوون یاسای مەدەنیی میسری هەڵوەشاوە لە هەردوو مادەی (١٣٤ ئەهلی/١٩٤ تێکەڵ)دا کاری بەو پەرەسەندنە کردوە کە لە فیقھ و قەزای فەرەنسیدا رووی داوە، لە پشتبەستنی بە پێوەری زاتی لەو هەڵەیەی دەبێتە مایەی ئەوەی عەقد قابیل بە بەتاڵکردنەوە بێ و گوتویانە: فیقھ و قەزای میسر دوودڵی نەکردوە لە دەستگرتن بەم پێوەرەوە لە هەڵە لە شتدا، لەبەرئەوەی دەربڕینی ئەم دوو مادەیە لەم مانایەدا روونە کە: (هەڵە بەتاڵیی رەزامەندی واجب دەکا هەرکات لە ئەسڵی ئەو بابەتەدا روویدا کە لە مەبەستەکەدا موعتەبەر بووە و لە لایەنە سەرەکیەکەیدا رووی دابوو، کە لێیەوە تەماشای شتەکە لە عەقدەکەدا کراوە).

یاسادانەری میسری لە یاسا کۆنەکەدا حوکمی ئەو دوو مادەیەی لە قەزا و فیقھی فەرەنسا وەرگرتوە، کە لەگەڵ کارکردنن بە پێوەری زاتی (خودی).

---

[1] د. أنور سلطان ١٦١/١. د. توفيق حسن فرج ١٩٥/١. د. مرقس: ص١٧٥.

[2] الاستاذ السنهوري، نظرية العقد بند ٢٥٧ و پاشتر.
د.عبد المنعم فرج الصدة، سەرچاوەی پێشوو: ص١٨٧ بند ١٥٥.
د.حشمت أبو ستيت، سەرچاوەی پێشوو بند ١٦٢.
د.أنور سلطان، سەرچاوەی پێشوو ١٦٣/١.

**لە یاسای مەدەنیی میسریی ئێستادا:**

ئەم یاسایە هەڵە (الغلط)ی لە پێنج مادەدا (١٢٠–١٢٤) چارەسەر کردوە:

م١٢٠– ئەگەر گرێبەندوان کەوتە هەڵەیەکی جەوهەری، بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندەکە بکا ئەگەر هاتوو گرێبەندوانەکەیتریش وەك ئەو کەوتبووە ئەو هەڵەیە، یان لێی ئاگەدار بوو یان بەئاسانی دەیتوانی بیزانی[1].

م١٢١– هەڵە جەوهەری دەبێ ئەگەر بەئەندازەیەك گەورە بێ گرێبەندوانەکە ئەگەر نەکەوتایەتە ئەو هەڵەیە عەقدەکەی ئیمزا نەدەکرد.

هەڵە بەجەوهەری دادەنرێ بەتایبەت:

أ– ئەگەر لە سیفەتێکی شتەکەدا روویدا کە بەلای دوو گرێبەندوانەکەوە جەوهەری بوو، یان پێویست بێ وا دابنرێ ئەویش لەبەر ئەو بارودۆخەی دەوری عەقدەکە دەدا و ئەو نیەتپاکیەی لە مامەڵەکردندا پێویستە.

ب– ئەگەر لە خودی گرێبەندوان یان سیفەتێك لە سیفەتەکانیدا روویدا و ئەو خود یان سیفەتە هۆی سەرەکی بوو لە عەقدکردنەکەدا[2].

م١٢٢– گرێبەند لەبەر هەڵەیەك لە یاسادا قابیل بە بەتاڵکردنەوە دەبێ ئەگەر مەرجەکانی هەڵە لە واقیعدا هەبوون بەگوێرەی هەردوو مادەی پێشوو، بەو مەرجەی یاسا بڕیارێکیتری جیاواز لەوە نەدا[3].

م١٢٣– تەنها هەڵەکردن لە حساب، یان هەڵەکانی قەڵەم کار لە دروستیی گرێبەند ناکەن، بەڵام پێویستە هەڵەکە راست بکرێتەوە[4].

م١٢٤– ئەوەی کەوتۆتە هەڵەیەك بۆی نیە بەشێوەیەك دەستی پێوە بگرێ کە لەگەڵ پەیامی نیەتپاکیدا لێك بدا. هەروەها بەتایبەتتر پابەندکراوە بەو عەقدەی

---

[1] م١٢١ سوری، م١٢٠ لیبی، وم٢٠٣ لوبنانیش وەك ئەون.

[2] سوري م١٢٢، ليبي م١٢١، لوبناني م٢٠٥.

[3] سوري م١٢٣، ليبي م١٢٢، لوبناني م٢٠٦.

[4] سوري م١٢٤، ليبي م١٢٣.

مەبەستی بووە ئیمزای بکا، ئەگەر لایەنەکەیتر ئامادەیی بۆ جێبەجێکردنی ئەو عەقدە دەربڕی[1].

**لەو بنەمایانەی لەم دەقانە وەردەگیرێن:**

١- ئەگەر هەڵەکە تەنها گرێبەندوانی یەکەم کردبێتی و گرێبەندوانەکەیتر تێی نەکەوتبێ و پێی نەزانیبێ و بۆی ئاسان نەبوبێ بیزانێ، ئەوا گرێبەندەکە دروست دەبێ، نەك لەسەر بناغەی ئیرادەی راستەقینەی گرێبەندوانی یەکەم لەبەرئەوەی ئەو ئیرادەیەی هەڵەی تێکەڵ بووە و قەڵب (فاسید)ی کردوە، بەڵکو لەسەر بناغەی ئەوئیرادە دیارەی گرێبەندوانەکەیتر متمانەی پێ کردوە.

٢- هەر هەڵەیەك ئەو پاڵنەر بووبێ بۆ گرێبەندکردن بەسە بۆ ئەوەی رەزامەندی قەڵب بکات و گرێبەندەکە وا لێبکا قابیل بە بەتاڵکردنەوە بێ بە چاوپۆشین لە سروشتی ئەوەی قەڵەتەکە تێیدا رووی داوە، بۆیە پێویست ناکا ئەو حاڵەتانەی تێیاندا هەڵە کاریگەری هەیە و ئەوانەی تێیاندا کاریگەری نیە بخرێنە روو.

٣- لەم بابەتەدا هیچ بوار نیە بۆ بەکارخستنی ئەو رێسایەی دەڵێ یاسانەزانی بە عوزر قبوڵ ناکرێ، لەبەرئەوەی ئەو رێسایە حەسرە لە یاسا جینائیەکان و ئەو دەقە مەدەنیانەی پەیوەندییان بە سیستمی گشتیەوە هەیە، وەك ئەوپەڕی ئاستی نرخی سوود، هەربۆیە گرێبەندی قەرز لەسەر بناغەی هەڵە بەتاڵ ناکرێتەوە، بەڵکو سوودەکە بۆ ئاستە یاساییەکە کەم دەکرێتەوە.

٤- نابێ بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە قەڵبوونی رەزامەندی، پێداگری لەوە بکرێ کە لەسەر رووداني هەڵە لە یاسادا بنیات نراوە، مەگەر هەڵەکە لە حوکمێکدا روویدابێ کە بەڕاشکاوی لە دەقی یاسادا باس کرابێ، یان لە قەزادا کۆدەنگی لەسەری هەبێ.

---

[1] سوري م١٢٥، ليبي م١٢٤.

٥- تەنها هەڵەکردن لە حساب، یان هەڵەکانی قەڵەم کار لە دروستیی عەقد ناکەن، بەڵام پێویستە وەك بەکارخستنی ئیرادەی راستەقینە و رێگرتن لە ستەم، ئەو هەڵەیە راست بکرێتەوە.

٦- نابێ ئەو کەسەی مافی داوای بەتاڵکردنەوەی گرێبەندی هەیە لەبەر هەڵە، دەستی پێوە بگرێ ئەگەر بە بەدەستهێنانی ئەوەی لە عەقدکردنەکەی مەبەستی بووە، عیللەی دەست پێوەگرتنەکەی نەما.

٧- ئەو نیەتپاکیەی لە م١٢٤ی ئەو دەقانەی باس کران هاتووە، بەرانبەر (مقابل)ی نیەتخراپی نیە، بەڵکو پەیوەندیی بەبێگەردیی مامەڵەکردن (نزاهة التعامل)ەوە هەیە[1].

**ئەنجامی پەرەسەندن لە هەڵە و بیردۆزە نوێیەکەدا[1]**

لەئەنجامی ئەو پەرەسەندنانەی لە فیقه و قەزای میسری و لە هەردوو یاسای کۆن و نوێی میسردا روویان داوە، بیردۆز (تیۆر)ێك سەری هەڵداوە بە بیرۆدزی نوێ لە هەڵە (النظرية الحديثة في الغلط)دا ناسرلوە، بەو پێیە بنچینەی ئەو هەڵەیەی تووشی ئیرادە دەبێت و وا دەکا ئەو رەفتارە یاساییەی ئەنجام دراوە قابیل بە بەتاڵکردنەوە بێ، ئەوەیە پاڵنەری سەرەکی بێ بۆ عەقدکردن و ئەگەر (ئەو هەڵەیە) پاڵنەر نەبووبێ بۆ ئیمزاکردنی عەقدەکە، کار نە لە ئیرادە و نە لە دروستیی عەقدەکە ناکا.

لەم روانگەوە، هیچ جیاوازی نیە لەنێوان ئەوەی هەڵە لە مادەی شتەکەدا رووبدا یان لە کەسی گرێبەندوان یان لە سیفەتیدا یان لە نرخ یاخود لە بزوێنەر یان لە یاسا و ئەو جۆرە شتانەدا. مادام بنچینەی لەبەرچاوگرتنی سیفەتە جەوهەریەکە لە شتەکە

---

[1] مجموعة الأعمال التحضيرية ٢/١٤٠-١٧٠.

الاستاذ السنهوري، الوسيط ٣١٥/١ وما يليها.

الاستاذ أنور طلبة، التعليق على نصوص القانون المدني ١٠٤/١ وما يليها.

الاستاذ مرقس: ص٢٤٨ وما يليها.

الاستاذ أبو ستيت ١٥٥/١ وما يليها.

(شوێنی گرێبەند) یان لە کەسی گرێبەندواندا ئەوەیە ئەو سیفەتە لەلایەن گرێبەندوانەوە لەبەرچاو گیراوە و پاڵی پێوە ناوە بۆ گرێبەندکردن، بەهیچ شێوەیەك نابێ تەنیا لە هەندێ حاڵەتدا دەست بەم بنچینەیەوە بگیرێ و لە هەندێ حاڵەتیتردا و بەگوێرەی ئەو بابەتەی هەڵەکەی تێدا دەکرێ، دەستی پێوە نەگیرێ، بەڵکو پێویستە ئەم بنچینەیە گشتی بکرێ بەشێوەیەك لە هەموو حاڵەتەکاندا تەماشای ئەوە بکرێ کە بە نید و مەزەندەی گرێبەندوان جەوهەرییە و بەچاوپۆشین لە بابەتی هەڵەکە.

بەم تەرزە، (جەوهەری) دەبێتە سیفەتی خودی هەڵەکە نەك ئەو بابەتەی کاری تێدا دەکا، بەوەی هەڵەکە پاڵنەری سەرەکی بێ بۆ عەقدکردن بەچاوپۆشین لەو شتەی گرێبەندوان گرنگی پێدەدات و لەپێناویدا عەقد دەکا، بەشێوەیەك لە مەزەندەی گرێبەندواندا هێندە گەورە بێ کە ئەگەر بۆی ئاشکرا ببوایە عەقدەکەی نەدەکرد، ئەوکاتە هەڵەیەکی جەوهەری دەبێ کە دووچاری ئیرادە دەبێ، بەوپێیەیش پێوەرەکە خودی (کەسی) دەبێت و بەسەر هەموو حاڵەتەکاندا جێبەجێ دەبێ.

بەڵام دەستگرتن بەم پێوەرە خودییە ئەو تێبینیەی لەسەرە کە دەخوازێ بەشوێن نیەتی گرێبەندواندا بگەڕێیت تا بزانی چەندە گرنگی بەو شتە دەدا کە عەقدەکە کاری تێدا دەکا، لە هەندێ باردا لەوانەیە گەیشتن بەو نیەتە ئاستەم بێ، لەبەرئەوە گرنگە ئەم پێوەرە بە کۆمەڵێ دیسپلینی بابەتیەوە ببەسترێتەوە کە یارمەتی زانینی نیەتی دوو گرێبەندوانەکە دەدەن.

**هەڵوێستی یاسای مەدەنیی عێراقی لە هەڵە**

یاسادانەری عێراقی کارتێکراو بە فیقهی ئیسلامی لە چوار مادە (١١٧–١٢٠)دا بابەتی هەڵەی چارەسەر کردوە، بەشێوەك لەگەڵ ئەو یاسا عەرەبیانەی لەژێر کاریگەری فیقهی غەربیدان لە هەندێ رووەوە کۆك و لە هەندێ روویترەوە ناکۆکە.

**أ– لە رووەکانی لێکچوون:**

١– دابەشـکردنی هەڵـە لـەرووی کاریگەریـەوە بـۆ رێگـر[١] و کاریگـەر[٢] و ناکاریگەر[٣]..

٢– دەستگرتن بە پێوەری خودی (زاتی)ەوە لە هەڵەی کاریگەردا[٤].

٣– لەبەرچاونەگرتنی هەڵـەی کاریگـەر مەگـەر لایەنەکـەیتر تێـی کـەوتبێ یـان زانیبێتی، یان ئاسان بوو بۆی بیزانێ[٥].

٤– لەبەرچاونەگرتنی هەڵەی ماددی (یان هەڵە لـە حسـابکردندا، بـەڵام پێویسـتە راست بکرێتەوە)[٦].

**ب– لە رووەکانی جیاوازیوون:**

١– گرێبەنـد لـە مـەدەنیی عێراقیـدا لـە حاڵـەتی هەڵـەی کاریگـەردا وەسـتێنراو (موقوف)ە و تـا پـاش مۆڵەتـدان ئاسـەوارەکانی بەرهـەم نـاهێنێ، قابیـل بـە بەتالکردنەوە و بەرهەمهێنی ئاسـەوارەکانی نیـە، هـەروەها قابیـل بـە نەمانـە لەرێی بەتالکردنەوەوە.

٢– یاسادانەری عێراقـی لەئاسـت پابەنـدکردنی ئـەو لایەنـەی کەوتوتـە هەڵە بـە درێـژەدان بـە عەقدەکـەی، ئەگـەر لایەنەکـەیتر ئامـادەیی پیشـاندا بـۆ پێشکەشکردنی ئەوەی (لایەنی هەڵەکار) لە ئیمزاکردنی عەقدەکـە مەبەسـتی بووە، بێدەنگ بووە، بگرە بۆی هەیە ئەو عەرزە رەت بکاتـەوە و مۆڵـەت بـە عەقدە وەستێنراوەکە نەدا. لەوەیشدا چاکی کردوە، لەبەرئەوەی لایەنەکەیتر بەدەر لە حاڵەتی هەڵەی هاوبەش، بە گزیکار دادەنرێ، قورئانیش دەفەرموێ:

---

(١) وەك هەڵە لە چییەتیدا لەگەڵ جیاوازیی رەگەز (م١١٧).

(٢) وەك هەڵە لە وەسفێکی پەسەندکراو (مرغوب فیە)دا (م١١٧).

(٣) وەك هەڵە لە حسابدا (یان هەڵەیماددی) (م١٢٠).

(٤) م١/١١٨.

(٥) م١١٩.

(٦) م١٢٠.

﴿ وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا ﴾[1]. (واتە: پاداشتی خراپە خراپەیەکی هاوشێوەیە).

٣- جیاوازی لە ناونانی هەڵەی جەوهەری بە هەڵە لە وەسفێکی جێ پەسەندداو، ئەگەرچی هەڵەی جەوهەریشی بەکار هێناوە [2].

**هەڵوێستی فیقهی ئیسلامی لە هەڵە:**

ئەوەی لە یاسای مەدەنیی عێراقیدا هاتوە نموونەیەکە بۆ ئاراستەی فیقهی ئیسلامی لەڕووی کۆکبوون و ناکۆکبوون لەگەڵ فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان، ئەڵبەت بە هەڵاوێرانی ئەوەی لە مەدەنی عێراقیدا عەقدەکە بە وەستێنراو، بەڵام لە رای زاڵی فیقهی ئیسلامیدا بە بەرکاری نالازم دادەنرێ.

فیقهی ئیسلامی بەوە لە یاسا جیا دەکرێتەوە هەر لە سەرەتاوە دەستی بە پێوەری کەسی (خودی)ەوە گرتووە لە جیاکاری لەنێوان هەڵەی کاریگەر و ناکاریگەردا بەبێ تێپەڕبوون بەو پەرەسەندنانەی یاسا و فیقهی غەربی پێیاندا تێپەڕیوە، ئەویش بە پەیڕەویکردن لەوەی پێغەمبەر فەرمویەتی: (إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى) [3]، هەروەها: (لا ضرر ولا ضرار)[4]. دیسان بە پەیڕەویکردن لەو رێسا فیقهییە گشتییەی دەڵێ: (لا عبرة بالظن البين خطؤه)[5].

---

(1) سورة الشورى/ ٤٠.

(2) م١١٨/١.

(3) صحيح البخاري، للإمام محمد بن إسماعيل البخاري: ٣/١ (برقم ١).

(4) ئیمام ئەحمەد لە مەسنەدەکەی ٣١٣/١ (بە ژمارە ٢٨٦٧)، ٣٢٦/٥ (بە ژمارە ٢٢٨٣٠)، ریوایەتی کردوە. هەروەها حاکم لە (مستدرك)ەکەی ٦٦/٢ (بە ژمارە ٢٣٤٥) هێناویەتی و لەبارەیەوە دەڵێ: (ئەم حەدیسە ئیسنادەکەی دروستە لەسەر مەرجی موسلیم و ریوایەتیان نەکردوە"، جگە لەو دوانە کەسانیتریش ریوایەتیان کردوە.

(5) رێسای (٧١) مادەی (٧٢) لە گۆڤاری: الأحكام العدلية.

لقی دووەم: خەڵەتاندن (التدلیس)

(التدلیس) لە زماندا چاوگی (دلّس)ەیە و فیعلە موجەڕەدەکەی (دلس)ەیە. دلس مانای تاریکییە، دەوترێ: فلان لا یُدالس ولا یُوالس. واتە فێڵ و غەدری لێ ناکرێ. (المدالسة) واتة (المخادعة) فێڵ لەیەکتر کردن، دەوترێ: فلان لا یدالسك و لایخادعك و لایخفي علیك شيء [1]. واتە: فلان فێڵت لێناکات و هیچت لێ ناشارێتەوە.

لە زاراوەی یاسایی فیقهیدا: چەواشەکردنی گرێبەندوانە بە هەندێ شێوازی فێڵکردن تا بخرێتە هەڵەوە، یان بۆ بەردەوامبوونی لە هەڵەیەك کە تێی کەوتوە و پاڵی پێوە دەنێ بۆ عەقدکردن [2].

ئەم پێناسەیە خەڵەتاندنێکیش دەگرێتەوە کە لە کەسێکیتر جگە لە گرێبەندوانەوە کراوە و هەمان کاریگەریی ئەو خەڵەتاندنەی هەیە لە گرێبەندوانەکەوە دەرچوویێ ئەگەر گرێبەندوانە فێڵ لێکراوەکە سەلماندی هاوگرێبەندەکەی بەوەی زانیوە یان بەحەتمی دەبوو پێی بزانێ. بەڵام ئەم گشتاندنە لە مادەی (١١١٦) [3]ی مەدەنیی فەرەنسیدا نیە کە دەڵێ، خەڵەتاندن هۆیەکە بۆ بەتاڵکردنەوە ئەگەر ئەو فێڵ و تەڵەکانەی لەلایەن یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکەوە بەکار هاتبوون گەورە بوون، بەشێوەیەك ئەوە روون بێ بەبێ ئەوانە لایەنەکەیتر بە عەقدەکە رازی نەدەبوو.

لەم پێناسە و پێناسەکانیتری خەڵەتاندن ئەوە وەردەگیرێ کە بە عەیبێکی سەربەخۆ لە عەیبەکانی ئیرادە دانانرێ، چونکە لەڕاستیدا عەیب ئەو هەڵەیەیە لە

---

[1] لسان العرب فصل الدال حرف السین ٧/٣٨٩.

[2] الاستاذ مرقس، أصول الالتزامات: ص١٨٦.

[3] وەرگێڕانی مادەی (١١١٦): لەخشتەبردن (التغریر) هۆیەکی واجبکەر دەبێ بۆ فەسادی عەقد ئەگەر بەجوانی روون بووەوە بەبێ ئەو فێڵ و تەڵەکانەی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە کردوونی، ئەویتریان بە گرێبەندەکە رازی نەدەبوو. تەنها بە بوونی گومانیش حوکمی بوونی لەخشتەبردن نادرێ لەبەرئەوەی ئەسڵ نەبوونیەتی، بەڵکو پێویست بە سەلماندن و گەیشتنە یەقین تێیدا دەکا. مانای ئەوەیە لە لەخشتەبردندا تەنها گومانبردن بەس نیە، بەڵکو پێویستە بسەلمێ.

خەڵەتاندن پەیدا بووە، هەربۆیە دانەپاڵی عەیب بۆ لای خەڵەتاندن مەجازێکی عەقڵییە، واتە دانەپاڵی شتێکە بۆ لای جیاواز لەوەی هەقە بدرێتە پاڵی. عەیب سیفەتی ئەو هەڵەیەیە لە کەسی خەڵەتێنرلودایە لەکاتێکدا خەڵەتاندن سیفەتی خەڵەتێنەرە، ئەو کردەیەی لە کەسێکدایە نابێتە سیفەت بۆ کەسێکیتر، لەم روانگەوە پرسیار لەوە دروست بووە کە ئاخۆ دەکرێ تەنها بە هەڵە ئیکتیفا بکرێ و دەست لە خەڵەتاندن هەڵبگیرێ هەڵە بۆ دوو جۆر دابەش بکرێ: هەڵەی خۆبەخۆ (التلقائي) ئەوەیە کەسەکە خۆبەخۆ بۆی دابخزێ وەك پێشتر روون کرایەوە + هەڵەی وروژێنراو (المستثار) کە ئەو فێڵ و تەڵەکانەی کە لە عەقدکردنەکەدا بەکار دەهێنرێن لە مێشکدا دەیوروژێنن.

**پێدەچێ بوونی هەندێ جیاوازیی جەوهەری لەنێوان هەڵەی خۆبەخۆ و هەڵەی زادەی خەڵەتاندن پاڵنەر بێ بۆ کردنی دووەم بە هاوبەشکەی یەکەم نەك بەشێك لێی، لەو جیاوازیانە[1]:**

١- سەلماندنی هەڵەی زادەی خەڵەتاندن لە سەلماندنی هەڵەی خۆبەخۆ ئاسانترە، لەبەرئەوەی یەکەم زادەی کارێکی ماددی و دووەمیان دەروونییە و سەلماندنی ئاستەمە، ئەوە روونە باری سەلماندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەوەی بانگەشەی هەڵە یان خەڵەتاندن دەکا[2].

---

[1] الاستاذ السنهوري ٣٥٧/١. الاستاذ أبو ستيت ١٦٥/١. الاستاذ البدراوي ٢٨٦/١. مجموعة الأعمال التحضيرية للمدني المصري ١٧٢/٢ و پاشتر.

[2] لەبەرئەوەی خەڵەتاندن لە سیفەتە سەرهەڵداوەکانە (العارضة) لەبەردەم عەقددا و ئەسڵ نەبوونیەتی، مادەی (٩) لە گۆڤاری الأحكام العدلية دەڵێ: (ئەسڵ لە سیفەتە سەرهەڵداوەکاندا نەبوونە). مادەی (٢٢٦٨)ی مەدەنیی فەرەنسیش دەڵێ: (ئەسڵ لە خاوەنداریێتیدا (التملك) ئەوەیە بەبێ فریودان و خەڵەتاندن بێ، هەرکەس ئیددیعای فریودان یان خەڵەتاندنی لە شتێکدا کرد، پێویستە بیسەلمێنێ).

٢- خەڵەتاندن وەك کارێکی نامەشروع ئەگەر زیانێکی لێ کەوتەوە، جگە لە بەتاڵکردنەوەی گرێبەندەکە، پابەندکردنی خەڵەتێنەر بە قەرەبووکردنەوەشی لێ دەکەوێتەوە.

لەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریی فیقهی غەربیدان لە کردنی خەڵەتاندن بە هۆیەك بۆ بەتاڵکردنەوەی گرێبەند، یاسای مەدەنیی میسریی ئێستایە کە هەردوو مادەی (١٢٥ و ١٢٦) بۆ چارەسەری ئەو عەیبە تێدایە:

م١٢٥- دەکرێ گرێبەند لەبەر خەڵەتاندن بەتاڵ بکرێتەوە ئەگەر ئەو فێڵانەی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە یان نوێنەرێکی پەنای بۆ بردبوون هێندە گەورە بوون، ئەوانە نەبوونایە لایەنی دووەم گرێبەندەکەی نەدەکرد.

هەروەها بەئەنقەست خۆ بێدەنگکردن لە رووداو یان هەلومەرجێك بە خەڵەتاندن دادەنرێ ئەگەر سەلما فێڵ لێکراو گرێبەندەکەی نەدەکرد ئەگەر بەو رووداو یان هەلومەرجەی بزانیایە.

یاسای سوری م١٢٦ و لیبی م١٢٥یش وەك ئەم یاسایەن.

م١٢٦- ئەگەر خەڵەتاندن لەلایەن کەسێتری جگە لە دوو گرێبەندوانەکەوە بوو، گرێبەندوانی فێڵ لێکراو بۆی نیە داوای بەتاڵکردنەوەی گرێبەندەکە بکا تا ساغ نەبێتەوە گرێبەندوانەکەیتر بەو خەڵەتاندنەی دەزانی، یان بەحەتمی ئەسڵ وابوو پێی بزانێ. یاسای سوری م١٢٧ و لیبی م١٢٦یش وەك ئەم یاسایەن.

**رەگەزەکانی خەڵەتاندن (عناصر التدليس):**

رەگەزەکانی هەر زاراوەیەکی یاسایی و نایاسایی ئەوەیە لە چییەتیەکەی وەرگیراون، واتە پێکهێنەر و ماکە زاتیەکانی لە پێناسەکردنیدا، ئەگەر رەگەزەکان بەشێك بوون لێی پێیان دەوترێ روکنەکان، ئەگینا پێیان دەوترێ مەرجەکان، رەگەزەکان هەمەگیرترن و روکن و مەرجەکانیش دەگرنەوە.

زانایانی یاسا لە جیهانی عەرەبی سەبارەت بە چەندایەتی و چۆنایەتیی رەگەزەکانی خەڵەتاندن رای جیاوازیان هەیە. لەرووی چەندایەتیەوە هەندێکیان

پێیـان وایــە دووانــن[1]، هەنــدێکیان دەڵــێن ســیانن[2] و هەنــدێکیش گەیاندویانەتــە حەوت[3].

لەڕووی چۆنایەتیەوە هەندێکیان دەستەواژەی ڕەگەز[4] بەکار دێنن، هەندێکیشیان ڕەگەزیان گۆڕیوە بۆ مـەرج، پاشـان هەنـدێ مـەرجیان بـۆ چـەند ڕەگـەزێك دابـەش کردوە[1]، هۆی ئەم ناکۆکییە چەند شتێکە، لەوانە:

---

[1] وەك مامۆسـتا سـەنهوری کـە لـە: الوسـيط (٣٤٤/١)دا دەڵـێ، لـە دەقـەکانی (م١٢٥ و م١٢٦)ی مەدەنیی میسری ئەوە دێتە دەست کە خەڵەتانـدن دوو ڕەگـەزی هەیـە، بـەکارهێنانی ڕێگـەی جۆراوجۆری فێڵکردن ئەمەیان ڕەگـەزە بابەتیەکەیـە، پاڵپێوەنـان بـۆ گرێبەندکردنـە ئەمـەیش ڕەگەزی دەروونییە و ئەو دوو ڕەگەزە بەسن.

[2] وەك مامۆستا أنور سلطان كە لە کتێبـی: مصـادر الالتـزام ١٧٥/١ دا بـۆ ئـەوە چـووە، ڕەگـەزەکانی خەڵەتانـدن بـە دانـانی بـە عـەیبێك لـە عەیبـەکانی ئـیرادە سـیانن: ١- بەکارهێنانی فێڵ. ٢- نیازی چەواشەکردن. ٣- فێڵەکە کاریگەر بێ.

[3] وەك مامۆستا صلاح الدين الناهي (مبادئ الالتزامات: ص٧١) دەڵێ:

فیقهی فەرەنسی لە خەڵەتاندندا ئەم مەرجانەی داناوە:

١- ڕێگە فێڵبازانە کاریگەرەکان لەسەر ئیرادەی گرێبەندوان بەکار بهێنرێن.

٢- شێوازەکانی لەخشتەبردن عورف ڕێگەیان پـێ نـەدا و لـە پـەنابردنیان نـەبوێ لەبـەر دەرچوونیان لە مەئلوف.

٣- لەخشتەبردنەکە پاڵنەر بێ بۆ عەقدکردن.

٤- یەکێك لە دوو لایەنەکە دژی ئەویتر ئـەنجامی دابـێ، ئەگـەر کەسـێکی سـێیەم بـووبێ پێویستە ئەوەی لێی سوودمەندە لەوە ئاگەدار بووبێ یان ئاسان بێ پێی بزانێ.

٥- سەلماندنی لەخشتەبردن لەبەرئەوەی ئەسڵ نەبوونیەتی.

٦- پێچەوانەی ڕەوشتە بەرزەکان بێ لەڕووی یاساییەوە.

٧- لەخشتەبردنەکە لەبەر تیشکی مەدەنیی عێراقدا مافخورانی زەقی لەتەکدا بێ.

[4] وەك مامۆستا حجازی، النظرية العامە للالتزام ٣٠٥/١ دەڵێ: ڕەگەزە بابەتیەکە لە چەند ڕێگەیـەکی فێڵکردن پێکدێ، ڕەگەزە شەخسیەکە ئەوەیە گرێبەندوان بەهۆی ئەو فێڵانەوە بکەوێتە هەڵـە. لە تەفسیرکردنی ڕەگەزی شەخسیدا سەرکەوتوو نەبوو لەبەرئەوەی کەوتنە ناو هە ڵەسـیفەتی کەسی خەڵـەتێنراوە، ئـیتر چـۆن دەبێتـە ڕەگـەزێك بـۆ خەڵەتانـدن لەکاتێکدا ئـەوە کـردەی خەڵەتێنەر یان کەسێکی سێیەمە؟

١- هەلگۆڕینی رەگەزەکانی خەڵەتاندن لە دەقە یاساییەکان، لەکاتێکدا ئەسڵ وایە لە چییەتیی چەمکەکە (خەڵەتاندن) وەربگیرێ.
٢- تێکەڵکردن لەنێوان رەگەزو مەرجەکاندا لەکاتێکدا رەگەز لە مەرج گشتیترە و روکنیش دەگرێتەوە.
٣- کارتێکران بە پتر لە یاسایەك[2].
٤- لاساییکردنەوەیان بۆ یەکتر لەگەڵ گۆڕینێك لە دەربڕینـدا، دەشـێ دەربڕینـی داهاتوو لەوەی رابردوو وردتر بێ، لەوانەیشە بەپێچەوانەوە بێ.

توێژەر پێی وایە روونترین شێواز و نزیکتر لە واقیع بۆ روونکردنەوەی رەگەزەکانی خەڵەتاندن بریتییە لەمەی خوارەوە: رەگەزەکانی خەڵەتاندن سیانن: ئامراز، ئامانجی ناڕەوا و پەیوەندیی هۆیی.

**رەگەزی یەکەم- ئامراز (الوسیلة):**

بەزۆری هەندێ رێگـەی فێڵبازانـە و چەواشـەکارانەن، بـەڵام مـەرج نیـە هەمیشـە فێڵبازانە و چەواشەکارانە بن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەوان ببنە پاڵنەر بۆ هەڵـەکردن و لەوێیشەوە گرێبەندکردن جا: چ ئـەرێنی بـێ وەك درۆ و سـاختەکاری و لـەخۆگرتنی

---

[1] وەك مامۆستا مرقس، أصول الالتزامات ص١٨٧ کە دەڵێ:
خەڵەتاندن ئەگەر سێ مەرجی تێدا بوو رەزامەندی عەیبدار دەکا:
١- بەکارهێنانی رێگەی فێڵبازانە بەمەبەستی چەواشەکردن.
٢- بـەکارهێنانی ئـەو رێگایانـە لەلایـەن گرێبەندوانەکـەیترەوە بـێ (بـەگوێرەی یاسـای فەرەنسی) یان لانیکەم ئەو گرێبەندوانەیتر پێی بزانێ یان بەحەتمی ئەسڵ ئـەوە بـوو پێی بزانێ (بەگوێرەی یاسای میسری).
٣- ئەو چەواشەکردنەی لە بەکارهێنانی ئەو رێگـە فێڵبازانـە پەیدا دەبـێ پاڵنـەر بـێ بـۆ گرێبەندکردن. پاشان دەڵێ: مەرجی یەکەم لە دوو رەگەزی ماددی (کاری مـاددی) + مەعنەوی (نیەتی لەخشتەبردن) پێکدێ.

[2] وەك مامۆستا صلاح الدین الناهي، مەرجی مافخوران (الغبن) لەگەڵ لەخشـتەبردنی لـە مـەدەنیی عێراقـی (م١٢١) کـە لـەژێر کاریگـەریی فیقهـی ئیسـلامیدایە وەرگـرت، مـەرجی روودانـی رێگـە فێڵبازانەکان لە یەکێك لە دوو عەقدکارەکەی لە مەدەنیی فەرەنسی (م١١١٦) وەرگرتوە.

سیفەتێکی هەڵبەستراو و هەموو ڕواڵەتێك لە ڕواڵەتـە درۆزنانـەکان کـە لەگـەڵ واقیـع نایەنەوە، وەك خۆپیشاندان بە خانەدان و دەوڵەمەند. درۆ خۆی لە خۆیدا بە ڕێگـەی فێڵبازانـە دانـانریٚ وەك ئـەوەی بازرگـان زیـادەڕەوی لـە وەسـفکردنی چـاکییەکانی کاڵاکەیدا بکـا، یـان فرۆشـیار بەپێچـەوانەی ڕاستەقینە خـۆی وەك ئەهلیـەت تـەولو پیشانی کڕیار بدا، بەڵام بە ڕێگـەی فێڵبازانـە دادەنـریٚ ئەگـەر ڕوونکردنـەوەی درۆی تایبەت بـە هەنـدیٚ شـتی دیـاریکراوی پێشـکەش کـرد کـە دەیزانـی لایەنەکـەیتر لـە عەقدکردندا بایەخی تایبەتی پێدەدا.

یان نەرێنی بیٚ، کارە فێڵبازانەکان وەك چۆن لە ڕوودلوی ئەرێنی پێکدێن، دەکریٚ لـە ڕووداوی نـەرێنیش پێکبـێن، کـە پێـی دەوتـریٚ بێـدەنگیی خەڵەتێنەرانـە یـان خەڵەتاندنی نەرێنی. خـۆی بێـدەنگی بـە خەڵەتانـدن دانـانریٚ بـەڵام بـە خەڵەتانـدن حسێبە ئەگەر ئەرکێك هەبوو کە یاسا یان عورف یـان سروشـتی عەقدەکـە فـەرمانی پێـدەکرد و لەسـەر گرێبەنـدوانی پێویسـت دەکـرد هاوعەقدەکـەی لـەو ڕووداو یـان بۆنەیەی بەلایەوە گرنگە بیزانیٚ، خەبەردار بکا[1].

خۆبـواردن لـە خسـتنەڕووی زانیارییـە پێویسـتەکان بـەر لـە عەقدکردنەکـە بـە خەڵەتاندنی نەرێنی دادەنریٚ، هەروەها ڕوونەکردنەوە لە گرێبەندەکانی ئەمانـەتیش بـە خەڵەتانـدن دادەنـریٚ، کـە لـەو گرێبەندانـەدا پێویسـتە لـەڕێی ڕوونکردنـەوەوە خۆپارێزی لە خانەگومانی (شوبهە) بکریٚ وەك ناپاکیکردن لە قازانجکاری (المرابحـة) و مایـەکاری (التولیـة) بەشـدارکردن (الاشـراك) و زیانکـاری (الوضـیعة)[2] و وەڵامنەدانەوەی ڕاست لە گرێبەندی بیمەکردندا.

---

[1] (م١٢٥) مەدەنیی میسری. د.حجازي، النظرية العامة للالتزام ٢٠٦/١.

[2] (م٢/١٢١) م.ع.

قازانجکاری (المرابحة): فرۆشتن بە نرخی کڕین لەگەڵ ڕێژەیەك قازانج.

مایەکاری (التولیة): فرۆشتن بە نرخی کڕین.

بەشـدارکردن (الاشـراك): کردنـی کەسـێکیتر بـە شـەریك لـە بەشـێك لـە فرۆشـراوەکەدا ←

**رەگەزی دووەم- ئاماژەی ناڕەوا کە لە سێ قۆناغی لەدوای یەکدا خۆی دەنوێنێ:**

یەکەم: خستنەهەڵەی گرێبەندوانەکەیتر یان بەردەوامبوونی لەو هەڵەیەی خۆبەخۆ لەبەر نیەپاکیی خۆی تێی کەوتوە، یان لەبەر نەشارەزایی یان لەبەر هەردووکیان.

قۆناغی دووەم: بریتییە لە پاڵنان بە گرێبەندوانەکەیترەوە، لەڕێی هەڵەکەیەوە، بۆ ئیمزاکردنی گرێبەندەکە.

سێیەم: خەڵەتێنەر لەسەر حسابی خەڵەتێنراو دەسکەوتێکی ناڕەوای دەست بکەوێ.

**رەگەزی سێیەم- پەیوەندیی هۆیی لەنێوان ئامراز و ئاماژەدا:**

بەوەی ئامرازەکە پاڵنەر بێ بۆ عەقدکردن جا چ لەلایەن عەقدکار یان کەسیترەوە بێ، بەپێچەوانەی مادەی (١١١٦)ی مەدەنیی فەرەنسی و هەردوو مادەی ١٣٦/١٩٦ی مەدەنیی میسریی هەڵوەشاوە لە بەمەرجگرتنی ڕوودانی ئامرازەکە لە یەکێك لە دوو عەقدکارەکەوە بەبەڵگەی ئەوەی عەقدکار بە بەتاڵکردنەوە پاداشت نادرێتەوە لەسەر گوناهێك کەسیتر کردویەتی، بەڵکو خەڵەتێنراو بۆی هەیە بگەڕێتەوە گەردنی ئەو کەسیترە و داوای قەرەبووی ئەو زیانەی لێ بکا لێی کەوتوە.

ئەم شیکردنەوەیە بەوە بەرهەڵستی دەکرێ کە ئەو ئامرازەی لە کەسیترەوە رووی داوە وەك ئەوەیە لە عەقدکارەوە بووبێ ئەگەر پێی زانیبێ یان بەحەتمی دەبوو لە هەلومەرجی چواردەوری گرێبەندەکەوە پێی بزانێ، لەبەرئەوەی بێدەنگبوونی لەم

---

بەرانبەر بە نرخی کڕینی.

زیانکاری (الوضیعة): فرۆشتن بە نرخی کڕین لەگەڵ ڕێژەیەك لە زیان.

لە پابەندییەکانی فرۆشیار لەم عەقدانەدا دیاریکردنی وادەیە ئەگەر هەبوو، هەروەها روونکردنەوەی ئەوەی نرخەکەی پێشوو قەرز بووە لە ئەستۆی فرۆشیاری یەکەمدا، یان بەپێی سوڵحێك و ئەو جۆرە شتانەوە بردویەتی.

تبیین الحقائق ٤/٧٨ المدونة الكبرى ٤/٢٣٩.

حاڵەتەدا بە خەڵەتاندن دەژمێرێ[1]، هەروەها خەڵەتاندن لەلایەن نوێنەرەوە بە خەڵەتاندن لەلایەن ئەسڵەکەوە دادەنرێ.

**هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لە خەڵەتاندن:**

یاسادانەری عێراقی لە مادەکانی (١٢١-١٢٤)دا لەژێر ناونیشانی (التغریر مع الغبن)دا چارەسەری کاریگەریی خەڵەتاندن لە رەفتاری یاسایی کردوە. لەم بابەتەدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی فیقهی ئیسلامی، دیارە ئەوەی لێ دەرچێ کە عەقدەکەی بە وەستێنراو داناوە[2] لەکاتێکدا فیقهی ئیسلامی بە بەرکاری نالازم (النافذ غیر اللازم)ی داناوە، بەوە لەگەڵ ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریی فیقهی غەربیدان لە هەندێ رووەوە کۆک و لە هەندێ روویترەوە ناکۆک دەبێ :

**أ- لە رووەکانی کۆکبوون:**

١- کۆکبوون لە رەگەزە سەرەکیەکانی خەڵەتاندندا.

٢-حسابکردن بۆ ئەو خەڵەتاندنەی لە کەسیترەوە بووبێ ئەگەر هاتوو گرێبەندولنە سوودمەندەکە پێی زانی، یان دەبوو پێی بزانی[3].

٣- دانانی خەڵەتاندن بە یەکێك لەو عەیبانەی ئیرادە کە کار لە گرێبەند دەکەن، ئەگەر رەگەزەکانی هاتبوونە جێ.

٤- دانانی باری سەلمانی خەڵەتاندنی کاریگەر لەسەر شانی خەڵەتێنرلو.

٥- حسابکردن بۆ ئامرازێك کە سەر بۆ ئامانجێکی ناڕەوا دەکێشێ، بەچاوپۆشین لە سروشتەکەی چ ئەرێنی بێ یان نەرێنی.

٦- خەڵەتێنرلو بۆی هەیە دەستبەرداری مافەکەی ببێ، لەڕێی مۆڵەتدان بە عەقدەکەوە.

---

[1] م١٣٦ مەدەنیی میسری، مەدەنیی عێراقی م١٢٢ و سوری م١٢٧ و للیبی م١٣٦ش وەك ئەون.

[2] (م١٢١/١) م.ع.

[3] (م١٢٢) م.ع.

٧- فێڵڵێکراو بۆ ئەو زیانەی لێی کەوتوە بۆی هەیە بگەڕێتەوە سەر ئەو کەسیترەی خەڵەتاندنەکەی کردوە، ئەگەر گرێبەندوانەکەیتر بەو لەخشتەبردنەی نەدەزانی و ئاسان نەبوو پێی بزانێ.

## ب- رووەکانی جیاوازییان:

١- بەمەرجدانانی ئەوەی لەخشتەبردنەکە مافخورانێکی زەقی لەگەڵ بێ، لەکاتێکدا هەریەك لە لەخشتەبردن و مافخوران لە یاسا غەربیەکاندا بە عەیبێکی سەربەخۆ لە عەیبەکانی ئیرادە دادەنرێن و لە خەڵەتاندندا مەرج نیە مافخورانی لەگەڵ بێ یان لە مافخوراندا خەڵەتاندنی لەگەڵ بێ[1]. ئەم مەرجە لەو یاسایانەدا دلواکراوە کە لەژێر کاریگەریی فیقهی ئیسلامیدان[2].

٢- ئەو، لەگەڵ یاسای مەدەنیی ئوردنی تاکانەن لەوەی لەخشتەبردن لەگەڵ مافخورانی زەقیان لە هۆکانی وەستانی عەقد داناوە، ئەوەیش ئاراستەیەکە پێچەوانەی هەردوو فیقهی ئیسلامی و غەربییە، لەبەرئەوەی لە فیقهی ئیسلامیدا عەقدەکە بەرکاری نالازمە و لە فیقهی غەربیشدا قابیل بە بەتاڵکردنەوەیە[3].

مافخورانیش: ئەوەیە یەکێك لە دوو بەدەلەکە لە گرێبەندی ئاڵوگۆڕدا لە نرخدا هاوتای ئەویتر نەبێ.

---

[1] (م١٢٥) مەدەنیی میسری.

[2] لەوانە مەدەنیی عێراقی م١٢١ مەدەنیی ئوردنی م١٤٥.

[3] بەڵام ئەگەر مافخورانەکە زەق (فاحش) بوو، مافخورلو حیجرکرلو بوو یان ئەوماڵەی مافخوران تێیدا رووی دلوە ماڵی دەوڵەت یان وەقف بوو، ئەوا گرێبەندەکە بەتاڵ دەبێ. (م١٢٤/٢ م.ع).

**هەڵوێستی یاساکانی سزاکان لە تاوانەکانی خەڵەتاندنی جینائی و فێڵکردن لە گرێبەندنوان:**

زانایانی یاسای سزاکان خەڵەتاندن (تەدلیس)یان بە پێناسەی جیاواز لە دەربڕین، بەڵام کۆك و لێك نزیك لە ناواخندا پێناسە کردوە، لەو پێناسانە:

پێناسەکردنی بەوەی شێواندنی راستییە لەبارەی رووداو (واقعە)یەکەوە کە کەوتنە هەڵەی لێ دەکەوێتەوە[1]. مانای ئەم پێناسەیە ئەوەیە جەوهەری مافخوران درۆیە، بابەتی ئەو درۆیەش رووداوێکە دەبێتە مایەی دروستکردنی پشێوی لە بیرکردنەوەی کەسێکدا و وای لێدەکا باوەڕی بە ناڕاستەقینە هەبێ.

هەندێکیان پێناسەی تاوانی خەڵەتاندنیان کردوە بە کۆمەڵێ کار یان درۆ و دەلەسە کە بکرێ بەهۆیانەوە شت جیاواز لە راستەقینەی خۆی دەربخرێ، یان بە رواڵەتێك جیاواز لەوەی لە راستی و واقیعدا هەیەتی، رووپۆش بکرێ.

بە دەربڕینێکیتر رەفتارێکە لەباریدایە یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە (فرۆشیار یان کڕیار بۆ نموونە) لەبارەی ئەو کالآیەی وەریگرتوە یان پێی گەیشتوە، بخاتە هەڵەوە.

هەروەها گوتویانە: فێڵ لێکردن (الخداع) جۆرێکە لە جۆرەکانی خەڵەتاندن، بەڵام خەڵەتاندنێکی جینائییە و جیاوازە لە خەڵەتاندنی مەدەنی[2].

ئەوە روونە خەڵەتاندن و گزیکردن لەو کارانەن لەگەڵ رەوشتە جوانەکان ناگونجێن و ئەو متمانەیە ناهێڵێ کە پێویستە لە بواری شەرەفی مامەڵەکردندا هەبێ، رۆژ بەرۆژیش لەگەڵ ئامرازەکانی فێڵکردندا پەرە دەسێنن، ئەوەیش وای کردوە قەبارەی خەڵەتاندن و گزیکردن زیاد بکا، لەبەرئەوە ماوەی پتر لە سەدەیەکە یاسای سزاکان بایەخ بە قەلآچۆکردنی خەڵەتاندن و گزیکردن دەدات.

---

[1] الدكتور محمود نجيب حسني، شرح قانون العقوبات، القسم الخاص، طبعة ١٩٨٧: ص٩٩٣.

[2] الدكتور حسني الجندي، شرح قانون قمع التدليس والغش، الطبعة الثانية ١٩٩٦: ص٣٦.

بەبڕوای من یەکەمین یاسا چارەسەری ئەم بابەتەی لە وڵاتـانی عـەرەبی کردبـێ، یاسای سزاکانی میسری ئەهلییە کـە سـاڵی ١٨٨٣ دەرچـووە و لـە مـادەی (٢٤٥)یـدا دەڵێ: (هەرکەس گزی لە خواردنەوەکان یان خشڵ یـان دەغڵـودان و جۆرەکـانیتری خواردن یان دانودەرمانی ئامادەکراو بۆ فرۆشـتن بکـا، بـە تێکـەڵکردنی بـە شـتێکی زیانبەخش بـە تەندروسـتی. یـان خواردنـەوە، خشـڵ یـان دەغڵـودان بفرۆشـێ یـان بیانخاتە روو بۆ فرۆشتن یان هەندێ خواردن یان دەرمان زیـاد بکـا لەکاتێکـدا بزانـێ بەهۆی تێکەڵکردنی شتی زیانبەخش بە تەندروستی گـزی تێـدا کـراوە، بـا کڕیـاریش بەوەی زانیبێ، یان خشڵی گرانبەها بفرۆشێ بەبێ وەرگرتنی کەفالەت لـە کڕیـار بـەو شێوەیەی لە پێڕەونامەکاندا هەیە، هەر کەس کارێك لەمانەی باس کرا ئەنجا بدا، بـە بەندکردن بۆ ماوەی سێ مانگ تا دوو ساڵ و غەرامەکردن بە دووسـەد تـا دوو هـەزار قرشی دیوانی سزا دەدرێ، هەروەها دەکرێ غەرامەکە بگەیەنرێتە چارەکی نرخی ئەو بەزامنکردنەی حوکمی پـێ دەدرێ و چـارەکی نرخـی ئـەوەی بڕیـار بـە گێڕانـەوەی لەلایەن ئەو کەسەی شتێك لەوەی ئەنجام دابوو کە باس کرا) [1].

پاش ئەو یاسای سزاکانی ئەهلی هات کە سـاڵی ١٩٠٤ دەرچـووە، پاشـان یاسـای سزاکانی میسری ١٩٣٧، ئەنجا یاسای ژمارە (٤٨) ١٩٤١ و یاسای ژمارە (١٠٦) ١٩٨٠ و یاسای ژمارە (٢٨١) ١٩٩٤. مادەی یەکەمی ئەم یاسایەی دوایی دەڵێ:

بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە ساڵێك کەمتر نەبێت و بە غەرامەیەك لـە پێـنج هـەزار جونەیە کەمتر و لە بیست هەزار جونەیە زیاتر نەبێ، یان هاوتای نرخی ئـەو کاڵایـەی بابەتی تاوانەکەیە کامەیان گەورەتر بوو یان بە یەکێك لە دوو سزایە سزا دەدرێ، هەر کەسێك بە هەر رێگەیەك لە رێگەکان، ئەو کەسەی عەقدی لەگەڵ دەکا بخەڵەتێنێ یان پێ بسڵێ بۆ خەڵەتاندنی، لە یەکێك لەم شتانەدا:

١- خودی کاڵاکە، کە ئەگەر ئەوەی وەریگرتبوو ئەوە نەبوو لەسەری رێکەوتبوون.

---

[1] الاستاذ ابراهيم المنجي، جرائم التدليس والغش، الطبعة الاولى ١٩٩٧: ص٣٢.

٢- حەقیقەتی کاڵاکە، یان سروشتەکەی، یان سیفەتە جەوهەرییەکانی، یان ئەو رەگەزە بەسوودانەی تێیدان و بەشێوەیەکی گشتی ئەو رەگەزانەی دەچنە پێکهاتەیەوە.

٣- جۆری کاڵاکە یان شوێن و ئەسڵ و سەرچاوەی لەو ماڵانەی بەگوێرەی رێکەوتن یان عورف، ئەو جۆر یان شوێن یان ئەسڵ و سەرچاوەیەی بەگزی (واتە بەناڕەوا) دراوەتە پاڵ کاڵاکە، بە هۆیەکی بنچینەیی لە عەقدکردنەکە دادەنرێ.

٤- ژمارە یان ئەندازە یان پێوانە یان عەیار یان کێش یان وزە یان عەیاری کاڵاکە.

سزاکەیش بەندکردن دەبێ بۆ ماوەیەك لە ساڵێك کەمتر و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ، هەروەها بە غەرامەکردن بە بڕێك کە لە دەهەزار جونەیە کەمتر و لە سی هەزار جونەیە زیاتر نەبێ، یان هاوتای نرخی ئەو کاڵایەی بابەتی تاوانەکەیە کامەیان گەورەتر بوو، یان بە یەکێك لەو دوو سزایە ئەگەر تاوانی ئاماژەبۆکراو لە برگەی پێشووی ئەنجامدا یان پێ سڵا، واتە دەستی کرد بە ئەنجامدانی، بە بەکارهێنانی بکێش یان بپێو یان عەیار یان کاروان یان ئامێریتری پشکنینی ساختە یان جیاواز، یان بەبەکارهێنانی رێگە یان ئامراز یان بەڵگەنامانەی ئەوتۆ کە بشێ وابکا پرۆسەی کێشانە یان پێوانەکردن یان پشکنینی ناڕاست دەربچێ[1].

**بەراورد لەنێوان یاسای یەکەمی ساڵی ١٨٨٣ و یاسای ئێستای ساڵی ١٩٩٤:**

توێژەر لەم بەراوردەدا وای دەبینێ کۆمەڵێ جیاوازی جەوهەری لەنێوان هەردوو یاساکەدا هەن لە چارەسەرکردنی تاوانەکانی خەڵەتاندن و فریوداندا، لەم رووانەوە:

١- مادەی (٢٤٥) بەشێك بوو لە یاسای گشتی لەکاتێکدا یاسای ژمارە (٢٨١)ی ساڵی ١٩٩٤ یاسایەکی تایبەتە بە تاوانەکانی خەڵەتاندن و فریودان.

---

[1] رۆژنامەی رەسمی، ژمارە ٥٢ (پاشکۆ) فی ٢٩/دیسمبر/١٩٩٤، لە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٧-٣٨.

٢- بابەتی تاوانەکانی خەڵەتاندن و گزی و فریودان لە یەکەمدا بریتییە لە خواردن و خواردنەوە و داودەرمان، لەکاتێکدا بابەت لە یاساکەی ئێستادا کاڵا و سروشتەکەی و دروستکردنەکەی و سەرچاوەکەی و دەوڵەتە هەناردەکار و هاوردەکارەکە و ئەو شتانەن، کە بەڵگەیە لەسەر پەرەسەندنی پیشەسازی و بەرهەمهێنان بەتایبەت لە دنیای تەکنەلۆژیدا.

٣- جیاوازیی سزاکان: سزا ئازادییەرەکان و ئەو غەرامە داراییانەی یاساکەی ئێستا بڕیاری داون، زۆر لەوانەی یاسای یەکەم بڕیاری داون توندترن لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: گرنگیی بابەتی تاوان پاش شۆڕشی پیشەسازی.

دووەم: مەترسیداریی تاوان پاش پەرەسەندنی ڕێگەکانی فێڵ و تەڵەکەبازی.

٤- کاریگەریی خەڵەتاندن چیتر لە مامەڵە ناوخۆییەکاندا قەتیس نیە، بەڵکو گشتییە و مامەڵەی ناوخۆیی و نێدەوڵەتی دەگرێتەوە پاش ئەوەی سەرگۆی زەوی بەهۆی زیادبوونی پەیوەندیەکانی نێوان گەل و نەتەوەکان و ئامرازەکانی هاتوچۆی وشکانی و دەریایی و ئاسمانی و پەیوەندیی بێتەل و دەزگا بینراو و بیستراوەکانەوە، وەك شارێکی لیّ هاتووە.

### هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی لە خەڵەتاندن:

شەریعەتی ئیسلامی لە سەرەتای ئیسلامەوە ئەوەی جێگیر کردوە کە خەڵەتاندن تاوانێکە و سزایەکی تەمێکارانە[1] واجب دەکا. ئەمە جگە لەوەی عەیبێکە لە عەیبەکانی ئیرادە کە دەبێتە پاساو بۆ بەتاڵکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی هەموو عەقدێك کە ئیرادەی یەکێك لە لایەنەکانی بەهۆیەوە عەیبدار بیّ، هەروەك دەشیّ ببێتە مایەی ئەوەی خەڵەتێنراو شایستەی قەرەبوو بیّ بۆ ئەو زیانەی بەهۆیەوە لێی کەوتوە.

---

[1] هەر سزایەکە دەسەڵاتی یاسادانانی زەمەنی بە یاسا دایدەهێنیّ و دیاریدەکا.

شەریعەتی ئیسلامی پێشی یاسا وەزعیەکانی دلوەتەوە لە پەسەندکردنی بنەمای پابەندبوون بە ئاشکراکردنی زانیارییە پێویستەکان بەر لە عەقدکردن، سەرچاوەی ئەو پابەندییەیش قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرە.

**أ- قورئانی پیرۆز:** لە قورئاندا چەند ئایەتێك هەن کە بە سەرچاوەی پابەندبوون بە ئاشکراکردنی زانیارییە پێویستەکان بەر لە عەقدکردن، دادەنرێ، لەوانە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا﴾[1]. وشەی ئەمانەت لە هەر جێیەکی قورئاندا هاتبێ مەبەست پێی ئەوەیە لەسەر هەموو مرۆڤێك پێویستە بەرانبەر ئەویتر بیکا، لەو ئەمانەتانەیش کە هەردوو عەقدکار پابەندن بە جێبەجێکردنی، راگەیاندنی زانیارییە پێویستەکانە بەر لە رێکەوتنەکە.

هەروەها دەفەرموێ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾[2]، رەزامەندیی دووسەرە (التراضي) کە توخمێکی بنچینەییە لە ئاڵوگۆڕەکاندا بەدیناپەت مادام گرێبەندەکە خەڵەتاندنی تێ کەوتبێ، لەبەرئەوەی رەزامەندیی کەسی خەڵەتێنرلو بەدەست نەدەهات ئەگەر لە سەرەتاوە بە راستیەکەی بزانیایە.

ئیسلام بایەخی بە راستگۆیی لە هەموو شتێکدا داوە بەتایبەت لە مامەڵەکاندا، بەشێوەك لە گرنگیدا پێش هەردوو وەسفی پەیام و پێغەمبەرایەتی خراوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولاً نَّبِيّاً﴾[3].

**ب- سوننەتی پێغەمبەر:** زۆر حەدیس سەبارەت بە خەڵەتاندن و فریودان بەتایبەت لە فرۆشتندا هاتوون، لەوانە ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (من

[1] سورة النساء / ٥٨.

[2] سورة النساء / ٢٩.

[3] سورة مريم / ٥٤.

اشتری مصراة[1] فلينقلب بها فليحلبها فان رضي حلابها أمسكها والا ردها ومعها صاع من تمر)[2].

هەروەها دەفەرموێ: (من ابتاع شاة مصراة فهو فيها بالخيار ثلاثة أيام[3] إن شاء أمسكها وإن شاء ردها ورد معها صاعا من تمر)[4].

پیاوێك بە پێغەمبەری گوت کە لە فرۆشتندا دەخەڵەتێنرێ ، ئەویش پێی گوت: (ان بايعت فقل لا خلابة))[5]، وفي رواية: فكان اذا بايع يقول لا خيانة)[6].

دیسان دەفەرموێ: (من اشترى شاة مصراة فهو بخير النظرين إن شاء أمسكها وإن شاء ردها وصاعا من تمر لا سمراء)[7].

هەروەها دەفەرموێ: (لا تصرّوا الإبل والغنم فمن ابتاعها بعد فهو بخير النظرين[8] بعد أن يحلبها إن شاء أمسك وإن شاء ردها وصاعا من تمر)[9].

ئەم حەدیسانە و هیتریش خەڵەتاندن حەرام دەکەن و خەڵەتێنراو سەرپشك دەکەن لەنێوان مۆڵەتدان و ڕەتکردنەوە بە بەتاڵکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەدا، یەکێکیان هەڵبژێرێ.

---

[1] التصرية: لەڕووی زمانەوانیەوە بەمانای کۆکردنەوە دێ، دەوترێ: صريت الماء، واتە کۆم کردەوە، مەبەستیش پێی لەم حەدیسەدا کۆکردنەوەی شیرە لە گواندا بە بەستن و نەدۆشینی بۆ ماوەیەك تا کڕیار وابزانێ شیردارە و لەبەرئەوە پارەی زیاتری پێ بدا.

[2] صحيح مسلم ١١٦٥/٣.

[3] ئەگەر لەکاتی زانین بە واقیعەکە ئەو ماوەیە تێپەڕی و بێدەنگ بوو، مافی بەتاڵکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوە لەدەست دەدا.

[4] صحيح مسلم ١١٥٨/٣.

[5] واتە بەبێ فێڵ، صحيح مسلم ١١٦٥/٣.

[6] صحيح مسلم ١١٦٥/٣.

[7] صحيح مسلم ١١٦٥/٣.

[8] هەردوو بۆچوونەکە.

[9] متفق عليه، سبل السلام ٣٣/٣.

شایانی باسە ئەو صاعە خورمایەی وەك موجامەلە و دڵهێنانەوە لەگەڵ گێڕانەوەی فرۆشراوەکەدا دەدرێتە فرۆشیار، کە لەوانەیە بەهۆی بەتاڵکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەوە گەردی لێ نیشتبێ نەك وەك قەرەبووی ئەو شیرەی کڕیار بەکار هێناوە، ئاساییە و هیچ پاساو نیە بۆ عوزرخوایی حەنەفیەت لە کارکردن بەم حەدیسە گوایە پێچەوانەوەی رێسا ئوسوڵیەکانی قورئان و سوننەیە، لەبەرئەوەی قەرەبووکردنەوە لەم دوو سەرچاوەیەدا یان بە هاوچەشن دەبێ یان بە نرخ، دیارە صاعێك لە خورمایش نە هاوچەشنی شیرە و نە نرخەکەیەتی، لەبەرئەوەی نرخەکە بەپێی بڕی ئەوەی فەوتاوە زیاد و کەم دەکا.

**پاداشتی خەڵەتاندن (جزاء التدليس):**

ئەگەر رەگەزەکانی خەڵەتاندن هەبوون و رێگری نەبوو، لە خەڵەتاندنی جینائیدا پاداشتەکەی سزایەك دەبێ بەگوێرەی قەبارەی تاوانی فریودانەکە، ئەمە جگە لە مافی بەتاڵکردنەوە و ئەو ئاسەوارانەی لێی دەکەونەوە.

لە خەڵەتاندنی مەدەنیشدا پاداشتەکەی بریتی دەبێ لەوەی خەڵەتێنراو مافی داوای بەتاڵکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی هەیە، بەوەیش ئەوەی لایەنێك رادەستی ئەویتری کردوە بۆی دەگێڕدرێتەوە و گێڕانەوەکەیشی لەسەر بناغەی نەمانی هۆکەیە، چونکە ئەوەی جێبەجێ کراوە لەسەر بنچینەی بوونی عەقدەکە بووە، بۆیە پێویستە لەسەر بنچینەی نەمانی عەقدەکە بگێڕدرێتەوە، ئەویش لەبەر ئەو بەڵگەنەویستەی کە بە بەرهۆ بە نەمانی هۆکەی نامێنێ، چونکە بنچینەکە بە بوون و نەبوونی عەقدەکەوە بەندە و لەوانەیشە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی بچێتە پاڵ بەرپرسیارێتیی عەقدی، وەك لەو حاڵەتانەی قەرەبووکردنەوەیان تێدا واجبە.

### لقی سێیەم: زۆرلێکردن[١]

زۆرلێکردن (الاكراه) لە زماندا لە (كره يكره كرها)ەوە هاتوە، (بەمانای رق دێ)، رقبوون لە شتیش دژی خۆشەویستنیەتی، یان لە (أكره فلانا على الأمر) وەرگیراوە بەمانای بەزۆر پێی کرد[٢].

لە زاراوەسازیشدا سێ واتای هەیە، گشتیتر (الاعم) و گشتی (العام) و تایبەت (الخاص).

**زۆرلێکردن بەواتا گشتیترەکەی:** فشارخستنە سەر کەسێکە ناچاری دەکا بۆ کردنی شتێك کە پێی خۆش، یاخود رازی نیە[٣]. بەم مانایە پاڵەپەستۆیەکی دەرەکی لە مرۆڤێك، یان زادەی هەلومەرجێکی لەناکاو، یان لە ئاژەڵێکەوە دەگرێتەوە و ئەوەیە پێیشی دەوترێ حاڵەتی زەرورەت، کە فشاری رەوا[٤] و ناڕەوا[٥] دەگرێتەوە. فشاری ماددی و مەعنەوی و ئەدەبی دەگرێتەوە، هەروەها زۆرلێکردن لە مەسەلە مەدەنی و جینائیەکان دەگرێتەوە.

**زۆرلێکردن بەواتا گشتیەکەی:** فشارێکی ناڕەوایە لەسەر کەسێك ترس و بیمێك لە مێشکیدا دروست دەکات و وای لێدەکا کارێك بکا کە پێی خۆش نیە. بەم مانایە زۆرلێکردنی مەشروع ناگرێتەوە، بەڵام پرسە مەدەنی و جینائیەکان دەگرێتەوە.

---

[١] مەدەنیی فەرەنسی (م١١١١–١١١٥) مەدەنیی میسریی هەڵوەشاوە م١٣٥/١٩٥، میسریی ئێستا/١٢٧–١٢٨، سوری/١٢٨–١٢٩، لیبی/١٢٧–١٢٨، عێراقی م١١٢–١١٦، ئوردنی/١٣٥–١٤٣، یەمەنی/١٧٧–١٨٠، جەزائیری/٨٨–٩١، قەتەری/٢٧، لوبنانی م٢١٠–٢١٣، کوێتی/١٥٦–١٥٨، مۆریتانی/٦٦–٧١، مرشد الحيران م٢٨٦–٢٩٩، تونسی فەسڵی ٥٠–٥٣، مەغریبی فەسڵی ٤٦–٥١.

[٢] لسان العرب فصل الكاف حرف الهاء ٤٣٠/١٧ الصحاح في اللغة والعلوم مادة كره ٢/٢٨٨.

[٣] لە گوفتار و کردار و نەکردن (امتناع).

[٤] وەك ناچارکردنی قەرزار بە جێبەجێکردنی پابەندیەکەی ئەگەر بە ویستی خۆی نەیکرد.

[٥] وەك ئەو کەسەی هەڕەشەی کوشتن لە کەسێك بکا ئەگەر ئۆتۆمبیلەکەی نەداتێ.

**زۆرلێکردن بەواتا تایبەتەکەی:** زانایانی یاسا چەندین پێناسەیان بۆ کردوە[1]، کە بەدەور و خولی یەك مانادا دەسوڕێنەوە، ئەویش فشارێکی ناڕەوایە لەسەر کەسێك ترس و بیمێك لە دڵیدا دروست دەکات و پاڵی پێوە دەنێ عەقدێك بکا. ئەمەی دووایی بابەتی ئەم باسەیە.

**رەگەزەکانی زۆرلێکردن:**

زانایانی یاسا وەك چۆن سەبارەت بە رەگەزەکانی هەڵە و خەڵەتاندن جیاوازییان هەبوو، لەبارەی چەند و چۆنی ئەم رەگەزانەیش رای جیاوازیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن[1] زۆرلێکردن دوو رەگەزی هەیە:

١- رەگەزی ماددی (بابەتی)، کە بریتییە لەو ئامرازانەی لە زۆرلێکردندا بەکار دێن و هەڕەشەی مەترسیەکی گەورە دەکەن.

---

[1] عەللامە رەحمەتی سەنهوری لە (الوسیط ٣٦٠/١)دا پێناسەی کردوە بەوەی فشارێکە کار لە ئیرادەی کەسەکە دەکات و بەرەو گرێبەندکردن پەلکێش دەبێ. هەروەها مامۆستا مرقس لە (أصول الالتزامات: ص١٩١) پێناسەی کردوە بەوەی فشارێکی ماددی یان ئەدەبییە دەکەوێتە سەر کەسێك و بیمێك لە دڵیدا دروست دەکا کە ناچار بە گرێبەندکردنی دەکا.

مامۆستا ئیسماعیل غانم لە (النظرية العامة للالتزامات، مصادر الالتزام: ص٢١٨) پێناسەی کردوە بەوەی فشارێکە دەکەوێتە سەر کەسەکە و ترس یان بیمێکی تێدا دروست دەکا ناچاری دەکا بە گرێبەندکردن.

مامۆستا ئەبو ستیت لە (نظرية الالتزام في المدني الجديد الكتاب الأول/١٦٨) پێناسەی کردوە بەوەی فشارێکە دەکەوێتە سەر کەسێك و بیمێك لە دڵیدا دروست دەکا تا ناچاری بکا بۆ گرێبەندکردن.

مادەی (١١٢)ی مەدەنیی عێراقی بەرکار پێناسەی کردوە بەوەی ناچارکردنی کەسێکە بەناهەق، تا بەبێ رەزابوونی خۆی کارێك بکا.

دکتۆر حسن الذنون لە (النظرية العامة للالتزامات: ص٨٤)دا ئەم پێناسەیەی پەسەند کردوە و کارێکی چاکی کردوە.

[1] وەك مامۆستا سەنهوری، سەرچاوەی پێشوو ٣٦٣/١. مامۆستا حسن الذنون سەرچاوەی پێشوو: ص٨٤. مامۆستا حجازي النظرية العامة للالتزام ٣١٠/١.

٢- رەگەزی دەروونی (مەعنەوی) ئەویش ئەو بیمەیە زۆرلێکردن دەیخاتە دڵی زۆرلێکراو و پاڵی پێوە دەنێ بۆ عەقدکردن.

هەندێکیان[٢] بۆ ئەوە چوون زۆرلێکردن لە دوو رەگەز پێکدێ: یەکەم دروستکردنی بیم و دووەم ناڕەوابوونی بیم (الرهبة). ئەم قسەیەیش ورد نیە لەبەرئەوەی بیم ترسێکی نائیرادییە بە مەشروعیەت یان نامەشروعیەت وەسف ناکرێ، لەبەرئەوەی ئەم دووانە لە سیفەتی کارە ئیرادیەکانن.

هەندێکیشیان[٣] لەباتیی رەگەز، مەرجیان بەکارهێناوە و لەباتیی دوو کردویانە بە سێ کە بریتین لە:

١- هێزی فشارەکە لەسەر گرێبەندکردنەکە.

٢- ئەو فشارە لەلایەن گرێبەندوانەکەیترەوە بێ، یان لانیکەم ئەو بە رووداني ئەو فشارەی زانیبێ، یان ئەگەر لە کەسیترەوە بوو دەیتوانی پێی بزانێ.

٣- بیم پاڵی بەوەی دولییەوە نابێ بۆ ئیمزاکردنی گرێبەندەکە.

هۆی ئەم جیاوازیەیش وەك پێشتر باسمان کرد وەرگرتنی رەگەزەکانی زارلوە یاساییەکانە لە دەقەکانی یاسا نەك لە چییەتیەکانیان. ئەسڵ وەرگرتنی رەگەزەکانی زۆرلێکردنە لە چییەتی و ماکە خودیەکانی، چییەتیەکەی لە پێنج رەگەز پێکدێ: زۆرلێکەر + زۆرلێکراو + زۆر لەسەرکراو + زۆر پێکراو + بیم. رەگەزی کۆتایی مەعنەوییە و باقیەکەی ماددی و بابەتین، هەریەك لەو رەگەزانەیش مەرجی تەولوکەری هەیە بەم شێوەیە:

---

[٢] وەك مامۆستا أنور سلطان، النظرية العامة للالتزام ١/١٨٩.

[٣] وەك مامۆستا مرقس، أصول الالتزامات: ص١٩٣.

**مەرجەکانی زۆرلێکەر:**

لە گرنگترین مەرجەکانی:

١- توانای جێبەجێکردنی ئەو هەڕەشەیەی هەبێ کە لە زۆرلێکراو یان کەسێکی نزیکی ئەو کەسەی دەکا[1].

٢- لە هەڕەشەکەدا بەڕاستی بێ (واتە جددی بێ)، زۆرلێکردنی گاڵتە بایەخی نیە.

٣- هەڕەشەکە ئاراستەی کەسی زۆرلێکراو یان کەسێکی ئازیزی بکا.

٤- ئەگەر سەرچاوەکە باروبۆخێکی نائاسایی بوو، کەسە فشارلێکراوەکە لە حاڵەتی زەرورەتدا دەبێ و حوکمەکانی زۆرلێکردنی بەسەردا دەچەسپن ئەگەر هاتوو مەترسیی ئەو باروبۆخە لەسەر بناغەیەکی ماقووڵ دامەزرابوو و گرێبەندکارەکەیتر پێی زانیبوو یان دەیتوانی پێی بزانێ[2].

ئەگەر رزگارکەری کەسێك کە مەترسی خنکانی لەسەر بوو، ئەوەی کردە مەرج بۆ رزگارکردنی کە ماڵێکی دیاریکراوی بەنرخێکی هەرزان پێ بفرۆشێ، ئەوا گرێبەندەکە قابیل بە بەتاڵکردنەوەیە، هەروەها ئەگەر پزیشك نەشتەرگەریەکی ئەنجام نەدا بەزیادەیەك نەبێ لەو نرخەی لەسەری رێك کەوتون، گرێبەندەکە قابیل بە بەتاڵکردنەوە دەبێ[3].

**مەرجەکانی زۆرلێکراو:**

١- هەڕەشەی مەترسیەکی لەسەر بێ کە زیان بە بەرژەوەندیی خۆی کە یاسا دەیپارێزێ، یان بەرژەوەندیی ئازیزێکی، دەگەیەنێ.

---

(١) مەدەنیی عێراقی/ م١١٣. هەندێ لە شەرعزانان وەك ئەبوحەنیفە (البدائع ٩/٤٤٨٩) پێیان وایە زۆرلێکردن تەنیا لەلایەن دەسەڵاتەوە دەبێ.

(٢) أبو ستیت، سەرچاوەی پێشوو ١/١٧٠.

(٣) الاستاذ مرقس، سەرچاوەی پێشوو: ل١٩٨.

٢- نەتوانێ لە خۆی دوور بخاتەوە لەڕێی بەرەنگاریکردن یان هەڵاتنەوە[١]، یان یارمەتی خواستن لە دەسەڵاتی گشتی یان هانابردن بۆ کەسێك تا بەهانایەوە بێ.

٣- ئەو بڕوایە بەسەریدا زاڵ بێ کە ئەگەر ئەوەی زۆری لێدەکرێ لەسەری نەیکا، ئەو هەڕەشەیەی لێی کراوە جێبەجێ دەکرێ[٢].

٤- شتێکی لێوە دەرنەچێ بەڵگە بێ لەسەر بوونی توانای هەڵبژاردن، جا ئەگەر بۆ نموونە ناچار کرا بە فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەکەی، جا لەگەڵیدا پارچە و کەرەستە یەدەگەکانیشی پێ فرۆشت مانای ئەوەیە زۆرلێکردن لەئارادا نیە.

**مەرجەکانی زۆرلەسەرکراو (المكرَه عليه):**

١- ئەوەیە کردەوەیەکی دیاریکراو بێ، ئەگەر کردەوەیەکی نەزانراو بوو زۆرلێکردن نیە.

٢- کردەوەیەکی ناڕەوا بێ، خۆ ئەگەر ناچار کرا قەرزێکی بداتەوە کە بە ویستی خۆی نەیدەدایەوە، ئەوە زۆرلێکردن نیە.

٣- مەترسیەکەی کەمتر بێ لە مەترسی هەڕەشەپێکراو (المهدد به).

**مەرجەکانی هەڕەشە پێکراو:**

١- هەڕەشەپێکراو ئامرازێکی ناڕەوا (نامەشروع) بێ لەخۆیدا یان لە ئامانجیدا، ئەمیش چوار بەشی لێ دەخوێنرێتەوە:

أ- یان ئەوەیە هەردووکیان ڕەوان، وەك ئەوەی خاوەم قەرز هەڕەشە لە قەرزارەکەی بکا دەست بەسەر ماڵەکەیدا دەگرێ ئەگەر گەرەنتیەکی نەداتێ، وەك ڕەهن یان کەفیل.

---

[١] هەڵاتن لە حاڵەتی بەرگریی شەرعیدا، بەپێچەوانەی زۆرلێکردن، ئابروبەرە.

[٢] مەدەنیی عێراقی م١١٣.

ب- هەردووکیان ناڕەوان، وەك هەڕەشەی کوشتن لە کەسێك ئەگەر ئیمزا لەسەر پابەندیەك نەکا کە هیچ مافی تێیدا نیە.

ج- ئامرازێکی ڕەوا بەڵام ئامانج ڕەوایە، وەك ئەوەی بەکرێدەر هەڕەشەی دەستدرێژیکردنە سەر کرێچی بکا ئەگەر ئەو قیستەی لەسەریەتی نەیدات.

د- ئامرازێکی ڕەوا و مەرامێکی ناڕەوایە، وەك ئەوەی کەسێك کەسێکیتر بە تاوانێکەوە دەبینێ، جا ئەو نۆخە دەقۆزێتەوە و ناچاری دەکا بە نووسینی قەواڵەی پارەیەکی زۆر، کە مافی نیە.

لەم چوار شێوەیەدا زۆرلێکردن لە شێوەی دووەم و چوارەمدا هەیە، بەڵام لە یەکەم و سێیەمدا نیە[1].

٢- مەترسیی ئامرازەکە مەترسیەکی دەستەویەخە بێ و بیمێك بخاتە دڵی زۆرلێکراو.

٣- لە گرێبەندکارەکەیتر یان کەسێکەوە دەرچوویێ کە ئەو پێی دەزانی، یان دەیتوانی پێی بزانێ[2].

٤- مەبەستی پێی بەدیهێنانی مەرامێکی ناڕەوا بێ.

٥- ئەگەر هەژموونێکی ئەدەبی یان دەسەڵاتداریەك بوو خاوەنەکەی بەخراپی بەکاری هێنا، زۆرلێکردن دەبێ و وادەکا گرێبەندەکە قابیل بە بەتاڵکردنەوە بێ[3].

---

[1] الوسيط ١/٣٦٩-٣٧٠. الاستاذ الدكتور حسن الذنون ص٨٥-٨٦. الاستاذ حجازي ١/٣١١. الاستاذ أبو ستيت ١/١٧٥.

[2] الاستاذ مرقس: ص١٩٧.

[3] مەدەنیی عێراقی م١١٦. الاستاذ الذنون: ص٨٨. الاستاذ البدراوي، سەرچاوەی پێشوو ١/٢٧٨. الاستاذ أبو ستيت ١/١٧١. الاستاذ مرقس: لا١٩٧.

**مەرجەکانی بیم (الرهبة):**

١- لەسەر بناغەیەکی ماقووڵ دامەزرابێ.

٢- رەچاوی بارودۆخی خودی و کەسیی زۆرلێکەری تێدا بکرێ وەك رەگەز (نێـر بێ یان مێ) و تەمەن (بچوك بێ یان گەورە) و باری کۆمەڵایـەتی (شارسـتانی بێ یان لادێیی ساویلکە) و باری تەندروستی و هەر بارودۆخێکیتر کە بکرێ کار لە گەورەیی زۆرلێکردنەکە بکا[1].

شیاوی باسە، پێوەری زۆرلێکردن بۆ ئامراز ماددی و بۆ بیم کەسییە، ئـەویش لەبەر جیاوازبوونی بەگوێرەی جیاوازیی بارودۆخی خودی و کەسیی زۆرلێکەر. یاسای مەدەنیی فەرەنسی کاری بەهەردوو پێوەرەکە کردوە[2]، یاسا نوێکـان دەستیان بە پێوەری کەسییەوە گرتوە، بەڵام ئاراستە فەرەنسیەکە وردترە.

٣- ئـەو بیمـە پاڵنـەر بـێ بـۆ گرێبەندکردنەکـە، ئەمـەیش لـە دەسـەڵاتی قـازیی بابەتەکەدایە و هیچ دادگەیەکی باڵا چاودێری بەسەریەوە نیە.

**جۆرەکانی زۆرلێکردن:**

زۆرلێکردن لەڕووی ئامرازەوە بۆ سێ جۆر دابەش دەبێ:

١- زۆرلێکردنی ماددی (رەها)، ئەوەیە ئـیرادە نـاهێڵێ و گرێبەندەکـە بـەڕەهایی دەکاتە گرێبەندێکی بەتاڵ، وەك ئەو کەسەی بەزۆر دەستی کەسێك دەگرێ و بەبێ هۆ پابەندیەکی پێ ئیمزا دەکا، ئەم جۆرە رووداني دەگمەنە.

٢- زۆرلێکردنی مەعنەوی (دەروونـی)، ئـەویش هەڕەشـەکردنە بـە مەترسـیەکی ئەوتۆ بیم لە زەینی زۆرلێکراودا دروست دەکا، بەشێوەیەك پاڵی پێـوە دەنـێ

---

[1] مەدەنیی عێراقی م١١٤. الاستاذ حجازي ١/٢٧٨.

[2] مـاددەی ١١٢ دەڵـێ: "زۆرلێکـردن بـە هەڕەشـەکردن دەبـێ لـە مرۆڤێکـی بـەفام، کـە واباوە کاری تێدەکا و بەهۆیەوە لەوە دەترسـێ سـەر و سـامانی دووچـاری زیـانێکی گەورە و بەپەلە دەکا. لە زۆرلێکردندا پێویستە تەماشای تەمەن و نێری و مێ-یـی و رێزداری و بێنرخی بکرێ".

بــۆ گرێبەنــدکردن، گرێبەندەکــە قابیــل لــە بەتاڵکردنــەوە دەبــێ، پیادەکردنەکانیشی زۆرن.

٢- زۆرلێکردنی ئەدەبی کە لە دەسەڵاتداری و هەژموونی ئەدەبیەوە دێ، وەك هەژموونی باوك لەسەر منداڵەکەی، یان مێرد لەسەر مێردەکەی یان سەرۆك لەسەر ژێردەستەکانی، ئەوە بە ئامرازێك بۆ زۆرلێکردن دادەنرێ ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی مەرامێکی ناڕەوا قۆزرایەوە[1].

**ئاسەوارەکانی زۆرلێکردن:**

ئەگەر روکن و مەرجەکانی هەبوون ئەم ئاسەوارانەی لێ دەکەوێتەوە:

١- دانانی بە عەیبێك لە عەیبەکانی ئیرادە، بەڵام ئەم دانانە لەسەر مەجازی عەقڵی بینا کراوە، واتە دانەپاڵی شتێك بۆ جگە لەوەی هەقە بدرێتە پاڵی لەسەر بنچینەی پەیوەندیی هۆ و بەرهۆیی، لەبەرئەوەی لە راستی و واقیعدا عەیبەکە ئەو بیمەیە لە مێشکی زۆرلێکراودایە، نەك زۆرلێکردن کە کردەی زۆرلێکەرە.

٢- ئەو عەقدەی لەژێر کاریگەریی ئەو زۆرلێکردنەدا دەکرێ دەگۆڕێ بۆ قابیل بەبەتاڵکردنەوە، ئەو کەسەیش قابیلبوون بۆ بەتاڵکردنەوە لە بەرژەوەندی دراوە بۆی هەیە مۆڵەتی پێبدا، یان لە ماوەی سێ ساڵ لە مێژووی نەمانی ئەسەری زۆرلێکردنەکەدا داوای بەتاڵکردنەوەی بکا.

٣- پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی ئەوەی جێبەجێ کرلوە ئەگەر عەقدەکە بەتاڵ کرایەوە.

---

[1] مەدەنیی عێراقی م١١٦. الاستاذ د.حسن الذنون: ص٨٨. الاستاذ أنور سلطان: ص١٨٨. الاستاذ حجازي ٣٠٩/١.

**هەڵوێستی ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریی فیقهی ئیسلامیدان لە زۆرلێکردن:**

گرنگترین یاسای کارتێکراو بە فیقهی ئیسلامی بریتین لە مەدەنیی عێراقی و ئوردنی و یەمەنی، کە لە رەگەزکانی زۆرلێکردندا لەگەڵ باقیی یاسا عەرەبیەکاندا جیاواز نیە، جیاوازییان لەبارەی ئەسەرەکەیەوەیە.

یاسا عێراقی[1] و ئوردنیەکە[2] بۆ ئەوە چوون کە گرێبەندی زۆرلێکراو وەستێنراوە و لێکەوتنەوەی ئاسەوارەکانی لەسەر مۆڵەتدانی زۆرلێکراو پاش نەمانی ئەسەری زۆرلێکردنەکە وەستاوە، لەکاتێکدا یاسای مەدەنی گرێبەندی زۆرلێکرلو بەنادروست دادەنێ[3].

**هەڵوێستی فیقهی ئیسلامی لە زۆرلێکردن:**

زۆریەی شەرعزانان فەسڵ یان بابێکی سەربەخۆیان بۆ بابەتی زۆرلێکردن تەرخان نەکردوە، بەڵکو لە پیادەکردنە فیقهیەکان لە جوزئیاتەکاندا باسی ئەسەرەکەیان کردوە، جگە لە زاهیری[4] و حەنەفی[5].

**زاهیری (الظاهرية):** ئیبن حەزمی زاهیری لەڕووی سروشتی زۆر لەسەرکرلو (المكره عليه)ەوە زۆرلێکردنی بۆ دوو جۆر دابەش کردوە: زۆرلێکردن لە بواری قسەکردن و زۆرلێکردن لە بواری کردەوەدا، پاشان هەر جۆرێکیانی لەڕووی ئەسەرەوە بۆ دوو بەش دابەش کردوە:

---

[1] مەدەنیی عێراقی م١١٥.

[2] م١٤١ دەڵێ: هەرکەس بەیەکێك لە دوو جۆرەکەی زۆرلێکردن (سەخت و سووك) ناچار بە ئیمزاکردنی عەقدێك بکرێ، عەقدەکەی جێبەجێ ناکرێ.

[3] م٧٩ی دەڵێ: (ئەو عەقدەی لەلایەن کەسێکی زۆرلێکراوەوە بکرێ دروست نیە و پێویستە ئەوەی زۆرلێکردنەکەی کردوە، ئەو ماڵە بگێڕێتەوە کە زۆری لەسەر بەکارهاتووە).

[4] المحلى ٨/٣٢٩–٣٣٦.

[5] بدائع الصنائع ٩/٤٤٧٩–٤٥١٥.

**أ– زۆرلێکردن لە بواری قسەکردندا:**

١– زۆرلێکردن لەو هەڵسوکەتە مەشروعانەی بە زمان دەکرێن وایان لێدەکا بەتاڵ بن، فرۆشتنی زۆرلێکراو بەتاڵە، هەروەها هاوسەرگیری و تەلاق و هەر رەفتارێکی زارەکیش کە ماف و پابەندی دروست دەکەن.

٢– زۆرلێکردن لەو هەڵسوکەتە نامەشروعانەی بە زمان دەکرێن وایان لێدەکا موباح بن وەك بوهتان (قەزف) و درۆ و ئەو شتانە.

**أ– زۆرلێکردن لە بواری کردەوەدا:**

هەندێ هەڵسوکەوتی کرداری زۆرلێکردن کاریان تێدەکات و بە زۆرلێکردن موباح دەبن، وەك خواردنەوەی مەستکەرەکان لەژێر فشاری زۆرلێکردندا، هەندێکیان کاریان تێناکات و سەرباری بوونی زۆرلێکردن پارێزگاری لە نامەشروعییان دەکەن. ئیبن حەزم پێوەرێکی بۆ ئەوە داناوە و دەڵێ، هەرچی زەرورەت موباحی بکا زۆرلێکردنیش موباحی دەکا، ئەوەی زەرورەت موباحی نەکا زۆرلێکردنیش موباحی ناکا[1]. بەڵام ئەم پێوەرە جێی رەخنەیە، بەوەی خۆی پێویستی بە پێوەر هەیە بۆ لێك جیاکردنەوەی ئەوەی زەرورەت موباحی دەکات و ئەوەی موباحی ناکا.

**حەنەفیەت**: شەرعزانانی حەنەفی زۆرلێکردنیان لەڕووی مەترسیداریی هەڕەشەپێکراوەوە بۆ زۆرلێکردنی سەخت (تەواو) و زۆرلێکردنی سووك (ناتەواو) دابەش کردوە.

أ– زۆرلێکردنی سەخت (الإكراه الملجيء): رەزامەندی ناهێڵێ و هەڵبژاردن خراپ دەکا و بە هەڕەشەکردن بە لەناوبردنی نەفسێك یان ئەندامێك یان بەشێك لە ئەندامێك یان لێدانێکی بەئازار دەبێ کە ترسی لەناوچوونی نەفسێ یان ئەندامێکی لێ دەکرێ، یان بە تەلەفکردنی هەموو ماڵەکە دەبێ.

---

[1] المحلى، سەرچاوەی پێشوو ٨/٣٣١.

ب- زۆرلێکردنی سووك (الإکراه غیر الملجئ): ڕەزامەندی ناهێڵێ، بەلام هەڵبژاردن خراپ ناکا و بە هەڕەشەکردن دەبێ بە بەندکردن و بەستنەوەی درێژخایەن و بە لێدانی لەناونەبەر بەگوێرەی بۆخی خەڵك[1].

لەڕووی سروشتی زۆرلەسەرکراویشەوە دابەشیان کردوە بۆ هەستی و شەرعی، کە هەمان دابەشکردنی زاهیریەکانە.

**حوکمی ئەو رەفتارە هەستیانەی لەژێر فشاری زۆرلێکردندا دەکرێن سیانن:**

١- ڕێپێدان (الاباحە) وەك لەو رەفتارانەی زیانێکی مالّی یان جەستەیی بە کەسیتر ناگەیەنن، وەك بەکارهێنانی مەستکەرەکان.

٢- روخسەت پێدان، وەك لەو رەفتارانەی زیانێکی مالّی بە کەسیتر دەگەیەنن، چونکە زۆرلێکردن بەرپرسیارێتیی جینائی ناهێڵێ بەلام بەرپرسیارێتیی مەدەنی نا، وەك لەناوبردنی مالّی کەسیتر لەژێر فشاری زۆرلێکردندا.

٣- کارتێنەکران بە زۆرلێکردن وەك لە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر ژیان یان سەلامەتیی مرۆڤ.

ئەو کەسەی کەسێکی بێتاوان لەژێر فشاری زۆرلێکردندا بکوژێ تۆڵەی لێ دەکرێتەوە وەك ئەوەی بەبێ زۆرلێکردن کوشتبێتی[1].

---

[1] مرشد الحیران مادەی (٢٨٦) و پێوەری شەخسی لەبەرئەوەی مادەی (٢٨٨)ی دەڵێ: (زۆرلێکردن بەپێی جیاوازیی دۆخی کەسەکان و تەمەن و لاوازی و پۆست و نەزانی و پلەی کارتێکران و ئازارچەشتنیان لە زۆری و کەمی و توندی و لاوازیی بەندکردن و لێدانەوە دەگۆڕێ).

بەرهەمی دابەشکردن بۆ (مولجی) و (نامولجی): لە پیادەکردنەکاندا دەردەکەوێ ئەوەی لەژێر فشاری زۆرلێکردندا مالّی کەسیتر لەناو بیات، ئەوا دەستەبەری لەسەر زۆرلێکەرە ئەگەر زۆرلێکردنەکە سەخت (تەواو) بوو، لەبەرئەوەی زۆرلێکەر ئەوکاتە وەك ئامێرێکی جێبەجێکردنە، هەروەها لەسەر زۆرلێکراو دەبێ ئەگەر زۆرلێکردنەکە سووك (ناتەواو) بوو.

البدائع، سەرچاوەی پێشوو ٩/٤٤٨٧.

**حوکمی ئەو رەفتارە شەرعیانەی زۆرلێکراو ئەنجامیان دەدا :**

١- ئەو رەفتارە شەرعیەی هەڵوەشاندنەوە هەڵناگرێ زۆرلێکردن کاری تێناکا، وەك هاوسەرگیری و تەلاق و و لێخۆشبوون لە تۆڵە (القصاص) و ئەو جۆرە شتانە.

٢- ئەو رەفتارە شەرعیەی هەڵوەشاندنەوە هەڵدەگرێ وەك فرۆشتن، لای ئەبوحەنیفە و هەردوو هاوەڵەکەی فاسید و لای زەفر وەستێنراو (موقوف)ـە[2].

ئیمامی لەگەڵ رای زەفر هاوڕان لەوەی عەقدی زۆرلێکراو وەستێنراوە و هیچ ئاسەوارێکی لێ ناکەوێتەوە، تا زۆرلێکراو پاش نەمانی زۆرلێکردنەکە مۆڵەتی پێنەدا[3].

هەروەها شافیعی و زەیدی[4] لەگەڵ زاهیری کۆکن لە بەبەتاڵدانانی عەقدی زۆرلێکراو. لای مالیکیش عەقدی زۆرلێکراو بەرکاری نالازمە و ئاسەواری لێ دەکەوێتەوە، بەڵام وەك عەقدی قابیل بە بەتاڵکردنەوە مەترسی ئەوەی لەپێشە بە هەڵوەشاندنەوەی لەلایەن زۆرلێکراوەوە نەمێنێ[5].

---

(1) البدائع ٩/٤٤٨١.

(2) بدائع الصنائع ٩/٤٤٨١ و پاشتر. م٢٩٧ی مرشد الحیران دەڵێ: (عەقدی زۆرلێکراو بە فاسیدی دادەمەزرێ و بەتاڵ نابێ و مۆڵەتدان قبوڵ دەکا، جا ئەگەر زۆرلێکراو پاش نەمانی ترسەکە بەراشکاوی یان نیشانە مۆڵەتیدا، دەبێتە دروست).

(3) الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية للعاملي ١/٢٧٦.

(4) المهذب لأبي اسحق الشيرازي ١/٢٥٧. شرح الأزهار للعلامة عبد الله بن مفتاح ٣/٢.

(5) الشرح الصغير للدردير مع حاشية الصاوي ٢/٤.

## لقی چوارەم: ئەو قۆستنەوەیەی دەبێتە مایەی مافخوران کە پاڵنەرە بۆ گرێبەندکردن[1]

قۆستنەوە (الاستغلال) لە زماندا داواکردنی (غلة)یە، (غلة)یش بەروبومی قازانجی موڵکە[2]. لە زاراوەیشدا: ئەوەیە یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە باری دەروونیی ئەویتریان بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بێنی[3].

**مافخوران:**

مافخوران (الغبن) لە زماندا: بریتییە لە فێڵ، زاڵبوون و ناتەواوی لە نرخدا. دەوترێ: غبنه في البيع أو الشراء: واتە فێڵی لێکرد و گۆڵی دا. غبن فلانا: واتە نرخ یان شتیتری لێ کەمکردەوە، ئەو مافخۆر (الغابن) و ئەویتر ماخورلو (مغبون)ە. (الغَبْن) بە سکون لە فرۆشتندایە و (الغَبَن) بە حەرەکە لە رادایە.

(الغبن) وەك زاراوە: نابەرانبەرییە لەنێوان ئەوەی گرێبەندوان دەیدات و ئەوەی دەیبات. بەپێی ئەم پێناسەیە بواری پیادەکردنی غوبن گرێبەندە ناشیمانەییەکانی[1]

---

[1] مەدەنیی فەرەنسی م١٦٧٤–١٦٨٥، ئەڵمانی م١٣٨ یاسای پابەندییەکانی سویسری م٢١، پرۆژەی فەرەنسیی ئیتاڵی م٢٢، مەدەنیی میسری م١٢٩–١٣٠، عێراقی م١٢٥، سوری م١٣٠–١٣١، لیبی م١٢٩–١٣٠، لوبنانی م٢١٣–٢١٤، کوێتی م١٥٩–١٦١، جەزائیری م٩٠–٩١، تونسی فەسڵی ٦٠–٦١، قەتەری م٢٨، مۆریتانی م٧٥–٧٦، یەمەنی م١٨٣، ئوردنی م١٤٦–١٥٠،، مەغریبی فەسڵی ٥٥–٥٦، گۆڤاری: الأحكام العدلية م٣٥٦، مرشد الحيران م٣٠٠.

[2] لسان العرب فصل الغين حرف اللام ١٤/١٧.

[3] فیقوانانی یاسا پێناسەی مافخوران (غوبن)یان کردوە، بەڵام پێناسەیەکی راشکاویانم بۆ قۆستنەوە (الاستغلال) نەدیوە جگە لە هەندێ پێناسەی ناتەواو، لەوانە پێناسەی مامۆستا مرقس (أصول الالتزامات: ص٢٠٠) کە دەڵێ: (هەرچی قۆستنەوەیە شتێکی دەروونییە و ناهاوتایی لە پابەندیی هەردوو لایەنەکەی لەگەڵە)، ئەوەیش ورد نیە، چونکە ئەوەی قۆستنەوەی پێ دەکرێ لایەنە دەروونیەکەیە کە لاوازی یان ناتەواوییەکە لای قۆزراوە. مامۆستا حیجازی (النظرية العامة للالتزام ٣١٢/١) دەڵێ: قۆستنەوە عەیبێکی نوێیە کە تەقنینی مەدەنیی نوێ دایهێناوە. ئەمەیش بە پێناسە دانانرێ.

ئـاڵوگۆڕە، واتــە لــە گرێبەنــدەکانی بەخشــین (تــبرع)دا نــابێ، لەبەرئــەوەی لــەم گرێبەندانەدا یەکێك لـە دوو گرێبەندوانەکـە شـتێك بـەبێ بەرانبـەر پێشـکەش دەکـا، کەواتە غوبن بەمانای ناهاوتایی تەنها لە ئاڵوگۆڕەکاندا چاوەڕوان دەکرێ[٢].

لەو رووەیشەوە ناهاوتاییە لە نرخدا، تـەنها لـە گرێبەنـدە دیاریکراوەکانـدا بناغـە دەبێ، نەك لە گرێبەندە جێ مەترسی (گرێبەنـدە شـیمانەییەکان) لەبەرئـەوەی ئـەم گرێبەندانە مەترسی (غرر)یان تێدایە[٣].

سەنگی مەحەکیش لە بوون و نەبوونی غوبندا کاتی ئیمزاکردنیـەتی و حسـاب بـۆ ئەو ناکۆکییە ناکرێ کە پاش ئیمزاکردنی گرێبەندەکە سەرهەڵدەدا[٤].

**مافخورانی کەم و مافخورانی زەق:**

پێوەرەکانی لێك جیاکردنەوەیان جیاوازە[٥]، ئـەویش لەبـەر دانـەنانی پێـوەرێکی جێگیر و ئەندازەیەکی دیاریکراو کە بەسەر هەموو ئەوەدا بچەسپێ کە لەباریدایە ببێتە بابـەتی گرێبەنـد، نزیکترینیشـیان لـە واقیـع ئەوەیـە مـافخورانی کـەم یـاخود سـادە

---

[١] الاستاذ السـنهوري، الوسـيط ٣٨٦/١. الاسـتاذ الـذنون: ص١٠٠. الاسـتاذ اسماعيـل غـانم ٢٣٣/١. الاستاذ مرقس: ص١٩٩.

[٢] مامۆستا سەنهوری (سەرچاوەی پێشوو) دەڵێ: (لـەم پێناسـەوە ئـەوە دێتـە دەسـت کـە غـوبن تــەنها لــە گرێبەنــدە ناشــیمانییەکانی ئــاڵوگۆڕدا چــاوەڕوان دەکــرێ، هەرچــی گرێبەنــدە شیمانەییەکان و گرێبەندەکانی بەخشین (تبرع)ە تەسەوری غوبنیان تێدا ناکرێ).

[٣] الاستاذ البدراوي ٢٨٧/١. الاستاذ الصدة ٢١٨/١. الاستاذ أنور سلطان ١٩٢/١.

[٤] الاستاذ السنهوري ٣١٣/١. د. اسماعيل غانم ٣٣٦/١. د. أبو ستيت ١٧٧/١.

[٥] لەو پێوەرانە ئەوەیە لە مادەی (١٦٥)ی گۆڤاری (الأحكام العدلية)دا هـاتوە، کـە مـافخورانی زەق ئەوەیـە لـە عروضـدا لـە ئەنـدازەی نیـوەی دە-یـەك زیـاتر و لـە حەیواناتـدا دە-یـەك و لـە خانوبەرەدا پێنج-یەك زیاتر یان لەوە زیاتر بـێ. هـەروەها مـادەی (١٦٣)ی مـەدەنیی کـوێتی دەڵێ، مافخوران بە زەق دادەنرێ ئەگەر لەکاتی ئیمزاکردنی عەقدەکەدا لـە پێـنج-یـەك زیـاتر بێ.

(اليسير) ئەوەیە دەچێتە ژێر مەزەندەکردنی مەزەندەکاران (لە ئەهلی خیبرە) و زەق (الفاحش) ئەوەیە ناچێتە ژێر مەزەندەکردنی مەزەندەکاران[1].

پێشنیار دەکەم دەستەواژەی (الفاحش) بگۆڕدرێ بۆ گەورە (الفادح). هەروەك دەمەوێ لەبارەی دانانی قۆستنەوە بە یەکێك عەیبەکانی ئیرادەدا، ئەوە دووبارە بکەمەوە کە پێشتر سەبارەت بە زۆرلێکردن و خەڵەتاندن باسم کرد، کە لەڕووی مەجازی عەقڵیەوە نەبێ نادروستە عەیبی ئیرادە بدرێتە پاڵی، لەبەرئەوەی زۆرلێکردن و خەڵەتاندن و قۆستنەوە کردەوەی لایەنی بەرپرسن، هەرچی عەیبەکانی ئیرادەیە لە زۆرلێکردندا بیم، لە خەڵەتاندندا هەڵە و لە قۆستنەوەدا لاوازیی کەسی قۆزراوەیە.

**پەیوەندیی قۆستنەوە بە عەیبەکانیترەوە:**

قۆستنەوە عەیبێکی سەربەخۆ نیە لە هەڵە و زۆرلێکردن و خەڵەتاندن، بەڵکو ئەگەرچی کراوەتە عەیبی چوارەم بەڵام زۆر لێیان نزیك دەبێتەوە. لە زۆرلێکردن نزیك دەبێتەوە با لە حاڵەتی ئارەزووی هەڵچوویشدا زۆرلێکردن نەبێ، لە هەڵە و خەڵەتاندن نزیك دەبێتەوە با هیچ کامیشیان نەبێ وەك لە حاڵەتی هەڵەشەیی ئاشکرادا (الطيش البين)دا، هەربۆیە هەندێ یاسا بەشێوەیەکی سەربەخۆ قسەیان لەسەر نەکردوە[2].

سەرباری ئەم نزیکییە لە دوو شتدا لە باقیی عەیبەکانی ئیرادە جیایە:

**یەکەمیان**– لە باقیی عەیبەکانیتردا ئەو ماوەیەی دەعوای پێ بەسەردەچێ سێ ساڵە لە ئاشکرابوونی هەڵەت و خەڵەتاندن و نەمانی زۆرلێکردنەوە، لەکاتێکدا لە قۆستنەوەدا ماوەکە تێپەڕینی ساڵێکە بەسەر کردنی عەقدەکەدا، نهێنیی ئەوەیش ئارەزووی یاسادانەرە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی بەهۆی قۆستنەوەوە

---

[1] مادەی (١٤٦)ی مەدەنیی ئوردنی دەڵێ، مافخورانی زەق لە خانوبەرە و هیتردا ئەوەیە ناچێتە ژێر تقويمی مقومەکان.

[2] وەك مەدەنیی یەمەنی کە تەنها قسەی لەسەر مافخوران کردوە لە مادەی (١٨٣).

سەرهەڵدەدەن لە نزیکترین کاتدا تا چارەنوسی عەقدەکە نەبەستریٚ بە دەعوایەکەوە کە بواری ئیددیعاکردن تێیدا فرلوان دەبیٚ[1].

دووەم- مافی مافخورلو لە بەتاڵکردنەوە یان کەمکردنەوەی پابەندی لە قۆستنەوەدا، لەکاتێکدا ئەوەی لە باقیی عەیبەکانی ئیرادەدا بڕیار درلوە مافی بەتاڵکردنەوەیە، وەك پاشتر ئەوە روون دەکرێتەوە.

**رەگەزەکانی قۆستنەوە:**

یاساناسان[2] بۆ ئەوە چوون قۆستنەوە دوو رەگەزی هەیە: مادی و مەعنەوی.

١- رەگەزی مادی (بابەتی): بریتییە لە تێکچوونێکی گەورەی هاوتایی لەنێوان پابەندیی هەردوو گرێبەندوان، هەڵسەنگاندنی رادەی ئەو گەورەییە بۆ دادلوەری بابەتەکە بەجیٚ هێڵراوە.

٢- رەگەزی مەعنەوی (دەروونی): بریتییە لە قۆستنەوەی گرێبەندوانەکە بۆ ئەو لاوازی یان ناتەولویەی لە مافخورلودایە وەك ئارەزووی هەڵچوو و هەڵەشەیی ئاشکرا و ئەو جۆرە حاڵەتە دەروونییانە[3].

تێبینی دەکریٚ رەگەزی دووەم قسەیەکی ناوردە، چۆن دەکریٚ قۆستنەوە رەگەزی قۆستنەوە بیٚ و چۆن دەکریٚ شت رەگەز بیٚ بۆ خۆی؟ مەبەست لەو قۆستنەوەیەی کە عەیبی ئیرادەیە هەر هەمان ئەو شتەیە لە خودی ئەم رەگەزە مەبەستە. جگە لەمەیش، رەگەزەکانی قۆستنەوە پێنجن کە بریتین لە: بقۆز (المستغل)، قۆزرلوە (المستغَل)، تێدا-قۆزرلوە (المستغَل فيه)، پیٚ-قۆزرلوە (المستغَل به) و مافخوران (الغبن). لەبەرئەوەی ئەم پێنج شتە پێکهێنەرە زاتیەکانی چییەتیی قۆستنەوەن، رەگەزەکانی هەر شتێکیش لە چییەتیەکەی وەردەگیرێن.

---

[1] الاستاذ اسماعيل غانم ١٨٦/١.

[2] منهم: الاستاذ السنهوري ٣٩٣/١. الاستاذ الذنون: ص١٠٣. الاستاذ البدراوي ٨٧/١. الاستاذ أبو ستيت ٨٢/١. الاستاذ اسماعيل غانم ٢٣٣/١.

[3] الاستاذ السنهوري ٣٩٨/١. الدكتور الصدة: ص٢٢٤. الاستاذ حجازي ٣١٢/١.

**رەگەزی یەکەم– بقۆز (مافخۆر):** ئەو گرێبەندوانەیە لاوازیی بەرانبەرەکەی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ناڕەوا (نامەشروع) دەقۆزێتەوە، لە مەرجەکانی:

١– یەکێك بێ لە دوو گرێبەندوانەکە جا چ کەسە ئەسڵیەکە بێ یان نوێنەری.

٢– نیەتی بەدەستهێنانی ئامانجێکی ناڕەوا بێ.

**رەگەزی دووەم– قۆزراوە (مافخورلو):**

ئەو گرێبەندوانەیە کە لاوازیەکەی قۆزراوەتەوە، لە مەرجەکانی:

١– یەکێك بێ لە دوو گرێبەندوانەکە جا چ کەسە ئەسڵیەکە بێ یان نوێنەری.

٢– لاوازیەکی تێدا بێ کە بکرێ لەلایەن ئەویترەوە بقۆزرێتەوە.

٣– مافخورانێکی گەورەی تووش ببێ.

**رەگەزی سێیەم– تێدا–قۆزراوە:** کە بابەتی گرێبەندەکەیە و لە مەرجەکانی:

١– بەرانبەر (باتی)یەکی هەبێ.

٢– بابەتی گرێبەندێکی دیاریکراو بێ[١].

**رەگەزی چوارەم– پێ–قۆزراوە:** لە وێنەکانی:

أ– پێویستی (حاڵەتی زەرورەت) وەك قۆستنەوەی پێویستیی نەخۆشێك بۆ نەشتەگەری لەلایەن پزیشکەوە و داواکردنی پارەیەکی زۆر.

ب– هەڵەشەیی روون و ئاشکرا (سووکی و پەلەپەلکردن و بەدپلانی).

ج– ئارەزووی هەڵچوو (ئارەزووی زۆر بۆ بەدەستهێنانی کەسێك یان شتێك بەهەر نرخێك بێ).

د– نەشارەزایی لە مامەڵەدا.

هـ– لاوازیی دەرککردن (بێئەقڵی و بێئاگایی و ئەو شتانە).

---

[١] لەبەرئەوەی عەقدی شیمانەیی بە سروشتی خۆی عەقدی جێمەترسی و مافخورانە و گرێبەندوان پێشوەخت ئەو سروشتە دەزانێ، بۆیە بۆی نیە بەناوی مافخورانەوە تانە لە عەقدی شیمانەیی بدا.

مافخوران بەشێوەیەکی رەها خۆ لێ پاراستنی ئاستەمە، لەبەرئەوە شەرعزانان و یاساناسان کۆدەنگن لەسەر زەرورەتی چاوپۆشیکردن لە مافخورانی سووك و سادە و وەستان لەسەر مافخورانی گەورە، بەڵام وەك باسمان کرد لەسەر پێوەر و ئەندازەکەی جیاوازن.

**دەکرێ ئەو جیاوازییە بۆ دوو ئاراستە بگێڕینەوە، ماددی و شەخسی:**

**یەکەم: ئاراستەی ماددی[1]:**

مەبەست ئەوەیە لە مەزەندەکردنی مافخورانەکەدا تەماشای بەهای ئابووریی شتەکە (بابەتی عەقدەکە) لە خودی خۆیدا دەکرێ بەگوێرەی یاسا ئابووریەکان، لەوانە یاسای خستنەروو و خواست. لەبەر تیشکی ئەم ئاراستەیەدا مافخوران عەیبێکە لە عەقدەکەدا نەك لە ئیرادەدا، پلەی تێکچوونی پلەی هاوتاییش بە ژمارە لە رێژەی نێوان بەهای شتەکە و نرخەکەیدا دیاری دەکرێ[2].

دووەم: ئاراستەی کەسی[3]:

لە ترازووی ئەم ئاراستەیەدا بناغە لە مەزەندەکردنی مافخوران بەهای شەخسی دەبێ، واتە بەهای شتەکە بەلای گرێبەندوانەوە، چونکە دەشێ شتەکە لەخۆیدا بێنرخ بێ بەڵام بەلای ئەوەی دەیەوێ بەدەستی بێنێ گەورە بێ، ئەویش لەبەر هەندێ هۆ

---

[1] ئەم ئاراستەیە لەباریدایە لەسەر ناهاوتایی لە خودی خۆیدا بوەستێ بەبێ گەڕان بەدوای هۆکەیدا و بەبێ گەڕان لەنێو ئیرادەی لایەنە مافخورلوەکە یان بەدوای مەرامی لایەنە مافخۆرەکەدا، ئەوکاتە مافخورانەکە خۆی دەبێتە هۆیەك بۆ تانەدان لە عەقدەکە لەسەر بناغەی تێکچوونی نێوان هەردوو باتییەکە. الاستاذ البدراوي ١/٢٨٨.

[2] وەك لە مادەی (١٦٧٤)ی مەدەنیی فەرەنسیدا کە دەڵێ: (ئەگەر فرۆشیار لە نرخ خانوبەرەکەیدا بە زیاتر لە حەوت بەش لە دوادە بەشی نرخە ئەسڵیەکەی، واتە بە زیاتر لە نیوەی نرخەکەی و نیوەی شەشیەکی بەشی خورابوو، مافی هەیە بەوە دلوای هەڵوەشاندنەوەی فرۆشتنەکە بکا با لە عەقدەکەیشدا بەراشکاوی نەمانی دلوای هەڵوەشانەوەی کربێتە مەرج یان لە عەقدەکەدا بەراشکاوی دەستی هەڵگرتبێ لەو فەرقی مافخورانە باسکراوەی پاشتر دەردەکەوێ).

[3] الاستاذ السنهوري، الوسيط ١/٢٨٧.

کە پەیوەندییان بە باروبۆخی شەخسییەوە[1] هەبێ، بۆیە مافخورانێك لەئارادا نابێ کە پاساو بێ بۆ داوای بەتالکردنەوەی عەقدەکە یان کەمکردنەوەی پابەندیەکە مەگەر نرخێکی گەورەتر لە بەها کەسیەکەی دابێ، ئەمەیش روونادات مەگەر کەسەکە لەبارەی نرخەکەیەوە بەهەڵەداچووبێ یان خەڵەتێنراو بێ، یان ناچار بێ عەقدەکە بکا، کە ئەوەیش لەئەنجامی هەڵەشەیی یان ئارەزوو یان سەرچڵی یان نەشارەزایی یان نەبوونی و ئاتاجیەکەوە نەبێ روونادات.

لەم روانگەوە مافخوران نابێتە عەیبێکی سەربەخۆی لەسەر پێی خۆ وەستاو، بگرە رواڵەتێکە لە رواڵەتەکانی عەیبەکانی ئیرادە.

مەزەندەکردنی گەورەیی تێکچوونی هاوتاییەکەیش بۆ دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی قەزا و باروبۆخی هەر حاڵەتێك بەجێ هێڵراوە و ئەوەندە بەسە تێکچوونەکە گەیشتبێتە رادەیەکی گەورە. تەکنیکە نوێیەکانیش دەستیان بەم وێنەگرتنە دەروونی (شەخسی)ەی مافخورانەوە گرتووە، ئەویش لەژێر کاریگەریی رێبازە ئیشتراکیەکاندا کە پاش پێشکەوتنی بیرۆکە کۆمەڵایەتیەکان داوای پاراستنی لایەنی لاوازی عەقدەکە و کارکردنیان بەپێی بنەماکانی ئەخلاق کردوە[2].

**بەراوردکردنی هەردوو ئاراستەکە:**

بەڵگەنەویستە ئاراستە ماددیەکەی ئەو خاڵەی باشە کە دیاریکەرە، لەو رووەوە ئەگەری سەرهەڵدانی کێشە لەنێوان دادگەکاندا ناهێڵێ، چونکە قازی بە ژمێرکاریەکی سادە دەتوانێ بزانێ ئاخۆ غوبن رووی داوە یان نا، بەڵام گرنگترین خەوشەکانی ئەم ئاراستە ماددییە نەبوونی شێلگیری (مرونەت)ـە[3]، لەبەرئەوەی پێوەرە ماددییەکە کە بەشێوەیەکی حسابی پراکتیزە دەکرێ، ئەگەر بەرواڵەت نەفەسێکی دادپەروەری

---

[1] وەك ئەوەی ئەو شتە بۆ ئەو جۆرە یادەوەرییەکی مێژوویی، یان خێزانی بێ، یان هیوایەتێکی خۆی پێ تێر بکات و ئەو جۆرە شتانە.

[2] الاستاذ اسماعيل غانم، النظرية العامة للالتزام، مصادر الالتزام ٢٣٦/١.

[3] الاستاذ حشمت أبو ستيت، نظرية الالتزام في القانون المدني الجديد ١٧٨/١.

پێوە دیارە، بەڵام زۆر دوورە لە بەدیهێنانی لە هەموو دۆخێکدا، چونکە لەبەر وردبیە ژمێرەییەکەی ناکرێ بۆ چارەسەری کۆمەڵێ مەسەلە دەست بدا کە دۆخیان جیاوازە و لێرەیشەوە چارەسەری گونجاو بۆیان جیاواز دەبێ.

**سەلماندنی قۆستنەوە:**

بینا لەسەر رێسای: (الأصل في الصفات العارضة العدم) (ئەسڵ لە سیفەتە سەرهەڵداوەکاندا نەبوونە)[1] پێویستە ئەو کەسەی بانگەشەی ئەوە دەکا ئیستیغلال کراوە، بەڵگە لەسەر ناهاوتایی و تێکچوونی گەورە لەنێوان پابەندیی هەردوولا و لەسەر قۆستنەوەی ئەو لاوازییەی تێیدایە بخاتە روو. سەلماندنیش بە هەموو رێگەیەك دەکرێ، بە قەرینەکانیشەوە، لەبەرئەوەی ئێمە خەریکی سەلماندنی رووداوگەلێکی ماددین[2].

**پاداشتی قۆستنەوە (جزاء الاستغلال):**

قۆستنەوە بە بوونی ئەحکامی تایبەت سەبارەت بە پاداشت لە عەیبەکانیتری ئیرادە جیا دەکرێتەوە، چونکە عەیبەکانیتر ئەو گرێبەندوانەی ئیرادەی عەیبدار بووە تەنها لە مافی هەڵوەشاندنەوەدا سەرپشك دەکەن، لەکاتێکدا گرێبەندوانی مافخوراو لە قۆستنەوەدا جگە لە مافی دلوای بەتاڵکردنەوە، مافی کەمکردنەوەی ئەو پابەندییە قورسانەیشی هەیە کە لەسەر شانیەتی، بەرادەیەك کاریگەریی قۆستنەوەکە (مافخورانی گەورە) ناهێڵێ. مەرجیش نیە کەمکردنەوەکە بگاتە ئاستی نەهێشتنی غوبنەکە بەڕەهایی، بەڵکو ئەوە بەسە گەورەییەکەی نەهێڵێ[3]. نابێ بەناوی غوبنەوە تانە لە فرۆشتنێك بدرێ کە بەپێی یاسا لە زیادکردنی ئاشکرادا کراوە[4].

---

[1] المادة (٩) من مجلة الأحكام. ئەوە روونە ئەسڵ ساغییە و عەیبیش لە سیفەتە سەرهەڵداوەکانە.

[2] الاستاذ البدراوي، سەرچاوەی پێشوو ٢٩٥/١.

[3] الاستاذ اسماعيل غانم ٢٣٢/١.

[4] مەدەنیی میسری مادەی (٤٢٧).

لەم روانگەوە مافخوراو بۆی هەیە یەکێك لەم دوو دەعوایە بەرز بکاتەوە، دەعوای بەتاڵکردنەوە یان دەعوای کەمکردنەوە. ئەگەر دەعوای کەمکردنەوە بەرز کرایەوە قازی بۆی نیە بڕیاری بەتاڵکردنەوە بدا، لەبەرئەوەی ئەو کاتە بڕیارێکی بۆ دلواکار دلوە زیاتر لەوەی لە دەعواکەیدا دلوای کردوە، ئەوەیش دروست نیە.

بەڵام ئەگەر دەعوای بەتاڵکردنەوەی بەرز کردەوە بۆی هەیە بڕیار بە کەمکردنەوە بدات ئەگەر بینی ئەوە بەسە بۆ نەهێشتنی ئەسەری قۆستنەوەکە[1]، ئەوەیش قۆستنەوەکەی کردوە مافی هەیە خۆی لە دەعوای بەتاڵکردنەوە دوور بخاتەوە بە خستنەڕووی ئەوەی قازی پێی وایە بۆ نەهێشتنی مافخورانەکە بەسە[2].

جیاوازیەکیتری جەوهەری هەیە لەنێوان قۆستنەوە و باقیی عەیبەکانیتری ئیرادەدا، ئەویش ئەوەیە ئیددیعای قۆستنەوە پێویستە لە ماوەی ساڵێك لە ئیمزاکردنی رێکەوتنەکە بەرز بکرێتەوە، لەکاتێکدا لە عەیبی هەڵە و خەڵەتاندن و زۆرلێکردندا دەعواکە تا تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئاشکرابوونی هەڵە و خەڵەتاندن و نەمانی زۆرلێکردنەکەدا بەسەر ناچێ[3].

لە هەندێ یاسادا قۆستنەوە لە هۆکانی بەتاڵیی رەهای عەقد دادەنرێ، وەك لە یاسای مەدەنیی ئەڵمانی مادەی (١٣٨)دا ئەویش لەبەرئەوەی پێچەوانەی ئادابی گشتییە[4]، ئەم ئاراستەیە لەگەڵ هەندێ مەزەبی ئیسلامیدا کۆکە وەك مەزەبی

---

[1] لەبارەی کاتی دڵنیابوون لەو زیادەیەی بووەتە هۆی مافخورانی گەورە، ناکۆکی لەنێوان فیقوانانـدا هەیە، هەنـدێکیان دەڵێن پێویستە ئەو زیادەیە بەر لە دەرچوونی حوکمی بەتاڵکردنەوە یان کەمکردنەوە بخرێتە روو، مامۆستا ئیسماعیل غانم ٢٣٣/١ بۆ ئەمە چووە. هەندێکیشیان پێیان وایە دەکرێ تەنانەت پاش دەرچوونی حوکمی بەتاڵکردنەوەکەیش زیادەکە بخرێتە روو، مامۆستا توفیق فرج الصدة، بۆ ئەمە چووە، سەرچاوەی پێشوو، بەندی ١٣٩.

[2] مەدەنیی میسری (م١٢٩). یەمەنی م١٨٣.

[3] الاستاذ البدراوي ٢٩٥/١. الاستاذ مرقس: ص٢٠٧. الاستاذ أنور سلطان ٢٠٤/١.

[4] الاستاذ السنهوري، الوسيط ٤٠١/١.

زاهیری[1].

**هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لە قۆستنەوە:**

لەگەڵ باقیی یاساکاندا لەوەدا کۆکە کە قۆستنەوە لە عەیبەکانی ئیرادەیە ئەگەر رەگەزەکانی هەبوون، بەڵام باسی حوکمی قۆستنەوەی جگە لە گرێبەندەکانی ئاڵوگۆڕ لە گرێبەندەکانی بەخشین (تبرع)یشدا کردوە.

لە گرێبەندەکانی ئاڵوگۆڕدا مافی داوەتە قۆزراوە (مافخوراو) داوای نەهێشتنی مافخورانی گەورە بکا، یان بە زادکردنی پابەندیەکانی بقۆز (مافخۆر) یان بە کەمکردنەوەی پابەندیەکانی قۆزراوە (مافخوراو)، لە گرێبەندەکانی بەخشینیشدا مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندەکەی داوەتە مافخوراو لە ماوەی ساڵێك لە ئیمزاکردنی گرێبەندەکەدا[2].

یاسادانەری عێراقی بەتاڵکردنەوەی گرێبەندی دوورخستۆتەوە، لەبەرئەوەی گرێبەندوانی مافخوراو لەو سوودە مەحروم دەکا کە لە ئیمزاکردنی گرێبەندەکە دەستی دەکەوت[3].

پێشنیار دەکەم لە سەرجەم یاساکاندا وشەی گەورە (الفادح) لەباتیی وشەی زەق (الفاحش) دابنرێ.

شایانی باسە ئەو ماوەیەی بۆ بەرزکردنەوەی دەعوا لە قۆستنەوەدا بەمەبەستی نەهێشتنی مافخورانی گەورە دیاری کراوە، ماوەی کەوتنی دەعواکەیە نەك ماوەی

---

[1] المحلی ٨/٤٤٢.

[2] مادەی (١٢٥) دەڵێ: (ئەگەر یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە پێویستی یان هەڵەشەیی یان ئارەزووی یان بێئەزموونی یان لاوازیی دەرککردنی قۆزرایەوە و لە عەقدکردنەکەیدا افخورانێکی زەقی تووش بوو، بۆی هەیە لە ماوەی ساڵێك لە کاتی عەقدەکەوە داوای هەڵگرتنی مافخورانەکە بۆ رادەیەکی ماقوڵ بکا، خۆ ئەگەر ئەو رەفتارەی کردویەتی بەخشین بوو بۆی هەیە لەو ماوەیەدا هەڵیبوەشێنیتەوە).

[3] الاستاذ الدکتور حسن الذنون، سەرچاوەی پێشوو: ص١٠٦–١٠٧.

كۆنبوون، لەبەرئەوەی نە وەستان و نە پچڕان قبوڵ ناكات و ئەگەر لەو ساڵەدا بەرز نەكرێتەوە قبوڵكراو نابێ[1]. لەو شتە گرنگانەی پێویستە ئاماژەیان بۆ بكرێ ئەوەیە حوكمەكانی قۆستنەوە و مافخوران بەسەر گرێبەندەكانی موزایەدەدا پیادە ناكرێن.

**هۆیتر بۆ قابیلیەتی گرێبەند بۆ بەتاڵكردنەوە:**

هۆكانی گۆڕانی گرێبەند بۆ قابیل بە بەتاڵكردنەوە تەنها ئەو چوار عەیبە نین كە لەو یاسایانەی لەژێر كاریگەریی فیقهی غەربیدان باس كراون، بەڵكو هۆیتر هەن كە ئەو یاسایانە باسیان كردون، لەوانە:

أ- ئەو رەفتارانەی مێردمنداڵی فامدار، كە لەنێوان سوود و زیاندان[2].

ب- رەفتاری غافڵ و بێئەقڵ پاش تۆماركردنی بڕیاری حیجر لەسەردانانیان[3].

ج- رەفتاری تووشبوو بە نەخۆشیەك كە بەهۆیەوە ناتوانێ ئیرادەی دەربڕێ[4].

**هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی لە قۆستنەوە و مافخوران:**

شەریعەتی ئیسلامی پێش سەرجەم شەریعەتە ئاسمانی و یاسا دەستكردەكان كەوتوە لە بەگژاچوونەوەی رەزیلەت و بانگەشەكردن بۆ فەزیلەت. لەو رەزیلەتانە گزیكردن و خەڵەتاندن و قۆستنەوە و زیانگەیاندن بەویتر بەبێ پاساو و هەر شتێكیتر

---

[1] الاستاذ أبو ستيت، نظرية الالتزام في القانون المدني الجديد، الكتاب الأول، مصادر الالتزام: ص١٨٦.

[2] مەدەنیی میسری م١١١.

[3] المصري م١١٥.

[4] مادەی (١١٧)ی مەدەنیی میسریی ئێستا دەڵێ: (ئەگەر كەسەكە كەڕ و لاڵ، یان كوێر و كەڕ، یان كوێر و لاڵ بوو و بەوهۆیەوە نەیتوانی ئیرادەی خۆی دەربڕێ، دادگە بۆی هەیە یاریدەدەرێكی قەزایی بۆ دابنێ تا لەو رەفتارانەدا یارمەتی بدا كە بەرژەوەندی دەیانخوازێ. هەروەها هەر رەفتارێك لەو رەفتارانەی بڕیار لە یارمەتیدانی قەزاییان تێدا دراوە قابیل بە بەتاڵكردنەوە دەبن هەركات ئەو بڕیارە لەلایەن ئەو كەسەی بڕیاری یارمەتیدانی قەزاییانەی بۆ دراوە، بەبێ یارمەتیی یاریدەدەرەكە درا، ئەگەر رەفتارەكە پاش تۆماركردنی بڕیاری یارمەتیدانەكە بوو).

کە مەبەست تێیدا بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی نامەشروع بێ لەسەر حسابی زەرەرکردنی کەسانیتر. لە فەزیڵەتەکانیش لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانیتر راستگۆیی و ئەمانەت و نیەتپاکی و متمانە بەیەکبوونە. لەم رووەوە ئایەت زۆر دابەزیون و زۆر حەدیس هاتوون.

لەو ئایەتانەی فەرمان بە پێویستیی بوونی رەزامەندیی دووسەرەی راستەقینە[1] لە ئاڵوگۆڕەکاندا دەکەن، خوا دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾[2].. ئەم ئایەتە لەگەڵ بڕواداران دەدوێ و مەبەست هەموو خەڵکە، باسی خواردن کراوە و مەبەست پێی سەرجەم زیادەڕۆییکردنەکانە بۆ سەر مافی کەسانیتر بەبێ پاساو. هەروەها سیغەی رەزامەندیی دووسەرە (تراضي) بەکارهاتووە لەبەرئەوەی بۆ بەشدارییە و رەزامەندیی تەنها یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە بەبێ ئەویتر بەس نیە.

هەروەها لەوانە خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾[3] کە لە بابی باسکردنی تایبەت و مەبەست گشتییە، واتە هەموو عەقدێکی حەڵاڵ کردوە کە هاوتایی و هاوسەنگی لەنێوان دوو باتیەکە تێدا بێ، هەموو عەقدێکیشی حەرام کردوە کە تێیدا ئەو هاوتایی و هاوسەنگییەی بەشێوەیەکی زەق تێکچووبن و ببێتە مایەی ئەوەی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە دەسکەوتێکی ناڕەوای لەسەر حسابی زەرەرکردنی ئەویتریان دەست بکەوێ.

لەو حەدیسانەی پێغەمبەریش کە فەرمان بە نیەتپاکی و راستگۆیی و ئەمانەت و متمانەی دووسەرە لە گرێبەندەکانو هیتردا دەکەن: (لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه

---

[1] رەزامەندیی دووسەرەی راستەقینە ئەوەیە بە جیاوازیی زاهیر و باتین (رواڵەت و پەنهان) بەشێوەیەك ئەگەر گرێبەندوانەکە واقیعەکەی ببینی پێی رازی دەبێ.

[2] سورة النساء / ٢٩.

[3] سورة البقرة / ٢٧٥.

ما يحب لنفسه)[1] . (واتە: کەسێ لە ئێوە باوەڕ ناهێنێ تا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەیشی پێی خۆش نەبێ). مانای ئەم حەدیسە ئەو حیکمەتەیە دەڵێ: (هەمیشە خۆت لەجێگەی ئەو کەسە دابنێ کە مامەڵەی لەتەك دەکەیت و ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت لەجێی خۆت دابنێ، بەوە دەتوانیت بڕیارێکی دادپەروەرانە بدەیت، ئەگەر کڕیار بوویت خۆت بکە فرۆشیار و ئەگەر فرۆشیار بوویت خۆت بکەنە کڕیار، بەوە دەتوانین دادپەروەرانە بفرۆشیت و بکڕیت).

لەو حەدیسانەیش ڕێگری لە گرێبەندە جێ مەترسیەکان (عقد الغرر) و قۆستنەوە و مافخوران دەکەن: (لا يتلقى الركبان[2] في البيع، ولا يبع بعضكم على بعض، ولا تناشجوا)[3]. (واتە: نابێ لە فرۆشتندا بچنە ڕێگەی کاروان (بەر لە گەیشتنی بە شار)، کەستان لە فرۆشتندا زەم بەسەر ئەویتردا مەکەن و نرخ زیاد مەکەن هەر بۆ ئەوەی خەڵك هان بدەن زیاتر بە شمەکەکە بدەن).

لە ڕیوایەتێکتردا: (لا تلقوا الجلب[4] فمن تلقاه فاشترى منه فاذا أتى سيده[5] فهو بالخيار)[6].

---

[1] صحيح البخاري: ١٤/١، وصحيح مسلم: ٥٨/١.

[2] تلقى الركبان (چوونە پێش کاروان): ئەوەیە شارنشینی پێشوازی لەو دەشتنشینە بکا کە لە دەشتەوە، یان لەو گوندنشینەی لە گوندەوە هاتووە بکا بەر لە گەیشتنی بە شارەکە و پێی بڵێ ماڵەکەی بێبازاڕە، تا نرخەکەی پێ بشکێنێ و بە کەمتر لە نرخی خۆی لێی بکڕێ.

[3] صحيح مسلم ١١٥٥/٣. النجش لە زاراوەی شەرعیدا بریتییە لە زیادکردنی نرخی ئەو کاڵایەی خراوەتە ڕوو بۆ فرۆشتن، ئەویش نەك بۆ کڕینی، بەڵکو تا کەسانیتر بۆ کڕینی بە گران فریو بدا.

[4] واتە ئەوەی بۆ فرۆشتن دەهێنرێ.

[5] واتە خاوەنەکەی، واتە ئەگەر خاوەنی کەلوپەلەکە هاتە وڵاتەکە و نرخەکەی زانی و بینی مافی خوراوە سەرپشکە لەوەی بیگێڕێتەوە.

[6] صحيح مسلم ١١٥٦/٣.

دیسان دەفەرموێ: (لا يبع حاضر لباد دعوا الناس يرزق الله بعضهم من بعض)[1]. (با شارنشین بۆ دەشتنشین نەفرۆشێ، واز لە خەڵك بێنن خوا یەك لەویترەوە رزقیان بدا).

هەروەها لەوانە ئەوەیە ئەبوهورەریرە ریوایەتی کردوە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی لە فرۆشتنی جێ مەترسی کردوە[2]، لەوانە پیاوێك کالآیەکی لە بازاڕ دانا و سوێندی بە خوا خوارد کە هێندەی پێ دلوە کە پێی نەدابوو تا کەسێك لە موسڵمانان تووش بکا، ئەم ئایەتە دابەزی[3]:﴿إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَناً قَلِيلاً أُولَـئِكَ لاَ خَلاَقَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ... الآية﴾[4].

دیسان لەوانە ئەوەیە پێغەمبەر بەو کەسەی گوت کە لە فرۆشتندا فێڵی لێ دەکرا و لەبەر نەشارەزایی و نەزانیی خۆی دەقۆزرایەوە: (إذا أنت بايعت فقل: لا خلابة[5]، ثم أنت في كل سلعة ابتعتها بالخيار ثلاث ليال إذا رضيت فامسك وان سخطت فارددها على صاحبها)[6]. هەروەها دەفەرموێ: (من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد)[1] (واتە: ئەوەی کارێك بکا فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ رەتکراوەیە).

---

[1] صحيح مسلم ١١٥٦/٥، واتە ئەوەی بە کەلوپەلێکەوە هاتە شار تا خۆی راستەوخۆ بیفرۆشێ بە بەکاریەران، کەسی لە خەڵکی شار بۆی نیە بێتە دەلآلی و لە فرۆشتنی شمەکەکەدا جێی بگرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو کارە زیان بە بەکاریەران دەگەیەنێ.

[2] صحيح مسلم ١١٥٣/٣، الغرر واتە مەترسی و خەڵەتاندن. فیقوانی حەنەفی سەرخەسی لە (المبسوط ١٩١/١٣)دا دەڵێ: الغرر: ئەوەیە ئاکامەکەی شاراوە بێ. شیرازیی شافیعی لە (المهذب ٣٦٢/١)دا دەڵێ: الغرر: ئەوەیە شتەکەی لێی پەنهان بێت و ئاکامەکەی لەلای شاراوە بێ.

[3] من سورة آل عمران /٧٧.

[4] بروانە: صحيح البخاري بشرح عمدة القاري شرح صحيح البخاري للشيخ الإمام العلامة بدر الدين محمد بن أحمد العيني ٢٣٢/١١.

[5] واتە بەبێ فێڵ.

[6] نيل الأوطار شرح منتقى الأخبار من أحاديث سيد الأخيار للشوكاني ٢٠٦/٥. (پێشتر مانای ئەم حەدیسەمان کرد–وەرگێڕ)

ئـەو عەقدانـەی بـاس کـران و هاوشـێوەکانیان پێیـان دەوتـرێ عەقـدە جـێ مەترسیەکان (عقود الغرر)، هەر عەقدێکیش قۆستنەوە و مافخورانی تێدا بێ ئەحکامی ئەم جۆرە عەقدانەی بەسەردا دەچەسپێ.

**پاداشتی قۆستنەوە و مافخوران لە فیقهی ئیسلامیدا:**

سەرەرای رۆشنیی ئاماژەی ئەو ئایەت و حەدیسانەی باس کران بۆ حـەرامکردنی هەموو قۆستنەوە و مافخورانێکی گەورە بەبێ پاساو لە گرێبەندەکانـدا، شـەرعزانانی ئیسلامی لەبارەی سزای قۆستنەوە و مافخوران و رادەی کاریگـەریی لەسـەر عەقـدە جێ مەترسـیەکان لـەرووی چـەندایەتی و چـۆنایەتیەوە جیـاوازن، بـەم شـێوەیەی خوارەوە:

أ- هەندێکیان بۆ ئەوە چوون لە روانگەی ئەو دەقانە و هیتر لە قورئانی پـیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)، سەرجەم عەقدە جێ مەترسیەکان کە قۆستنەوە و مافخورانیان تێدایە بەتاڵن، لەپێشیانەوە ئیبن حەزمی زاهیری دێ[٢].

ب- هەندێکیان بەپێچەوانەی ئەم ئاراستەیە عەقدەکانی قۆستنەوە بە دروسـت و لازم دەزانـن لـە هەنـدێ حاڵـەتی نائاسـاییدا نـەبێ، شـەرعزانانی حەنـەفی رابەرایەتی ئەم ئاراستەیەیان کردوە[٣].

---

(١) عمدة القاري شرح صحيح البخاري ١١/٢٦٢.

(٢) کە لە کتێبی: المحلى ٨/٤٣٩-٤٤٠دا دەڵێ : (حەڵاڵ نیە شتێك بە زیاتر یان کـەمتر لـەوەی دەژی بفرۆشرێ، هەروەها بەهیچ شێوەیەك نابێ (دوو عەقدکارەکە) بە مافخوران رازی بن. بەڵگەی راستیی قسەکەیشمان فەرمایشتی خوای گەورەیە کە دەفەرموێ:
﴿ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾
﴿ يُخَادِعُونَ اللّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُم وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ سورة البقرة/٩
هەروەها حەدیسی ((من عمِلَ عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد)) واتە هەرکەس کارێك بکـا فـەرمانی پێمەی لەسەر نەبێ رەتکراوەیە.

(٣) لە: البدائع للكاساني ٧/٢٢٢١-٢٢٢٣ لـەبارەی ئـەو حەدیسـەی پێغەمبـەر (د.خ) ((لا يبـع حاضـر لباد) هاتووە:

شافیعیەکان هەڵوێستێکی مامناوەندیان گرتوە و گوتویانە لە (تلقی الرکبان)دا سەرپشکبوون هەیە لەبەرئەوەی لە دەقی ئەو حەدیسەدا کە نەهی لە (تلقی الرکبان) دەکا ئەو سەرپشککردنە هاتووە، هەروەها لە فرۆشتنی (النجش)یشدا بەپێی یەکێك لە دوو قەولەکەیان ئەگەر بە ئاگەداریی فرۆشیار بوو. شافیعی –رەحمەتی خوای لێبێ– بەپشتبەستن بەو فەرمودانە (لا یبع حاضر لباد): (دعوا الناس یرزق الله بعضهم من بعض) لە فرۆشتنی شارنشین بۆ دەشتنشیندا هیچ سەرپشککردنێکی نەدیوە، لەکاتێکدا ئەم بەشەی دوایی حەدیسەکە تەعلیلە بۆ نەهیکردن لە بەشی یەکەمی، بۆیە ئەوە بەڵگەیە لەسەری نەك بۆی، لەبەرئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) نەهی کردوە لەوەی شارنشینێکی خەڵکی شار ببێتە دەڵاڵ بۆ دەشتنشین تا کار لە رزقی خەڵکی شارەکە نەکا، لەبەرئەوەی دەڵاڵەکە شمەکەکە گرانتر لە خاوەنەکەی دەفرۆشی[1].

---

(ئەگەر فرۆشتنی فرۆشتنەکە جائیزە لەبەرئەوەی نەهیکردنەکە بۆ مانایەکە جگە لە فرۆشتن ئەویش زیانگەیاندنە بە خەڵکی شارەکە و فەسادی فرۆشتنەکە واجب ناکا). هەروەها لەبارەی فرۆشتن لەلایەن ئەو کەسەی کاڵا وەردەگرێ دەڵێ: ئەم فرۆشتنە مەکروهە و یەکەم شت زیان بە خەڵکی شارەکە دەگەیەنێ، کڕینیش لە هەردوو شێوەکەدا جائیزە لەبەرئەوەی فرۆشتن خۆی لە خۆیدا رەوایە و نەهیکردن لە غەیری ئەودایە، ئەویش زیانگەیاندنە بە خەڵك یان خاوەن کاڵاکان. لەبارەی فرۆشتنی النجش دەڵێ: مەکروهە لەبەر نەهی لێکردنی لەلایەن پێغەمبەرەوە و هەروەها لەبەرئەوەی فێڵکردنە بۆ زیانگەیاندن بە برا موسڵمانەکەی و نەهیکردنەکە لەبەر ئەو زیانگەیاندنەیە نەك بۆ مانایەك لە فرۆشتندا.

لە گۆڤاری: الأحکام العدلیة مادەی (٣٥٦)دا هاتووە: ئەگەر مافخورانێکی زەق لە فرۆشتنەکەدا بەدی کرا مافخوراو بۆی نیە عەقدەکە هەڵبوەشێنێتەوە، تەنیا مەگەر ئەو غوبنە لە ماڵی هەتیودا ببینرێ کە فرۆشتنەکە دروست نابێ، ماڵی وەقف و بەیتولمالیش حوکمیان حوکمی ماڵی هەتیوە.

بڕوانە: المبسوط للسرخسي ١٣/١٩٤.

[1] لە: المهذب لأبي اسحق الشیرازي ١/٢٧٠–٢٩٣دا هاتووە:

نەجش حەرام دەبێ، ئەویش ئەوەیە نرخ زیاد بکا تا خەڵکیتری بۆ هان بدا با ئەوە بە تێوەگلانی فرۆشیارەکەیش بێ، لەمەیشدا دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان ئەوەیە سەرپشکە (واتە بژاردەی هەیە) لەنێوان دەستپێوەگرتن و رەتکردنەوەدا لەبەرئەوەی خەڵەتاندنیەتی و مافی ←

ئیمام مالیك و شەرعزانەكانی بۆچوونیان وایە ئەگەرچی مافخورانی گەورەیش رووی دابێ، مافخوراو لەنێوان بژارەی هەڵوەشاندنەوەی عەقدەكە و پێ رازیبوونیدا سەرپشكە، بەڵگەیشیان ئەوەیە كارەكە ناڕەوایە و زیانیش لە ئیسلامە رەتكراوەیە و پێویستە نەهێڵرێ، یان زیانمەند پێی رازی بێ[1].

حەنبەلیەكان دەڵێن مافخوراو لە نەجشدا سەرپشك نیە لەبەرئەوەی نەهیكردنەكە روو لە ناجیشە نەك لە عەقدكار و شتی وا لە فرۆشتندا نەگێڕدراوەتەوە. مافخوراو لە (تلقی الركبان)دا سەرپشكە ئەگەر هاتنە بازاڕ و زانییان مافیان خوراوە، ئەگەر حەزیان كرد فرۆشتنەكە هەڵیوەشێننەوە دەتوانن هەڵیبوەشێننەوە. هەروەها گوتویانە: لە فرۆشتنی شارنشین بۆ دەشتنشیندا، ئەگەر شارنشینێك شمەكی بۆ

---

رەتكردنەوەی هەیە وەك ئەوەی بە بوونی عەیبێك دەگەی لێدابێ. دووەمیان ئەوەیە بژارەی نیە لەبەرئەوەی كڕیار كەمتەرخەمە و ورد نەبووەتەوە و سەرپشككردنی بۆ كەسێك بەجێ هێشتوە كە نرخی شمەكەكە دەزانێ.

هەروەها دەڵێ: حەرامە شارنشینێك شت بۆ دەشتنشینێك بفرۆشێ، ئەویش ئەوەیە پیاوێكە كاڵایەك بێنێ و بیەوێ بیفرۆشێ و خەڵك لەو شوێنە پێویستیان بێ، ئەگەر بیفرۆشێ دەروویان لێ دەكرێتەوە و ئەگەر نەیفۆشێ تووشی تەنگانە دەبن، جا دەڵاڵێك دێتە لای و پێی دەڵێ مەیفرۆشە تا من كەم كەم بۆت بفرۆشم و نرخەكەی زیاد بكەم. پێغەمبەر (د.خ) نەهی لەمە كردوە و فەرمویەتی با شارنشین بۆ دەشتنشین نەفرۆشێ، بەڵام ئەگەر سەرپێچی كرد و فرۆشتی فرۆشتنەكە دروستە، شافیعی پشتی بەو قسەیەی پێغەمبەر لەم حەدیسەدا بەستوە كە دەڵێ (دعوا الناس يرزق الله بعضهم من بعض).

لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ پێگەی شافیعی، بەڵام لەم تەعلیل و ئیجتیهادەدا نەپێكاوە، لەبەرئەوەی تەعلیله بۆ نەهیكردن، بۆیە دژیەتی نەك پاڵپشتی بێ.

هەروەها دەڵێ: هەروەها (تلقي الركبان) حەرامە، ئەویش ئەوەیە خۆی بگەیەنێتە كاروان و پێیان بڵێ كە بارخانەكەیان بازاڕی نیە تا بەوە دەگەیان لێ بدا، پێغەمبەری خوا نەهی كردوە لە چوون بۆ شمەك تا لە بازاڕ دانەبەزێ، لەبەرئەوەی ئەو كارە خەڵەتاندن و زیانگەیاندنە. شافیعی دەڵێ: مافخوراو سەرپشكە، لەبەرئەوەی ئەو سەرپشكییە لە ریوایەتەكەی ئیبن عەباس بۆ حەدیسەكەدا هاتووە.

[1] بڕوانە: بداية المجتهد ونهاية المقتصد للإمام ابن رشد ٢/١٣٨-١٤٠.

دەشتنشینێك فرۆشت فرۆشتنەكە بەتاڵە[1].

شەرعزانانی شیعەی ئیمامی رایان وابووە مافخورلو لە هەموو مافخورانێكدا سەرپشكە، ئیتر هۆكەی هەرچی بێ[2].

شیعەی زەیدی لەسەر ئەوە كۆكن كە مافخورلو لە (تلقی الركبان)دا سەرپشكە، بەڵام لە فرۆشتنی شارنشین بۆ دەشتنشین جیاوازن[3].

هۆی سەرەكیی جیاوازی بۆچوونی شەرعزانان لەو بابەتانەی باس كران، جیاوازییانە لەبارەی مانا و مەبەستی نەهیكردنەكە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لەسەر ئەوە رێك كەوتوون كە نەهیكردنی شەرعدانەر لە گرێبەندێك، ئەگەر لەبەر عەینەكەی واتە شوێن (محل)ەكەی[4] یان هۆكەی[5] بوو، گرێبەندەكە بەتاڵ دەبێ.

٢- بەڵام ئەگەر لەبەر وەسفە وابەستەكەی[6] بوو بەلای جمهوری شەرعزانانەوە بەتاڵ و لای ئەبوحەنیفە قەڵب (فاسید) دەبێ، وەك نەهیكردن لە قەرزی بەسوو (ربوي))، كە مادام ریبەوی بێ سوود وابەستەیەتی، بەرهەمی ناكۆكیەكەیش ئەوەیە قەڵب دەگۆڕێ بۆ دروست ئەگەر هۆی قەڵبیەكەی نەما، بەپێچەوانەی بەتاڵ. ئەوەی قەرزكردنی بەسووی بە بەتاڵ داناوە گوتوێتی بە

---

[1] بروانە: المغني لابن قدامة أبي محمد عبد الله بن أحمد بن محمد قدامه ٤/٢٣٤-٢٤٣.
ئەوەی كە دەڵێن فرۆشتنی شارنشین بۆ دەشتنشین (گوندنشین) بەتاڵە لەسەر ئەو ئەسڵەیان دامەزراوە كە دەڵێ نەهیكردنی شەرعدانەر لە عەقدێك لەبەر بەرژەوەندیی گشتی، ئەو نەهیكردنە بەتاڵیی عەقدەكە دەخوازێ با بۆ وەسفێكی نالازمیش بووە.

[2] الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية ١/٣٢٥.

[3] الروض النضير شرح مجموع الفقه الكبير للإمام شرف الدين الحسين بن أحمد الصنعاني٣/٣٠٢.

[4] وەك نەهیكردن لە فرۆشتنی مادە هۆشبەر و مەستكەرەكان.

[5] وەك نەهیكردن لە گرێبەندێك هۆكەی ناڕەوا بێ وەك فرۆشتن لەبەرانبەر ئەنجامدانی تاوانێك.

[6] وەسفی لازم ئەوەیە لە عەقدەكە جیانابێتەوە و بەبێ ئەو لە بوارێكیتردا بەدینایەت، وەك سوودی ریبەوی كە لە عەقدە ریبەویەكاندا نەبێ بەدینایەت.

دەستهەڵگرتنی سووخۆر لە سوودەکە پاش گرێبەندەکە، ناگۆڕێ بۆ دروست.

٣- ئەگەر لەبەر وەسفە ناوابەستەکەی بوو[١]: زاهیریەکان دەڵێن گرێبەندەکە بەتاڵە و هیچ جیاوازی نیە لەنێوان نەهیکردن لە شتێك لەبەر خودی خۆی یان وەسفە وابەستە یان ناوابەستەکەی. حەنبەلیەکان دەڵێن ئەگەر نەهیکردنەکە لەبەر رەچاوکردنی مافێکی گشتی بوو نەهیکراو بەتاڵ دەبێ با وەسفەکەیش ناوابەستە (نالازم) بێ، ئەگەریش بۆ رەچاوکردنی مافێکی تایبەت بێ گرێبەندەکە بەرکاری ناوابەستە (نافذ غیر لازم) دەبێ و قابیل بە هەڵوەشاندنەوە (الفسخ) دەبێ[٢].

بە بڕوای لەخۆبوردوانەی ئێمە مافخورانی گەورە و زادەی گزی یان قۆستنەوە و ئەو جۆرە شتانە، پاساو دەداتە ئەوەی کەسی مافخورلو مافی هەڵوەشاندنەوە یان پێ رازیبوون و قبوڵکردنی بە مافخورانەکەوە، یان داوای هەمووارکردنی پابەندیەکەی هەبێ، بەو شێوەیەی سەختیی مافخورانەکە نەهێڵێ.

**ئاسەوارەکانی بڕیاردانی بەتاڵبوونەوە بە بەتاڵکردنەوە:**

عەقدی قابیل بە بەتاڵکردنە بەپێی یاسا عەقدێکە هەیە و بەرهەمهێنی سەرجەم ئاسەوارەکانیەتی و بەسیفەتێکی کۆتایی هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ عەقدی راست و

---

(١) وەسفی ناوابەستە ئەوەیە لەگەڵ ئەو وەسفکراو و پێوەبەستراوەدا هەیە و لێی جیا دەبێتەوە و لەگەڵ هیتردا بەدیدێ، وەك زیان لە گرێبەندە جێ مەترسیەکان و مافخوران و قۆستنەوەدا، چونکە زیان وەك چۆن دەکرێ لەو رێگەیەوە بێ، دەکرێ بە رێگەیتریش بەدیبێ.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی مانا و مەبەست (مقتضی)ی نەهی و ئەولق و بۆچانەی باس کران، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

المحصول في علم أصول الفقه للرازي، دراسة وتحقيق الدكتور طه جابر فياض العلواني، الجزء الأول- القسم الثاني: ص٥٠٠.

وإرشاد الفحول للشوكاني: ص١١١.

وشرح تنقيح الفصول للقرافي: ص١٧٤.

ئەم کتێبەی ئێمەیش: أسباب اختلاف الفقهاء في الأحكام الشرعية ١/١٢٧-١٤٥.

دروستدا نیە، جگە لەوەی هەڕەشەی نەهێشتنی لەسەرە، بۆیە بۆ بڕیاردان لەسەر بەتاڵبوونی، ڕەزامەندی یان داوەری پێویستە، ئەگەر بە یەکێك لەو دوو ڕێگەیە بڕیار لە بەتاڵی درا هیچ ئەسەرێکی نامێنێ و هەموو شتێك دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەسڵەکەی[1]، هەرلایەك پابەند دەبێ بەوەی چی لەویتر وەرگرتوە بۆی بگێڕێتەوە، جگە لە بەتاڵکردنەوە لەبەر ناتەواویی ئەهلیەت کە تەنها لەسەریەتی ئەو ئەندازە سوودە بگەڕێنرێتەوە کە بەهۆی جێبەجێکردنی عەقدەکەوە دەستی کەوتوە، مەبەست لە سوودیش تەنها دەوڵەمەندبوون (اغتناء) نیە، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە ئەوەی دەستی کەوتوە بۆ تێرکردنی پێویستیەکی ڕاستەقینە یان بەدیهێنانی سوودێك لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاری بێنێ، وەك نرخی کڕین یان دانی کرێ خانوو یان خەرجی خوێندن یان دانەوەی قەرزێك، بەپێچەوانەی ئەوەی لە تێرکردنی هەوا و هەوەسیدا سەرفی کردوە[2].

**بناغەی بۆگێڕانەوە پاش بەتاڵکردنەوە:**

هەندێ بۆ ئەوە چوون کە بناغەکە دانی ناشایستەیە[3]، تیمێکیتر[4] پێیان وایە ئەو ڕێسایانەی سەبارەت بە دانی ناشایستە بڕیار دراون، لەگەڵ لۆژیکی ئەو بەتاڵییەی لە بەتاڵکردنەوە دەکەوێتەوە ناتەبان و پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە پێویستە وا جێبەجێ بکرێ وەك ئەوەی لە عەقدەکە کەوتبێتەوە، ئەویش لەبەر ئەو پەیوەندییە عەقدکارانەیەی لە نێوانیاندا دروست بووە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە هەریەك لە

---

[1] ئەگەر ئەوە مەحاڵ بوو، جائیزە حوکمی قەرەبوویەك بدرێ لەسەر بناغەی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی نەك بەرپرسیارێتیی عەقدی. مەدەنیی میسری م١٤٢، سوری م١٤٣ (پراوپڕ)، لیبی م١٤٢ (پڕاوپڕ)، العراقی م١٣٨ (کۆك).

[2] الاستاذ عبد المنعم الصدة ١/٢٩٦.

[3] وەك مامۆستا سەنهوری– الوسیط ١/١٣٤٠ و مامۆستا مرقس، لصول الالتزامات ص٥٢٩.

[4] الاستاذ بلانیول نقلا عن الاستاذ الصدة ١/٢٩٦، والاستاذ حجازي ١/٢٣٢، والاستاذ أبو ستیت، سەرچاوەی پێشوو، بڕگەی (٢٥٦).

دوو لایەنەکە ناتوانێ داوا لە ئەویتر بکا ئەوەی بردوێتی بۆی بگێڕێتـەوە بەئەنـدازەی ئەوە نەبێ کە ئەو لەوەی لەوی وەرگرتوە بـۆی دەگێڕێتـەوە، جـا ئەگـەر یـەکێکیان نـەیتوانی ئـەوەی بردبـووی بیگێڕێتـەوە، ناشـتوانێ داوا لـەویتر بکـا ئـەوەی لـەمی وەرگرتوە بۆی بگێڕێتەوە[1].

توێژەر پێ وایە ئەم ئاراستەیەی دووەم وردتـرە، لەبەرئـەوەی لـە حاڵـەتی دانـی ناشایستەدا هۆیەك نیە بۆ ئەو دان (الدفع)ـە، بەپێچـەوانەی حاڵـەتی جێبـەجێکردنی عەقدی قابیل بە بەتاڵکردنەوە، کە هۆکە بەرپایە، بەڵام هەڕەشەی نەمانی لەسـەرە، جا ئەگەر نەما پێویستە بۆگێڕانەوەکە لەسەر بنچینەی ئەو نەمانە بێ و پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە لەسەر بناغەی بەرپرسیارێتیی عەقدی دەبێ.

شایانی باسە سەرجەم هۆکانی بەتاڵکردنەوە لە فیقهـی غـەربی و ئـەو یاسـایانەی لەژێر کاریگەریدان، لە فیقهی ئیسلامیدان هۆی هەڵوەشاندنەوەن.

---

[1] الاستاذ الصدة، سەرچاوەی پێشوو.

# بەشی چوارەم

## پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی ناشایستە لەسەر بنچینەی ناڕەوابوونی هۆ

باسی یەکەم: زەوتکردن: چییەتی، رەگەزەکانی.

باسی دووەم: ئەحکامە مەدەنیەکانی زەوتکردن لە فیقهی ئیسلامی و یاسای مەدەنیي عێراقیدا .

باسی سێیەم: ئەحکامە سزاییەکانی زەوتکردن لە فیقهی ئیسلامی و یاسای سزادانی عێراقیدا .

## دەسپێك

لە بەشی دووەمدا بناغە نەبوونی هۆ بوو لە بنەڕەتدا، لە بەشی سێیەمدا بناغە نەمانی هۆ بوو پاش بوونی. بەڵام لەم دوایین بەشەدا بناغە نارەوابوونی هۆیە (هۆی پەیداكەر) كە لە هەندێ یاسادا پێی دەوترێ كاری نارەوا، لەوانە یاسای مەدەنیی عێراقی[1] مادەكانی (١٨٦–٢٣٣)، میسری[2] مادەكانی (١٦٣–١٧٨)، سوری[3] مادەكانی (١٦٤–١٧٩)، یان پێی دەوترێ زیانگەیاندن بە مافی كەسیتر وەك لە مەدەنیی یەمەنی[4] مادەكانی (٣٠٧–٣٢١). یان پێی دەوترێ كاری زیانبەخش وەك لە مەدەنیی كوێتی[5] مادەكانی (٢٢٧–٢٦١) و ئوردنی[6] (٢٥٦–٢٩٢). یاسا عەرەبییە نوێكان بە سەرچاوەی پابەندییان داناوە لەنێو پێنج سەرچاوەكەیدا[7].

یاساناسان[8] ئەم بابەتەیان لە بابی بەرپرسیارێتیی كەمتەرخەمیدا دیراسە كردوە، كە لە هەڵە (الخطأ) و زیان و پەیوەندیی هۆیی پێكدێ، هەروەك لە بابی بەرپرسیارێتیی عەقدیدا دیراسەی نەمانی هۆیان كردوە.

---

[1] بەشی سێیەم، كاری نارەوا.

[2] بەشی سێیەم، كاری نارەوا.

[3] بەشی سێیەم، كاری نارەوا.

[4] بابی سێیەم. زیانگەیاندن بە مافی كەسیتر و بەرپرسیارێتیی كەمتەرخەمی لێدەكەوێتەوە.

[5] بەشی سێیەم، كاری زیانبەخش.

[6] بەشی سێیەم، كاری زیانبەخش.

[7] كە بریتین لە: گرێبەند + ئیرادەی تاكانە + كارە نارەواكە + بەدەستهێنان بەبێ هۆ وەك لە مەدەنیی عێراقیدا، یان زەنگینبوون بەبێ هۆ وەك لە مەدەنیی میسریدا. دەربڕینی یەكەم لەوەی دووەم وردترە + یاسا. بەشێكی تایبەت بۆ دیراسەی هەریەكێكیان تەرخان كراوە.

[8] الاستاذ السنهوري، الوسيط ٨٣٩/١ الباب الثاني، العمل غير المشروع (المسؤولية التقصيرية). الاستاذ عبد المنعم فرج الصدة: مصادر الالتزام: ص٤٣٦ الباب الثالث، العمل غير المشروع (المسؤولية التقصيرية). الاستاذ أنور سلطان، النظرية العامة للالتزام ٧١٧/١ الباب الأول، العمل غير المشروع (المسؤولية التقصيرية).

ناونانی بە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی ناونانێکی مەجازییە لە شێوەی ناونانی بەش (الجزء) بەناوی هەموو (كل)ەوە، لەبەرئەوەی کاری ناڕەوا یان کاری زیانبەخش کە پێی دەوترێ هەڵە، رەگەزێکە لە رەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی.

لە واقیعدا ئەو کردارەی رەگەزێك لە رەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی دەبێ، پێویستە لە هەمان کاتدا زیانبەخش و ناڕەوایش بێ.

بەرپرسیارێتیش بریتییە لە لەئەستۆگرتنی ئۆباڵی تێکدانی ئەرکێکی یاسایی، جا ئەگەر ئەو ئەرکە بە یاسای سزاکان دیاری کرابێ دەبێتە جینائی ئەگینا مەدەنییە[1].

بەرپرسیارێتیی مەدەنی یان ئەوەتا گرێبەندانە واتە عەقدییە، کە بریتییە لە تێکدانی پابەندییەکی گرێبەندانە (تێکدانی ئەرکێکی یاسایی تایبەت)، یان کەمتەرخەمییە کە بریتییە لە تێکدانی پابەندیەکی گشتی (تێکدانی ئەرکێکی یاسایی گشتی). ئەگەرچی یاساناسان بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمییان بە بەشێك لە بەرپرسیارێتیی مەدەنی داناوە، بەڵام دەشێ لە یەك رووداودا هەم جینائی و هەم مەدەنیش بێ، وەك دەستدرێژیکردنە سەر ماڵ و سامان لە هەندێ حاڵەتدا، وەك دزی و زەوتکردن و ناپاکیکردن لە ئەمانەت و بەدەستهێنانی ناڕەوا و ئەو جۆرە شتانە[2].

ئەمە لەکاتێکدا بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی ساف مەدەنییە ئەگەر رەگەزی خەڵەتاندنی تاوانکارانە، یان گزیکردنی بەئەنقەستی بەمەبەستی زیانگەیاندن بە کەسیتری تێ نەکەوتبێ.

---

[1] الاستاذ مرقس، أصول الالتزامات.

[2] لە: مصادر الحق ـی مامۆستا سەنهوری ١/٥٢-٥٣دا هاتووە: (دەستەبەر (الضمان) دوو جۆرە، دەستەبەری عەقد کە ئەمە بەرپرسیارێتیی عەقدییە، لەگەڵ دەستەبەری کردەوە کە ئەمە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمییە سەبارەت بە ماڵ. دەستەبەری کردەوە تەنها لەو تاوانانەدا دەبێ کە لەسەر ماڵ دەکرێن وەك دزی و چەتەیی (قطع الطريق)، یەکەمیان پەیوەندی بە نەفسەوە هەیە کە ئەویش برین (قطع)ە، ئەویتریان بە ماڵەوە و ئەویش دەستەبەرە).

لـەم روانگـەوە، بەسـوودی دەبیـنم یەکـەم جـار بـەراوردێکی کـورت لـەنێوان بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنیدا بکـەم، پاشـان بـەکورتی قسـە لەسـەر نـاکۆکیی یاساناسان سەبارەت بە یەکبوون و دووبوونی بەرپرسیارێتیی مەدەنی بکەین.

## بەراورد لەنێوان هەردوو بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنیدا[1]

ئەم دوانە ئەگەرچی لـەوەدا کۆکن کـە هەریەکـەیان تێکدانی ئـەرکێکی یاسـایی گشتی یان تایبەتە، لە چەند شتێکی جەوهەریدا جیاوازن، لەوانە:

١- **لەرووی بناغەوە:** بناغەی بەرپرسیارێتیی مـەدەنیی هەڵـەی مەدەنییـە، بـەڵام بناغەی بەرپرسیارێتیی جینائی هەڵەی جینائییە.

٢- **لەرووی جوڵاندنی سکاڵا (دەعوا)وە:** لە مەدەنیدا تەنها خاوەن مافی تایبەت یان جێگرەکەی دەیجوڵێنێ، بەڵام لە جینائیدا تاوان دەرهەق کراو یان جێگرەکـەی یان وەرەسەکەی یان هـەر کـەس نوێنەرلیـەتییان بکـا، یـان جێگری داواکـاری گشتی، ئەمە لە یاسادا، لە شەریعەتی ئیسلامیشـدا هـەموو بـاڵق و ژیرێـك بـۆی هەیـە، لەبەرئـەوەی ئـەم جوڵاندنـە دەچـێتە خانـەی فـەرمان بـە چـاکە و قەدەغەکردنی خراپە[2].

٣- **دەعوای سـزایی بـە کەسـی داوالەسـەرکراوەوە پەیوەسـتە،** لەبەرئـەوە بـە لەدەسـتدانی شـیان یـان مردنـی ئـەو کەسـە، لەسـەری لادەکـەوێ، لەکاتێکـدا

---

[1] الاستاذ السنهوري، الوسيط ٨٤٣/١ و پاشتر.
الاستاذ حشمت أبو ستيت، نظرية الالتزام والقانون المدني الجديد ٣٧٢/١ و پاشتر.
الاستاذ حجازي ٤١٦/١ و پاشتر.
الاستاذ مرقس، الوافي في شرح القانون المدني ٢/٥ و پاشتر.
الاستاذ أنور سلطان، سەرچاوەی پێشوو ٤٥٦/١ و پاشتر.
الاستاذ عبدالمنعم فرج الصدة، مصادر الالتزام: ص٤٢٨ و پاشتر.

[2] خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ﴾ آل عمران:١٠٤.

دەعوای مەدەنی بەئەستۆی دارایی دلوالەسەرکراوەوە پەیوەستە، لەبەرئەوە نە بە مردن و نە بەلەدەستدانی شیان لاناکەوێ، بەڵکو لە باری مردنیدا بە میراتەکەیەوە دەبەسترێتەوە.

٤- **لەرووی پسپۆڕییەوە:** دەعوای جینائی دادگە جینائیەکان تەماشای دەکەن، بەڵام دەعوای مەدەنی لە پسپۆڕیی دادگە مەدەنیەکانە مەگەر لە کردەوەیەکی تاوانکارانە کەوتبێتەوە، وەك لە تاوانی دزی و زەوتکردن و ئەو جۆرانەوە[٣].

٥- **رەگەزی زیان** روکنێکە لە سێ روکنەکەی بەرپرسیارێتیی مەدەنی (هەڵە و زیان و پەیوەندیی هۆیی)، لەکاتێکدا لەوانەیە بەرپرسیارێتیی جینائی بەبێ بوونی زیانێکی بەرپا بەدیبێ، وەك رێکەوتنی تاوانکارانە بەر لە ئەنجامدانی ئەو تاوانەی رێکەوتنی لەبارەوە کراوە، هەروەها وەك لەلابوونی چەك بەبێ مۆڵەت لە یاسادا، هەروەها وەك ئیرەیی (حەسودی) لە شەریعەتی ئیسلامیدا.

٦- کارە تاوانکاریەکان لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا دیاری کراون، ئەویش بەگوێرەی رێسای (لا جريمة ولا عقوبة إلا بنصّ) (واتە: نە تاوان و نە سزا بەبێ دەق نابێ)، بەپێچەوانەی کارە زیانبەخشە نامەشروعەکان لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا، کە لە ژمارە نایەن.

٧- لە تاوانە قەسدیەکاندا نیازی تاوانکردن (واتە قەسدی جینائی) روکنێکی مەعنەوییە، بەڵام لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا داواکراو نیە، هەرکەس کارێکی

---

[٣] لەم جۆرە حاڵەتەدا قازی جینائی بۆی هەیە لە هەردوو رووی مەدەنی و جینائیەوە تەماشای کێشەکە بکا، ئەویش لە روانگەی دلوایەکی پەیوەندارەوە، هەروەك قازیی مەدەنی بۆی هەیە تەنها لەلایەنە مەدەنیەکەوە تەماشای بکا. دادگەی هەڵوەشانەوەی میسری بڕیاریدا قازیی مەدەنی هەمیشە دەتوانێ جەخت لەوە بکا کە زیانەکە تەنها لە کردەوەی تۆمەتبار کەوتۆتەوە.

نقض مدني ٤/ديسمبر/١٩٨٠، مجموعة أحكام النقض ٢١ أحكام النقض ٢٨-١٧٣٨-٢٩٨ نقلا عن الاستاذ مرقس الوافي ٢/١٠.

زیانبەخشی ناڕەوا بکا، پێویستە قەرەبوو بداتەوە با مەبەستیشی زیانگەیاندن بە کەسیتر نەبووبێ.

٨- لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا پێشوەخت سزا لەرووی لای خوار و لای سەر یان هەردووسەرەوە دیاری کراوە، بەپێچەوانەی قەرەبووکردنەوەی مەدەنی، کە بە حوکمێکی قەزایی یان رێکەوتنێکی رەزامەندانە نەبێ نابێ، لەرووی بەگوێرەی چەندایەتیی زیانەکەوە دەگۆڕێ.

٩- سوای جینائی بە یاسا نەبێ دیاری ناکرێ، بەپێچەوانەوەی مەدەنی، کە وەك چۆن بە یاسا دیاری دەکرێ، بە حوکمێکی قەزایی یان رێکەوتنێکی رەزامەندانەیش دیاری دەکرێ.

١٠- مەبەست لە سزای جینائی سڵەماندنەوەیە (الردع) یان چاوترساندن و چاکسازییە، لەکاتێکدا مەبەست لە سزای مەدەنی پڕکردنەوە (جبر)ی ئەو زیانەیە رووی داوە.

١١- لەرووی شیانەوە لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا، پێویستە تاوانکار بۆ بەرپرسیارێتیی تەواو، شیان تەولو (کامل الاهلیة) و بۆ بەرپرسیارێتیی سووککراویش شیان ناتەولو بێ، بەپێچەوانەی بەرپرسیارێتیی مەدەنی، کە لە فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان، تەنها بوونی شیانی فامکردن بەسە، لە فیقهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان تەنها بوونی شیانی تەواوی واجبوون مەرجە و کەسی بێفام لەرێی وەلیەکەیەوە لەسەر ئەو زیانانەی بە کەسانیتری گەیاندوە لێی دەپرسرێتەوە.

١٢- لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا حساب بۆ هەڵەی گریمانەکراو (الخطأ المفترض) ناکرێ، ئەویش لە روانگەی بنەمای کەسیبوونی سزاوە[1] ، بەپێچەوانەی بەرپرسیارێتیی مەدەنی کە لەوانەیە حسابی بۆ بکرێ، وەك بەرپرسیارێتیی

---

[1] لە شەریعەتی ئیسلامیدا ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ الأنعام: ١٦٤، هەیە.

شوێنکەوتوو (المتبوع) لەو زیانانەی لە دەستی شوێنکەوتە (تابع)ەکەی دەقەومێن، هەروەها بەرپرسیارێتیی مرۆڤ لە زیانی ئەو شتانەی هی ئەون.

١٣- لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا ئەو مافەی دەستدرێژی کراوەتەسەر بەزۆری لە مافە تایبەتەکان دەبێ، بەڵام لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا بەزۆری مافێکی گشتییە، یان مافێکی هاوبەشە و لایەنی گشتی تێیدا زاڵە[1].

١٤- لەڕووی کۆنبوونەوە (التقادم)، ئەو دەعوا (سکاڵا)ی قەرەبووەی لە کارێکی ناڕەوا دەکەوێتەوە، بە تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەی زیانمەند بە ڕوودانی زیانەکە و کەسی بەرپرس لە کارەکەی زانیوە، بەسەردەچێ و دەکەوێ، لە هەموو بارەکانیشدا بە تێپەڕبوونی (١٥) ساڵ بەسەر ڕۆژی ڕوودانی کارە ناڕەواکەدا دەکەوێ، بەپێچەوانەی سکاڵای جینائی، کە ئەگەر ئەو سکاڵایە زادەی تاوانێک بێ و سکاڵا جینائیەکەیش نەکەوتبێ، ئەوا سکاڵای قەرەبووکردنەوەکە بە کەوتنی سکاڵا جینائیەکە نەبێ، ناکەوێ[2].

## دوانە و یەکبوونی بەرپرسیارێتیی مەدەنی:

جمهوری یاساناسان بەرپرسیارێتیی مەدەنییان بۆ عەقدی و کەمتەرخەمی دابەش کردوە و گوتویانە: بەرپرسیارێتی عەقدی دەبێ ئەگەر بەهۆی تێکدانی عەقدکار بۆ پابەندیەکەی لە عەقدەکەدا پەیدا بوو، هەروەها کەمتەرخەمی (تقصیری)ش دەبێ ئەگەر بەهۆی تێکدانی ئەرکێکی یاسایی گشتیەوە بوو، ئەویش پابەندکردنی هەموو مرۆڤێکە بەگوێرەی یاسا کە بەبێ پاساوێکی یاسایی زیان بە کەسیتر نەگەیەنێ، کە ئەوە بە (دوانەبوونی بەرپرسیارێتیی مەدەنی) دەناسرێ، لەکاتێکدا هەندێ،

---

[1] وەك لە تاوانی دزیدا، کە لە یەك کاتدا دەستدرێژییە بۆ سەر مافی گشتی و مافی تایبەت.

[2] مادەی (١٧٢)ی مەدەنیی میسری.

لەپێشیانەوە مامۆستا بلانیول[3]، بۆ ئەوە چوون کە بەرپرسیارێتی یەکە و لە بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمیدا کورتیان کردۆتەوە.

**بەڵگەی لایەنگرانی دوانەبوون (الازدواج)[4]**

لایەنگرانی دوانەبوون و دابەشکردن بۆ عەقدی و کەمتەرخەمی، چەند بەڵگەیەك دێننەوە، لەوانە:

١- **لەڕووی چییەتیەوە**، بەرپرسیارێتیی عەقدی لەئەستۆگرتنی ئەنجامی تێکدانی پابەندیەکی گرێبەندکارانەی تایبەتە، لەکاتێکدا بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی لەئەستۆگرتنی ئەنجامی تێکدانی پابەندیەکی یاساییە (پابەندبوون بە زیان نەگەیاندن بە هەموو خەڵك).

٢- **لەڕووی رادەی قەرەبووکردنەوەوە**، لە عەقدیدا قەرزار تەنها بە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە ماددییە راستەوخۆیە پابەند دەکرێ کە لەکاتی ئیمزاکردنی عەقدەکەدا چاوەڕوان دەکرێ، لەکاتێکدا لە کەمتەرخەمیدا سەبارەت بە زیان بەرەهایی لێی دەپرسرێتەوە جا راستەوخۆ بێ یان نا، ماددی بێ یان مەعنەوی، چاوەڕوان کراو بێ یان چاوەڕوان نەکراو.

٣- **لەڕووی شیانەوە**، لە بەرپرسیارێتیی عەقدیدا بوونی ئەهلیەتی عەقدکردن مەرجە، بەڵام لە کەمتەرخەمیدا، بەگوێرەی فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان تەنها ئەهلیەتی فامکردن (التمييز) مەرجە، لە فیقهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەیش لەژێر کاریگەریدان بوونی ئەهلیەتی تەواوی واجبوون پێش و پاش فامکردن مەرجە.

---

[3] الاستاذ الدكتور حسن النئون: المبسوط في المسؤولية المدنية [1] الضرر: ص٦٥.

[4] الاستاذ الدكتور حسن النئون: سەرچاوەی پێشوو: ل٦١ و پاشتر.

الاستاذ حشمت أبو ستيت: نظرية الالتزام في المدني الجديد ٢٧٧/١ و پاشتر.

الاستاذ عبد المنعم فرج الصدة: مصادر الالتزام: ص٤٣٢ و پاشتر.

الاستاذ أنور سلطان: سەرچاوەی پێشوو ٤٦٠/١ و پاشتر.

٤- **لەڕووی سەلماندنەوە**، لە بەرپرسیارێتیی عەقدیدا ئەرکی سەلماندنی جێبەجێکردنی پابەندی لە ئەستۆی قەرزار دەبێ، لەبەرئەوەی دانەوەی قەرز لە سیفەتە سەرهەڵدلوەکانە و ئەسڵ تێیدا نەبوونە[1]. بەڵام لە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیدا سەلماندنی کردارە زیانبەخشەکە لەسەر ئەو کەسە دەبێ کە ئیدیعای دەکا، لەبەرئەوەی ئەسڵ ئەستۆپاکییە. لە بەرپرسیارێتیی گرێبەندکارانەدا قەرزدەر لە سەلماندنی هەڵەی قەرزار دەبەخشرێ، بەپێچەوانەی کەمتەرخەمی کە پێویستە قەرزدەری زیانلێکەوتوو هەڵەبوونی قەرزار بسەلمێنێ[2].

٥- **لەڕووی هاوکارییەوە** (التضامن)، لە بەرپرسیارێتیی عەقدیدا هاوکاری لەنێوان قەرزاراندا نیە مەگەر بە دەقێکی یاسایی[3] یان رێکەوتنێکی رەزامەندانە، بەڵام لە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیدا بەپێچەوانەوە هاوکاری لەنێوان بەرپرساندا هەیە، جا چ هەموویان راستەوخۆ کارە زیانبەخشەکەیان ئەنجام دابێ، یان هەندێکیان بەڕاستەوخۆ و هەندێکیتریان بە بوونە هۆ بووبێ.

٦- **لەڕووی ئاگەدارکردنەوەوە**، لە بەرپرسیارێتیی عەقدیدا قەرزدەر شایستەی قەرەبووکردنەوە نابێ ئەگەر قەرزارەکەی ئاگەدار نەکردبێتەوە، مەگەر یاسا شتێکیتری جیاواز لەمەی بریار دابێ[4]. بەپێچەوانەی لە بەرپرسیارێتیی کەمتەخەمی، لەبەرئەوەی تەسەور ناکرێ شایستەبوونی قەرەبووکردنەوە

---

[1] مجلة الاحكام العدلية المادة (٩).

[2] شیکردنەوەی ئەم جیاوازییە ئەوەیە هەڵەی کەمتەرخەمیکردن بەبێ پەیوەندیی پێشتر لەنێوان زیانلێکەوتوو و ئەنجامدەری کارە زانبەخشە نامەشروعەکەدا پەیدا دەبێ، بۆیە پێویستە ئەوەی دەڵێ زیانم پێ گەیشتوە هەڵەکە بسەلمێنێ. بەڵا هەڵەی گرێبەندکارانە (تەعاقودی) دەکرێ گریمانە بکرێ.. الاستاذ حجازي: سەرچاوەی پێشوو ٤١٨/١.

[3] م٣٢٠ لە مەدەنیی عێراقی.

[4] مەدەنیی میسري م٢١٨، عێراقی م٢٥٦ و٨٧٠ی مەدەنیی عێراقی. هەندێ حاڵەت هەن پێویست بە ئاگەدارکردنەوە (ئیعزار) ناکا وەك لە مادەی ٢٥٨ی مەدەنیی عێراقیدا.

ببەستریتەوە بە رووداني پێشوەخت ئاگەدارکردنەوە. بۆ نموونە تەسەور ناکرێ تاوان دەرهەق کراو لە رووداوێکی هاتوچۆدا، بۆ شایستەبوونی ئەو زیانەی لێی کەوتوە، بستریتەوە بەوەی دەبێ بەر لە رووداوەکە شۆفێرەکەی ئاگەدار کردبێتەوە کە ئەرکی یاسا جێبەجێ بکات و بە رێبوارانادا نەکێشێ[1].

٧- **لەرووی ماوەی کۆنبوونەوە** (التقادم)، لە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیدا دەعوا بە تێپەڕبوونی سێ ساڵ لە رۆژی زانینی زیانلێکەوتوو بە زیانەکە و بکەرەکەی، بەسەردەچێ، لەکاتێکدا دەعوای عەقدی تەنها بە کۆنبوونی درێژخایەن بەسەردەچێ و دەکەوێ[2].

٨- بنچینەی بەرپرسیارێتیی گرێبەندانە بیرۆکەی پابەندبوونی تایبەتی پێشووە، لەکاتێکدا لە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیدا بیرۆکەی پابەندبوونی تایبەتی نیە تا کردارە زیانبەخشەکە روونەدا[3].

ئەوەی مامۆستا بلانیول، کە لە لایەنگرانی یەکبوونی بەرپرسیارێتییە، بۆی چووە[4]، کە هەردوو بەرپرسیارێتیەکە لەوەدا هاوبەشن کە هەردووکیان لە تێکدانی پابەندیەکی پێشوو دەکەونەوە، قسەیەکە ورد نیە، لەبەرئەوەی لە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیدا پابەندیی پێشوو گشتییە، یەکێك لە دوو لایەنەکەی قەومێنەری زیانەکەیە و ئەویتریان هەموو خەڵکە، نەك لەنێوان زیانلێدەر و زیانلێدراودا بێ.

٩- **لەرووی پێشوەخت رێکەوتنەوە لەسەر لێخۆشبوون.** لە بەرپرسیارێتیی عەقدیدا ئەم رێکەوتنە دروستە بکرێ ئەگەر گزی یان هەڵەیەکی گەورە لەلایەن قەرزارەوە نەکرابێ، لەکاتێکدا لە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیدا ئەم رێکەوتنە

---

[1] الاستاذ حجازي ١/٤١٨.

[2] مەدەنیی عێراقی.م٢٣٢.

[3] الاستاذ حجازي، سەرچاوەی پێشوو ١/٤٢٠.

[4] الاستاذ الدکتور حسن الذنون، سەرچاوەی پێشوو: ص٦٥.

دروست نیە، لەبەرئەوەی رێساکانی ئەم بەرپرسیارێتییە لە سیستمی گشتین و ناکرێ رێکەوتن لەسەر سەرپێچییان بکرێ، بەپێچەوانەی بەرپرسیارێتیی گرێبەندانە (التعاقدي)، کە دەکرێ قەرزار لە هەر بەرپرسیارێتیەك ببەخشرێ کە لە جێبەجێنەکردنی پابەندییە گرێبەندکارانەکەی کەوتۆتەوە، ئەگەر لە گزی[٥] یان هەڵەیەکی گەورەوە[٦] پەیدا نەبووبوو.

١٠- **لەڕووی ئەو یاسایەی پێویستە جێبەجێ بکرێ.** لە بەرپرسیارێتیی عەقدیدا یاسای زێدی هاوبەشە (قانون الموطن المشترك) ئەگەر هەبوو، ئەگەریش زێد جیاواز بوو کار بە یاسای ئەو دەوڵەتە دەکرێ کە عەقدەکەی تێدا کراوە، ئەمە ئەگەر هەردوو گرێبەندوان رێك نەکەون یان لە بارودۆخەکە ئەوە دەرنەکەوێ کە دەویستری یاسایەکیتر پیادە بکرێ، ئەگینا کار بە یاسای ئەو وڵاتەی گرێبەندەکەی تێدا کراوە دەکرێ. بەڵام لە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیدا کار بە یاسای ئەو وڵاتە دەکرێ کە کارە زیانبەخشە نامەشروعەکە تێیدا رووی داوە[١].

هەندێ جیاوازیتر هەن کە نە بواری باسکردنیان و نە سوود لە خستنەڕوویاندا هەیە، ئەم جیاکردنەوەیە لەنێوان هەردوو جۆرەکەدا بە پەسەندکراوی مایەوە، تا کۆمەڵێ لە شەرحکارانی یاسا هاتن و دژ بەم جیاکردنەوە و دابەشکردنە وەستان و گوتیان: بەرپرسیارێتیی مەدەنی یەکێکە، ئەویش بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمییە، زۆریەی بەڵگەکانی ئەوانەی باوەڕیان بە یەکبوونی بەرپرسیارێتی هەیە، کە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمییە ، بریتین لە بەرپەرچدانەوەی ئەو بەڵگانەی لایەنگرانی دوانەبوون کە باس کران[٢]، لەبەرئەوە لەپێناو خۆلادان لە درێژدادڕیی بێزارکەر

---

[٥] الاستاذ حجازي، سەرچاوەی پێشوو .

[٦] مەدەنیی میسری م٢١٧.

[١] هەردوو مادەی (٢٥ و٢٧)ی یاسای مەدەنیی عێراقی.

[٢] بۆ زیاتر بڕوانە:

الاستاذ الدكتور حسن الذنون، المبسوط ١/٥٩-٧١.

←

باسکردنیانم پشتگوێ خست، ئەمە جگە لەوەی ناکۆکیەکی نەزۆك و نامەنتیقییە، لەبەرئەوەی هەردوو ئاراستەکە (ئاراستەی دوانە و ئاراستەی یەکبوون) لە بۆچوونەکەیاندا بەشێوەیەکی رەها راست و هەڵەن، بەچاوپۆشین لە بەهێزی و لاوازیی بەڵگە، یاخود قبولکردن یان رەتکردنەوەی بۆ ئەم روونکردنەوەیەی خوارەوە:

**هەر زاراوەیەکی یاسایی یان نایاسایی کاتێ بۆ دوو بەش یان زیاتر دابەش دەکرێ ئەم رێسا لۆژیکیانەی خوارەوەی بەسەردا جێبەجێ دەبن:**

**یەکەم- لەڕووی رێژەوە:**

١- هەموو دابەشکراوێك بەڕەهایی لە بەشەکانی گشتیترە، لەبەرئەوەی بەجیا لە بەشەکانیتر، لەگەڵ هەر بەشێك کۆدەبێتەوە.

٢- هەر بەشێك بەڕەهایی لە دابەشکار (مقسم)ەکەی تایبەتترە، لەبەرئەوەی بەبێ ئەو تەسەوری بەدیهاتنی ناکرێ، تاوان بەڕەهایی لە کوشتنی بەئەنقەستی دەستدرێژی گشتیترە، لەبەرئەوەی هەموو تاوانێك کوشتن نیە، کوشتن بەڕەهایی لە تاوان تایبەتترە، لەبەرئەوەی لە حاڵەتێکدا بەئەنقەست و دەستدرێژی بێ، بەبێ ئەو بەدینایەت.

٣- رێژە لە نێوان بەشەکاندا جیاواز دەبێ[1]، ناکرێ تاوانێك بەهەمان حەیسیەت کوشتن یان دزی بێ، لەبەرئەوەی هەر جۆرێ لە جۆرەکانی تاوان جگە لە روکنە هاوبەشەکان روکنی تایبەتی خۆی هەیە.

**دووەم- لەڕووی راستەقینە و ئیعتیبارەوە:**

هەر دابەشکردنێکی زاراوەکان یان راستەقینەیە یان ئیعتیبارییە:

١- دابەشکردنی راستەقینە: ئەوەیە بەشەکان لە زەینی مرۆڤدا بەپێی چەمك و لە دەرەوەی زەین بەپێی بەدیهاتن جیاوازییان هەبێ، وەك دابەشکردنی ژمارە بۆ

---

والاستاذ حجازي ١/٤١٦.

[1] (تباین) لەنێوان دوو شتدا ئەوەیە ئەوەی بۆ یەکێکیان راستە بۆ ئەویتریان راست نەبێ لە تاکەکان، وەك تاوانباری ئیدانەکراو و بێتاوان.

تاك و جووت، دابەشكردنی گۆشە بۆ تیژ و كراوە و وەستاو، ئەم بەشانە لە زەین و دەرەوەی زەینی مرۆڤدا لەڕووی چەمك و لەڕووی بەدیهاتنەوەجیاوازن، ژمارەیەك نیە هەم تاك و هەم جووت بێ، گۆشەیەك نیە هەم تیژ و هەم كراوە بێ و بەو شێوەیە.

٢- دابەشكردنی ئیعتیباری: ئەوەیە بەشەكان بەپێی چەمك لە زەینی مرۆڤدا جیاواز بن، بەلام لە رووی بەدیهاتنەوە لە دەرەوەی زەین جیاواز نین، وەك بەرپرسیاریتیی جینائی و مەدەنی كە بەپێی چەمك و ماهیەت جیاوازن، بەلام لە رووداوێكدا كۆدەبنەوە، وەك لە تاوانەكانی دەستدرێژیكردنە سەر ماڵ و سامان. هەروەها وەك بەرپرسیاریتیی عەقدی و كەمتەرخەمی، كە بەپێی ماهیەت جیاوازن، بەلام بەپێی بەدیهاتن لە رووداوێكدا كۆدەبنەوە، وەك ئەوەی بەكرێدەر بەر لە تەواوبوونی ماوەی گرێبەندەكەیان كرێچییەكەی بەزەبری هێز دەربكا، جا كرێچییەكە سكالاّ دژی بەكرێدەرەكە بەرز بكاتەوە و داوای قەرەبوو بكا لەسەر بناغەی بێبەشكردنی لە سوودبینین لە ماڵە بەكرێگیراوەكە، ئەم سكالاّیە لە یەك كات و لە یەك رووداوی دیاریكراودا لەسەر بناغەی بەرپرسیاریتیی عەقدی و بەرپرسیاریتیی كەمتەرخەمی دامەزراوە بەهۆی ئەو دەستدرێژیەی بەكرێدەر كردویەتی[1]، هەربۆیە هەردوو بەرپرسیاریتیەكە بەپێی بەدیهاتن كۆبوونەتەوە ئەگەرچی بەپێی چەمك لە زەینی مرۆڤدا جیاوازن.

لەم روانگەوە دابەشكردنی بەرپرسیاریتیی یاسایی بۆ جینائی و مەدەنی دابەشكردنێكی ئیعتیبارییە، هەروەها دابەشكردنی نێوان بەرپرسیاریتیی عەقدی و كەمتەرخەمیش بەهەمان شێوە.

لایەنگرانی دوانەبوون ئەگەر بیانەوێ بەرپرسیاریتیی مەدەنی بە دابەشكردنێكی ئیعتیباری بۆ عەقدی و كەمتەرخەمی دابەش بكەن، ئەوا پێكاویانە و لایەنگرانی

---

[1] لەبارەی پیادەكردنەكانی كۆكردنەوە لەنێوان بەرپرسیاریتیی عەقدی و كەمتەرخەمیدا، بڕوانە: الاستاذ حجازي، سەرچاوەی پێشوو ٤٣١/١ و پاشتر، والاستاذ مرقس، الوافي ٦٩/٢ و پاشتر.

یەکبوون هەڵەن، بەڵام ئەگەر بیانەوێ بەشێوەیەکی راستەقینە دابەشی بکەن ئەوە هەڵەن و نەیارانیان پێکاویانە.

لە روانگەی ئەم شیکردنەوە لۆژیکیەوە، جیاوازیەکە شکڵی (لەفزی)یە، ناکۆکییە لەفزیەکانیش نەزۆکن و هیچ بەروبومێکیان نابێ، هەربۆیە سەرقاڵبوونی مێشک پێیانەوە بێهوودەیی و بەفیڕۆدانی تەمەنە.

ئەوە روونە هۆ سەرەکیەکانی دەستەبەری (الضمان) سیانن[1]، کە بریتین لە: گرێبەند + دەست لەسەردانان (لەلابوون) + لەنابردن (الاتلاف).

هەروەها کاری ناڕەوا (زیانبەخش) کە یاسا و فیقهی یاسایی لەژێر ناونیشانی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیدا باسیان کردوە، بابەتێکی فراوانە و پیادە (پراکتیک)کردنی زۆر و بێ شوماری هەیە، لەبەرئەوە لەم بەشەدا تەنها باسی دیارترین جۆری ئەو کارە زیانبەخشانە دەکەین کە لە ژیانی کرداریدا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دووبارە دەبنەوە، ئەویش زەوتکردنە (الغصب). وەك پاشتر دەبینین، ئەم زاراوە یاسایی و فیقهییە پێناسەی هەمەجۆری هەیە، لەنێوان پێناسەیەکی بەرین کە شەرعزانانی شافیعی پەسەندیان کردوە + پێناسەیەکی بەرتەسك کە ئەبوحەنیفە و ئەبو یوسفی هاوەڵی پەسەندیان کردوە، لەگەڵ پێناسەیەك لە ناوەڕاستدا، کە رای جمهوری شەرعزانانە.

---

[1] قواعد ابن رجب (عبد الرحمن بن رجب) الحنبلي: ص٢١٨ القاعدة (٨٩). د.إبراهيم الدسوقي، المسؤولية المدنية بين التقييد والاطلاق: ص١٥٢.

# باسی یەکەم:
# زەوتکردن: چییەتی و ڕەگەزەکانی

لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بەسەر دوو خواستدا دابەش دەبێ:
یەکەمیان تەرخان دەکرێ بۆ پێناسەکانی زەوتکردن.
دووەمیشیان بۆ ڕەگەزەکانی.

## خواستی یەکەم:
## پێناسەکانی زەوتکردن

**یاسا مەدەنییە عەرەبییە نوێکان -ئەوەندەی من بزانم- قسەیان لەسەر بابەتی زەوتکردن (الغصب) نەکردوە جگە لە یاسای مەدەنیی عێراقی[1] مادەکانی (١٩٢-٢٠١) و مەدەنیی ئوردنی[2] مادەکانی (٢٧٩-٢٨٧) و یەمەنی[3] مادەکانی (١١٢٦-١١٦٠). هەروەها جگە لە مەدەنیی یەمەنی، هیچ یاسایەکیان پێناسەی زەوتکردنیان نەکردوە، کە لە مادەی (١١٢٦)دا دەڵێ زەوتکردن: (بریتییە لە دەستگرتن بەسەر ماڵ یان مافی کەسیتردا بەدەستدرێژی و بەبێ هۆیەکی شەرعی). ئەم پێناسەیە ئەو تێبینیەی لەسەر کە زیادە (حەشو)ی تێدایە، لەبەرئەوەی قەیدی (بەدەستدرێژی) بەسە و ئیتر (بەبێ هۆیەکی شەرعی) زیادە.**

---

[1] ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١.
[2] ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧٦ لەژێر ناونیشانی: الغصب والتعدي.
[3] ژمارە (١٩)ی ساڵی ١٩٩٢.

پاشان چارەسەر و حوکمەکانی ئەم سێ یاسایە بۆ رەگەزەکانی زەوتکردن ناتەواون، هەروەها شەرعزانانی جیهانی عەرەبی دیراسەکردنی ئەم بابەتە مەترسیدارەیان پشتگوێ خستوە، کە لە گرنگترین بابەتە مەدەنی و جینائیەکانە و چەندین بەرگ شیکردنەوەی لەسەر نووسراوە. دیارە زەوتکردن هەردوو سیفەتی (مەدەنی و جینائی) کۆدەکاتەوە.

پێناسەیەکی یاسایی شەرعزانانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیم بۆ روونکردنەوەی چییەتی (ماهیەت)ە زەوتکردن نەدیوە. رەحمەتی عەللامە سەنهوری دەقاودەق[1] ئەوەی بەغدادی[2] گوتویێتی بەبێ سەرنج یان دەستکاریکردن هێناوە، هەروەها خۆی لە قەرەی روونکردنەوەی رەگەز و حوکمەکانی زەوتکردن نەداوە، گوایە ئەوە کاری فیقهی ئیسلامییە و لەکاتی پێویستدا قازی رەوانەی ئەوێ دەکرێ.

دکتۆر سلێمان مرقس[3] دەڵێ: (شەرعزانان کۆدەنگ لەسەر ئەوەی یەکێك لە هۆکانی زەمان (گەرەنتی) ئەوەیە مرۆڤ شتێك کە موڵکی یەکێکیترە زەوت بکات و شتەکە لەژێر دەستیدا بفەوتێ). پاشان دەڵێ: (محەمەد "واتە هاوەڵی ئەبوحەنیفە" لە بەپێویستدانانی زەمانکردندا تەنها لادانی دەستی خاوەن موڵکەکەی بەپێویست زانیوە بەبێ ئەوەی پێویست بە جێگیرکردنی دەستە زۆردارەکە بکا، شافیعی ئەمەی دولیی پێ بەس بووە نەك یەکەم، مالیك و ئەحمەدیش بەهەمان شێوە، باقیی ئیمامەکان هەردوو شتەکەیان بە مەرج داناوە). پاشان لە پەراوێزدا ئامارەی بۆ مامۆستا مەحمود شەلتوت (شێخی پێشووی ئەزهەر) کردوە لە راپۆرتەکەیدا لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی یاسای بەراوردکاری لە لاهای ساڵی ١٩٣٧، لا٦٦.

---

[1] لە کتێبی: مصادر الحق في الفقه الاسلامي ١/٥٤.

[2] العلامة ابو محمد غانم بن محمد البغدادي، لە کتێبی: مجمع الضمانات: ص١١٧.

[3] لە کتێبی: الوافي في شرح القانون المدني–٢– في الالتزامات المجلد الثاني: ص١٠٠.

بـەڵام مامۆسـتا مـرقس، لەگـەڵ ڕێزمـان بـۆ پێگـە زانسـتیەکەی، لـە مەبەسـتی شەرعزانان لە ماهیەتی زەوتکـردن تێنەگەیشـتوە، لەبەرئـەوەی قسـەکەی بەشـێکی هەڵەیە و بەشێکیشی شپرزە و شێخ شەلتوت لەم قسە ناواقیعییە دوور بووە.

مامۆستای بەڕێز دکتۆر حسن الذنون (خوا تەمەنی درێـژ بکـا) شـەرحێکی تێـر و تەواوی[1] بۆ مادەکانی یاسای مەدەنی لە تۆ خواستدا کردوە، کە هـەر خواسـتێکیان تـەرخان کـراوە بـۆ شـەرحکردنی مادەیـەك لـەو مادانـە بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ، لەوەیشـدا پشـتی بـە ئیجتیهـادە شـەخیە قووڵـەکانی خـۆی و سەرچـاوە فیقهییـە باوەڕپێکراوەکـانی فیقهـی ئیسـلامی بەسـتوە، بـەبێ خۆبەسـتنەوە بـە مـەزهەبێکی دیاریکراو، ئەویش پاش خستنەڕووی ئەو پێناسانەی هەندێ لە شەرعزانانی حەنەفی و شافیعی و مالیکی و ئیمامی بۆ زەوتکردنیان کردوە.

منیش لای خۆمەوە هەوڵ دەدەم لە هەر مەزهەبێکی تۆمارکراوی فیقهی ئیسلامی پێناسـەیەکی بـاوی بخەمـە ڕوو، دوای ئـەوەی ئـەوەیان زاڵ (تـەرجیح) دەکـەم کـە بەلامەوە لەوانیتر لە دادپەروەری نزیکترە و زیاتر لەگەڵ ئەم سـەردەمەدا دەگـونجێ کە تێیدا نەزعەی مـاددیی مـرۆڤ بەسـەر نەزعـە ڕۆحـی و مەعنەویەکەیدا زاڵ بـووە، بەشێوەیەك وای لێهاتوە حەڵاڵ ئەوە بێ کە سووك و ئاسانە بۆ مرۆڤ.

جگە لەمە، زۆر وێنەی زەوتکردنی ماڵی خەڵك سەریان هەڵداوە و زۆر ڕێگەی فرت و فێڵ بۆ دەستگرتن بەسەر مافی کەسانیتردا بەبێ پاساوێکی شـەرعی یـان یاسـایی بوونەتە باو، بەشێوەیەك زەوتکردن تەنها ئەو ڕووداو و پیادەکردنەی لـە رابـردوو لـە سـەردەمی مەزهەبەکانـدا بـاو بـوون، یـان ناوچـە و هـەرێم ناوخۆییـەکان بەتـەنها، ناگرێتـەوە، بـەڵکو زەوتکردنـی زەویـی دەوڵـەتانی دواکـەوتوو لەلایـەن دەوڵـەتانی پێشکەوتوو لە بواری تەکنەلۆژیای نوێدا بووەتە دیاردەیـەکی شارسـتانی و خەریکـە داگیرکردن و زەوتکردنی سەروەریی گەلانی بندەست لەلایەن زلدەوڵەتانەوە دەبێتـە

[1] لە کتێبی: المبسوط في المسؤولية المدنيـة الجـزء الثـاني– الخطـأ، مطبعـة العـزة، ٢٠٠١: ص٣٦٤– ٣٦٦.

عـورفێکی نێودەوڵـەتی، جـارێ بـەناوی قەڵاچـۆکردنی تـیرۆر و جـارێکیتر بـەناوی پاراستنی مافە نەتەوەییەکانەوە، لـەژێر سایەی میسـاقی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و بەبەرچـاو و گـوێی جیهـانی ئیسـلامیەوە دەوڵـەتی زایـۆنی لـە زەوتکردنـی خـاکی فەلەستینی بەردەوامە.

ئـەوەی لـە ژیـانی ڕۆژانـەی ئـابوری و سیاسـی و ئـەو دەسـتدرێژییە دووبارانـەی دەکرێنە سەر مافی مرۆڤ ورد بێتەوە، دەبینێ پیادەکردنەکانی زەوتکردن لە هەردوو بواری نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا، لەڕووی مەترسیدارییەوە بۆ سەر ژیانی تاك و کۆمەڵ، زۆر لەو بەرگانە زیاترە کە یاسا لەبارەیەوە نووسیونی.

خۆ ئەگەر بۆ رابردووی دوور و نزیك لە عێراق بگەڕێینەوە، دەبینین لە سەردەمی خیلافەتی عوسمانیدا سیسـتمی دزێـوی چـینایەتی بـاو بـووە و خەلیفـە رێگـەی بـە دەستڕۆیشتوانی وڵات دەدا لەبەرانبەر پاڵپشتیکردنیان لە کورسیی سوڵتان، دەسـت بەسەر سەدان دۆنم زەویی عێراقدا بگرن. هـەمان کسـم لـە سـەردەمی پاشایەتیشـدا بەردەوام بوو، بەم شێوەیە سیستمی دزێو و ناقۆڵای چینایەتی لەنێو رۆڵەکانی گـەلی عێراقدا پەیدا بوو.

لە ماوەی (٣٥) ساڵی تەمـەنی رژێمـی کۆمـاریی رابـردوودا، هـەزاران دۆنم زەویـی دەوڵەت و زەویی خەڵکی هەژار بەسەر گەورە بەرپرساندا دابـەش کـران، دواجـاریش هەزاران هاوڵاتیی عێراقییان بەبیانووی شوێنکەوتەیی (التبعیـة) راگواسـت و کۆچـیان پێ کـردن بـۆ ئێـران و دەوڵـەتانیتر و دەسـتیان بەسـەر مـاڵ و سـامانە گـوێزراوە و نەگوێزراوەکانیاندا گرت. سەرەڕای ئەمە، یاساکان لـە چارەسـەرکردنی ئـەم کـردارە زیانبەخش و مەترسیدارە لەسەر تاك و کۆمەڵگە بێدەنگ بوون، لەبەرئەوەی دەوڵەت خۆی پێشەنگی زەوتکارانە.

## چییەتیی زەوتکردن:

### فیقهی حەنەفی[1]:

لەم دوو فیقهەدا دوو ئاراستە لـە دیاریکردنی چـییەتی (ماهیـەت)ی زەوتکردنـدا هـەن، ئاراسـتەی ئەبوحەنیفـە و ئەبویوسـفی هـاوەڵی، لەگـەڵ ئاراسـتەی محەمـەد ئەلشەیبانی، کە ئەویش هەر هاوەڵیەتی.

پێناسەی لای ئاراستەی یەکەم: (اخذ مال متقوم محترم بلا اذن ممن له الاذن على وجه يزيل يده بفعل في العين). (واتە: بردنی[2] ماڵێکی[3] (بەردەست و بەکەڵك) (واتـە متقوم)ی[4] رێزگیراوە[5] بەبێ مۆڵـەتی ئـەوەی مۆڵـەتی بەدەسـتە[6] بەشـێوەیەك بـە کردەوەیەك دەستی لەسەر ماڵەکە لاببا[7]).

ئاراستەی دووەمیش هەمان پێناسەی هەیە، جگە لە قەیدەکەی کۆتایی.

---

[1] البدائع للكاساني ٩/٤٤٠٣، تبيين الحقائق للزيلعي ٢٢٢/٥
تكملة فتح القدير ٣١٩/٩ الهداية شرح بداية المبتدئ ١١/٤
الدر المختار مع الرد المحتار شرح تنوير الابصار، الاختيار لتعليل المختار لابي الفضل الموصلي ٨٣/٣ . مجمع الضمانات للبغدادي: ص١١٧.

[2] حاڵەتی رێگرتن لە خاوەن موڵك لـە مومارەسـەکردنی دەسـەڵاتەکانی بەسـەر موڵکەکەیدا بـەبێ ئەوەی لێی ببرێ، لەمە چووەتە دەر.

[3] ئەوەی ماڵ نیە وەك مافی تایبەتمەندی، وەك سەگی بەسوود و پەینی ئاژەڵ و ئەو شتانە، لەمـە چووەتە دەر.

[4] ئەوەی متقوم نیە وەك مەی و مردارەوە بوو، لەمە چووەتە دەر.

[5] ئەوەی رێزگیرلو (محترم) نیە لێی دەرکراوە، واتـە ئـەوەی شـەرع و یاسـا نایپـارێزن، وەك مـاڵی جەنگاوەر لەکاتی شەڕدا و هەموو ئـەو کەرەسـتە و ئازوقانـەی دەسـتیان بەسـەردا دەگـیرێ، هەرچی ماڵی هاوڵاتیانی سەر بەدەوڵەتە شەڕکەرەکەیە، وەك ماڵی کەسانیتر حەرامە.

[6] لە جۆری خواستن (الاعارة)، لەمە چووەتە دەر.

[7] ئەوەی لێ دەرچوە کە زەوتکار گواستنەوە و گۆڕینی تێدا ناکا لـەلای لـێ زەوتکـراوەوە بـۆ لای زەوتکار.

ئەم پێناسەیە ئەم تێبینیانەی لەسەرە:

١- زەوتکردن بەبێ ئەم سێ توخمە نایەتەدی:

أ- لابردنی دەستە هەقدارەکە (دەستی لێ زەوتکراو یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکا).

ب- سەلماندنی دەستە ناهەقدارەکە (المبطلة).

ج- کردەی زەوتکارەکە لە ماڵە زەوتکراوەکەدا بە گواستنەوە و گۆڕین (التحويل).

٢- دانانی خانوبەرە بە بابەتی زەوتکردن، لەبەرئەوەی ناکرێ گواستنەوە و گۆڕینیان تێدا بکرێ.

٣- رێگرتن لە خاوەن موڵك بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی بەسەر موڵکەکەیدا بە زەوتکردن دانەناوە، لەبەر بەدینەهاتنی ئەو رەگەزانەی باس کران.

٤- دەستگرتن بەسەر ئەوەی پێی دەوترێ تایبەتمەندی (الاختصاص) -وەك سەگی بەسوود- بە زەوتکردن.

٥- ناتەواویی قەیدی بەزۆرەملێ (قهرا) لە پێناسەکەدا.

٦- دانەنانی سوودەکان (المنافع) بە بابەتی زەوتکردن، بەلای حەنەفیەوە دەستگرتن بەسەر سوودی ماڵی کەسیتردا بەزۆر بە زەوتکردن دانانرێ، ئەو کەسەی چەندین ساڵ لە خانووی کەسیتردا نیشتەجێ بێ و سوود لە تێدا مانەوەی ببینێ، نە دەبێتە زەوتکەری ماڵەکە و نە سوودەکەی و ناشبێتە دەستەبەری مەگەر خانووەکە لە دەستیدا بفەوتێ، هەروەك داوای لێ ناکرێ کرێی هاوشێوە بۆ مانەوە لە خانووە زەوتکراوەکەدا بدا، ئەمەیش لەگەڵ دادپەروەری و رۆحی شەریعەتی ئیسلامیدا لێك دەدا.

بنچینەی ئەم ئیجتیهادە حەنەفیەیش دەستگرتنە بەو ئاراستە فەلسەفیەی[1] دەڵێ ئەو شتانەی لە گەردووندا هەن، یان کرۆك (جوهر)ن یان نیمەن (عرض)، جەوهەر هەر شتێکە لەسەر پێی خۆی بوەستێ، بەڵام عەرەز ئەوەیە بوونی بە غەیری خۆیەوەبەستراوە، بۆ نموونە کاغەز ئەو مادەیەی لێی پێکهاتوە جەوهەرەکەیەتی، بەڵام رەنگەکەی جا سپی یان رەنگێکیتر ئەوە عەرەزە، عەرەز بە نوێبوونەوەی زەمان نوێ دەبێتەوە، عەرەزی ئەم ساتە لە عەرەزی ساتی پێشتر یان داهاتوو جیایە. حەنەفیەت دەڵێ سوودی شتەکان وەك رەنگەکانی شتەکانە بە نوێبوونەوەی زەمان نوێ دەبنەوە، سوودی پێش زەوتکردن لە سوودی پاش ئەوە جیایە ، بۆیە رێسای: لابردنی دەستی هەقدار و جێگیرکردنی دەستی ناهەقدار (ازالة الید المحقة واثبات الید المبطلة)ی بەسەردا ناچەسپێ. جگە لەمە، بەلای ئەوانەوە سوودەکان ماڵ نین، کە پێناسەی ماڵیان کردوە بەوەی: (ما یمیل الیه طبع الانسان ویمکن ادخاره الی وقت الحاجة منقولا کان او غیر منقول) (واتە: ئەوەیە سروشتی مرۆڤ مەیلی بۆی هەیە و دەکرێ بۆ کاتی پێ پێویست پاشەکەوت بکرێ جا گوێزراوە بێ یان نەگوێزراوە)[2]. پاشان قەرەبووکردنەوە یان بە هاوچەشن دەبێ یان بە بەها، هاوچەشن و بەهایش لە بەشەکانی ماڵن، مادام سوودەکان ماڵ نین، کەواتە نە هاوچەشنن نە بەهایی[3].

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی جەوهەر و عەرەز بڕوانە: (المواقف)ی عەللامە عضد الدین وشرحە للسید شریف الجرجاني ٢١٣/١ و پاشتر.

[2] مجلة الاحکام ا لعدلیة المادة (١٢٦).

[3] هەروەها حەدیسی (الخراج بالضمان) یان بەبەڵگە هێناوەتەوە، واتە (الغنم بالغرم)، ئەم بەڵگەیەیش بەوە رەت دەکرێتەوە کە حەدیسەکە تایبەتە بە حاڵەتەکانی بۆگێڕانەوەی فرۆشراو لەبەر عەیبە شاراوەکانی، لەم حاڵەتانەدا داهات (الغلة) و سوودەکان بەر لە هەڵوەشاندنەوەی عەقدەکە مولکی ئەون و فرۆشیار بۆی نیە داوای گێڕانەوەیان بکا، لەبەرئەوەی ئەگەر فرۆشراوەکە بەر لە هەڵوەشاندنەوە بفەوتایە لەکیسی ئەو دەچوو.

**هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچوونە :**

ئـەم بۆچـوونەی حەنەفیـەت، لەگـەڵ ڕێـز بـۆ پێگـە فیقهـی و پەرەسـەندنی فیقهەکەیان، ئەگەر بە فیقهی ئەوانیتر بەراورد بکرێ، بۆچوونێکە لە مانای (سـوود)دا ورد نیە، کە بریتییە لەو وزە شاراوەیەی لە شتدایە و بە تێپەڕینی کات بەکار دەبرێ، جـا چ بـە بـەکارهێنان بـێ یـان فەرامۆشـکردن، چـونکە سـوودی هـەر شـتێك وزە شاراوەکەیەتی. ئـەوان سـوود(المنفعە) و سـوودبینین (الانتفاع)یـان تێکـەڵ کـردوە، ئەوەی بە نوێبوونەوەی زەمانە نوێ دەبێتەوە سوودبینینە نەك سوود.

ئـەوەی سـەیرە شـەرعزانەکانیتریش ملیـان بـەو بیرۆکەیـەی حەنەفیـەکان داوە (بیرۆکەی نوێبوونەوەی سوود بە نوێبوونەوەی زەمانە)، بەڵام گوتویانە ماڵێکە قابیل بە مامەڵە پێوەکردن و بەموڵککردنە بەگوێرەی ماڵ (عین)ە بەسوودەکە، بۆ نموونـە سوودی عەینی بەکرێدراو دەبێتـە شـوێن (محـل)ی گرێبەنـدی بەکرێـدان بـەگوێرەی عەینەکەی، کە پێی دەوترێ (الرقبة).

موجتەهیدانی پاشینی حەنەفی هەستیان بە نادادپەروەربوونی ئەم ئاراستەیە کرد کە پێی وایە سوودەکان زامن ناکرێن و قابیل بە زەوتکردن نـین، لەبەرئـەوە هەنـدێ حاڵـەتیان لـەم ئەسـڵەیان هـەڵاوێر کـردوە ئـەویش ئەوەیـە: ئەگـەر خانوبەرەکـە بەمەبەستی قۆستنەوە (الاستغلال) وەرگیرا وەك ئەو کەسەی خانوویەك دروست بکا یان بیکرێ بەمەبەستی بەکرێدان و سـوودبینین لـە خێـر (واتـە داهات)ەکـەی، یـان خانوبەرەکە وەقف یان ماڵی منداڵێك بوو[1].

---

[1] مجلة الأحكام العدلية م٥٩٦.

**فیقهی مالیکی[1]:**

لـەم فیقهـەدا پێناسـەی بـاو بـۆ زەوتکـردن بریتییـە لـە بردنـی ماڵێـك بـەزۆر و دەستدرێژی بەبێ چەتەیی (الحرابة). ئیبن عەرەفە –کە لە شەرعزانانی مەزهەبەکەیە– پێناسەی کردوە بەوەی: (اخذ[2] مال[3] غیر منفعة[4] ظلما[5] قهرا[6] لا خوف قتـال[7]). (واتە: بردنی ماڵی کەسیترە بۆ سوودوەرگرتن بەستەم و بەزۆر نەك لە ترسی شەڕ).

شەرعزانانی مالیکی بەستەم دەستگرتن بەسەر سوودیان بە قەهر (دەستدرێژی) ناو بردوە.

حـەتتاب دەڵـێ[8]:شـەرعزانان –واتـە شـەرعزانانی مـالیکی– زەوتکـردن و دەستدرێژی–یان لە چەند روویەکەوە لێك جیا کردۆتەوە، لەوانە:

---

(1) مختصر خليل وشرحه مواهب الجليل للحطاب (محمد بن محمد بن عبد الرحمن) طبعة بيروت دار الكتب العلمية ٣٠٧/٧.
الشرح الصغير لسيدي احمد الدردير مع حاشية احمد الصاوي المعروف بـ(بلغة السالك لاقرب المسالك) ١٩٣/٢.
الشرح الكبير للدردير مع حاشية الدسوقي ٤٤٢/٣.
شرح الخرشي على مختصر سيدي خليل ١٣٩/٦.

(2) ڕێگرتنی ستەمکارێك لە کەسێك لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی (رەفتارپێوەکردن و سوود لێبینین و قۆستنەوە) لە موڵکەکەی، لێ دەرکراوە.

(3) تایبەتمەندی (الاختصاص) لە شتە بەسوودەکان وەك سەگی بەسوود و پەینی ئاژەڵ، لێ دەرکراوە.

(4) دەستگرتن بەسەر سوودی ماڵی کەسیتری لێ دەرکراوە، لەبەرئەوەی ئەوە بەلای ئەوانەوە پێی دەوترێ دەستدرێژی نەك زەوتکردن.

(5) ئەوەی لێ دەرکاوە کە بەهەق وەردەگیرێ وەك بەزۆر وەرگرتنەوەی قەرز لە قەرزاری قەرزکوێر.

(6) دزی لێ دەرکراوە لەبەرئەوەی دزی بردنی ماڵی کەسیترە بەستەم لە شوێنێکی پارێزراودا بە پەنامەکی.

(7) بردنی ماڵ لەلایەن چەتەی رێبڕەوە بەزەبری هێزی لێ دەرکراوە، لەبەرئەوەی ئەمە تاوانێکە حەددی لەسەرە، بەڵام زەوتکردن تاوانێکە تەمێکردنی لەسەرە (واتە تەعزیرییە).

(8) مواهب الجليل في شرح مختصر خليل المرجع السابق ٣٠٧/٧.

أ- زەوتکەر زامنی کاڵاکەیە لە رۆژی زەوتکردنەکەدا، واتە ئەو رۆژەی بە دەستدرێژی دەستی لەسەر دادەنێ، دەستدرێژکاریش رۆژی دەستدرێژییەکەیە.

ب- زەوتکەر زامنی خراپی (نوقسانی)ی کەم دەکا، دەستدرێژکار زامنی زۆر نەبێ نایکا.

ج- بەلای مالیکەوە پێویستە دەستدرێژکار لە هەموو بارێکدا کرێ (کراء)ی ئەوە بدات کە دەستدرێژ کرێتە سەر، بەڵام گوتویەتی زەوتکەر ئەوەی لەسەر نیە.

بەبڕوای لەخۆبووردوانەی ئێمە، دانەنانی دەستدرێژیکردنە سەر سوود بەتەنها، بەزەوتکردن لەلایەن فیقهی مالیکیەوە، لەسەر ئەوە دامەزراوە مەرجی ئەو فیقهە بۆ زەوتکردن ئەوەیە مەبەست تێیدا بەستەم و ملهوڕانە بۆ خۆبردنی ماڵەکە بێ.

دیارە لە حاڵەتی دەستگرتن تەنها بەسەر سوودەکەدا، بەزۆری ئەو مەبەستە لەئارادا نابێ، بۆ نموونە هەرکەس ماڵی کەسیتر بەبێ ئیزنی خۆی ببا، با بەئاشکرا یان بەزۆریش بێ تا پێویستیی خۆی پێ جێبەجێ بکات و پاشان بۆی بگێڕێتەوە، لەبەردەم خوادا بە گوناهبار و لەبەردەم خاوەنەکەیدا بە زامنی سوودەکە دادەنرێ، لە بارێکیشدا ماڵەکە هەمووی یان هەندێکی فەوتا، خاوەنەکەی مافی کرێی هاوچەشن و قەرەبووکردنەوەی دەکەوێ، سەرباری ئەوەیش بە زەوتکەر (غاصب) دانانرێ، لەبەرئەوەی بەلای ئەوان و باقی شەرعزانەکانیترەوە زەوتکردن تاوانێکە سزایەکی تەمێکارانەی بۆ دانراوە، ئەمە جگە لە پێویستیی گێڕانەوەی زەوتکراوەکە بۆ خاوەنەکەی ئەگەر مابوو، یان بەدەلی زەوتکراوەکە ئەگەر نەمابوو، لەبەرئەوەی زەوتکردن هەردوو بەرپرسیارێتیی مەدەنی و جینائی پێکەوە واجب دەکا.

لە حاڵەتی دەستدرێژیکردنە سەر سوودەکە بەتەنها، بەرپرسیارێتیی مەدەنی پەیدا دەبێ، نەك ئەو بەرپرسیارێتییە جینائیەی سەرجەم شەرعزانان لەبارەی زەوتکردنەوە گوتویانە، لەوانە مالیکی[1].

---

[1] لە: مختصر خليل وشرح الخرشي ٦/١٣٠دا هاتوە: (وادب مميز، یانی ئەگەر زەوتکەر بەفام بوو بە ئیجتیهادی حاکم لەبەر مافی خوا واجبە تەمێ و بەند بکرێ، پاش لێسەندنەوەی ئەوەی ←

**فیقهی شافیعی:**

پێناسەکەی شافیعی بۆ زەوتکردن بە وردترین و هەمەگیرترین و دادپەروەرانەترین و نزیکترین دادەنرێ لە پاراستنی مافە دارایییەکانی خەڵکدا، کە تێیدا ماڵ بە یەکێك لە پێنج زەروریاتەکە لە ئیسلامدا دێتە ژماردن[1]. پێناسەیان کردوە[2] بەوەی: (الاستیلاء علی حق الغیر بدون حق). (واتە: دەستگرتنە[3] بەسەر مافی کەسیتردا[4]، بەناهەق[5]).

لـە جیاکـەرەوەکانی ئـەم پێناسـەیە ئەوەیـە زۆر کـاری زیانبەخشـی نـارەوا دەگرێتەوە، لەوانە:

١- نەدانەوەی ئەوەی کەوتۆتە دەستی، بەبێ بردنی[6].

---

زەوتی کردوە).

بڕوانـە: مواهـب الجليـل للحطـاب ٣٠٨/٧ . دەسـتەواژەی (تـەمێ دەکـرێ) مەبەسـت ئەوەیـە سزایەکی تەمێکارانە بدرێ، کە سزایەکە دەسەڵاتی یاسادانانی زەمەنی دیاری دەکا.

وتعبير (يؤدب) عند فقهاء الشريعة يقصد به انه يعاقب عقوبة تعزيرية وهي عقوبة تحددها السلطة التشريعية الزمنية.

[1] بەرژەوەندییە زەروورەکان (یان مەرامە زەروریەکان) لە ئیسلامدا پێنجن، ئەوانیش پاراستنی ئـاین و نەفس و ناموس و ماڵ و عەقڵن.

[2] منهاج النووي (الشيخ محي الدين) بشرح تحفة المحتاج لابـن حجـر (شـهاب الـدين بـن احمـد) مـع حاشيتي الشرواني وابن قاسم العبادي ٢/٦، قليوبي وعميرة على شرح العلامة جلال الدين المحلـى ٢٦/٣، اعانة الطالبين للعلامة الشيخ محمد الدمياطي ١٣٦/٣.

[3] شروانی لەسەر (تحفة المحتـاج) ٢/٦ دەڵـێ: دەستبەسـەرداگرتن بـا بـەحوکمیش بـێ. شـێخمان دەڵێ ئەم مانا شەرعییە لە مانا زمانەوانیەکە گشتیترە: (بردنی شتێکە بەسـتەم)، لەبەرئـەوەی دەستبەسـەرداگرتن لـە بـردن گشـتیترە. ئـیبن حەجـەر دەڵـێ: لـە دەستبەسـەرداگرتندا دەگەڕێنەوە بۆ عورف.

[4] ابـن حجـر لـە (تحفـة المحتـاج ٢/٦) دا دەڵـێ: ولـو خمـرا وكلبـا محترمـين وسـائر الحقـوق والاختصاصات كحق محتجر وكاقامة من قعد بسوق لو مسجد لا يزعج منه والجلوس محله.

[5] دەست بەسەرداگرتن بە مافی خواستن (الاعاره) و ئەو جۆرە شتانەی لێ دەرکراوە.

[6] لە: المهذب ٣٧٥/١دا هاتووە: (ئەگـەر بـا جلـی مرۆڤـی خسـتە ماڵەکـەی لەسـەریەتی بیپـارێزێ، لەبەرئەوەی ئەمانەتێکە کەوتۆتە ژێر دەستی و پێویستە بیپارێزێ، وەك شـتی دۆزراوە، ئەگـەر خاوەنەکەی ناسی پێویستە ئاگەداری بکا، ئەگەر نەیکا زامنیەتی، لەبەرئەوەی مـاڵی کەسـیتری ←

٢- دەستگرتن بەسەر ئەو شتەدا کە ماڵ نیە وەك سەگی بەسوود و پەینی ئاژەڵ و هیتر لەوانەی پێیان دەوترێ تایبەت (الاختصاص)، دەستگرتن بەسەریاندا بە دەستدرێژی زەوتکردنە[1].

٣- بەناهەقی ڕێگریکردن لەوەی مرۆڤ ڕەفتار بە موڵکەکەیەوە بکا، دەگرێتەوە.

٤- بردنی ماڵی کەسیتر بە شەرم (حەیا) بە زەوتکردن دادەنرێ[2].

٥- سوودەکان بابەتی زەوتکردنن -وەك چۆن ماڵەکانیش بابەتین- لەبەرئەوەی لە مافەکانن، سوودەکانی زەوتکراو زەوتکراون[3].

٦- ئەحکامی زەوتکردن لە فیقهی شافیعیدا بەسەر دزی و حیرابە (ڕێگری یاخود چەتەیی) و لرفدان (الاختلاس) و ناپاکیکردن لە ئەمانەتدا دەچەسپن[1].

---

بەبێ ڕەزامەندیی خۆی و بەبێ ناساندن بەدەستەوە گرتوە، بۆیە وەك زەوتکەری لێهاتووە).

[1] هەروەها تێیدا هاتووە ٢٧٤/١: (ئەگەر سەگێکی زەوت کرد کە سوودی هەبوو پێویستە بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، لەبەرئەوەی دروست نیە هەبێ بەمەبستی سوودلێبینینی، بۆیە پێویستە بیگێڕێتەوە).

نمیاتی لە سەرچاوەی پێشوو ١٣٦/٣ وەك سەرنج لەسەر دەستەواژەی (الحق) لەباتیی (المال) دەڵێ: (لەبەرئەوەی سەگ و بەراز و پاشماوەی ئاژەڵ (السرجين) و پێستی مردوو و ئارەقی زیمی و باقیی ئیختیساساتەکان بە ماڵ دانانێ).

[2] نمیاتی لە سەرچاوەی پێشوو ١٣٧/٣ دەڵێ: (غەزالی دەڵێ هەرکەس لەناو کۆڕێکی خەڵکدا ماڵێك داوا لە کەسیتر بکا، ئەویش لە شەرما بیداتێ نابێتە خاوەنی و بۆی حەڵاڵ نیە ڕەفتاری پێوە بکا و وەك خواردنی ماڵی خەڵکە بەناڕەوا).

[3] لە سەرچاوەی پێشوو ١٣٦/٣دا هاتووە: (زەوتکردن دەستگرتنە بەسەر مافی کەسیتردا با سوودبینینیش بێ، وەك دانیشتن لەسەر ڕایەخی کەسیتر با نەشیگوێزێتەوە). هەروەها لە: تحفة المحتاج سەرچاوەی پێشوو ٥/٦ دا هاتووە: (ئەگەر سواری وڵاخی کەسیتر بوو بەبێ ئیزنی خۆی، یان لەسەر ڕایەخێك دانیشت کە قەرینەی حاڵ ئاماژەی بەوە نەدەدا دانیشتن لەسەری موباحە، ئەوا زەوتکەرە با نەشیگوێستبێتەوە، لەبەرئەوەی ئامانجی زەوتکردن رووی داوە). هەروەها لە ٧/٦دا هاتووە: (ئەگەر چووە ماڵەکەی و بێزاری کرد زەوتکەرە، ئەگەر لەسەر ماڵەکەی بەیدەستی کرد، واتە ڕێگەی لێ گرت ڕەفتار بە ماڵەکەی خۆیەوە بکا و نەچووە ناوی، زەوتکەرە، با مەبەستیشی دەست بەسەرداگرتنی نەبووبێ).

٧- زەوتکـردن وەك چـۆن لـە گوێزراوەکانـدا هەیـە لـە خانوبەرەیشـدا هەیـە، لەبەرئەوەی زەوتکردن پێویستی بـە گواسـتنەوە و گۆڕین نیـە، لەبەرئـەوەی هەموو مافی ماڵین.

**فیقهی شیعەی ئیمامی**[٢]:

شەرعزانانی شیعەی ئیمای دوو دەقیان لە پێناسەی زەوتکردندا هەیە:

یەکـەمیان (الاسـتقلال باثبـات اليـد علـى مـال الغيرعـدوانا). واتـە: سـەربەخۆ[٣] دەستدانانە[٤] لەسەر ماڵی[٥] کەسیتر[٦] بەدەستدرێژی[٧]، کە عاملی ئەمەی پەسـەند کردوە.

---

[١] لە: الباجوري ٢/١١ دا هاتووە: (ئەوە کە دەڵێ (عـدوانا) مەبەسـت ئەوەیـە بەسـتەم بـێ، پاشـان ئەگەر بەپەنامەکی بێ لە شوێنێکی پارێزراودا پێـی دەوتـرێ دزی، لـە بیابـانیش پێـی دەوتـرێ چەتەیی و پەلاماردان. ئەگەر پشتی بەهەڵاتن بەست پێی دەوترێ لرفـدان، ئەگـەر نکـوڵی لـەوە کـرد کـە وەك ئەمانـەت لای دانرابـوو پێـی دەوتـرێ ناپـاکی). واتـە ئـەم کـارە نامەشـروعە زیانبەخشانە ئەگەرچی ناوی تایبەت بەخۆیان هەیە، هەموویان دەچنە خانەی زەوتکردن.

[٢] الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية للعاملي ٢/٢٢٩. ايضاح الفوائد في شرح اشكالات القواعد للعلامة الشيخ ابي طالب محمد بن الحسن الحلي ٢/١٦٦.

[٣] الاسـتقلال: الاخـلال، بریتییـە لـە تـاکرەوی وەك لـە بـابی (الاسـتفعال)دا بـاوە، بۆیـە ئـەوەی سەربەخۆیی تێدا نیە کراوەتە دەر وەك دانانی دەستی لەسەر ئەو جلـەی لەبەریدایـە، کە پێـی ناوترێ زەوتکردن، هەروەها بەشداریکردنی دوو کـەس یـان زیـاتر لـە دانـانی دەسـت لەسـەری بەدەستدرێژی، بە زەوتکردن دانانرێ.

[٤] ئەوەی لێ دەرکراوە کە دەستی لەسەر دانانرێ، وەك رێگریکردنی لە ماڵەکەی تا دەفەوتێ.

[٥] ئەوەی لێ دەرکراوە کە ماڵ نیە وەك ئیختیساسەکان.

[٦] ئەوەی لە (کەسیتر) لێ دەرکراوە کە ئەگەر دەستی لەسەر ماڵی خۆی دانا بەدەسـتدرێژی، وەك دەستدانان لەسەر رەهنکراو لە دەستی رەهنگر و میراتگر لەسـەر میراتـی قـەرزرا واتـە ئـەوەی قەرزی قەرزدەرانی تێدایە. ئەوە زەوتکردن نیە ئەگەرچی گوناهبار و زەمانی لەسەر.

[٧] دەستدانانی رەهنگر و بەخێوکەر (وەلی) و بریکـار و بـەکرێگر و بخـواز لەسـەر مـاڵی رەهنکـار و بـەخێوکراو و بریکـاردار و بەکرێـدەر و پێـدەر، لـە دەسـتدرێژی کراونەتـە دەر. الروضـة البهيـة ٢/٢٢٩.

دووەم– (هو الاستيلاء على مال الغير بغير حق)، واتە: دەستگرتنە بەسەر ماڵی كەسیتردا بەناهەق[1]. ئەم پێناسەیەیان لە یەكەم گشتیترە و لە پێناسەكەی شافیعی نزیكترە.

**فیقهی شیعەی زەیدی[2]:**

شەرعزانانی شیعەی زەیدی لە پێناسەی دووەمی شیعی ئیمامی نزیك دەبنەوە و پێناسەیان كردوە بەوەی، دەستگرتنە بەسەر ماڵی كەسیتردا بەدەستدرێژی. بەڵام هەردوو فیقهی ناوبراو لە زەوتكردنی خانوبەرەدا جیاوازن[3]، بەلای ئیمامیەوە زەوتكردن لە گوێزراوە و خانوبەرەدا هەیە.

هەرچی شەرعزانانی زەیدین هەندێكیان لەگەڵ ئاراستەكەی ئەبوحەنیفە و ئەبویوسفدا هاوڕان لەوەی خانوبەرە (عەقار) نابێتە بابەتی زەوتكردن، هەندێكیشیان لەگەڵ جمهورن، بە ئیمامیشەوە.

---

[1] لە: ايضاح الفوائد ٢/١٦٦ للاصحاب (أي فقهاء الامامية) لە پێناسەی زەوتكردندا دوو دەربڕین هەیە:
أ– سەربەخۆ دەستدانان لەسەر ماڵی كەسیتر بەدەستدرێژی. ب– دەستگرتن بەسەر ماڵی كەسیتردا بە ناهەق.

[2] المنتزع المختار للعلامة ابي الحسن عبد الله بن مفتاح وشرحه المعروف بـ(شرح الازهار) للامام احمد بن يحيى المرتضى ٣/٥١٩.

[3] لە سەرچاوەی پێشوو ٣/٥٢٠دا هاتووە: (زەوتكرلو دوو جۆرە: یەكێكیان ئەوەیە دەگوێزرێتەوە و دەگۆڕدرێ، دووەم ئەوەیە ناگوێزرێتەوە. ئەگەر زەوتكرلو لەوانە بوو ناگوێزرێتەوە وەك موڵك (عەقارات) ئەوا زەوتكەر بە زەوتكردنەكە زامن ناكرێ، ئەویش قیاس لەسەر سەی یەحیا كە ئەویش قسەی ئەبو ح و ف، واتە ئەبوحەنیفەیە، هەروەها ئەبویوسف، م بنە گوتی: زەوتكردن (عەقارات) بە زەوتكردن زامن دەبێ ئەوەیش قسەی ش) ومحەمەد و حگە لە گوێزرلوە زامن ناكا ئەوە نەبێ لەژێر دەستیدا دەفەوتێ، ئەگەر كەسیتر فەوتاندی لای هادی زامنی ناكا و لای م بالله زامنی دەكا).

**فیقهی حەنبەلی:**

فیقهی حەنبەلی لە دیاریکردنی ماهیەتی زەوتکردندا لەگەڵ فیقهی ئیمامیدا کۆکە. ئیبن قودامە[1] پێناسەی کردوە بەوەی: (الاستیلاء علی مال غیر بغیر حق). واتە: دەستگرتنە بەسەر ماڵی کەسیتردا بەناهەق.

**فیقهی زاهیری:**

ئەم فیقهە نزیکترین فیقهە لە مەزەبی شافیعی، لەبەرئەوەی شافیعیەکان دەستەواژەی هەق (الحق)یان لەباتیی ماڵ (المال) بەکارهێناوە، زاهیریش وشەی شت (الشيء)یان لەباتیی (المال) بەکارهێناوە. ئەوە روونە کە (الشيء) لە (الحق) و (المال) گشتیترە. ئیبن حەزم دەڵێ: (الغصب هو اخذ الشيء بغیر حق)[2]واتە: زەوتکردن بردنی شتە بەناهەق). شتیش وەك هەق (ماف) شتە تایبەتەکان کە پێیان دەوترێ (ئیختیساسات) و مافە ماڵی و ناماڵیەکان دەگرێتەوە، وەك مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و خێزانیەکان، داگیرکردنی دەوڵەتێك بۆ دەوڵەتێکیتر زەوتکردنی سەروەریەتی، ئەمە جگە لە زەوتکردنی تەولوی یان بەشێکی داهاتەکانی، تۆرانی مێرد لە ژنەکەی لە سەرجێیکردن لەگەڵ ژنەکەی بەبێ عوزر زەوتکردنی مافی ژنەکەیە، بێبەشکردنی خەڵك لە ماف و ئازادیەکانیان لە سیستەمە دیکتاتۆریەکاندا زەوتکردنی ئەو ماف و ئازادیانەیە.

**ئەنجامگیری:**

پاش خستنەرووی پێناسەکانی زەوتکردن لە مەزەبە فیقهییە ئیسلامییە تۆمارکراوەکان کە لە جیهانی ئیسلامیدا کاریان پێ دەکرێ لەرووی بەراورد و زاڵکردن (ترجیح) و کارەوە، بەو ئەنجامە دەگەین کە باشترین پێناسە بۆ زەوتکردن تا کاری پێ بکرێ، پێناسەی شەرعزانانی شافیعییە، بەتایبەت لەم سەردەمە پێشکەوتووەدا،

---

[1] ابو محمد عبدالله بن احمد بن محمد بن قدامة المغني ٥/٢٣٨.

[2] المحلی ٨/١٣٥.

کە دەبینین زۆربەی مافەکانی گەلانی بندەست بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتانی زلهێز و پێشکەوتوو لە دنیای تەکنەلۆژیادا زەوت کراون.

بەڵام ئەگەرچی ئێمە پێناسە شافیعیەکە زاڵ (ترجیح) دەکەین، بەڵام دیراسەکردنی بەراوردکاریانەی نێوان مەزەبە فیقهی و یاساییەکان، دەخوازێ خۆ بە مەزەبێکی دیاریکراوەوە شەتەك نەدرێ، لەم روانگەوە هەوڵ دەدەم لە دوا بەشی ئەم توێژینەوەیەدا رەگەز و حوکمەکانی زەوتکردن بخەمە روو بەبێ خۆگرێدان بە مەزەبێکی دیاریکراوەوە.

# خواستی دووەم:
# ڕەگەزەکانی زەوتکردن

ڕەگەزەکانی هەموو زاراوەیەکی یاسایی یان شەرعی لە پێناسە و چییەتیەکەی وەردەگیرێن، لەبەرئەوەی ڕەگەزی هەموو شتێکی ماددی یان مەعنەوی، ئەوەیە ئەو شتەی لەسەر دەوەستێ، کە لە چەمکە زەینییەکان و بەشەکیەکاندا روکن و مەرجەکانە و لە شتە پێکهێنراوەکانی دەرەوەی زەینی مرۆڤدا مادە سەرەتاییەکان دەگرێتەوە، وەك ئەو مادە سەرەتاییانەی بۆ نموونە خانوو یان ئۆتۆمبێلیان لێ پێکدێ.

**ڕەگەزەکانی زەمانکردنی زەوتکردن سیانن[1]:**

١- واجبکار، کە ئەویش زەوتکردنە (یان کارە نامەشروعە زیانبەخشەکە).

٢- تێدا زەوتکراو (المغصوب فیه) کە شتە زەوتکراوەکەیە لە ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوە لە بابەتە ماڵیەکاندا، هەروەها ماف و پابەندیەکان لەبابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکاندا.

٣- واجب، ئەوەیە لەسەر زەوتکەر پێویستە و پابەند دەبێ بە ئەنجامدانی لە بۆگێڕانەوەی زەوتکراوەکە ئەگەر مابوو، ئەگینا پێویستە بەدەلێکی بداتەوە، لە هاوچەشنەکاندا چەشنی خۆی و لە بەهاییەکاندا بەهاکەی، ئەمە جگە لە قەرەبووەکانیتر ئەگەر پاساویان هەبوو. ئەمە ئەگەر زەوتکراوەکە ماڵێك بوو، ئەگەر مافێکی ناماڵیش بوو پێویستە زەوتکەرەکەی بیگێڕێتەوە دۆخی سروشتیی خۆی.

---

[1] مواهب الجلیل لشرح مختصر خلیل، للعلامة الحطاب ٧/٢٠٦ و پاشتر.

لەم پێناسانانەی رابردووی زەوتکردن دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە روکنەکانی چوارن و بریتین لە:

**١- زەوتکەر (الغاصب):** ئەو کەسەیە بەناهەق دەست بەسەر مافی کەسیتردا دەگرێ.

**٢- لێ زەوتکراو (المغصوب منه):** ئەو کەسەیە مافی زەوت کراوە جا ماڵ بێ یان شتیتر.

**٣- زەوتکراو (المغصوب):** ئەو شتەیە خاوەنەکەی لێ بێبەش کراوە، ئەویش لەلایەن کەسێکیترەوە جا سروشتی بێ یان مەعنەوی (حوکمی).

**٤- کردەی زەوتکردنەکە:** کە وەك روکنی مادیيە لە تاوانەکەدا.

هەریەك لەم چوار روکنەیش مەرجیان هەیە کە هەندێکیان هاوڕایی و هەندێکیان ناهاوڕاییان لەسەر هەیە، لەم خواستەدا بەشێوەیەکی دوور لە کورتبڕیی سەقەت یان درێژداریی بێزارکەر باسیان دەکەین.

**مەرجەکانی زەوتکەر:**

چەند مەرجێکی هەیە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- کەسێکی سروشتی بێ وەك مرۆڤێك مافی کەسیتر زەوت بکا، یان کەسێکی مەعنەوی بێ وەك دەوڵەتێك مافە دارایی و نادارایيەکانی دەوڵەتێکیتر، یان هی ئەو کەسانەی لەژێر دەسەڵاتیدان، زەوت بکا.

جا ئەگەر ئاژەڵێکی درندە یان بەریەستێکی سروشتی بوون بە رێگر لەبەردەم کەسێکدا تا سوود لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەسەر موڵکەکەیدا ببینێ، ئەو رێگرە نە لە زمان و نە لە زاراوەدا پێی ناوترێ زەوتکردن.

٢- لەڕووی بەرپرسیارێتیی جینائیەوە نەشیاو (عدیم الاهلیة) نەبێ، لەبەرئەوەی زەوتکردن جگە لە سیفەتە مەدەنیەکەی، تاوانێکە سزای تەمێکردنی هەیە، ئەو منداڵە نەشیاوەی لە منداڵێکیتری وەك خۆیەوە ماڵێك دەبا، لەڕووی مەدەنیەوە لێی دەپرسرێتەوە و ئەو حوکمانەی زەوتکردن کە بەسەر کەسێکی باڵقی

بەفامدا جێبەجێ دەکرێن ئەویش دەگرێتەوە، بەڵام لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، لەبەرئەوەی گچکەیی ڕێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی[1].

٣- لە لێ زەوتکراو بەهێزتر بێ چ وەك خۆی چ وەك پێگە. ئەو کەسەی لە ماڵێکدا نیشتەجێ بێ کە بەشێکە لە خانووی کەسێکیتر و بەبێ مۆڵەتی ئەو تێیدا نیشتەجێ بێ و بێدەنگ بێ، ئەگەر ئەو کەسە لە خاوەن خانوەکە بەهێزتر بوو بە زەوتکەر دادەنرێ، ئەگینا بە زەوتکەر دانانرێ، بەڵکو دەبێتە زامنی سوودەکانی ئەو ماڵەی تێیدا نیشتەجێ بووە.

٤- لە ئوسولێ واتە باوانی لێ زەوتکراو نەبێ وەك باوك و باپیر و دایك و داپیر و بۆ سەرەوەتریش[2]، ئەگینا دەستگرتنی ئوسولێ بەسەر ماڵی فەرع واتە وەچەکانیان لە منداڵ و منداڵی منداڵیان و بۆ خوارتریش، بە زەوتکردن دانانرێ، ئەویش لەبەرئەو حەدیسەی تێیدا پێغەمبەر(ﷺ) بە منداڵێکی هاوەڵەکانی گوت: (أنت ومالك لأبيك)[3]، خۆت و ئەوەی هەتە هی باوکتن. بە کۆکەرەوەی ئوسولیەت جگە لە باوکیش لەسەر باوك قیاس دەکرێ.

٥- قەرزی لەلای لێ زەوتکراو نەبێ کە قەرزکوێر بێ و بەبێ دەستگرتنی بەسەر هەندێ لە ماڵەکانی کە بەئەندازەی قەرزەکەی بێ یان کەمتر، نەتوانێ بەدەستی بێنێتەوە[4].

---

[1] لە: شرح الخرشي ١٣٠/٦دا هاتووە: زەوتکەر ئەگەر بەفام بوو ئەوا لەبەر مافی خوا پێویستە تەمێ بکرێ و پاش لێ وەرگرتنەوەی ئەوەی زەوتی کردوە بە ئیجتیهادی حاکم بەند دەکرێ، وەك چۆن لە زینایشدا بەمەبەستی چاککردن و راستکردنەوەی رەوشت تەمێ دەکرێ، با لێ زەوتکراویش بیبورێ، چونکە ئەوە مافی خوایە و بۆ ڕێگرتنە لە بڵاوبوونەوەی خراپە لەسەر زەویدا.

[2] تكملة فتح القدير للقاضي زاده ٣٦١/٧. الشرح الكبير للدردير ٤٤٢/٣.

[3] الحديث أخرجه ابن ماجه في سننه ٧٦٩/٢ (برقم ٢٢٩٢)، وابن حبان في صحيحه ١٤٢/٢ (برقم ٤١٠).

[4] هەندێ فیقوان کردویانەتە مەرج کە شتە بردوەکە لە جنسی قەرزەکە بێ. بەبڕوای ئێمە مادام لە هەموو بارەکاندا تەماشای بەها دارایییەکە دەکرێ، ئەم مەرجە پێویست نیە.

٦– دەستبەسەرداگرتنەکە بە کردەوەی ئەڕێنی ئەو بێ وەك بردن یان نەرێنی وەك ڕێگریکردن، یان بە کردەوەی فەرمانبەرێکی سەر بەو بێ یان ئەو کەسەی لەلایەن ئەوەوە بەسەختی زۆری لێکراوە (واتە: الاکراه الملجيء).

٧– هەندێ شەرعزان [1] مەرامیان کردۆتە مەرج، ئەوەی ماڵی کەسیتر بەبێ مۆڵەتی خۆی ببات بەبێ ئەوەی مەبەستی بێ بیکاتە هی خۆی، بە زەوتکەر ناژمێردرێ، بەڵام دەبێتە زامن، لەکاتێکدا شەرعزانانیتر [2] ئەو مەرجەیان دانەناوە.

٨– بەر لە گێڕانەوە یان تەلەفکردنی ماڵەکە، شتێکی وا لە لێ زەوتکراوەوە دەرنەچێ، کە بەڕاشکاوی یان بەئاماژە بەڵگە بێ لەسەر ئازادکردنی گەردنی زەوتکەر [3].

٩– ناچار نەبێ، لەبەر ئەوەی خوا دەفەرموێ ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْـمَ عَلَيْهِ﴾ [4].

١٠– بەزۆرلێکردنێکی سەخت (ملجيء) زۆری لێ نەکرابێ، لەبەرئەوەی زەوتکەر لەم حاڵەتەدا زۆرلێکەرە و زۆرلێکراو وەك ئامێرێکە و نە لەڕووی مەدەنی و نە لە ڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، بەڵکو بەرپرسیارێتیەکە ئاراستەی زۆرلێکەر

---

[1] شرح الازهار، سەرچاوەی پێشوو ٣/٥٢٠.

[2] ئەمە شایانی وەرگرتنە لەبەرئەوەی پێناسەی زەوتکردن بەسەریدا دەچەسپێ، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا پێویستە ئەم مەرامە هەبێ، وەك لە حاڵەتی هەڵگرتنەوەی شتێکی دۆزراوەدا، کە ئەگەر بەمەبەستی گەیاندنی بێ بە خاوەنی زەوتکردن نابێ، ئەگەر بەمەبەستی بۆخۆبردنیشی بێ بە زەوتکەر دادەنرێ.

[3] لە: المهذب ١/٣٧٤ دا هاتووە: ئەگەر شتێکی زەوت کرد و خاوەنەکەی لەلای زەوتکەرەکە کردیە رەهن زەوتکەرەکە ئەستۆی پاك نابێتەوە. موزنی دەڵێ پاك دەبێ لەبەرئەوەی مۆڵەتی هێشتنەوەی پێ داوە.

[4] سورة البقرة /١٧٣. ئەو کەسەی برسێتی هەڕەشەی مردنی لێدەکا بۆی دروستە بەزەبری هێز و زۆرلێکردن خواردن لە کەسیتر بسەنێ، بەڵام ئەگەر خاوەن ماڵەکە داوای قەرەبووی کرد پێویستە قەرەبووی بکاتەوە، لەبەرئەوەی زەرورەت ڕێگە بە ئەنجامدانی قەدەغەکراوەکان دەدات بەڵام موباحیان ناکا، ڕێسای (الضرورات تبيح المحظورات)یش بەو ڕەهاییە ڕاست نیە.

دەکرێ، بەپێچەوانەی مالیکی کە بەلای ئەوانەوە بەرپرسیارێتیی مەدەنی بەرۆکی هەردووکیان دەگرێ[1].

**مەرجەکانی لێ زەوتکراو:**

گرنگترین مەرجەکانی ئەمانەن:

١- خاوەنی ماڵەکە بێ بەتەواوی یان ناتەواوی، لە زەوتکردنی ماڵی بەکرێدراودا کە لەلای بەکرێگر بووە، لێ زەوتکراو بەنیسبەت گەردنی ماڵ (رقبة العین)ەوە بەکرێدەرە و بەنیسبەت سوودەکەیەوە بەکرێگرە، چونکە لە ماوەی گرێبەندی بەکرێدانەکەدا ئەو خاوەنیەتی، لەبەرئەوە لە بۆگێڕانەوەی زەوتکراودا زەوتکەر سەرپشك دەکرێ لەنێوان ئەوەی بۆ بەکرێدەر یان بەکرێگری بگێڕێتەوە.

٢- نە بەراشکاوی و نە بەناڕاستەوخۆ بە بردن و زەوتکردنەکە رازی نەبێ.

٣- لە لق و پۆپەکانی زەوتکەر نەبێ وەك لە مەرجەکانی زەوتکەردا باسمان کرد.

٤- دەست لە دەعوای گێڕانەوە بەرنەدا تا بەکۆنبوون بەسەر دەچێ.

٥- زەوتکەر لە پابەندبوون بە گێڕانەوەی زەوتکراو یان بەدەلەکەی نەبەخشێ.

٦- جەنگاوەر نەبێ، لەبەرئەوەی لە ئیسلامدا بردنی ماڵ لە جەنگاوەر لەکاتی شەڕدا، یان لە دەوڵەتی دەستدرێژکار واجبە، ئەگەر ئەو ماڵە لەباریدا بوو یارمەتی دوژمن بدا بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

بەڵام داگیرکردنی زەوی لەلایەن دەوڵەتی سەرکەوتووەوە زەوتکردنە و بەپێی شەرع و یاسا قەدەغەیە، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی هێز بەدەر لە حاڵەتی بەرگریی شەرعی دروست نیە، بەرگریی شەرعیش بە کۆتاهاتنی پرۆسەی دەستدرێژیەکە کۆتایی دێ.

---

[1] لە: شرح الخرشي ٦/١٣٢دا هاتووە: ئەوەی زۆر لە کەسێتر بکا بۆ تەلەفکردنی شتێك پێکەوە زەمانی دەکەن ئەمیان لەبەرئەوەی بووەتە هۆ و ئەویتریان لەبەرئەوەی راستەوخۆ کردویەتی. بەڵام لە: تنویر الأبصار وشرحه الدر المختار بحاشية ابن عابدين ٦/١٣٥دا هاتووە: (خاوەن ماڵە زۆرلێکەرەکە زەمانی کردوە لەبەرئەوەی زۆرلێکراو وەك ئامێرێکە).

بردنی ماڵی فەرمانبەرانی دەوڵەتی دەستدرێژکار، لەوانەی بەشداریی جەنگیان نەکردوە دروست نیە، نە لە حاڵەتی جەنگ و نە پاش جەنگ، هەروەك کوشتنیان دروست نیە چونکە خوا دەفەرمویێ: ﴿ فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ﴾[1]..

٧- هەندێ شەرعزان ئەوەیان بەمەرج داناوە کە هەڵگەڕاوە لە ئاین (مورتەد) نەبێ:
هەندێ شەرعزانی ئیسلامی بۆ ئەوە چوون ئەو ماڵانەی مورتەد پاش هەڵگەڕانەوەی بەدەستی هێناون، ئەگەر مرد[2] دەبنە موڵکی بەیتولمال (گەنجینەی گشتی)، جا ئەگەر دەوڵەت بەملهوڕی بردی نابێتە زەوتکەر. ئەهلیەتیش مەرج نیە و هیچ جیاوازی نیە لەنێوان زەوتکردنی ماڵی کەسێکی ئەهلیەت تەولو یان ناتەواو یان بێ ئەهلیەت، بەڵکو ئەوەی مەرجە تەنها ئەهلیەتی ناتەواوی واجببوونە. بردنی ماڵی کۆرپەلەیش (وەك مافی لە میراتدا) بە زەوتکردن دادەنرێ.

---

[1] سورة البقرة /١٩٤ خودا کە دەفەرمویێ ﴿واتقوا الله﴾ فەرمان دەکا سنوورە رەچاوکراوەکانی بەرگریکردنی شەرعی تێنەپەڕێنێ، لە ئیسلامدا بەدەر لە حاڵەتی بەرگریکردنی شەرعی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی جائیز نیە.
مادەی (٥٣) لە رێکەوتنامەی جنێف سەبارەت بە پاراستنی کەسانی مەدەنی لە کاتی جەنگدا کە لە ١٢ی ئابی ١٩٤٩ دەرچووە دەڵێ: (قەدەغەیە دەوڵەتی داگیرکەر هەر موڵکێکی تایبەتی جێگیر یان گوێزراوە کە پەیوەندی بە تاك یان گرووپەکان یان دەوڵەت یان دەسەڵاتدارانی گشتی یان رێکخراوە کۆمەڵایەتی یان هەرەوەزیەکانەوە هەیە، خاپور بکا، مەگەر کردە جەنگیەکان بەحەتمی ئەو خابورکردنە بخوازن).
ناوەرۆکی ئەم مادەیە لە رێنوێنیەکانی پێغەمبەر و خەلیفە راشیدەکان بۆ سەرکردەی سوپا ئیسلامیەکاندا هاتووە، کە لێرەدا بواری خستنەڕوویان نیە.

[2] لەو فیقوانانەی لەگەڵ ئەو حوکمە بوون: مالیکیەکان، الشرح الکبیر للدردیر ٤:٣٠٥ و پاشتر. شافیعیەکان، مغني المحتاج ١٤٢/٤ و پاشتر. حەنبەلیەکان، المغني ١٢٨/٨ و پاشتر. بەڵام هەندێکیتر لەوانە حەنەفیەکان رایان وابووە ئەوەی لە پاش مورتەد بەجێ دەمێنێ بۆ وەرەسەکەی دەبێ، لەبەر دوو هۆ: یەکێکیان ئیسلام و دووەمیان خزمایەتی.

٨- بۆ راست و دروستیی بۆگێڕانەوە، مەرجە لێ زەوتکراو فامی هەبێ و بتوانێ پاش وەرگرتنەوەی ماڵە زەوتکراوەکە، پارێزگاری لێ بکا[١].

**مەرجەکانی زەوتکراو:**

گرنگترینیان ئەمانەن:

١- بەلای جمهوری شەرعزانانەوە مەرجە زەوتکراو ماڵێك بێ، بەڵام ئەم مەرجە بەلای مەزەبی شافیعیەوە لازم نیە، هەروەها بەلای ئەوانەی لەوەدا هاوڕای شافیعین کە بردنی (ئیختیساسات) وەك سەگی بەسوود و پاشماوەی ئاژەڵ و ئەو جۆرە شتانە زەوتکردنە. دانانی مەرجی ماڵبوون بۆ زەوتکراو ئەگەر لە رابردوودا پەسەندکراو بووبێ ئەوا لەمڕۆ و ئایندەدا رەتکراوەیە، لەبەرئەوەی زەوتکردنی سەروەری و ئازادی لە زەوتکردنی ماڵ توندتر و مەترسیدارترە.

راستیەکەی، مەرج ئەوەیە مافێك بێ جا چ مافێکی ماڵی بێ یا ناماڵی، وەك پێشتر روونمان کردەوە.

٢- متقوم بێ (واتە بەردەست و بەکەڵکی مامەڵەپێوەکردن بێ-وەرگێڕ) ، بردنی بەراز و ئارەق (مەی)[٢] و باقیی ئەو ماڵە حەرامانەی ناشێ مامەڵەیان پێوە بکرێ، لە شەریعەتی ئیسلامیدا بە زەوتکردن دانانرێ، بەڵام دەبێ ئەوە بەند بکرێ بەوەی هی موسڵمانان بن، بەڵام ئەگەر هی خەڵکانیتر بن لە ئەهلی کیتاب و ئەهلی زیممە و موستەئمین، ئەوا بە زەوتکردن دەژمێردرێ و ئەحکامی زەوتکردنی بەسەردا جێبەجێ دەبێ.

---

[١] مجمع الضمانات: ص١٤٠.

[٢] لە سەرچاوەی پێشوو ١/٣٧٦دا هاتووە: ئەگەر ئارەقێکی لێ زەوت کرد و لەلای فەوتا، پاشان بوو بە کێشەیان، لێ زەوتکراو گوتی بووەتە سرکە و پاشان فەوتاوە و زەمان (مەبەست بژاردنی زیانەکان) لەسەر تۆیە، زەوتکەریش گوتی بەڵکو بەئارەقی فەوتا و زەمان لەسەر من نیە، قسە قسەی زەوتکەرەکەیە، لەبەرئەوەی ئەسڵ ئەستۆپاکیەتی.

٣- ڕێزلێگیراو (محترم) (پارێزراو) بێ واتە شایانی ئەوە بێ شەرع و یاسا بیپارێزن، ئازوقە و کەرەستە جەنگیەکانی دەوڵەتی دەستدرێژکار لەکاتی جەنگدا نابنە بابەتی زەوتکردن و دروستە دەستیان بەسەردا بگیرێ، لەبەرئەوەی یارمەتیی سەرکەوتنی دوژمن دەدەن.

٤- مولکی کەسیتر بێ ئەگەر ماڵ بوو، چونکە دەستگرتن بەسەر شتە موباحەکاندا وەك ڕاوکردنی ماسی و باڵندە و ئاژەڵە کێویەکان و بەردی چیاکان و پوش و پەڵاشی دارستانەکان و لەوەڕگە لە بیاباندا، بە زەوتکردن دانانرێ. بەهەمان شێوە دەستگرتن بەسەر ماڵی خۆیدا بەخەیاڵی ئەوەی ماڵی کەسیترە.

٥- لەو ماڵانە نەبێ کە بەقاچاخ دەبرێن و زیان بە ئابووریی نیشتمانی دەگەیەنن، دەستبەسەرداگرتنی ئەو ماڵانە لەلایەن دەوڵەتەوە بە زەوتکردن نازمێردرێ مادام بەرژەوەندیی ئابووریی ناوخۆی تێدا بێ و مادام یاسا قاچاخچێتی قەدەغە کردوە، لەبەرئەوەی وەلی ئەمر ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی وای خواست، دەتوانێ سزا دابهێنێ، ئازادیی کوت بکات و کارە ڕێپێدراوەکان سنووردار بکا.

٦- لەو ماڵە خراپانە نەبێ کە زیان بە تەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنن، بۆ نموونە دەستگرتنی دەوڵەت بەسەر داودەرمانی خراپ لە دەرمانخانەکان و ئەو ماڵە بازرگانیانەی لە کۆگەکاندان و بەکەڵکی بەکارهێنان و بەکاربردن نەماون، بە زەوتکردن دانانرێ، بگرە ئەرکی دەوڵەتە بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بەهۆیانەوە، لەناویان ببا.

٧- لەو ماڵانە نەبێ کە لەلای خاوەنەکانیان قۆرخ کراون لەکاتێکدا بەکاربەران پێویستیان پێیانە، بەشێوەیەك قۆرخکردنیان ببێتە مایەی تەنگانەی دارایی و گوزەران بۆ ئەوانەی زۆر پێویستیانە، جا دەستگرتن بەسەر ئەمانەدا بەمەبەستی فرۆشتنیان بە نرخی بازاڕ بە زەوتکردن دانانرێ، پێغەمبەری

خوا(ﷺ) ئەفەرموێ: (من احتکر فهو خاطئ)، (هەرکەس قۆرخ بکا هەڵەیە). لە ریوایەتی موعەمەردا دەڵێ: (لا یحتکر الا خاطئ)[1] (تەنها هەڵەکار قۆرخ دەکا).

بەگوێرەی ئەم دوو حەدیسە و هیتریش قۆرخکردن تاوانە و پێویستە وەلی ئەمر سزای قۆرخکەر بدا، ئەمە جگە لە بردنی ماڵە قۆرخکراوەکە بەزۆر و رۆشتنی بە نرخی بازاڕ، بەو مەرجەی نرخی راستەقینەکەی بدرێتەوە بە خاوەنەکەی.

٨- حەنەفیەت ئەوەی بە مەرج داناوە کە زەوتکراو لە سوودەکان نەبێ وەك پێشتر بەدرێژی باسمان کرد و پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکا. جا وەك چۆن ماڵەکان (الاعیان) دەبنە بابەتی زەوتکردن، سوودەکانیش دەبنە بابەتی زەوتکردن، بگرە زەوتکردنی سوودەکان لە زەوتکردنی ماڵەکان مەترسیدارترە، لەبەرئەوەی ماڵەکان لەبەر سوودەکانیان مەبەست و دلواکراون، نەك لەبەر خودی خۆیان.

٩- ئەبوحەنیفە و ئەبو یوسف و هەندێ لە زەیدیەکان بەمەرجیان داناوە ماڵی زەوتکراو خانوبەرە نەبێ، لەبەرئەوەی یەکێك لە رەگەزەکانی پرۆسەی زەوتکردن گواستنەوە و گۆڕین (التحویل)ە. ئەم ئاراستەیە لە جیهانی ئیسلامیدا رەفزکراوە، لەبەرئەوەی بناغەی حەرامکردنی زەوتکردن دوورخستنەوەی زیانە، زیانی زەوتکردنی خانوبەرە (عەقار)یش بەزۆری زۆر لە زیانی گوێزراوە پترە. لەبەر گرنگیی خانوبەرە هەندێ یاسا لەپێناو دروستیی ئەو رەفتارانەی تێیدا دەکرێن[2] بەمەرجیان داناوە لە فەرمانگەی تایبەتدا تۆمار بکرێ، ئەگینا بە بەتاڵ دادەنرێ، وەك لە یاسای عێراقیدا، یان بە نەگوێزەری خاوەندارێتی دادەنرێ وەك لە یاسای میسریدا[3].

---

[1] الحدیث أخرجه الإمام مسلم في صحیحه ٣/١٢٢٨ (برقم ١٦٠٥).

[2] مادە (٥٠٨)ی مەدەنی و مادە (٣)ی یاسای تۆماری خانوبەرە.

[3] مادە [9] لە یاسای مانگی خانوبەرە (قانون الشهر العقاري).

**مەرجەکانی پرۆسەی زەوتکردن:**

گرنگترینیان ئەمانەن:

١- کردەیەکی زیانبەخش بێ، چونکە کردەی سوودبەخش لە مولکی کەسیتردا بە زەوتکردن دانانرێ.

٢- کردەیەکی نامەشروع بێ.

٣- رێگر بێ لەوەی خاوەن موڵك (لێ زەوتکراو) مومارەسەی دەسەڵاتەکانی خۆی بە مولکەکەیەوە بکا.

٤- لای ئەبوحەنیفە و ئەبویوسف و هەندێ زەیدی، مەرجە ئەم رەگەزانەی خوارەوە لە کردەی زەوتکردنەکەدا هەبن:

أ- لادانی دەستە خاوەن هەقەکە[1] (دەستی لێ زەوتکراو).

ب- جێگیرکردنی دەستە ناهەقەکە (دەستی زەوتکەر).

ج- گواستنەوە و گۆڕینی زەوتکراو لە جێیەکەوە بۆ جێیەکیتر.

بەلای جهورەوە تەنها جێگیرکردنی دەستی زەوتکەرەکە لەسەر ماڵە زەوتکراوەکە بەسە، بەلای شافیعیەوتەوە دەستبەسەرداگرتن تەنها بە بردن یان رێگریکردن لە خاوەنەکە و بێبەشکردنی لە رەفتارکردن و بەکارهێنان و قۆستنەوە، بەسە.

بە بۆچوونی لەخۆبوردوانەی ئێمە پرۆسەی زەوتکردن تەنها بە کردەیەك دێتەدی کە لە کەسێکەوە دەربچێ و بە ملهوڕی (قهرا) خاوەن موڵك لە یەکێك لە خاسیەتەکانی مولکەکەی قەدەغە بکا کە بریتین لە رەفتارکردن و بەکارهێنان و

[1] لە: الهدایة ٤/١٢دا هاتووە: (لە زەروریاتەکانی نەمانی دەستی خاوەن مولکە، لەبەر مەحالّیی کۆبوونەوەی هەردوو دەستەکە). ئەمەیش بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە کۆبوونەوەی دوو دەست مەحالّ نیە ئەگەر بە دوو ئیعتیباری جیاواز بێ، یەکەمیان حوکمی و ئەویتریان حەقیقی بێ، وەك رێگرتن لە خاوەن مولك لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی (رەفتارکردن و سوودبینین و پۆستنەوە) ئەگەرچی ئەو مولکە هەر لەلایشی بێ.

قۆستنەوە و لەلابوون. هیچ گرنگ نیە زەوتكار سوود لە ماڵە وەربگرێ كە دەستی بەسەردا دەگرێ یان بیخاتە ژێر رەفتاری خۆی. گرنگ لە پرۆسەی زەوتكردنەكەدا زیانگەیاندنە بە لێ زەوتكراو بە رێگەیەكی نامەشروع.

كردەی زیانبەخشی نامەشروعیش هەمیشە لەسەر گواستنەوە و گۆڕین لە زەوتكردنەكەدا ناوەستێ، هەروەها تەماشای گواستنەوە و گۆڕین یان جێگیرانەوەی دەستە خاوەن هەقەكە لەلایەن دەستە ناهەقەكەوە ناكرێ، بەڵكو تەماشای ئەو دەستدرێژییە دەكرێ كە لە كردەیەكی زیانبەخشدا خۆ دەنوێنێ كە بووەتە هۆی پەیدابوونی رەگەزەكانی بەرپرسیارێتیی كەمتەرخەمی (هەڵە و زیان و پەیوەندیی هۆیی).

وردترین شت لە پێناسەی زەوتكردندا وترابێ —وەك وتمان— ئەوەیە ماوردی شافیعی لە پێناسەی زەوتكردندا وتویێتی كە: بریتییە لە رێگریكردن لە مرۆڤ لە موڵكەكەی و رەفتارپێوەكردنی، بەناهەق[2].

---

[2] المجموع شرح المهذب ١٣/٢٨٤.

# باسی دووەم:
# ئەحکامی زەوتکردنی مەدەنی
## لە فیقهی ئیسلامی و یاسای مەدەنیی عێراقیدا

لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بەسەر دوو خواستدا دابەش دەبێ:
یەکەمیان تەرخان دەکرێ بۆ ئەحکامی زەوتکردنی مەدەنی لە فیقهی ئیسلامي و دووەمیشیان لە یاسای مەدەنیدا

# خواستی یەکەم:
# ئەحکامی زەوتکردنی مەدەنی لە فیقهی ئیسلامی

ئەحکامی هەر رەفتارێك ئەو ماف و پابەندیانەن وەك ئاسەوار لێی دەکەونەوە.

گرنگترین حوکمەکانی زەوتکردن پاش بوونی رەگەزەکانی بریتین لە:

* پێویستە زەوتکراو بۆ لێ زەوتکراو بگێڕدرێتەوە ئەگەر مابوو.

* پێویستە ئەو زیادانەیش بگێڕدرێنەوە کە پاش زەوتکردنەکە و پێش بۆگێڕانەوە هاتوونەتە سەر زەوتکراوەکە ئەگەر مابوون، لە بارێکدا زەوتکراوەکە یان زیادەکانی نەمابوون پێویستە بەدەل (برێتی)ەکەی بۆ بگەڕێنرێتەوە بە هاوچەشنی خۆی لە هاوچەشنەکان و بەهاکەی لە بەهاییەکاندا.

* لە حاڵەتەکانی روودانی کەمکردن یان عەیبێك لە زەوتکراوەکەدا، پێویستە جیاوازیی نرخەکە (الارش) بدرێ.

* بەر لە گێڕانـەوەی، پێویستـە زەوتکراوەکـە بگەڕێنرێتـەوە سـەر بـاری پـێش زەوتکردنی ئەگەر گۆڕانی بەسەردا هاتبوو و گۆڕینەکە قابیل بە نەهێڵان بوو.

* پێویستە کرێی هاوچەشـن بـۆ سـوودەکانی ماڵـە زەوتکراوەکـە بـدرێ، جـا چ زەوتکەر سوودی لێ بینیبێ یان نا.

* پێویستە قەرەبووی هەر زەرەرێك بکرێتەوە کە لەئەنجامی زەوتکردنەکەدا بـە زەوتکراوەکە گەیشتووە.

* لە هەموو بارەکاندا پێویستە مافەکانی زەوتکەریش لەبەرچاو بگیرێن ئەگەرچی دەستدرێژیشی کردوە، ئەگەر هاتوو لەسەر خەرجی یان بە کاری خۆی زیادەیەکی بۆ زەوتکراو زیادکردبوو.

* لـە بـاری دژیەکوەسـتانی لـێ زەوتکـراو لەگـەڵ بەرژەوەنـدیی زەوتکـەردا، بەرژەوەندیی یەکەم زاڵ دەکرێ لەبەرئەوەی دووەم دەستدرێژکار و گوناهبارە.

سەرجەم ئەم پابەندیانە پاداشت (جزاء)ی مـەدەنین، بەڵگەنەویسـتە زەوتکـردن تاوانێکە بەرپرسیارێتیی جینـائی لـێ دەکەوێتـەوە، ئەمـە جگـە لـەوەی کردەیـەکی زیانبەخشی نامەشروعە و بەرپرسیارێتیی مەدەنی لێ دەکەوێتەوە، چونکە زەوتکەر تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر مـاڵی کەسـێتری ئـەنجام داوە، بۆیـە لەبـەردەم خـوادا گوناهبارە و شایانی سزایەکی تەمێکارانـە (تەعزیری)یـە لەبـەردەم کۆمەڵگـەدا، وەك پاشتر لە جێی خۆیدا باس دەکرێ.

لەسەر زەوتکەر پێویستە دەستبەجێ ملکەچی پابەندبوون بـە لێکەوتـەی کـردە زیانبەخشە نامەشروعەکەی بێ، مەگەر ئـەو پابەندییـە بـەر لـە بۆگێڕانەوەکـە لەبـەر هۆیەك لە هۆکانی بەسەرچوون رەوییبێتـەوە، وەك گـەردن ئـازادکردن[1] و یـەککگرتنی ئەستۆ[2] و موقاصە[3] و کۆنبوون[4] و ئەو جۆرە شتانە.

---

[1] بەوەی لێ زەوتکرلو بە راشکاوانە یان ئامـاژە زەوتکـەر لـە زەوتکردنەکـە ببەخشـێ. لـە: مجمع الضمانات: ص١٤٠دا هاتووە: (ئەگەر پیاوێك جلکێك یـان ماڵاتێـك یـان چـەند درهـەمێکی زەوت کـرد و خاوەنەکـەی گـەردنی ئـازاد کـرد، زەوتکـەر لـە زەمـانی زەوتکردنەکـە ئـازاد دەبـێ و ←

شایانی باسە لە یاسای مەدەنیی عێراقیدا کە لەژێر کاریگەریی فیقهی ئیسلامیدایە، ماف بە کۆنبوون ناکەوێ، بەڵکو ئەوەی دەکەوێ تەنها دەعواکەیە.

**سەرچاوەی پابەندیی زەوتکەر لە شەریعەتی ئیسلامیدا:**

سەرچاوەکانی پابەندیی زەوتکەر بەرانبەر لێ زەوتکراو لە بابەتی زەوتکردندا بریتین لە: قورئان و سوننەتی پێغەمبەر و کۆدەنگی و ماقوولێ.

ئەگەر قورئانی پیرۆز بڕیاری لە حوکمێك دا باقیی سەرچاوەکانیتر ئەو بڕیارەی قورئان دووپات دەکەنەوە.

**أ- قورئان:**

لە قورئانی پیرۆزدا زۆر ئایەت هاتوون بەڵگەن لەسەر حەرامکردنی کردەوە زیانبەخشە ناڕەواکان، لەپێشیانەوە زەوتکردن، هەروەك ئاماژە بەو حوکمانە دەکەن کە بۆ دنیا و ئاخیرەت لێی دەکەونەوە.

لەو ئایەتانە:

* ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ﴾.(1)

---

زەوتکراوەکە دەبێتە ئەمانەت لەلای، هەروەها ئەگەر گوتی لە زەوتکردن سەرفرازم کرد، زەوتکەر لە زەمان ئازاد دەبێ).

(2) وەك ئەوەی خاوەندارێتیی زەوتکراو لەرێی میرات یان وەسێت و ئەو جۆرە شتانەوە بۆ زەوتکەر بگوێزرێتەوە

(3) ئەگەر مەرجەکانی بەردەست بوون.

(4) ئەوە روونە بەرپرسیارێتیی زەوتکەر بەرپرسیارێتیەکی کەمتەرخەمانە (تەقسیری)یە و دەعوا تێیدا بە تێپەڕبوونی سێ ساڵ لە کاتی زانینی زیانلێکەوتوو بە کردە زیانبەخشەکە (زەوتکردنەکە) و بەو کەسەی ئەنجامی داوە (کەسی زەوتکەر) بەسەردەچێ واە دەکەوێ، لە هەموو بارەکانیشدا بە تێپەڕبوونی پازدە ساڵ لە رۆژی روودانی کارە ناڕەواکە (زەوتکردن) دەکەوێ. م٢٣٢ی مەدەنیی عێراقی.

(1) سورة النساء / ٢٩.

*﴿وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ..الآية﴾[1]، مەبەست لە خواردنی ماڵ بەناڕەوایش لەم ئایەتەدا دەستدرێژی و زێدەڕەویکردنە سەر هەر مافێکیتری خەڵکە بەناهەق، واتە مەبەست مانا حەرفییە گشتییە گشتگیرەکەیە، کە مانا زمانەوانییە تایبەکەیش دەگرێتەوە.

*﴿فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ[2] بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ﴾[3].

* ﴿وَيْلٌ[4] لِّلْمُطَفِّفِينَ[5] الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُواْ عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ﴾[6].

* ﴿وَلاَ تَحْسَبَنَّ اللّهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ﴾[7].

---

[1] سورة البقرة / ١٨٨.

[2] ئەوە روونە زەوتکردن دەستدرێژییە بۆ سەر مافی خەڵك بەناهەق، ناونانی پابەندکردنی زەوتکەر بە گێڕانەوەی زەوتکراو و باقیی واجباتەکان بە دەستدرێژی، لە بابی ڕەوانبێژییەوە لە هاوڕەگەزنۆزی (المجانسە) لەنێوان لەفز و دەستەواژەکاندا، ئەگینا سزای زەوتکەر لەڕووی مەدەنی و جینائییەوە سزایەکی دادپەروەرانەیە و دەستدرێژی نیە.

[3] سورة البقرة / ١٩٤.

[4] الويل: واوەیلا، سزا.

[5] کۆی (مطفف)ە و لێرەوەیە عەرەب دەڵێ (دون التطفيف) واتە شتی بێنرخ لەبەر کەمیەکەی. ئەم هەڕەشەیە بۆ هەر کەسێکە بۆ خۆی زۆر ببات و بۆ خەڵکیتر کەم بدا جا ئەو کەمە کەم بێ یان زۆر، هەرکەس ئەو کارە بکات و سوور بێ لەسەری ئەوە لەسەر گوناهێکی گەورە سوورە، واتە تاوانێکی گەورە و مەترسیدار لەسەر کۆمەڵگە، لەبەرئەوەی خەڵك بەگشتی رۆژانە پێویستیان بەو مامەڵە دلراییانە دەبێ کە بەزۆری لەسەر کێشانە و پێوانە و زەرعکردن دەوەستن.
ينظر حاشية الصاوي على تفسير الجلالين ٢٩٩/٤–٣٠٠.

[6] سورة المطففين / ١–٣.

[7] سورة ابراهيم / ٤٢. الصنعاني لە (الروض النضير ٤٠١/٣) دا ئەم ئایەتەی کردۆتە بەڵگەلەسەر حوکمەکانی زەوتکردن و ئەوەی کە زەوتکەر ستەمکارە و شایستەی سزای مەدەنی و جینائییە.

**ب- سوننەت:**

زۆر حەدیس هاتوون کە جەخت لەوە دەکەن لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە سەبارەت بە حەرامکردنی دەستدرێژیکردنە سەر ماڵی کەسیتر لە گوێزراوە و خانوبەرە، لەوانە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ:

١- (على اليد ما أخذت حتى تؤديه)[1].

٢- (ان دماءكم وأموالكم حرام عليكم كحرمة يومكم هذا وشهركم هذا في بلدكم هذا)[2].

٣- (لا يحل لأحد أن يأخذ متاع أخيه لاعبا ولا جادا، فان أخذه فليرده عليه)[3].

٤- (من اقتطع شبرا من الأرض ظلما، طوقه الله اياه يوم القيامة من سبع أرضين)[4].

له ریوایەتێکیتردا هاتووە: (لا يأخذ أحد شبرا من الأرض بغير حقه، الا طوقه الله الى سبع أرضين يوم القيامة).

له ریوایەتێکیتردا هاتووە: (من ظلم قيد شبر من الأرض، طوقه من سبعين أرضين)[5].

٥- (لا يحل مال أمريء مسلم الا بطيبة من نفسه)[6].

---

[1] سنن الترمذي ٥٦٦/٣، السنن الكبرى للبيهقي ٢٩٢/٧، سنن ابن ماجه ٥٩٥/١.

[2] واتە ماڵتان لەسەر یەکتر حەرامە وەك حەرامیی ئەم رۆژە، حەرامیش ئەوەیە بەزاندنی دروست نیە. لەم مانگەتاندا، واتە مانگی زیلحیجە. لەم رۆژەتاندا یانی رۆژی عەرەفە، چونکە ئەوەی لە حەجی ماڵئاوایی (حجه الوداع)دا گوتوە. لەم شارەتاندا کە مەبەست مەککە و حەرەمە.
شرح غريب المهذب للعلامة محمد بن أحمد الركبي ٣٦٧/١.

[3] الحديث أخرجه الترمذي في سننه ٣٠١/٤ (برقم ٥٠٠٣).

[4] الحديث أخرجه مسلم في صحيحه ١٢٣٠/٣ (برقم ١٦١٠).

[5] صحيح مسلم ١٣٣٢/٣. ئەم حەدیسە سەحیحانە بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن کە پێی وایە زەوتکردن لە خانوبەرەدا نیە.

[6] الحديث أخرجه الدراقطني في سننه ٢٦/٣ (برقم ٩٠، ٩١).

**ج- کۆدەنگی (الاجماع)[1]:**

شەرعزانان کۆدەنگن لەسەر ئـەوەی لـە قورئانـدا هـاتووە و سـوننەیش دووپـاتی کردۆتەوە، لە حەرامکردنی دەستگرتن بەسەر مافی خەڵکیتردا بەناهەق.

ناونانی ئەم رێکەوتنەیش بـە کـۆدەنگی (ئیجمـاع) بـە زاراوەی ئوسـوڵی، لەسـەر مەجاز دامەزراوە، لەبەرئەوەی ئیجماع رێکەوتنی موجتەهیدانی ئوممـەتی محەمـەدە پاش مردنی پێغەمبـەر(ﷺ)، لـە سـەردەمێك لـە سـەردەمەکاندا لەسـەر حـوکمێکی شەرعیی ئیجتیهادی.

ئەگەر قورئان بەدەق حوکمێکی جێگیر کرد و سوننەیش دووپاتی کردەوە، ئـیتر پێویست بە ئیجماع ناکا، لەبەرئـەوەی ئیجمـاع لـەو بارانـەدا پـەنای بۆ دەبـرێ کـە دەقێکی روون و سەلماو نەبێ.

**د- مەعقوول[2]:**

عەقڵی ساغ دەڵێ زەوتکردن ستەمە، هەموو ستەمێك ناشیرین (قبیح)ـە و هەموو ناشیرینێکیش حەرامە. شایانی باسە پابەندییەکانی زەوتکەر بە جێبـەجێکردنی ئـەو ئەرکانەی سەبارەت بە زەوتکردن باسمان کردن، هەندێکیان کـۆکی لـەبارەوە هەیـە هەندێکیشیان ناکۆکی، هەوڵ دەدەین بە چاوپۆشین لە کۆکی و ناکۆکی گرنگترینیان بخەینە روو، لەگەڵ ئاماژەدان بە هەندێ لەو جیاوازیانە.

---

[1] لە: المغني ٢٩٤/٥دا هاتووە: زەوتکردن دەستگرتنە بەسەر ماڵی کەسیتردا بەناهەق، ئەوەیش لـە قورئان و سوننەدا حەرامـە، موسـڵمانانیش لـە کـۆدا لەسـەر حـەرامبوونی کـۆدەنگن، تـەنها لـە هەندێ لقیدا ناکۆکن.

[2] لە: شرح الأزهار ٥١٩/٣دا هاتووە: ئەسـڵ لـە ناشـیرینیی زەوتکردنـدا عـەقڵ و بیسـتنە، لـەڕووی عەقڵەوە لەبەرئـەوەی سـتەمە و سـتەمیش لـەڕووی عەقڵیـەوە ناشـیرینە، هەرچـی بیسـتنیشـە قورئان و سوننە و ئیجماعن. لە قورئاندا خـوای گـەورە دەفـەرموێ: (وَلاَ تَـأْكُلُواْ أَمْـوَالَكُمْ بَيْـنَكُمْ بِالْبَاطِلِ). لە سوننەیشدا پێغەمبەر فەرموویەتی: (لا يحل مال امرئ مسلم الا بطيبة من نفسه). لـە ئیجماعیشدا هیچ ناکۆکیەك نیە لەبارەی ناشیرینیی زەوتکرنەوە.

**پابەندبوونی زەوتکەر بە گێڕانەوەی زەوتکراو:**

لە گرنگترین پابەندییەکانی زەوتکەر ئەوەیە ماڵە زەوتکراوەکە لەو جێگەیەدا بگێڕێتەوە کە زەوتی کردوە[٢]، لەبەرئەوەی بەهاکان بەگوێرەی جیاوازیی شوێنەکان دەگۆڕێن[١]، جا ئەگەر زەوتکراوەکە خانوبەرە بوو پێویستە زەوتکەر بەیەکجاری چۆڵی بکات و بیداتەوە دەستی خاوەنەکەی.

گێڕانەوەکە فەوری دەبێ جا چ زەوتکراوەکە خانوبەرە بێ یان گوێزراوە یان (ئیختیساس) بێ وەك سەگی بەسوود[٢]، هەروەها لەبەرئەوەی مافی لێ زەوتکراو لە ماڵە زەوتکراوەکەدا پەیوەستە بە ماڵەکەیەوە و زەوتکەر تا ماڵەکە نەگێڕێتەوە و ئەستۆی پاك نابێتەوە پابەندیی ناڕەوێتەوە[٣].

زەوتکەر بۆی نیە لەباتیی زەوتکراوەکە نرخەکەی بدا مادام لەلای مابێ و هیچ ناکۆکی لەوەدا نیە[٤].

بۆ پێویستیی بۆگێڕانەوە ئەوە مەرج نیە کە زەوتکراوەکە وەك خۆی بەر لە زەوتکردنەکە مابێتەوە، بگرە ماڵە زەوتکراوەکە هەر پێویستە بگێڕدرێتەوە، جا چ

---

[٢] مەدەنیی عێراقی م١٩٢، مەدەنیی ئوردنی م٢/٢٧٩، مەدەنیی یەمەنی م١١٣٦، یاسادانەری عێراقی دەقاودەق مادەی (٨٩٠)ی لە گۆڤاری: الأحكام العدلية وەرگرتووە کە دەڵێ: (پابەند دەکرێ بە گێڕانەوەی زەوتکراوەکە و دانەوەی بە خاوەنەکەی لەو شوێنەدا کە زەوتی کردوە ئەگەر مابوو، ئەگەر بەهەڵکەوت خاوەنی ماڵە زەوتکراوەکەی لە ئاوەدانییەکیتر بینی و ماڵە زەوتکراوەکەی لەگەڵ بوو، ئەگەر خاوەنەکەی حەزی کرد لەوێ وەریدەگرێتەوە، ئەگەریش ویستی بگێڕدرێتەوە بۆ شوێنی زەوتکردنەکە، ئەوا خەرجی گواستنەوە و گێڕانەوەکەی لەسەر زەوتکەرە)، بەڵام ئەوەیشی بۆ زیاد کردوە (ئەمە بەبێ ئەوەی کار لە قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیتر بکا).

[١] الهداية (الفقه الحنفي) ٤م١٢.

[٢] تحفة المحتاج (الفقه الشافعي) ٩/٦.

[٣] المغني لابن قدامة (الفقه الحنبلي) ٢٣٨/٥.

[٤] شرح الأزهار (فقه الزيدية) ٥٢٥/٣.

لەسەر بیچمی خۆی لە رۆژی زەوتکردنی مابێتەوە یان زیاد و کەمی کردبێ[1]، چ ئەوەی پاش کەمکردنەکە مابوویەوە زۆر بوو یاخود کەم بوو[2]، مەگەر رێکەوتن لەسەر شتێکیتری جیاواز بکرێ. زەوتکەر دەستدرێژی کردۆتە سەر دوو ماف، مافی خوا (مافی گشتی) کە سزاکەی سزادانە، لەگەڵ مافی تایبەتی بەندە (مافی لێ زەوتکرلو) و سزاکەی گێڕانەوەیەتی بۆ خاوەنەکەی ئەگەر مابوو، یان گێڕانەوەی بەدەلەکەی ئەگەر نەمابوو[3].

ئەگەر زەوتکەرەکە گوتی زەوتکرلوەکە فەوتاوە بەبەڵگە نەبێ باوەڕی پێ ناکرێ، لەبەرئەوەی ئیددیعای پێچەوانەی رواڵەت دەکا، لەو رووەوە فەوتان سیفەتێکی سەرهەڵداوە و ئەسڵ نەبوونیەتی[4].

لە حاڵەتی ئیددیعاکردنی فەوتان و نەبوونی بەڵگەدا، ماوەیەك بەند دەکرێ بەشێوەیەك دان بە مانیدا بنێ ئەگەر مابوو[5].

ئەگەر زەوتکرلوەکە ون بوو یان دزرا و چارەنووسی دزینەکە نەزانراو بوو، بە فەوتانێکی حوکمی دادەنرێ و دەگۆڕدرێ بۆ بەدەل لە هاوچەشنەکەی ئەگەر زەوتکرلوەکە هاوچەشن بوو، بۆ نرخەکەی ئەگەریەهایی بوو. شەرعزانان لەسەر ئەمە

---

[1] الروضة البهية شرح اللمعةالدمشقية (فقه الامامية) ٢/٢٣٢.

[2] المحلى لابن حزم الظاهري (فقه الامامية) ٨/١٣٥.

[3] لە: (قوانين الأحكام الشرعية)، ئيبن جزي المالكي: ل٣٤٦دا هاتووە: زەوتکەر دوو مافی لەسەرە: یەکێکیان مافی خوایە، (لەسەر ئەوە) بەپێی ئیجتیهادی حاکم لێی دەدرێ و بەند دەکرێ تا ببێتە چاوترسێن بۆ ئەو و هاوشێوەکانی.
دووەم: مافی لێ زەوتکرلو ئەویش بەوەی ئەوەی زەوتی کردوە بۆی بگێڕێتەوە، جا ئەگەر زەوتکرلوەکە مابوو خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەگەریش نەمابوو هاوچەشن یان نرخەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

[4] مجلة الأحكام العدلية (م٩).

[5] لە: الهداية ٤/١٢دا هاتووە: (ئەگەر ئیددیعای فەوتانی کرد (فەوتانی ماڵە زەوتکرلوەکە) حاکم بەندی دەکا تا بزانێ ئەگەر مابولیە دەریدەخست، پاشان بڕیار بە دلنی بەدەلی بۆ دەدا، لەبەرئەوەی گێڕانەوەی ماڵەکە واجبە...).

ڕێك كەوتون، بەڵام لە حوكمی ئـەوەدا جیـاوازن كـە ئەگـەر سـەری هەڵدا و دەسـت زەوتكەر كەوت، كە ئاخۆ لەسەری پێویستە بیگێڕێتەوە بۆ لێ زەوتكرلو و پارەكـەی لێ وەریگرێتەوە، یان دەبێتە موڵكی خۆی و بە ڕێكەوتنێكی ڕەزامەندانـە نـەبێ هـیچ بوارێكی گێڕانەوە (الاسترداد) و بۆگێڕانەوە (الرد) نابێ.

هەندێ شـەرعزان لەوانـە شـافیعی[1] و حەنبەلیـەكان[2] گوتویانـە لـە حاڵەتێكدا بەهۆی ونبوون یان دزی و ئەو جۆرە شتانەوە گێڕانەوەی ئاستەم بوو، لێ زەوتكـراو بۆی هەیە داوای نرخەكەی بكاتەوە، لەبەرئـەوەی بەریەسـت خراوەتـە نێـوان ئـەو و ماڵەكەی، بۆیە پێویستە بەدەلی بدرێتێ وەك ئەوەی فەوتابێ، جـا ئەگـەر بەدەلەكـە هەموو موڵكەكەی برد، لەبەرئەوەی بەدەلی ماڵەكەیەتی، ئەوا موڵكەكەی وەك بەدەلی فەوتاوەكەیە و زەوتكەرەكە نابێتە خاوەنی زەوتكرلوەكە، لەبەرئـەوەی بـە فرۆشـتن ناكرێتـە موڵـك و هاوشـێوەی فـەوتاو بـە كردنـە زامـن ناكرێتـە موڵـك، جـا ئەگـەر زەوتكراوەكـە گەڕایـەوە پێویسـتە بگێڕدرێتـەوە بـۆ خاوەنەكـەی و نرخەكـەی لـێ وەریگیرێتەوە.

بەڵام هەندێكیتر وەك حەنەفی[3] و مالیكی[4] پێیان وایە بەزامنكردن بەموڵككردنە (التضمین تملیك)، وەك چـۆن بـەدەل دەبێتـە مـوڵكی لـێ زەوتكـراو، زەوتكـراویش بەرانبەر بەو بەدەلەی داویەتی بە لێ زەوتكرلو دەبێتە موڵكی زەوتكەر، ئەمە ئەگـەر نەسەلمێ نرخی ئەوەی درلوەتە لێ زەوتكرلو لـە نرخـی ڕاسـتەقینەی زەوتكرلوەكـە

---

(1) المهذب ١/٣٦٨-٣٦٩.

(2) المغني لابن قدامة ٥/٢٧٦.

(3) الاختیار لتعلیل المختار ٣/٨٥.

(4) لە: میزان الشعراني (سیدي عبد الوهاب) ٢/٧٥دا هاتووە: (لەوانە، ئەو قسەیەی مالیكە كـە ئەگـەر ئاژەڵێك زەوت كرا و هەڵهات، یان ماڵێك زەوت كرا و دزرا یان فەوتا، زەمـانی نرخەكـەی دەكـا و بەنرخ دەبێتە موڵكی زەوتكەر تەنانەت ئەگەر زەوتكرلو دۆزرایەوە لێ زەوتكرلو مافی نیـە تێیـدا پاشگەزبێتەوە، زەوتكەریش بۆی نیـە لـە نرخەكەیـدا پاشـگەز بێتـەوە مەگـەر بـە ڕەزامەنـدیی هەردوولایان).

کەمترە. ئەم ئاراستەیە لە راستەوە نزیکترە، لەبەرئەوەی قسەی یەکەم کە دەڵێ لێ زەوتکراو خاوەنی بەدەڵەکە دەبێ، بەوە بەرهەڵستی دەکرێ کە ئەوە بەنیسبەت لێ زەوتکراو کۆکردنەوە لەنێوان بەدەل و بەدلکراو (المبدل منه)ی تێدایە، جا چۆن لە یەك کاتدا بە خاوەنی زەوتکراو و بەدەڵەکە دەمێنێتەوە[1]. دەکرێ بۆگێڕانەوە بۆ بخواز (المستعير) و بەکرێگر و لەلادانراو بکرێ ئەگەر لە حاڵەتی بوونی ئەو گرێبەندانەدا زەوتکردن و بۆگێڕانەوە روویان دا[2].

هەروەها گێڕانەوە بۆ لێ زەوتکراوێك دروست نیە ئەگەر نەشیاو (عديم الاهلية) بوو و نەیدەتوانی پاش وەرگرتنەوەی پارێزگاری لێبکا وەك شێت و مێردمنداڵی نەفام[3]، لەبەرئەوەی بناغەی پابەندبوون بە بۆگێڕانەوە نەهێشتنی مەترسیی زیان و دوورخستنەوەیەتی لە لێ زەتکراو، ئەم بناغەیەیش لە حاڵەتی وادا بەدینایەت، بەڵکو پێویستە بگێڕدرێتەوە بۆ وەلی (بەخێوکەر) یان وەصی (چاودێر) یان هەرکەسێکیتر کە پەیوەندار بێ بە کەسە نەشیاوەکە و بەرپرس بێ لە پارێزگاریکردن لە ماڵەکەی.

---

[1] لە: الاختيار لتعليل المختار ٣/٨٥دا هاتووە: (ئەگەر بڕیاری نرخەکەی لەسەردا دەیکاتە موڵکی بەپشتبەستن بەکاتی زەوتکردنەکە، لەبەرئەوەی قابیل بە گواستنەوەیە لە موڵکێکەوە بۆ موڵکێکیتر و خاوەنەکەیشی بووەتە خاوەنی بەدەڵەکەی و ئیتر زەوتکەر دەبێتە خاوەنی ئەسڵیەکە، بۆ ئەوەی بەدەل و ئەسڵ (المبدل) لە یەك موڵکدا کۆنەبنەوە تا زیانی لێ دوور بخرێتەوە).

[2] شرح الأزهار ٣/٥٤٨.

[3] لە: مجمع الضمانات: ل١٤٠دا هاتووە: (شتێکی لە مێردمنداڵێك زەوت کرد و پاشان پێی دایەوە، جا ئەگەر مێردمنداڵەکە دەیتوانی شت بپارێزێ، واتە ئەقڵی بە بردن و دان ئەشکا، دروستە، ئەگینا نابێ و وەك ئەو کەسە دەبێ کە زین لەپشتی وڵاخی کەسێکیتر بکاتەوە و پاشان بیگێڕێتەوە بۆ پشتی وڵاخەکە، دروست نیە).

هەروەها لە: شرح الأزهار ٣/٥٣٦دا هاتووە: (زەوتکەر بەوە ئەستۆی پاك دەبێتەوە کە زەوتکراوەکە بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە، گێڕانەوە بۆ ماڵەکەی یان نۆکەرەکەی بەس نیە بەڵکو دەبێ بدرێتە دەستی خۆی یان کەسێك فەرمانی پێ کردبێ، مەگەر لێ زەوتکراو مێردمنداڵ یان شێت یان کەسێ بێ حوکمی ئەوانی هەبێ).

**پابەندبوونی زەوتکەر بە زیادەکانی زەوتکراوەکە:**

زیادەکان (الزوائد) کۆی (زیادە)یە. لە هەڵبژاردنی دەربڕینی یەکەمیاندا چاوم لـە مەدەنیی عێراقی مادەی (١٩٦) کردوە کـە دەڵـێ: (زیادەکـانی زەوتکـراو وەك ئـەو زەوتکراون، جا ئەگەر فەوتان با بەبێ دەستدرێژیی زەوتکەریش بێ، دەبـێ زەمـانی بکا).

(ئەو یاسایە) پەیڕەوی لە ڕێبازی ئەبوحەنیفە نەکردوە کە پێـی وایـە زیادەکـانی زەوتکراو ئەمانەتن لە دەستی زەوتکەردا جا چ لکاو (متصل) بێ وەك (قەڵەوی)، یان نەلکاو (منفصل) بێ (وەك بـەروبوم)[١]، بـەڵکو کـاری بـە رای جمهـوری شـەرعزانان کردوە کە پێی وایە زیادەکانی زەوتکراو وەك ئەو زەوتکراون. لـەو کارەیشـدا چـاکی کردوە.

زیادە هەموو ئەوەیە پاش زەوتکردن بەسەر زەوتکراودا دێ لە سوود (نفع)[٢] یان داهات (الغلە)[٣] یان گەشە (نماء)[٤] یان بەروبوم (ثمر)[٥] یان زیادکردن (الريع)[٦] یـان زادە (نتاج)[٧] یان قازانج (ارباح)[٨] و ئەو جۆرە شتانە.

---

[١] الاختيار لتعليل المختار ٢/٩١.

[٢] سوود (النفع) دژی زیانە و ناوی (المنفعة)یە.

[٣] (الغلة) یەکە ولە (الغلات)ەوە، دەوترێ: (فلان يغل على عياله) واتە داهاتیـان بـۆ دێنـێ. واسـتغل خادمه أي كلفه ان يغل عليه واستغل المستغلات: اخذ غلتها.

[٤] نمى المال، واتە زیاد و زۆر بوو.

[٥] بەروبوم (الثمر) باری درەختە، دەوترێ (ثمر الشـجر): واتـە بەروبومەکـەی دەرچـوو، بـە یـەکێك دەوترێ (ثمرة) و بەکۆ دەبێتە (ثمار)، کـۆی کۆکەیشـی دەبێتـە (أثمـار). (الثمـرة) بـە وەچـە و منداڵیش دەوترێ.

[٦] راع الشيء: نەشونما و زیادی کرد.

[٧] بەرهەم یاخود زادە (النتاج): دەوترێ: انتجت الابل، واتە سـکوزای کـرد. وانتجـت البهيمـة الولـد: ئاژەڵەکە بەچکەی بوو. استنتج: داوای بەرهەمی کرد.

[٨] قازانج (الربح): ئەو ڕەیع (قازانج)ەیە لە وەبەرهێنانی پارە و هیتر دێتە دەست. بـۆ هـەموو ئـەو مادانە بڕوانە: الصحاح في اللغة والعلوم، مادة غلل.

ئەستۆی زەوتکەر پاك نابێتەوە و پابەندبوونی تەنها بە گێڕانەوەی زەوتکراوەکە بەبێ ئەو زیادانەی پاش زەوتکردنەکە و بەر لە بۆگێڕانەوەکە روویان داوە، نارەوێتەوە، بەڵکو بە پابەند دەمێنێتەوە کە لەگەڵ ئەسڵەکەدا ئەوانیش بگێڕێتەوە ئەگەر مابوون، ئەگەر نەمابوون بەدەلەکەیان بگێڕێتەوە.

زیادەکان یان لکاون وەك قەڵەوی و گەورەبوون[1]، یاخود لە حاڵدا وەك بەچکە، یان لە ئاکامدا نەلکاون وەك لە بەروبومی داروبرەختدا. نەلکاوی بەرهەمهاتوو لە شتی زەوتکرلو یان ئەوەتا لە جۆر و خیلقەتی خۆیەتی وەك بەچکەی ئاژەڵ، یان لە وێنە و خیلقەتی خۆی نیە وەك بەروبومی داروبرەخت و شیر و خوریی ئاژەڵ.

ئەگەر هەمووان لەسەر پابەندبوونی زەوتکەر بە گێڕانەوەی زەوتکراوەکە کۆك و کۆدەنگن، بەڵام لەبارەی پابەندبوونی بە بۆگێڕانەوەی زیادەکانی بەهەموو جۆرەکانیەوە، ناکۆکییان هەیە، بەم شێوەیە:

**یەکەم**: هیچ ناکۆکی نیە لە بۆگێڕانەوەی زیادەی لکاودا وەك قەڵەوی و گەورەبوون، لەبەرئەوەی بەشێکە لە زەوتکراوەکە و حوکمی هەموو (الکل)یش بەسەر بەشەکانیدا دەچەسپێ، بەڵام ناکۆکی لە دوو شتدایە:

**یەکەمیان**: ئەگەر نرخی زەوتکراوەکە بە زیادە لکاوەکە زیادی کرد، پاشان بەر لە بۆگێڕانەوەی نەما و نرخەکەی دابەزی، ئایا زەوتکەرەکە زامنی دەکا یان نا، هەندێ شەرعزان[2] بۆ ئەوە چوون بەڵێ زامنیەتی، لەبەرئەوەی لەسەری واجب بوو لە حاڵەتی زیادکردنەکەدا بیگەڕاندایەتەوە، جا کاتێ لە

---

[1] وەك ئەوەی زەوتکراوەکە لەڕ و لاواز بووبێ و پاش زەوتکردنەکە چاخ بووبێ، یان بچوك بووبێ و پاش ئەوە گەورە بێ.

[2] ئەوە رای زاهیریی و رای هەموو ئەوانەیە کە پێیان وایە زەوتکەر زامنی ئەوپەڕی نرخی زەوتکراوەکەیە لە زەوتکردنەوە بۆ لەناوچوون، وەك شافیعی و حەنبەلی و زەیدی، وەك پاشتر باس دەکرێ. لە: المغني ٥/٣٦٠دا هاتووە: زیادەکانی زەوتکرلو وەك چاخبوون لە دەستی زەوتکەردا وەك زەمانی زەوتکرلو زامنکراوە.

جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دواکەوتوە بووەتە زامنی، ئەویش لەبەرئەوەی بەهۆی ئەو دواخستنەوە زیان بە لێ زەوتکراو گەیشتوە، بۆیە پێویستە لەسەری قەرەبووی ئەو ناتەواوییە بکاتەوە.

بەڵام هەندێکیتر[1] بۆ ئەوە چوون زامنی ئەوە ناکا، هەندێکیتر چوونەتە ناو وردەکاری[2].

دووەم: ئەگەر زەوتکەر مەسرەفی لەسەر شتە زەوتکراوەکە کرد و لە لەڕیەوە چاخ (قەڵەو) و لە بچوکیەوە گەورە بوو: جمهور گوتویانە هیچی بۆ نیە لەبەرئەوەی دەستدرێژکارە[3]، هەندێکیتر گوتویانە پێویستە قەرەبووی ئەو خەرجەی بۆ بکرێتەوە. هەندێکیش پێیان وابووە مەسرەفکردن لەسەر

---

[1] ئەوە رای ئەوەیە بۆ ئەوە چووە زەوتکەر زامنی ئەویەڕی نرخەکان ناکا و لەبارەی کاتی مەزەندەکردنی نرخەکەدا ناکۆکن کە ئاخۆ کاتی زەوتکردن یان کاتی فەوتانەکەیە، وەك پاشتر لە روونکردنەوەی مەزەندەکردنی نرخی زەوتکراوەکە ئەگەر فەوتا و شێوەی لە دەستی خەڵك و لە بازاڕدا نەمابوو، باس دەکرێ.

[2] وەك حەنەفیەت، لە: مجمع الضمانات: ل١٣٠، والاختيار ٩١/٣دا هاتووە: ئەگەر حەیوانێکی زەوت کرد نرخەکەی سەد هەزار دینار بوو، لەلای ئەو زیادەیەکی لکاو زیادی کرد وەك چاخبوون و نرخەکەی بوو بە دوو سەد هەزار و فرۆشتی، لێ زەوتکراو سەرپشك دەکرێ، ئەگەر ویستی زەوتکەر زامنی نرخەکەی دەکا کە سەد هەزارە، یان کڕیارەکە لە رۆژی وەرگرتنیدا زامنی دەکا کە دووسەد هەزارە. لای هەردوو هاوەڵەکە، بەپێچەوانەی ئەبوحەنیفە، بۆی هەیە زەوتکەرە بفرۆشەکە بکاتە زامنی نرخەکەی کە دووسەد هەزارە.

[3] لە: الروضة البهية ٣٣٤/٢دا هاتووە: ئەگەر نرخی زەوتکراوەکە بە کردەی زەوتکەرەکە زیادی کرد هیچی لەسەر نیە، لەبەرئەوەی هیچ کەمی نەکردوە، هەروەها هیچیشی بۆ نیە، لەبەرئەوەی زیادەکە لە ماڵی کەسیتردا رووی داوە مەگەر زیادکردنەکە لە ماڵی زەوتکەرەکە بێ، وەك رەنگ.

لە: شرح الازهار ٥٣٤/٣دا هاتووە: زەوتکەر هیچ لەو مەسرەفەی لە زەوتکراوەکەی کردوە لە لێ زەوتکراو وەرناگرێتەوە، ئەگەر زەوتکەر مەسرەفی لە زەوتکراوەکە کرد و بەو هۆیەوە لە لەڕییەوە چاخ بوو، لە بچوکیەوە گەورە بوو، مافی ئەوەی نیە دوای ئەو خەرجە بکاتەوە کە کردویەتی.

زەوتكراو[1] لـە حاڵـەتی پێویسـتدا قـەرەبوو پێویسـت دەكـا، بەپێچـەوانەی مەسرەفكردنی ناپێویست.

**دووەم:** ئەو زیادە نەلكاوەی لە جۆر و خیلقەتی زەوتكراوەكە بەرهەم هـاتووە، وەك بەچكەی حەیوانی زەوتكراو كە پاش زەوتكردن و بەر لـە بۆگێڕانـەوە لـەدایك بـووە، هـیچ نـاكۆكی نیـە لـەوەی پێویسـتە زەوتكـەر لەگـەڵ ئەسـڵەكە (دایكەكەی)دا بیگێڕێتەوە، بەڵام ناكۆكی لەسەر ئەوەیە ئەگەر ئەسڵەكە فەوتا و لقەكە مایەوە: هەندێكیان گوتویانە لێ زەوتكراو سەرپشك دەكرێ لـەنێوان بردنی لقەكە (بێچووەكە) و نرخی ئەسڵەكەدا[2]، هەندێكیش گوتویانە پێویستە زەوتكەر لقەكە لەگەڵ نرخی ئەسڵە فەوتاوەكەی بگێڕێتەوە[3].

جگە لە حەنەفیەكان كەس ناكۆكی نەبووە لەبارەی زەمـانكردنی ئـەم جـۆرە زیادەیە ئەگەر بەبێ دەستدرێژیی زەوتكەر تەلەف كرا، كە گوتویانە زەوتكـەر زیادەكانی زەوتكراو زامن ناكا، مەگەر دەستدرێژی بكا یـان نەدانـەوەی پـاش ئەوەی لەلایەن لێ زەوتكراوەوە داوای دەكرێتەوە[4].

---

[1] ئەوە رای مالیكییە، لە: الشرح الكبیر ٦/١٣٦دا هاتووە: (زەوتكەر مافی ئەو خەرجـەی هەیـە كـە لە زەوتكراوی دەكا ئەگەر پێویستی پێی بوو (وەك خەرجییە زەرورییەكان) خەرجیەكەیشـی لـە خودی داهات (قازانج)ەكەدا دەبێ لەبەرئەوەی ئەو ئەگەر ستەمیشی كردوە بـەڵام سـتەمی لـێ ناكرێ). واتە زەوتكەر بۆی هەیە ئەوەی خەرجی كردوە لە داهاتی ئەوەی سـوودی لـێ بینیـوە ببڕێ.

[2] لە: بدایة المجتهد ٢/٢٦٩دا هاتووە: (هەرچـی ئەوەیـە لەسـەر شـێوە و خیلقەتیـەتی، نـەمزانیوە ناكۆكیەك هەبێ لەوەدا كە زەوتكەر بە دایكیەوە دەیگێڕێتەوە).

[3] ئەوە رای شافیعیەتە و ئیبن روشد لە: في بدایة المجتهد ٢/٢٦٩دا تـەرجیحی كـردوە و گوتویـەتی: ئەوە قیاسە.

[4] لە: الاختیار لتعلیل المختار ٣/٩١: (زیادەكانی زەوتكردن ئەمانەتن لەلای زەوتكەر چ لكاو بن وەك قەڵـەوی یـان نـەلكاو بـن وەك بەچـكە و خـوری و شـیر، لەبەرئـەوەی زەوتكـردن رووی لـەوان نـەكردوە، چـونكە زەوتكـردن لابردنـی دەسـتی خاوەنەكـە و جێگیركردنـی دەسـتی خۆیـەتی ئەوەیش نەبووە، بۆیە زامنیان ناكـا، بـەڵام بـە دەسـتدرێژیكردن دەكەونـە ئەسـتۆی و دەبێتـە ←

**سێیەم:** ئەو زیادە نەلکاوەی جیاواز لە شێوە و خیلقەتی زەوتکراوەکە بەرهەم هاتووە، وەك بەروبومی دارودرەخت، هیچ ناکۆکی نیە لەوەی پێویستە لەگەڵ شتە زەوتکراوەکەدا بیگێڕێتەوە ئەگەر مابوو، ئەگەر فەوتابوو بەلای جمهوری شەرعزانانەوە پێویستە زەوتکەر بیبژێرێ جا بە پێدانەوەی نرخەکەی بێ یان هاوچەشنەکەی[1].

هەندێ شەرعزان پێیان وابووە زەمانی ناکەوێتە سەر، ئەویش بەپێی رێسای "الخراج بالضمان"، مادام زەوتکەر زامنی زەوتکراوەکەیە، ئەگەر فەوتا لەکیسی ئەو دەچێ، بۆیە لەبەرانبەر ئەو زەمانەدا بردنی ئەو زیادانەی بەردەکەوێ، جا چ بەرهەمهاتوو بوو یان نابەرهەمهاتوو. هەندێکیان جیاوازییان لەنێوان ماو (القائم) و فەوتاودا کردوە، زەمانی ئەوە دەکا کە ماوە، بەلام زەمانی ئەوەی لێی فەوتاوە ناکا[2].

---

زامنیان وەك ئەوەی لەناوی ببا یان بیخوا یان بیفرۆشێ یان بە رێلێگرتن پاش داواکردنی لەبەرئەوەی موڵکەکە بۆ کەسیتر جێگیر بووە و ئەو دەستدرێژی تێدا کردوە و لەبەرئەوە زامنی دەکا).

[1] لە: المغني ٣٦٠/٢دا هاتووە: (زیادەکانی زەوتکراو لە دەستی زەوتکەردا زەمانی زەوتکردنەکەیە وەك قەڵەوی و فێربوونی پیشە و شتیتر و بەروبومی درەخت و بەچکەی ئاژەڵ، هەرکات شتێکیان لەدەستی زەوتکەردا فەوتا زەمانی دەکا، جا چ لەگەڵ ئەسڵەکەدا فەوتابێ یان نا، ئەمە رای شافیعییە).

[2] لە: المحلی ١٣٦/٨ دا هاتووە: (خەڵك لەمەدا ناکۆکن، هەندێ لە پاشینەکان گوتویانە هەموو ئەوانە بۆ زەوتکەرن، هەندێکیتر گوتویانە هەرچی بەرهەم بێ لە شیر و خوری و کرێ بۆ زەوتکەرە، بەلام بەچکە بۆ شایستەیە، هەندێکیتر جیاوازیان کردوە لەنێوان ئەوەی لەوە ماوە و ئەوەی لێی فەوتاوە و ئەوەی فەوتاوە زەمان ناکرێ. پاشان ئیبن حەزم دەڵێ ئەم رایانە هەموو بەدن، بەڵگەی هەموویان ئەو حەدیسەیە کە سەحیح نیە و تەنها مخلد بن خفاف و مسلم بن خالد الزنجي گێڕاویانەتەوە و دەڵێ، پاشان ئەگەر سەحیحیش بوایە نەدەبووە بەڵگە بۆیان، لەبەرئەوەی لەبارەی کەسێکەوە هاتووە کە کۆیلەیەکی کڕیوە و بۆ سوودی خۆی بەکاری هێناوە، پاشان عەیبێکی تێدا دۆزیوەتەوە و گێڕاویەتیەوە، خەراجەکەی بۆ ئەوە). بۆ زانیاریی زیاتر تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکە.

**چوارەم**: زیادە نابەرهەمهاتووەکانی وەك داهات (خەراج)ەکان و بەدەلی کرێکان و سوود و قازانجەکان و ئەو شتانە، شەرعزانان پێنج رایان لەبارەیانەوە هەیە:

١- بەهیچ شێوەیەك پابەند نابێ بە گێڕانەوەی، ئەویش بەپێی رێسای: خەراج بە زەمانکردنە "الخراج بالضمان"[1]، مادام زەوتکەر زامنی تیاچوونی زەوتکراوەکەیە، خەراجەکەی لە هەموو زیادەکان بۆ ئەوە.

٢- هەر دەبێ بیگێڕێتەوە لەبەرئەوەی زیادەی زەوتکراو زەوتکراوە[2]، جا ئەگەر مابوو پێویستە خۆی، ئەگەریش فەوتابوو بەدەلەکەی بگێڕدرێتەوە، ئەگەر لە هاوچەشنەکان بوو هاوچەشنەکەی و ئەگەر لە بەهاییەکان بوو بەهاکەی، لە سوودەکانیشدا کرێی هاوشێوەی خۆی[3].

٣- ئەگەر ئیستیغلالی کردبوو پێویستە بیگێڕێتەوە، بەلاّم ئەگەر سوودی لێ بینیبوو یان پەکی خستبوو پێویست نیە لەسەری.

٤- ئەگەر ئیستیغلالی کردبوو یان سوودی لێ بینیبوو پێویستە بیگێڕێتەوە، بەلاّم ئەگەر پەکی خستبوو پێویست نیە لەسەری[4].

---

[1] بدایة المجتهد ٢/٣٦٩.

[2] ئیبن حەزم لە کتێبی: المحلی ٨/١٤٠دا لە بەرپەرچدانەوەی حەنەفیەکان کە لەگەلّ کارکردن بەو رێسایەن دەلّێ: (لە سەمەرەکانی دنیا ئەو قسەیەی حەنەفیەتە کە کرێ و داهات بۆ زەوتکەرن).

[3] لە: شرح الازهار ٣/٣٥٢دا هاتووە: (زەوتکەر پابەند دەکرێ بە کرێی هاوشێوە بۆ مالّە زەوتکراوەکە با کەلکیشی لێ وەرنەگرتبێ). لە: المهذب ١/٣٦٧ والمغني ٥/٢٧٠ والروضة البهية ٢/٢٣٤دا هاتووە: (زەوتکەر ئەو داهاتە زامن دەکا کە چنیویەتیەوە و ئەوەی کە نەیچنیوەتەوە، جا چ زەوتکراوەکە خانوبەرە بێ یان گوێزراوە).

[4] لە: بدایة المجتهد ٢/٣٦٩دا هاتووە: (بەلاّم ئەوەی نابەرهەمهاتوو بوو پێنج رای ناکۆك هەیە: یەکەمیان: پێویستە بەکۆ بیگێڕێتەوە بەبێ وردەکاری. دووەم: پێویستە بیگێڕێتەوە ئەویش بەبێ وردەکاری. سێیەم: لەسەریەتی بیگێڕێتەوە ئەگەر کرێی دەست دەکەوت، بەلاّم ئەگەر سوودی بینی یان پەکی خست پابەند نیە بە بۆگێڕانەوە. چوارەم: ئەگەر کرێی دەست دەکەوت یان سوودی بینی لەسەریەتی، بەلاّم ئەگەر پەکی خست لەسەری نیە. پێنجەم: ←

٥- هەندێ شەرعزان جیاوازییان کردوە لە نێوان ئاژەڵ و ئەسڵەکانیتردا و گوتویانە پێویستە بەهای سوودەکانی ئەسڵەکان لە گوێزراوە و خانوبەرە بگوێزرێتەوە، لەبەرئەوەی پارێزراون و زەمانکردنیان تێدا بەدیناییەت، لێرەیشەوە رێسای "الخراج بالضمان" پەیڕەو ناکرێ، جگە لە ئاژەڵ و هاوشێوەی کە زەمانی تێدا بەدیێت و بەهای سوودەکانی ناگەڕێنرێتەوە.

**حوکمی ئەو زیادانەی زادەی دەستوەردانی زەوتکەرن:**

شەرعزانان سەبارەت بە ئەو زیادانەی ماڵی زەوتکراو کە زادەی کردەی زەوتکەرەکەن یەکقسە نین، وەك بیناکردن لەسەر زەویی زەوتکراو و چاندن یان کشتوکاڵ تێدا کردن و قازانجی وەبەرهێنانی زەوتکراوەکە و گۆڕین و تێکەڵکردن.

**لە خوارەوە بەکورتی حوکمی ئەو حاڵەتانە روون دەکرێتەوە:**

**یەکەم- بیناکردن:**

هەر کەس زەویەکی زەوت کرد و بینای لەسەر دروست کرد، لێ زەوتکراو سەرپشکە لەنێوان روخاندنی بیناکە و لابردنی و بەجێهێشتنی داروپەردوەکەی (ئەو مادە سەرەتاییانەی لە بیناکەدا بەکار هاتوون) بۆ زەوتکەرەکە، یان وازلێهێنانی بەو مەرجەی هەقی داروپەردوی بیناکە بداتە زەوتکەرەکە، جا بە هەڵوەشاوەیی مەزەندە بکرێ پاش دەرکردنی کرێی هەڵتەکاندنەوەی، بەڵام هەقی کەمالیاتی بیناکەی ناداتێ وەك گەچکاریکردن و رەونەق پێدان و ئەو شتانە[1].

---

جیاوازی لەنێوان حەیوان و ئوسوڵدا هەیە، بەهای سوودی ئوسوڵەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام بەهای سوودەکانی ئاژەڵەکە ناگێڕێتەوە.

[1] قوانين الاحكام الشرعية ومسائل الفروع الفقهية لابن جزيّ ص٣٤٧. لە: المغني ٥/٢٤٤دا هاتووە: (حوکمی ئەوەی بینا لەسەر زەویی زەوتکراو بکا وەك حوکمی ئەوەیە تێیدا بچێنێ، بەڵام ئەگەر خاوەنی زەویەکە هەقەکەی دلیە خاوەنی بیناکە ناچار دەکرێ قبوڵی بکا ئەگەر لە هەڵوەشاندنەوە (نقض)دا مەبەستێکی دروست نەبێ، لەبەرئەوەی هەڵوەشاندنەوە بێ ئەقڵییە).

ئەوەی کۆڵەکە (سارية)یەك[1] یان تەختەیەك یان کۆمەڵە بەردێك و ئەو جۆرە شتانە زەوت بکات و بینایان پێ بکا، یان بیانخاتە ناو شتێکیتر، خاوەنیان (لێ زەوتکراو) بۆی هەیە بیانباتەوە، با بشبێتە مایەی تێکدان یان نەهێشتنی ئەوەی خراوەتە ناوی، ئەمە رای جمهوری شەرعزانانە.

ئەبوحەنیفە دەڵێ زەوتکەرەکە بە دانی نرخەکەیان دەیانکاتە موڵك، لەبەرئەوەی بردنیان زیان بە زەوتکەر دەگەیەنێ[2]. هەندێکیتریان چوونەتە ناو وردەکاری[3].

**دووەم- چاندن:**

ئەوەی زەویەك زەوت بکا و دار و دەوەنی تێدا بچێنێ، شەرعزانان رای جیاوازیان لەبارەی چارەنووسی ئەو چاندنە هەیە، بەم شێوەیە:

---

[1] بارستەیەکی لولەکییە لە تەختە.

[2] لە: مجمع الضمانات ص١٣٥دا هاتووە: (ئەگەر دارێکی زەوت کرد و لە بیناکەدا بەکاری هێنا یان کردیە دەرگایەك، بە دانی نرخەکەی دەبێتە خاوەنی و مافی خاوەنەکەی پێوە نامێنێ).

[3] وەك شافیعیەت، لە المهذب (٣٧٢/١) دا هاتووە: (ئەگەر ساجێکی زەوت کرد و خستیە بیناکە یان دەزوویەکی زەوت کرد و شتێکی پێ دووریەوە، تەماشا دەکرێ ئەگەر دارەکە کرمۆڵ بوو و دەزووەکە رزی لێی وەرناگیرێتەوە، لەبەرئەوەی بەکاربرلوە و گێڕانەوەی بەسەر چووە و پێویستە هەقەکەی (نرخەکەی) بدات. ئەگەریش وەك خۆی مابوو تەماشا دەکرێ ئەگەر دارەکە لە بیناکەدا بوو و دەزووەکە لە بەرگدا بوو پێویستە دەربهێنرێ و بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنرێتەوە، لەبەرئەوەی زەوتکراوێکە دەکرێ بگەڕێنرێتەوە، بۆیە گێڕانەوەی واجبە وەك ئەوەی بینای پێ نەکرابێ و هیچی پێ نەدورابێ. ئەگەر دەزوویەکی زەوت کرد و برینی حەیوانێکی پێ دووریەوە، جا ئەگەر خوێنی موباح بوو وەك مورتەد و بەراز و سەگی هار پێویستە لێی بکرێتەوە و بگەڕێنرێتەوە، لەبەرئەوەی حورمەتی نیە، بەڵام ئەگەر خوێن حەرام بوو، جا ئەگەر لەوانە بوو گۆشتیان ناخورێ وەك ئادەمیزاد و هێستر و کەر و ترس هەبوو بەهۆی دەرهێنانیەوە بەهیلاکدا بچن، لێی ناکرێتەوە لەبەرئەوەی حورمەتی حەیوان لە حورمەتی ماڵ گەورەترە، ئەگەر لەوانەیش بوو کە دەخورێن دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان ئەوەیە پێویستە بگێڕدرێتەوە).

هەندێ بۆ ئەوە چوون فەرمان بە زەوتکەر دەکرێ بە هەڵکەندنەوەیان و گێڕانەوەی زەویەکە بۆ خاوەنەکەی، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((لیس لعرق ظالم حق) (واتە: ئارەقی ستەمکار مافی نیە))، هەروەها لەبەرئەوەی موڵکداریی خاوەن زەویەکە باقییە و فەرمان بە بەکارهێنەکەی دەکرێ بەتاڵی بکا، وەك ئەوەی دەفری کەسیتر بە خواردنی خۆی بگرێ[1].

هەندێکیان گوتویانە: فەرمانی پێ ناکرێ بە هەڵکەندنەوەی و لێ زەوتکرلو بۆی هەیە هەقەکەی بداتەوە پاش دەرکردنی کرێی هەڵتەکاندنی وەك بینا[2].

**سێیەم: کشتوکاڵکردن (الزرع)**

شەرعزانان بەو شێوەیەی بایەخیان بە روونکردنەوەی ئەحکامی بینا و چاندن لە زەویی زەوتکرلو داوە، بایەخیان بە کشتوکاڵکردن لە زەویی زەوتکراودا نەداوە، لەبەر دوو هۆ:

**یەکەمیان** ئەوەیە کشتوکاڵکردن کارێکی وەرزییە و کاتێکی زۆر لە گرتنی زەوییە داگیرکراوەکە ناخایەنێ، بەوهۆیەشەوە زیانەکەی بەقەبارەی زیانی بیناکردن و چاندنی درەخت نابێ، کە کاتێکی دوور و درێژ دەخایەنێ.

**دووەم:** کەمیی رووداوی کشتوکاڵکردن لە زەویی زەوتکرلو لە سەردەمانی سەلەفی ساڵح و پێشەوایانی مەزەبە فیقهیەکاندا، لەبەرئەوەی زۆریەی زەوییە

---

[1] ئەمە رای جمهوری فیقوانانە لەوانە: الحنفية. الهداية ١٧/٤، والشافعية: المهذب ٣٧١/١، والزيدية: شرح الازهار٥٣٥/٣، والحنابلة: المغني ٢٤٢/٥، تێیدا هاتووە: (ئەگەر نەمامی لە زەوی کەسیتردا چاند بەبێ مۆڵەتی ئەو کەسە، یان بینای تێدا کرد و خاوەنی زەویەکە داوای بڕینی نەمامەکانی کرد پێویستە زەوتکەر ئەو کارە بکا و لەوەدا ناکۆکیەکمان نەدیوە، لەبەرئەوەی سەعید بن زەید بن عوەر بن نوفەیل دەگێڕێتەوە پێغەمبەر فەرمویەتی ((لیس لعرق ظالم حق)) رواه ابوداود والترمذي وقال حديث حسن).

[2] ئەمە رای مالیکییە. لە: (قوانين الاحكام الشرعية)ی ابن جزيّ: ل٢٤٧دا هاتووە: (ئەوەی زەویەك زەوت بکات و دارودرەختی تێدا بڕوێنێ، فەرمانی پێ ناکرێ بە هەڵکەندنیان، لێ زەوتکرلویش مافی ئەوەی هەیە هەقبایەکەی بدرێتێ پاش دەرکردنی کرێی هەڵکەندنەکە وەك بینا).

کشتوکاڵیەکان مردەخاك (الموات) بوون و بەزۆری خاوەنێکی گشتی یان تایبەتیان نەبووە، بەڵکو مردە بوون و هەر کەس بۆی هەبوو لە ناوچەکەی خۆیدا لەرێی کشتوکاڵ و شتیترەوە هەندێ لە زەویەکانی زیندوو بکاتەوە و بەو رێگەیە خاوەندارێتیی زەویەکەی بەدەست دەهێنا، وەك پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: (هەر کەس زەویەکی مردوو زیندوو بکاتەوە، ئەو شایستەترە بۆی)[1].

سەرەرای ئەوەیش هەندێ شەرعزان قسەیان لەسەر حوکمی کشتوکاڵکردن لە زەویی زەوتکراو کردوە و رای جیاوازیان گوتوە، زاڵترینیان ئەوەیە کشتوکاڵکردنەکە لە دەستی زەوتکەردا بهێڵرێتەوە، بەرانبەر بەوە کرێیەك بداتە لێ زەوتکرلو تا کۆتای وەرزی کشتوکاڵکردن، یان خاوەن زەوییەکە کشتوکاڵەکە ببات و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی هەردوولا و رێگرتن لە زیانگەیاندنی گەورە بە لایەکیان، زەوتکەرەکە چ مەسرەفێکی کردوە بۆی بگەڕێنێتەوە[2].

**چوارەم- وەبەرهێنانی زەوتکراو لە مامەڵەی داراییدا :**

ئەو کەسەی بۆ نموونە پارەیەك زەوت بکات و قازانجی لێ بکا، حوکمی ئەو قازانجانە چییە؟ شەرعزانان جیاکارییان کردوە لەنێوان کرینی شتومەکێك بەرانبەر قەرزێك لە ئەستۆدا و پاشان دانەوەی قەرزەکە لە پارە زەوتکرلوەکە، لەگەڵ کرین راستەوخۆ بە پارەکە. لە حاڵەتی یەکەمدا رای زاڵ ئەوەیە ئەوەیە قازانجەکە ئەگەر هەبوو بۆ زەوتکەرە، لەبەرئەوەی بە زەوتکراوەکە شمەکەکەی نەکریوە، بەڵکو قەرزەکەی پێ دلوەتەوە[3].

---

[1] صحيح البخاري: ٨٢٣/٢.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەحکامی شینابیکردن لە زەویی زەوتکرلودا، لە فیقهی حەنبەلی بروانە: المغني لابن قدامة ٢٥٣/٥ و پاشتر. لە فیقهی مالیکی: قوانين الاحكام الشرعية ومسائل الفروع الفقهية لابن جزيّ: لا٣٤٧. لە فیقهی بەرلوبکاریدا: بداية المجتهد لابن رشد الحفيد ٢٧/٢ وميزان الشعراني ٧٨/٢.

[3] لە: الفقه الشافعي ٣٧٠/١دا هاتووە: (ئەگەر چەند درهەمێکی زەوت کرد و کاڵایەکی لەئەستۆدا ←

لە حاڵەتی دووەمدا هەندێکیان پێیان وایە قازانجەکەیش بۆ زەوتکەرەکەیە، بەڵام هەندێکیتریان بۆ ئەوە چوون بۆ لێ زەوتکراوە، شەرعزانانی مالیکی ئاراستەی یەکەمیان پەسەند کردوە ئەگەر مەبەست زەوتکردنی ئەسڵەکە بێ نەك غوللەکەی (قازانجەکە)[1].

**پێنجەم: گۆڕینی شتە زەوتکراوەکە بە کردەی زەوتکەر:**

گۆڕان (التغير) گۆڕانی شتێکە لە بارێکەوە بۆ بارێکیتر لەڕووی چەندایەتی یان چۆنایەتیەوە، یاخود چەندایەتی و چۆنایەتی پێکەوە. گۆڕانی زەوتکراویش یان بە کردەی زەوتکەرەکە دەبێ بە راستەوخۆ یان بە بوونەهۆ، یان بە کردەی کەسێکی سێیەم دەبێ جگە لە زەوتکەر و لێ زەوتکراو، یان بە سروشتی خۆی وەك ئەوەی مادەکە پاش مانەوەی بۆ ماوەیەك، یان بەهۆی هێزێکی بێئامانەوە، ئەگەری گۆڕانی لێ بکرێ.

گۆڕانیش لەوانەیە ببێتە مایەی زیادبوونی نرخی شتە گۆڕاوەکە، بۆ نموونە وەك گۆڕینی تەختە بۆ مێز یان دەرگایەك، لەوانەیشە ببێتە هۆی کەمکردنی نرخەکەی وەك گۆڕانی زەوتکراو بەبەکارهێنانی، لە هەموو بارەکاندا یان ئەوەتا گۆڕاوەکە پارێزگاری لە ناوە ئەسڵیەکەی دەکا، وەك گۆڕینی زەوتکراوەکە بە رەنگێکیتر، یان ناوەکەی لەدەست دەدات و ناوێکیتر جێی دەگرێتەوە، وەك گۆڕینی گەنم بۆ ئارد، پاشان لەوانەیە زۆر و لەوانەیە کەم بێ.

---

کڕی و درهەمەکانی لەهەقیدا دا و قازانجی کرد، لەبارەی قازانجەکەوە دوو را هەیە. (شافیعی) لە قسەی کۆندا (مەزهەبە کۆنەکەی) دەڵێ، بۆ لێ زەوتکراوە لەبەرئەوەی گەشەی موڵکەکەیەتی و وەك بەرویوم و بەچکەی لێهاتووە، بۆیە ئەگەر لە دەستی زەوتکەردا فەوتا هەروەك بەرویوم و بەچکە زامنی دەکا. لە قسەی تازە (مەزهەبە تازەکە)یدا دەڵێ: بۆ زەوتکەرە لەبەرئەوەی ماڵی خۆی خەرج کردوە بۆیە بۆ ئەوە.

[1] لە: بداية المجتهد ٢٦٩/١دا هاتووە: (اما ما اغتل منها (أي من العين المغصوبة) بتصريفها وتحويل عينها كالدنانير، فيغتصبها فيتاجر بها فيربح فالغلة، له قولا واحدا في المذهب وقال قوم الربح للمغصوب (المغصوب منه)).

ئەوەی لەم باسەدا بەلامانەوە گرنگە ئەو گۆڕانەیە بە کردەی زەوتکەر دەبێ، هەروەها حوکمی گۆڕاوەکە بەنیسبەت بەرپرسیاریّتی لەوەی لەو گۆڕانە بکەوێتەوە، حوکمی گۆڕان لەلایەن زەوتکەرەوە بەگوێرەی ئەو حاڵەتە باسکراوانە و پیادەکردنە زۆرەکانی جیاوازە، لێرەدا تەنیا باسی هەندێ لە شێوە گرنگەکانی لە لایەنی کرداریەوە دەکەین:

أ– ئەگەر زیو یان زێڕێکی زەوت کرد و کردنی بە سکەی درهەم و دینار و دەفر، بەلای ئەبوحەنیفەوە هەر بە موڵکی خاوەنەکەی دەمێنێتەوە و دەبیات، بەلای جمهوری شەرعزانانەوە هیچ بۆ زەوتکەر نیە. هەروەها هاوەڵی ئەبوحەنیفە (ئەبویوسف و محەمەد) دەڵێن: دەبێتە موڵکی زەوتکەر بەڵام پێویستە هاوچەشنەکەی بدات.

ب– ئەگەر شتێکی زەوت کرد و گۆڕی، ئەگەر ئەو گۆڕانە کەم بوو زەمانەتی کەمکردنەکەی دەکا، ئەگەریش زۆر بوو وەك بەکاریەر حسێبە و لێ زەوتکراویش نرخەکەی دەکەوێ[1].

ج– ئەوەی خۆی لە گۆڕانی زەوتکراوەکەدا دەیکا یان مەسرەفی تێدا دەکا، قەرەبووی نیە.

د– ئەگەر شتێکی زەوت کرد بەشێوەیەك ناوەکەی نەما، خۆبەخۆ خاوەنداریّتیی لێ زەوتکراو بەسەریەوە نامێنێ و دەبێتە موڵکی زەوتکەر و بەلای حەنەفیەتەوە دەستەبەری پێدانی بەدەلی دەکا[2].

---

[1] لە: مجمع الضمانات ص١٣٢دا هاتووە: (ئەگەر دارعەسایەکی زەوت کرد و شکاندی، یان پۆشاکێکی زەوت کرد و دڕاندی زامنی نوقسانیەکە دەکا ئەگەر هاتوو شکانەکە زۆر بوو بەوەی بوویووە پوش و پەلاش یان بوویووە مێخێك و کەلکی دارعەسای نەمابوو، یان دڕاندنەکە زۆر بوو، بۆی هەیە زامنی نرخەکەی بکا، دڕاندنی زۆر بەلای هەندێ زاناوە ئەوەیە زیاتر لە نیوەی بەهاکەی کەم بکا).

[2] لە: الهدایة ٤/١٥ دا هاتووە: (ئەگەر ماڵە زەوتکراوەکە بە کردەی زەوتکەرەکە گۆڕا تا ناوەکەی و زۆربەی سوودەکانی نەمان، موڵکداریّتیی لێ زەوتکراوی بەسەرەوە نامێنێ و زامنی دەکا و بۆی ←

پێدەچێ بەلگەیان ئەوە بێ گۆڕانی ناو وەك گۆڕانی ماهیەتە كە حوكمی حـوكمی فەوتانە، ئەویش واجیبوونی بەدەلە و لەوەدا جمهوری شەرعزانان لەگەڵیان ناكۆكن[1].

ئیبن حەزمی زاهیری بەرپەرچیان دەداتەوە و دەڵێ: (نـە هـیچ پیلانگڕانێـك دژی ئاین لەمە ئاشكراتر هەیە و نە هیچ فێركردنێكی ستەمی خواردنی ماڵی خەڵك بەناڕەوا لەمە زەقترە، كاتێ بە هەموو فاسقێك دەوترێ: ئەگەر ویستت گەنمی هـەتیوێك یـان هاوسێكەوت ببەیت، مەڕەكەی بخۆیت و جلوبەرگەكەی حەڵاڵ بكەیت و ئـەو ئامـادە نەبوو هیچ لەوانەت پێ بفرۆشێ، زەوتی بكە و بەبێ رەزامەندیی ئەو جلەكانی بدڕە و مەڕەكەی سەربیبڕە و گەنمەكەی زەوت بكە و بیهاڕە، هەموو ئەوە حـەڵاڵی زەڵاڵـە و تەنها ئەوەت لەسەرە هەقبابیەكەیان بدەیت. ئەمە پێچەوانەی قورئانە كە قەدەغـەی كردوە ماڵی خـەڵك بەناهـەق بخـورێ، هـەروەها پێچـەوانەی پێغەمبـەری خوایـە كـە

نیە سوودی لێ وەربگرێ تا بەدەلەكەی دەدا، وەك ئەو كەسـەی بـەرخێك زەوت بكـا و سـەری ببڕێ یان بیكوڵێنێ، یان ئاسنێك بكاتـە شمشـێر یـان مسـێك بكاتـە دەفـر، هـەموو ئەمانـە لای ئێمە، شافیعی دەڵێ مافی خاوەن موڵك ناپچڕێ، ئەمەیش ریوایەتی ئەبویوسفە). بڕوانە: مجمع الضمانات: ص١٢٨.

[1] لە: المغني ٥/٣٦٣دا هاتووە: (ئەگـەر گـەنمێكی زەوت كـرد و هـاڕی، یـان بـەرخێكی سـەربڕی و برژاندی، یان ئاسنێكی كردە چەقۆ و قاچ و قاچاخ، یان تەختەیەكی كردە دەرگـا، یـان جلێكـی پارچـە پارچـە كـرد و دوری، هـەر مـوڵكی خاوەنەكەیـەتی، ئەگـەر كـەمی كردبـوو بـەهای كەمكردنەكەی وەردەگرێ و زەوتكەر هیچی بۆ نیە، ئەمە بەوپێیەی لە راستی مەزەبدایە، ئەمـە گوتـەی شـافیعییە. ئەبوحەنیفـە دەڵـێ لـە هـەموو ئـەم مەسـەلانەدا مـافی خاوەنەكـەی لـێ دەپچڕێ).

هەروەها لە شرح الازهار ٣/٥٣٢ دا هاتووە: (ئەگـەر گۆڕی بـۆ مەبەسـتێك كە بـەزۆری پێیـەوە پەیوەستە نەك بە بەكاربردن، وەك سەربڕینی ئەوەی بۆ خواردن بشێ و گۆڕینی (لێكردنـەوەی پێستەكەی)، هەروەها پارچەپارچەكردنی جلێك و كردنی بـە كراسـێك خاوەنەكـەی سەرپشـك دەكرێ لەنێوان ماڵەكە و نرخەكەیدا و پێدانی جیاوازیی نـرخ (ارش)ی تێدا نیـە. م بـالله دەڵـێ بۆی هەیە تەنها ماڵەكە ببات و جیاوازیی نرخی ماڵەكە لەنێوان پـێش و پـاش عەیبداربوونەكـەی بۆ بكرێتەوە).

دەفەرموێ: (ان دماءکم واموالکم علیکم حرام)) و((من عمل عملا لیس علیه امرنا فهو رد).

کەس لە ئەهلی ئیسلام گومانی لەوە نیە کە هەر جلێك لە تۆپە کوتاڵێك دابدرێ هی خاوەن تۆپە کوتاڵەکەیە، هەر ئاردێك لە گەنمێك بهاڕدرێ هی خاوەن گەنمەکەیە، هەموو گۆشتێکی برژاو هی خاوەن گۆشتەکەیە و هتد[1].

شایانی باسە شەرعزانان جیاکارییان کردوە لەنێوان گۆڕینی خودی زەوتکراوەکە و گۆڕینی بەخستنەسەر، وەك گۆڕینی رەنگی شتە زەوتکراوەکە بە رەنگێکیتر، لەبارەی حوکمی ئەم حاڵەتەیش رای جیاوازیان هەیە:

هەندێکیتر گوتویانە زەوتکەر دەبێتە شەریکی لێ زەوتکراو ئەگەر لێ زەوتکراو رازی نەبوو پارەی بۆیەکە بدات و زەوتکەر رازی نەبوو نرخی زەوتکراوەکە بدا، بەڵام ئەوەی باسی لە شەراکەت کردوە دەستی بەم مەرجەوە نەگرتوە[2]، هەندێکیش بۆ ئەوە چوون کە پێویستە زەوتکەر نرخی رۆژی زەوتکردنەکە بدات[3].

---

[1] المحلی ١٤٢/٨ ئەوەی وردەکاریی زیاتری دەوێ با سەر لەو سەرچاوەیە بدات.

[2] لە: المهذب ٣٧٢/١دا هاتووە: (ئەگەر جلێکی زەوت کرد و بە رەنگێك بۆیەی کرد، تەماشا دەکرێ، ئەگەر نرخی جلەکە و رەنگەکە زیاد و کەمی نەکرد، بەوەی نرخی جلەکە دە و نرخی رەنگەکە دە بوو و نرخی جلەکە بە زەوتکراوی بوو بە بیست، بە رەنگەکە دەبێتە شەریکی خاوەن جلەکە، لەبەرئەوەی رەنگەکەیش ماڵە و نرخی هەیە، ئەگەر جلەکە فرۆشرا پارەکەی نیوە بەنیوە دەبێ لەنێوانیان، ئەگەر نرخەکەی زیادی کرد، بەوەی نرخی جلەکە بوو بە سی، زیادە لە موڵکەکەیدا روو دەدا، لەبەرئەوەی بە کردەی ئەو و ماڵی ئەو و ماڵی کەسیتر زیادی کردوە، ئەوەی لە ماڵەکەی زیاد بوو دەبێتە موڵکی، لەبەرئەوەی زادەی کارکردنی خۆیەتی لە ماڵەکەیدا، جا ئەگەر جلەکە فرۆشرا، پارەکەی بەنیوە لەبەینیاندا دابەش دەکرێ و تاد). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوەیە.

[3] لە: بدایة المجتهد ٣٦٨/٢دا هاتووە: (ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە رەنگ لەکیسدانە و زەوتکەر پابەند دەکا بە نرخی رۆژی زەوتکردنەکە).

هەندێ شەرعزان پێیان وایە زەوتکەر شایستەی هیچ نابێ، لەبەرئەوەی رەفتاری بە مالی کەسیترەوە کردوە بەبێ مۆلەتی خۆی، هەروەها بە قیاسکردنی بە خەرجکردن لە شتی جوانکاری (الكماليات)دا[1].

بەلام رای زالْ ئەوەیە بابەتەکە بەهاویەشی بێ، لەبەرئەوەی بنەماکانی شەرع وا دەخوازن مالی زەوتکەر لەبەر زەوتکردنەکەی حەلالْ نەکرێ.

**شەشەم: گۆڕان بە تێکەلکردن (المزج):**

(المزج) تێکەلکردنی دوو شت یان زیاترە، کە یان ئەوەتا لە یەك جۆرن[2] یان لە جۆردا جیاوازن، لە هەردوو بارەکەیشدا یان دەکرێ ئەمیان لەویان جیا بکرێتەوە یان ناکرێ، جا ئەگەر دەکرا جیا بکرێنەوە پێویستە جیا بکرێنەوە پاشان بگەڕێنرێتەوە، ئەگەریش نەکرا هەر حالەتێك بەم شێوەیە حوکمی لەبارەوە دەدرێ:

أ- ئەگەر تێکەلی کرد بە جۆرەکەی خۆی و نەکرا جیا بکرێنەوە سێ حالەتە: یان ئەوەتا لە نرخدا یەکسانن، یان یەکێکیان لەویتریان باشتر و بەنرخترە، یان نزمترە.

١- ئەگەر لەگەلْ هاونرخێکی خۆی تێکەلی کرد، وەك ئەوەی صاعێك زەیت تێکەلْ بە صاعێك زەیت بکا کە لە بەهادا یەکسان بن، ئەوا دەبێ زەوتکەر صاعێکی لەوە بداتێ، لەبەرئەوەی پاش تێکەلکردنەکە مەحالە مالەکە خۆی بدرێتەوە، بۆیە دروستە بەشێك لە مالەکەی خۆی و بەشێك لە هاوچەشنەکەی بداتێ.

ئەگەر زەوتکەر ویستی ئەو ئەندازەیەی لە جۆرێکیتر بداتێ و لێ زەوتکراو داوای دەکرد لە جۆرەکەی خۆی بێ، دوو بۆچوون هەیە:

---

[1] بڕوانە: المغني ٥/٢٦١ و پاشتر.

[2] فیقوانان وشەی رەگەز (الجنس) لەباتیی جۆر بەکاردێنن، بەلام لەڕووی مەنتیقیەوە زاراوەی جۆر راستە، بۆ نموونە گەنم و جۆ بە دوو جنس دادەنێن لەکاتێکدا دوو جۆرن لە جنسی دانەوێلە.

**یەکەمیان**– کە ئەمە رای زاڵە ئەوەیە زەوتکەر سەرپشکە، لەبەرئـەوەی نـاتوانێ ماڵەکەی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، بۆیە وەك ئەوەی فەوتابێ، دروستە لەباتیدا لە هیتر هاوچەشنەکەی بداتێ.

**دووەم**– لەسـەریەتی صـاعێکی لـەوە بـداتێ، لەبەرئـەوەی دەتـوانێ هەنـدێ لـە ماڵەکەی خۆی بداتەوە، بۆیە لـە هەموویدا پـەنا بـۆ بەدەلەکـەی نابـا، وەك ئـەوەی برێـك پـارەی زەوت کردبـێ و هەنـدێکی بفـەوتێ، ئەوکاتـە ئـەوەی ماوەتەوە بۆی دەگێڕێتەوە و ئەوەیشی فەوتاوە لەجیاتیدا بەدەلی دەداتێ.

٢– ئەگەر لەگەڵ لە خۆی باشتر تێکەڵی کرد، ئەگەر زەوتکـەر صـاعێکی لـە دوو صاعە تێکەڵەکە دایە پێویستە لێ زەوتکراو قبوڵی بکا، لەبەرئەوەی ماڵەکـەی بۆ داناوە لەگەڵ ئەندازەی ئەوەیش لە جۆرێکی لەخۆی باشـتر، بـەڵام ئەگـەر ئەندازەی ئەوەی خۆی لە جۆرێکیتر دایـە و لـێ زەوتکـراو داوای صـاعێك لـە تێکەڵەکەی دەکرد، دوو بۆچوون هەیە:

**یەکەمیان**– کە ئەمەیان زاڵە، ئەوەیـە زەوتکـەر سەرپشـکە، لەبەرئـەوەی پـاش تێکەڵکردن ئیتر گێڕانەوەی زەوتکراوەکە مەحاڵە و هاوچەشنەکەی لێ قبوڵ دەکرێ.

**دووەم**– هەمووی بفرۆشرێ و پارەکەی بەگوێرەی نرخی هەردووکیان لەنێوانیاندا بەش بکرێ.

٣– ئەگەر لەگەڵ جۆرێکی خراپتر تێکەڵی کرد. ئەگـەر لـێ زەوتکـرلو داوای کـرد لەوە بیدرێتەوە و زەوتکەر رازی نەبوو، ناچار دەکرێ بـە دانـی، لەبەرئـەوەی (یەکەمیان) رازی بووە مافەکەی بە نوقسانی وەربگرێتەوە.

ئەگەر داوای ئەندازەکەی کرد لە هیتر و زەوتکەر نەیدا، ناچار دەکرێ بیداتێ، لەبەرئەوەی تێکەڵەکە لە مـافی خـۆی (مەبەسـت لـێ زەوتکـراوە) کـەمترە و مولزەم نیە بیبات.

هەندێ شەرعزان بـۆ ئـەوە چـوون هـەمووی بفرۆشـرێ و پارەکـە بـەگوێرەی

نرخەکانیان لەنێوانیاندا بەش بکرێ.

ب- ئەگەر لەگەڵ جۆرێکیتری جیاواز تێکەڵی کرد و نەتوانرا لێك جیا بکرێنەوە، وەك ئەوەی تەنێك گەنم زەوت بکات و لەگەڵ جۆی خۆی یان هی کەسیتر تێکەڵی کرد، بەوە دەبێتە بەکاربەری و نرخەکەی دەکەوێتە مل لە بارێکدا زەوتکراوەکە لە نرخدارەکان بوو، یان هاوچەشنەکەی ئەگەر لە چەشندارەکان بوو[1].

هەندێ پێیان وایە[2]، ئەگەر نەتوانرا لێك جوێ بکرێنەوە لە شێوەکانی جیاوازی لە جۆردا، هەمووی دەفرۆشرێ و پارەکەی لەنێوانیاندا بەش دەکرێ.

بەلای توێژەرەوە ئەم رایە زاڵە، لەبەرئەوەی لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکە و پاککردنەوەی ئەستۆدا ئاسانترە و لە دادپەروەریش نزیکترە.

**پابەندبوون بە بۆگێڕانەوەی بەدەل (بریتی):**

زەوتکەر بەهۆی کارە ناڕەواکەیەوە، پابەند دەبێ بە بۆگێڕانەوەی زەوتکراوەکە ئەگەر مابوو لەگەڵ ئەو زیادانەی ماون، ئەگەر ئەوە نەکرا پەنا بۆ دانی بەدەل دەبا لە هاوچەشنی شتە فەوتاوەکە ئەگەر لە هاوچەشنەکان بوو، یان بەهاکەی ئەگەر بەهاییەکان بوو یان هاوچەشن بوو و چەشنی ئەوە لە بازاڕ و دەستی خەڵکدا نەمابوو. شەرعزانان کۆدەنگن کە ئەو کەسەی شتێك زەوت بکا هاوچەشنی هەبێ، وەك شتێك، بپێورێ یان کێشانە بکرێ و لە دەستیدا بفەوتێن، لەسەریەتی هاوچەشنەکەی بداتەوە، لەبەرئەوەی هاوچەشنەکە واجبە، خوا دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ﴾ . هەروەها لەبەرئەوەی هاوشێوە دادپەروەرانەترە لەو رووەوە رەچاوی رەگەز و دارایی (المالیە)ی تێدا دەکرێ،

[1] بڕوانە: المجموع شرح المهذب ۳۰۵/۱۳. شرح الازهار ۵۳۹/۳. الروضة البهية ۲۳۵/۲.

[2] ئەوانیش شافیعیەکانن. المجموع، سەرچاوەی پێشوو.

هەریۆیە زیاتر لەبارپدایە زیانەکە نەهێڵێ، بەڵام ئەگەر نەیتوانی پێویستە بەهاکەی بدات[١].

**مەرجەکانی بۆگێڕانەوەی هاوچەشن:**

بۆ گێڕانەوەی هاوچەشن و پاکبوونەوەی ئەستۆی زەوتکەر، ئەم پێنج مەرجەی خوارەوە پێویستن:

١– لە شوێن (محل)ی داواکردنیدا نرخی هەبێ، ئەگەر لەوێدا نرخەکەی لەدەستدا، وەك ئەوەی لە ئاوێك لە بیابانێکدا بەفیڕۆ بدا، پاشان لە جێیەکدا کۆ ببێتەوە کە ئاو تێیدا هیچ نرخێکی نەبێ، نرخەکەی بە نرخی شوێنی فەوتانەکەی دەکەوێتە سەر.

٢– لە گواستنەوەیەوە لە شوێنی داواکردن بۆ شوێنی زەوتکردن تێچووی نەبێ، ئەگەر گواستنەوەی ئەوەی دەویست نرخەکەی لە شوێنی تەلەفبوونەکە دەکەوێتە سەر.

٣– لەسەر نرخەکە رێك نەکەوتبن، ئەگینا کار بەوە دەکرێ کە لەسەری رێك کەوتوون.

٤– هاوچەشن نەگۆڕابێ بۆ (متقوم)، وەك کردنی ئارد بە نان یان بە هاوچەشنێکیتر، وەك کردنی خورما زەوتکراوەکە بە شەربەت، ئەگینا ئەگەر ئەوەی هاوچەشنی بۆ گۆڕابوو بەنرختر بوو، لە حاڵەتی یەکەمدا بە نرخێك زامنی دەکا (واتە بژاردنی زیانەکەی دەگرێتە ئەستۆ)، لە حاڵەتی دووەمیشدا خاوەن موڵك (لێ زەوتکراو) سەرپشك دەکرێ بەوەی دلوای هەریەك لە دوو هاوچەشنەکەی لێ بکا، ئەگەریش وا نەبوو بەرەهایی هاوچەشنیان تێدا زامن دەکا، جا نرخەکەی چ وەك ئەویتر، یان لەو زیاتر بێ.

---

[١] الهداية ٤/١١–١٣. بداية المجتهد ٢/٣٦٦. تحفة المحتاج ٦/١٦. المهذب ١/٣٦٨. الروضة البهية ٢/٣٣٢. المغني ٥/٢٨٠.

٥- بوونی هاوچەشنەکەی لە دەستی خەڵك یان بازاڕدا، ئەگەر نەبوو لەباتیدا نرخەکەی دەدرێ[1].

**کاتی مەزندەکردنی نرخی هاوچەشن (قیمة المثل):**

پێشتر روونمان کردەوە کە هاوچەشنی شت ئەوەیە لە شێوە و مانادا یەکسانی بێ، ئەگەر یەکێك لەو دوو رەگەزە لە هەر شتێکدا نەبوو، سیفەتی هاوچەشنی لەدەست دەدات و بە بەهایی دەژمێرێ، وەك لە حاڵەتەکانی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی نرخی دراو لە ئاڵوێرکردنی نێو خەڵکدا، بۆ نموونە مادەی (٤٠٤)ی یاسای سزاکانی عێراقی دەڵێ: (هەرکەس گۆرانی یان قسەی بێڕەوشتانە (فاحش) یان بێئابڕووانە لە شوێنێکی گشتیدا بەئاشکرا بڵێ، بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە ساڵێك زیاتر نەبێ یان بە غەرامەیەك لە سەد دینار زیاتر نەبێ سزا دەدرێ، جا چ خۆی بیڵێ یان لەرێی ئامێرێکەوە). هیچ ماقوڵ نیە ئەمڕۆ دادوەر بە هەمان بڕ حوکم بدات، لە باقیی مادەکانیتریشدا کە سزای غەرامەکردنیان بە بڕێکی دیاریکراو لە دیناری عێراقی تێدا دانراوە بەهەمان شێوە، بەڵکو پێویستە نرخی دینار بە نرخی ئاڵتون لەکاتی دانانی یاساکەدا مەزەندە بکرێ.

**شەرعزانان سەبارەت بە کاتی مەزندەکردنی نرخی زەوتکراوەکە رای جیاوازیان هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە.**

١- ئەبوحەنیفە دەڵێ[2]: بە نرخی رۆژی حوکمەکە دەقەبڵێنرێ، لەبەرئەوەی گواستنەوە لە هاوچەشنەوە بۆ بەهایی تەنها بە برانی شتەکە (الانقطاع) جێگیر نابێ، لەبەرئەوە ئەگەر ئارامی بگرتایە تا هاوچەشنەکە پەیدا دەبوو ئەو مافەی هەبوو. بەڵکو بە بڕیاری قازی دەگوێزرێتەوە.

[1] اعانة الطالبين على فتح المعين ١٣٨/٣.
[2] الهداية ١٢/٤.

٢- ئەبو یوسف هاوەڵی ئەبوحەنیفە دەڵێ: بە نرخی ڕۆژی زەوتکردنەکە دەقەبڵێنرێ، لەبەرئەوەی کاتێ دەبڕێ دەچێتە ریزی ئەوەی هاوچەشنی نیە، هەریۆیە نرخی ڕۆژی گرێدرانی هۆکە (زەوتکردنەکە) حساب دەکرێ، لەبەرئەوەی ئەوە واجبکەرە[1]، ئەمە بۆچوونی مەزەبی مالیکیشە[2].

٣- محەمەد و زفر هەردوو هاوەڵی ئەبوحەنیفە دەڵێن: بەنرخی ڕۆژی بڕان (الانقطاع) دەقەبڵێنرێ، لەبەرئەوەی وەك واجب هاوچەشن لە ئەستۆدایە، بە نەمان دەگوێزێتەوە بۆ نرخ، هەریۆیە نرخی ڕۆژی بڕانەکە لەبەرچاو دەگیرێ[3].

٤- ئیمامی[4] و زاهیری[5] و هەندێ زەیدی[6] دەڵێن واجب بەرزترین نرخە لە ماوەی نێوان ڕۆژی زەوتکردن بۆ ڕۆژی تەلەفکردن.

٥- رای جمهوری زەیدی لەگەڵ رای ئەبوحەنیفە کۆکە[7].

٦- شافیعی چوار قسەی هەیە:

**یەکەمیان**: لەگەڵ راکەی ئەبوحەنیفە کۆکە.

**دووەم**- بەرزترین نرخ دادەنرێ کە لە ماوەی نێوان ساتی زەوتکردن بۆ ساتی دەستنەکەوتنی هاوچەشندا هەبووە، هەروەها بەرزترین نرخی زەوتکراو دادەنرێ کە لە ساتی نێوان زەوتکردن بۆ ساتی تەلەفکردن هەبووە.

---

(١) الهدایة، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) بدایة المجتهد ٢/٣٦٦. الخرشي على مختصر سیدي خلیل ٦/١٣٥. قوانین الاحکام الشرعیة لابن الجزيّ: ص٣٤٦.

(٣) الهدایة، سەرچاوەی پێشوو.

(٤) لە :الروضة البهیة ٢/٢٣٢دا هاتووە: (نرخی باڵا لەنێوان کاتی زەوتکردن بۆ کاتی تەلەفکردنیە لەبەرئەوەی هەر حاڵەتێك لە حاڵەتەکانی لەو کاتەدا زامنکراوە).

(٥) المحلى ٨/١٣٩.

(٦) شرح الازهار ٣/٥٤٧.

(٧) سەرچاوەی پێشوو.

**سێیەم:** بەرزترین نرخ لە ساتی زەوتکردنەوە بۆ ساتی حوکمدان هەیبووە، چونکە ئەوەی تا ساتی حوکمدانەکە لە ئەستۆدا واجبە هاوچەشنە، هەروەها تا کاتی تەلەفبوونەکە واجب لە زەوتکراوەکەدا گێڕانەوەی ماڵەکەیە، پاشان بە زیاترین نرخ غەرامە دەکرێ کە لەنێوان ساتی زەوتکردن بۆ ساتی تەلەفبوونەکە هەیبووە، بۆیە پێویستە لە هاوچەشندا زیاترین نرخ دابنرێ کە تاکاتی حوکمدانەکە هەیبووە.

**چوارەم:** رای وابووە ئەگەر لەوە بوو کە لە کاتێکدا هەیە و لەکاتێکیتردا دەبڕێ و نامێنێ، بەهاکەی لە سەروەختی بڕانەکەدا حسێب بکرێ، لەبەرئەوەی بە بڕان هاوچەشن نامێنێت و بەهاکە واجب دەبێ، ئەگەر لەوانەیش بوو لە دەستی خەڵك نابڕێ بەڵام لە هەندێ شوێندا دەست ناکەوێ، بەهاکەی لە کاتی حوکمدانەکەدا واجب دەبێ، چونکە بەبێ حوکمدانەکە نەبێ ناگوێزرێ بۆ نرخ[1].

هەروەها ئەگەر هاوچەشنەکە بە گرانتر لە نرخی هاوچەشن دەست دەکەوت، دوو ئاراستە هەیە:

یەکەمیان: هاوچەشنی لەسەر واجب نابێ، لەبەرئەوەی بوونی شتەکە بە زیاتر لە نرخی هاوچەشن وەك نەبوونی وایە.

دووەم: لەسەریەتی، لەبەرئەوەی هاوچەشن وەك ماڵەکە وایە، کە ئەگەر بۆ گێڕانەوەی ماڵەکە پێویستی بەچەند قاتی نرخەکەی دەبوو، لەسەریەتی بیکا، هاوچەشنەکەیش بەهەمان شێوە[2].

بەرهەمی ناکۆکی لەبارەی کاتی مەزەندەکردنی نرخەکەی ئەوەیە، ئەوەی زەوتکراوی بە بەها لەسەر زەوتکەر لە رۆژی زەوتکردنیدا بە زامن داناوە، وا تەماشای ئەو گەشە یان کەمکردنەی کردوە کە تێیدا رووی داوە وەك ئەوەی لە موڵکێکی راست

---

[1] المهذب ٢/٣٦٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

و دروستدا رووی دابێ و داهات (قازانج)ی بۆ واجب کردوە، بەڵام لە کەمکردندا هیچ شتێکی لەسەری حسێب نەکردوە لەبەرئەوەی خستنەئەستۆ یاخود بەزامنکردن بەموڵککردنە.

رای زاڵیش ئەوەیە ئەبوحەنیفە و ئەوانەی هاوڕای ئەون گوتویانە، کە عیبرەت بە نرخی رۆژی حوکمدانە لەلایەن دادوەرەوە، لەبەرئەوەی بەها خۆبەخۆ جێی هاوچەشن ناگرێتەوە، بەڵکو پێویستە بە حوکمی دادوەر بێ، هەروەها لەبەرئەوەی لێ زەوتکراو مافی چاوەڕوانکردنی هەیە تا هاوچەشنەکە لە دەستی خەڵك و بازاڕ پەیدا دەبێ.

**ناکۆکیی نێوان زەوتکەر و لێ زەوتکراو:**

بابەتی نێوان ناکۆکیی زەوتکەر و لێ زەوتکراو سەبارەت بە زەوتکردن، لەلایەن شەرعزانان لە سەرجەم مەزەبە فیقهیەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان باس کراوە[1].

بەبڕوای لەخۆبوردوانەی ئێمە ئەوە پێویست نیە، لەبەرئەوەی بناغەی یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییە و هیتر بۆ ئەم بناغە فیقهیانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

أ- ئەسڵ مانەوەی هەر شتێکە بەو شێوەیەی هەبووە[2].

ب- زیان لادەبرێ[3].

---

[1] بۆ نموونە لە (مجمع الضمانات) للبغدادي (ص١٣٩-١٤٠)دا فەسڵێکی تایبەت هەیە بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە و پیادەکردنەکان، لەوانە: (ئەگەر ولاخێکی زەوت کرد و لەناوچوو و خاوەنەکەی بەڵگەی خستەڕوو کە لەلای زەوتکەر بەهۆی سواربوونیەوە فەوتاوە، زەوتکەریش بەڵگەی خستە روو کە گێڕاویەتیەوە بۆی و لای خاوەنەکەی فەوتاوە، بەڵگەی خاوەنەکەی لەپێشترە و نرخەکەی بە زەوتکەر دەبژێردیری).

وای دەبینم لەپێشبوونەکە لەو رووەوەیە ئەسڵ ئەوەیە بۆگێڕانەوە و ئەستۆپاکبوونی زەوتکەر هەردووکیان لە سیفەتە سەرهەڵداوەکانی پاش زەوتکردنن، ئەسڵیش مانەوەی شتەکەیە وەك خۆی تا پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێ.

[2] گۆڤاری: الاحكام العدلية (م٥).

[3] گۆڤاری: الاحكام العدلية (م٢٠).

ج- زیان بە هاوچەشنەکەی لانابرێ[1].

د- ئەسڵ ئەستۆپاکییە[2].

هـ- ئەسڵ لە سیفەتە سەرهەڵداوە (عارض)ەکاندا نەبوونە[3].

و- ئەسڵ ئەوەیە ڕوودلو بدرێتە پاڵ نزیکترین کاتەکانی[4].

ز- ڕێسای: قسە بۆ خاوەن دەستە جا چ بەناڕاستەوخۆ بێ وەك زەوتکەر، یان ئەمین بێ وەك لەلادانراو (الوديع)[5].

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بنچینانەدا دەسەڵاتی مەزەندەکردن دەدرێتە دادوەر لە یەکلاکردنەوەی هەر ناکۆکیەکی نێوان دوو دژبەر بەشێوەیەکی گشتی و لەنێوان زەوتکەر و لێ زەوتکراو بەشێوەیەکی تایبەت. لەبەرئەوەی شەرعزانان گوتویانە ئەگەر زەوتکەر و لێ زەوتکراو سەبارەت بە ڕەگەزی زەوتکراو یان سیفەتی یان ئەندازەکەی ناکۆکی کەوتە نێوانیان، هیچ کامیشیان بەلگەیان نەبوو، قسە قسەی زەوتکەر دەبێ و سوێند دەخوا[6]. ئەمەیش لەو ڕووەوەیە زەوتکەر لەگەڵ ئەسڵ و لێ زەوتکراو لەگەڵ پێچەوانەی ئەسڵە، دووەم دەبێ بەڵگە بێنێتەوە بەڵام یەکەم تەنها سوێندخواردنی بەسە.

**زەوتکەری زەوتکەر:**

حوکمەکانی زەوتکەر بەسەر زەوتکەری زەوتکەریشدا دەچەسپێ، چونکە ئەو دەستانەی بەدوای یەکدا دەکەونە سەر زەوتکەر دەستی زامنکردنن، چ هەموویان بە زەوتکردنەکە بزانن یان نەیزانن، لەبەرئەوەی چییەتیی زەوتکردن بە ڕەفتارکردن بە

---

[1] گۆڤاری: الاحكام العدلية (م٢٥).

[2] گۆڤاری: الاحكام العدلية (م٨).

[3] گۆڤاری: الاحكام العدلية (م٩).

[4] گۆڤاری: الاحكام العدلية (م١١).

[5] درر الحكام ٢/٤٨٥. الاستاذ الننون، المبسوط ٢/٢٦٦.

[6] قوانين ا لاحكام الشرعية وسائل الفروع الفقهية، لابن الجزيّ: ص٣٤٨.

ماڵی کەسیترەوە بەبێ ئیزنی خۆی ئێتەدی و دەچێتە ژێر حوکمی گشتی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێ: (على اليد ما اخذت حتى تؤديه). بەڵام ئەوەی ئاگەداری زەوتکردنەکە نەبێ لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، بەڵکو تەنها لەڕووی مەدەنیەوە لێی دەپرسرێتەوە.

خاوەن موڵك (لێ زەوتکراو) سەرپشك دەکرێ لەوەی هەر یەکێکیان، یان هەموویان، بکاتە زامنی ماڵە زەوتکراوەکە و قازانجەکەی، ئەگەر یەکێك لە زەوتکەرەکان لە زەوتکردنەکە بێئاگا بوو دەتوانێ بەرۆکی ئەوەیان بگرێ لە فریوی داوە و لە دۆخەکە ئاگەداری نەکردۆتەوە[1].

**سکاڵای زەوتکردن:**

ئەگەر سکاڵاکار (لێ زەوتکراو) بە دانپێدانان یان بەڵگەیەك پاش ئاگەدارکردنەوەی، لەسەر سکاڵا لەسەرکراو (زەوتکەر)ی ساغ کردەوە، بەو حوکمانەی زەوتکردن کە باسمان کرد حوکمی لەسەر دەدرێ، ئەگەریش نەیتوانی ئەوەی ئیدیعای دەکا بسەلمێنێ، پێویستە قازی پابەند بێ بەمانەی خوارەوە:

أ- ئەگەر سکاڵا لەسەرکراو (المدعى عليه) بە چاکی و دەستپاکی ناسرابوو، سوێندی لەسەر نیە و سکاڵاکار سزایەکی تەمێکارانە دەدرێ، تا زماندرێژی لەسەر کەسانیتری بێتاوان نەکا.

ب- ئەگەر سکاڵا لەسەرکراو دۆخی شاراوە بێ[2] و لە خەڵکی مامناوەندی بێ، سوێندی لەسەر نیە و سکاڵاکاریش تەمێ ناکرێ.

ج- ئەگەر سکاڵا لەسەرکراو لەوانە بوو بەو شتانە تۆمەتبار دەکرا، ئەوا سوێندی لەسەرە، ئەگەر ملی بە سوێندخواردن نەدا، سکاڵاکار سوێند دەخوات و دەبێتە شایستەی ئەوەی ئیدیعای دەکا.

---

[1] الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية ٢/٢٣١.

[2] نەزانرێ پیاوچاکە یان پیاوخراپ.

د- ئەگەر سکاڵا لەسەرکرلو بە زەوتکردن ناسرابوو، بەلای هەندێ شەرعزانەوە[1] دروستە لێی بدرێ و هەڕەشەی زیندانکردنی لێ بکرێ، تا دان بە راستیەکەدا پێدا بنێ.

**پابەندیەکانی زەوتکەر لە بارێکدا نوقسانی روو بدات:**

جێبەجێکردنی پابەندی بە بۆگێڕانەوەی زەوتکرلو بەس نیە لە بارێکدا مابێ و نوقسانی[2] یان پاش نوقسانیەکە و بەر لە گێڕانەوەی عەیبێکی تێدا روودابێ، بەڵکو دەبێ زەوتکەر جگە لەوە جیاوازیی نرخ (الارش)یش بدا، یان قەرەبووی ئەو نوقسانیە بکاتەوە.

بەڵام بۆگێڕانەوەی زەوتکرلو ئەگەر واجب بوو رێکەوتنی لەسەر هەبوو، ئەوا ئەرشی نوقسانیەکە ناکۆکی لەبارەوە هەیە، وەك لە خوارەوە هاتووە:

١- جمهوری شەرعزانان لەوانە شافیعی[3] و حەنبەلی[4] و زاهیری[5] و ئیمامی[6] و

---

[1] ئەوانیش مالیکین، بڕوانە: قوانین الاحكام الفقهية، سەرچاوەی پێشوو ل٣٤٧.

[2] ناتەولویی شت (نقص الشيء): بریتییە لە نەمانی بەشێکی شتەکە یان سیفەتێك لە سیفەتەکانی. عەیب: ئەوەیە نرخ یان سوودی شتە عەیبدارەکە کەم دەکاتەوە. الارش: بریتییە لە جیاوازیی نێوان نرخی شتەکە بەساغی و نرخەکەی بە عەیبداری.

[3] لە: المجموع شرح المهذب ١٣/٢٩٤دا هاتووە: (ئەگەر هەندێ لە ماڵە زەوتکرلوەکە تەلەف بوو و نرخی باقیەکەی کەمی کرد، نرخی تەلەفبووەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، کە بەرزترین نرخیەتی لە ماوەی نێوان کاتی زەوتکردنەکەوە تا کاتی تەلەفبوونەکەی و گێڕانەوەی باقیەکەی لەگەڵ ئەرشی نوقسانیەکە).

[4] لە: المغني لابن قدامة ٥/٣٦٤دا هاتووە: (ئەگەر رەگەزەکەی گۆڕی، وەك ئەوەی گەنم بگۆڕێ بۆ ئارد، ناتەولوی رووی دلوە و دەبێ ئەرشەکەی بدا).

[5] لە: المحلی، ئیبن حەزمی زاهیری ٨/١٣٥دا هاتووە: (هەر کەس شتێك زەوت بکا، فەرزە لەسەری بیگێڕێتەوە لەگەڵ هاوچەشنی ئەوەی لێی فەوتاوە، یان بیگێڕێتەوە لەگەڵ هاوچەشنی ئەو سیفەتانەی کەمیان کردوە).

[6] لە: الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية ٢/٢٣٣ دا هاتووە: (ئەگەر زەوتکرلو عەیبدار بوو و خودی ماڵەکە نەفەوتا، کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی ئەرشەکەی زامن دەکا لەبەرئەوەی بریتیی ئەو ←

هەندێ حەنەفی[1] بۆ ئەوە چوون زامنکردنی کەمکردنەکە بەڕەهایی لەسەر زەوتکەرە جا چ بە هێزێکی بێئامان روویدابێ، یان بەخۆی، یان بەکردەی زەوتکەرێك، یان بە کردەی کەسیتر.

٢- هەندێکیتر بۆ ئەم وردەکارییەی خوارەوە چوون:

أ- بەهیچ شێوەیەك نابێتە زامنی نوقسانیەکە جا چ کەمکردنەکە بەهۆی هێزێکی بێئامانەوە بووبێ یان کردەی زەوتکەرێکەوە[2].

ب- ئەگەر کەمکردنەکە بەهۆی هێزێکی بێئامانەوە بوو و زەوتکەر دەستی تێیدا نەبوو، نابێتە زامنی نوقسانیەکە، بەپێچەوانەی ئەوەی ئەگەر کەمکردنەکە دەسیسەی زەوتکەرەکە یان کاری کەسیتر بێ[3].

ج-ئەگەر کەمکردنەکە بەکردەی زەوتکەرەکە بوو لێ زەوتکراو سەرپشکە لەنێوان ئەوەی نرخی ماڵەکە لە رۆژی زەوتکردنەکەی لێ بسەنێ، یان ماڵەکە بباتەوە لەگەڵ قەرەبووی نوقسانیەکە[4].

---

شتانەیە کەمی کردوە یان برێتیی هەندێ سیفەتە، هەردووکیشیان زامنکراون جا کەمکردنەکە بەدەستی زەوتکەر بووبێ یان کەسیتر، یا لەلایەن خولیشەوە بووبێ) واتە بە هێزێکی بێئامان کە ئیرادە دەستی تێیدا نیە.

[1] لە: مجمع الضمانات: ص١٣٣دا هاتووە: (هەرچی کەمکردنە بە فەوتانی سیفەتێك یان بەشێکی، ئەوا لە گەردنیدایە، لەبەرئەوەی بە زەوتکردنەکە هەموو بەشەکانی کەوتونەتە زەمانی ئەو).

[2] ئەمە رای ئەشهوبە لە مەزهەبی مالیکی، هەروەها لە مواهب الجليل-ی حەتتاب ٣٢٨/٧ دا هاتووە: (ئیبن عەرەفە دەڵێ: ئەشهوب پێی وابووە ئەگەر شتێکی جۆراوجۆری زەوت کرد و لە دەستیدا کەمیان کرد، لەسەریەتی لە رۆژی زەوتکردنیدا بیکاتە زامنی، یان بەنوقسانی بیبات و هیچی بۆ نیە).

[3] ئەوەیە مالیکی پەسەندی کردوە. لە: بداية المجتهد ٢/٣٦٦دا هاتووە: (بەڵام ئەو نوقسانیەی بەهۆی شتێکی ئاسمانیەوە بێ (هێزێکی بێئامان)، ئەوا هەر دەبێ بە نوقسانی وەریبگرێ، یان نرخی زەوتکردنەکەی زامن بکا).

[4] بەڵام هەندێ فیقهوانی مالیکی لەبارەی کاتی قەرەبووکردنەوەی ناتەواویەکەدا جیاوازن، هەندێکیان وتویانە نرخی رۆژی روودانی ناتەواویەکە دەکرێتە بناغە، هەندێکیشیان رۆژی ←

د- هەندێکیان کەمکردنی گەورە و بچوکیان لێك جیاکردۆتەوە و گوتویانە، لە یەکەمیاندا نرخەکەی زامن دەکات و لە دووەمیاندا قەرەبووی نوقسانیەکە دەکاتەوە[1].

هـ- ئەگەر کەمکردنەکە بەکردەی کەسیتر (جگە لە زەوتکەرەکە) بوو، لێ زەوتکراو سەرپشکە لەنێوان ئەوەی زەوتکەر زامنی نرخی ڕۆژی زەوتکردنەکەی بکات و زەوتکەر شوێن ئەو کەسیترە بکەوێ، یان واز لەم زەوتکەرە بێنێ و شوێن ئەو کەسیترە بکەوێ.

**کەمکردن بەهۆی دابەزینی نرخ لە بازاڕ**

جمهوری شەرعزانان رایان وایە زەوتکەر زامنی ئەو کەمکردنە نابێ ئەگەر گێڕانەوەکە لە شوێنی زەوتکردنەکەدا بێ[2]. لەوەدا زاهیریەکان هاوڕایان نین و دەڵێن زامن دەبێ[3]، بەڵام بەلای ئەوەی پێی وایە بەدەل بەرزترین نرخی ماڵەکە دەبێ لە

---

زەوتکردنیان بە بناغە داناوە.

[1] ئەمە رای ئەبوحەنیفەیە، لە: مجمع الضمانات: (ئەگەر دار عەسایەکی زەوت کرد و شکاندی یان جلێکی زەوت کرد و دڕاندی، زەمانی نوقسانیەکە دەکا. ئەگەر شکاندنەکە دژوار بوو، بەوەی دارەکە بوو بە پوش و پەڵاش یان بە مێخێك و بەکەڵکی ئەوە نەما وەك دار عەسا بەکار بێ، بۆی هەیە نرخەکەی بخاتە گەردنی).

[2] لە: مجمع الضمانات: ص١٣٢دا هاتووە: (کەمکردن بەهۆی دابەزینی نرخەوە لەلایەن زەوتکەرەوە زامنکراو نیە ئەگەر بۆگێڕانەوەکە لە شوێنی زەوتکردنەکەدا بوو).

لە: المغني ٥/٣٦٠ دا هاتووە: (زەوتکەر لەسەری نیە زامنی ئەو نرخە بکا کە بەهۆی گۆڕانی نرخەوە لە هەقبابیەکەدا پەیدا بووبێ).

[3] لە: المحلى لابن حزم الظاهري ٨/١٣٩دا هاتووە: (زیانکردنی بەها بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان لە بازاڕدا دەکەوێتە گەردنی (زەوتکەر)، لەبەرئەوەی کاتێ بەهاکەی زیادی کرد دەبوو بیگێڕێتەوە بۆی کە یەکسان بوو بەو نرخە، ئەگەر ئەوە لەسەری بێ و پاشان نرخەکەی کەم بکا، نابێتە ڕێگر بۆ گێڕانەوەی ئەوەی پێویست بوو بیگێڕێتەوە).

مـاوەی نێـوان ڕۆژی زەوتکـردن و ڕۆژی تەلەفبوونـدا، پێویسـتە زەوتکـەر زامنــی کەمکردنەکە بێ ئەگەر پاش دابەزینی نرخەکەی لە بازاڕ بەتەواوی لەناوبرا[1].

پێم وایە ڕای دروست ئەوەیـە پێـی وایـە زەوتکـەر بـەرەهایی بەرپرسـە لـە هـەر کـەموکورتی و عـەیبێك پـاش زەوتکـردن و پـێش گێڕانـەوەی بـۆ خاوەنەکـەی لـە زەوتکراودا ڕوویدات، جا چ نوقسانی یاخود عەیبەکە بەهۆی هێزێکی بێئامانـەوە یـان بە خودی خۆی یان بە کردەی زەوتکەر یان بە کـردەی کەسـێتر ڕوویـدابێ، ئـەویش لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- کـەمکردن لەناوچـوونێکی بەشـەکیی زەوتکـراوە چ لـە خـودی خۆیـدا یـان لـە وەسفێك لە وەسفەکانیدا، وەك چۆن ئەگەر تەلەفبوونەکـە تـەواوەتی بـێ زامـن دەبـێ، بەهـەمان شـێوە زامنــی تەلـەفی بەشـەکیش دەبـێ کـە پێـی دەوتـرێ کەمکردن (نقص) یان عەیب، لەو ڕووەوە حوکمی (کل) بەسـەر بەشەکانیشـیدا دەچەسپێ[2].

٢- دەسـتی زەوتکـەر دەسـتی زەمانکردنـە و ئـەو لـە هـەموو ئـەوەی پـاش زەوتکردنەکە تێیدا ڕوودەدات بەرپرسە و زیان بە مافی لێ زەوتکراو دەگەیەنێ، بەچاوپۆشین لە سەرچاوەکەی با لە ڕوودانی ئـەو ڕوودلوەدا دەسـتدرێژکار یـان کەمتەرخەمیش نەبووبێ.

٣- زەوتکەر نیەتخراپە و لەسـەر هـەر زیانێـك بـەهۆی کـردەوە ناڕەواکەیـەوە بـە زەوتلێکراو بگا، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ، جا زیانەکە گەورە بێ یان نا.

---

[1] لە: الوجيز للغزالي ١/٢١٠دا هـاتووە: (ئەگـەر شـتێکی زەوت کـرد نرخەکـەی (دە) بـوو و بـوو بـە درهەمێك و وەك خۆی بۆی گێڕایەوە هیچـی ناکەوێتـە سـەر، لەبەرئـەوەی فەوتێنـەر ئـارەزووی خەڵکە نەك شتێك لە زەوتکراو، بەڵام ئەگەر بەر لە گێڕانەوەی فەوتا پێویستە دە بدا، کـە ئـەوە ئەوپەڕی نرخە).

[2] لە: الاختيار لتعليل المختار ٣/٨٥ دا هاتووە: ئەگەر کەمی کرد زەمانی کەمکردنەکە دەکا، ئەویش بە پێوانەکردنی بەش لە سەر هەموو.

٤- قیاسکردن لەسەر فرۆشتنی قابیل بە هەڵوەشاندنەوە بۆ عەیبی فرۆشراو، کڕیار سەرپشکە لەنێوان هەڵوەشاندنەوە یان وەرگرتنی ئەرشی کەمکردنەکە و هەڵنەوەشاندنەوەی فرۆشتنەکەدا، ئەگەرچی فرۆشیار کارێکی ناڕەوای نەکردوە.

**کەمکردن بەهۆی شکانی نرخی دراوەکەوە:**

ئەگەر زەوتکراو پارە بوو و پاش زەوتکردنی شکا و هێزی کڕینی دابەزی، جمهوری شەرعزانان و یاساناسان پێیان وایە قەرزار تەنها بە گێڕانەوەی ئەوەی بردویەتی لەڕووی بڕ و جۆرەوە پابەند دەکرێ، جا چ بردنەکە بە رێگەیەکی رەوا بێ وەك قەرزکردن، یان ناڕەوا بێ وەك لە زەوتکردندا، وەك باس کرا.

پێشتر روونمان کردەوە ئەمە ناهەقییە بەرانبەر مافی قەرزدەر و پێچەوانەی دادپەروەرییە، بۆ نموونە ئەو کەسەی سەد دیناری عێراقی لە کەسێك زەوت بکا لەکاتێکدا دینارێك بەرانبەر مسقاڵێك زێڕ بووە، ئایا رەوای هەقە بڕیار بدرێ کە لێ زەوتکراو هەر شایستەی ئەو بڕە پارەیە دەبێ لەکاتێکدا نرخی مسقاڵێك زێڕ لە هەشتا هەزار دینار زیاتر بێ؟ وەك پێشتر باسمان کرد، دابەزینی نرخی دراو لە هاوچەشنەوە دەیگۆڕێ بۆ بەهایی و بۆگێڕانەوە بە هاوچەشن نابێ، بەڵکو بە بەهاکەی دەبێ.

**کەمکردنی بەهای زەوتکراو بەبەکارهێنان:**

ئەسڵ وایە هیچ ناکۆکیەك لەبارەی زەمانکردنی ئەم کەمکردنەدا نەبێ لای ئەو کەسە نەبێ کە پێی وایە دەبێ رێسای: (الغنم بالغرم) جێبەجێ بکرێ، کە پیادەکردنی لە بابی زەوتکردندا لۆژیکی یاسایی و دادپەروەری رەتی دەکەنەوە. مادەی (١٩٥)ی مەدەنیی عێراقی دەڵێ: (ئەگەر بەهای زەوتکراو پاش زەوتکردنی کەمی کرد، پێویستە لێ زەوتکراو وەك خۆی قبوڵی بکاتەوە لەگەڵ پاراستنی مافی قەرەبووکردنەوەی لە زیانەکاینتر، بەڵام ئەگەر بەهای زەوتکراوەکە بەهۆی بەکارهێنانیەوە لەلایەن زەوتکەرەوە، یان بەکردەی ئەو، کەمی کرد زەمانی دەکەوێتە سەر).

# خواستی دووەم:
# حوکمە مەدەنیەکانی زەوتکردن
# لە یاسای مەدەنیی عێراقیدا

## سەرچاوەی پابەندیی زەوتکەر لە یاسادا:

سەرچاوەی راستەقینەی سەرجەم ماف و پابەندیەکان لەوانەی ملکەچی یاسان یاسا و لەوانەی ملکەچی شەریعەتن شەریعەتە.

بەڵام یاسا نوێکانی وڵاتانی عەرەبی رێڕەوێکی کلاسیکییان گرتۆتە بەر و سەرچاوەکانی پابەندییان بە پێنج سەرچاوە داناوە: گرێبەند (العقد) + ئیرادەی تاکانە (الارادة المنفردة) + کردە زیانبەخشەکە (یان کارە نامەشروعەکە) + زەنگینبوون بەبێ هۆ (یان بەدەستهێنان بەبێ هۆ) + یاسا.

لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا ئەوەمان روون کردەوە ناونانی جگە لە یاسا بە سەرچاوە، لە لۆژیکی یاساییدا کارێکی ناوردە مەگەر لەرووی مەجازەوە[1]، ئەویش لەبەر زۆر هۆ کە پێشتر باس کران، لەپێشیانەوە ئەوەیە پابەندی حوکمێکی تەکلیفییە سەرچاوەکەی یاسایە نەك ئیرادەی تاك، ئاراستەی فیقە و یاسای نوێیش لەسەر ئەوە گیرساونەتەوە کە بناغەی هێزی پابەندکاری گرێبەند یاسایە نەك دەسەڵاتی ئیرادە، وەك لە سایەی رێبازی تاکەکەسی (فردي)دا باو بوو[2].

---

[1] لەبەرئەوەی لەڕاستیدا هۆن، پاشان زانایانی یاسا عەقدیان بە هۆیەکی پەیداکەر داناوە، جا چۆن هۆبوون و سەرچاوەبوون لە شتێك و لە کاتێکدا کۆ دەبنەوە، لەکاتێکدا ئەوان لە چییەتی و خاسیێت و ئاسەواردا لێك جیاوازن.

[2] الاستاذ د.اسماعيل غانم: النظرية العامة للالتزام، مصادر الالتزام: ص٥٠ بند ٢٩ وص٣١١ بند١٥٤.

گرێبەند لە ئیرادەی تاکانە و کردەوەی زیانبەخش و زەنگینبوون بەبێ هۆ بەهێزترە، جا ئەگەر بنچینە لەودا یاسا بێ ئەوا بۆ ئەوانیتر لە پێشترە. لە روانگەی ئەم ئاراستە کلاسیکیەی باس کرا، سەرچاوەی پابەندبوونی زەوتکەر خودی زەوتکردنەکەیە وەك کردارێکی زیانبەخشی نارەوا (نامەشروع).

**چۆنیێتیی چارەسەری حوکمەکانی زەوتکردن لە یاسای مەدەنیی عێراقیدا:**

یاسای مەدەنیی عێراقی فەزڵی پێشەنگبوونی بەسەر باقیی یاسا عەرەبییە نوێکانەوە هەیە لەرووی کارتێکرانی بە فیقهی مەزنی ئیسلامی، کە بە سامانێکی بەنرخ دادەنرێ و پێشەوایانی فیقە (رەحمەتی خوا لە گیانی پاکیان) بۆیان بەجێ هێشتوین. ئەو فیقهە ئەگەر وەبەر بهێنرایە و لە هەندێ نموونە و پیادەکردن کە لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووریی نوێدا ناگونجێ، پاڵفتە بکرایە، دەبووە سەرچاوەیەکی بەپیت بۆ یاساکانی وڵاتانی ئیسلامی و نائیسلامی. بەڵام یاسای مەدەنیی عێراقی وەك یاسای ئوردنی و یەمەنی لە پشتبەستنی بە گۆڤاری (الاحكام العدلية) لە حوکمەکانی زەوتکردندا سەرکەوتوو نەبوو، لەبەرئەوەی ئەم گۆڤارە کە لە فیقهی ئەبوحەنیفە وەرگیراوە، ئەگەر بە مەزهەبە فیقهییە ئیسلامیەکانیتر بەراورد بکرێ، کەموکورتی تێدایە.

زیاد لەوەیش، هیچ یاساناسێکم لە عێراق نەدیوە دەست بداتە شەرحکردنی ئەو مادانە و سەرنج لەسەر نووسینیان، جگە لە مامۆستای رێزدار و گەورە مامۆستا دکتۆر حسن ئەلزەنون (خوا تەمەنی درێژ بکا)[1].

لەبەرئەوە بەکورتی قسە لەسەر هەندێ ناتەواویەکانی نێو ئەو یاسایە سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەحکامی زەوتکردن لە مادەکانی (١٩٢–٢٠١)دا دەکەم:

---

[1] لە کتێبەکەی بەناونیشانی: المبسوط في المسؤولية المدنية ٢/٢٥٧–٣٦٦ لە تۆ خواستدا.
سەرنج: د.زەڵمی لە چەند شوێنێکدا نزای تەمەندرێژی بۆ دکتۆر حەسەن زەنون دەکا، کە کاتی نووسینی ئەم کتێبە لە ژیاندا بووە، بەڵام ناوبراو لە ساڵی ٢٠١٤ کۆچی دوایی کرد. من بۆ پاراستنی ناو و ناوەرۆکی کتێبەکە وەك خۆی ئەو نزایانەم هێشتوتەوە – وەرگێڕ).

**١- مادەی (١٩٢):** (پێویستە ماڵی زەوتکراو وەك خۆی بگێڕدرێتەوە و لە شوێنی زەوتکردنەکەدا رادەستی خاوەنەکەی بکرێتەوە ئەگەر هەبوو، خۆ ئەگەر لە شوێنێکیتر سەری بە خاوەنی ماڵەکەدا هەڵتەقی و ماڵە زەوتکراوەکەی پێ بوو، ئەگەر خاوەنەکەی حەزی کرد لەوێ لێی وەردەگرێتەوە، ئەگەریش ویستی بیگێڕێتەوە بۆ شوێنی زەوتکردنەکە ئەوا خەرجی گواستنەوە و ئەرکی گێڕانەوەی لەسەر زەوتکەرە، بەبێ ئەوەی ئەمە کار لە قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیتر بکا). ئەم مادەیە هەمان مادەی (٨٩٠)ی گۆڤاری (الاحکام العدلیه)یە جگە لەو قەیدەی لە کۆتاییەکەیدا هاتووە.

**حوکمە دیارەکانی ئەم مادەیە:**

١- پابەندبوونی زەوتکەر بە گێڕانەوەی خودی زەوتکراوەکە بۆ خاوەنەکەی یان ئەو کەسەی نوێنەرایەتی دەکا، ئەگەر ماڵەکە مابوو.

٢- بۆگێڕانەوەکە لە شوێنی زەوتکردنەکەدا دەبێ، ئەگەر لە شوێنیتردا بێ دەبێ بە رەزامەندیی لێ زەوتکراو بێ.

٣- مەسرەفی بۆگێڕانەوە لە ئەستۆی زەوتکەردایە.

٤- ئەگەر زەوتکردنەکە زیانێکی لێ کەوتەوە، پێویستە زەوتکەر قەرەبووی بکاتەوە، ئەمە جگە لە پابەندبوونی بە گێڕانەوەی ماڵەکە.

**ناتەواویەکانی ئەم دەقە:**

١- باسی ئەوەی نەکردوە کە مەرجە وەرگری زەوتکراو بەفام بێ و توانای پارێزگاریکردن لە زەوتکراوەکەی هەبێ، کە ئەم مەرجە لە سەرجەم سەرچاوە فیقهیەکان[1]، هەروەها لە مادەی (٨٩٦)ی گۆڤاری الاحکام

---

[1] لەوانە: مجمع الضمانات في فقه ابي حنيفة: ص١٤٠: (ئەگەر مێردمنداڵەکە لەوانە بوو توانای پارێزگاریکردنیان هەیە، بەوەی ئەقڵی بە وەرگرتن و بەخشین دەشکا، دروستە، ئەگینا نابێت و وەك ئەوەی لێ دێ کە زینی لە پشتی وڵاخی کەسیتر هەڵگرتبێ، پاشان بیگێڕێتەوە بۆ پشتی وڵاخەکە، دروست نیە).

العدلیه[1]دا هاتووە، بەڵام بەمەرجی دانەناوە لێ زەوتکراو بزانێ ئەوەی وەریدەگرێ زەوتکراوەکەیە.

٢- شوێنپێی حەنەفیەتی هەلگرتوە لە قەرەبووکردنەوەی زیان بەبێ ئەوەی راشکاوانە باس لە جیاوازیی نرخ (واتە ئەرش)ی نوقسانی بکا، کە بریتییە لە جیاوازیی نێوان بەهای شتەکە بە ساغی لەگەڵ بەهاکەی بە عەیبداری، کە جمهوری شەرعزانان ئیقراریان کردوە.

٣- دەقی مادەکەی گۆڤاری ناوبرای وەك خۆی بەبێ گۆڕینی تاکە وشەیەکیشی گواستۆتەوە.

**٢- مادەی (١٩٣):** (زەوتکەر زامن دەکا ئەگەر ماڵە زەوتکراوەکەی بەکار برد یان تەلەفی کرد، یان بفەوتێ و لەدەستی بچێ، یان هەندێك یاخود بەشێکی تەلەف کرد جا بەدەستدرێژی بێ یان بەبێ دەستدرێژی). هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە دەستی زەوتکەر دەستی زەمانە و بەرەهایی زامنی چارەنووسیەتی لەژێر دەستیدا.

ئەم مادەیە بەشێکە لە مادەی (٨٩١)ی گۆڤارەکە کە بەحەرفی گوێزراوەتەوە و وازی لە باقیەکەی هێناوە کە گرنگترین ئەحکامی حاڵەتەکانی تەلەفبوونی زەوتکراوی تێدایە، لەبەرئەوە مادەکە بەناتەواو هاتووە و ئەحکامی حاڵەتەکانی لەناوچوونی زەوتکراو یان فەوتانی لەخۆ نەگرتوە، لەوانە:

أ- زەمانکردنی هاوچەشن بە هاوچەشن و بەهایی بە بەهایی.

ب- ئەگەر هاوچەشن بڕا و نەما کار بە بەها دەکرێ.

ج- لە مەزەندەکردنی بەهاکەدا بەهای ماڵە زەوتکراوەکە لەرۆژی زەوتکردن یان رۆژی تەلەفبوون یان بەرزترین بەهای لە ماوەی نێوان رۆژی زەوتکردن بۆ رۆژی تەلەفبوونەکە بەگوێرەی جیاوازیی شەرعزانان، حساب دەکرێ، یاسادانەریش ئەو کاتەی دیاری نەکردوە.

---

[1] دەقی مادەکە: (ئەگەر لێ زەوتکراو مێرمنداڵ (صبی) بوو و زەوتکەر زەوتکراوەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەگەر بەفام و توانای پاراستنی ماڵی هەبوو، دروستە ئەگینا نا).

د- باسی حوکمی بەدەستهێنانی زەوتکراوی پاش فەوتان و بژاردنی نرخەکەی بۆ لێ زەوتکراو نەکردوە، پێشتر باسی ئەم حوکمەمان کرد.

هـ- ئەوەی لە بڕگەی دووەمی مادەی (١٩٨)دا هاتووە، شوێنی باسکردنی (١٩٣)یە.

**٣- مادەی (١٩٤/١-٣)**: بەحەرفی بە هەر سێ بڕگەکەیەوە لە گۆڤارەکەوە گوێزراوەتەوە، بە پێش و پاش خستن.

ب١- (ئەگەر زەوتکراو لای زەوتکەر گۆڕا لێ زەوتکراو سەرپشکە، ئەگەر ویستی خودی زەوتکراوەکە دەگێڕێتەوە بە قەرەبووی زیانەکانیترەوە، ئەگەریش ویستی واز لە زەوتکراو دێنێ و زەوتکەر دەکاتە زامن).

ئەمە هەمان مادەی (٨٩٧)ی گۆڤارەکەیە جگە لە قەیدی: (بە قەرەبووی زیانەکانیترەوە).

لە عەیبەکانی ئەم بڕگەیە ئەوەیە چارەسەری حاڵەتی گۆڕانی زەوتکراو لەبەر خودی خۆی کردوە کە دەبێتە مایەی ناتەولوی و زیان، بەڵام حاڵەتی گۆڕان لەبەر خودی خۆی فەرامۆش کردوە، کە دەبێتە مایەی زیادکردن و سوود، وەك ئەوەی زەوتکراو بچوك و پاشتر گەورە بووبێ، یان لەڕ و لاواز و پاشتر قەڵەو بووبێ.

هەروەها باسی حوکمی گۆڕان بە کردەی سروشتی تێدا نیە، وەك ئەوەی زەوتکراو زەویەك بێ و لافاو بەپیتتری کردبێ، یان زەویەکەی زیاد کردبێ کە پێی دەوترێ لیتە (الطمی)[1] و لەڕێی میراتەوە مافێك لە مافەکانی هاوەڵیکردن بچێتە پاڵ.

ب٢- (بەڵا ئەگەر زەوتکەر ماڵە زەوتکراوەکەی گۆڕی بەشێوەیەك ناوەکەی بگۆڕێ، زامن دەبێ و ماڵە زەوتکراوەکە بۆ ئەو دەمێنێتەوە، ئەوەی گەنمی کەسیتر زەوت بکات و لە زەویەکەیدا بیچێنێ، دەبێتە زامنی گەنمەکە، بەڵام بەرهەمەکەی بۆ ئەو دەمێنێتەوە).

---

[1] مادەی (١١١٣)ی مەدەنیی عێراقی: (ئەگەر رووبار قوڕ و لیتە هێنایە سەر زەویی کەسێك، دەبێتە موڵکی ئەو).

ئەم بڕگەیە بەحەرفی لە مادەی (٨٩٩) وەرگیراوە کە باس لەوە دەکا هەر گۆڕانێك لەلایەن زەوتکەرەوە ببێتە مایەی گۆڕینی ناوی زەوتکراو، وەك کردنی گەنم بە ئارد، زەوتکراوەکە خۆبەخۆ دەبێتە موڵکی زەوتکەر و پێویستە زەمانی بەدەلەکەی بۆ لێ زەوتکراو بکا.

شەرعزانانی حەنەفی لەسەر ئەم رایە گیرساونەتەوە، بەڵام سەرجەم شەرعزانانی ئیسلامی سەرکۆنەیان کردوە، بەتایبەت ئیبن حەزمی زاهیری وەك باسمان کرد. دەبوو یاسادانەری عێراقی وریای ئەمە بێت و کار بە رای جمهوری شەرعزانان بکا، وەك پێشتر روون کرایەوە.

ب٣- (ئەگەر زەوتکەر بە زیادکردنی شتێك لە ماڵی خۆی بۆ زەوتکراوە، هەندێ وەسفی زەوتکراوەکەی گۆڕی، لێ زەوتکراو سەرپشکە، ئەگەر ویستی بەهای زیادەکە دەداتە زەوتکەر و زەوتکراوەکە بەعەینی لەگەڵ قەرەبووەکانیتردا وەردەگرێتەوە، ئەگەریش ویستی واز لە زەوتکراوەکە دێنێ و بۆ زامنکردنی دەگەڕێتەوە سەر زەوتکەر).

ئەم بڕگەیە دەقی مادەی (٨٩٨)ی گۆڤارەکەیە جگە لە دەستەواژەی : (لەگەڵ قەرەبووەکانیتر).

**لە عەیبەکانی ئەم بڕگەیە:**

أ- چارەی یەك حاڵەتی کردوە، ئەویش ئەوەیە زیادەکە بووبێتە مایەی زیادکردنی بەهاکەی بەو شتانەی خراونەتە سەری، ئەویش بە قەرینەی ئەوەی دەڵێ: (ئەگەر ویستی، بەهای زیادەکە دەداتە زەوتکەر)، ئەگەر نەبووە مایەی ئەوە زەوتکەر لە بەرانبەر ئەوەی بۆ زەوتکراوەکەی زیاد کردوە هیچ مافێکی نابێ.

ب- دەشێ زیادەکە جوانکاری (کەمالیات) بێ و بە کۆدەنگیی شەرعزانان و یاساناسان لێ زەوتکراو لە دانی نرخەکەی یان کەمکردنی بەرپرس نیە، لەبەرئەوەی زەوتکەر دەستدرێژیکار و نیەتخراپە و دەستی دەستی زەمانکردنە و مافی نیە هیچ رەفتارێك بە زەوتکراوەوە بکا، یان هیچی بخاتە

سەر.

ج- دەشێ زیادە ببێتە مایەی کەمکردنی بەهای زەوتکراوەکە، ئەمەیش وەك پێشتر باسمان کرد شەرعزانان لێیان کۆڵیونەتەوە و پێویستە لەسەر زەوتکەر ئەرشی کەمکردنەکە بداتە لێ زەوتکراو، دەبوو یاسادانەری عێراقی دەست بە رای زاڵ لە فیقهی ئیسلامیدا بگرێ، ئەویش ئەوەیە ئەگەر بووە مایەی زیادبوونی بەهاکەی زەوتکراوەکە دەفرۆشرێ و هەرکەس پشکی خۆی لە نرخەکەی دەبا بەگوێرەی پشی لە زەوتکراوەکەدا، وەك پێشتر روون کرایەوە.

٤- مادەی (١٩٥): (ئەگەر بەهای زەوتکراوەکە پاش زەوتکردن کەمی کرد، لێ زەوتکراو هەر دەبێ وەك خۆی قبوڵی بکا بەبێ ئەوەی مافی لە قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیتر بخورێ، بەڵام ئەگەر بەهای زەوتکراوەکە بەهۆی بەکارهێنانی زەوتکەر یان بەکردەی ئەو کەمی کرد، زەمانی دەکەوێتە سەر).

ئەم مادەیە هەمان مادەی (٩٠٠)ی گۆڤارەکەیە جگە لەو برگەیەی دەڵێ: (قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیتر)، بەڵام لە گۆڤارەکەدا لەباتیی (لێ زەوتکراو هەر دەبێ وەك خۆی قبوڵی بکا)، ئەوە هاتووە کە (خاوەنەکەی بۆی نیە قبوڵی نەکا و داوای بەهاکەی دەکا لە کاتی زەوتکردنەکەدا).

پێشتر روونمان کردەوە ئەم مەسەلەیە بابەتێکی جێناکۆکییە، هەندێ شەرعزان رای جیاواز لەمەیان بووە وەك زاهیری و ئیمامی و هەر هەموو ئەوانەی پێیان وابووە بەرزترین نرخی دەکەوێتە ئەستۆ کە لەنێوان رۆژی زەوتکردن تا رۆژی گێڕانەوە یان تەلەفبوونەکەدا هەیبووە، گوتویانە بەرپرس دەبێ لە کەمکردنی بەهای زەوتکراوەکە پاش زەوتکردنەکە لە ئەنجامی دابەزینی نرخ لە بازاڕدا، بەڵام هیچ ناکۆکی نیە لە زەمانکردنی کەمکردنی بەهاکە بەهۆی کردەوەی زەوتکەرەوە.

رای زاڵ لە فیقهی ئیسلامیدا ئەوەیە زەوتکەر بەهیچ شێوەیەك بەرپرس نیە لە کەمکردنی نرخ و بەهای زەوتکراوەکە لەئەنجامی دابەزینی نرخەکان، جا چ زەوتکراو خانوبەرە بێ یان گوێزراوە. یاسادانەری عێراقیش دەستی بەوەوە گرتووە. چاکیشی

کردوە.

**٥- مادەی (١٩٦):** (زیادەکانی زەوتکراو وەك ئەو زەوتکراون، ئەگەر فەوتان با بە دەستدرێژیی زەوتکەریش نەبێ، زەمانی دەکەوێتە گەردن).

لە باشیەکانی ئەم مادەیە ئەوەیە، لە کارتێکران بە فیقهی حەنەفی و گواستنەوەی حەرفی لە گوڤارەکەوە دەرچووە وەك لە مادەکانی پێشوودا دیمان، لەبەرئەوەی بۆچوونی حەنەفیەکان لە حسابنەکردنی زیادەکان بە زەوتکراو لە روانگەی پێناسە نامەنتیقی و نادادپەروەرانەکەیان بۆ زەوتکردن[1]، بازنەی بەرپرسیارێتیی ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر ماڵی خەڵك بەرتەسك دەکاتەوە. فیقهی ئەبوحەنیفە ئەگەرچی فیقهێکی کرداریی پێگەیشتووە و لەسەر شیکردنەوە و رێکسازی و ئەنجامگیری و تاوتوێکردنی حوکمەکە لەلایەن ئەبوحەنیفە و هاوەڵانی بەر لە ئیقرارکردنی دامەزراوە، بەڵام فەلسەفەکەیان لە هەندێ مەسەلەدا پاڵی پێوە ناون بۆ ئیقرارکردنی هەندێ حوکمی نادادپەروەرانە، ئەم فیقهە لە زۆر حوکمیدا خزمەتی زەوتکەری کردوە، جا یان بە ئیقرارکردنی دەسکەوتێك بوویێ بۆی، یان بە قوتارکردنی لە بەرپرسیارێتیی مەدەنی و جینائی تەنها بە دانی بەدەلی زەوتکراوەکە بەتەنی[2].

---

[1] لە: الاختيار لتعليل المختار في فقه ابي حنيفة ٣/٩١دا هاتووە: (زیادەکانی زەوتکردن ئەمانەتێکی لکاون وەك قەڵەوی، یان نەلکاون وەك بەچکە و بەروبوم و خوری و شیر، لەبەرئەوەی زەوتکردنەکە بەسەر ئەوانەدا نەهاتوە، لەبەرئەوەی لابردنی دەستی خاوەن موڵك و جێگیرکردنی دەستی ئەوە، کە ئەوە نەبووە، بۆیە زامنی ناکا، بەڵام بە دەستدرێژیکردن زامنی دەکا بەوەی تەلەفی کرد یان خواردی، یان رێ لێگرتن پاش داواکردنەوەی ماڵەکە).

[2] لەو حوکمە نادادپەروەرانە خۆبەخۆ بەخاوەنبوونی زەوتکەرە بۆ زەوتکراو لەبەرانبەر بەدەلەکەی، تەنیا بە گۆڕینێك لە زەوتکراودا کە ناوەکەی دەگۆڕێ، وەك گۆڕینی گەنم بۆ ئارد. هەروەها لەوانە زەمانەکردنی زەوتکەر بۆ سوودەکانی زەوتکراو، لەبەرئەوەی بە نوێبوونەوەی کات نوێ دەبێتەوە، بۆیە ماڵ نیە.

لە عەیبەکانی ئـەم مادەیـە ئەوەیـە لـە پابەنـدکردنی زەوتکـەر بـە بۆگێڕانـەوەی زیادەکانی زەوتکراو ئەگـەر مـابوون بێـدەنگ بـووە، لەبەرئـەوەی جیـاوازی لـەنێوان ماڵەکان و زیادەکاندا نیە لە پێویستیی گێڕانەوەیان لە باری مانەوەیان لـە بندەسـتی زەوتکەردا، هەروەها گێڕانەوەی بەدەلە هاوچەشنەکەی لە هاوچەشنەکان و بەهاکەی لە شتە بەهاییەکاندا ئەگەر بەراستەقینە یان بە حوکم فەوتابوون[1].

٦- مادەی (١٩٧): (زەوتکراو ئەگەر خانوبەرە بوو زەوتکەر پابەنـد دەکـرێ بـە گێڕانەوەی بۆ خاوەنەکەی لەگەڵ کرێی هاوشێوەی. ئەگـەر خانوبەرەکـە فـەوتا یـان بەهاکەی کەمی کرد با بەبێ دەستدرێژیی زەوتکەریش بێ، زەمانی لەسەرە).

ئەم مادەیە بریتییە لە نیوەی یەکەمی مادەی (٩٠٥)ی گۆڤارەکە لەگەڵ زیادکردنی فەوتان (التلف) بۆ کەمکردن و زیادکردنی قەیدی: (با بەبێ دەستدرێژیی زەوتکەریش بێ). بەڵام نیوەی دووەمی وەرنەگرتوە کە باس لەوە دەکا زەمان نابێ تەنها ئەوکاتە نەبێ کە فەوتان یان نوقسانیەکە بەکردەوەی زەوتکەر بێ. هەروەها رای ئەبوحەنیفە و ئەبویوسفی وەرنەگرتوە[2].

لـە باشـیەکانی ئـەم مادەیـە ئەوەیـە رای جمهـوری شـەرعزانانی ئیسـلامییان وەرگرتوە کە خانوبەر وەك گوێزراوە دەبێتە بابـەتی زەوتکـردن، بەپێچـەوانەی رای ئەبوحەنیفە و ئەبویوسف.

---

[1] تەلـەفی حـوکمی وەك ئـەوەی ماڵەکـە لەلایـەن زەوتکـەرێکیترەوە زەوت بکـرێ یـان بـدزرێ، بەشێوەیەك گێڕانەوەی ئاستەم بێ.

[2] لـە: مجمـع الضـمانات: ص١٢٦ دا هـاتووە: (بەپێچـەوانەی محەمـەد، بـەلای هـەردوو شـێخەوە (ئەبوحەنیفە و ئەبویوسف) خانوبەرە زەوتکردنی تێدا بەدینایەت، ئەگەر عـەقارێکی زەوت کـرد و لەدەستیدا فەوتا بەوەی بەهۆی بەڵایەکی ئاسمانیەوە رووخا، یان سـێڵاوێك هـات و بینـا یـان دارودرەختەکەی راماڵی، یان زەویەکـەی خسـتە ژێـر ئـاو، بەلایانـەوە زامنـی ناکـا). هۆکەیشـی بەلای ئەوانەوە ئەوەیە زەوتکردن بەگواستنەوە و گۆڕین نەبێ لە دەستی لـێ زەوتکـراوەوە بـۆ دەستی زەوتکەر، بەدینایەت، عەقاریش ئەوە قبوڵ ناکا.

هەڵوەستەکردن لەسەر هەندێ خاڵی گرنگ کە پەیوەندییان بە حوکمەکانی نێو ئەم مادەیەوە هەیە، کارێکی بەکەڵکە:

تێکگیران لەنێوان ئەم مادەیە (١٩٧) کە دان بە بەرپرسیارێتیی زەوتکەر لە کەمکردنی زەوتکراو (نقصان المغصوب)دا دەنێ با بەبێ دەستدرێژیی ئەویش بێ، لەگەڵ مادەی (١٩٥)دا نیە کە دان بە بەرپرسنەبوونی لە کەمکردنی لەناکاوی (التناقص الطاريء) پاش زەوتکردنەکەدا دەنێ، ئەویش لەبەر جیاوازیی دەستەواژەی (تناقص) لە مادەی (١٩٥)، لەگەڵ دەستەواژەی (النقص) لە مادەی (١٩٧)دا لەڕووی ماناوە، لەبەرئەوەی (تناقص) مانای ئەو کەمکردنە خودییە دەگەیەنێ کە بەهۆی دابەزینی نرخەکان لە بازاڕدا پەیدا دەبێ و جمهوری شەرعزانان کۆکن لەسەر ئەوەی زەوتکەر لەو کەمکردنە بەرپرس نیە[1]، لەکاتێکدا مەبەست لە (النقص) لەم مادەی دواییدا ئەوەیە کە نە خودییە و نە ئەنجامی دابەزینی نرخە، بەڵکو بەهۆی هێزێکی بێئامان (ڕووداوێکی ئاسمانی) یان کردەی زەوتکەرەکە یان کەسێی سێیەمەوە بووە.

تێکنەگیرانی هەردوو مادە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە مەبەست لە زەوتکراو لە مادەی (١٩٥)دا ماڵی گوێزراوەیە نەك خانوبەرە (العقار)، لەبەرئەوەی ئەم مادەیە بەڕەهایی هاتووە، ڕەهایش بەڕەهاییەکەی خۆی دەڕوا ئەگەر هاتوو بە دەق یان دیلالەت بەڵگە لەسەر سنووردارکردن نەبوو[2].

پاشان شەرعزانان سەبارەت بە بەرپرسیاربوونی زەوتکەر، جیاکارییان لەنێوان خانوبەرە و گوێزراوە لە حاڵەتی (تناقص)دا نەکردوە.

شەرعزانانی ئیسلامی ناکۆکییان نیە لە کارکردن بە هەردوو ڕێسای: (الاجر والضمان لا يجتمعان) و (الخراج بالضمان) لە ڕەفتارە شەرعیەکان و هەروەها لە کارپێکردنیان لە ڕەفتارە ناشەرعیەکاندا، جگە لە ڕای ئەو کەمینەیەی پەیڕەوی لە

---

[1] لە: المغني ٥/٢٥٨دا هاتوە: (زەوتکەر زەمانی کەمکردنی بەها بەهۆی گۆڕانی نرخەوە ناکا. ئەحمەد بەدەق باسی کردوە و ئەوە قسەی جمهوری زانایانە).

[2] گۆڤارەکە، مادەی (٦٤).

ڕێسای (التضـمین تملیـك بـالاثر الرجعـي) (واتـە بـەزامنكردن بەمولككردنـە، بـە پاشئاسەوار) دەكا.

بۆ نموونە ئەوەی خانوویەك بەكرێ دەگرێ، دەستی لەسەر ماڵە بەكرێگیراوەكـە دەستی ئەمانەت دەبێ، ئەگەر بەبێ دەستدرێژیی ئەو فەوتا یان كـەمی كـرد، نابێتـە زامن لەبەرئـەوەی ئـەو كـرێ دەدا لەبەرانبـەر سـوودبینین لـە سـوودی خانووەكـە و ڕەفتارەكە ڕەوایە و دەستی، دەستی ئەمانەتە تا عەقدەكە تەواو نەبێ، یان بەكرێگر سەرپێچیی مەرجەكانی بـەكرێگر بكـا، بەپێچـەوانەی ئـەوە، كرێـی هاوشـێوەی ئـەو ماوەیـەی بەشـێوەیەكی نـاڕەوا لـەژێر دەسـتیدا دەمێنێتـەوە خڕدەبێتـەوە، لەگـەڵ زەمانكردنی فەوتان یان كەمكردنی ماڵە بەكرێگیراوەكە با بەبێ دەستدرێژیی ئەویش بێ، مەگەر لەلای ئەوەی پێی وایە بەزامنكردن بەمولككردنە بە پاشئاسەوار (ئەسەری ڕەجعی)، ئەم ڕایەش تەنها پێنج لەسەدی كۆی ڕای ئـەو شـەرعزانان پێكـدێنێ، كـە پێیان وایە بەزامنكردن بەهیچ شێوەیەك بەمولككردن نیە، یـان بـەمولككردن نیـە بـە پاشئاسەوار.

ئەوەی ئۆتۆمبیلێك بكڕێ، ماوەی مانگێك بەكاری بێنێت و داهاتێكی پـێ بەدەست بێنێ، پاشان لەبەر بوونی عەیبێكی شاراوە كە پاسـاوە بـۆ ئـەو هەڵوەشـاندنەوەیە، عەقدەكەی هەڵوەشاندەوە، لەو بارەدا ئۆتۆمبێلەكە بـۆ خاوەنەكـەی دەگێڕێتـەوە و پارەكەی وەردەگرێتەوە، بەڵام داهاتەكەی بۆ ناگێڕێتـەوە، لەبەرئـەوەی لـە مـولكی ئەودا ڕووی داوە، هەروەها لەبەرئەوەی ئەگەر فرۆشراوەكە بەر لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندەكە بفەوتایە لە كیسی ئەو دەچوو. لەم حاڵەتەدا ڕێسای: (الخراج بالضـمان) جێبەجێ دەكرێ لەبەرئەوەی ڕەفتارەكە مەشروع بووە.

بەڵام ئەگەر ئۆتۆمبیلەكەی زەوت كـرد، ماوەیـەك بـەكاری هێنـا و داهـاتێكی لـێ دەسـت كـەوت، پاشـان لەناوچـوو، ئەوكاتـە زەمـانی داهاتەكـە و ئۆتۆمبێلەكەیشـی دەكەوێتە سەر و ڕێسای: (الخراج بالضمان) جێبەجێ ناكرێ لای ئەوە نەبێ كە پێی وایە بەزامنكردنی ماڵە زەوتكراوەكە بەمولككردنە، ئـەوەیش وەك باسمـان كـرد ڕای

کەمینەیەکە. لەم روانگەوە شەرعزانانی ئیسلامی رێک کەوتون لەسەر ئەوەی لە رەفتارە شەرعیەکاندا کار بە هەردوو رێساکە بکرێ و لە رەفتارە ناشەرعیەکاندا کاریان پێ نەکرێ، یاسادانەری عێراقیش لە مادەی (١٩٧)دا کاری بەمە کردوە، کارێکی چاکیشی کردوە.

مامۆستای رێزدار دکتۆر حسن الذنون[١] لە زاری خوالێخۆشبوو شێخ مەحمود شەلتوت شێخی پێشووی زانکۆی ئەزهەر دەگوێزێتەوە کە گوتویەتی: (مالیکی و حەنەفی پێیان وایە زەمانەت ناکرێن). ئەم قسەیە سەبارەت بە حەنەفیەت راستە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەڵاوێرانەی تێیدا هاتوون، لەگەڵ مەرجی دەستدرێژینەکردن و لارینەبوون لە گێڕانەوەی پاش داواکردنەوەی لەلایەن لێ زەوتکراوەوە، نەک قسەکەی بەرەهایی. بەڵام سەبارەت بە مالیکی وا نیە، لەبەرئەوەی ئەوان دەستگرتن بەسەر سوودەکاندا بەناهەق بە دەستدرێژی دادەنێن، دەستدرێژکاریش زامنە، هەروەها لەبەرئەوەی جۆرێکە لە زەوتکردن[٢].

لە خوالێخۆشبوو مامۆستا سەنهوریشی گواستۆتەوە[٣] کە دەڵێ: (فیقهی ئیسلامی جیاوازیەکی روونی لە فیقهی غەربی هەیە لە دیاریکردنی مانای زیاندا، لە فیقهی غەربیدا هەر زیانێکی ماددی یان ئەدەبی قەرەبوو دەکرێتەوە، لە زیانی ماددیدا هەموو ئەو زیانەی بە قەرزدەر گەیشتوە و ئەو قازانجەی لە دەستی چووە قەرەبوو

---

[١] المبسوط في المسؤولية المدنية ٢/٣٠٢.

[٢] لە: قوانين الاحكام الشرعية لابن جزيّ المالكي: ص٣٤٨دا هاتوە: (دەستدرێژی لە زەوتکردن گشتیترە، لەبەرئەوەی لە ماڵ و داوێن و جەستەکاندا دەکرێ. دەستدرێژی لە ماڵەکاندا چوارە: بردنی گەردن کە زەوتکردنە، دووەم بردنی سوود نەک رەقەبە کە جۆرێکە لە زەوتکردن و بەرەهایی کرێ (کراء)ی تێدا واجبە).

لە: مواهب الجليل للحطاب ٧/٣٢١دا هاتوە: (هەرکەس سوودی خانوویەک زەوت بکات و پیاوێک ئەو سوودەی لێ بە کرێ (ئیجار) گرت، خاوەنی خانووەکەی بۆی هەیە سوودەکە لە زەوتکەرەکە یان بەکرێگرەکە وەربگرێتەوە، جا زانیبێتی یان نەیزانیبێ).

[٣] سەرچاوەی پێشوو ٢/٣٠٣.

دەکرێتەوە.. بەڵام لە فیقهی ئیسلامیدا بۆ زەمانکردن مەرجە زامنکراو لە خودی خۆیدا ماڵێکی (متقوم) بێ و لێکچوون هەبێ لەنێوان ئەو ماڵە و ئەو ماڵەی لەباتیدا دەدرێ، بۆیە لە هەندێ حاڵەتی هەڵاوێردراوی سنووردراردا نەبێ نە سوود و نە کار قەرەبوویان نیە).

پاشان رەحمەتی مامۆستا سەنهوری بەردەوام دەبێت و دەڵێ[1]: (هەندێ تەوژمی بەرچاو هەن لە فیقهی ئیسلامیدا کە بەرەو زەمانکردنی سوودەکان ئەچن).

توێژەر پێی وایە کارێکی بەئینساف و دادپەروەرانە نیە کاتێ بەراورد لەنێوان فیقهی ئیسلامی و فیقهی غەربی دەکرێ، گوتەیەکی بنزاڵ (مرجوح) لە مەزەبێکی دیاریکراودا بدرێتە پاڵ یاخود بکرێتە ماڵ بەسەر تەواوی ئەو فیقهەوە، لەبەرئەوەی ئەوانەی دەڵێن سوودەکان زامن دەکرێن هەندێ تەوژمی بەرچاو نین بەڵکو جمهوری سەرجەم شەرعزانانی ئیسلامین و فیقهی ئیسلامی بەر لەوەی فیقهی غەربی لەدایك ببێ بە قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوی و ئەو زیانەی لە قەرزدەر دەکەوێ و ئەو قازانجەی لەکیسی دەچێ، ئاشنا بووە.

خوای گەورە ئامانجەکانی پەیامی محەمەدی لە بەدیهێنانی بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیدا کورت کردۆتەوە و ئەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾[2]. لەم ئایەتەدا رەحمەت بریتییە لە بەرژەوەندی، بەرژەوەندیش بریتییە لە سوودی هێنراو و زیانی دوورخراو جا چ مادی بێ یان مەعنەوی. پێغەمبەری مەزنیش جەختی لەم راستییە کردۆتەوە و دەفەرموێ: (لا ضرر ولا ضرار)، کە دوو لەفزن لە کایەی نەفیدان و بە کۆدەنگیی شەرعزانان گشتی (عموم) دەگەیەنن.

فیقهی ئیسلامیی مەزن کە زۆربەی زانایانی یاسا و شەریعە نایزانن، کانزایەکی زێڕە و تێکەڵ بە خاك و خۆڵ بووە، ئەگەر لەرێی دەستانێکی دڵسۆز و ئاشنا بەو

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ٢/٣٠٦.

[2] سورة الأنبياء / ١٠٧.

فیقهەوە لەو خاك و خۆڵە پاڵفتە بکرێ، دەبێتە سەرچاوەیەکی بەپیت بۆ یاساکانی جیهانی ئیسلامی و نائیسلامی.

**٧- مادەی (١/١٩٨):** (حوکمی زەوتکەری زەوتکەر حوکمی زەوتکەری هەیە، ئەگەر کەسێك ماڵە زەوتکراوەکەی لە زەوتکەرەکە زەوت کرد و فەوتاندی، یان لە دەستیدا فەوتا، لێ زەوتکراو سەرپشکە لەنێوان ئەوەی بیخاتە گەردنی زەوتکەری یەکەم (بیکاتە زامن)، ئەگەریش ویستی دەیخاتە گەردنی زەوتکەری دووەم، هەروەك بۆی هەیە ئەندازەیەکی بخاتە گەردنی یەکەم و ئەندازەکەیتریشی بخاتە گەردنی دووەم. ئەگەر زەوتکەری یەکەم بووە زامنی، بۆی هەیە (بۆ وەرگرتنەوەی) بگەڕێتەوە سەر دووەم، بەڵام ئەگەر دووەم بووە زامنی بۆی نیە بگەڕێتەوە سەر یەکەم).

**گرنگترین ئەو خاڵانەی پەیوەندییان بە حوکمی زەوتکەری زەوتکەرەوە هەیە:**

١- زەوتکەری زەوتکەر وەك زەوتکەر پێویستە کارە ناڕەواکەی سەرجەم رەگەزەکانی زەوتکردنی، لە روکن و مەرجەکان، تێدا هەبێ. لەو رووەوە ئەم برگەیە لە مادەی (٩١٠)ی گۆڤاری ناوبراو لە فیقهی ئەبوحەنیفە وەرگیراوە، کارەکەی زەوتکەری زەوتکەر یەکەم رەگەز لە رەگەزەکانی زەوتکردن لەو فیقهەی تێدا نیە (ئەویش لابردنی دەستە هەقدارەکەیە)، لەبەرئەوەی دەستی زەوتکەری یەکەم دەستە هەقدارەکە نیە.

دەکرێ وەڵامی ئەوەیش بەوە بدرێتەوە کە زەوتکەری یەکەم پاش بەزامنکردنی بە پاشناسەوار بە خاوەن موڵك دادەنرێ، لەبەرئەوەی بەزامنکردن بەموڵککردنە، هەروەها بەوەی زەوتکەری زەوتکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستە هەقدارەکەی لابردوە، ئەمە جگە لەوەی دەستی زەوتکەری یەکەم لە پارێزگاریردن لە ماڵە زەوتکراوەکە وەك دەستی خاوەن

موڵکەکە ولیە، پاشان دەرفەتی گێڕانەوەی لەلای زەوتکەری یەکەم زیاترە[1].

٢- ئەگەر لێ زەوتکراو بڕیاریدا یەکێك لە دوو زەوتکەرەکە (یەکەم یان دووەم) بکاتە زامن، بەلای ئەوەی پێی وایە بەزامنکردن بەموڵککردنە ئیتر بۆی نیە ئەویتریان تەزمین بکات و دروست نیە یەك ماڵ لە یەك کاتدا بکرێتە موڵکی زیاتر لە کەسێك بەشێوەیەك هەریەکەیان بەجیا خاوەنی ماڵەکە بێ.

٣- ئەگەر بەزامنکردنی یەکەمیانی هەڵبژارد، ئەمیان زەمانەکە دەخاتە ئەستۆی دووەم لەبەرئەوەی لە ساتی زەوتکردنەکەوە بە خاوەنی زەوتکراوەکە دادەنرێ، لەم روانگەوە دووەم بە زەوتکەری موڵکی یەکەم دادەنرێ.

٤- ئەگەر بەزامنکردنی دووەمیانی هەڵبژارد، ئەمەیان ناگەڕێتەوە سەر کەس، لەبەرئەوەی بە کارە ناڕەوایەی خۆی کردۆتە زامن، هەمان حوکمیش دەبێ ئەگەر زەوتکەری دووەم بەکاری برد.

٥- ئەگەر بەزامنکردنی یەکێکیانی هەڵبژارد، ئایا بە هەمان هەڵبژاردن ئەویتریان ئەستۆپاك (تەبریە) دەبێ؟

شەرعزانان لەو بارەوە رای جیاوازیان هەیە:

هەندێکیان گوتویانە بە هەمان هەڵبژاردن ئەویتریان تەبریە دەبێ تەنانەت ئەگەر پاشتریش بیەوێ بیکاتە زامن بۆی نیە[2]. بەڵام هەندێکیتر بۆ ئەوە چوون تەبریە نابێ تا ئەوەی بە زامنی هەڵبژاردوە رازی نەبێ یان بڕیاری پێ نەدات لەسەری[3]. کاتێ رەزامەندی یان بڕیاری بەزامنکردن هەبوو زەوتکراو دەبێتە موڵکی ئەوەی زامنی کردوە، لەبەرئەوەی وەك ئەوەی لێ دێ کە هەر لە سەرەتاوە لەرێگەی بەزامنکردنەوە فرۆشتبێتی، بەڵام بەر لە بوونی

---

[1] البدائع ٤٤٠٣/٩.

[2] البدائع ٤٤٠٧/٩.

[3] ئەوەیە لە محەمەد، هاوەڵی ئەبوحەنیفەوە دەگێڕدرێتەوە.

ڕەزامەندی یان بڕیاری بەزامنکردن، نەکراوەتە موڵکی هیچکامیان و بۆی هەیە بیکاتە موڵکی هەریەکەیان بیەوێ[1].

٦- تێبینیەکیتر لەسەر ئەم بڕگەیە ئەوەیە ئاماژەی نەکردوە بۆ پابەندبوونی زەوتکەری زەوتکەر بە گێڕانەوەی زەوتکراو ئەگەر مابوو و گێڕانەوەی زیادەکانی ئەگەر پاش زەوتکردن پەیدابوون و لەلای مابوون، بەڵکو تەنها باسی حوکمی زامنکردنی کردوە لە حاڵەتی تەلەفبووندا.

هەروەك ئاماژەی بە ئەرشی نوقسانی نەکردوە ئەگەر پاش زەوتکردنی عەیبدار بوو یان کەمی کرد، وەك لەو حاڵەتەی تەلەفبوونەکە بەتەواوەتی نەبێ.

ئەم دیاردەیە لە سەرجەم ئەو مادانەدا (١٩٢-٢٠١) هەیە کە باسیان لە ئەحکامی زەوتکردن کردوە، وەك ئەوەی زەوتکردن وەك هۆیەك لە هۆکانی زەمانکردن پاش تەلەفبوون تەماشای بکرێ، لەکاتێکدا گرنگترین حوکمەکانی گێڕانەوەی زەوتکراو و زیادەکانی و قەرەبووکردنەوەی سوودەکانیەتی.

٨- مادەی (٢/١٩٨): (هەروەها ئەگەر کەسێك ماڵە زەوتکراوەکەی لەناوبرد کە لە دەستی زەوتکەردایە، ئەوا لێ زەوتکراو سەرپشك دەبێ ئەگەر ویستی زەوتکەرەکە دەکاتە زامن و ئەویش بۆ مافی خۆی یەخەی لەناوبەرەکەی بۆ دەگرێ، یان ئەگەر ویستی لەناوبەر (المتلف)ەکە دەکاتە زامن، کە ئەمیان بۆی نیە بگەڕێتەوە گەردنی زەوتکەر).

دەبوو ئەم بڕگەیە دوایین مادە بێ لە مادەکانی تایبەت بە زەوتکردن، ئەگەر گەڕایەوە سەر زەوتکەر دلوای بەهای ماڵەکە بەنرخی ڕۆژی زەوتکردنەکەی لێ

[1] البدائع، سەرچاوەی پێشوو.

دەکاتەوە، کە ئەوە رای حەنەفی و مالیکییە و یاسادانەری عێراقی پەیڕەوی لێ کردوە[1].

بەڵام ئەگەر گەڕایەوە گەردنی لەناوبەر داوای بەهای رۆژی دەستدرێژیەکەی لێ دەکاتەوە، لە حاڵەتی دووەمدا ئەگەر بەهای زەوتکراوەکە لە رۆژی دەستدرێژیەکەدا لە بەهای رۆژی زەوتکردنەکە کەمتر بوو، بۆ باقیی بەهاکەی دەگەڕێتەوە گەردنی زەوتکەر، لەبەرئەوەی لە هەموو بارەکاندا پێویستە مافی لێ زەوتکراو لە بەهای رۆژی زەوتکردنەکە کەمتر نەبێ[2].

**ئەم بڕگەیە ئەم سەرنجانە هەڵدەگرێ:**

١- پەیوەندی لەنێوان ئەو بڕگەیە و بڕگەی یەکەمدا نیە کە چارەسەری ئەحکامی زەوتکردنی زەوتکەری زەوتکەری کردوە.

٢- تەرتیبی سروشتی دەخوازێ ئەم بڕگەیە پێش یەکەم بخرێ، چونکە ئەوەی لەخۆ گرتووە کە لە یەکەمدا هاتووە.

بەلگەنەویستە لەناوبردن (اتلاف)ی زەوتکرلو لەلایەن کەسیترەوە، وەك چۆن رێی تێدەچێ لە بارێکدا رووبدات کە لەژێر چنگی زەوتکەرەکەدایە، رێیشی تێدەچێ کاتێك روو بدات کە لەلای زەوتکەرەوە دەگوێزرێتەوە بۆ لای زەوتکەری زەوتکەر.

**٩- مادەی (١٩٩):** (ئەگەر زەوتکەری زەوتکەر ماڵە زەوتکراوەکەی بۆ زەوتکەری یەکەم گێڕایەوە، بەتەنها خۆی ئەستۆپاك (واتە تەبریە) دەبێ، بەڵام ئەگەر گێڕایەوە بۆ لێ زەوتکراوەکە ئەوا ئەستۆی خۆی و یەکەمیش پاك دەبن).

دەبوو ئەم مادەیە بڕگەی دووەمی مادەی (١٩٨) بوایە. مامۆستای رێزدار دکتۆر حەسەن ئەلزەنون دەگێڕێتەوە کە دەمەتەقێیەك لەبارەی ئەم مادەیە لەنێو ئەندامانی لیژنەی دانانی پرۆژەی یاسای مەدەنیدا رووی داوە، لەوانە مامۆستا حەسەن کوببە

---

[1] رای جمهوری فیقولنان ئەوەیە داوای بەرزترین نرخی لێدەکا کە لەنێوان رۆژی زەوتکردنی بۆ رۆژی فەوتانیدا هەبیوە.

[2] بداية المجتهد ٢/٢٦٧. الشرح الصغير مع حاشية الصاوي ٢/٢٣٥.

کە گوتویێتی: ئەو حوکمەی هێناویێتی بەپێچەوانەی قیاس هاتووە، چونکە قیاس دەخوازێ زەوتکەری زەوتکار بەنیسبەت خاوەن مولکەوە بە زەوتکەر دابنرێ و ئەستۆی پاك نەبێتەوە تا ماڵەکەی نەداتەوە. لەبەرئەوە پێشنیاری کرد حوکمی ئەو مادەیە تەنها حاڵەتێك بگرێتەوە کە تێیدا زەوتکەری دووەم نیەتپاك بووبێ و ئاگای لە زەوتکردنی یەکەم نەبێ.

توێژەر پێی وایە ئەمم پێشنیارە لە دوو رووەوە هەڵەیە:

**یەکەمیان:** رێی تێناچێ کەسێك لە هەمان کاتدا زەوتکەر یان زەوتکەری زەوتکەر بێ، هەروەها نیەتپاکیش بێ، لەبەرئەوەی زەوتکەر هەمیشە نیەتخراپە، ئەگەر نیەتپاك بێ بە زەوتکەری زەوتکەر دانانرێ.

**دووەم:** سەرچاوەی ئەم مادەیە و باقیی مادەکانی پەیوەندار بە زەوتکردن فیقهی ئیسلامییە. شەرعزانان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی زەوتکەر ئەستۆپاك دەبێ بە گێڕانەوەی زەوتکراوەکە بۆ ئەو لایەنەی لێی زەوت کردوە، جا چ ئەو لایەنە خاوەنی زەوتکراوەکە بێ یان زەوتکەرێك بێ یان بخواز (مستعیر)ێك یان بەکرێگرێك یان رەهنگرێك یان لەلادانراوێك.

ئەگەر ناکۆکی لەنێوان زەوتکەری زەوتکەر و خاوەن مولکدا دەربارەی گێڕانەوە و نەگێڕانەوەی زەوتکراوەکە سەری هەڵدا، وەك باسمان کرد، پەیڕەوی لە رێساکانی ناکۆکی لەنێوان خاوەن و زەوتکەردا دەکرێ.

لە روانگەی ئەوەی باسمان کرد، هیچ تەمومژێك لەم مادەیەدا نیە کە پێویست بێ ببێتە مایەی دەمەتەقێ و مشتومڕ و ناکۆکی، مامۆستا حەسەن کوببە مەعزورە لەبەرئەوەی وەك لە بەرهەڵستیەکەیەوە دیارە شارەزای فیقهی ئیسلامی نەبووە، پاشان ئەم مادەیە هەمان مادەی (٩١١)ی گۆڤاری (الاحکام العدلیة)یە بە دەسکاریکردنێکی کەمی هەندێ لە دەربڕینەکانی.

**١٠- مادەی (٢٠٠):** (ئەگەر زەوتکەر وەك ئاڵوگۆڕ (معاوضـة)[1] یان بەخشین (تبرعا)[2] ڕەفتاری بە ماڵە زەوتکراوەکەوە کرد و زەوتکراوەکە هەمووی یان بەشێکی فەوتا، لێ زەوتکرلو سەرپشکە لەوەی هەرکەس بکاتە زامن کە بیەوێ، ئەگەر زەوتکەرەکە بکاتە زامن ڕەفتارەکەی دروستە، ئەگەر ئەو کەسەیش بکاتە زامن کە زەوتکەر کاری بۆ کردوە، ئەو کەسە بەپێی حوکمی یاسا بە زەمانی شایستەبوون دەگەڕێتەوە گیانی زەوتکەر).

دەکرێ خاڵە پەیوەندارەکان بەم مادەیە بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە:

١- ئەم مادەیە لەگەڵ برگەی یەکەمی مادەی (١٩٨)دا لە هەندێ حوکمدا تێهەڵکێشن، چونکە ئەو کەسەی زەوتکەر کاری بۆ کردوە ئەگەر بە زەوتکردنەکەی زانیبێ، بە زەوتکەری زەوتکەر دادەنرێ و وەك روونە دەچێتە ژێر خانەی برگەی باسکراو.

٢- سەرچاوەی حوکمەکانی زەوتکردن لەم یاسایەدا لە فیقهی ئیسلامیدا کورت دەبێتەوە، شەرعزانانی ئەو فیقهەیش دوو ئاراستەی سەرەکییان هەیە:

<u>**یەکەمیان**</u>: ئەوەیە حەنەفی و مالیکی رابەرایەتییان کردوە و مەدەنیی عێراقیش لەسەری ڕۆیشتوە، کە سەبارەت بە زامنکردنی زەوتکرلو و ڕەفتار پێوەکردنی رای وایە:

أ- بەزامنکردن بەموڵککردنە بە پاشئاسەوار.

ب- ڕەفتارکردن بە ماڵی کەسیتر بەبێ نوێنەرایەتیەکی یاسایی یان قەزایی یان ڕێکەوتن، لەسەر مۆڵەتدانی خاوەنەکەی وەستاوە.

ج- زەمانکردن بە بەهای ڕۆژی زەوتکردنەکە دەبێ.

---

[1] وەك فرۆشتن.

[2] وەك پێشکەشکردن (الهبة).

**ئاراستەی دووەم:** کە جمهوری شەرعزانان پەسەندیان کردوە، بەپێچەوانەی ئاراستەی یەکەم پێی وایە:

١- بەزامنکردن بەهیچ شێوەیەك بەمولّککردن نیە.

٢- رەفتارکردن بە ماڵی کەسیترەوە بەبێ نوێنەرایەتیکردن بەتاڵە.

٣- زەمانکردن بە بەرزترین بەهاکان دەبێ لە کە لە ماوەی نێوان رۆژی زەوتکردنەکە تا رۆژی لەناوبردنەکە هەیبووە، بۆ ئەو کەسەیش رەفتارەکەی بۆ کراوە بەرزترین بەهاکان دەبێ لە رۆژی وەرگرتنەوە بۆ رۆژی لەناوبردن.

حوکمی رەفتارکردنی زەوتکەر وەك لەم مادەیەدا هاتوە، لە دوو خاڵ پێکدێ:

**یەکەمیان** ئەوەیە لێ زەوتکراو ئەگەر زەوتکەری کردە زامن رەفتارەکەی دروستە، راستەکەی ئەوەیە لەباتیی: (رەفتارەکەی دروستە) بگوترێ (رەفتارەکەی جێبەجێ دەکرێ). ئەم هەڵەیەیش زادەی جیانەکردنەوەیە لەنێوان گرێبەندی وەستێنراو لە فیقهی ئیسلامی و گرێبەندی قابیل بە بەتاڵکردنەوە لە فیقهی غەربیدا، یەکەمیان عەقدێکی دروست و وەستێنراوە کە تا مۆڵەتپێدانی لەلایەن ئەو کەسەی دەسەڵاتی مۆڵەتدانی هەیە ئەسەرەکانی لێ ناکەونەوە، لەکاتێکدا دووەم وەك شەرعزانانی فیقهی غەربی دەڵێن عەقدێکی دروستە و سەرجەم ئەسەرەکانی بەرهەم دێنێ، بەڵام بەهۆی هەڵگرتنی ڤایرۆسێکەوە مەترسی نەمانی لەسەرە، ئەویش عەیبێك لە عەیبەکانی ئیرادە یان ناتەواویی شیانی یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکەیە، بە مۆڵەتدانی لەلایەن ئەو کەسەی لە بەرژەوەندیی ئەو بڕیار لە قابیلبوون بۆ بەتاڵکردنەوە دراوە، دەبێتە دروست (صحیح) و جێگیر دەبێت و بەتاڵ نابێتەوە. سەیر و نامۆیە کە عەقدەکە نادروست بێ کەچی سەرجەم ئەسەرەکانی بەرهەم بێنێ.

**دووەم** ئەوەیە لێ زەوتکراو ئەگەر ئەو کەسەی کردە زامن کە زەوتکەر بۆ ئەو رەفتاری کردوە، بە زەمانی شایستەبوون (ضمان الاستحقاق) دەگەڕێتەوە سەر ئەم زەوتکەرە، ئەویش ئەگەر رەفتارەکە ئاڵوگۆڕانە بوو وەك فرۆشتن بەپێی مادەکانی

(٥٥٠–٥٥٧)، هەروەها بەپێی مادەکانی (٦١٤–٦١٥) ئەگەر رەفتارەکە بەخشین بێ وەك پێشکەشکردن، ئەمە لەسەر ئاراستەی یەکەم.

هەرچی لەسەر ئاراستەی دووەمە (ئاراستەی جمهور) حوکمی رەفتارکردنی رەفتارکەر لە زەوتکراودا بەم شێوەیە دەبێ: هەرکەس ماڵێکی زەوت کرد و فرۆشتی، کڕیار وەریگرت و رەفتاری پێوە کرد و لەلای فەوتا، خاوەنەکەی بۆی هەیە زەوتکەر بکاتە زامنی لەبەرئەوەی ئەو زەوتی کردوە، هەروەها بۆی هەیە کڕیار بکاتە زامن لەبەرئەوەی شتێکی وەرگرتوە کە مافی نەبووە وەریبگرێ و وەك زەوتکەری لێ هاتووە. جا ئەگەر زەوتکەری کردە زامن بەرزترین نرخی لەسەر حسێب دەکا کە ماڵەکە لە ماوەی نێوان ساتی زەوتکردنەکە تا ساتی فەوتانەکەی لە دەستی کڕیاردا هەیبووە، لەبەرئەوەی لە ساتی زەوتکردن تا ساتی فەوتانی لە زەمانی ئەودا بووە، ئەگەر کڕیاریشی کردە زامن بەرزترین نرخی لەسەر حسێب دەکا کە ماڵەکە لە ماوەی نێوان ساتی وەرگرتن تا ساتی فەوتانەکەی هەیبووە، لەبەرئەوەی بەر لە وەرگرتن (القبض) نەهاتۆتە ئەستۆی ئەو و زامنی لەوەوپێشی ناکا.

ئەگەر بەزامنکردنی کڕیاری هەڵبژارد، ئەم وردەکاریەی تێدایە:

أ– ئەگەر کڕیار بە زەوتکردنەکەی دەزانی، بۆ ئەو ماڵەی زامنی کردوە ناگەڕێتەوە سەر زەوتکەرەکە، لەبەرئەوەی زەوتکەرە و زەوتکراو لەلای ئەو فەوتاوە و زەمان لەسەر ئەو جێگیر بووە، وەك ئەوەی لە خاوەن مولکی زەوت کردبێ ئەگەر لەلای فەوتا.

ب– ئەگەر نەیئەزانی ئەوەی وەریگرتوە زەوتکراوە، بابەتەکە لەم دوو حاڵەتە بەدەر نیە:

١– ئەگەر بە عەقد پابەند بووبێ بە زەمانکردن وەك بەدەلی ماڵەکە و ئەوەی لێی کەم دەبێتەوە، ناگەڕێتەوە سەر زەوتکەر، لەبەرئەوەی زەوتکەر پەسەندی نەکردوە، بەڵکو وا لەگەڵی هاتووەتە ژوورەوە کە گەرەنتی بکا.

٢- ئەگەر بە عەقد پابەند نەبوو بە زامنکردنی، تەماشا دەکرێ:

أ- ئەگەر لە بەرانبەریدا سوودێکی دەستگیر نەئەبوو، دەگەڕێتەوە سەر زەوتکەر لەبەرئەوەی ئەو فریوی داوە و وا لەگەڵی هاتووەتە ژوورەوە کە گەرەنتی نەکا[1].

ب- بەڵام ئەگەر لە بەرانبەریدا سوودێك دەستگیر دەبوو وەك کرێ، ئەوا دوو بۆچوون هەیە: یەکەمیان پێی دەگەڕێتەوە سەری، لەبەرئەوەی فریوی داوە و وا لەگەڵی نەهاتووەتە ژوورەوە کە زەمانی بکا. دووەم ئەوەیە پێی ناگەڕێتەوە سەری، لەبەرئەوەی لەبەرانبەریدا سوودێکی دەستگیر بووە.

**ئەگەر بەزامنکردنی زەوتکەری هەڵبژارد:**

أ- ئەوەی کڕیار پێی ناگەڕێتەوە سەر زەوتکەر، ئەگەرغەرامە کرا زەوتکەر پێی دەگەڕێتەوە سەر کڕیار.

ب- ئەوەی کڕیار پێی دەگەڕێتەوە سەر زەوتکەر ئەو پێی ناگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی هیچ سوودێك نیە لەوەدا بگەڕێتەوە سەری و پاشان کڕیار پێی بگەڕێتەوە سەری[2].

**١١- مادەی (٢٠١):** (ئەو حاڵەی یەکسانە بە زەوتکردن لە نەهێشتنی رەفتار پێوەکردن، حوکمەکەی حوکمی زەوتکردنە، سپاردە لەلادانراو (الودیع) ئەگەر نکوڵی لە سپاردەکە کرد حوکمی زەوتکەری هەیە، پاش نکوڵیکردنیش ئەگەر سپاردەکە بەبێ دەستدرێژی لەلای فەوتا دەبێتە زامنی).

---

[1] لە: تحفة المحتاج ٦/١٤دا هاتووە: (ئەگەر دەستی، دەستی ئەمانەت بوو وەك سپاردەیەك، بڕیارەکە لەسەر زەوتکەرە، لەبەرئەوەی وا هاتۆتە ژوورەوە کە دەستی نوێنەری زەوتکەرە، جا ئەگەر زەوتکەر غەرامە کرا ناگەڕێتە سەری، بەڵام ئەگەر ئەو غەرامە کرا دەگەڕێتەوە سەر زەوتکەر).

[2] المهذب ١/٣٧٣.

ئەوەی ئەم مادەیە هێناویێتی کە هەر حاڵەتێك لە نەهێشتنی دەستی خاوەنەکەی لەسەر ماڵەکەی یەکسانە بە زەوتکردن، بەشێوەیەك ڕێگەی مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی خاوەندارێتی لێ بگیرێ لە ڕەفتارکردن و بەکارهێنان و قۆستنەوە و لەلابوون و ئەحکامی زەوتکردنی بەسەردا جێبەجێ دەبێ، شتێکی گرنگە ئەگەر کار بە پێناسە بەرتەسکە ناتێروپڕەکەی حەنەفی بکەین.

بەڵام ئەگەر کار بە پێناسەکەی شافیعی[1] بکەین، کە بریتییە لە دەستگرتن بەسەر مافی کەسیتردا بەناهەق، یان بە پێناسەکەی زاهیری کە بریتییە لە دەستگرتن بەسەر شتێکدا بەدەستدرێژی، ئەوا ئەم مادەیە ئەگەر وەك جەخت لەسەر پێناسەی زەوتکردن بە مانا گشتییەکەی وەرنەگیرێ، دەبێتە حەشوو (زیادە) و جۆرە بێهودەییەك.

[1] لە: حاشية الباجوري على ابن قاسم الغزي للعلامة ابراهيم الباجوري–دا هاتووە: (زەوتکردن لەڕووی شەرعیەوە دەستگرتنە بەسەر شتێکدا بەدەستدرێژی، جا ئەوەی دانیشتویەك لە مزگەوت یان بازاڕ یان مردەشوێنێك هەڵدەستێنێ، یان ڕێگری لێدەکا لە نیشتەجێبوون لە ماڵێکدا کە شایستەیەتی، ئەوە زەوتکەرە، جا ئەگەر دەستدرێژی کردە سەر مافی کەسیتر و ستەمی لێ کرد ئەگەر بەپەنامەکی بوو لە شوێنێکی پارێزراودا، ئەوە دزییە، ئەگەر بە گوندەیی بوو لە بیاباندا ئەوە جەتەییە (محاربە)، ئەگەریش پشتی بە هەڵاتن دەبەست پێی دەوترێ لرفدان (اختلاس)، هەروەها ئەگەر حاشای لەو ماڵە کرد بە سپاردە لەلای دانرابوو پێی دەوترێ ناپاکی (الخيانة).

# باسی سێیەم:
# حوکمەکانی سزای زەوتکردن
# لە فیقهی ئیسلامی و یاسای سزادانی عێراقیدا

لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بەسەر دوو خواستدا دابەش دەبێ:

یەکەمیان تەرخان دەکرێ بۆ ئەحکامە سزاییەکانی زەوتکردن.

دووەمیان بۆ یاسای سزادانی عێراقی.

# خواستی یەکەم:
# ئەحکامە سزاییەکانی زەوتکردن
# لە فیقهی ئیسلامیدا

شەرعزانانی ئیسلامی کۆدەنگن لەسەر ئەوەی زەوتکردن تاوانێکە لە تاوانە تەعزیریەکان، تاوانی تەعزیریش ئەوەیە سزای تەمێکردن (تعزیر)ی هەیە و بەیاسا بەتاوان دەناسێنرێ و سزای بۆ دادەهێنرێ.

شەرعزانان تاوانەکانیان لەڕووی ترسناکی و ئەو مافەی دەستدرێژی کراوەتە سەر و بەتاواندانان (التجریم)ەوە، بۆ سێ بەش دابەش کردوە:

**بەشی یەکەم - تاوانی حەددەکان (الحدود):**

بریتین لە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر ئەو مافانەی ساف هی خودان (مافە گشتیەکان)، یان ئەو مافانەی لایەنی گشتی تێیاندا زاڵ دەبێ[1]. ئەم تاوانانە بەوە جوێ دەکرێنەوە کە چ بەتاواندانان و چ دیاریکردنی سزاکانیشیان بە دەقێکی شەرعی لە قورئان یان سوننە کراوە[2].

**بەشی دووەم - تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی (الدیە):**

بریتین لە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر گیان و خوار گیان وەك کوشتن و بریندارکردن، ئەم تاوانانە بەوە جوێ دەکرێنەوە کە مافی تایبەت تێیاندا بەسەر مافی

---

[1] وەك تاوانی دزی، کە دەستدرێژییە بۆ سەر مافی گشتی و مافی تایبەتیش، بەڵام مافە گشتیەکە زاڵە، ئەویش لەڕووی گرنگیی قەڵاچۆکردنیەوە.

[2] وەك تاوانی دزی و چەتەیی و زینا و بوهتان و هەڵگەڕانەوە لە ئاین و بەکارهێنانی مەستکەر و هۆشبەرەکان.

گشتیدا زاڵە، بۆیە خاوەن خوێن بۆی هەیە دەستبەرداری قیساس (واتە تۆڵەی یاسایی) ببێ و لەباتیدا خوێنبایی وەربگرێ.

**بەشی سێیەم - تاوانەکانی تەمێکردن (التعزیر):**

جگە لە تاوانەکانی دوو بەشەکەیتر دەگرێتەوە و سێ جۆرە:

**جۆری یەکەم:** هەر تاوانێکی حەددی (واتە حەددی شەرعی بۆ دانرابێ– وەرگێڕ) گومانی تێ بکەوێ، خۆبەخۆ دەگۆڕێ بۆ تاوانێکی تەمێکارانە، وەك دزیکردن لەنێوان ژن و مێرد یان لەنێو بنەچە و وەچەدا (واتە: ئوسولّ و فروع).

جۆری دووەم: هەر تاوانێك بەدەقی شەرعی بەتاوان دانرابێ بەبێ روونکردنەوەی سزاکەی، لەوانە تاوانی زەوتکردن[1] و سیخوڕی[2] و بەرتیل[3] و هیتر، کە قورئان یان سوننە بە تاوانیان دانابێ بەبێ ئەوەی سزاکەی دیاری بکەن.

**جۆری سێیەم:** وەلی ئەمر (سەرۆکی دەوڵەت) بۆی هەیە بەهاوکاریی ئەهلی راوێژ هەر کردەوەیەك کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنێ بەتاوان دابنێت و لەبەر تیشکی قەبارەی مەترسیەکەی لەسەر کۆمەڵگە سزایەکی بۆ دەستنیشان بکەن.

**سەرچاوەی ئەحکامە سزاییەکانی زەوتکردن لە فیقهی ئیسلامیدا:**

سەرچاوەکانی حوکمە سزاییەکانی زەوتکردن لە فیقهی ئیسلامیدا هەمان سەرچاوەکانی حوکمە مەدەنیەکانی زەوتکردنن، ئەوانیش وەك پێشتر باس کرا، قورئان و سوننە و کۆدەنگی (ئیجماع) و عەقڵی ساغ و سەرچاوە فیقهیەکانن.

---

[1] وەك خوا ئەفەرموێ: ﴿ولا تاكلوا اموالكم بينكم بالباطل﴾ سورة البقرة / ١٨٨.

[2] وەك خوا ئەفەرموێ: ﴿ولا تجسسوا﴾ سورة الحجرات / ١٢.

[3] وەك پێغەمبەر (د.خ) ئەفەرموێ:: (لعن الله الراشي والمرتشي). (واتە خوا نەفرەتی لە بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر کردوە) سبل السلام ٣/٥٥.

**لە سەرچاوە فیقهیەکان:**

لە (شرح الخرشي)[1]دا هاتووە: (زەوتکەر ئەگەر بەفام بوو ئەوا لەبەر مافی خوا پێویستە تەمێ و بەند بکرێ، ئەویش بەپێی ئیجتیهادی حاکم و پاش لێسەندنەوەی ئەوەی زەوتی کردبوو، لەبەر خراپەیش تەمێی دەکا نەك لەبەر حەرامکردن، هەروەها لەسەر زینا و ئەو جۆرە شتانەیش تەمێ ئەکرێ بەمەبەستی چاککردن و پاڵفتەکردنی رەوشتی. بەڵام هەموو لەسەر تەمێکردنی باڵق کۆکن، تەنانەت ئەگەر لێ زەوتکراویش لێی ببورێ، لەبەرئەوەی مافی خوایە و بۆ نەهێشتنی خراپەیە لە زەویدا).

**لەم دەقە فیقهییە ئەمە ئەنجاگیرییەی خوارەوە دێتە دەست:**

١- لە فیقهی ئیسلامیدا لە هەر جێیەك وشەی تەمێکردن (التأديب) هات مەبەست پێی سزای تەعزیرییە، ئەوەیش سزایەکە شەرعدانەر دەسەڵاتی یاسادانانی زەمەنی بۆ داهێنان و دیاریکردنی سەرپشك کردوە، کە لەنێوان سەرزەنشتکرن و لەسێدارەداندایە، هەندێ شەرعزانی ئیسلامی پێیان وایە وەلی ئەمر بۆی هەیە سیخوڕ بە لەسێداردان سزا بدا ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی وای خواست.

٢- سزادانی زەوتکەری مافی خوا، لەبەرئەوەی دەستدرێژی کردۆتە سەر دوو ماف، مافی گشتی کە لە فیقهی ئیسلامیدا پێی دەوترێ مافی خوا و سزاکەی سزادانە، هەروەها مافی تایبەت (مافی بەندە) و سزاکەی ئەوەیە پێویست زەوتکراوە ئەگەر مابوو بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە، ئەگەریش نەمابوو بەدەلەکەی لە هاوچەشن یان بەهاکەی بۆ بگێڕێتەوە، ئەمە جگە لە پێویستیی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە زەوتکردنەکە کەوتونەتەوە، وەك پێشتر باسمان کرد.

٣- ئیجتیهادی حاکم لە مەزەندەکردنی سزادا، تەنها لە توند یان سووککردنی سزاکەدایە لەبەر تیشکی توندی و سووکیی بارودۆخەکاندا، ئەگەر مەبەست لە

---

[1] شرح الخرشي في الفقه المالكي ١٣٠/٦.

حاكم قازی بێ و ئـەوەی لـەنێو نووسـەرانی نوێـدا بـڵاوە كـە قـازی دەسـەڵاتی داهێنانی سـزای هەیـە، هەڵەیـەكی شـایعە، لەبەرئـەوەی شـەریعەتی ئیسـلامی یەكەمین شەریعەتە كە بنەمای شەرعیەت (لا جريمة ولا عقوبة الا بنص)ی ئیقرار كردوە. وەك پێشتر باسمان كرد، لە قورئاندا هەندێ ئایەت هەن ئەم بنەمایەیان ئیقرار كردوە. بەڵام ئەگەر مەبەست لە حاكم وەلی ئەمر بێ ئەوا ئەو دەسـەڵاتی داهێنانی سزای هەیە بەهاوكاری لەگەڵ ئەهلی شوورا، بەو مەرجەی ئەو یاسـایە بە دەقێكی یاسایی دیاری بكرێ.

٤- ئەركی سزا لە شـەریعەتی ئیسـلامیدا چاككردنی تاوانكـارە لـەرێی ترسـاندن و رێگرتنە لە خراپە لەسەر زەوی بە سڵەماندنەوە (الردع).

٥- سزای شیان ناتەولو لە سزای شیان تەولو سووكترە، وەك لە یاساشدا باوە.

٦- دەسـتهەڵگرتنی لـێ زەوتكـراو لـە مافەكـەی زەوتكـەر لـە سـزا نابەخشـێ، لەبەرئەوەی ئەو دەستدرێژی كردۆتە سەر دوو ماف: تایبـەت و گشـتی. ئەگـەر خـاوەن مافـە تایبەتەكـە دەسـتبەرداری مافەكـەی خـۆی بـوو، ئـەوا كەسـە دەستدرێژكارەكە هێشتا لە مافە گشتیەكە بەرپرسە.

لە سەرچاوە فیقهیەكان ئەوەیە لە (اعانـة الطـالبين)[1] دا هـاتووە كـە لـە حوكمـە (مەدەنیەكان)ی زەوتكردن پێویستی بۆگێڕانەوەی زەوتكراو و دانی ئەرش (جیاوازیی نرخ) كەمكردنەكەی و كرێی هاوشێوە و بـاقیی شـتەكانیترە. رای پشـت پێبەسـتراو (المعتمد)یش[2] ئەوەیە زەوتكردن بەڕەهایی گوناهێكی گەورە (كەبیرە)یە[3]. هەروەها گوتراوە كەبیرەیە ئەگەر زەوتكراو ماڵێك بوو گەیشتبووە نیسابی دزی، ئەگینا بچوكە وەك ئیختیساس و ئەو جۆرانە، ئەسڵیش لە حەرامكردنیدا بەر لە كۆدەنگی، هەنـدێ

---

[1] في الفقه الشافعي للدمياطي (العلامة محمد شطا) ٢/١٣٦.

[2] واتە رای راجیح (زاڵ) لە گونجاندنی بەنیسبەت سزای جینائی ئەوەیە كە لە تاوانە گەورەكانە.

[3] واتە چ زەوتكرلو بگاتە ئاستی نیسابی دزی یان نا.

ئایەتە وەك خوا ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ﴾[1] یان ئەفەرموێ: ﴿وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ﴾. وەیلیش یانی سزا و جەزرەبە. هەروەها هەندێ حەدیسن، وەك: (ان دماءكم واموالكم واعراضكم حرام عليكم).

لەم دەقە فیقهییە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە دێنە دەست:

١- زەوتکردن دوو سزای هەیە: سزایەکی مەدەنی وەك پێویستیی گێڕانەوەی زەوتکراو و دانی ئەرشی کەمکردنەکە پاش وەرگرتن، کە بریتییە لە جیاوازیی نێوان نرخی شتەکە بەساغی و نرخەکەی بەعەیبداری. هەروەها کرێی هاوشێوەی سوودەکانی زەوتکراو و ئەو جۆرە شتانە، لەگەڵ سزایەکی جینائی کە بۆ تاوانە گەورەکان دیاری کراوە.

شەرعزانان سەرجەم تاوانەکانیان لەڕووی مەترسییان لەسەر کۆمەڵگە بۆ گوناهە گەورە (الكبائر) و بچوکەکان (الصغائر) دابەش کردوە، بۆ نموونە گوتویانە: سزای زینا لە گەورەکانە، بەڵام تەماشاکردنی مرۆڤ بۆ ئافرەتێکی نامەحرەم کە هاوسەری نەبێ لە بچوکەکانە.

٢- رای پشت پێبەستراو ئەوەیە زەوتکردن بە رەهایی بە گوناهی گەورە گونجاندنی بۆ دەکرێ جا چ ماڵە زەوتکراوەکە کەم بێ یان زۆر، هەندێ شەرعزان بۆ ئەوە چوون لە تاوانە گەورەکانە ئەگەر زەوتکراوەکە ماڵێك بوو گەیشتبووە نیسابی دزی کە بەپێی رای زاڵ دە درهەمی زیوە، ئەگەر لەوەیش کەمتر بوو بە تاوانی بچوك دادەنرێ وەك ئیختیساس، وەك زەوتکردنی سەگی بەسوود یان پەینی ئاژەڵ.

لە شرح الازهار[2]دا هاتووە: ئەسڵ لە ناشیرینیی زەوتکردندا عەقڵ و بیستنە، عەقڵەکە لەبەرئەوەی ستەمە و ستەمیش لەڕووی عەقڵیەوە ناشیرینە، واتو عەقڵ دەرك بەوە دەکا کە زەوتکردن تاوانە لەبەرئەوەی ستەمە، هەموو ستەمێکیش

---

[1] سورة النساء / ٢٩.

[2] فقه الزيدية ٣/٥١٩.

ناشـیرینە، هـەموو ناشـیرینێکیش حەرامـە، هـەموو حـەرامێکیش کردنـی تاوانـە و شایستەی سزادانە.

**جیاکەرەوەی سزا تەمێکارانەکان:**

سزای تەمێکارانە (تەعزیری) بە چەند جیاکەرەوەیەك لە سزاکانی حدود و قیساس و خوێنبایی (الدیة) جیا دەکرێنەوە، گرنگترینیان:

١- بەگوێرەی کەسەکان و کات و شوێن جیاوازن.

٢- سەرۆکی دەوڵەت بۆی هەیە تاوانکار ببەخشێ ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی وای دەخواست.

٣- سزا تەعزیریەکان بارودۆخە توند و سووکەکان کاریان تێدەکا، بەپێچەوانەی سزای حەددەکان و هەردوو سزای قیساس و دیە.

٤- سـزا تەعزیریـەکان لەلایـەن دەسـەڵاتی یاسـادانانی زەمەنیـەوە و بـە دەقـی یاسایی دیاری دەکرێن.

# خواستی دووەم:
# حوکمە سزاییەکانی زەوتکردن
# لە یاسای سزادانی عێراقیدا

یاسادانەری عێراقی لە یاسای سزاکاندا[1] حوکمە سزاییەکانی زەوتکردنی بە مانا تایبەتەکەی[2] لە هەردوو مادەی (٤٥١-٤٥٣)دا چارەسەر کردوە:

مادەی (٤٥١) دەڵێ:

(بەبێ تێکدانی هەر سزایەکی توندتر کە یاسا دایناوە، بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە پازدە ساڵ زیاتر نەبێ سزا دەدرێ هەرکەس، بەزۆر یان زۆرلێکردن یان هەڕەشە قەواڵەیەك یان بەڵگەنامەیەك یان ئیمزایەك یان مۆرێك یان پەنجە مۆرێك زەوت بکا، یان بەیەکێك لەو شێوازانەی باس کران کەسێك ناچار بکا بە هەڵوەشاندنەوەی شتێك لەوانە، یان لەناوبردنی یان هەموارکردنی یان ئیمزاکردن لەسەر کاغەزی سپی).

مادەی (٤٥٢)یش دەڵێ:

(١- بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێ یان حەپسکردن سزا دەدرێ هەرکەس بە ڕێگەی هەڕەشە کەسێکیتر ناچار بکا بە رادەستکردنی پارە یان شتیتری جیا لەوانەی لە مادەی رابردوو باس کران.

---

[1] ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.

[2] هەرچی زەوتکردن بە مانا گشتیەکەیەتی کە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر ماڵە گشتی و تایبەتەکان دەگرێتەوە، لە مادەیتر و لەژێر ناونیشانیتردا چارەسەری کردون، وەك تاوانی ناپاکیکردن لە ئەمانەت مادەکانی (٤٥٣-٤٥٥) و فێڵ و تەڵەکە مادەکانی (٤٥٦-٤٥٩) و سوودی زیاد لە ئەوپەری رادەی دیاریکراوی سوود (م٤٦٥) و گزیکردن لە مامەڵە بازرگانیەکان هەردوو مادەی (٤٦٦-٤٦٧). ئەمانە و تاوانە داراییەکانیتر کە لەرووی ئاکامەوە بە زەوتکردن دادەنرێن.

٢- سزاکە ماوەیەك دەبێ کە لە دە ساڵ زیاتر نەبێ، ئەگەر تاوانەکە بەزەبری هێز یان زۆرلێکردن ئەنجام درابێ).

یەکەمیان قسەی لەسەر حوکمی زەوتکردنی قەواڵە (سەنەد) یان بەڵگەنامە (المحرر) یان ئیمزا یان مۆر یان پەنجەمۆر و ئەو جۆرە شتانە کردوە، بەڵام دووەمیان حوکمی زەوتکردنی پارە یان شتیتری جیاواز لەوانەی لە مادەی یەکەمدا باس کراون چارەسەر کردوە، مادەی (٤٥١) بەکارهێنانی هێز یان زۆرلێکردن یان هەڕەشەلێکردنی لە رەگەزەکانی زەوتکردن داناوە[1]، لەکاتێکدا مادەی (٤٥٢) ئەو رێگایانەی بە هەلومەرجی بایسی توندکردنی سزا داناون.

ئەوە روونە ئەو هەلومەرجەی دەوری ئەنجامدانی تاوانەکەی داوە جیایە لە رەگەزەکانی. ئەم کارە لەلایەن یاسادانەری عێراقیەوە جۆرە شپرزیەکە لە بەخشینی سیفەتی رەگەزبوون کە بەشێکە لەناو ماهیەتدا و سیفەتی هەلومەرجی دەرەکی، بە یەك شت. پاشان یاسادانەر قسەی نە لەسەر زەوتکردنی خانوبەرە، نە لەسەر جیاکردنەوە لەنێوان زەوتکردنی مافی گشتی و مافی تایبەتی، نە لەبارەی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە تاوانی زەوتکردن دەکەونەوە، نە لەبارەی کرێی هاوشێوەی ئەو سوودانەی بەهۆی زەوتکردنەکەوە لەدەستی لێ زەوتکراو چوون، نەکردوە.

زیاد لەوە، ئاراستەیەکی جیاواز لە ئاراستەی یاسای سزاکانی دەوڵەتانی عەرەبی وەرگرتوە کە جورمی زەوتکردنیان بە کەتن (جنحە)[2] داناوە و تاوانی زەوتکردنی لە هەموو هەلومەرج و دۆخەکانیدا بە تاوان (جناية) داناوە. بەڵام بەبڕوای ئێمە پێویستە ئەم کارەی بە کارێکی چاك دابنرێ، ئەویش لەبەر مەترسیداریی ئەم تاوانە لەسەر

---

[1] ئەمە جگە لە رەگەزی مەبەستی تاوانکردن (القصد الجنائي) و رەگەزەکانیتری زەوتکردن کە پێشتر لە باسی یەکەمی ئەم بەشەدا باس کران.

[2] وەك یاسای سزاکانی میسری مادەکانی (٣٦٩-٣٧٣)، ئوردنی (م٤٤٨)، لوبنانی (م ٧٣٧-٧٣٨) و سوری (م٧٣٣-٧٣٤).

بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتەکان.

بۆ ئەو ناتەواوییانەی لە هەردوو مادەی (٤٥١-٤٥٣)ی یاسای سزاکاندا باس کران، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی هەڵوەشاوە پەنای بۆ دەرکردنی کۆمەڵە بڕیارێك برد بۆ چارەسەری حوکمەکانی زەوتکردنی خانوبەرە لە ماڵە گشتی و تایبەتەکان، بەم شێوەیە:

أ- بڕیاری ژمارە (٥٤٨)ی ساڵی ١٩٧٩[1] لە بڕگەی ٩یدا دەڵێ، هەرکەس پاش کارپێکرانی ئەم بڕیارە بەزیادەڕەوی بینا لەسەر زەویی دەوڵەت و شارەوانیەکاندا بکا، بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێ لە شەش مانگ و لە دوو ساڵیش زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەك کە لە سێ سەد دینار کەمتر نەبێت و لە دوو هەزار دینار زیاتر نەبێ یان بە یەکێکیان سزا دەدرێ، لەگەڵ نەهێشتنی زیادەڕەویەکە بەبێ قەرەبووکردنەوە.

ب- بڕیاری ژمارە (٣٦)ی ساڵی ١٩٩٤[2] دەڵێ:

١- بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ زیاتر نەبێ یان حەپسکردن بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ سزا دەدرێ هەر کەسێ بەبێ مۆڵەت یان گرێبەندێکی پێشتر لە خانوو یان شوقەیەکدا نیشتەجێ ببێ کە هی کەسیترە، سزاکەیشی بەندکردن دەبێ بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێ ئەگەر خانوو یان شوقەکە هی دەوڵەت بوو.

٢- ئەنجامدەری ئەو تاوانەی لە بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارەدا هاتووە، جگە لەو سزایەی دانراوە، پابەند دەکرێ بە دانی دووقاتی کرێی هاوشێوە و دووقاتی ئەو زیانەی بەهۆی نیشتەجێبوون لە خانوو یان شوقەکە کەوتووە.

ئەم بڕیارە باسی لە حوکمەکانی زەوتکردنی خانوبەرە کردوە لە سزادان و کرێی هاوشێوە و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە تاوانەکە کەوتوونەتەوە.

---

[1] ڕۆژنامەی الوقائع العراقیة ژمارە (٢٧١١) لە ١٩٧٩/٤/٢٨.

[2] لە ١٩٩٤/٣/٢٩ الوقائع العراقیة ١٥٠٥ لە ١٩٩٤/٤/١١.

لە سزاشدا جیاکاری لەنێوان ماڵە تایبەت و گشتیەکاندا کردوە، یاسای سزاکان ئەم حوکمانەی پشتگوێ خستوە جگە لە لە یەکەمیان.

ج- بڕیاری ژمارە (٨١)ی ساڵی ١٩٩٤[1] ئەم حوکمانەی داناوە:

١- بە زیادەڕۆچی دادەنرێ هەرکەس لەو جێیانەی بە شوێن و زەویی شوێنەوار دادەنرێن کشتوکاڵ بکا، یان نیشتەجێ ببێ یان خانوو و هەر داهێنـراوێکیتر دروست بکات و زیانێکی مێژوویی یان مادییان پێ بگەیەنێ.

٢- زیادەڕۆچی بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە ساڵێك کـەمتر نـەبێ سـزا دەدرێ و پابەند دەکرێ بە دانی قەرەبوویەك یەکسان بێ بە دوو هێندەی بەهای ئـەو زیانە ماددی و مەعنەویەی قەوماندویەتی، ئەوەیش بە کاش بە یەك گوژمە لە ماڵەکانی، یان بە فرۆشتنی موڵکەکانی بە زیادکردنی ئاشکرا، وەردەگیرێ.

٣- کارگێڕیی خۆجێی و شـارەوانیەکان جوڵانـدنی سـکاڵا جەزاییەکـە و لادانـی زیادەڕەویەکە لەسەر خەرجی زیادەڕۆچی دەگرنە ئەستۆ.

٤- پێویسـتە دادگـە بانگهێشـتی نوێنـەری فەرمانگـەی شـوێنەوار بکـا، ئـەو راپۆرتەی نوێنەری ئەو فەرمانگەیە لەگەڵ شایەتیدانی لەبەردەم دادگـە، بـە بەڵگەی پێویست دادەنرێن بۆ تاوانبارکردن و حوکمدان.

دیارە ماڵە گوێزراوە و نەگوێزراوەکانی شوێنەوار بە ماڵە گشـتییە بەنرخـەکان دێنـە ژمـاردن، لەبەرئـەوە یاسـا بڕیـاری داوە کـە هـی ئـەوە نـین مامەڵـە و ئاڵوگۆڕیان لەناو خەڵکدا پێ بکرێ.

د- بڕیاری ژمارە (٢٤٢)ی ساڵی ١٩٩٩[2] بە دەرکردنی یاسای ژمارە (٤٠)ی سـاڵی ١٩٩٩ یاسای هەشتەمین هەموارکردنی یاسای بەڕێوەبردنی وەقفـەکان ژمـارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦:

---

[1] الوقائع العراقية ژمارە (٣٥١٩) لە ١٩٩٤/٧/٥.

[2] الوقائع العراقية ژمارە (٣٨٠٤) لە ١٩٩٩/١/١٣.

**مادەی سێیەم**– دەقی مادەی دوازدەیەم هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

مادەی دوازدەیەم:

١– ئەو کەسەی زیادەڕەوی بکاتە سەر خانوبەرەی وەقفکراو، بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێ لە مانگێك و زیاتر نەبێ لە ساڵێك، هەروەها غەرامەیەك لە دە هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێ، سزا دەدرێ.

٢– زیادەڕۆچی بژاردنی دووهێندەی کرێی هاوشێوە بۆ ماوەی نێوان مێژووی زیادەڕەویکردنەکە تا هەلگرتنی دەستەبەر دەکا، هەلگرتنەکەیش لەسەر خەرجی ئەو دەبێ، لەگەڵ بژاردنی دوو هێندەی بەهای ئەو زیانانەی لە زیادەڕەویەکە کەوتونەتەوە.

٣– پێویستە لەسەر ئەو فەرمانگانەی ئەوقاف کە ئەو خانوبەرە وەقفکراوانەی زیادەڕۆییان کراوەتە سەر دەکەوێتە نێو سنوورەکەیان، ئاگەداری زیادەڕۆچی بکەنەوە بۆ لابردنی زیادەڕەویەکە لە ماوەیەکدا کە لە سێ ڕۆژ لە مێژووی ئاگەدارکردنەکە تێنەپەڕێ، ئەگەر ماوەکە تێپەڕی و زیادەڕەویەکەی هەڵنەگرت، پێویستە لەسەریان سەردانی دادگەی لێکۆڵینەوە بکەن و بەگوێرەی حوکمی یاسا داوای جوڵاندنی سکاڵایەکی سزایی دژ بە زیادەڕۆچی بکەن.

ئەو بڕیارانە ئەو کەموکورتیانەیان پڕ کردەوە کە لە یاسای سزاکاندا هەبوون. دیارە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی هەڵوەشاوە لەوبارەوە هێشتا بەرکارن و پاش ڕوخانی ڕژێم یاسایەکی نوێ بۆ هەڵوەشاندنەوە یان هەموارکردنیان دەرنەچووە، لەبەرئەوە سەبارەت بە حوکمە مەدەنی و جینائیەکانی تاوانی زەوتکردن، کار بەوانە دەکرێ.

# کۆتایی

## ئەنجام و پێشنیارەکان

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتمە هەندێ ئەنجام و هەندێ پێشنیارم لەلا دروست بوون، لەم کۆتاییەدا بەکورتی گرنگترینیان دەخەمە روو و بە ئەنجامەکان دەست پێدەکەم.

**ئەنجامەکان:**

بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١- پێناسەی پابەندی لە مادەی (٦٩)ی یاسای مەدەنیی عێراقیدا[1] بەوەی: (وابەستەیی (رابیتە)یەکی یاسایییە لەنێوان دوو کەسدا قەرزدەر و قەرزار، بەو پێیە قەرزدەر داوا لە قەرزار دەکا مافێکی ماڵیە (عینی) بگوێزێتەوە، یان کارێك ئەنجام بدا، یان کارێك ئەنجام نەدا)، پێناسەیەکی نالۆژیکییە لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: پابەندی سیفەتێکی تایبەتە بە قەرزار، رابیتەیش سیفەتێکی هاوبەشە لەنێوان قەرزدەر و قەرزاردا، ناکرێ پێناسەی یەکەم بە دووەم بکرێ، لەبەرئەوەی پێویستە ناسێنەر (المعرِّف) و ناسێنراو (المعرَّف) بەزات یەکگرتوو بن تا نەبێتە پێناسەکردنێك بە جیاواز لە خۆی (المباین) و جیاواز بە ئیعتیبار، بۆ ئەوەی بارکردنی شت لەسەر خۆی یان پێناسەکردنی شت بەخۆی ئیلزام نەکا.

دووەم: پابەندی (الالتزام) لەڕووی زمانەوانییەوە سیغەی موتاوەعەیە و لەڕووی فەلسەفیشەوە لە گوتەزای (انفعال)ە، لەکاتێکدا وابەستەیی (رابیتە) لەڕووی

[1] ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١.

فەلسەفیەوە لە گوتەزای دانەپاڵ (الاضافة)یە[1]، ئەو دوو گوتەزای‌یەیش لێك جیاوازن و ناكرێ یەكێكیان بەویتریان پێناسە بكرێ.

٢- برگەی (٣)ی ئەم مادەیە دەڵێ، پابەندی و مافی شەخسی و قەرز دەستەواژەی هاومانان و یەك واتایان هەیە، ئەمەیش لەگەڵ كۆدەنگیی زانایانی یاسادا لێك دەدا كە پابەندی و مافی شەخسی لە رەگەزەكانی ئەستۆی دارایین، ئەگەر پابەندییەكان زیادیان كرد، ئەستۆ قەرزار دەبێ، ئەگەریش مافەكان زیادیان كرد قەرزدەر دەبێ، لەبەرئەوەی تەسەور ناكرێ بە زیاد و كەمبوونی دوو شتی هاومانا، كە یەك مانا و یەك حەقیقەتیان هەبێ، ئەم جیاوازییە لە ئەستۆی داراییدا روو بدا.

٣- یاساكانی وڵاتانی عەرەبی هۆی پابەندی و سەرچاوەی پابەندییان تێكەڵ كردوە، بەشێوەیەك عەقد و ئیرادەی تاكانە و كردەی زیانبەخش (یان كاری نامەشروع) و بەدەستهێنان بەبێ هۆ (یان زەنگینبوون بەبێ هۆ)یان بە سەرچاوەكانی پابەندی داناوە، لەكاتێكدا ئەوانە هۆكانی پابەندین، لە سەرەتای ئەم كتێبەدا بە زۆر بەڵگە ئەوەمان سەلماند، لەوانە هەندێ دەقی یاسا بەراشكاوی دەڵێن بۆ نموونە عەقد (گرێبەند) هۆیە و یاسا ئاسەواری لێ دەخاتەوە وەك لە مادەی (٣١)ی یاسای مەدەنیی كوێتیی ئارادا[2] هاتووە كە دەڵێ: (عەقد بەسترانەوەی ئیجابە بە قبوڵەوە لە روودانی ئەسەرێك كە یاسا دەیخاتەوە)، ئەمە راشكاوە لەوەی سەرچاوەی ئاسەواری عەقد لە ماف و پابەندییەكان یاسایە و عەقد هۆیە بۆی، لەگەڵ ئەوەیشدا یاسادانەری كوێتی عەقدی بە سەرچاوە داناوە.

٤- یاسا عەرەبییە نوێكان شوێن (محل)ی پابەندی و بابەتی پابەندییان تێكەڵ كردوە و بە بابەتیان گوتوە (محل) و بۆ نموونە فرۆشراویش لە گرێبەندی

---

[1] واتە دەدرێتە پاڵ هەردوو تەرەفەكەی وەك باوكایەتی و فەرزەندی (البنوة) و برایەتی.

[2] ژمارە (٦٧)ی ساڵی ١٩٨٠.

فرۆشتندا بە شوێنی پابەندی داناوە، لەکاتێکدا ئەوە شوێنی گرێبەند و بابەتی پابەندییە و شوێنەکەی رادەستکردنە. هەروەها نرخیان بە شوێنی پابەندی داناوە، لەکاتێکدا شوێنەکەی بۆ کڕیار ئەنجامدان (الاداء) یان پارەدان یاخود رادەستکردنە، لەبەرئەوەی پابەندی لە حوکمە تەکلیفیەکانە و پەیوەندی بە شتەکان (الاعیان)ەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بە کردەوەکانی مرۆڤەوە هەیە.

٥- یاساناسان رەفتارە کردارییە ئیرادیەکانی مرۆڤیان هێناوەتە ناو رووداوە یاساییەکان (الوقائع القانونیة) و رەفتارە یاساییەکانیان لە گوفتارەکاندا قەتیس کردوە بەبێ کردارەکان، گوفتارەکانیشیان لە عەقد و ئیرادەی تاکانەدا قەتیس کردوە، ئەم کارەیش لەگەڵ زمان و عورفی عەرەبدا تێك دەگیرێ کە بە گوفتار و کردارەکان هەردووك دەڵێ رەفتار، ئەوەتا زۆرجار دەبیستین بە کەسێك کارێکی پێچەوانەی یاسا یان سیستم یان ئاداب بکا دەوترێ: "ئایا ئەمە رەفتاری مرۆڤی ژیرە؟"، ئەم هەڵەیەیش لە هەڵەیەکەوە لە پێناسەی رەفتاری یاساییدا سەرچاوەی گرتوە کە پێناسە کراوە بەوەی: (ئاراستەگرتنی ئیرادەیە بەرەو قەوماندنی ئاسەوارێك کە یاسا حسابی بۆ دەکا) وەك پێشتر لەجێی خۆیدا باسمان کرد.

شەرعزانانی ئیسلامی خۆیان لەم کردەیەی یاساناسان دوور گرتووە و رەفتارەکانیان بۆ گوفتاری (قولی) و کرداری (فعلی) دابەش کردوە، لەبەرئەوەی لە هەر زانستێکدا ریشەی زاراوەکان بۆ مانا زمانەوانی و عورفیەکانیان دەگەڕێتەوە.

٦- هەندێ لە زانایانی یاسا سیفەتەکانی ئیرادەی مرۆڤ، کە پێیان دەوترێ عەیبەکانی ئیرادە (یان عەیبی رەزامەندی) و هەندێ شەرعزانیش ناویان ناون نەخۆشیەکانی ئیرادە، لەگەڵ هۆکانی ئەو سیفەتانە تێکەڵ کردوە و گوتویانە: زۆرلێکردن و لەخشتەبردن و قۆستنەوە لە عەیبەکانی ئیرادە (یاخود رەزامەندی)ن، لەکاتێکدا ئەوانە کرداری ئەو لایەنەن کە ئیرادەی عەیبدار نیە.

عەیبی رەزامەندی (یان ئیرادە) لە زۆرلێکردندا ئەو بیمەیە لە زۆرلێکردن دەکەوێتەوە و دەبێتە سیفەتی ئیرادەی زۆرلێکرلو و عەیبداری دەکا، لە لەخشتەبردندا بریتییە لەو هەڵەیەی لێیەوە بەرهەم دێ، لە قۆستنەوەدا هەڵەشەیی بقۆز یان ئارەزووە سەرکەشەکەی و ئەو جۆرە شتانەیە. دیارە کرداری لایەنێك نابێتە سیفەت بۆ لایەنەکەیتر، لەبەرئەوەی سیفەتی هەر شتێك بەو شتەوە بەندە.

٧- تێکەڵکردن لەنێوان ئیباحە (رێپێدان) و جەواز (دروستی)دا: هەندێ لە شەرعزانان و یاساناسان ئیباحە و جەوازیان تێکەڵ کردوە و گوتویانە: (الضرورات تبيح المحظورات)، واتە زەورەت شتە قەدەغەکان موباح دەکا. دەستەواژەی (تبيح) لەم رێسایەدا هەڵەیەکی شایعە، راستیەکەی ئەوەیە بوترێ: (الضرورات تجيز المحظورات)، لەبەرئەوەی جەوازی شەرعی نائاسایی پێچەوانەی زەمانکردن نیە، بەپێچەوانەی ئیباحە کە بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنی لە یەك کاتدا ناهێڵێ. ئەو کەسەی لەبەر زەرورەت ماڵی کەسیتر بەبێ مۆڵەتی خۆی بخوات پێویستە قەرەبووی بکاتەوە، لەبەرئەوەی ناچاربوون مافی کەسانیتر بەتاڵ ناکاتەوە، بەڵام ئەو کەسەی بۆ بەرگری لەخۆکردن ماڵی کەسیتر لەناو ببات نابێتە زامن، لەبەرئەوەی بەرگریی شەرعی هۆیەکە لە هۆکانی ئیباحە.

٨- تێکەڵکردن لەنێوان رەگەزی گرێدران (الانعقاد) و رەگەزی تەواویی ئاسەوار (تمام الاثار): هەندێ یاساناس وەرگرتنیان لە عەقدە عەینیەکاندا بە روکنێك لە روکنەکانی گرێدران (الانعقاد) داناوە، بۆ نموونە یاساناسان لە عێراق وشەی (لاتتم)یان لە مادەی (٦٠٣)ی مەدەنیی عێراقیدا کە دەڵێ (لا تتم الهبة في المنقول الا بالقبض) بە (لاتنعقد) تەفسیر کردوە و فیقهی ئیسلامییان بە نغرۆبوون لە عەقدە عەینیەکان تۆمەتبار کردوە، لەکاتێکدا جمهوری شەرعزانانی ئیسلامی وەرگرتنیان لە عەقدە عەینیەکاندا بە مەرجێك بۆ

تەواویی ئاسەوارەکانی داناوە، ئەم گرێبەندانە پێش وەرگرتن دادەمەزرێن و پابەندی پەیدا دەکەن، بەڵام تا وەرگرتن، ماف بۆ لایەنەکەیتر پەیدا ناکەن، کە ئەو وەرگرتنە مەرجی تەواویی ئاسەوارەکانیەتی نەك گرێدران الانعقاد).

٩- لە بەراوردی نێوان قەرز و ماڵ (العين) لە فیقهی ئیسلامی، لەگەڵ مافی شەخسی و مافی عەینی لە فیقهی غەربیدا هەندێ یاساناس گومانیان وابووە قەرز لە فیقهی ئیسلامیدا چوارچێوەی لە مافی شەخسی تەسکترە، هەروەها ماڵ لە فیقهی ئیسلامیدا لە مافی عەینی فراوانترە، لەو روانگەیەی کە قەرز ئەگەر پەیوەندی بە ماڵی قەرزارەوە هەبوو وەك لە حاڵەتی هەڵشکان (ئیفلاسبوون)، یان بە میراتەکەیەوە پاش مردنی، سیفەتی قەرزبوون لەدەست دەدات و دەگۆڕێ بۆ ماڵ (عین)، لەبەرئەوە عەینەکە مافی عەینی و هەندێ مافی شەخسی دەگرێتەوە کە ئەویش پابەندبوونە بە عەینەکە.

راستیەکەی لە فیقهی ئیسلامیدا ئەوەیە قەرز یەکسانە بە مافی کەسی، هەروەك عەین یەکسانە بە مافی عەینی، قەرز پاش بەسترانی بە ماڵ و سامانی قەرزارەوە پارێزگاری لە سیفەتی قەرزبوونی دەکات و ناگۆڕێ بۆ عەین، ئەگینا قەرزاریان وەرەسەکەی بۆیان نەبوو بەبێ ئەم عەینە قەرزەکە بدەنەوە مەگەر بە رەزامەندیی قەرزدەر.

١٠- تێکەڵکردن لەنێوان دابەشکردنی راستەقینە و دابەشکردنی ئیعتیباری: یاساناسان لە دابەشکردنی هەندێ چەمکی یاساییدا لەنێوان لایەنگر و نەیاردا دابەش بوون، وەك لە دابەشکردنی بەرپرسیارێتیی مەدەنی بۆ عەقدی و کەمتەرخەمی، دابەشکردنی یاسا بۆ گشتی و تایبەتی و دابەشکردنی مافی دارایی بۆ مافی عەینی و شەخسی و ئەو جۆرە شتانە.

- دابەشکردنی راستەقینە: ئەوەیە لەنێوان بەشەکانی لە زەینی مرۆڤ و لە دەرەوەی زەیندا جیاواز بن، وەك دابەشکردنی ژمارە بۆ تاك و جووت، ژمارەیەك نیە لە زەین و دەرەوەی زەیندا تاك و جووت بێ.

– دابەشکردنی ئیعتیباری: ئەوەیە بەشەکان تەنها لە زەیندا جیاواز بن، وەك دابەشکردنی بەرپرسیارێتیی مەدەنی بۆ عەقدی و بەرپرسیارێتی، لایەنگرانی دوانەبوونی بەرپرسیارێتیی مەدەنی لەسەر هەقن ئەگەر مەبەستیان دابەشکردنی ئیعتیباری بێ و هەڵەن ئەگەر مەبەستیان دابەشکردنی راستەقینە بێ، ئەویش لەبەر شیانی کۆبوونەوەی هەردوو بەرپرسیارێتیی عەقدی و کەمتەرخەمی لە یەك رەفتاری یاسایی لە زەینی مرۆڤدا. هەروەها لایەنگرانی بیرۆکەی یەکبوونی بەرپرسیارێتیی مەدەنی لەسەر هەقن ئەگەر نکوڵی لە دابەشکردنی راستەقینە بکەن و هەڵەن ئەگەر بەرهەڵستیی دابەشکردنی ئیعتیباری بکەن.

لەم روانگەوە جیاوازییەکە لەفزی دەبێ و لەسەر جیاوازینەکردن لەنێوان دابەشکردنی راستەقینە و دابەشکردنی ئیعتیباری دامەزراوە.

١١– تێکەڵکردن لەنێوان رەگەزی شت و سیفەتەکانی: ئەوە روونە رەگەزەکانی هەموو شتێکی مادی یان مەعنەوی لە بووندا پێشی شتەکە دەکەون لەبەرئەوەی لەسەریان دەوەستێ، بەپێچەوانەی سیفەتەکانی کە سەرهەڵدلون و پاش بوونی دێن، هەندێ یاساناس تێکەڵیان کردون، ئەوەی لە سیفەتەکانە بە رەگەزیان داناوە، بۆ نموونە گوتویانە: بەرپرسیارێتی و قەرزاری لە رەگەزەکانی پابەندین لەکاتێکدا ئەوانە لە سیفەتەکانین و پاش بوونی پابەندی پەیدا دەبن. هەروەها گوتویانە: رەگەزەکانی خاوەندارێتی لە فیقهی ئیسلامیدا سوودبینینە لە ماڵە موڵکەکە و قۆستنەوەی، بە سوودبینین لە داهات (غلە) و بەرهەم و بەروبومەکەی و رەفتار پێوەکردنی، لەکاتێکدا سوودبینین و قۆستنەوە و رەفتارکردن بەنیسبەت خاوەندارێتیەوە سیفەت و بەنیسبەت خاوەن موڵکەوە دەسەلاتن و عادەتەن پاش بوونی خاوەندارێتی پەیدا دەبن.

١٢– دانانی جێبەجێکردنی گرێبەند بە لابردن و نەهێشتنی ئەو گرێبەندە، وەك لە هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانەوە و شێبوونەوەدا، هەندێ یاساناس گوتویانە:

جێبەجێکردنی گرێبەند واتە سڕینەوەی لە بوون و پاش جێبەجێکردنی ئیتر نامێنێ، لەکاتێکدا ئەمە لەگەڵ باسکردن لە گەرەنتیەکانی گرێبەنددا لێك دەدا، وەك گەرەنتیی ڕێلێگرتن (التعرض) و گەرەنتیی شاسیتەبوون (الاستحقاق) و گەرەنتیی عەیبە شاراوەکان.

گرێبەند پاش جێبەجێکردنی بوونی یاسایی خۆی هەیە و بەڵگەیەکە بەدەست خاوەن مولکەوە لە ئایندەدا دژی هەر کەسێك ئیدیعای خاوەندارێتیی شوێنەکەی بکا.

١٣- تێکەڵکردن لەنێوان سوود و سوودبینیندا: هەندێ شەرعزانی ئیسلامی (وەك حەنەفی) و هەندێ یاسا وەك یاسای عێراقی تێکەڵیان کردوون و گوتویانە: سوودەکان ماڵ نین لەبەرئەوەی بەنوێبوونەوەی کات نوێ دەبنەوە و ناکرێ پاشەکەوت بکرێن، لەکاتێکدا ئەوەی بەنوێبوونەوەی کات نوێ دەبێتەوە سوودبینینە (الانتفاع) نەك سوود (المنفعة)، چونکە سوود رەگەزێکە لە رەگەزەکانی خاوەندارێتیی تەواو و رەگەزەکەیتری گەردن (رەقەبە)یە، کەواتە سوود بە تێپەڕبوونی کات بەکاردەبرێ و نوێ نابێتەوە.

هەروەها یاساناسان سوودیان بۆ سوودی گشتی و تایبەت دابەش کردوە، لەکاتێکدا سوود خۆی هەڵگری ئەو دوو سیفەتە نیە، بەڵکو گشتی و تایبەت سیفەتی سوودبینینن نەك سوود خۆی.

١٤- تێکەڵکردن لەنێوان وەهم و باوەڕدا: هەندێ شەرعزان لە پێناسەکردنی هەڵەدا ئەم دوانەیان تێکەڵ کردوە و گوتویانە: (هەڵە وەهمێکە لە زەینی کەسێکدا دروست دەبێت و شتێکی جیاواز لە راستەقینەکەی خۆی بۆ وێنە دەکێشێ)، لەکاتێکدا وەهم لە زانستی فەلسەفەدا: (وێناکردنی لایەنی بنزاڵی گومان و نزمترین پلەی ئیدراکە)، دەرککردن یاخود زانینی مرۆڤ بۆ شتێك بۆ نموونە لە بوون و نەبوون یان راست و ناڕاستیدا، لا زاڵ (راجح)ەکەی گومان و

لا بنزالّ (مرجوح)ەکەی وەهمە، وەهم بەبێ گومـان نایەتـەدی لەبەرئـەوەی لا بنزاڵەکەیەتی.

ئەمە مانای ئەوەیە ئەو گرێبەندوانەی کەوتۆتە هەڵە، گومانی وابووە ڕاستە و بەپێچەوانە وێنای کردوە، هەربۆیە وازی لە کارکردن بە گومانەکەی هێنـاوە و کـارکردن بـە وەهمەکـەی هەڵبـژاردوە، کـە ئەمـە لـە مرۆڤـی ژیـری هەڵبـژێر چاوەڕوان ناکرێ. ڕاستیەکەی ئەوەیە هەڵە پێناسە بکرێ بەوەی: (باوەڕێکـە لە زەینی کەسێکدا دروست دەبێ، کە شتێکی جیاواز لە ڕاستەقینەکەی خۆی بۆ وێنە دەکێشێ).

١٥- تێکەڵکردن لەنێوان هێزی خۆراکی لە مادە بەکاربراوەکان و هێزی کـڕین لـە پـارەدا: لەسـەر بناغـەی ئـەم تێکەڵکردنـە یاسـا و یاساناسـان و هەنـدێ لـە شەرعزانانی ئیسلامی بۆ ئەوە چوون کە ئەوەی پارەیەك لە کەسێك وەربگرێ بەو مەرجەی هاوشێوەکەی بـۆ بگێڕێتـەوە، تـەنها بـە گێڕانـەوەی هـەمان بـڕ پابەند دەبێ بەچاوپۆشین لە دابەزین و هەڵبەزینی نرخـی پارەکـە، ئەمـە بـۆ مادەی خۆراکی وەك گەنم و برنج و باقیی هاوچەشنەکان ڕاستە، بەڵام بۆ پارە هەڵەیە، لەبەرئەوەی هاوشێوەی شت ئەوەیە لە شێوە و مانادا یەکسانی بـێ، ئەگـەر یـەکێك لـەم دوو ڕەگـەزە لـە شـتی هاوشـێوەدا نـەبوو سـیفەتی هاوشێوەبوون لەدەست دەدات و دەگۆڕێ بۆ بەهایی.

بۆ نموونە سی ساڵ لەمەوبەر دینارێکی عێراقی بەرانبەر سێ دۆلار بوو، بـەڵام ئێستا دۆلارێك بەرانبەر نزیکەی (١٥٠٠) دینارە، هیچ ڕەوای هەق و ویژدان نیـە هەمان بڕ لەو قەرزارە وەربگیرێتەوە کە بەر لـە سـی سـاڵ بـۆ نموونـە هـەزار دیناری قەرز کردوە، لەبەرئەوەی دیناری عێراقی ئـەمڕۆ بەبـەراورد بـەو کاتـە هێزی کڕینی دابەزیوە و ڕەگەزە مەعنەویەکـەی لەدەسـت داوە و گـۆڕاوە بـۆ بەهایی، هەربۆیە نرخەکەی بە نرخی ڕۆژی وەرگرتنی دەشکێنرێتەوە.

**پێشنیارەکان:**

لەو پێشنیارانەی بە بیرمدا هاتوون ئەمانەن:

١- پێناسەکردنی پابەندی بەوەی: (لەئەستۆگرتنی ئەنجامدانی ئەرکێکە بەخۆبەخشانە بێ یان بە ناچاری بۆ بەرژەوەندیی کەسیتر)[١].

٢-پێناسەکردنی ئەستۆی دارایی بەوەی: (مرۆڤ خۆی یان گەردنی مرۆڤە)، وەك قورئان دەڵێ: (وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَآئِرَهُ فِي عُنُقِهِ)، (الطائر)یش ئەو کارەیە پابەندی لەسەر دروست دەبێ.

٣- پێناسەکردنی رەفتاری یاسایی بەوەی: (هەموو قسە یان کردەوەیەکە لە مرۆڤی ژیر و هەڵبژێر و هۆشیارەوە دەربچێ، بەشێوەیەك یاسا ئەسەرێکی لەسەر بینا بکا)، ئەویش لەباتیی پێناسەکردنی بەوەی (ئاراستەی ئیرادەیە بەرەو روودانی ئەسەرێك کە یاسا حسابی بۆ دەکا).

٤- پێناسەکردنی ماف بەوەی: (پێگەیەکی یاساییە لەباریدایە خاوەنەکەی یان کەسانیتر سوودی لێ ببینن)، لەبەرئەوەی هەموو پێناسەیەکی ماف کە لە شەرحەکانی یاسادا هاتووە دووچاری رەخنە و تانەلێدان بووەتەوە.

٥- چاوگێڕانەوە بە فیقهی ئیسلامی و سڕینەوەی نموونە سواوەکانی ناوی (وەك کۆیلەکەی فرۆشت و کەنیزەکەکەی کردە رەهن و ئەو شتانە) و تۆمارکردنی را زاڵ (راجیح)ەکان بەبێ خۆبەستنەوە بە مەزەبێکی دیاریکراو و بەبێ داشکاندن بەلای تایفەیەکی دیاریکراودا، پاشان یەکخستنی یاسا عەرەبییە ئیسلامیەکان لەبەر تیشکی بۆچوونە زاڵەکاندا، بە سوودوەرگرتن لە پەرەسەندنە نوێکان لە یاسا هاوچەرخەکاندا.

---

[١] یان پێناسەکردنی بەوەی "لەئەستۆگرتنی ئەنجامدانی ئەرکێکە بەخۆبەخشانە بێ یان بە ناچاری، کە بەهۆیەوە ئەستۆ بە مافی کەسانیترەوە دەگیرێ، تا (ئەو مافە) بەسەردەچێ". هەردوو پێناسەکە ئەنجامگیریی خۆمن.

٦- خوێندنی ڕێساكانی زمانی عەرەبی لە سەرجەم قۆناغەكانی خوێندندا لە سەرەتاییەوە تا خوێندنی باڵا، لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی بەهۆی نەشارەزایی ڕۆڵەكانی لە ڕێساكانی لەلایەك و شانازیكردن و بایەخدانیان بە زمانە بیانیەكان لەلایەكیترەوە، هەڕەشەی پاشەكشەی ڕۆڵ و پێگەكەی لە دنیای زانستدا لەسەرە.

٧- خوێندنی زانستی مەنتیق وەك مادەیەكی بەزۆر (ئیلزامی) لە كۆلێژە زانستی و ئینسانیەكاندا، لەبەرئەوەی مەنتیق دوو لایەنی هەیە: تیۆری و كرداری، مەنتیق بەشێوەیەكی تایبەت بۆ هەر كەس زەرورە كە مامەڵە لەگەڵ دەقەكان بكا.

٨- خوێندنی ڕێسا ئوسوڵی و فیقهیەكان وەك مادەیەكی ئیلزامی لە سەرجەم قۆناغەكانی كۆلێژەكانی یاسا و كۆلێژە ئاینیەكاندا.

٩- پابەندكردنی قەرزار بە بەهای ڕۆژی وەرگرتن ئەگەر قەرزەكە پارە بوو بە دراوی عێراقی و مێژووەكەی بۆ بەر لە ساڵی ١٩٩١ دەگەڕایەوە تا دیناری عێراقی دۆخی ئاسایی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەویش لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەریدا.

١٠- كاركردن بە پێنجە دابەشكردن لە سەرجەم یاسا مەدەنیەكانی گرێبەندەكاندا بۆ: بەتاڵ، قەڵپ (فاسید)، وەستێنراو (موقوف)، لازمی نابەركار (اللازم غير النافذ) و بەركاری لازم (النافذ اللازم) وەك ئەوەی ئەبوحەنیفە كردویەتی و خۆ دوورگرتن لە سیانە دابەشكردن لە فیقهی غەربیدا، كە زۆریەی یاساكانی وڵاتانی عەرەبی لەژێر كاریگەریدان.

١١- ڕوكنی مادیی هەڵە بە بەس دابنرێ لە بەرپرسیارێتیی كەمتەرخەمی لە یاساكانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا- جا چ ڕوكنە مەعنەویەكە هەبێ یان نا، ئەویش وەك دەستگرتن بەوەی شەریعەتی ئیسلامی ئیقراری كردوە لە

پابەندکردنی کەسی نەشیاو (عديم الاهلية) بە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی بە ماڵی کەسیتری دەگەیەنێ، ئەویش لەپێناو ڕەچاوکردنی دادپەروەریدا.

١٢- ئەگەر یاساناسێك بەراوردی لەنێوان فیقهی ئیسلامی و فیقهی غەربی لە بابەتێکی یاساییدا کرد، با بەویژدان بێ، بەشێوەیەك رای شەرعزان یان مەزەبێك نەکاتە ماڵ لەسەر فیقهی ئیسلامی بەگشتی، لەبەرئەوەی هەر شەرعزانێك لە دەربڕینی رای خۆیدا نوێنەرایەتی خۆی دەکا، هەر مەزەبێکیش بەتەنیا نابێتە نوێنەری سەرجەم مەزەبە ئیسلامیەکانیتر.

١٣- پێویستە ئەو کەسەی بەراورد لەنێوان فیقهی ئیسلامی و فیقهی یاسا (فیقهی غەربی)دا دەکا، شارەزایی لە زانستە ئامێریەکاندا هەبێ (ئوسوڵی فیقه و مەنتیق و فەلسەفە و بەلاغە) تا لە ئەنجامگیریەکانی لە فیقهی ئیسلامیدا ورد بێ.

١٤- گرنگە بەراورد لەنێوان هەر مادەیەکی مەنهەجی لە کۆلێژەکانی یاسا لە هەردوو بەشی گشتی و تایبەت لەگەڵ فیقهی ئیسلامی بکرێ، لەبەرئەوەی پەیوەندیی تونددوتۆڵ لەنێوان یاسا و شەریعەتی ئیسلامیدا هەیە، لەم بەراوردەدا یاسا لەڕێگەی شەریعەت و فیقهی ئیسلامی لەڕێی یاساوە پەرەی پێ دەدرێ.

١٥- زۆرکردنی خوێندنی مادە یاساییەکان لە کۆلێژە ئاینیەکاندا، تا قوتابی خوێندنی ئاینی لە خواستەکانی ژیان و سیستەمە نوێ پێشکەوتوەکان دوور نەبێ، کە بەختەوەریی مرۆڤایەتییان لەسەر دەوەستێ، ئەوانەیش لە ریزی پێشەوەی ئامانجەکانی شەریعەتی ئیسلامین.

رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِين

# سەرچاوەکان

**المتون القانونية :**

١. القانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١.
٢. قانون العمل العراقي لسنة ١٩٨٧.
٣. قانون التسجيل العقاري العراقي لسنة ١٩٧١.
٤. القانون المدني المصري رقم (١٣١) المعدل ١٩٤٨.
٥. قانون تنظيم الشهر العقاري المصري رقم (١١٤) لسنة ١٩٤٦.
٦. القانون المدني السوري رقم (٨٤) لسنة ١٩٤٩.
٧. قانون الموجبات والعقود اللبناني لسنة ١٩٣٢.
٨. القانون المدني الأردني رقم (٤٣) لسنة ١٩٧٦.
٩. القانون المدني الجزائري رقم (٧٥–٨٥) لسنة ١٩٧٥.
١٠. القانون المدني الكويتي رقم (٦٧) لسنة ١٩٨٠.
١١. قانون المواد المدنية والتجارية القطري رقم (١٦) لسنة ١٩٧١.
١٢. قانون الالتزامات والعقود المغربي لسنة ١٩٨٦.
١٣. قانون الالتزامات والعقود الموريتاني رقم (٨٩–١٢٦) لسنة ١٩٨٩.
١٤. القانون المدني اليمني رقم (١٩) لسنة ١٩٩٢.
١٥. القانون المدني الفرنسي المعدل، تعريب رفاعة بك وعبد الله بك.
١٦. قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩.
١٧. مجلة الالتزامات والعقود التونسية لسنة ١٩٨٦.

**الشروح القانونية :**

١. الاثراء على حساب الغير في التقنينات العربية، الاستاذ الدكتور سليمان مرقس.
٢. الاثراء على حساب الغير كمصدر للالتزام في القانون المدني المصري، الاستاذ الدكتور جميل الشرقاوي.
٣. الاجل في الالتزام، الدكتور عبد الناصر العطار.
٤. أصول الالتزامات، الاستاذ الدكتور سليمان مرقس.

٥. التعبير عن الارادة في الفقه ا لاسلامي دراسة مقارنة بالفقه الغربي، الدكتور وحيد الدين سوار.
٦. التعليق على نصوص القانون المدني، الاستاذ انور طلبة.
٧. الحقوق العينية، الاستاذ محمد طه البشير والدكتور غني حسون.
٨. سبب الالتزام في الفقه الاسلامي دراسة مقارنة، الدكتور جمال الدين محمد.
٩. شرح احكام عقد البيع دراسة مقارنة، الدكتور كمال قاسم ثروت.
١٠. شرح القانون المدني المغربي القديم، الدكتور احمد نجيب الهلالي.
١١. شرح القانون المدني في العقود الدكتور احمد نجيب الهلالي.
١٢. شرح قانون قمع التدليس والغش، الدكتور حسن الجندي.
١٣. طبيعة التصرف القانوني محاضرات الدراسات العليا، الدكتور جميل الشرقاوي، جامعة القاهرة، ١٩٧٢.
١٤. في المسؤولية الجنائية الدكتور محمد مصطفى القللي.
١٥. في النظرية العامة للالتزام –مصادر التزام–، الاستاذ الدكتور اسماعيل غانم، ١٩٦٦.
١٦. القانون الروماني الدكتور صوفي ابو طالب.
١٧. القانون المدني العراقي الكسب دون سبب والفضالة كمصدرين للالتزام، الاستاذ الدكتور صلاح الدين الناهي.
١٨. مبادئ الالتزام في القانون المصري واللبناني، الدكتور رمضان ابو السعود.
١٩. المبسوط في المسؤولية المدنية –٢– الخطأ، الاستاذ الدكتور حسن الذنون، ٢٠٠١.
٢٠. المبسوط في المسؤولية المدنية، –١– الضرر، الاستاذ الكتور حسن الذنون، ١٩٩١.
٢١. مجموعة الاعمال التحضيرية للقانون المدني المصري.
٢٢. محاضرات في الكسب دون سبب، للاستاذ الدكتور صلاح الدين الناهي.
٢٣. المدخل للقانون الخاص، الاستاذ الدكتور عبد المنعم البدراوي.
٢٤. المسؤولية المدنية بين التقييد والاطلاق، الدكتور ابراهيم الدسوقي.
٢٥. مصادر الالتزام، الاستاذ الدكتور عبد المجيد الحكيم.
٢٦. مصادر الالتزام، الدكتور عبد المنعم فرج الصدة، دار النهضة العربية.
٢٧. مصادر الالتزام، للدكتور فريد فتيان.
٢٨. مصادر الالتزم، للدكتور سعد الدين شريف.
٢٩. مصادر الحق في الفقه الاسلامي دراسة مقارنة بالفقه الغربي، المرحوم الاستاذ الدكتور عبد الرزاق السنهوري، ١٩٦٧.
٣٠. نظرية الاعتبار في القوانين الانكلوسكسونية، الاستاذ الدكتور عبد المجيد الحكيم.
٣١. نظرية الالتزام في القانون المدني المصري، الدكتور محمود جلال الدين زكي.
٣٢. النظرية العامة في القانون المدني الجديد، الاستاذ الدكتور احمد حشمت ابو ستيت، ١٩٥٤.

٣٣. النظرية العامة للالتزام في القانون المدني المصري، الاستاذ الدكتور عبدالمنعم البدراوي، ١٩٧١.
٣٤. النظرية العامة للالتزام وفقا للقانون الكويتي –دراسة مقارنة–، الدكتور عبد الحي حجازي، ١٩٥٣.
٣٥. النظرية العامة للالتزام، الدكتور انور سلطان، ١٩٦٢.
٣٦. النظرية العامة للالتزام، الدكتور توفيق حسن فرج، ١٩٧٨.
٣٧. النظرية العامة للالتزام، الدكتور جميل الشرقاوي.
٣٨. النظرية العامة للالتزامات –مصادر الالتزام– احكام الالتزام، الاستاذ الدكتور حسن النون.
٣٩. النظرية العامة للفسخ في الفقه الاسلامي والقانون المدني، الاستاذ الدكتور حسن النون.
٤٠. نظرية الغلط في القانون الروماني، الدكتور عبدالمجيد الحفناوي، ١٩٧٤.
٤١. الوافي في شرح القانون المدني، الدكتور سليمان مرقس.
٤٢. الوجيز في القانون المدني (العراقي)، الاستاذ الدكتور عبد المجيد الحكيم ١٩٧٤.
٤٣. الوجيز في شرح قانون العقوبات –القسم العام–، الدكتور محمود نجيب حسني.
٤٤. الوجيز في نظرية الالتزام، الدكتور محمود جلال الدين زكي، ١٩٦٨.
٤٥. الوسيط، الاستاذ الدكتور عبد الرزاق السنهوري، دار النهضة العربية، ١٩٦٤.

## مراجع الأحاديث النبوية الشريفة :

١. سبل السلام شرح بلوغ المرام من ادلة الاحكام، للامام محمد بن اسماعيل الصنعاني، نشر مكتبة الجمهورية العربية.
٢. سنن ابن ماجة، لابي عبد الله محمد بن يزيد القزويني، ١٩٨٦.
٣. سنن ابي داود، لسليمان بن الاشعث السجستاني الازدي (ت٢٧٥هـ)، دار الفكر، بيروت.
٤. سنن الترمذي، لمحمد بن عيسى الترمذي، دار الاتحاد العربي.
٥. السنن الكبرى، للبيهقي ابي بكر احمد بن الحسين بن علي النيسابوري (ت٤٥٨هـ)، مطبعة دار المعارف العثمانية، الهند، ١٣٥٢هـ.
٦. صحيح البخاري، للامام ابي عبدالله محمد بن اسماعيل البخاري، الطبعة المنيرية.
٧. صحيح مسلم، للامام ابي الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (٢٠٦–٢٦١هـ)، دار الفكر.
٨. نيل الاوطار شرح منتقى الاخبار، للامام محمد بن علي بن محمد الشوكاني طبعة الحلبي.

## المراجع الفقهية الإسلامية :

١. الاختيار لتعليل المختار، للامام عبد الله بن محمود الموصلي (ت٦٨٣هـ)، تحقيق محمد محي الدين، طبعة محمد علي صبيح ولولاده.
٢. اسباب اختلاف الفقهاء في الاحكام الشرعية، الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي.

٣. الاشباه والنظائر في قواعد وفروع الشافعية، للسيوطي (جلال الدين بن عبد الرحمن)، مطبعة عيسى البابي الحلبي.
٤. اعانة الطالبين، للشيخ محمد الدمياطي (السيد محمد شطا)، مطبعة مصطفى محمد.
٥. اعلام الموقعين، لابن قيم الجوزية (محمد بن ابي بكر).
٦. الام، للامام الشافعي (محمد بن ادريس رحمه الله).
٧. الانوار لاعمال الابرار، للعلامة يوسف الاردبيلي.
٨. بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، للكاساني (العلامة علاء الدين بن مسعود)، طبعة العاصمة.
٩. بداية المجتهد ونهاية المقتصد، لابن رشد محمد بن احمد القرطبي (ت٥٩٥هـ).
١٠. تبصرة الحكام في اصول الاقضية ومنهاج الاحكام، لابن فرحون (ابراهيم بن علي)، ١٩٥٨.
١١. تبيين الحقائق، للزيلعي (عثمان بن عفان)، ١٣١٥هـ.
١٢. تحرير الكلام في مسائل الالتزامات، للحطاب (محمد بن محمد بن عبد الرحمن).
١٣. تحفة المحتاج بشرح المنهاج، لابن حجر الهيتمي (شهاب الدين احمد بن حجر)، طبعة مصطفى محمد مصر.
١٤. تكملة فتح القدير للقاضي زادة (شمس الدين احمد بن قادر)، طبعة البابي الحلبي.
١٥. جامع الفصولين، للعلامة محمود بن اسماعيل الشهير بابن قاضي سماوة.
١٦. حاشية البجيرمي، للشيخ سليمان، على شرح منهاج الطلاب، دار الكتب العربية الكبرى.
١٧. حاشيتا قليوبي وعميرة، للامامين الشيخ شهاب الدين القليوبي والشيخ عميرة على شرح جلال الدين المحلي على منهاج النووي دار احياء الكتب العربية.
١٨. الخرشي (محمد بن عبد الله بن علي) على مختصر سيدي خليل، دار صادر، بيروت.
١٩. رد المحتار لابن عابدين (محمد امين)، ١٩٦٦.
٢٠. الروض النضير شرح مجموع الفقه الكبير، للفقيه شرف الدين الحسين بن احمد الصنعاني.
٢١. الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية للشهيد زين الدين الجبعي، دار الجيل، بيروت.
٢٢. روضة الطالبين وعمدة المفتين للامام محي الدين بن شرف النووي.
٢٣. شرح الازهار (للمنتزع المختار)، للعلامة ابي الحسن عبد الله بن مفتاح، مطبعة المعارف، ١٣٤٠هـ.
٢٤. الشرح الصغير، للدردير، مع حاشية الصاوي، دار الفكر، بيروت.
٢٥. الشرح الكبير، للدردير (ابي البركات احمد بن محمد)، مع حاشية الدسوقي، طبعة عيسى البابي الحلبي.
٢٦. شرح المنهج، لزكريا الانصاري.
٢٧. شرح غريب المهذب، للعلامة محمد بن احمد الزركشي، مطبعة المعارف، ١٣٤٠هـ.

٢٨. شرح كتاب النيل وشفاء العليل، للعلامة محمد بن يوسف أطفيش.
٢٩. العقد، لابن تيمية شيخ الاسلام (احمد بن تيمية)، دار الفتح، بيروت.
٣٠. فتح العلي المالك في الفتوى على مذهب الامام مالك، لابي عبد الله محمد بن احمد العليش، ١٩٥٨.
٣١. الفروق، للقرافي شهاب الدين ابي العباس احمد بن ادريس بن عبد الرحمن الصنهاجي المشهور بالقرافي، دار احياء الكتب العربية، ١٣٤٤هـ.
٣٢. قواعد ابن رجب (ابي الفرج عبد الرحمن بن رجب) الحنبلي (ت٧٩٥هـ)، تحقيق طه عبد الرؤوف، ١٩٧٢.
٣٣. قوانين الاحكام الشرعية ومسائل الفروع الفقهية، للعلامة محمد بن احمد بن جزيّ الغرناطي المالكي.
٣٤. المبسوط، للسرخسي (شمس الدين).
٣٥. مجلة الاحكام العدلية.
٣٦. مجمع الضمانات في مذهب الامام ابي حنيفة، لابي محمد غانم بن محمد البغدادي، ١٣٠٨هـ.
٣٧. المجموع شرح المهذب، للامام ابي زكريا محي الدين بن شرف النووي واكمله الشيخ محمد نجيب المطيعي، المكتبة العالمية.
٣٨. مجموعة رسائل ابن عابدين، دار سعادات.
٣٩. المحلى لابن حزم (علي بن احمد بن سعيد) الظاهري (ت٤٥٦هـ)، دار الافاق الجديدة، بيروت.
٤٠. مرشد الحيران، للمرحوم الاستاذ محمد قدري باشا.
٤١. مغني المحتاج، للخطيب الشربيني (الشيخ محمد)، على متن المنهاج للنووي، طبعة مصطفى محمد.
٤٢. المغني، لابن قدامة (ابي محمد عبد الله بن احمد بن محمد بن قدامة (ت٦٢٠هـ)، مكتبة الرياض الحديثة.
٤٣. المهذب، لابي اسحاق الشيرازي (ابي اسحاق ابراهيم بن علي بن يوسف الفيروز آبادي الشيرازي)، طبعة عيسى البابي الحلبي.
٤٤. مواهب الجليل شرح مختصر خليل، للحطاب (محمد بن محمد عبد الرحمن المغربي)، دار الكتب العلمية، بيروت، دار الكتب العلمية.
٤٥. الميزان الكبرى، للشعراني (سيدي عبد الوهاب الشعراني).
٤٦. الهداية شرح بداية المبتدئ للامام ابي الحسن علي بن ابي بكر بن عبد الجليل الرشداني المرغيناني (ت–٥٩٣ هـ) ط/البابي الحلبي.
٤٧. الوجيز، للغزالي (ابي حامد محمد بن محمد ت٥٠٥هـ)، ١٣١٧هـ.

العلوم الالية ( أصول الفقه والمنطق والفلسفة والنحو والصرف ):

أصول الفقه

١. أصول البزدوي مع كشف الاسرار، للعلامة علي بن محمد البزدوي.
٢. أصول السرخسي، للعلامة محمد بن احمد.
٣. أصول الفقه الإسلامي في نسيجه الجديد، الدكتور مصطفى الزلمي.
٤. جمع الجوامع، لابن السبكي (تاج الدين عبد الوهاب)، وشرحه للعلامة الجلال المحلي مع حاشية البناني.

المنطق

١. البرهان في علم المنطق، للشيخ اسماعيل مصطفى الكلنبوي.
٢. تهذيب المنطق، للتفتازاني (سعد الدين).

الفلسفة

١. تلخيص كتاب المقولات، لابن رشد الحفيد.
٢. شرح المواقف، للعلامة القاضي عضد الدين.

النحو

١. حاشية الصبان على الأشموني على ألفية ابن مالك.

الصرف

١. دروس التصريف، للعلامة محمد محي الدين عبد الحميد.

المعاجم

١. الصحاح في اللغة والعلوم – تجديد صحاح الجوهري، إعداد وتصنيف نديم مرغشيلي واسامة مرغشيلي، دار الحضارة العربية، بيروت.
٢. لسان العرب، لابن منظور (جمال الدين بن محمد بن مكرم الانصاري)، الدار المصرية للتأليف والترجمة.
٣. مختار الصحاح، للرازي (محمد بن ابي بكر بن عبد القادر).